# ئەحلام مستغانمی

ڕۆمان

# بیری لەش

ساڵح محەمەد ئەمین
کردوویەتی بە کوردی



چاپی یەکەم

2003

بیری لەش
ڕۆمان
ئەحلام مستغانمی
ساڵح محەمەد ئەمین
کردوویەتی بە کوردی

بیری لەش



ئەم ڕۆمانە خەڵاتی نەجیب مەحفوزی داهێنانی ئەدەبی
ساڵی 1998ی وەدەستهێناوە

ئەحلام مستەغانمی

# بیری لەش

ڕۆمان

سالح محەممەدئەمین
کردویێتی بە کوردی

چاپی یەکەم 2003

ناوی کتێب : بیری لەش.

بابات : ڕۆمان.

ناوی نووسەر : ئەحلام مستغانمی.

ناوی وەرگێڕ : سالح محەممەدئەمین لە چاپی دوانزەیەمینی ساڵی 1999ی دار ”الاداب“ەوە کردویەتی بەکوردی.

وێنەی بەرگ : عەلی مەندەلاوی

ساڵی چاپکردن : 2003

کومپیوتەرو مونتاژ : ساڵح محەممەدئەمین

تیراژ :

## مقدمة للترجمة الكردية

أخيراً بين أيديكم هذه الرواية باللغة الكردية! فطالما حلمت بترجمتها إلى هذه اللغة المحملة بطيبة الأكراد وعنفوانهم وشاعرية ألمهم المترفع عن البوح الذليل.

لي قرابة بها، هذه اللغة التي لا أعرفها. أرى فيها بعض ذاكرتي، وجعي، ومفخرتي، أنا القادمة من الميراث التراجيدي للغبن العربي.

قلت في أكثر من مناسبة، أن صدورها بالكردية يملؤني زهواً، ويسعدني أكثر من صدورها في طبعات فاخرة باللغة الإنكليزية أو الإيطالية أو الفرنسية أو الصينية.

ذلك أنه في زمن "التطهير اللغوي" الذي تتناحر فيه ديناصورات العالم، مبتلعة خمسا وعشرين لغة سنويا، وهو عدد اللغات التي تختفي سنويا من العالم، يصبح مجرد الانحياز لهذه اللغة عملا ثوريا.

لذا، على ظهر كتبي، عند عرض اللغات التي ترجمت إليها أعمالي، أبدأ باللغة الكردية، حسب التسلسل الأبجدي لقلبي، ولا يعنيني ألا تكون لغة عالمية، بل اللغة التي تآمر ضدها العالم أجمع، وأدخل بتهمتها خيرة الرجال إلى السجون، ورمى بآخرين إلى المنافي والقبور.

أيها الرائعون الذين سيقرؤون هذا الكتاب، الموزعون على خرائط الشتات، أو الصامدون في بلاد النرجس المخضبة بالدماء. متورطة في حبكم أنا.

كم أتمنى أن تعثروا على شيء منكم في هذا الكتاب.

أحلام

# کورتە پێشەکییەکی نووسەر بۆ چاپە کوردییەکەی

وا دواجار ئەم ڕۆمانە بەکوردی کەوتە بەردەستتان! ئای کە بەو کوردی کردنەیەوە دەنازم، بەو زمانەی؛ سروشت و هەرەتی کوردو شاعیرییەتی ئازارەکانیانی هەڵگرتووە، ئەو ئازارانەی، لە دەربڕینێکی زەبوونانە، باڵاترن.

نزیکایەتییەکم لەگەڵ ئەم زمانەدا، زمانێك کە هەر ناشیزانم، هەیە. هەندێك لە؛ بیرو ئازارو شانازییەکانمی تیادا دەبینمەوە، منێك کە لە میراتێکی تراژیدیای خەڵەتاوی عەرەبەوە هاتووم.

لە بۆنەیەك زیاتردا وتوومە: دەرچوونی بە کوردی سەربەرزم دەکات، لەو چاپە نایابانەی کە بە زمانەکانی، ئینگلیزی یان ئیتالیایی یان فەرەنسایی یان چینی دەردەچن، پێی شانازترم.

چونکە لە ڕۆژگاری "پاکتاوکردنی زمان"دا، کە دایناسۆرەکانی دونیا شەڕی لەسەر دەکەن و هەر ساڵە بیستوپێنج زمان هەڵدەلووشن، کە ژمارەی ئەو زمانانەیە ساڵانە لە دونیادا لەناودەچن، هەر داشکاندن بەلای ئەم زمانەدا کارێکی شۆڕشگیرانەی لێدەردەچێ.

هەر بۆیە، لە پشتی کتێبەکانیشماو، لە ڕیزکردنی ناوی ئەو زمانانەی کارەکانمیان بۆ وەرگێڕراوە، بە کوردی دەستپێدەکەم×، بە "ئەلف و بێ"ی دڵم ڕێکیان دەخەم، لاشم گرنگ نییە کە زمانێکی جیهانی نییە، بگرە زمانێکیشە کە هەموو دنیا پیلانی لە دژکردووە، بە تاوانی ئەویشەوە باشترین پیاو زیندانی کراون و، بەشێکی دیشیان بەرەو تاراوگەوگۆڕ تووڕدراون.

ئەی ئەو نایابانەی بەسەر نەخشەی سەرگەردانیدا پەرشوبڵاو بوونەتەوە، یان لە وڵاتی نێرگزی تێرخوێندا بە خۆگرێتی ماونەتەوەو، ئەم کتێبە دەخوێندنەوە، من لە خۆشەویستیتانەوە گلاوم.

چەند بە ئاوتەوەم، لەم کتێبەدا شتێک لە خۆتان ببیننەوە..!

ئەحلام

× نووسەر، لە دوا ڕۆمانیدا، کە پێش چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم وەرگێڕانە دەریکردووە، بەڵێنەکەی خۆی هێناوەتەدی.... — وەرگێڕ -

# ڕاستییەک

ئەگەر وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە نەبوایە، کە بە پێشنیاری برای بەڕێز کاک مستەفا عەسکەری بەرهەم هات، ئەوا ڕەنگە دەرگای ئەم باسەش هەر بە کڵۆمکراوی بمایەتەوە. "ڕەسوڵ حەمزاتۆڤ" وەرگێڕانی بە دیوی دووەمی فەرشێک شوبهاندووە کە دەقەکە ڕووەکەیبێ.. پێموایە کاتێکیش وا دەردەچێ کە نووسەرو وەرگێڕێکی کارامە شانی دابێتەبەر نەک ئارەزومەندێک.. خۆ ئەگەر کەسێکی واش نەچێتە ژێر باری وەرگێڕانی بەرهەمێک کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا بوونی پێویستبێ، ئەوا لاوەکییەکیش ئەنجامیبدا بێسوودنابێ..

کاتی خۆی کە لە **78/10/10**دا، بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانی "شرق المتوسط ـ خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست ـ"، لە بەغدا سەردانی "د. عەبدولڕحمان مونیف"ی نووسەری ڕۆمانەکەم، لە نووسینگەکەی خۆی، لە گۆڤاری "النفط والتنمية"، کە ئەو کاتە سەرنووسەری بوو، کرد. بە ڕوونی و بێپەردە پێمڕاگەیاند: "من نە نووسەرو نە وەرگێڕم، بەڵام مەبەستمە ئەم ڕۆمانە بکرێتە کوردی. جا گەر ئێوە قایلبن ئەوا لەگەڵ برادەرێکدا (ئەنوەر عەلی قادر) شانی دەدەینەبەر، ڕاستییەکەی هەندێکیشمان وەرگێڕاوە." ئەویش لێیپرسیم: "بۆچی ئەو ڕۆمانە؟" ووتم: "چونکە باری ئێستای ئێمە پێویستی پێیەتی." ووتی: "هەست ناکەی لە بەرژەوەندی ئێوە نەبێ؟ چونکە ڕووخانی تێدایە!!.." لە وەڵامی سەرنجەکەیدا ووتم : "ئەی هیچ حسابێک بۆ هەستانەوەکەی ڕەجەب نەکرێ؟ ئێمە ئێستا لەو بارەی ئەودایین و نووچدانەکەمانمان جێهێشتووە". هەر لەوێداو، بێئەوەی بەخۆمان بزانین، کەوتینە دەمەتەقێیەکی سیاسیانەی وا کە لای ئەو سەیر بکەوێتەوە. بۆیە

وای لێکرد پرسیارێکی سەیرم (هیچ نەبێ بەلای منەوە سەیر) لێبکات. ووتی: "یەکەمجارە بەیەک دەگەین، چۆن وا بێسڵکردنەوە ئەم قسانەم لا دەکەیت؟"، منیش لە وەڵامیدا ووتم: "ئەوەی سڵ لە خاوەنی بیری - شرق المتوسط - بکاتەوە دەبێ نەوێرێ لەگەڵ خۆشیا بدوێ!". لەسەر کورسییەکەی هەستاو دەستی بۆ درێژکردم و بەرەو لام هات، منیش لەبەری هەستام. دوای ئەوەی دەستی خستە ناو دەستمەوە، ووتی: "لەمەودوا بە برایەک و برادەرێکی نزیکی خۆتم بزانەو بەڵێنیشم بدەرێ، هەرچەند هاتیتە بەغدا سەردانم بکەیت. سبەینێ نیوەڕۆش لەماڵەوە پێکەوە نان دەخۆین، باشە؟". کە گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی پەڕەیەکی سپی دەرهێناو لە ژێرەوە ئیمزایکردو، ووتی: "خۆتان چی لەسەر دەنووسن من قایلم." بەردەوامبوو: "تۆ بۆ خۆت دەڵێی یەکەمجارمە کاری وابکەم، بۆیە ڕەنگە، ئەگەر خۆت بتەوێ، یەکێکی شارەزا بە وەرگێڕانەکەدا پچێتەوە خراپ نەبێ". کە ناقایلیێتی خۆم بەرامبەر بە پەڕە سپییەکە دەربڕی، پێشنیاری کرد نووسینەکەی وەک وەڵامی نامەیەکمان ڕاگەیەنێت، کە ئێمە بۆمان ناردبێ..

ڕۆژی دوایی لەسەر خوانی نیوەڕۆژەو لە ماڵی خۆیداو، لەبەردەمی خێزانەکەی و دوو کەسی دی، کە یەکێکیان برادەری ئەو و دووەمیشیان برادەری خۆم بوو، ووتی: "حەز دەکەم شتێکت لەبەرچاوی ئەمان پێبڵێم، ئەویش هەر لەبەر خۆتمە، تا تووشی گێچەڵێکت نەکەن، واز لە وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە بێنەو ڕۆمانێکی دیم هەڵبژێرە! یان ئەوەتا خۆت لە پاڵ پێشەکیی کوردێکی دەستڕۆیشتووی سەر بە میری حەشاردە!". لە وەڵامی ئەو پێشنیارەیدا، کە جارێکی تریش هەر لە ماڵی خۆی و لە بەردەم برای بەرێزم کاکە "حەمەی مەلاکەریم"، (کە بێهیچ بەرامبەرێک، جگە لە ماندووبوونێکی زۆر، کاتێکی باشیشی بۆ سەرپەرشتیکردنی چاپەکەی تەرخانکرد) دووبارەی کردەوە، پێمڕاگەیاند: "نابێ هیچ شتێک جێگای ئەو چەند بەندە هەڵبژاردەیەی جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤ بگرێتەوە کە بۆ پێشەکییەکەیت هەڵبژاردووەو، لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەشدا بە ناهەموارترین شێوە، لە وولاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پێشێلدەکرێن. ئەمە جگە لەوەی کە خۆم، زۆر پێویست نەبێ، حەز بە پێشەکی ناکەم. چۆن دڵمبێت، بە مەبەستی ڕێگرتن لە لێپێچانەوە، پەنا بۆ قەڵەمێکی

گومان لێکراو بەرم و، خۆم قەرزارباری سەرجەم ئازاردراوان و قارەمانانی ناو ڕۆمانەکە، کە نموونەیان لە دنیادا بەگشتی و، لای ئێمەی کورد بەتایبەتی هێجگار زۆرە، بکەم." داواشمان لێکرد کە چەند دێڕێک بۆ سەر بەرگی وەرگێڕانەکە بنووسێت، ئەویش ئەو چەند دێڕەی نووسیو، کاکە حەمەی خۆشەویستیش کردییە کوردیو، بە خەتی خۆی لەسەر بەرگی دواوەی کتێبەکە بڵاویکردەوە.

لەیەکەم چاوپێکەوتنماندا، بەر لەوەی پێشنیاری پیاچوونەوەی وەرگێڕانەکە بکات، لای خۆمەوە کاک "حسێن عارف"م لە مێشکدابوو ئەو ئەرکەی پێبسپێرم. هەر لە خۆشمەوە دڵنیابووم داواکەم ناداتە دواوە. بۆیە هەر بۆ شەوی ئەو ڕۆژەی سەردانی یەکەمجاری نووسەرم کرد، خۆم گەیاندە ئوتێل سەرچنار، تا سەردانی کاک حسێن عارف بکەم، کە لەوێ ژوورێکی گرتبوو، داوای پیاچوونەوەکەشی لێبکەم. ئەویش خۆی ئاسایی بەڵێنی دامێ، بەڵام بەمەرجێ لانی کەم، سەدی پەنجا هەڵکشاوتری وەرگێڕانەکە پەسەندکات. بە هیممەتی زۆری ئەو برادەرانەو چەند کەسێکی تری وەک برایان؛ ماموستا جەمال عەبدول، مستەفا ساڵح کەریم، کە دواجار بە وەرگێڕانە ئامادەکراوەکەدا چوونەوەو سەرنجی بەکەڵکیان پێبەخشین، کاک عومەری کتێبخانەی سلێمانی، کە زۆر پێمانەوە ماندوبوو، برادەرێکی عەرەبیش کە لەکاتی خۆیدا لە زانکۆ بووینە هاوڕێ و نایەوێ سوپاسبکرێ و ناوی بهێنرێ، پارەی چاپکردنەکەی بە قەرزدایێ، وەرگێڕانەکە چاپ و بڵاوکرایەوە. کاتێک چەند دانەیەکم بە دیاری بۆ نووسەر برد زۆر خۆشحاڵبوو، داوای لێکردم ئەوە دوا کارمان نەبێ و بەردەوامیمان هەبێ.

دوای بڵاوبوونەوەی وەرگێڕانەکە، برایان کەمال غەمبار، حەمەی مەلاکەریم و چەند کەسێکی دی، ڕاو بۆچوونی خۆیان لە بارەی وەرگێڕانەکەوە، لە هەفتەنامەی "هاوکاری"دا بڵاوکردەوە. هەستمکرد گازاندە، ئەو برایانەشی گرتبۆوە کە یاریدەیان دابووین. بۆیە چەند دێڕێکم بۆ هەمان بڵاوکراوە نارد، تیایدا سوپاسی زۆری هەموو ئەوانەم کردبوو کە ڕای خۆیان، بەچاک یان بە خراپ، سەبارەت بە وەرگێڕانەکە دەربڕیبوو. لە هەمان کاتیشدا، ئەم دەقەی خوارەوەم نووسیبوو "... ئێمە - هەردوو وەرگێڕ - خۆمان بە قەرزارباری هەموو ئەو برادەرانە دەزانین کە لەو وەرگێڕانەدا دەستیان بە ڕوومانەوە نەناو یارمەتیان داین. جا چونکە

شارەزاییەکی ئەوتۆمان لە وەرگێڕاندا نەبووەو یەکەمجارمانە، بۆیە هەرچی کەموکوڕییەکێ لە وەرگێڕانەکەدا هەبێ بەهی خۆمانی دەزانین و، باشەکانیشی دەگێڕینەوە بۆ ئەوان....". سەیرەکە لەوەدابوو چونکە نووسینێکی زۆریان لەو ڕووەوە بۆچووبوو، ئەو چەند دێڕەی منیشیان بلاونەکردەوەو، وەکێ دواتر بیستمەوە سەرپەرشتیاری لاپەڕەی ئەدەب ووتبووی "ئەم خۆرهەلاتە بووبەچی؟ نەبڕایەوە؟ ئیتر هیچی لەسەر بلاوناکەینەوە!!".

دواتر سالی **1987**، بە پێی ئەو بەلێنەی بە نووسەری ڕۆمانەکەم داو، تا، وەکێ لە خۆرهەلاتدا ڕوویدا، گازاندەی هەلەکانیشم بەسەرکەسی دیدا نەشکێتەوە، خۆم ڕۆمانی (النهایات ـ کۆتاییەکان)م وەرگێڕاو بە قەرزی هەمان هاوڕێی زانکۆم، چاپ و بلاوم کردەوە. ئەگەرچی هەولی زۆرم دا کەموکورتی کەمبێت، لە هەمان کاتیشدا لە بوونی دلنیابووم. دواتر لە هەفتەنامەی "پاشکۆی عێراق"دا، ئەندازیار "ڕزگار سالح" ڕەخنەیەکی لە بارەوە بلاوکردەوە، گەلێکێ هەلەی لە وەرگێڕانەکەدا دیبۆوە. خۆ ئەگەر هەر بەوەندە بوەستایە ئەوا سوودێکی زۆری بە من و بە خوێنەرانی ڕۆمانەکەش گەیاندبوو، بەلام شێوازی نووسینەکەی هێندە تانەو تەشەری تیادابوو، کە هەرگیز لە کەسێکی ژیرو زانا چاوەڕوان نەدەکرا. جا چونکە چاوەڕوانی شتی وام لە هەر کەس بکردایە لە"ڕزگار"م نەدەکرد، بۆیە هێندەم لا ناخۆشبوو، بەجۆرێکیش کاری تێکردم، لە دلەوە بڕیاربدەم، کە جارێکی دی بەلای وەرگێڕاندا نەچمەوە. بەلام سالی **1988** کە بە داوای خۆم گوێزرامەوە بۆ هەولێر، لە ئامادەیی ڕزگاری کاکێ "عەزیز گەردی"م لە نزیکەوە ناسی و زۆری کاتمان پێکەوە بەسەردەبرد. دواتر کاکێ عەزیز پێشنیارێکی لاکردم، کە پێکەوە بابەتێکێ هەلبژێرین و وەریگێڕین. ڕاستییەکەی لە پێشنیارەکەی سلەمیمەوە و، لە لایەکی تریشەوە خۆشحال بووم، کە کەسێکی بەتوانای ئەو بوارە پێشنیاری وام بۆ بکات. بە پێکەنینێکەوە وەلامم دایەوە: "کاکێ عەزیز من بڕیارم داوە چیدی بەلای وەرگێڕاندا نەچم، چونکە پێدەچێ هەلەی زۆرم هەبێ و بەرهەمەکان ئەو سوودەیان نەبێ و...". قسەکانی منی پەسەند نەکرد. هەر ئەویش هاندەری سەرەکی بەردەوامبوونم بوو لە نووسینی ڕۆمانی "ڕێژنەباران کارەساتەکان دەشواتەوە"دا، چونکە کە ڕەشنووسەکەی خوێندەوە تا ڕادەیەکی باش بە

دڵیبوو. بە داخەوە بە هۆی گەڕانەوەم بۆ سلێمانی، لەیەکدی دابڕاین و پێشنیارەکەشیمان نەبردەسەر.

ئەو چەند دێڕەی سەرەوەم، بۆ ڕێخۆشکردنی گەیشتن بەو ڕاستییە نووسی، کە هەرگیز من خۆم بە نووسەرو ئەدیب و وەرگێڕ دانەناوە، هەرچییەکیشم لەو بوارانەدا کردبێ، وەک ئارەزوومەندێک کردوومە. هەر بۆیە ئێستاشی لەسەربێ، لە هیچ کۆمەڵەو ڕێکخراوێکی کوردی و ناکوردی لەو جۆرانەدا نەبوومەتە ئەندام. پێموایە بوارەکانی؛ ئەدەب، هونەر، وەرزش زیاتر ئارەزوون وەک لەوەی شتێکی دیبن، بۆیە لەو لایەنەوە، منیش وەک هەموو ئەوانەی بەشێک لە کاتی خۆیان بۆ خوێندنەوەو نووسین تەرخان دەکەن، بێئەوەی ئەدیبیان پێبووتری، لە هەرزەیەتیمدا کەمێکم لەکاتی خۆم بۆ بواری وەرزش و خوێندنەوەو، دواتریش نووسین تەرخانکرد. بۆ سەلماندنی بۆچوونەکەشم، کاتێک دەستمدایە وەرگێڕانی " شرق المتوسط" پڕکێشیم نەکرد بە تەنیا کارەکە مەیسەربێنم و پەنام بۆ کاک "ئەنوەر عەلی قادر"ی برادەرم برد، کە ئەو کاتە لە ئامادەیی سلێمانی کوڕان پێکەوە بووین و، ئەو مامۆستای زمانی کوردی بوو.. لە هۆڵنداش هەندێ برادەر، کە دیارە زیادەیان بە توانامەوە ناوە، بۆیە ڕۆژێک ئیمێڵێکم لە نووسەرو پەیامنێری ڕۆژنامەی "الزمان"ی لەندنییەوە پێگەیشت، ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

الأخ العزيز الأستاذ صالح محمد أمين المحترم،
تحياتي القلبية، وأرجو أن تكون بخير أنت والعائلة الكريمة. من أجل أن نطلّع على تجارب بعضنا البعض، ومن أجل أن أحاورك لصحيفة ( الزمان ) يا حبذا لو تبعث لي سيرتك الذاتية والإبداعية ( CV ) مضمناً إياها كل نتاجاتك المؤلفة أو المترجمة والحقول التي تكتب فيها، متمنياً لك دوام النجاح والتوفيق.

أخوك: عدنان حسين أحمد
16-03-2002

وەڵامی ئەو برادەرەم بەوە دایەوە، "بەڵکو دواتر لە کۆڕێکدا یەکتر ببینین ئەوسا لەو بارەیەوە قسەدەکەین.." کە یەکترمان بینی بردمە لاوەو پێمڕاگەیاند، ئەو لەبارەی منەوە خراپ تێگەیەنراوە، چونکە من نە نووسەر

و نه ئەدیب و نه خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی وام چاوپێکەوتنی لەو بابەتەی لەگەڵدا بکرێ.. ئەگەرچی ئەو ئێستاشی لەسەربێ سوورە لەسەر داواکەی، منیش بەندم بە ڕاکەی خۆمەوە..

بۆ ئەم وەرگێڕانەش کاتێک نامەیەکی برای بەڕێزم، کاک مستەفا عەسکەری خۆشەویستم پێگەیشت و، لە نامەکەیدا پێیراگەیاندبووم، کە خۆی و کاک "سەفوەت ڕەشید سدقی" و چەند برادەرێک، منیان بۆ وەرگێڕانی ئەو کارە پەسەندکردووە. کاکە هەڵۆی کوڕیشی ڕاسپاردبوو کتێبەکەی لە لەندەنەوە بۆناردم.. منیش جگە لەوەی قسەی برایانێکی وەک ئەوانم پێناشکێنرێ، لە هەمان کاتیشدا ڕۆمانەکەم هێندە لا جوان و پەسەندبوو، نەک "نزار قەبانی" ووتەنی خۆمم تیادا دیبێتەوە، بەڵکو کارەساتی نەتەوەو سەرجەم شارەکانی کوردستانیشم لە شاری "قسنتینە"ی جەزائیردا دیوەتەوە. بۆیە ئەمجارەش "وەک ئارەزوومەندێک" قەڵەمە کۆڵەکەمم تیادا خستەگەڕ، بەو هیوایەی خزمەتێکی پچووکم لەو بوارەدا کردبێت و، هەر کەسێکیش سەبارەت بە وەرگێڕانەکە "لە سنووری ئەدەب"و دوور لە تانەو تەشەر، هەر هەڵەیەکم ڕاستکاتەوە ماڵی ئاوا، ئەوەشی بییەوێ ئاڵۆزییە دەروونییەکانی خۆی لە ڕێگەی شتێکی واوە ڕابگەیەنێ، ئەوا لە خۆی بەولاوە دەروونی کەسی دی پێئاڵۆزتر ناکرێ.

لەسەرەوە ناوی شاعیری خوالێخۆشبووی گەورەی عەرب "نزار قەبانی"م هێنا، کە لە دیوی دەرەوەی بەرگی دواوەی چاپی دوانزەیەمی ساڵی **1999**ی ئەم وەرگێڕانەی لێوەکراوە، بە خەتی خۆی چەند ڕستەیەکی نووسیوە، هێندەی دی خوێنەر بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە ڕادەکێشێ. بۆیە بە پێویستم زانی دەقی نووسینەکەی ئەویش، وەک ڕاستییەک، لەم ڕاستییەدا وەرگێڕم..

نزار قەبانی دەڵێ:

"ڕۆمانەکەی وڕیکردم. کە من بەدەگمەن لە ئاست ڕۆمانێکدا وڕدەبم. وڕییەکەشم لە خوێندنەوەی ئەو دەقەوەیە کە ڕێک بە خۆم دەچێ، دەقێکی شێت و، کرژو، بەهەڵپەو، درو، مرۆڤپەروەرو، تامەزرۆو.. وەک منیش لە یاسا دەرچووە. خۆ گەر یەکێک داوای ناوی خۆ دانانم، لە ژێر ئەم ڕۆمانە دەگمەنە شۆردراوە بە بارانی شیعرەدا، لێبکات.. ئەوا سێ و دووی لێناکەم...

بڵێی ئەحلام مستغانمی بێئەوەی بە خۆی زانیبێ - نووسیبێتمی - چونکە وەک من، بە جوانییەکی بێسنوورو.. شێتێتییەکی لە ڕادە بەدەر.. پەلاماری پەڕە سپییەکەی داوە..

ڕۆمانەکە چامەیەکە بە هەموو دەریاکان - بحور - نووسراوە.. دەریای خۆشەویستی، دەریای سێکس، دەریای ئایدۆلۆژیا، دەریای شۆڕشی جەزائیر؛ بە خەباتگێڕانی و جاشییەوە، پاڵەوانانی و بکوژانییەوە، فریشتەی و شەیتانانییەوە، پێغەمبەرانی و دزانییەوە..

ئەم ڕۆمانە بە تەنیا بیری لەشی کورت نەکردۆتەوە، بەڵکو مێژووی ئازاری جەزائیر و، پەستی جەزائیر و نەزانی و دواکەوتوویی جەزائیری کورتکردۆتەوە کە ئیتر کاتی تەواوبوونێتی..

کاتێکیش سەبارەت بە ڕۆمانەکەی ئەحلام ڕای خۆمم بە - سهیل ئیدریس - ی هاوڕێی تەمەن دەووت، پێیووتم دەنگ هەڵمەبڕە.. چونکە گەر ئەحلام گوێی لەو قسە جوانانەتبێ کە لە بارەیەوە دەیکەیت، شێتدەبێ ...

وەڵامدایەوە: لێیگەڕێ با شێتبێ... چونکە هەر شێت داهێنانە گەورەکان دەنووسێ!!".

کاتێک بە وەرگێڕانەکەوە خەریکبووم، زانیم ماوەیەک لەوەوبەر نووسەرەکەی، لەشاری "لاهای"ی هۆڵندا، کە هەر چەند کیلۆمەترێک لەو شارەی تیایدا دەژیم دوورە، کۆڕێکی سەبارەت بە ناوەرۆک و شێوەی نووسینی ڕۆمانەکانی بەستووە. بۆیە بیرم کردەوە بەهۆی ئەو لایەنەی بانگهێشتی کردبوو، ناونیشانەکەی بدۆزمەوەو داوای ڕێدانی وەرگێڕانەکە و، نووسینی چەند دێڕێک بۆ چاپە کوردییەکەی، لێبکەم. بە تەواوبوونی، نامەیەکم لەو ڕووەوە بۆنارد. ئەویش دوای ماوەیەکی زۆر کە من دەستم لێشتبوو، دواجار ئەو چەند دێڕەی بۆناردم کە لە شوێنێکی دیدا، خۆی و کوردییەکەی بڵاو کراونەتەوە.. بە هیوام توانیبێتم دیوی دووەمی قاڵبیەکەم زۆر بە شاشی نەچنیبێتەوە..

سالح
شاری دێلفت/ هۆڵندا
تەموزی 2002

**پێشکەشە بە:**

**مالیک حەداد..**

**ڕۆڵەی (قسنتینە)، کە دوای سەربەخۆیی جەزائیر، سوێندیخوارد بە زمانی خۆی نەبێت بە هیچ زمانێکی دی نەنووسێت.**

**پەڕەی سپی کوشتی.. سوڵتانی بێدەنگییەکەی کاری تێکردو، تا ببێتە شەهیدی زمانی عەرەبی، گیانی سپارد، یەکەم نووسەریش بوو؛ بە بێدەنگی و هەڵقرچاوی و شەیدایی لە پێناویدا سەربنێتەوە.**

**بە باوکیشم ..**

**بەڵکو "لەوێ" عەرەبیزانێک بدۆزێتەوەو، ئەم کتێبە.. کتێبەکەی خۆیی بۆ بخوێنێتەوە.**

**ئەحلام**

**وەرگێڕانەکەش پێشکەشە:**

بەو کەڵە پیاوانەی، کە هەر یەکەو لە ماوەیەکی تەمەندا شتێکی وایان لاجێهێشتووم، کە لە ڕێی پاڵەوانانی ئەم ڕۆمانەوە، نەك هەر سەرتاتکەیان بووبێ، بەڵکو بۆ دەیانجار، ڕۆژانی خۆگریو ڕاستگۆیو ئازایەتییانم، لابەرجەستە بوبێتەوە:

* دوکتۆر خەسرەو خاڵی ڕاستگۆو لەخۆبوردوو چاونەترسی ڕۆژگاری سەخت، کە لە بەدبەختی ئەم نەتەوە کلۆڵە، "دواتیری" ژەهراوی ساڵی **1988**ی کوردقڕان، پێکایو نەیهێشت کۆتایی فیلمە سامناکەکەی "بەعس"، کە ئاواتی پێدەخواست، ببینێ...

* مامۆستا نیازی ڕەسوڵ شێخە، کە "زیاد" ئاسای ئەم ڕۆمانە، بە جێبەجێکردنی بڕیاری دەستەڵات (بەعس) قایل نەبوو، بەڵام پزیسکی شەڕی ناوخۆی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی پیا چزاو هەڵپڕوکاند، مندالەکانیشی، منداڵانی "سی تایەر"ئاسا، لەنازی باوك کران، دایکی دایکانیش، وەك هەزاران دایکی دی ئەم نەتەوەیە، خستنییە ژێر باڵی و نەیهێشت هەتیوکەون.

* حەمە سدیق عەبدولڕحمان "پێنجوینی"، گەر چنگە چەپەڵەکەی بەعسی **1963** لێیبگەڕایەو، لەو بەهاری تەمەنەیدا، بەتاکە باڵێکەوە کەرتوپەرتی نەکردایە، ئەوا لە بواری نووسین و ڕۆشنبیریدا، شوێنی "خالید"ە جەزائیرییە تاك باڵەکەی ئەم ڕۆمانەی، بۆ کورد دەگرتەوە..

سالح
تەموزی **2002**

# بەشی یەکەم

هێشتا قسەی ئەو ڕۆژەتم لە یادە.

"ڕووداوەکانی نێوانمان خۆشەویستییەو، ڕوونەداوەکانیش ئەدەبە"

ئەمڕۆش دوای کۆتایی هەمووشتەکان، دەتوانم بڵێم:

بۆ ستەمدیدەییمان لە ئەدەب پیرۆز، دەی کەواتە پانتایی ڕوونەداوەکان چەندە بەرینە. ئەمڕۆ لە کتێبێک زیاتر هەڵدەگرێ.

دیسان لە خۆشەویستیش پیرۆز..

ئای کە ڕووداوەکانی نێوانمان جوانن.. ڕوونەداوەکانیشیان چەنێک جوانن.

پێشتر، وامدەزانی تا لێیان چاک نەبینەوە هیچمان لەسەر ژیانی خۆمان پێ نانووسرێتەوە.

کەی توانیمان قەڵەم بە کۆنە زامەکانماندا بێنین، بێئەوەی دیسان ئازارمان پێبگاتەوە.

کە توانیمان، بێ سۆز، بێ شێتێتی، بێ ڕکوکین ئاوڕ لەدوای خۆمان بدەینەوە.

جا بەڕاست شتی وا دەبێ؟

ئێمە لە بیرمان خۆش نابینەوە.

هەر بۆیەش دەنووسین، نیگاردەکێشین و، هەندێکیشمان لێدەمرن.

ـ قاوەت دەوێ؟

دەنگی "عەتیقە"ی نائامادە، وەک لە کەسێکی دی بپرسێت. بێ بوردن داوای لێبوردنی لە دەموچاوێکی پەژاراویو پەست کرد، کە چەند ڕۆژێکە دام نەماڵیوە.

ناکاو دەنگم شەرمەزاریکردم.

هەر بەسەر وەڵامم دایەوە.
کشایەوەو چەند ساتێک دواتر بە سینییەکی مسی گەورەی قاوەوە هاتەوە؛ جەزوەیەک و فنجان و شەکردانێک و گوڵاوپژێنێک و قاپێک شیرینی لە سەربوو.
لە شارەکانی دی قاوە بە ئامادەکراوی لە فنجانێکدا دەهێنریَ، کە پێشوەخت کەوچکێک و کلۆشەکرێکی لە پاڵدا دانرابیَ.
بەڵام "قسنتینە" شارێکە، لە هەموو شتێکدا ڕقی لە کورتکردنەوە دەبێتەوە.
شارێکە هەمیشە شتی خۆی هەیە. هەرچی پۆشاکێک شکبەریَ بە تەواوەتی لەبەری دەکات. هەرچییەک بزانێت دەیڵیَ.
هەر بۆیە لەم شارەدا تەنانەت پەستێتیش میواندارییە.
کە پەڕە پەرشوبڵاوەکانی بەردەمم کۆکردەوە، تا جێی فنجانە قاوەکەی لێبێتەوە، وەک بڵێی شوێنێک بۆ تۆ بکەمەوە.
هەندێکیان کۆنە ڕەشنووس و، ئەوانی دیش پەڕەی سپین و چەند ڕۆژێکە چاوەڕوانی تەنیا چەند ووشەیەکن.. تا گیانیان بەبەردا بکریَ و، لە کاغەزەوە ببنە ڕۆژگار.
هەر ووشەیە، بێدەنگی دەکاتە قسە، بیریش بە بیرچوونەوە، بەڵام ..
شەکرەکەم بەلاوەناو، قاوەکەشم، وەک چۆن خۆشەویستییەکەت ڕایهێنام، بەتاڵی خواردەوە.
بیرم لە سەیری ئەو تامە خۆشەی قاوە تاڵەکە کردەوە. هەر ئەوساتە هەستمکرد کە دەتوانم لە بارەتەوە بنووسم، ئەمجا جگەرەیەکی توورەییم پێکرد، کەوتمە ڕاونانی دووکەڵی ئەو ووشانەی ساڵانێکبوو، بێئەوەی جارێک چییە لەسەر پەڕەیەک ئاگرەکەیان بکوژێنمەوە، دەیان سوتاندم.
جا بۆ پەڕەکاغەز تەپڵەکی بیرە؟
هەموو جار سووتووی جگەرەی دوا سۆزو، پاشماوەی دوا ژێرکەوتنی لەسەر جێبێڵین ..
کامان ئەوی ترمان پێدەکات یان دەیکوژێنێتەوە؟
نازانم.. چونکە پێش تۆ شتێکم نەنووسیوە شایانی باسبیَ.. هەر لەگەڵ تۆشدا دەست بە نووسین دەکەم.

لەکۆتاییشدا دەبێت هەر ئەو ووشانە ببینمەوە کە پێیان دەنووسرێمەوە، ئەمڕۆ مافی خۆمە چۆنێتی نووسینەوەی خۆم هەڵبژێرم. منێک کە چیرۆکەکەم هەڵنەبژاردبێ.

چیرۆکێک، ئەگەر ڕۆژگار هەمووجارێک بەرێکەوت، لە وەرچەرخانی بەشەکانیدا داینەنایتیایە، ئەوا ڕەنگە چیرۆکی من نەبوایە.

ئەم پەشۆکاوییە لە کوێوە هات؟

چۆنچۆنیش پانتایی پەڕە سپییە لاکێشەییەکان، لەگەڵ ئەو پانتاییە سپییە بەرینەی تابلۆیانێکدا جوتبووە کە هێشتا نەکێشرابن و.. تا ئێستاش بە دیواری وێنەگەیەکەوە هەڵپسێردرابن کە وێنەگەی خۆم بوو؟

چۆن ووشەش، وەک پێشتری ڕەنگەکان جێیانهێشتم. دنیاش بووە کۆنە ئامێرێکی تەلەفیزیۆن و، هەر بە ڕەش و سپی وێنەکانی نیشان دەدا؟

کۆنە شریتێکی بیر، فیلمە بێدەنگئاساکانی سینەما نیشان دەدرا.

هەمیشە ئێرەیم بەو نیگارکێشانە دەبرد، کە بێخۆماندوکردن، ڕێک وەک لە ژوورێکی ناخیانەوە بچنە ئۆدەیەکی دی، لە وێنەکێشانەوە دەچوونە سەر نووسین. وەک بێ خۆڕەتاندن دوو ئافرەت ئاڵوگۆڕ بکەن..

دەبوا پیاوی یەک ژن نەبوومایە!

کەواتە ئەوە قەڵەمەکەیە.. پەردە ڕامالترو زامدارکەرترە.

ئەوەی ئەملاولا نازانێ، ناشزانێ چۆن تارمایی بخاتە سەر شتەکان. نازانێ چۆن ڕەنگپژێنی ئەو زامە بکات کە هەر بۆ سەیرکردن دانراوە.

ئەوە ئەو ووشانەن کە لێیان بێبەشببووم، ڕووتوقووت، وەک چۆن خۆم دەمویستن، بە سوێ وەک چۆن خۆم دەمویستن. ئیتر بۆچی لەرزی ترس دەستم گۆج دەکات و، ناهێڵێ بنووسم؟

بڵێی هەر لەم ساتەی، فلچەکەم تیادا بە چەقۆیەک گۆڕیوەتەوە، بەئاگا هاتبم. نووسینیش بۆ تۆ بکوژە.. وەک خۆشەویستییەکەت.

ئەمجارەیان، قاوە تاڵەکەتم بە خۆشییەکی گوماناوییەوە خواردەوە. هەستم کرد خەریکم یەکەم ڕستە، بۆ دەستپێکی ئەم کتێبە وەدەستدێنم.

ڕستەیەک کە ڕەنگە ووشەی لە خۆوە دەرپەڕیوی نامەیەکبێ.

بۆنموونە وەک بڵێم:

"لە شارێکەوە بۆت دەنووسم کە هێشتا بە خۆت دەچێ و، خەریکە منیش بەو بچم. هێشتا مەلەکان خێرا بەم پردانەدا دەپەڕنەوەو، منیش لێرە بوومەتە پردێکی هەڵواسراوی دی.

لەمرۆبەدوا پردەکانت خۆش نەوێن..".
یان شتێکی دی وەک:
"لەبەردەمی فنجانێک قاوەدا یادم کردیت..
دەبوا گەر تەنیا جارێکیش بوایە کلۆیەک شەکرت بۆ بکردمایەتە قاوەکەمەوە. ئەم هەموو سینییە بۆ.. هەر لەبەر قاوەیەکی تاڵ؟".
لەوانەبوو شتێکم هەر بووتایە..
دواییش، ڕۆمان لە نامەو کارت بەولاوە، کە لە دەرەوەی بۆنە ڕاگەیەنراوەکاندا دەینووسین شتێکی دی نییە.. تا هەواڵە دەروونییەکانمان بە کەسانێک ڕاگەیەنین، کە بایەخمان پێبدەن.
بۆیە جوانترینیان، ئەوەیە کە بەرستەیەک دەستپێدەکات، ئەوانەی لە سرووت و سرووتانماندا ژیابن و بۆی نەچن. لەوانەشە ڕۆژێک هۆی گشت گۆڕانکارییەکانی کەشەکەشمان بووبێ.
ڕستەکان لە مێشکمدا کەڵەکەدەبن. هەموو ئەوشتانەی بە بیرتا نە دەهاتن.
بیرەکان ناکاو دادەبارین..
بەپەلە قاوەکەم هەڵدەقوڕێنم. پەنجەرەکەم دەکەمەوە تا ڕووەو ئاسمانی پایز.. بۆلای درەخت و پردەکان و هامشۆکەران، لە دەستت هەڵێم.
بۆ شارێک کە جارێکی تریش بۆتەوە بە شاری خۆم. ئەویش کە ئەمجارە لەبەر هۆیەکی دی ژوانێکم لەگەڵدا بەستووە.
ئەوەتا "قسنتینە".. ئەوەتا هەموو شتێک تۆیت.
ئەوەتا تۆ هەر لەو پەنجەرەیەوە لێم بەژووردەکەویت، کە پێشتر سالانێکبوو لێوەی نەم دیبوویت. لەگەڵ دەنگی هەمان بانگدا، دەنگی فرۆشیارو، هەنگاوی ژنانی ڕەشپۆش و، گۆرانی ئەو ڕادیۆیانەی ماندۆێتیان بۆ نییە..
"سێو.. سێوەکە.. پێم بلێ بۆچی خەڵکی ئەوەندەت بۆ پەرۆشن..".
ئەم گۆرانییە بە سادەییەکەی ئێستام پێدەگرێ.
بەرامبەر نیشتمان دامدەنێ. بیرم دەخاتەوە کە لە شارێکی عەرەبیم و بواری هیچ گومانێکیش ناهێڵێتەوە، کە سالانی پاریسم خەونێکی درۆبووبێ.
بلێی، دڵداریکردن بە میوەوە دیاردەیەکی عەرەبیانەبێ؟ یان هەر تەنیا بە سێوەوە، کە هێشتا تام و بۆی یەکەمین خلیسکانمانی لێدێ، هێند خۆشبێ کە لە زیاتر لە وولاتێکی عەرەباندا گۆرانی پیادا هەڵبدرێ.

ئەی ئەگەر سێوبویتایە چی دەبوو؟
نەخێر سێو نەبوویت.
هەر ئەو ئافرەتە بوویت کە ئارەزووی سێوخواردنت تیا پەیداکردم. داهێنەرانە گەمەکەی "حەوا"ت لەگەڵدا دەکردم. منیش نەمدەتوانی نکوڵی لەو چەند پیاوەی ناخم بکەم، تا بەتایبەتی لەگەڵ تۆدا گەمژەیەتییەکەی "ئادەم" بکەم!
ـ چۆنی خالید .. چۆنە وا ئەمڕۆ دەرکەوتی..؟
دراوسێیەک سڵاوی لێکردم و، سەرنجەکانی بە نهۆمی پەژارەمدا هەڵزناند. وەستانی دەمەو بەیانی، ئەودیو بەلەکۆنەی ڕامانمی پێ سەیربوو.
بەسەرنجێکی وون، بە هەنگاوەکانی ئەوی ڕووەو مزگەوتی تەنیشتمان و، هامشۆکەرانی دیدا دەمڕوانی، کە هەندێکیان قورس و، ئەوانی تریش پەلەو، هەمووشیان بەرەو هەمان جێگا دەبوونەوە.
نیشتمانەکە سەرجەم بۆ نوێژ دەچێ.
ڕادیۆکەش خواردنی سێوەکەی مەزن دەکرد.
زیاتر لە ئارێلێکی سەربان، ڕووەو منارەکە قیتبوونەتەوەو بۆ کەناڵە بیانییەکان دەگەڕان، کە شەوانە لە تەلەفیزیۆنەکەتدا، لەجۆرێکی ـ سەردەم ـ زیاتر خواردنی سێوەکەت نیشاندەدات!
منیش هەر بە تف قوتدان دادەکەوتم.
ڕاستییەکەی حەزم بە میوە نەبوو. بە تایبەتی سێوەکەم بەلاوە مەبەست نەبوو.
من تۆم خۆشدەویست. تاوانم چییە کە خۆشەویستییەکەتم لە شێوەی هەڵەدا گەیشتێ؟
چۆنی تۆ؟.. یەکێک لە دراوسێکان ئەو پرسیارەی لێکردم و ڕۆی بۆ نوێژ.
زمانم بە چەند کورتە ووشەیەک وەڵامی دایەوەو، لەبارەی تۆشەوە پرسیاری دەکرد.
چۆنبم؟
خۆم بەخۆمم کرد خانمەکەم .. ئەی تۆ چۆنی؟
ئەی ئەو ئافرەتەی سۆزم بە شێتی دایپۆشی و، کەچی وا بەرەبەرە، ئادگاری شارو بەرزو نزمی نیشتمان دەگرێ.

ناكاو تيايدا نيشتمه‌وه، وه‌كـ له‌ ژووره‌ داخراوه‌كانی بیرما بگیرسێـمه‌وه‌ كه‌ سالآنێـكه‌ كلۆمكراون.

تۆ چۆنيت؟

ئه‌ی داری توو، كه‌ له‌ هه‌موو وه‌رزه‌كاندا ڕه‌شپۆشيت بۆماوه‌ته‌وه‌.

ئه‌ی پۆشاكـ قسنتينی ...

ئه‌ی قسنتينی خۆشه‌ويستیو.. شايیو شين و دۆستان. وه‌لآم به‌ره‌وه‌ ده‌بیٚ ئێـستا له‌كوێـبی؟.

ئه‌وه‌ قسنتينه‌يه‌..

چوارپه‌ل و پیٚ سارد. لێـو هه‌ڵقرچاو، ڕه‌فتار شێـت.

ئه‌وه‌تا.. ئه‌مرۆش چه‌ند له‌و ده‌چی.. گه‌ر ده‌زانی!

لێـمگه‌ڕیٚ با په‌نجه‌ره‌كه‌ داخه‌م!.

مارسيل بانيول ده‌يووت:

"خۆت وا ڕابێـنه‌ شته‌كان ئاساييبن.. به‌ وانه‌شيانه‌وه‌ كه‌ ڕه‌نگه‌ ڕووبده‌ن".

بۆچی دواكات مردن، هه‌ر ڕێـكـ وه‌كـ له‌دايكبوون و، خۆشه‌ويستیو، زه‌ماوه‌ندو، نه‌خۆشیو، پيرێـتیو، تاراوگه‌يیو شێـتیو، شتی ديش، ئاسايی نابێـت؟

ئای كه‌ ليستی ئه‌و شته‌ ئاساييانه‌ درێـژه‌ كه‌ تا ڕووده‌ده‌ن واده‌زانين نائاسايين. ئه‌وانه‌ی پێـمانوايه‌ هه‌ر له‌خه‌ڵكی دی ڕووده‌ده‌ن و، ژيانيش له‌به‌ر هه‌ر هۆيه‌كبیٚ زۆريمان بۆ خڕده‌كاته‌وه‌، تا ڕۆژێـكـ دیٚ خۆمان له‌ ئاستيدا ده‌بينينه‌وه‌.

ئه‌مرۆ كه‌ به‌ ژيانی خۆمدا ده‌چمه‌وه‌، وايده‌بينم ڕاستی به‌ تۆ گه‌يشتنه‌كه‌م تاكه‌ شتێـكی له‌ ئاسا به‌ده‌ربیٚ. تاكه‌ شته‌ كه‌ به‌ بيرمدا نه‌يه‌ت، يان نه‌زانم چ ئاكامێـكی بۆم ده‌بێـت. چونكه‌ ئه‌و كاته‌ نه‌مده‌زانی كه‌ له‌وانه‌يه‌ كاره‌ نائاساييه‌كان گه‌لێـكـ شتی ئاسايی له‌گه‌ڵ خۆياندا به‌كێـشكه‌ن.

واش ..

دوای هه‌موو ئه‌و سالآنه‌ هێـشتا ده‌پرسم، ئه‌ی ئه‌مرۆ خۆشه‌ويستييه‌كه‌ت له‌ كویٚ دانێـم؟

له‌خانه‌ی ئه‌و ئاساييانه‌ی كه‌ ڕۆژێـكـ وه‌كـ سووكه‌ نه‌خۆشی يان پیٚ هه‌ڵنوتان.. يان شێـتێـتييه‌كـ، لێـمان ڕووده‌دا؟

يان.. له‌و شوێـنه‌ی وه‌كـ چۆن ڕۆژێـكـ ڕوويدا؟

بە شێوەی شتێکی لە یاسا بەدەر، وەک دیاری ئەستێرەیەک، کە گەردوونناسەکان پەییان بە بوونی نەبردبێ. یان بوومەلەرزەیەک کە هیچ ئامێرێکی لەرزەزەوی پەیی پێنەبردبێ.

تۆ قاچ هەڵنوتان بوویت .. یان قەدەر هەڵنووتان؟

ڕۆژنامەی سەر لە بەیانیان هەڵدەدەمەوەو بۆ وەڵامێکی قایلکەری وا دەگەڕێم کە بەسەرهاتێکی "ئاسایی" ڕەوتی ژیانمی گۆڕیبێت و بیرەی گەیانبێتم.

دوای ئەم هەمووساڵانە چاو بەنەگبەتییەکانماندا دەگێڕمەوە، نیشتمانیش مەرەکەبێکی ڕەش بە دەستمدا دەسوێ.

ڕۆژنامە هەیە، گەر سەیری لاپەڕەکانی بکەیت، دەبێ دەستت بشۆیت با هەموو جارێکیش لەبەر هەمان هۆ نەبێت. هەیانە مەرەکەباویت دەکات.. هەشیانە بە ڕەونەقترەو بۆگەنەکەیت بۆ دێنێ.

بڵێی لەبەر ئەوەبێت کە هەمیشە ڕۆژنامە بەخاوەنەکانیان دەچن، پێم وایە ڕۆژنامەکانیشمان ڕۆژانە وەک خۆمان خەبەریان دەبێتەوە، بە ئادگاری ماندو ڕوویەکی پەشۆکاوی بەپەلە شۆڕکراو، هاتبێتە سەر شەقام. هەروا بێئەوەی خۆی بە داهێنانی قژییەوە ماندو بکات، یان بۆینباخێکی گونجاو ببەستێ.. یان بە بزەیەک ڕامانکێشێت.

25ی ئۆکتۆبەری 1988.

ناونیشانی قەبە.. مەرەکەبێکی ڕەشی زۆر. خوێنی زۆرو. کەم شەرمی.

ڕۆژنامەی وا هەیە هەمان وێنەی لاپەڕەی یەکەمت.. هەر جارەی بە قاتێکی نوێوە، پێدەفرۆشێتەوە.

ڕۆژنامە هەیە .. هەمووجار هەمان درۆت بە شێوەیەکی نازیرەکانەتر پێدەفرۆشێتەوە..

هی تریش هەیە، بلیتی لە نیشتمان هەڵاتنت پێدەفرۆشێتەوەو.. هیچی دی.

جا کە ئیتر ئەوە لە کردن نەیەت، کەواتە با ڕۆژنامەکە دابخەم و.. بچم دەستم بشۆم.

دواجار، کە نزیکەی دوو مانگێک لەمەوبەر ڕۆژنامەیەکی جەزائیری ئیستێکی پێکردم. کە ڕێکەوت گۆڤارێکم پەرەدەکرد، پێم سەیربوو بە بۆنەی دەرچوونی کتێبێکی نوێتەوە، وێنەیەکی تۆ نیوەی لاپەڕەیەکی گرتبۆوەو، ووتو وێژێکی ڕۆژنامەیتیشتی لەگەڵدا بوو.

ئەو ڕۆژە، بەرامبەر ئەو چێوەیەی لەخۆی گرتبووی ئەبڵەقبووم. بێئاکام کەوتمە لێکدانەوەی هێمای قسەکانت. پەشۆکاوانە دەمخوێنیتەوە، هەڵبزرکاوانە، بەپەلە، وەک من لەبارەی خۆمەوە قسەت بۆبکەم، نەک تۆ سەبارەت بە چیرۆکێک، کە ڕەنگە چیرۆکی خۆمان نەبووبێ، بۆ خەڵکی دی بدوێیت.

چ ژوانێکی سەیر بوو ژوانی ئەو ڕۆژە! چۆن دوای ئەو ساڵانە بەلای ئەو ژوانەدا نەچووم کە لە دوو لاپەڕەی گۆڤارێکدا لەسەر کاغەز بۆمی دادەنێیت، ئاسایی بەلایدا ناچم.

ئەوە یاسا گەوجییەکانە، وانییە؟ کە بەرێکەوت گۆڤارێکی وا بکرم بە کرینی ڕانەهاتبم، تەنیا بۆ ئەوەی ژیانم لنگەوقوچ بکەمەوە!

جا کامەیە سەیرەکە؟

ئافرەتێک نەبوویت لە کاغەز. خۆشەوسیتی و ڕقت هەر لەسەر پەڕەکاغەز بوون. کۆچکردن و گەڕانەوەشت هەر لەسەر کاغەز بوون. بە نووکە قەڵەمێک بکوژو زیندوکەرەوە بوویت.

ئیتر چۆن کە دەتخوێنمەوە ناپەشۆکێم. چۆن موچوڕکە کارەباییەکە ناگەڕێتەوە تا بە لەشمدا گوزەربکات و، هەروەک لە بەردەم خۆتابم، نەک بەرامبەر وێنەیەکت، دڵەکوتێکەم زیادکات.

دواتر، ناوەناوە کە دەگەڕامەوە سەر ئەو وێنەیە پرسیاری زۆرم دەکرد، چۆن ئاوا هاتیتەوە تا زەفەرم پێبەری، منێک کە دەستبەرداری هەموو ئەو ڕێگایانەی بەتۆ دەگەیشتن ببووم؟

کە خەریکبوو زامەکە سارێژدەبوو چۆن هاتیتەوە؟ وەختابوو ئەو دڵەی بە یادەکانی تۆ پۆشاککرابوو بەکاوخۆ تیایدا نەدەمایت و جانتاکانی خۆشەویستیت گرد دەکردەوەو، ناکاو ڕۆیشتی تا لە دڵێکی دیدا جێگیرببیت.

کەواتە دڵت جێهێشتم..

وەک چۆن گەشتیارێک شارێک جێدێڵێ، کە بۆ سەردانی گەشتێکی ڕێکخستبێ. پێشوەخت کات بۆ هەموو شتێک ڕێکخراوە، تەنانەت ساتی ڕۆیشتنیش، پێشوەخت سەردانی ئەو دیاردانەی بۆی دەچی دیاریکراوە، ناوی ئەو شانۆگەریەی دەیبینیت، ناونیشانی ئەو دوکانانەی بۆ یادگار دیارییان لێدەکڕیت.

جا بۆ گەشتەکەت بەو ڕادەیە ناهەمواربوو؟

ئەوەتا من بەرامبەر کۆپییەکی خۆت، وەک بەرامبەر خۆتبم، حەپەساو و پەشۆکاوم.

شێوەی قژداهێنانە نوێکەتم پێسەیرە. قژە کورتەکەت شاڵێک بوو بێزاری شەوی دادەپۆشی.. دەبێ چیت لێکردبێ؟

زۆر لە چاوەکانت ڕادەمێنم. تیایاندا بۆ یادی یەکەمین بەزینی خۆمی ئاستی تۆ دەگەڕێم.

ڕۆژانێک.. چاوەکانت نەبێ هیچ شتێک لەو چاوانەت جوانتر نەبوو. ئای کە پێیان بەدبەخت و بەختیار بووم!

چاوەکانیشت گۆڕراون .. یان نیگای منە گۆڕراوە؟

بەردەوام لەدەموچاوتدا بۆ شوێنپەنجەی کۆنە شێتێتییەکەی خۆم دەگەڕێم. خەریکە لێوو بزەو سوورایيە نوێیەکەت نەناسمەوە.

ڕۆژێک چۆن ئەوە ڕوویدا.. کە شێوەی دایکمم تیادا بینیت. چۆن پێشبینم دەکردیت کە کراسە عەنابییەکەی ئەوت لەبەرکردبێت و، بەو دەست ونینۆکە درێژە بۆیەکراوانەتەوە ئەو هەویرە بشێلیت کە سالآنێکە تامی نانەکەیم نەکردووە؟

ئەوە چۆن شێتێتییەک و چۆن کەرێتییەک بوو!

بەڕاست شووکردنەکەت ئادگارو پێکەنینە مناڵییەکەتیان گۆڕی، ئەی یادەکان و، تامی لێوو ڕەشتاڵییە قەرەجییەکەشتی گۆڕی؟

ئەو "پێغەمبەرە نابووت"ەیان لەبیربردیتەوە کە لەڕێگەی هاتنیدا بۆلات "دە" ئامۆژگارییەکەیان لێدزی و.. تەنیا یانزەمین ئامۆژگریی بۆ هێنایت.

تۆ ئەوەتا بەرامبەرمیو، کراسی لێهەڵگەڕانەوەشت لەبەردایە. ڕێگەیەکی دیت هەڵبژاردو، ڕوویەکی تری واشت پۆشیوە نەیناسمەوە. دەموچاوێک لەوانەی لە گۆڤارو بڵاوکراوەکاندا ڕێکەوتیان دەکەین، هی ئەو ئافرەتە ڕووکەشانەی پێشوەخت بۆ فرۆشتنی شتێک ئامادە کراون، کە ڕەنگە دەرمانی دان، یان کرێمێکی دژ بە چرچ ولۆچی بێت.

یان تەنیا بۆ بازارگەرمی شتێک ئەو دەمامکەت لەسەرکردبێ، کە لە شێوەی کتێبدایەو، ناوی "ملەی بیرچوونەوە"ت لێنابێ، کەرەسەیەکە ڕەنگە چیرۆکی من و تۆبێت.. بیری زامی من بێت؟

ڕەنگە دواڕێگەبێت کە ئەمڕۆ ، بێئەوەی شوێن پەنجەت لەسەر ملم جێبێڵیت، بۆ لە نوێ کوشتنی منت دیبێتەوە.

ئەو ڕۆژە باسێکی کۆنی خۆمانم بیرکەوتەوە. کە جارێک لێم پرسیت بۆچی خودی ڕۆمانت هەڵبژارد. وەلامەکەت حەپەساندمی.

ئەو ڕۆژە بە بزەیەکەوە، نەمتوانی پەی بە ڕێژەی ڕاستی لە ڕێژەی پاشقولگرتنەکەی بەرم، پێتووتم:

"دەبوا شتێک بۆ ڕێکخستنی ناوەوە بکەم و.. خۆم لەچەند کۆنە کەرەسەیەک ڕزگارکەم. ناخیشمان وەک هەر خانوویەک کە تیایدابژین پێویستی بەتەکاندنەو ناکرێ پەنجەرەکانم وا بە داخراوی لە سەر لاشەیەک زیاتر بێلمەوە..

ئێمە ڕۆمان هەر بۆکوشتنی پاڵەوانەکان دەنووسین و هیچی دی، لەو کەسانەش ڕزگارمان دەبێت کە لە ژیانماندا بوونیان بێهوودەیە. هەرچەند لە بارەیانەوە بنووسین لێیان خاڵیدەبینەوەو.. بە هەوای خاوێنیش پڕدەبینەوە..".

دوای نەختە بێدەنگییەک لەسەری ڕۆیشتیت:

"ڕاستییەکەی هەر ڕۆمانێکی سەرکەوتوو، تاوانێکە لە بیرەوەرییەکمانی دەکەین. ڕەنگیشە لە کەسێکی بکەین و، بە بەرچاوی هەمووانەوە بە کپدەنگێک بیکوژین. تەنیا هەر خۆشی بزانێ ئەو ووشە گوللەییە بەوەوە نراوە..

ڕۆمانە سەرنەکەوتووەکانیش تاوانی سەرنەکەوتوویی نەبێ چیدی نین، دەبێ بەو بیانووەی لە بەکارهێنانی ووشەدا کارامەنین و، دوورنییە، دوای کوشتنی خوێنەرانیان.. بەدەم بێزارییەوە! بەهەڵە هەرکەسێکی دی.. بە خۆشیانەوە پێبکوژن، ڕێی قەڵەم هەڵگرتن لە خاوەنەکانیان بسەندرێتەوە."

ئەو ڕۆژە چۆن ئارەزووە سادییەکەت گومانی لا پەیدا نەکردم.. چۆن بۆ سەرجەم تاوانەکانی دواتریشت نەچووم، کە چەکەکانی تری خۆتت تیا تاقیکردنەوە؟

ئەو کاتە نەدەهات بەبیرمدا کە ڕەنگە ڕۆژێکبێت ڕووی گوللەکانت لە منیش بکەیت.

بۆیە پێکەنینم بە قسەکانت هات، ڕەنگە ئەو ڕۆژە شتەکانی ترت بە سەرمدا زاڵبوبن. خۆ ئێمە لەو حاڵەتانەدا خۆمان بۆ ناگیرێت، شێتێتی بەدڵبوون بکوژمانە!

بەڵام واش سەرسوڕمانەکەی خۆمم دەربڕی. ووتم:

- وامدەزانی ڕۆمان ڕێگەی نووسەرە تا جارێکی دی لە بەسەرهاتی خۆشەویستییەکەیدا بژی.. ڕێگەی نەمرێتی بەخشینیشە بەخۆشەویستەکەی.

وەکێ قسەکەمت بەلاوە ناکاوبێت و بتەوێ شتێک ببینیتەوە کە هیچ حسابێکت بۆ نەکردبێ، ووتت:

- ڕەنگە ئەوەش ڕاستبێت، چونکە لەکۆتاییدا ئێمە خۆشەویستانمانی لێدەرچێ کەسی دی ناکوژین. لەبری ئەوەش نەمرییەکی ئەدەبیانەیان پێدەبەخشین. زەبرێکی دادوەرانەیە.. وانییە؟!

دادوەرانە؟

کێ هەیە لەگەڵ ستەمکاراندا سەبارەت بە دادوەریی یان ستەمکاریان مشتومڕ بکات؟ کێ مشتومڕ لەگەڵ نیرۆندا دەکات کە لە خۆشەویستی ڕۆماو، شەیدایی بۆ بڵێسەی ئاگڕ ڕۆمای سووتاند. تۆش وەکێ ئەو، لە شەیدایی و ئاگرخستنەوەدا ئافرەتێکی کارامە نەبوویت؟

لەوساتەدا پێشبینی کۆتاییە نزیکەکەی منت دەکردو، پێشوەختیش بۆ ئازارە بەسوێیەکەم دڵت دەدامەوە..

یان خۆتئاسایی گەمەت بە ووشەکان دەکردو، بە کارتێکردنەکەیانما دەتروانیو، لەژێریشەوە، بەو سەرسامییەی لە توانا ڕادەبەدەرەکەت دەرم دەبڕیو، گەشکەداریشم لە ئاست دروستکردنی زمانە پڕ بە پێستیی ناکۆکییەکانت، بەختیار دەبوویت.

هەموو ئەگەرەکان لە تواناداببوون..

ڕەنگە من قوربانیی ئەم ڕۆمانەیانت بم و، ئەو لاشەیەشبم کە.. خۆتئاسا حوکمی نەمری و، بڕیاری مۆمیاییت بە ووشە دابێت.

لەوانەشە هەر بە خەیاڵ و، بەو هێنانوبردنەتا کە لەڕاست دەچن، بوبمە قوربانیت. دواییش هەر بۆخۆت وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بزانیت و، وەکێ کەسێکی کەللەڕەق، کە بێهوودە بەدوای ڕاستیدا وێڵبێ، دوامکەوی.

کەی ئەو کتێبەت نووسی؟

پێش شووەکەت یان دواتر؟ پێش کۆچی زیاد.. یان دوای ئەو؟ لە بارەی منەوە نووسیت.. یان لەسەر ئەو؟ بۆ کوشتنی من نووسیت.. یان بۆ ژیانەوەی ئەو؟

یان تا لە هەردوکمان بیتەوەو، بەکتێبێک هەردوکمان بکوژیت.. وەکێ چۆن هەردوکمانت بۆ پیاوێک جێهێشت؟

دوو مانگ پێشتر کە ئەو هەواڵەم خوێندەوە، هەرگیز بە بیرمدا نە دەهات بەو ئامادەییە زۆرەتەوە وا لە پڕ بگەڕێیتەوە، تا کتێبەکەت ببێتە تەوەرەی بیرکردنەوەم و، بازنەیەکی داخراوی وا، کە هەر خۆمی تیادا بخولێمەوە.

دوای ئەو هەموو ڕووداوە، نەدەکرا لەو ڕۆژەدا پچم کتێبخانەکانی لە دو بگەڕێم، تا چیرۆکەکەی خۆم بەپارە لە فرۆشیارێک بکڕم. خۆ نەشدەکرا وەک هەر نەمبیستبێت و پێوەندی بەمنیشەوە نەبێت، پشتگوێیخەم و لە ژیانیشدا بەردەوامبم.

ئەی بۆ سووتاوی خوێندنەوەی پاشماوەی چیرۆکەکە نەبووم؟

ئەو چیرۆکەت کە لە بێئاگایی منداو، بێئەوەی دوابەشەکانی بزانم، کۆتاییهات.

ئەو چیرۆکەی لەیەکەمین شایەتییەوە، بوومە شایەتێکی نەبوو. بەپێی هەمان یاسای گەوجێتیش، هەمیشە هەر من شایەت و شەهیدی چیرۆکێک بووم کە جێگەی پاڵەوانێک زیاتری تیادا نەدەبۆوە.

ئەوە کتێبەکەتە لەبەردەمما.. ئەمڕۆ نەمتوانی بیخوێندمەوە. بۆیە وەک مەتەڵێک بە داخراوی لەسەر مێزەکەم جێمهێشتووە، وەک نارنجۆکێک خۆی بۆ ناومەتەوە، پەنا بۆ ئامادەییە بێدەنگییەکەی دەبەم تاکانگای ووشەکانی ناخم بتەقێنێتەوەو.. شەڕ بە بیرەوەرییەکانم بفرۆشێت.

ئەمڕۆ هەرچییەکی تیادایە بێزارم دەکەن. ناونیشانەکەی کە بەفێڵێکی ئاشکرا هەڵتبژاردووە.. خەندەییەکەشت کە خۆی لە پەستێتییەکەم گێلکردووە. نیگا بێلایەنییەکەت کە ڕەفتاری خوێنەرێکم لەگەڵدا دەکات زۆرت لە بارەوە نەزانێت.

هەموو شتەکان .. تەنانەت ناوەکەشت.

لەوانەیە ناوەکەت زیاتر یەخەم پێبگرێت، چونکە هێشتا ئەو، بەر لەوەی پیتە دیارەکانی بازدەنە چاومەوە، خۆی بۆ ناو بیرەوەرییەکانم هەڵدەدا.

ناوەکەت.. ناخوێندرێتەوە، بەڵکو وەک موسقایەک دەبیسترێ کە تەنیا ئامێرێک بۆ تەنیا گوێگرێکی بژەنێ.

چۆن دەکرێ دوورەپەرێزانە بیخوێنمەوە، کە بەشێک بێت لە چیرۆکێکی سەرسوڕێن و ڕێکەوت نووسیبێتی، قەدەری هەردوکمان، کە ڕۆژێک بەیەکگەیشتن، نووسێبێتی؟

ووتەیەکی سەر بەرگی کتێبەکەت دەڵێ ئەوە ڕووداوێکی ئەدەبیانەیە.
منیش کە گورزەیەک پەڕەی ڕەشکراوەی ساتێکی ووڕێنەمی.. لەسەر دادەنێم..
دەڵێم:
"کابرا، کاتی نووسینت هاتووە.. یان ئەوەتا تا هەتایە کڕبە". ڕووداوی ئەم ڕۆژانە چەند سەیرن!
ناکاو.. سەرما هەڵوێستەکە دەبڕێنێتەوەو، شەوی قستنتینە لە پەنجەرەیەکی بێزارییەوە بۆلام دەکشێت. سەری قەڵەمەکە دەنێمەوەو خۆشم دەخزێمە بن پێخەفی تەنیاییمەوە.
لەوەتەی پەییم بەوە بردووە، کە هەر شارەو شەوی شایان بەخۆیی هەیە، شەوێک کە بەو پچیِو هەر خۆشی ڕسواکەریییِو، لە ئەنگوستەچاودا پەردە لەڕووی ئەوانەدا هەڵمالێ کە بە ڕۆژ دەیشارێتەوە، بڕیارم دا خۆ لە سەیرکردنی شەوانی ئەم پەنجەرەیە بدزمەوە.
هەموو شارێک بێئەوەی بەخۆی بزانێ شەوانە ڕووتدەبێتەوەو، تەنانەت بێئەوەی هیچیش بدرکێنێ نهێنییەکانی خۆی لای غەوارە ئاشکرا دەکات.
بەڕادەیەک گەر دەرگاکانیشی کلۆم بدات.
چونکە شاریش ئافرەتئاسا، لە هەندێکیان ڕوودەدا کە وامان لێبکەن پەلەی ڕۆژ بوونەوەمان بێت. بەلام..
"Soirs, Soirs, que de soirs pour un seul matin.."
چۆن ئەم دێڕە شیعرەی "هنری میشو"ی شاعیرم بیرکەوتەوەو بە زیاتر لە زمانێک لەبەر خۆمەوە دەمووتەوە..
"ئێواران.. ئێواران
هەر بەیانییەک چەند ئێوارەیەکی هەیە"
چۆن بەبیرم هاتەوە، تۆ بڵێی کەی لەبەرم کردبێت؟..بڵێی سالانێکبێ، ئێوارانی ناهەمواری وام بەبیردا هاتبێ، کە بەیانییەکیان زیاتر نەبووبێ؟
هەندێکم لە بیری خۆمدا سەبارەت بەو چامەیە هەڵدایەوە کە دێڕە شیعرەکەی لێوەرگیراوە، دەرچوو ناونیشانەکەی "پیرێتی" یە..
دیتنەوەکەشی ناکاو ترساندمی وەک ئادگاری دەموچاوە نوێیەکەمم دیبێتەوە. بەڕاست پیرێتی بەتەنیا شەوێکی درێژ، ئاوا بۆمان دەکشێ.

تاریکێتی ناخیش وامان لێدەکات، کە بێئەوەی شوێنێک دیاریکەین، بۆ هەمووشت لەسەرخۆبین و، بەکاوخۆ ڕێبکەین؟

دەبێ بێزاریو وونبوون و دووپاتبوونەوە بەشێکی ناسینەوەکانی پیرێتی یان هی ئەم شارە بن؟

بلێی من بە ساڵدابچم.. یان ئەمڕۆ نیشتمان هەر هەمووی بکەوێتە ساڵی بە کۆمەڵ هیوابڕاوییەوە؟

ئەو ئەم توانا لەڕادە بەدەرەی نییە کە بەچەند مانگێک، بگرە جار هەیە بە چەند هەفتەیەکیش، پیرمان دەکات و پەکیشمان دەخات؟

پێشتر هەستم بە قورسایی ساڵەکان نەدەکرد. خۆشەویستییەکەت لاوێتیم و، وێنەگەکەشم ئەو خۆرووزەیەم بوو کە لە بن نەدەهات، پاریسیش شارێکی شۆخی وایە، یەکێک لەخزمەتیا دەست بەخۆیدا نەهێنێ شەرم دایدەگرێت. کەچی ئەوان تا چوارگۆشەی تاراوگەییم ڕاویاننام و، مەشخەڵی شێتێتیشمیان کوژاندەوەو.. تا ئێرەیان هێنام.

ئێستا ئێمە هەموو لەسەر ئەو گڕکانەی نیشتمان وەستاوین کە دەتەقێتەوە، یەکگرتن لەگەڵ ئەو پشکۆیانەی لە دەمەکەیەوە دەردەپەڕێو، لە بیرچوونەوەی ئاگرە پچووکەکانی خۆشمان بەولاوە چیترمان پێناکرێ..

ئەمڕۆ هیچ شتێک ئەو ڕێکپۆشیو بەتواناییە ناهێنێ، نیشتمان خۆی گەیشتۆتە ئەوەی شەرمی بەوە نەبێ کە لە بەر دەمماندا نەشیاوبێت!

لەوە زەحمەتتر نییە کە لە تەمەنێکدا دەست بە نووسین بکەیت، خەڵکی دی تیایدا لە ووتنی هەموو شتێک بوبێتنەوە.

نووسینی دوای پەنجاساڵی کە یەکەمینجاربێت.. حەزو ئارەزوو شێتێتییەکە بە گەڕانەوەی هەرزەیی دەچێ.

شتێکی ووروژێن و گەوجە. لە پێوەندی خۆشەویستی نێوان پیاوێکی بە ساڵاچووی پەککەوتەو، پەڕەموچێکی تازە پێگەیشتو دەچێ.

یەکەمیان پەشۆکاو و بەپەڵەیە.. دووەمیشیان کچۆڵەیەو مەرەکەبی دونیا تێری ناکات!

کەواتە وای دادەنێم ئەوەی تا ئێستا.. بۆ ئەم پەڕە کاغەزانەی ساڵانێکە خەون بە پڕکردنەوەیانەوە دەبینم نووسیومە، هەر ئامادەێتی نووسین و، زیادەی ئارەزوو بێت.

ڕەنگە سبەینێ بەڕاستی دەست بە نووسین بکەم.

هەمیشە حەزدەکەم شتە گرنگەکانی ژیانم بەمێژوویەکەوە ببەسترێنەوە .. چاوداگرتنی بیرکردنەوەیەکی دیبێت.
کە ئەم ئێوارەیە گوێم لە هەواڵ دەگرت و بۆم دەرکەوت پێوەندیم بەکاتەوە نەماوەو، سبەینێ یەکی تشرینی دووەمە، دیسان ئەم بیرۆکەیە هانی دامەوە.. جا دەکرێ ڕۆژێکی وا بۆ دەستپێکردنی ئەم کتێبە هەڵنەبژێرم؟
سبەی 34 دانە ساڵ بەسەر جەنگی ڕزگاریخوازدا تێدەپەڕێو، سێ هەفتەش بەسەر مانەوەی ئێرەمدا ڕادەبووڕێ، ئەوەندەش بەسەر مەرگی دواکۆمەڵە شەهیددا ڕەتدەبێ..
یەکێکیان کەسێک بوو خۆم بۆ پرسەو ناشتنەکەی ئێرەی ئامادەبووم.
لە نێوان یەکەم گوللەو، دوا گوللەدا، سنگ و، ئامانج گۆڕران.. نیشتمانیش گۆڕرا.
بۆیە سبەی ڕۆژی پەژارەیەکە پێشوەخت نرخەکەی درابێ.
نە نمایشی سەربازانەو، نە پێشوازیکردن و، نە پیرۆزبایی ڕەسمییانە لە ئارادا دەبێت.
بە تاوانبارکردنی یەکتر دەیبرێننەوەو.. ئێمەش بە چوونە سەر گۆڕستان.
سبەی سەر لەو گۆڕە نادەم. نامەوێ پەژارەی خۆم لەگەڵ نیشتماندا بەشکەم.
ئارامی پەڕەکاغەزو شانازیکردنی بە بێدەنگییەکەیەوە، بە باشتر دەزانم.
ئەمشەو هەمووشتێک تووڕەم دەکات.. هەستدەکەم بۆ دواجار شتێکی نایاب دەنووسم و، وەک جارانی دی نایدڕێنم..
دوای ئەو هەموو ساڵانە ئەم ڕێکەوتە ڕاپێچی ئێرەم دەکاتەوە، بۆ هەمان شوێن، تا بە کاتی یەکەمین یاد، لاشەی کەسێک چاوەڕوانیم بکات کە خۆشی دەویستن، ئای کە بە سوێیە.
ئەمشەو، ڕابردوو لە ناخمدا بەئاگادێت.. پەشۆکاو. بەرەو ڕێچکەی بیر ڕامدەپێچێ.
هەوڵی بەرەنگار بوونەوەی دەدەم، جا، ئەم ئێوارەیە خۆم لەبەر بیرما پێدەگیرێ؟
دەرگای ژوورەکەم کلۆمدەکەم و پەنجەرەش دەخەمە سەرپشت.
وا دەکەم کە جگە لەخۆم شتێکی تریش ببینم. کەچی پەنجەرەکە پیامدا دەڕوانێ..

لەبەردەممدا جەنگەڵە دەوەن و داربەڕوو درێـژبۆوە، قسنتینە بە کۆنە چارشێـوەکەی و، هەموو ئەو جەنگڵستان و ئاوەڕۆو ڕێـچکە نهێنییانەی ڕۆژانێـک پێـیان ئاشنابووم و وەک پشتێنی دڵنیایی بەکەمەری ئەم شارەوە بوون، ڕێـگا چڕو، جەنگەڵە پڕەکانی دەیانگەیانیتە، بنکە نهێـنییەکانی تێـکۆشەران، هەر وەک دار بەدارو ئەشکەوت بەئەشکەوتیت بۆ ڕاڤە بکات.

هەموو ڕێـگەیەک لەم شارە ڕەسەنە عەرەبییەدا، بە خۆگری دەگات.

لە چوونە ڕیزی شۆڕشیشدا گشت جەنگەڵ و بەردەکانی پێشت کەوتبوون.

هەموو جەنگەڵ و بەردەکان لێـرە ڕەنگە لە چوونە ڕیزی شۆڕشدا پێـش تۆ کەوتبن.

شار هەیە قەدەری خۆی دیاری ناکات..

چونکە ڕەنگە مێـژوو و جوگرافیا، حوکمی خۆ بەدەستەوە نەدانیان بەسەردا دابێ..

هەر بۆیەش هەموودەم کارەکە لەدەست ڕۆڵەکانی خۆیدا نابێ.

جا ئیتر سەیرە کە تا ڕادەی سەرکێـشی بەم شارە بچم؟

سی ساڵ پێـشتر ڕۆژێـک ئەم ڕێـگەیەم گرتەبەر، ئەو چیایانەم بۆخۆم هەڵبژارد کە ببنە ماڵ و قوتابخانەی نهێـنیم و ئەو تەنیا بابەتەشی تیا فێـربم کە ووتنەوەکەی بڤەبێ. دەشمزانی کە سێـیەمین کۆمەڵ، کەسیانی لێـدەرنەچوون و، قەدەریشم تەنیا لە ماوەی نێـوان ئازادی و.. مەرگدایە.

ئەومردنەی ناوێـکی ترمان بۆهەڵبژارد هاندەرتربێـت، تابەبێـترس و، لەوانەشە بە ئارەزوویەکی نهێـنییەوە بە پیـرییەوە بچین، هەر وەک چوونەکەمان بۆ شتێـکی تربێ نەک مەرگ.

ئەی ئەو ڕۆژە بۆچی بیرمان چوو ناوێـکی زیاتر بۆ ئازادی دابنێـین؟ چۆن هەر لەسەرەتاوە ئازادی خۆمانمان هێـنایەوەیەک.. لە یەکەمین واتایەوە؟

لەو ڕۆژەدا مەرگ بەتەنیشتمانەوە دەڕۆیشت و، دەنووست و بەپەلەش نانەکەیی لەگەڵدا دەخواردین. هەر ڕێـک وەک شەیدایی‌و بەئارامی‌و بڕواو .. بەختیارییەکی نادیار کە لێـمان جیانەبێـتەوە.

مەرگ ڕێـیدەکردو لەگەڵیشماندا هەناسەی دەدا.. ڕۆژەکانیش هێـند سەختبوون، جیاوازییان لەگەڵ پێـشخۆیاندا تەنیا ژمارەی شەهیدبوو، ئەو شەهیدانەی کە بە ڕادەیەکی زۆر کەس مردنیانی بە بیردا نەدەهات.. یان لە بەر هەر هۆیەکبێـت، بەو زووییە پێـشبینی کۆتاییانی نەدەکردو.. بەو

ڕادەیەش بە سوێبێت. ئەوەش ئەو مەنتقەی مەرگبوو کە هێشتا من پەییم پێنەبردبوو.

هێشتا ئەوانەم بیرە، کە دواتر ڕاهاتین بە کۆمەڵ باسیان بکەین. وەك کۆ، بەتایبەتی لەم بارەدا، ئەویش بۆ کورتکردنەوەی بیر نا، بەڵکو چونکە مافیان بەسەرمانەوەیە.

هەموویان پێکەوە شەهید نەبوون.. هەر یەکەو بۆخۆی شەهیدێك بوو. هیوای تێدابوو، وەك بە تایبەتی بۆ شەهیدبوون هاتبێت، لە یەکەمین پێکدادانیدا شەهید دەبوو.

تیاشیانابوو ڕۆژێك بەر لە بە دزییەوە سەردانی کەسوکاری، کە چەند هەفتەیەك خەریکی ڕێوشوێن دانان و خۆ بۆ ئامادەکردنی بووە، بەرکەوتبوو.

هەشبوو ژنی هێنابوو گەڕابۆوە.. تا بە زاوایەتی سەربنێتەوە.

تیاشیاندایە خەونی بەو ڕۆژەوە دەبینی کە پچێتەوە تیایدا ژن بێنێ و.. نەگەڕابۆوە.

لە جەنگدا هەر ئەو کەسانە بەدبەختنین کە تیایدا دەمرن. لەوان بەدبەختتر ئەوانن کە دوای خۆیان بێکەس و، هەتیو، خەون و پەککەوتە جێدەهێڵن.

زوو ئەم ڕاستییەم بۆ دەرکەوت، شەهید لە دوای شەهید و، چیرۆك بە دوای چیرۆك..

هەر لە هەمان بۆنەشدا بۆم دەرکەوت، ڕەنگە من تاکەکەسبووبم، لە کفنێکی زەردنەبووی دایکێکدا، کە نەخۆشی و خەم و خەفەت سەری پێنابێتەوەو، برایەکی چەند ساڵ لە خۆ پچووکتری نموونەیی و، باوکێکی خەریك بە داواکاری بووکە پچووکەکەی، بەولاوە چیتری جێنەهێشتبێ.

ڕەنگە ئەو پەندە ڕاستبێت "کەس بە باوك مردن هەتیو نابێ.. هەر دایك مردن خەڵك هەتیو دەکات".

هەتیو بووم، لە هەموو ساتێکیشدا بە قووڵی هەستم بە هەتیوێتییەکەم دەکرد. چونکە برسێتی سۆز، هەستێکی هێند سامناك و بەسوێیە، تا بە شێوەیەك لەشێوەکان لەناوت دەبا، بەردەوام لە ناخیشەوە داتدەوەشێنێ.

بڵێی چوونە ناو "بەرە"ی ئەوکاتەم هەوڵێکی ڕانەگەیەندراوی وا بوویێت کە لەدەری ئەو هەستە نەخۆشانەی ووردەووردە ڕقیان لە هەمووشت پێپەیدا دەکردم، بۆ گەڕان بەدوای مردنێکی جوانتر بوویێت؟

شۆڕش دەچووە ساڵی دووەمیو، هەتیوبوونەکەشم مانگی سێیەمی، ئێستا تەواو بیرم نایەت، لە چ ساتێکدا نیشتمان ئادگاری دایکێتی گرتەوەو، ئەو سۆزە نادیارو خۆپێبەستنەوە سەرکێشەی پێبەخشیم کە بەلایدا نە دەچووم.

ڕەنگە ئەو چەند مانگی خۆ حەشاردانەی "سی تایەر" لە "سیدی المبروك"ی گەڕەکی خۆماندا، ڕۆڵی یەکلاییکەرەوەی لەکێشەکەداو، پەلەکردنم لەوبڕیارە کوتوپڕەدا هەبووبێت. لای کەسیش شارەوەنەبوو کە گواستبوویەوە بۆ شوێنێکی نهێنی ناو چیاکانی دەوری قستنتینە تا لەوێ لەگەڵ کەسانی دیدا یەکەمین بنکەی خەباتی چەکدارانە دابمەزرێنن.

ئەمشەو ناوی "سی تایەر" لە کوێوە پەیدا بۆوە تا پەشۆکاوییەکەم ئەوەندەی دی زیادبکات، کامیشتان بۆ لای ئەوی ترتانی بەکێشکردم؟.

لەکوێوە هات.. بۆ بەڕاستی ئامادەنەبوو، هەر دوو شەقام لێمەوە دوور نەبوو، شەقامێک کە تا ئێستا بەناوی خۆیوەیەتی؟

شتێک هەیە "دەستەڵاتی ناوە".

ناوی واش هەیە کە دەیهێنی، خەریکی دانیشتنەکەتی بۆ ڕێکدەخەیت و، جگەرەکەتی بۆ دەکوژێنیتەوە. کە لەبارەیانەوە دەدوێیت وەک بە هەمان سام و شۆخییەکەی یەکەمجاریانەوە لەگەڵیاندا بدوێیت.

هەر بۆیە.. لای من ناوی "سی تایەر" سامی خۆی هەیە. نەریت و تێکەڵاوی نەیکوشتووە، ئەزموونی پێکەویی بەندیخانەو، ساڵانی تێکۆشان، نەیکردۆتە ناوێکی ئاسایی برادەرێک یان دراوسێیەک. چونکە هێما هەمیشە دەزانێ ئەو پەردە نەبینراوە لەخۆیەوە بئاڵێنێ، کە لە هەموو شتێکدا، ئاسایی‌و نائاسایی، دەکرێ‌و مەحاڵ، لێک جویدەکاتەوە.

ئەوەتا من لە شەوێکدا یادی دەکەمەوە بۆیم تەرخان نەکردووە..

کە قومم لە دوا جگەرە دەدا، دەنگی بانگی بەیانی بەرزدەبۆوە. لە ژوورێکی دووریشەوە گریانی منداڵێک دەهات هەموو لایەکی ماڵەکەی بەئاگا دێنا..

ئێرەیی بە بانگدەرو بەمنداڵی ساوا دەبەم، چونکە هەر ئەوان ماف و توانای قیژەیان بەسەر ژیاندا هەیە، بەر لەوەی ئەو دەمارەکانی دەنگیان ڕابهێنێت و فێری بێدەنگییان بکات.

ئەو کەسەم بیرناکەوێتەوە کە ووتوویەتی "مرۆڤ سالانی یەکەمی بە فێربوونی قسەکردنەوە بەسەردەبات و، ڕژێمە عەرەبییەکانیش ئەوی تری بە فێربوونی بێدەنگی پێتەواو دەکەن!".

بەتایبەتی ئەم شەو کە ڕەنگە بێدەنگی، ڕێک وەک بیرچوونەوە خۆشی بەخشبوایە. چونکە لە بۆنەی وادا بیرەوەری بە بەشبەشی نایەت، بەلکو تاڤگەیەکەو شالاوت بۆدێنێ و نازانی بەرەو کام هەلدێرانەت ڕادەدا.

جائیتر ئەو ساتە، پێش ئەوەی بتکێشێ بە بەرداو، لە هەلەیەکی بیرەوەریدا تێکتشکێنێ، چۆنت بۆ ڕادەگیرێ؟

ئەوەتا تۆ، بەدوایدا هەناسەبڕکێتە تا بگەیتەوە بەو ڕابردووەی بە تەواوەتی جێتنەهێشتووەو، بۆ بیرەوەرییەکیشت بەرێ کە هەر تیایدایت، چونکە جەستەی خۆتە.

جەستە شێواوەکەت و هیچی دی.

خۆشت دەزانیت ئێستا لەوێ بە هەر بیانوویەکەوەبێ، لەم سەکۆ بۆ ئەو سەکۆ هەلپەیانە، تا مێژوویەک تاوانبارکەن کە خۆیان لایەنێکی بوون. بەلکو ئەمە خوایە پێش ئەوەی لافاو ڕایاندا بە شەپۆلە نوێیەکە بگەنەوە. تۆش لە بەزەیی پیاهاتنەوەیان بتزازێ چی دی شک نابەیت.

ئای لەو نەهامەتییەی مرۆڤ کە بە جلوبەرگی تەڕەوە بژیو.. تازە لە زەلکاو دەرچووبێو.. تۆزێک ئارام نەگرێ تا ووشک دەبێتەوە!

ئەمشەو "سی تایەر" بێدەنگ دێت.

بێدەنگ وەک هاتنی شەهید.

بێدەنگ.. خۆئاسا.

تۆش ئەوەتا خۆتئاسا لە بەردەمیدا پەشۆکاوی.

هەمیشە پانزەسالەکەی نێوانتان، لە سالەکان بە تەمەنتربوو. تەمەنێک بوو بۆخۆی، هەر بۆخۆی هێمای پیاوێکیش بوو، لە پال زمانڕەوانییەکەیدا زمانپاراوەییەکی دی لە هەموو ئەوکەسانەی جوێدەکردەوە کە تێکەل بە کۆمەلە زانستییەکان ببوون و، لە قسنتینەشدا خوێندبوویان.. ئەویش زمانپاراوی ئامادەگی بوو.

"سی تایەر" دەیزانی کەی زەردەی بێ و، کەیش تووڕەبێ. دەشیزانی چۆن بدوێ و، چۆنیش بێدەنگبێ. نە سام ڕووی بەردەداو نە ئەو زەردە نا دیارەی کە هەرجارەو لێکدانەوەیەکی جیای بە ئادگاری دەبەخشی.

***"بزەو زەردەخەنە وێـرگول و خاڵی یەکتـربڕین.. کەمن ئەو کەسانەی، لە قسەکردنیاندا هێـشتا فاریزەو خاڵ بەکارهێـنان دەزانن"***[1]

کاتی یەکەم تێـکۆشانم لەگەڵ "سی تایەر"دا لە بەندیخانەی "الکدیا" بوو.

چاوپێـکەوتنێـک پڕبێ لە هەستی سەرکێـش و، خورپەی یەکەم گیران، بە هەڵچوێـتی و.. ترسییەوە.

"سی تایەر"، کە ڕۆژانە بۆ لای شۆڕشی کێـشدەکردم، ئەو ڕۆژە دەیزانی خۆی لە گەیشتنی ئەوێـم بەرپرسیارە. ڕەنگە لە ژێـرەوە بەزەیی بە شانزە ساڵییەکەم، بە ساڵانی منداڵییە قتکراوەکەم و، بە "دایە"شدا هاتبێـتەوە کە چاکی دەناسی و، دەشیزانی یەکەمین تاقیکردنەوەی گرتنم چی بەسەر دێـنێـت.

بەڵام گەر کەسێـک بیویستایە لێـیبپرسێـت، هەموو بەزەییەکەی خۆیی، بە ووتنەوەی: "بەندیخانە بۆ پیاو کراوە" لێـدەشاردەوە.

ئەوکاتە بەندیخانەی "الکدیا"، وەک سەرجەم بەندیخانەکانی خۆرهەڵاتی جەزائیـر، کە لە ئاکامی خۆپیشاندانەکەی هەشتی ئایاری 1945 ەوە، ئەو خۆپیشاندانەی یەکەم پۆلە شەهیدی تیادراو، لە تاکە خۆپیشاندانێـکدا بــە هـەزارانیان لێـکەوت و زیندانی بەندیخانەکانیش دەیان هەزاریان تێـئاخنرا، "قستنتینە"و "ستیف"و دەوروبەریان یەکەم بەرایی شۆڕشیان داو، بەندیخانەکانیشیان بە دەست زۆریانەوە گیرۆدەبوون و، فەڕەنسییەکان، کە بۆ چەند مانگێـک زیندانیانی سیاسیی و زیندانیانی مافی گشتییان تێـکەڵکرد، کە جار هەبوو ژمارەی گیراوانی زیندانێـک لە 20 ی تێـدەپەڕاند، گەورەترین گەوجێـتییان کرد.

بەوە، فەڕەنساییەکان کارێـکیان کرد، پەتای شۆڕش بەندەکانی مافی گشتیش بگرێـتەوەو دەرفەتی ووشیاربوونەوەی سیاسییانەیان بۆ بڕەخسێ و، بە چوونە ڕیزی شۆڕشەوە، کە دواتر زۆربەیان لە پێـناویا شەهیدکران، شەرەفمەندێـتی خۆیان خاوێـنکەنەوە. هەندێـکیان تائێـستاش هەرماون و، مێـژوو بەڵێـنی گێـڕانەوەی تۆمارگە دادوەرییە کۆنەکەیانی کردو، ڕێـزی سەرکردە مێـژووییەکانی شەڕی ڕزگاریخوازیشیان لێـدەگیرێ. چەند بەندێـکی سیاسیش ـ لەو گەوجێـتییە ئیمپریالیستیی ـ یەدا، هەلی یەکترناسینیان

[1] ئەو ڕستانەی نووسینەکانیان جیاوازن لەو شیعرانەی هەردوو ڕۆمانی "**سأهبك غزالة**" و"**رصيف الأزهار لم يعد يجيب**" ی "مالك حداد"ەوە وەرگیراون.

بۆ لواو، کاتێکی باشی بیروڕاگۆڕینەوەو دەمەتەقێی نیشتمانپەروەرێتی و.. پلاندانانی قۆناغی ئایندەیان بۆ هاتەکایەوە.
ئەمڕۆ.. کە ئەو تاقیکردنەوەیەم بیردەکەوێتەوە، بەچڕیو سەیرەکەیدا، پێموایە لەوەی کە هەبوو درێژترە. ئەگەرچی من هەر شەش مانگ مامەوە، لەگەڵ دوانی تردا بەهۆی کەم تەمەنیمانەوە بەربووین، چونکە کەسانێکی تری وای تێدابوو، کە بەلایانەوە لە ئێمە گرنگتربوون.
بەمجۆرە دوای ئەوەی ساڵێک لەخوێندن دواکەوتم، گەڕامەوە بۆ دواناوەندی قسنتینەو، هەر هەمان بەرنامەو هەمان کتێبی فەلسەفەو ئەدەبی فەرەنسی چاوەڕوانم بوون..
هەر چەند هاوڕێیەک نەدەهاتنەوە، ئەوانیش یان گیرابوون یان شەهید ببوون.
زۆربەشیان قوتابیانی پۆلە باڵاکان بوون کە بڕیاربوو یەکەمین کۆمەڵە ڕۆشنبیرو فەرمانبەرانی جەزائیرییە بە فەرەنسیکراوەکانیان لێدەرچێ.
ئەوەش بۆ ئەوان شەرەف بوو، چونکە هەندێک، هەر لەبەر ئەوەی دواناوەندی و ڕۆشنبیرێتی فەرەنسایان لە شارێکدا تەواوکردبوو، کە کەس نەتوانێ نکولی لە دەستەڵاتی عەرەبی و مەزنیان لە دڵ و بیردا بکات، گرەوی ناپاکێتییان لە سەر دەکردن.
جا سەیرە گەر زۆرێکیان لە ڕیزی گیراو و ئەشکەنجەدراوانی دوای خۆنیشاندانەکان بووبن، ئەوانێک کە بە حوکمی ڕۆشنبیرێتییە خۆرئاواییەکەیان زووتر ووشیاریی سیاسی پەیدا دەکەن و، نیشتمان پەروەرێتی زیاترو.. خەونی زیاتریشیان دەبێ.
ئەوانەی پەییان بەوە بردبوو، کە جەنگی جیهانی بە بەرژەوەندی فەرەنساو هاوپەیمانەکان کۆتاییهات، فەرەنسا جەزائیرییەکانی لە جەنگێکەوە ئاڵاندبوو کە هی خۆیان نەبێ‌و، بە هەزاران کوژراویشیان لە شەرێکدا دابوو کە هەرچی پێوەندییە پێیانەوەنەبوو، دواتریش بوونەوە بەکۆیلەکەی جاران.
ڕێکەوتی من و "سی تایەر"ی ناو هەمان زیندان خۆی لە خۆیدا شتێکی ئەفسانەیی‌و، تاقیکردنەوەیەکی خەباتگێڕانەی وابوو کە بەگشت ووردەکاریەکییەوە تا ساڵانێک لێم نە دەبۆوەو، ڕەنگە دواتریش کاریگەرێتی لە گۆڕینی ڕۆژگارمدا هەبووبێ. پیاو هەیە کە پێیدەگەیت وەک بە قەدەری خۆت گەیشتبیت وایە.

"سی تایەر" لە هەمووشتێکدا نموونەیی بوو، وەک لەسەرەتاوە خۆی وا ئامادەکردبێت کە لە پیاو زیاتر بێت.
بۆ سەرکردەیەتی دروستببوو. شتێکی لەبنەچەی "تاریقی کوڕی زیاد"و، "میر عەبدولقادر"و، ئەو کەسانە تیادابوو، کە هەر بە ووتارێک مێژوو بگۆڕن.
ئەو فەرەنسایيانەی سێ ساڵ گرتبوویان و ئەشکەنجەیان دا ئەوەیان چاک دەزانی. بەڵام لەوە بێئاگابوون کە "سی تایەر" چەند ساڵێک دواتر تۆڵەیان لێدەسێنێتەوەو، وای لێدێ، دوای هەر چالاکییەکی تێکۆشەران لە خۆرهەڵاتی جەزائیردا، داوای سەری ئەو بکرێ.
چ ڕێکەوتێکە.. دوای 10 ساڵی ڕەبەق، ڕۆژگار ئەمجارەیان لە تاقیکردنەوەیەکی خەباتی چەکدارانەدا ڕووبەڕووی "سی تایەر" دامنێتەوە!
ساڵی 1955و.. هەر ڕێک لە مانگی ئەیلولدا، پێوەندیم بە شۆڕشەوە کرد.
هاوڕێکانم دوا ساڵی خوێندنیان دەستپێدەکرد، منیش لەتەمەنی"25" ساڵیمدا دەستم بە ژیانێکی تر کرد.
بیرمە پێشوازیکردنەکەی "سی تایەر"م بەلاوە ناکاوبوو. هیچ پرسیارێکی لە بارەی ژیانی تایبەتیم یان خوێندنمەوە لێنەکردم. تەنانەت لەبارەی چۆنێتی بڕیاری چوونە ڕیزی بەرەوەو، کام ڕێگەیەشم گرت تا بیگەمێ لێینەپرسیم. پێشئەوەی بە گەرمییەوە لە ئامێزم بگرێت و وەک ساڵێکبێ چاوەڕێم بێ، هەر نیگای دەکردم.
ئەمجا ووتی:
- هاتی..!
بە خۆشیو پەستییەکی نادیارەوە وەڵاممدایەوە:
- هاتم!
"سی تایەر" جاروبار وابوو، تەنانەت خۆشییەکەشی لەکورتی دەبڕییەوە، منیش پەستییەکەمم لەگەڵیا لەکورتی بڕاندەوە.
پاشان هەواڵی کەسوکارمی لێپرسیم، بە تایبەتی "دایە"، پێمووت سێ مانگە مردووە. پێموایە لە هەمووی گەیشت، چونکە کە بەپشتمیا دەداو، شتێکی وەک فرمێسکیش لە چاوەکانیا دەبریسکانەوە، ووتی:
- خوا عافووی بکات، زۆری ئازار چەشت.
ئەمجا بیری دوور ڕۆیشت بۆ شوێنێک نەمدەزانی..

پاشان فرمێسکە ناکاوەکەی چاوی، کە دایکمی پێگەیاندە پلەی شەهیدان، گلدایەوە. چونکە لە مەرگی کەڵە شەهیداندا نەبێ "سی تایەر"م نەبینیوە بگری. پاشتر زۆر بە ئاواتەوەبووم لاشەکەمی لە بەردەمدا دانرێ، تا گەر دوای مردنیشم بێ بەفرمێسکێکی شکۆداری چاوەکانی شادبم.

هەر بۆیە ناکاو هەموو خێزانەکەمم لەکەسایەتی ئەودا دییەوەو، تا پاڵەوانێتییەکەشمی بۆ بسەلمێنم کەوتمە خۆ بەختکردن، وەك بمەوێ بیکەمە شایەتی پیاوەتیم یان مەرگم، شایەتی ئەوەی کە نشتمانی لێدەرچێ من سەر بە کەسی دی نیم و، دوای خۆشم لە گۆڕی ژنێك کە دایکم بووەو، برایەکی لە خۆم پچووکتر کە باوکم پێش وەخت ئافرەتێکی هەڵبژارد ببێتە دایکی، هیچی دیم جێنەهێشتووە.

هەمووجار خۆم بەسەر مەرگدا دەدا، وەك بەهیچی نەزانم یان بمەوێ بمخاتە بری ئەو هاوڕێیانەم کە منداڵ و کەسوکاریان چاوەڕێیان بوون.

هەموو جارێکیش من دەگەڕامەوەو هی تر بەردەکەوت، هەر وەك مەرگ بڕیاری ڕەتکردنەوەمی دابێ..

"سی تایەر" دوای زیاتر لە شەڕێکی سەرکەوتوو کە بەشداریم تیایانداکردبوو، ووردە ووردە لە ئەرکە زەحمەتەکاندا پشتی پێدەبەستم و، ئەرکی مۆلەقەتر، کە بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆی دوژمنی تیادابوایە، پێدەسپاردم. پاش دووساڵ پلەی ئەفسەری یەك ئەستێرەی دامێ تا بە تەنیا هەندێ شەڕ بەڕێوەبەرم و، بڕیاری سەربازیانەی پێویست لە شوێنی خۆیدا بدەم.

هەر ئەوکاتە بەهۆی شۆڕشەوە بوومە پیاو، وەك ئەو پلەیەی هەڵمگرتبوو شایەتی چاك بوونەوە لە بیرەوەرییەکانم و.. منداڵیمی، پێبەخشیبم.

ئەوساکە بۆ دواجار لەڕووی دەروونییەوە دڵنیابووم، دڵنیاییەك کە پشووی ویژدان نەبێ هیچ شتێکی دی پێمانی نەبەخشێت.

ئەوساکە لەوە بەئاگا نەبووم کە خواستەکانم پێوەندییان بە چارەنووسەوە نییەو کاتێکیش ڕۆژگار خۆی بۆ مەڵاسدابوم کە وامدەزانی لەمڕۆ بەدوا هیچ شتێك بۆ دڵگرانییەکەی جارانم ناگێڕێتەوە.

ئەو شەڕەسەختەی لە دەوروبەری "باتنە" قەوما ئەو ڕۆژەیە کە هەموو شتەکانم لێلنگەوقووچ دەکاتەوە..

شەش جەنگاوەرمان سەریان تێداچوو، منیش کە دووفیشەکێ بە قۆڵی چەپمەوەبوو چوومە ریزی زامدارانەوە، بۆیە لە پڕ ڕێبازی ژیانم گۆڕرا، خۆم لە ناو ئەو بریندارانەدا دییەوە کە دەبوا بەپەلە بۆ چارەسەر بگەیەنرانایەتە سنووری تونس. دەرهێنانی دوو گوللەکەی منیش چونکە لە تواناادا نەبوو، بۆیە.. برینەوەی باڵی چەپم نەبێ چارێکیدیم نەبوو، بواری قسەو دڵەڕاوکێشی تیادا نەبوو. قسەش تەنیا لە بارەی گرتنەبەری ڕێگەیەکەوەبوو بە سەلامەت بمانگەیێنێتە تونس، کە بنکەکانی دواوەی جەنگاوەرانی لێبوو.

ئەوەتا ئێستا لەبەردەم واقعێکی تردام..

ئەوەتا ڕۆژگار لە تەنیا حەشارگەکەم و، لە ژیان و پێکدا هەڵپژانی شەوانەدا ڕاومدەنێ، لە نهێنییەوە بۆ ڕووناکیم دەردێنێ، تا بمخاتە بەردەم گۆڕەپانێکی تر، گۆڕەپانێک نەبۆ مەرگەو نەبۆ ژیان. گۆڕەپانی تەنیا ئازارە و.. بەربەرۆچکەیەکیشە تا سەیری ڕووداوەکانی ناو گۆڕەپانی شەڕی لێوە بکەم. چونکە لە قسەکانی ئەو ڕۆژەی "سی تایەر"ەوە ئاشکرابوو، کە من لەوانەیە جارێکی دی بەرەی جەنگ نەبینمەوە.

لەو دوایەمین ڕۆژەدا، "سی تایەر" هەوڵی پارێزگاریکردنی دەنگە ئاساییەکەی خۆیی بوو، وەک هەموو خواحافیزیکردنێکی پێش شەڕێکی نوێ خواحافیزی لێکردم. بەڵام دەیزانی ئەمجارەیان بۆ بەرگەگرتنی جەنگی ڕۆژگار ئامادەم دەکات.

خۆی ئاسایی نەبوو لەکورتی بڕییەوە، ڕەنگە.. بۆ ئەوەبووبێ کە بارودۆخی وا ڕێنماییکردنی تایبەتی نەوێ.. لەوانەشە لەبەر ئەوە بووبێ کە ئەو ڕۆژە لە تەنیا پێکدادانێکدا گەورەترین زیانی گیانی، لە کارامەترین پیاوانی لێکەوتبێ، 10 کەس کوژراو و بریندارببوون. دەشیزانی لەوکاتەدا کە شۆڕش لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدرابوو نرخی هەر یەکە لەو جەنگاوەرانە چەندەو شۆڕشیش چەنێکی پێویست بە هەر یەکەیانە.

ئەو ڕۆژە هیچم نەووت..

هەستمکرد، لەبەر هۆیەکی نادیار، جارێکی تریش هەتیوکەوتمەوە.

دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوەکانما قەتیسمان. خوێنم لێدەچۆڕاو، ئازاری قۆڵم بەرەبەرە هەموو لەشمی دەگرتەوەو، لە ناو دەممدا خڕبۆوە. خڕبوونەوەی بێورەیی‌و سوێو.. ترسی شتێکی نەزانراو.

بەسەرهاتەکان خێرا بە بەردەممدا گوزەریان دەکرد، هەر سات ناساتێکیش چارەنووسم ڕێچکەیەکی نوێی دەگرت، لە هەر شوێنێک بوایە

بە تەنیا دەنگی "سی تایەر"، کە دوا ڕێنمایی دەدا، دەمگەیشتیۆ، دەبووە تاکە پێوەندیم بە دونیاوە.

واش، بەتەواوەتی دوا ئامادەبوونیم لە یادە، کە سەعاتێک پێش سەفەرەکەم سەردانی کردم و پەڕەیەکی پچوک و بڕێ پارەی ئاخنییە گیرفانمەوە، کە بەسەرما نووشتابۆوە وەک خواحافیزی نهێنیم لێبکات ووتی:

"ناونیشانی خێزانەکەم لەتونس و بڕێ پارەم خستەگیرفانتەوە.."ئەمجا بەردەوامبوو:

"ئەگەر بۆت ڕێکەوت و گەیشتیتە ئەوێ.. هیوادارم بەچاکبوونەوەت سەریان بدەیت و ئەم برە پارەیەش بدەیتە "دایە" تا دیارییەکی بۆ کچە پچووکەکە پێبکڕێت و، حەزیش دەکەم ئەگەر توانیت لە شارەوانی ناونووسی بکەیت.. چونکە لەوانەیە ماوەیەکی زۆری بەسەردا بڕوات ئەمجا بتوانم خۆم سەریان بدەمەوە..".

دوای چەند ساتێک، وەک شتێکی لەبیرکردبێ گەڕایەوەو بە نیمچە پەشۆکانێکەوە بۆ یەکەمین جار ئەو ناوەی دەرپەڕاند..

".. ئەم ناوەم بۆ هەڵبژاردووە... کەی توانیت ناونووسی بکەو لەبری منیش ماچی بکەو.. زۆر سڵاویش لە ـ دایە ـ بکە.."

ئەوە یەکەمین جاربوو ناوت ببیستم.. ئەویش ساتێک کە خوێنم لێدەچۆڕاو لە سەرەمەرگدا بووم گوێم لێیبوو، بەدەم لە هۆشخۆچوونەوە، وەک چۆن کەسێکی تادار لە ساتی ووڕێنەکردندا بە ووشەیەکەوە دەیگرێ، بە پیتەکانییەوە گرتبووم..

وەک پەیامبەرێک بە سپاردەیەکەوە دەیگرێو دەترسی لێی وونبێت ..

وەک خۆهەڵواسینی نقوم بوویەک بە گوریسی خەونەوە.

ناوەکەت لە نێوان "ئەلف"ی ئازار و"میم"ی ـ متعەـ دا بوو.

"حاء" ی "حرقە" و.. "لام"ی "تحذیر" کەرتیان دەکات. چۆن ناوەکەتم نەزانی کە لە ناو یەکەمین کڵپەی ئاگردا، بڵێسەیەکی پچووکی جەنگەکە بوو. چۆن ئەو ناوەی دژەکەیی هەڵگرتووەو بە"أح" پێکەوەیی ئازار و چێژ دەست پێدەکا، نەزانی. چۆن ئەم ناوە تاک وـ کۆیەی شێوەی ناوی ئەم نیشتمانەم هەڵنەهێنا، کە لە سەرەتاشەوە دەمزانی کۆ هەمیشە بۆ بەشبوون خولقاوە!

ئەمڕۆ، لە نێو زەردەو پەژارەدا، سپاردەکە دەگێڕمەوە:
"لەبری من ماچیکە.." بە ڕۆژگارو خۆم و سەیروسەمەرەیی ڕێکەوتەکان پێدەکەنم.

ئەمجا شەرمم لە دەنگە مەزنەکەی، لە توێژاڵە لاوازییە دەگمەنەکەی پێچایە دوا ڕستەیەوە دەکردەوە، ئەوێک کە بەردەوام دەیویست پیاوێکی بەشەوکەتی وابێت لە مەراقی نیشتمان بەولاوە هیچ خەمێکی تری نەبێت، لەپیاوەکانیشی بترازێ کەسوکاری دی شک نەبا.

لای من دانی بەوەدا نا کە پیاوێکی لاوازەو، سۆزو پەرۆشی هەیەو ڕەنگە بشگری، بەڵام لە ڕادەی شەرم و، یەکبینەش بە نهێنی. چونکە هێماکان ئەو مافەیان نییە کە لەبەر پەرۆشی بگرین.

بۆ نموونە ناوی دایکتی نەهێنا.. بڵێی بیری نەکردبێ، ئەوێکی تازە زاوا کە هەر وا چەند مانگێکی لە ژیان بۆ دزییەوەو بەسکپڕی جێی هێشت.

ئەی ئەم پەلە ناکاوە بۆ؟ بۆچی ماوەیەک چاوەڕوانی نەکرد تا چەند ڕۆژێک خۆی وونکا و، هەر بۆ خۆشی ناونووسی بکردیتایە؟

شەش مانگی ڕەبەق چاوەڕوانیکرد، ئیتر بۆ چەند هەفتەیەکی دی خۆی نەگرت.. ئەی بۆ هەر من..

کام چارەنووس وایکرد بە کاتی تۆ بگەمە ئەوێ؟

هەرچەند ئەم پرسیارەم لە خۆم دەکرد، سەیرم پێدەهات و، بڕوام بە بەخت و ناوچەوانیش دەهێنا.. "سی تایەر" هەرچەند بەرپرسیاریش بوو بەڵام دەی توانی بۆ یەک دوو ڕۆژێک بەرەو تونس هەڵاتایە. بۆ پەڕینەوەی سنوور ترسی لە تەنین و بۆسەنانەوەی پاسەوانەکانیان نەبوو، تەنانەت بۆ بەزاندنی "هێڵی مۆریس" کە لەدەم زەریاوە تا بیابان، بە درێژایی نێوان سنووری تونس و جەزائیری، بە کارەبا سازو مین چێنراویشی، سێ کەڕەت بڕیبوو، کە ئەوەش بەپێی جێمانی لاشەی ئەو دەیان جەنگاوەرەی درێژایی سنوورەکە، ژمارەیەکی پێوانەییە.

بڵێی خۆشەویستی "سی تایەر" بۆ خۆگری و، ڕێزی یاسای ئەو هەستە ڕاراییەی دوای لە دایک بوونتی لا دروستکردبێ، کە دەیدی چەند مانگێکە باوکی کیژۆڵەیەکەو ناوی نەناوەو، تەنانەت ناونووسیشی نەکردووە؟

یان، ئەوێک کە ماوەیەکی زۆربوو چاوەڕێتبوو، لەوە ترسابێ گەر لە سەر پەڕەیەکی ڕەسمی و بە مۆری ڕەسمییەوە جێگیرت نەکات لە دەستی بچیت؟

بڵێی ڕەشبینی ئەو بارە یاساییەت بووبێ و، ویستبێتی "ئەحلام"ەکەی لە خانەی شارەوانی ناونووسکات، تا لە بوون بە ڕاستییەکەی دڵنیابێ و.. لەوەش کە ڕۆژگار لێی ناسەندێتەوە، ئەوێک دوای ژنهێنانێکی سەرنەکەوتوو کە منداڵی نەخستبێتەوە، وەک هەموو کەسێکی دی دواجار بوبێتە باوک، خەونی بوونە باوکێتی بووبێ؟

ناشزانم گەر "سی تایەر" لە ناخەوە حەزی کردبێت منداڵەکەی کوڕبوایە .. تەنیا ئەوە دەزانم، وەک دواتر تێگەیشتم، فیڵی لە چارەنووس دەکردو بەر لە ڕۆیشتنی ناوێکی ئیحتیاتی کوڕانەی دانابوو، ئەگەری کچی پشتگوێ خستبوو. دوور نییە ئەوەشی بە عەقڵییەتی سەربازیانەو، بێئەوەی بە خۆشی زانیبێ بەخولیایەکی نیشتمانپەروەریانە کردبێ.. چونکە بەزۆری قسەو پلانە سەربازییەکانی بەو ڕستەیە دەستپێدەکرد کە زۆرجار لێم بیستبوو "کوڕینە پێویستیمان بە پیاوە.."

کەواتە، لەبەر ئەوە بوو "سی تایەر" لەو ماوەیەداو لە هەموو شتێکدا بەختیارو گەشبین بوو..

لە پڕێکا ئەو پیاوە ڕەقە گۆڕرا. نەرمتربوو کە دەستی بەتاڵ دەبوو زیاتر گاڵتەی دەکرد.

بەرەبەرە شتێک لە ناخیا دەگۆڕراو، لە خەڵکەکەی نزیکتر دەخستەوە و زیاتر لە باری ژیانی تایبەتیشیان دەگەیشت.

وای لێهات ئاسانتر ڕێی هەندێکی دەدا سەردانی ناکاوی کەس و کاریان بکەنەوە، ئەوێک کە لەو ڕووەوە بۆ خۆی گیربوو. باوکێتی درەنگوەخت، وەک سیمبولێکی ئامادەکراوی دواڕۆژێکی جوانتر گەیشت.

موعجیزەیەکی پچووکی بۆ بەهیوایی بوو.. ئەویش تۆ بوویت.

ڕۆژێـکی تریش بۆوه..
وا ڕۆژ، به ژاوەژاوه ئاساییەکەیو، تیشکه ناکاوەکەی، که بەهوێ و نەمەوێ ڕووناکی دەکاته ناخمەوەو، هەستدەکەم دزە له شتێکما دەکات.
لەم ساتەدا.. ڕقم لەو خۆهەڵقورتاندن و شەرمەزارییەی خۆر دەبێتەوه.
دەمەوێ له تاریکیدا له بارەتەوه بنووسم. چیرۆکەکەی نێوانمان شریتی وێنەیەو ترسی ئەوەمه ڕووناکییەکه بیسووتێنێو له ناویبەرێت، چونکه تۆ ژنێکی له ژێرزەمینه نهێنییەکانمدا سەوزبوویت..
چونکه تۆ ئافرەتێکی ڕەوایيەکی نهێنی کردیتییه هی خۆم..
دەشبێ، دوای دادانەوەی سەرجەم پەردەکان و داخستنی هەموو پەنجەرەکانی ژوورەکەم له بارەتەوه بنووسم.
واش..لەم ساتەدا به دیمەنی پەڕەکاغەزه کەڵەکەبووەکەی بەردەمم بەختەوەرم، دوێنێ ئەو پەڕانەم، له شەوێکدا ڕەشکردەوه که بۆ شێتێتیم تەرخانکردبوو. ڕەنگه له کتێبێکیشدا پێشکەشتیکەم که به پوختی پێچرابێتەوه..
دەزانم..
دەزانم تۆ قینت له شته زۆر پوختەکان دەبێتەوەو.. گەلێکیش خۆپەرستی.. له کۆتاییشدا سنووری خۆت و.. لەشی خۆت نەبێ هیچیترت بەلاوه مەبەست نییه.
بەڵام خانمەکەم کەمێک ئارامت بێ.
هەر چەند لاپەڕەیەکی ترەو.. ئەمجا له بەردەمتا بیرەکەی تریانمت بۆ ڕووتوقوت دەکەمەوه، دەبێ چەند لاپەڕەیەکی تریش هەبێ، بەر لەوەی لیپی خۆباییبوون و.. ئارەزوو.. پەشیمانیو شێتێتیت کەم. کتێبیش ژەمەکانی خۆشەویستیئاسا.. دەبێ پێشەکییان هەبێ.. ئەگەرچی دانیپێدادەنێم که ئێستا "پێشەکییەکان"، ئەوەندەی پەشۆکاوی و گەڕان به دوای چۆنێتی دەستپێکردنی ئەم چیرۆکه، گرفتم نین.
له کوێوه دەست به چیرۆکی پێکەوەییمان بکەم؟

چونکە چیرۆکەکەی تۆ لەگەڵ مندا چەند سەرەتایەکی هەیە، کە لە کۆتاییە چاوەڕوان نەکراو و گاڵتەجارییەکانی ڕۆژگارەوە دەستپێدەکەن.

کە باست دەکەم.. پێتوایە لەبارەی کێوە قسە دەکەم؟ ساوایەک کە ڕۆژانێک لە بەر پێما گاگۆڵکەی دەکرد.. یان باسی کیژێک دەکەم کە دوای بیستوپێنج ساڵ ژیانی لنگەوقووچ کردەوە.. یان لەبارەی ژنێکەوە دەدوێم کە وەختا بڵێم بە تۆ دەچێت، بە سەر بەرگی کتێبێکی جوانی ناونیشان "ملەی بیرچوونەوە"یەو، پیایدا دەڕوانم.. دەشپرسم: بەڕاست بڵێی .. تۆبێت؟

بە کام ناوەیانتەوە گازت کەم؟

بەو ناوەیانەوە بانگت کەم کە باوکت دەیویست و، خۆشم لە بری ئەو چووم لە تۆمارگەی شارەوانیدا ناونووسیکەم، یان بە ناوی یەکەمتەوە، کە لە شەش مانگی چاوەڕوانیکردنتا بۆ ناوێکی ڕەوای دی پێتەوە لکابوو؟

"حەیات"..

وات پێدەڵێم.. بەهەرحاڵ ئەمەیان ناوی خۆت نییە. ناوێکیانتە. کەواتە مادام بەو ناوەوە ناسیمی، ئەو ناوەی هەر خۆم دەیزانم، با وات پێبڵێم. ئەو ناوەی بە زاری کەسەوە نییەو، لەسەر لاپەڕەی هیچ کتێب و گۆڤارێک و، هیچ تۆمارگەیەکی ڕەسمیشدا نە نووسراوە.

ئەو ناوەی بۆ ژیان پێت بەخشرا تا خواش ژیانبەخشتبێ. ئەو ناوەی ڕۆژێکیان کوشتم و، ناوێکی ڕەسمی ترم پێبەخشیت، بۆیە مافی خۆمە ئەمڕۆ بیژێنمەوە، چونکە هی خۆمەو هیچ پیاوێک پێش من بەو ناوەوە بانگی نەکردوویت.

ئەو ناوە منداڵانەیەی، وەک بیستوپێنج ساڵ لەمەوبەری خۆت بێت، بە سەر زمانما گاگۆڵکێ دەکات. هەرچەند دەریشی دەبڕم، دەبێتەوە منداڵ و لە سەر ڕانم دادەنیشێت و یاری بەشتەکانم دەکات، لەو قسانەشی ناگەم کە بۆمیان دەکات..

جا ئەو ساتە لە گشت هەڵەکانت خۆشدەبم.

هەرچەند دەیڵێم بۆ ڕابردوو گلۆردەبیتەوەو، هێندەی بووکێکی پچووکت لێدێتەوە.. وەک کچم بیت.

بڵێی کتێبەکەت هەر لەبەرئەوە بخوێنمەو تا بزانم ئەو منداڵە ساوایە چۆنچۆنی بوو بە ژنێک؟ بەڵام پێشوەخت دەزانم کە سەبارەت بە منداڵیت و.. ساڵانی یەکەمت نانووسی..

تۆ تەنیا کەلێنە بەتاڵەکانی بیرت بە ووشە پڕدەکەیتەوەو، بە درۆو دەلەسەش واز لە زامەکان دێنیت، ڕەنگە هەر ئەوەش نهێنی من ویستنت بێت، منێک کە ئەڵقە وونەکەی ژیانت دەزانم و، ئەو باوکەشت دەناسم کە لە ژیانتا چەند جارێکی کەم نەبێ نەتدیوە، ئەو شارەی تیایدا نیشتەجێ بوویت و ئەویش لە تۆدا نەگیرسایەوەو، شەیدایانە هەڵسوکەوت لەگەڵ کۆڵانەکانیدا ناکەیت، بێئاگایانە بە بیرەوەرییەکانیدا گوزەر دەکەیت.

تۆیەک کە بۆ ئاشکراکردنی نەزانینەکانت پێمدانووساویت و.. منیش بۆیە تۆم دەوێ تا ئەوەی دەیزانم بیرم پچێتەوە.. بڵێی خۆشەویستییەکەمان بەردەوام بوایە؟

"سی تایر" لەسەرەتاوەو تەنانەت گەر باسیشمان نەکردایە لایەنی سێیەمی چیرۆکەکەمان بوو، دیاریش نەبوایە لە نێوانماندا ئامادەبوو، جا دیسان بیکوژمەوە تا دووقۆڵی بمێنینەوە؟

ئاخ گەر دەتزانی.. گەر دەتزانی، تەنانەت دوای چارەکە سەدەیەکیش، سپاردە چەند قورسە، ئەو ئارەزووەش چەنێک بەسوێیە کە لە مەحاڵ و بنەمایەک زیاتری بەرەوڕوو بێتەوەو دواییش زیادکردنی.. ئارەزووەکە نەبێ چیتری پێزیاد نەکرێ!

هەر لە سەرەتاوە پرسیارەکە..

چۆن دەتوانم "سی تایەر" لە بیر خۆم بەرمەوەو، تەمەنی لە تەمەنمدا بسڕمەوە، هەر بۆئەوەی دەرفەتی لە دایکبوونێکی ئاسایی بە خۆشەویستییەکەمان ببەخشم؟

بەڵام.. ئەگەر تۆ لە بیرە هاوبەشەکانماندا دەربێنم و بتکەمە کیژێکی ئاسایی، ئەوسا چی دەمێنێتەوە؟

باوکت هاوڕێیەکی نائاساییو.. سەرکردەیەکی نائاسایی بوو.

لە ژیان و مردنیشیا دەگمەنبوو. بۆ من ئەوەم بیردەچێتەوە؟

لەو خەباتگێڕانە نەبوو کە بۆ دابینکردنی دوارۆژی خۆیان خۆ بەدەم دوا شەپۆلەوە دەدەن، خەباتگێڕانی "62"و پاڵەوانانی دوا شەڕ. لەو شەهیدانەش نەبوو کە بە ڕێکەوت شەهید دەکران و، مەرگ لە بۆردومانێکی هەڕەمەکیانەدا، یان گوللەیەکی وێڵ لە ناکاو دەیبردنەوە.

لەقوڕی "دیدۆش موراد"و، هەویرەکەی "العربی بن مهدی" و"مصطفی بن بولعید" بوو، ئەوانەی بەپیر مەرگەو دەچوون و چاوەڕوانی نەبوون.

ئەی ئەوەشم بیرچێتەوە کە باوکی تۆ بووە.. پرسیارێک هەمیشە لە سەر زارتەو سامەکەش بۆ ناوەکەی دەگێڕێتەوە کە لە زیندوێتیو شەهیدبوونیشیا هەیبوو؟

بۆیە دڵێکی وا دەشڵەژێنێ کە خۆشەویستییەکەت شێتی کردووە. دەنگدانەوەی پرسیارەکەت دەمێنێتەوە.. "باسیم بۆ بکە.."

نازدارەکەم باسیت بۆ دەکەم.. لە باسکردنی شەهید ئاسانتر نییە. مێژوویان وەک کۆتاییان پێشوەخت ئامادەو زانراوە. کۆتاییشیان، ئەو هەڵانەیان بۆ دەپۆشێ کە دوورنییە کردبێتیان.

باسی "سی تایەر"ت بۆ دەکەم..

چونکە هەر مێژووی شەهیدان بۆ نووسینەوە دەشێت، مێژووی تری دوای ئەوان زیندووەکان زەوتی دەکەن. وەچەیەکیش دەینووسێتەوە کە لە ڕاستی بێئاگایە، کەچی لەخۆوە دەرئەنجامی بۆ دادەنێت.. نیشانەی وا هەیە لە هەڵەکردن نایەت.

"سیتایەر" دەمەدەمی سەربەخۆیی کۆچیکرد. لە چەکەکەی بەولاوە هیچی دی بەدەستەوە نەبوو. لە چەند کاغەزێکی بێنرخ بەولاوە شتێکی دی لە گیرفاندا نەبوو.. لە مەدالیای شەهیدیش بەولاوە هیچی دی لە شانی نەکرابوو.

هێماکان نرخی خۆیان لەگەڵ مەرگیاندا دەبەن..

هەر جێگرەکانیان، نرخیان بە پلەوپایەو مەدالیای شەرەف و، ئەو شتانەیە کە خێرا لە حسابە نهێنییەکانەوە گیرفانی خۆیان لێدەئاخنن.

شەش دانەسەعات ئابلوقەو گەمارۆو، بۆردومانی چروخەست، تا ڕۆژی دواتر بکوژەکانی وێنەکەی لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکاندا بڵاوبکەنەوەو، بە بەڵگەی سەرکەوتنی تەواوی دابنێن بەسەر ئاژاوەچی و چەتەیەکدا، کە فەڕەنسا سوێندی لە ناوبردنی هەر هەموویانی خواردبوو..

جا بەڕاست مەرگی ئەو پیاوە ئاساییەی چەند مانگێک دواتر هەموو جەزائیری دۆڕاند، سەرکەوتنی ئەو زلهێزە بوو؟!

لەهاوینی 1960دا، بێئەوەی چێژ لەسەرکەوتن ببینێو لەبەروبومەکەی بخوا، وا شەهیدکرا.

ئەوە ئەو پیاوەبوو کە هەموو شتێکی بە جەزائیر بەخشی، کەچی جەزائیر تەنانەت دەرفەتی بینینی منداڵەکەشی نەدا تا لە تەنیشتییەوە ڕێبکات..

یان ڕەنگە خەونی بەوەوە دیبێت بە پزیشکی یان مامۆستایەتی بتبینێ.
ئای کە ئەو پیاوە خۆشیدەویستی!
بەشێتێتی باوکێتی چل ساڵە.. بەو سۆزە حەشاردراوەی ئەو دیوی چاونەترسییەکەی، بەو خەونانەی خەونبینینیان لێزەوت کردبوو، بە شانازێتی تێکۆشەرێکەوە کە چاوی بە یەکەمین منداڵی دەکەوێت، بزانێت ئیتر لەمڕۆ بەدوا بە هێجگارەکی نامرێت.
هێشتا ئەو کەم جارانەم بیرە کە بە دزییەوە یەک دوو ڕۆژ دەهاتە تونس تا سەردانتان بکات.
منیش بە پەرۆشەوە خۆم دەگەیاندێ تا دوا هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی بەرەی شەڕی لێ ببیستم. هەمان کات زۆرم لە خۆم دەکرد تا ئەو چەند سەعاتە دەگمەنە کەمەی، ژیانی خۆی بۆ دەخستە مەترسییەوە، تا لەگەڵ خێزانەکەیدا بەسەری بەرێت، لێزەوت نەکەم.
ئەو کاتە پێم سەیربوو، کە پیاوێکی تری وام تیا دەبینییەوە.
پیاوێک بە جلوبەرگێکی دی و، بە بزەو ووشەی ترەوەو، بە جۆرە دانیشتنێکی وا کە بۆ یاریکردنت بە درێژایی کاتەکە لەسەر ڕانیت دابنێ.
لە تەواوی ساتەکەدا دەژیا، وەک لەڕۆژگارێکی کەم ئاویدا هەموو دڵۆپەکانی بەختیاری پچۆڕێنێتەوە، وەک پێشوەخت ئەو سەعاتانەی کەمیانی دەزانی، لە تەمەن بدزێتەوە، بۆئەوەی پێشوەخت بەشی هەموو تەمەنت سۆزت پێببەخشێت.
دواجار لە ینایەری ساڵی 1960دا چاوم پێیکەوت. هاتبوو لە گرنگترین بەسەرهاتی ژیانیا ئامادەبێت و، چاوی بە "ناسر"ی دووەم منداڵی بکەوێت، چونکە ئاواتێکی نهێنی ئەوە بوو ڕۆژێک کوڕێکی ببێ. ئەو ڕۆژە لەبەر هۆیەکی نادیار زۆر لێی ووردبوومەوەو.. کەمیش لەگەڵیا دوام.. پێم باشبوو لێیگەڕێم لەو خۆشیو بەختیارییە دزراوەیدابێت. کە سبەینێ هاتمەوە، پێیان ووتم بە پەلە چۆتەوە بەرەی جەنگ جەختیشی لەسەر ئەوە کردووە کە بەمزووانە جارێکی دی بۆ ماوەیەکی زیاتر سەر دەداتەوە.
دوای کۆتاییهاتنی بەخشینی ڕۆژگارە چرووکەکە. چەند مانگێک دواتر "سی تایەر"، بێئەوەی چاوی بە کوڕەکەی بکەوێتەوە شەهیدکرا.
ئەوسا "ناسر" مانگی هەشتەمی تەواو دەکردو، تۆیش پێت نابووە ساڵی پێنجەمتەوە.

نیشتمانیش لە هاوینی 1960دا گڕکانێکبوو ڕۆژانە دەمردو زیندو دەبۆوە. لەگەڵ مردن و زیندوبوونەوەیدا، زیاتر لە چیرۆکێک یەکدییان دەبڕی، هەندێکیان جەرگبڕو هەندێکیشیان خۆش..

هەندێکیان، وەک چیرۆکەکەی ئەو ڕۆژەی من تۆم تیادا دییەوە، درەنگ دەکەوت.

چیرۆکێکی لاوەکی، پێشوەخت نووسراو، دوای تەمەنێکی تەواو، بە حوکمی شتێک کە ڕەنگە ناوی "قەدەر" بوبێت و، لەوانەشە شەیدایی شێتی بوبێت، ڕێبازی ژیانمی گۆڕی..

ئەوەی کە نازانین لە کۆیوە دێت و، سەرجەم بنەماو کۆنە نەریتەکانیشمان پشتگوێ دەخات و، ناکاو لێمان پەیدادەبێ.

کە وا درەنگوەختیش دێت.. ساتێکی واش دێت کە چاوەڕوانی هیچ نین، هەموو شتێکمان لێ لنگەوقوچ دەکاتەوە.

جا ئەمڕۆ، کە ڕۆژگار پردی ئاخافتنی نێوانمانی پساند، بەرگەی ئەم ئارەزووە شێتەی نووسینی ئەو دوو چیرۆکە دەگرم، کە ڕێک وەک چۆن پێکەوە تیایدا ژیاین و، دواتریش چەند ساڵێک تەنیا خۆم و بێ تۆ گوزەراندم ..

ئارەزوو.. شەیدایی و.. خەون و.. قین و.. غیرەکردن و.. بێهیوایی و.. کارەساتی جەرگبڕی مەرگئاسا.

تۆ حەزت دەکرد گوێم لێبگریت..

وەک دەفتەری کۆن بۆ سەسوڕمان هەڵمدەیتەوە.

هەردەبوا لە بەر تۆ ئەم کتێبەم بنووسیبا، تا ئەوانەی تەمەنێکی وا زۆرم بۆ ووتنیان نەدیبۆوە، پێتی بڵێم.

باسی ئەوانەت بۆ دەکەم کە بەهۆی جیاجیاوە خۆشیانویستیو، منیش بە هۆی جیای ترەوە ناپاکیم لە گەڵدا کردن.

تەنانەت باسی "زیاد"یشت بۆ دەکەم، ئەی بە فێڵەوە حەزت بە باسی نەبوو؟

ئێستا ئیتر فێڵی ناوێت.. چونکە هەر یەکەو قەدەری خۆی دیاریکرد.

باسی ئەو شارەت بۆ دەکەم کە لە خۆشەویستییەکەماندا لایەن و، دواتریش هۆیەکی جیابوونەوەکەمان بوو، دیمەنی وێرانە جوانەکەشمانی تیادا کۆتاییهات.

بڵێی تۆ باس لەچی بکەیت؟

لەسەر کام پیاوەمانت نووسی؟ ئەی کاممانت خۆشویست؟
کامەشمان.. دەکوژیت؟
ئەی دەبێ ئەمەکت بۆ کێ هەبوبێت، تۆیەک کە خۆشەویستییەک بە خۆشەویستیەکی دی و بیرێک بە یەکێکی دیو، مەحاڵێکیش بەمەحاڵێکی دی بگۆڕیتەوە؟
باشە من لە لیستی شەیدایان وقوربانییەکانتا لە کوێدام؟
بڵێی یەکەمیانبم، چونکە لە یەکەم دانەیانەوە نزیکم؟
بڵێی دانە ساختەکەی "سی تایەر"بم کە شەهیدبوون نەیکردە دانەیەکی ئەسڵی وەک خۆی؟
بڵێی باوکە ساختەکە.. یان خۆشەویستییە ساختەکەبم؟
تۆیەک کە وەک ـ ئەم نیشتمانەـ کارامەییت لە ساختەیی پەڕەکان و دڵیاندا هەیە.. بێئەوی بۆی ماندوبیت.
"مونتیرلان" دەیووت:
"ئەگەر نەتتوانی کەسێک بکوژیت کە قینت لێیەتی، ئەوا مەڵێ قینم لێیەتی: چونکە تۆ ئەم ووشەیە سەقەت دەکەیت!".
لێمگەڕێ با دانیپێدابنێم کە لەم ساتەدا قینم لێتەو، دەبوا ئەم کتێبەشم بۆ کوشتنت بنووسیبا. لێمگەڕێ با چەکەکانی خۆت تاقیکەمەوە..
چونکە ڕەنگە ڕاستکەیت.. چۆنە گەر ڕۆمانەکان دەمانچەبونایەو لە ووشە بکوژەکانیش بەولاوە هیچی تریان تیادا نەبوایە؟.
ئەی ئەگەر ووشەش قورقوشم بوایە؟
بەڵام من خۆت ئاسا، دەمانچەکپەکانت لەگەڵدا بەکارناهێنم.
پیاو دوای ئەم تەمەنە ناکرێ چەکی پێبێ‌و، ئەم هەموو سپێرانەش بخا.
مردنێکم بۆت دەوێ کە چەند لە توانادابێ دەنگبداتەوە..
لەگەڵتا لە یەکێک زیاتر دەکوژم، کە دەبوا ڕۆژێک کەسێک پڕکێشی تەقەلێکردنیانی بکردایە.
ئەم کتێبە تاکۆتایی بخوێنەرەوە، پاشان ڕەنگە دەست لەنووسینی ڕۆمانە ئەندێشەییەکانت هەڵگریت.
سەر لەنوێ بە چیرۆکەکەماندا بچۆرەوە..
سەرسوڕمان بەدوای سەرسوڕمان و، زام بەدوای زام، هەرگیز ئەم ئەدەبە نەگبەتەمان نە لەم چیرۆکە نایاب تری بە خۆیەوە دیوەو..
نە وێرانەیەکی جوانتریشی دیوە.

# بەشی دووەم

ڕۆژی بە یەکگەیشتنمان ڕۆژێکی سەمەرەبوو..

قەدەر لایەنی دووەمی نەبوو، هەر لە سەرەتاوە یەکەم لایەنی بوو. ئەی هەر ئەو لە شاری دی و، کات و بیرەوەری ترەوە، ئێمەی نەهێنا تا لە هۆڵێکی پاریس لە پیشانگایەکی وێنەدا، کۆمان کاتەوە؟

ئەوکات من نیگارکێشەکەو، تۆش لە زۆر ڕووەوە میوانێکی خۆهەڵقورتێنەر بوویت.

تۆ ئافرەتێک نەبوویت بە تایبەتی شەیدای وێنەبیت. منیش پیاوێک نەبووم لە ئاست ژنی بە تەمەن پچووکتر لە خۆی هەست بە لاوازی بکات. کەواتە ئەو ڕۆژە چی تۆی بۆ ئەوێ کێشکرد؟.. چیش وای لە من کرد ماوەیەکی زۆر سەرنج لەسەر دەموچاوی تۆ ڕاگرم؟

پیاوێک بووم دەموچاوەکان هەڵوێستەیان پێدەکرد، چونکە هەر دەموچاومان بە خۆمان دەچێ، هەر ئەویش پەردەمان لە ڕوو ڕادەماڵێ، بۆیە توانای خۆشەویستن یان ڕقلێبوونم لەڕێی دەموچاوەوە بوو.

واش، هێند گەمژەنیم بڵێم لەیەکەم بینینتەوە خۆشمویستی. دەکرێ بڵێم پێش یەکەم نیگام خۆشمویستی.

شتێکت تیادابوو دەمناسی. شتێک پێشوەخت بۆ ئادگارە خۆشەویستەکەتیان ڕادەکێشام. یان وەک ئەوەتەی هەم بۆ خۆشویستنی ئافرەتێکی ڕێک خۆتئاسا ئامادەبم.

لەناو گشت ڕووەکاندا دەموچاوی تۆ دوام کەوتبوو، کراسە سپییەکەشت کە لە تابلۆیەکەوە بۆ تابلۆیەکی دی دەچوو، ببووە ڕەنگی سەرسامێتی و خۆهەڵقورتاندنم.

ئەو ڕەنگەی کە هەر خۆی ناو هۆڵەکەی.. بە زیاتر لە سەیرکەرێک و ڕەنگێـک پڕکردبۆوە.

بڵێی خۆشەویستیش لە ڕەنگێکەوەبێ کە مەرج نییە حەزمان لێی بووبێ!

ناکاو ڕەنگە سپییەکەم لێهاتە پێشەوەو، لەگەڵ کیژێکی دیدا کە پێشتر سەرنجیم نەدابوو، بەفەڕەنسایی کەوتە قسە..

ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەبێت کە سپی، قژێکی درێژی تۆخی بە بەرداکرێ، سەرجەم ڕەنگەکانی دی داپۆشێ..

سپییەکەش کە لە تابلۆیەک وورد دەبۆوە ووتی:

-Je préfére I` abstrait...!

ڕەنگە بێـڕەنگەکەش وەڵامی دایەوە:

- moi je préfére comprndre ce que je vois.

گەمژەیی ڕەنگە بێڕەنگەکەم بەلاوە سەیر نەبوو، کە حەزیدەکرد هەرچییەک ببینێ لێی تێبگات..

هەر ڕەنگە سپییەکە سەرسامیکردم.. لەوانە نەبوو شتی تەماوی پەسەندکات!

پێشتر، هیچ بەرهەمێکم بە ڕەنگی سپی نەکردووە.

ڕۆژێـک چییە نەبۆتە باشترین ڕەنگم.. ڕقم لە ڕەنگە بنبڕەکان دەبۆوە.

کەچی ئەودەمە بێبیرکردنەوە بۆم کردی.

بینیتم، وەک لە ڕستەیەکدا بەردەوامبم کە دەستپێکەرەکەی تۆبیت، بەو کیژەم ووت:

ـ هەرچییەک بمانهەژێنێ هونەرە..مەرج نییە هەرچی تێبیگەین هونەربێ!

بە جووتە بە جۆرە سەرسامییەکەوە سەرنجتان دام، پێشئەوەی هیچ بڵێیت، لە سەرنجێکی ناکاودا چاوەکانت، قۆڵە بەتاڵەکەی چاکەتەکەمیان دییەوە کە سەردەستەکەی بەشەرمەوە لە گیرفانی چاکەتەکەمدا خۆی حەشاردابوو.

ئەوە پێناسەو بەڵگەکانم بوو.

دەستت بە گەرمییەکەوە بۆ تەوقە درێژکرد، کە بەلامەوە ناکاوبوو، ووتت:

ـ ویستم پیرۆزبایی ئەم پیشانگایەت لێبکەم..

بەر لە گەیشتنی ووشەکانت.. نیگای بازنی دەستە درێژکراوەکەتم دا کە مەچەکە ڕووتەکەتی ڕازاندبۆوە.

خشڵێکی قسنتینیە بە زێرە زەردە لوولکراو و، نەخشە جیاکەیدا دەناسرایەوە. ئەو "خرخاڵ" ـ انەی پێشتر لەخۆرهەڵاتی جەزائیردا، جیازی هیچ بووکێک و مەچەکی هیچ ئافرەتێکی لێبێبەش نەدەبوو.

بێئەوەی تەواو چاو لە بازنەکە هەڵبڕم دەستم بۆ درێژکردیت. لە تەمەنی چرکەیەکدا بیرەوەرییەکانم تەمەنێک بۆ دواوە گەڕانەوە. بۆ لای مەچەکی "دایە" کە هەرگیز ئەو بازنەی لێدوورنەکەوتەوە.

هەستێکی تەماوی دایگرتم، لەکەیەوە بازنێکی وا سەرنجی ڕانەکێشاوم؟ بیرم نەماوە.. ڕەنگە 30 ساڵ زیاتر بێت!

زۆر کارامانە دەستت کێشایەوە، ڕەنگە بێئاگایانە، وەک شتێکم گرتبێت توند دەمگوشی، لەپڕ کێشاتەوە.

بزەیەکت بۆکردم..

بۆ یەکەمینجار چاوم لە ئاستتدا بڵندکرد.

نیگامان لەنیوە سەرنجێکدا یەکدیان بڕی.

تۆ سەیری باڵە کەمەکەمت دەکردو منیش لە بازنەکەی دەستت وورد دەبوومەوە.

هەردووکمان بیرمان لە سەری بوو..

دەکرا هەر بەم ڕێگایە یەکتر بناسین. بەڵام تۆ مەتەڵێک بوویت زانیاری زیاتر نائاشکرا تری دەکردیت. کەوتمە گرەو بۆ ئاشکراکردنت. بە پەشۆکاوی لێت وورد دەبوومەوە.. هەر وەک لە یەک کاتدا بتناسم و بشتناسمەوە.

ئەو جوانەش نەبوویت خەڵکی سەرسامت بێت، ئەو جوانییەی ترس و پەشۆکاوی پەیدا دەکات.

ئافرەتێکی ئاسایی، بەڵام بەجۆرە نائاساییەکەوە، بەنهێنییەک کە بە شوێنێکی دەموچاوتەوەبێ.. جا ڕەنگە بە ناوچەوانە بڵندەکەت و جووتە برۆ پڕو کەوانەییە سروشتییەکەیەوە بووبێت. لەوانەشە بە بزە نادیارو لێوەکانتەوەبێ، کە بەسوورێکی کاڵ، بۆ خوازیاری دزە ماچێک نەخشێنرابوون.

یان ڕەنگە بە چاوە گەشە هەنگوین ڕەنگەکانتەوەبێ کە هەر دەمەو ڕەنگێک دەنوێنن.

من ئەو شێوەیەم دەناسی..

دەمناسی.. بەڵام چۆن؟
قسەکانت فەرەنسایيەکەت لەو بیرکردنەوەیەیان کردم، ووتت:
ـ بەختیارم کە هونەرمەندێکی جەزائیری دەبینم داهێـنانی بەم ئاستەیە..
ئەمجا بە سووکە شەرمێکەوە بەردەوامبوویت:
ـ ڕاستییەکەی.. من زۆر لە نیگار تێناگەم و، زۆر بە دەگمەنیش نەبێت سەردانی پیشانگا هونەرییەکان ناکەم، بەڵام شتە جوانەکانم پێ پەسەند دەکرێت، تابلۆکانی تۆش شتێکی جیاوازن.. پێویستمان بە شتێکی نوێی وابوو تاموبۆی جەزائیری سەردەمی هەبێت وەک ئەمە.. کە هاتیتە لامان ئەم قسانەم بۆ کچە ئامۆزاکەم دەکرد.
ئەوساکە ئەو کچەش لێم هاتە پێشەوە تا تەوقەم لەگەڵدا بکات و، خۆیم پێبناسێنێ، وەک بەوە لەگەڵماندا ببێتە لایەنێک، هەر لە سەرەتاشەوەو بە بێئاگاداری خۆم و پاش گوێنەدانم پێی ئیتر ئەو خۆی لە دەری ئێمەدا دییەوە..
کە خۆی پێناساندم ووتی:
ـ خاتو "عبد المولی". بەختیارم بە ناسینت..
بە بیستنی ئەو ناوە ڕاچڵەکیم..
بە سەرسامییەوە سەیری ئەو ئافرەتەمکرد کە بە گەرمییەک تەوقەی لەگەڵداکردم شتێک لە خۆ بە زلزانینی تێدابێ..
والێی وورد دەبوومەوە وەک بوونی ببینمەوە، ئەمجا دیسان کەوتمەوە پیارامانت بەڵکو لە ئادگارتاندا وەڵامێکی سەرسامییەکەم ببینمەوە.
عبد المولی.... عبد المولی..
بیر کەوتە دوای دۆزینەوەی وەڵامێک بۆ ئەو ڕێکەوتە..
خێزانی "عبد المولی"م زۆر چاک دەناسی.
ئەوان هەر دوو برا بوون، یەکێکیان "سی تایەر" کە بیست ساڵ زیاترە شەهید بووەو، تەنیا کوڕو کچێکیشی لە پاش بەجێماوە.
ئەوی تریشیان "سی شەریف"ە کە پێش سەربەخۆیی ژنی هێناو، لەوانەیە ئەمڕۆ چەند کوڕو کچێکیشی هەبێ..
کەواتە کامەتان کچی "سی تایەر"ە... ئەو کچەی سپاردەی ناوەکەیم لە "بەرە"وە تا تونس پێبوو.. لە شارەوانیش، بۆ بە ڕەسمی ناونووسکردنی لە تۆمارگەی دایکبواناندا، جێگەی باوکیم گرتبۆوە؟

کامتان ئەو کیژۆڵەیەبێ کە لە بری باوکی ماچم کردو، یاریم لەگەڵدا کرد و نازیم کێشا؟

کامەتان... تۆ؟

ئەگەرچی چەند هێڵێکی هاوبەش بە ئادگارتانەوەیە، بەڵام هەستمکرد تۆ ئەو بیت.. نەک ئەو.

یان ئاواتەخوازبووم، پێشوەخت خەون بە شێوە خزمایەتییەکەوە ببینم کە لەگەڵ تۆدا کۆمکاتەوە.

سەرم لەم ڕێکەوتە سوڕما، ناکاو بیانوویەکم بۆ خۆشویستنی دەموچاوت دییەوە. تۆ لێکچوویەکی "سی تایەر" بوویت، لێکچوویەکی سەرنجڕاکێشتر.

مێچکە بوویت.

جا باشە.. ئەقڵی تێدەچی تۆ ئەو منداڵە بیت کە دواجار ساڵی 1962، کاتی سەربەخۆیی لە تونس بینیمی، وەک هەرجارێکی دی بۆ دڵنیابوون سەردانم دەکردن، خۆشم ووردەکاری ئیشەکانی گەڕانەوەی جەزائیرتانم دەکرد؟ "سی شەریف" لە قسنتینەوە، بۆ فرۆشتنی ئەو خانووەی لەپەنجاکاندا "سی تایەر" چەند ساڵێکبوو لە تونس بۆخێزانە چکۆلەکەیانی کڕیبوو، کە فەڕەنساییەکان چەند مانگێک بەندیانکردو ئەمجا لە جەزائیر دووریان خستەوە، پێوەندی پێوەکردم تا هەڵێن.

ئەوکاتە چەند ساڵان بوویت؟

ڕێی تێدەچێ لە بیست ساڵدا بەم ڕادەیە گۆڕرابیت.. بەم ڕادەیە گەورەبووبیت؟!

دیسان لێت ووردبوومەوە، وەک نەمەوێ دان بە تەمەنتا بنێم، ڕەنگە دان بەتەمەنی خۆم و ئەو پیاوەشدا نەنێم، کە لەو ماوەیەی بە ڕۆژێکی ڕابردووی دادەنێم، ببوە من.

چی، لەم کاتەو ڕێک لەم ڕۆژەدا، تۆی گەیاندۆتە ئەم شارە.. بە تایبەتی ئەم هۆڵە؟

ڕۆژێک، لەبەر هۆیەک کە پێوەندی بە تۆوە نییە، زۆرم چاوەڕێکرد..

هەزار حسابیشم بۆکرد کە تۆیان لە ناودا نەبوویت..

ناکاوی تۆ نەبێ چاوەڕوانی هەموو ناکاوییەکی تربووم..

لە پڕ دیتنەوەت گێژی کردم و، لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جووتە چاوەشت دەترسام کە بە شتێک سەرسامییەوە سەرنجی پەشۆکاوێتییەکەیان دەدام. کە قسەم لەگەڵ کیژەکەی تردا، ئەوەی خۆی پێناساندم، دەکرد،

بڕیارم دا پرسیارەکەم لنگەوقوچ کەمەوە. دەمزانی گەر ئەویان بناسم مەتەڵەکە هەڵدێ و، یەکسەر دەزانم کامەتان.. تۆی.

چونکە بیستوپێنج ساڵ بوو ناوی یەکێکتانم دەزانی و، هەر ناسینەوەی خاوەنەکەی ماوە.

لێم پرسی:

ـ خزمایەتیت لەگەڵ سی شەریف عەبدولمولی دا هەیە؟

وەك زانیبێتی کە خۆیم مەبەستە، بە بەختیارییەوە وەڵامی دامەوە:

ـ باوکمە.. ئەمڕۆ لەبەر گەیشتنی نوێنەرایەتییەکی جەزائیر کە دوێنێ گەیشت.. بۆی نەکرا بێت. زۆری باسکردیت. ئێمەش ئەوەندە پەرۆشی ناسینت بووین بڕیارمان دا ئەمڕۆ، لە بری ئەو لە کردنەوەی پیشانگاکەدا ئامادەبین!

قسەکانی ئەو کیژەی لە خۆوە دەیکردن دوو وەڵامی دایەوە. یەکەمیان ئەو تۆ نەبوو، دووەمیشیان هۆی نەهاتنی "سی شەریف".

تێبینی نەهاتنەکەیم کردو هۆکەشیم پرسی، بڵێی خۆی نەیویستبێ، یان هۆیەکی سیاسی وای لێکردبێ نەیەت.. یان لە بەر شتێک نەیەوێ پێکەوە دەرکەوین؟

دەمزانی چەند ساڵێکە، ئەوەتەی چۆتە ناو ژێرخانەکانی گەمەی سیاسەتەوەو تاکە ئامانجیشی گەیشتنی بوو بە ڕیزی یەکەمی پێشەوە، لێکدابڕابووین. واش نەمدەتوان بوونمان لە هەمان شاردا فەرامۆش بکەم. بەشێکی لاوێتی و منداڵیم و.. هەندێک لە بیرەوەرییەکانیشم بوو.

بۆیە، هەر لە بەر سۆز، تاکە کەسایەتیی جەزائیربوو بانگهێشتی کەم.

چەند ساڵێک بوو چاوم پێی نەکەوتبوو، بەڵام کە دوو ساڵ لەمەوبەر کرا بە مولحەق لە باڵوێزخانەی جەزائیر، ئەویش وەك هەموو پلەدارەکانی "دەرەوە" واسیتەو شانپانی زۆری گەرەکە، ئیتر یەکبینە هەواڵەکانیم دەگەیشتنێ.

"سی شەریف" هەر بە ڕابردووی و، ناوی خۆی کە "سی تایەر" بە شەهید بوونی کردییە نەمر، دەیتوانی ڕێگای بەدەستهێنانی ئەم پلەیەو لەویش باڵاتر ببڕێ. بەڵام پێدەچێ تەنیا ڕابردوو بۆ مسۆگەرکردنی ئاییندە نەخوات و، بۆ گەیشتنی دەبێ خۆی لەگەڵ گشت "با"کاندا بگونجێنێ..

هەموو ئەوانەم بە بیرداهات، منیش لای خۆمەوە هەوڵی خۆگونجاندنم لەگەڵ ئەو هەموو شتە ناکاو و هەڵچوونانەدا دەدا، کە لە چەند ساتێکدا

هەژاندیانم، سەرەتاکەشی لەوەوەهات کە ویستم سڵاو لە کیژێکی جوانکیلە بکەم کە هەر بۆ سەردانی پیشانگاکەم هاتبوو هیچی دی.. کەچی سڵاوم لە بیرم کرد!

لەگەڵیشتا گەڕامەوە بۆ سەرسامییەکەی یەکەمجارم..

بۆ سەرجەم ووردەکارییەکانی یەکەمینجار کە لەسەرەتاوە سەرنجی لای تۆیان ڕاکێشام. بە تایبەتی بۆ ئەو تابلۆیەی کە زۆر لە ئاستیا وەستایت. کە لە قەدەرێک، چارەنووسێک.. ڕێکەوتێک زیاتر لەوێدا هەبوو.

تۆ..

ئەوە تۆبوویت.. لە هۆڵەکەدا بە تابلۆکانمدا دەتڕوانی. لە هەندێکیان ڕادەمایت و، لای هەندێکی تریشیانەوە هەڵوێستەت دەکردو، بۆ دەلیلەکەی دەستیشت دەگەڕایتەوە تا ناوی ئەو تابلۆیانەی سەرنجی زیاتریان ڕاکێشابوویت، بزانی؟

تۆ..

بڵێی تۆ.. ڕووناکییەکی تربوبیت کە بە بەر هەر تابلۆیەکدا گوزەرت بکردایە ڕووناکت کردبێتەوە، پێدەچوو ئەو ڕووناکیانەی لە تابلۆکان درابوون، وەک، لە تۆ درابن و.. تۆش تابلۆ ڕاستییەکەبیت.

کەواتە تۆ..

لە ئاست تابلۆیەکی پچووکدا هەڵوێستە دەکەیت کە کەسی دی لە بەریا نەوەستابێ. زیاتر لێیرادەمێنی، زیاتریش لێی نزیک دەبیتەوەو، لە لیستی تابلۆکانیشدا بۆ ناوەکەی دەگەڕێیت.

ئەو ساتە موچڕکێکی نادیار بە لەشمداهات. خۆهەڵقورتاندنی نیگارکێشێکی شێت لە ناخما قوتبۆوە..

دەبێ کێ بیت، تۆیەک کە بە دیار تابلۆیەکەوە وەستاویت بە لای خۆمەوە خۆشەویستترینیانە.؟

کە تۆ لە تابلۆکە وورد دەبوویتەوە منیش پەشۆکاوانە سەرنجی تۆم دەدا .. شتێکیشت بە دەستەخوشکەکەت دەووت کە هیچیم نەدەگەیشتێ.

چی تۆی لەبەریا ڕاگرت؟

جوانترین تابلۆی ناو هۆڵەکە نەبوو، تەنیا یەکەمین تابلۆو یەکەمین مەشقی نیگارکێشێتیم بوو..

بەڵام ئەمجارەیان سووربووم کە لەم پیشانگا گرنگەمدا داینێم، چونکە لەگەڵ ئاساییەکەیدا، بە موعجزە پچووکەکەمم دانابوو.

بیستوپێنج ساڵ بەسەر کێشانەکەیا تێپەڕیوە، کە ئەوکاتە کەمتر لە مانگێک بەسەر بڕینەوەی دەستی چەپما ڕابردبوو.
هەوڵێک نەبوو بۆ داهێنان، بۆ ئەوەش نەبوو بچێتە مێژووەوە. هەر هەوڵێک بوو بۆ ژیان و، دەربازبوون لە بێزاری. وەک چۆن قوتابییەک لە تاقیکردنەوەی وێنەدا، تا وەڵامی پەڕەکەی مامۆستا بداتەوە، دیمەنێک دەکێشێ.
"وێنەی نزیکترین دیمەن لە بەر دڵتا بکێشە".
ئەو ڕستەیەبوو کە دوکتۆرە یۆگۆسلافییەکەی لەتەک چەند دکتۆرێکی تری وڵاتە سۆشیالیزمەکاندا، بۆ چارەسەری برینداره جەزائیرییەکان، هاتبووە تونس پێیووتم، هەر ئەویش سەرپەرشتی قۆڵبڕینەوەکەی کردم و دواییش لە گۆڕانکارییە تەندروستیو دروونییەکان ئاگاداریکردم.
هەمووجار کە دەچوومە لای، کە سەرنجی بێوورەییە دەروونییەکانی دەدام، سەبارەت بە ئارەزووە نوێکانم لێی دەپرسیم.
نەخۆش نەبووم تا دوکتۆر لە خەستەخانە گلمداتەوە، واش چاک نەببوومەوە تا دەست بە ژیانێکی نوێ بکەمەوە.
لە تونس دەژیام، ڕۆڵەیەکی ئەو نیشتمانەو ئازادو بەختیار، لە هەمان کاتیشدا نامۆو کۆتکراو و پەست.
پیاوێک بووم مەرگ و ژیان بەجووتە نەیاندەویست، تۆپێکی خوری ئاڵۆزکاوبووم، ئیتر ئەو پزیشکە لە کوێ دەتوانێ سەرە داوەکەی بدۆزێتەوە تا گشت گرێکانمی پێبکاتەوە؟
جارێکیان، تا ڕادەی ڕۆشنبیریم ببینێتەوە، لێی پرسیم، ئارەزووی نووسین یان وێنەکێشان دەکەم، وا خۆم بە پرسیارەکەیەوە گرتەوە، ڕێک وەک خۆم بەپووشێکەوە گرتبێتەوە تا لە نقومبوون دەربازم کات، یەکسەر پەییم بەو ڕەچەتەیە برد کە بۆی ئامادە دەکردم.
ووتی:
ـ ئەو نەشتەرگەرییەی بۆ تۆم کردووە، دەیانجار بۆ بریندارانێکی زۆری جەنگ، کە لاقێک یان قۆڵێکیان لە دەستدابێ، کردووە، جا ئەگەر جیاوازی لە نەشتەرگەرییەکاندا نەبن، ئەوا بە پێی تەمەن و پیشەو ژیانی کۆمەڵایەتی نەخۆشەکە، کاریگەرێتی دەروونی دەگۆڕرێت.. بە تایبەتی بە پێی ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی، چونکە هەر ڕۆشنبیرە ڕۆژانە بەخۆیدا دەچێتەوە

و، هەر کە شتێک لە ژیانیدا گۆڕرا، ئیتر چاو بەو پێوەندییانەیدا دەخشێنێتەوە کە بە دنیاو شتەکانەوە هەیەتی..
بە تاقیکردنەوەم لەم بوارەدا پەیم بەوەبردووە. لەم شێوەیە، لە حاڵەتێک زیاتری ئەم شێوەیەم بەسەردا ڕەتبووە، پێموایە باڵ لە دەستدانەکەت پێوەندی بە دەورووبەرتەوە تێکداوە. بۆیە دەبێ بە نووسین یان نیگارکێشان پێوەندی نوێ لەگەڵ دنیادا پەیداکەیتەوە..
پێویستە نزیکترینیان لەخۆتەوە هەڵبژێریت، دانیشیت و بێخۆکۆتکردن، چیت بە بیردادێ بینووسیت. جۆری نووسینەکەو ئاستە ئەدەبییەکەی گرنگ نییە.. گرنگ نووسینەکە خۆیەتی کە وەک شێوازێکی خۆ خاڵیکردنەوەو، ڕێکخستنەوەی ناخبێ..
خۆ ئەگەر نیگارکێشی بە باشتر بزانی ئەوا وێنە بکێشە.. نیگارکێشیش دەتوانێ، لەگەڵ شتەکان و ئەو دنیایەی پێتوایە گۆڕرابێ، بتگونجێنێتەوە، چونکە تۆ خۆت گۆڕراویت و وات لێهاتووە تەنیا بە تاکە دەستێکەوە دەیبینیت و دەستیشی لێوەدەدەیت..
دەمتوانی هەر ئەو ڕۆژە بەبێ بیرکردنەوە وەڵامی بدەمەوە.. حەزم بە نووسینەو، لەبەر ئەوەی بە درێژایی ژیانم لە خوێندن بەولاوە شتێکی دیم نەکردووە، کە ئەوەش لە خۆیەوە بەرەو نووسینت بەکێش دەکات، بۆیە نووسینم لە هەموو شتەکانی دی لێوە نزیکترە.
دەکرا وا وەڵامم بدایەتەوە، مامۆستاکانم یەکبینە.. لەئەدەبی فەرەنسیدا! چاوەڕوانی دوارۆژێکی باشیان بۆ دەکردم.
ڕەنگە هەر لەبەر ئەوە بووبێ، یان لەوانەیە هۆی هەڵوێستێک بووبێ کە دواتر پێمزانی و لە ناخمدا ئامادەبوو، بێبیرکردنەوە وەڵامم دایەوە:
- نیگارکێشیم پێباشترە..
کورتە ڕستەکەم قایلی نەکرد، بۆیە لێیپرسیم کە پێشتر وێنەم کێشابێ..
ووتم: "نەء.."
ووتی: "کەواتە بە کێشانی نزیکترین شت لە خۆتەوە دەستپێبکە.. وێنەی شتێک بکێشە لە هەموویانت زیاتر خۆشبوێت..".
کاتێکیش خواحافیزی لێکردم، بە تەوسی پزیشکانێک، کە زانایانە دان بە بێتوانییاندا دەنێن، ووتی: "خەریکی نیگارکێشانبە.. ڕەنگە ئیتر لەمەودوا پێویستیت پێم نەبێ!"

ئەو ڕۆژە بەپەلە هاتمەوە ژوورەکەم، دەمویست هەر خۆم بەتەنیا لەناو ئەو دیوارە سپیانەدا بمێنمەوە کە بەردەوامی دیوارەکانی خەستەخانەی "حەبیب تامر"یان دەبەخشی، ئەوشوێنەی کە تا ئەوسا زیاتر لە هەموو جێگایەکی تری تونس شارەزای بووم.

ئەو ڕۆژە، وەك جارانم نەکردو، بەووورردی لە دیوارەکان ڕامام و، بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ لەمرۆ بەدوا چەند تابلۆیان پیادا هەڵواسم. ڕووی هەموو خۆشەویستەکانم.. هەموو ئەو کۆلانانەی بە دڵمبوون.. هەموو ئەو شتانەی لەوێ جێمهێشتن.

ئەو شەوە بەدەم دڵەڕاوکێوە نووستم، ڕەنگە خەویش نەچووبێتە چاوم. دەنگی ئەو دوکتۆرەی بە فەڕەنسییەکی ناقۆڵا، بە "نیگاربکێشە" هەڵیساندم. ئەو کاتەم دێنایەوە بەرچاو کە بەرەگە سپییەکەیەوە خواحافیزی لێدەکردم و دەستی دەگوشیم و پێیدەووتم "نیگاربکێشە". کە چاویشم دەچووە خەو، یەکەم سوورەتی قورئانم بیر دەکەوتەوەو، تارمایی موچوڕکەیەکیش بەلەشما دەهات. ئەو ڕۆژەی جوبرائیل سلاوی خوای لێبێ بۆ یەکەمینجار هاتە خوارەوە لای محەمەدو پێیووت "بخوێنە" و پێغەمبەریش بە ترسولەرزەوە لێیپرسی.. "چی بخوێنم؟" جوبرائیلیش ووتی "**اقرأ باسم ربك الذي خلق**"، یەکەمین سورەتی قورئانی بۆخوێندەوە. کە تەواوبوو پێغەمبەر گەڕایەوە لای ژنەکەی و لە ترسی ئەوەی کە بیستبووی هەموو لەشی دەلەرزی. هەرکە چاوی بە ژنەکەی کەوت هاواری لێکرد "دامپۆشە.. دامپۆشە...".

ئەو ئێوارەیە تەزووی ساردو گەرمم هەست پێدەکرد. لەرزینێك کە ڕەنگە لە کرژی دەروونی ئەو ڕۆژەم و، دڵەڕاوکێی دوای چاوپێکەوتنی دوکتۆرەکەوە بووبێ، کە دەمزانی دوا چاوپێکەوتنمە لەگەڵیا. دوورنییە لە تەنکی لێفەکەشەوە بووبێ، کە تاکە شتبوو لەو سەرمای زستانەدا خۆمی پێداپۆشم، چونکە خاوەنماڵە چاوچنۆکەکەم لەوە زیاتری نەدامێ.

کە پێخەفی منداڵیمم بیردەکەوتەوە وەختابوو بقیژێنم. ئەو "پەتۆ" خوریەی کاتی سەرمای قسنتینە بەخۆمدا دەدا، خەریکبوو لە شەوی نامۆیمدا هاوارکەم.. "قسنتینە دامپۆشە.. دامپۆشە.." بەڵام ئەو شەوە هیچم نەوت، نە بە قسنتینە و نە بە خاوەنی ژوورە داماوەکە. گەرمی و ساردییەکەمم بۆخۆم گلدایەوە. زەحمەتە بۆ پیاوێك کە تازە لە بەرەی جەنگ گەڕابێتەوە، تەنانەت لای خودی خۆشی دان بەسەرمادا بنێ..

چاوەڕوانی ڕۆژبوونەوە بووم تا بەو پارەیەی لە گیرفانما مابوو، بەشی دوو یان سێ تابلۆی پێبکڕم. شێتانەش بە پەلە بکەومە کێشانی "پردی گوریسین"ی قسنتینە..

بەڕاستی ئەو پردە خۆشەویسترین شتم بوو، تا چۆن ئاسایی بەسەریدا دەپەڕیمەوە هەرواش لە خۆمەوە نیگاری بکێشم؟ یان، بڵێی هەر لەبەر ئەوە بووبێ کە ئاسانترین شتە بۆ وێنە کێشان؟

نازانم..

دەزانم کە دواتر جار لە دوای جار وێنەیم کێشا، هەر جارەش وەك یەکەمین کەڕەتبێ بیکێشم. وەك هەموو جارێکیش خۆشەویسترینم بێ.

بیستوپێنج ساڵ، تەمەنی ئەو تابلۆیەیە کە بێئەوەی زۆر بیری لێبکەمەوە ناوی "حەنین"م لێنا. تابلۆی لاوێکی بیستوحەوت ساڵان، کە ئەویش، بە تاراوگەیی و پەستی و شکستییەکەیەوە، هەر خۆم بووم.

ئەوەتا ئەمڕۆ من، لە تاراوگەییەکی ترداو بە پەستی و تێکشاندنێکی دییەوە.. بەڵام بە چارەکە سەدەیەکی زیاتریشەوە، کە بێهیوایی و بەزینی زۆرو.. سەرکەوتنانێکی کەمی دەگمەنیشی تیادا ڕوویدا.

ئەوەتا ئەمڕۆ وێنەکێشێکی گەورەی جەزائیریم، لەوانەیە مەزنترینیشیان بم، بەقسەی ڕەخنەگرە خۆرئاواییەکان، کە شایەتییەکانیانم بە پیتی دیار لە سەر کارتی بانگهێشتنی کردنەوەی پیشانگاکە نووسیوە.

ئەوەتا ئەمڕۆ.. پێغەمەرێکی پچووك، کە لە پایزو ژوورێکی پچووکی کونەگورگیدا، لە شەقامی "باب سویقە"ی تونسدا وەحی بۆ هاتۆتە خوار.

ئەوەتا منیش پێغەمەرێکی دوور لە نیشتمانیم.. چۆن وانابێ کە هیچ پێغەمەرێك لە وڵاتەکەی خۆیدا شکۆمەند نەبێ؟

ئەوەتا من "دیاردەیەکی هونەریم"، چۆن نەء کە کەم ئەندامێك توانیبێتی بووبێتە "دیاردە"و بوبێتە مەزنێك، جا با بە هونەرەکەشی بێ؟

ئەوەتا من..

ئەی کوا ئەو پزیشکەی جارێکیان ئامۆژگاری نیگارکێشانی کردم؟ لەو ڕۆژەوە پێویستم پێی نەما، بۆچوونەکەشی ڕاست دەرچوو. هەر ئەویش ئەو تاکە کەسەیە کە لەم هۆڵە پان و بەرینەی، پێش من تابلۆی هیچ عەرەبێکی تیادا نیشان نەدراوە، ئامادەنەبێت. کوا دوکتۆر "کابوتسکی" تا بە چاوی خۆی ببینێ و بزانێت بە تاکە دەستێکەوە چیمکردووە.. ئەو دکتۆرەی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان لێم نەپرسی، دەستەکەی ترمی چی لێکردا!.

ئەوە "حەنین"ی یەکەمین تابلۆمە، کە لە خوارییەوە بۆ یەکەمینجار ئیمزاکەشم لەتەنیشت ڕۆژی کێشانەکەیەوە، "تونس 57"، داناوە. هەر ڕێک وەک چۆن، لە پاییزی 1957دا، کە لە شارەوانی ناونووسم کردی، لە خوار ناوەکەت و، ڕۆژی لە دایکبوونە نوێکەتەوە ئیمزام کرد.
کامتان کیژەکەی منن.. کامەشتان خۆشەویستەکەمن؟ پرسیارێکە ئەو ڕۆژەی، بۆ یەکمینجار لە ئاست تابلۆکەدا وەستایت بیرم لێنەکردەوە..
تابلۆیەک لە تەمەنی خوتدایە.. بە ـ ڕەسمی ـ هەر چەند ڕۆژێک لەو گەورەتری.. بەڕاستیش هەر چەند مانگێک لە تۆ پچووکترە.
تابلۆیەک کە دووجار سەرەتامبوو.. جارێکیان کە فڵچەم بە دەستەوە گرت تا سەرکێشی بکەم و بە وێنەکێشان دەستپێبکەم.. جارێکیش کە تۆ لە بەریا وەستایت، منیش لەگەڵ ڕۆژگارەکەدا کەوتمە سەرەڕۆیی...

لەو ڕۆژژمێرەی کە پڕە لە کات و ناونیشانی بێبایەخ، بازنەیەکم بە دەوری ئەو ڕۆژەی نیسانی 1981دا کێشا، وەک بمەوێ لە ڕۆژەکانی دی جوێکەمەوە. پێشتر سالانی ڕابردووم، شتێکی وام نەدیبوو جیاکردنەوە بێنێت. ڕۆژەکانم بە شێوەی پەڕەکانی ڕۆژژمێرەکەم بە شتی وا پڕکرابوونەوە کە جوێکردنەوە هەڵنەگرن. بەزۆریش تا بەسپێتی نەمێننەوە، چونکە هەمیشە ڕەنگە سپییەکەی ڕووی کاغەز دەیترساندم.

هەشت ڕۆژژمێری هەشت ساڵ، شتێکی وایان تێدا نەبوو شایانی سەرسوڕمانبێ. هەمووی لاپەڕەیەکی ڕۆژژمێرێک، جگە لە تاراوگەیی مێژوویەکی دی نەبێ. تاراوگەییەک کە دەمویست بە ژمێرییارییەکی ساختانە کورتیکەمەوەو، ساڵەکان لە هەشت ڕۆژژمێر بەولاوە، کە تا ئێستا لە ناو دۆلابەکەمدا بەسەر یەکدا کەڵەکەبوون، چی دی نەبن... بە پێی مێژووی زاین یان کۆچی تۆمار نەکرابن.. بەڵکو بەپێی ژمارەی سالانی کۆچە هەڵبژاردەکانم بن.

بازنەیەک بە دەوری مێژووی ئەو ڕۆژەدا دێنم، وەک لەناو بازنەکەدا بتهێڵمەوەو لێتی کلۆمکەم. وەک کۆتتکەم و دوای یادەکەشت کەوم تا بۆ هەتاهەتایە بکەوێتە ناو بازنەی ڕووناکیمەوە.

لە بۆچوونی پێشوەختمەوە هەڵسوکەوتم دەکرد، وەک ئەم مێژووەش ببێتە وەرچەرخانێکی بیرو، لە دایکبوونەوەکەی تریشم بکەوێتە دەست تۆ. ئەو کاتەش بە تەواوەتی دەمزانی کە لە دایکبوونەوەیەک لە دەست تۆدابێ ئەویش وەک پێگەیشتنت کارێکی ئاسان نابێت.

شایەتی ئەوەش نەبوونی ژمارەی تەلەفۆن و ناونیشانەکەتە لەو لاپەڕەیەدا، کە جگە لەڕۆژی پێکگەیشتنت هیچی دی تیادا نەبوو. جا ئەوە ماقووڵە لە یەکەم دیدارمان، یان ئەو یەکەمین ڕێکەوتەماندا داوای ژمارەی تەلەفۆنم لێبکردیتایە.. بە چ بیانوویەکەوە ئەوەم بکردایە، چونکە ئەگەر پیاوێک بە هەر هۆیەک داوای ژمارەی تەلەفۆن لە کیژێکی شۆخ بکات، ئەوا هەموو هۆکان لە هەڵبەستراو دەچن؟

حەزم بە دانیشتنت.. قسە لەگەڵکردنت و گوێلێگرتنت بوو.. بەڵکو کۆپییەکی تری بیری خۆم بناسیایەتەوە. بەڵام چۆن بەوەت قایلکەم؟ چۆن لە چەند ساتێکدا بۆتی ڕوونکەمەوە کە زۆر لە بارەتەوە دەزانم، منێک کە یەکەمینجارە پێیدەگەیت و، وەک بەفەرەنسی لەگەڵ بێگانە بدوێیت بە ڕاناوی کۆ لەگەڵیا قسەدەکەیت.. منیش لەوە زیاتر شکنابەم کە بەهەمان شێوەی بیانی بە ڕاناوی کۆ وەڵامت بدەمەوە..

ئەو ڕۆژە زمانم لێتێکەڵوپێکەڵ دەبوو، وەک بەزمانێک لەگەڵتا بدوێم، نەیزانم.. زمانێک کە هیچمان لە بارەوە نەزانێ. دەچێ بە ئەقڵدا دوای بیست ساڵ تەوقەت لەگەڵدا بکەم و بە زمانێکی فەرنسایی بێلایەن لێتبپرسم..

-Mais comment allez-vous mademoiselle?

تۆش بەهەمان مەودای زمان وەڵامم بەیتەوە:

-Bien.. je vous remercie.

خەریکە بیر لەپڕمەی گریان بدات. ئەو بیرەی بە کۆرپەییەکی قوماتکراو ناسیتی.

تاکە باڵەکەشم، کە بەرگری لە ئارەزووییەکی سەرەڕۆی لە ئامێز گرتنت و، پرسیارکردنتی بە شێوەزمانی قسنتینە دەکرد، ئەو زمانەی کە تۆ بیرت چوبۆوە و، خەریکبوو لە دەستت دەدا..

ـ گومانم هەیە..؟

ئا، گومانم هەیە.. ئەی ئەو کچۆڵە پچکۆلەیەی کە نەمزانی چۆن گەورەبوویت.. ئەی ئەو میوانە نامۆیەی کە نامناسیتەوە. ئەی ئەو کیژۆڵەیەی بیرمت پۆشیوەو، بازنێکی وەک بازنەکەی دایکیشمت لە مەچەکدایە؟

لێمگەڕێ هەموو ئەوانە ڕامووسم کە لە تۆدا خۆشمویستن. پیاتدا بڕوانم و ئادگاری "سێ تایەر" لە بزەو ڕەنگی چاوەکانتا ببینمەوە. چەند جوان دەبێ

گەر شەهیدان لە شۆخییەکەتدا بگەڕێنەوە، چەند جوانە دایکم لە بازنەکەی دەستتدا بگەڕایەتەوە، ئەمڕۆش نیشتمان بە هاتنەکەت بهاتایەتەوە. چەند جوانیشە کە هەر خۆشت.. تۆبیت!

دەزانی..

(ئەگەر مرۆڤ ڕێکەوتی شتێکی جوان، هێجگار جوان بکات.. ئەوا ئارەزووی گریانی هەڵدەستێ..)

تەمەنێکیشە، ڕێکەوتەکەی تۆ جوانترین شتە بەسەرم هاتبێ.

چۆن بە یەکجار ئەم هەمووشتەت بۆباسکەم.. کە بەپێوەبین و چاو و گوێ بەشمانکەن؟

چۆن بۆت باسکەم کە بێئەوەی بەخۆ بزانم شەیدات بووم.. بێئەوەی بروام بە چاوەڕوانی هەبێ چاوەڕوانت بووم؟

هەر دەبێ بەیەکتریش بگەین.

ئاکامی ئەو یەکەمین چاوپێکەوتنەشت خڕکەمەوە..

گفتوگۆی چارەکە سەعاتێک یان زۆرتر. من لە تۆ زیاتر قسەم تیاکرد. ئەوەش گەمژەییەک بوو دواتر لێی پەشیمان بووم. ڕاستییەکەی دەمویست بە دەم قسەوە گلتدەمەوە. بیرمچوو بواری زیاتری قسەکردنتم بدایتایە.

کە زانیم پەرۆشی هونەرتە بەختیاربووم.. لەبەردەم هەر تابلۆیەکدا ئامادە بووی مشتومڕی زۆرم لەگەڵدا بکەیت، لەگەڵ تۆدا هەموو شت مشتومڕی دەهێنا. بەڵام ئەوساتە من جگە لەباسکردنی تۆ ئارەزووی چیترم نەبوو. هەر بوونەکەت حەزی قسەکردنی دەووروژاند.

جا چونکە کاتەکە ئەوەندە نەبوو تا چەند بەشێکی چیرۆکەکەی خۆمت بۆ باسکەم کە لەگەڵ بەسەرهاتی تۆدا یەکیان دەگرتەوە، هەر دوو یان سێ ڕستەم سەبارەت پێوەندی کۆنم بە باوکتەوەو.. سەرەتای منداڵیت و.. ئەو تابلۆیەی خۆت ووتت حەزم لێیەتی، پێمووتی .. ئەو تابلۆیە جمکتە!

ڕستەکانم زۆر بەکورتی و.. زۆر ژیرانە هەڵدەبژارد.. گەلێک خاڵی دابڕینم لە نێوان ووشەکاندا دانا، تا لە قورسی ئەو بێدەنگییەی ووشەکان پڕیان نەدەکردەوە ئاگادارت کەم.

نەمویست تاکە پەڕەکەم لە ڕۆژێک و بەپەلەش پڕکەمەوە.

دەمویست خواستی زیاترناسینمت تیا بەئاگابێنم، تا هاتنەوەی جارێکی تریشت مسۆگەرکەم. خۆ کە پرسیت "بە درێژایی ماوەی پیشانگاکە خۆت لێرەدەبیت؟" پەییم بەوە برد، کە لەگەڵتا، لە یەکەمین تاقیکردنەوەمدا

دەرچووم، چونکە وام لێکردی بیر لە بینینی جارێکی ترم بکەیتەوە. بەڵام بە دەنگێکی ئاسایی کە پێوەست بە بوومەلەرزەکەی ناخمەوە نەبێ، ووتم: "بەزۆری دوای نیوەڕوان لێرەدەبم.." ئەمجا کە زانیم ڕەنگە وەڵامەکەم بە هۆی ئامادەنەبوونمەوە هانی سەردانت نەدا، بەردەوام بووم:

"بەزۆری هەموو ڕۆژەکانی لێرەم، چونکە چاوپێکەوتنێکی زۆرم لەگەڵ ڕۆژنامەنووس و برادەراندا دەبێ.."

ئەو قسەیە چەند ڕاستییەکی تیادابوو. بەڵام ئەوی ڕاستیبێ ناچارنەبووم هەموو کاتی پیشانگاکە بمێنمەوە. هەر دەمویست کارێک نەکەم، لە بەر هەر هۆیەکبێ، لە بڕیارەکەت پاشگەزبیتەوە.

ناکاو کۆنە برادەرانئاسا دوایت، ووتت:

"ڕەنگە دووشەممەی ئایندە سەری پیشانگاکە بدەمەوە.. ئەو ڕۆژە دەرزم نییە. ڕاستییەکەی ئەمڕۆ هەروا هاتم.. بەختیاردەبم گەر زیاتر لەگەڵتا بدوێم..".

کچەکەی ئامۆزات هاتە بەینەوەو، وەک داوای لێبوردن بکات، ڕەنگە لەوەش بێزار بووبێ کە لایەنێکی چاوپێکەوتنەکە نەبوو:

"بەداخەوە.. ئەو ڕۆژە من پڕکارم.. ناتوانم لەگەڵتابێم، بەڵام ڕەنگە منیش ڕۆژێکی دی سەربەمەوە." ئەمجا لای لێکردمەوەو پرسی:

"کەی پیشانگاکە تەواو دەبێت؟"

ووتم: "25ی نیسان.. واتە دوای 10 ڕۆژی دی..".

قیژانی: "زۆرچاکە.. کەواتە دەرفەتی سەردانێکی تریش دەبینمەوە.."

ئاهێکم پیاهات.

گرنگ ئەوەیە جارێک بەتەنیا بتبینم، پاشان هەمووشت ئاسانتردەبێ.

پێش ئەوەی لە تەوقەکردنم بکشێیتەوە، سەرنجێکی ترت دامێ.

بانگهێشتی شتێک لەچاوەکانتابوو..

تارمایی بەڵێنی چیرۆکێکیان تیابوو..

شتێک لە نوقومبونێکی بە تامی خۆشەویست و.. ڕەنگە سەرنجی داوایەکی پێشوەختی لێبوردنی سەرجەم کارەساتەکانی دواتریش بوبێت کە بە هۆی ئەو جووتەوە هاتنەکایەوە.

لەو ساتەدا، کە ئەو ڕەنگە سپییەی شاڵی قژە ڕەشەکەتی لەخۆوە ئاڵاندبوو پشتی تێکردم و.. تا تێکەڵ بە زیاتر لە ڕەنگێک بێت بەرەبەرە

لێم دوور دەکەوتەوە، دەمزانی، گەر لەمڕۆ بەدوا چاوم پێتبکەوتایە یان نا، خۆشمویستبوویت و.. برابۆوەو کارلەکار ترازابوو.

کەواتە چۆن هاتی هەر واش هۆڵەکەت جێهێشت.. تیشکێکی درەوشاوە بە دەم ڕۆیشتنەوە ڕێگاکەی دەبڕی.. گەڕانەوەکەشی وەک هاتنەکەی دەدرەوشایەوە.

لە شەبەنگێک زیاترو.. کلکی پڕۆژەی خەونێکیشی بەدوای خۆیدا کێشدەکرد.

چی لەبارەتەوە دەزانم؟

دوو یان سێ شت.. دواتر چەند جارێک لەبەرخۆمەوە ژماردمنەوە، تا خۆ بەوە قایلکەم کە "ئەستێرەیەکی کلکدار"ی کشاوی وای شەوانی هاوین نەبوویت، کە بەر لەوەی ئەستێرەناسان بە دووربین دوویکەون ووندەبێ و، لە فەرهەنگی ئەستێرەناسیشدا..ناوی "ئەستێرەی هەڵاتوو"! یان لێناوە.

نەخێر.. لە دەستم دەرناچیت و، هەروا بەئاسانی لە شەقام و کۆڵانە پەرشوبڵاوەکانی پاریسدا وونابی. هیچنەبێ دەزانم لە قوتابخانەی خوێندنی باڵا خەریکی ئامادەکردنی بڕوانامەیت و لە دوا ساڵی خوێندنتایت و چوارساڵیشە لە پاریسیت و، لەوەتەی مامیشتی لێدامەزراوە، واتە دوو ساڵە لای ئەو دەژیت. زانیارییەکان ڕەنگە هیچی وانەبن، بەڵام بەهەر ڕێگەیەکبێ بەشی دۆزینەوەی تۆ دەکەن.

پێدەچێ ڕۆژانی نێوان هەینیو دووشەممە هێند درێژبن وەک کۆتاییان نەبێ. لەوەتەی هۆڵەکەت جێهێشتووە من پێچەوانە دەژمێرم، دەستم بە ژماردنی ڕۆژانی نێوان هەینی و دووشەممە کرد. دەمێک بە چوارڕۆژم دادەنان، بەڵام کە هەینیو دووشەممەم لێدەردەکردن، چونکە یەکەمیان لە تەواوبووبنداو دووشەممەش پێکدەگەیشتن، پێموابوو ماوەکە کورترەو تا ئەو کاتەش خۆم بۆ دەگیرێ، هەر دوو ڕۆژی شەممەو یەکشەممەی مابوون.

ئەمجارەیان شەوەکانیم دەژمارد.. پێموابوو ڕێک سێ شەون، هەینیو شەممەو یەکشەممە، کە پێشوەخت دەمزانی دووروودرێژە، دەمپرسی چۆنیان بەسەربەرم؟ ئەو دێرە شیعرەم بیرکەوتەوە کە پێشتر هەر بڕوام پێینەبووە:

یەک بەدوای یەک شەوانم دەژمارد

کەچی سەدەیەکی بێ شەو ژماردنم بەسەربرد

بلێـی بەردەوام خۆشەویستی وا دەست پێبکا، کە دەکەوینە ئەوەی پێـوەرە تایبەتییەکانمان بەو پێـوەرانەی ڕێککەوتنیان لە سەرە بگۆڕینەوە، وا زەمەن دەبێـتە ماوەیەکی تەمەن و، هیچ پێـوەندییەکی بەکاتەوە نابێ؟
ئەو ڕۆژەی "کاترین" خۆی کرد بە هۆڵەکەدا خۆشحاڵبووم. ڕێک وەک چۆن خۆم بیرم لێکردبۆوە درەنگ گەیشت. وەک چۆنیش بە بیرما دەهات ئاوا شۆخبوو. وەک پەپوولە لەناو کراسێکی زەردی تەنکدا دەفڕی. کە ڕوومەتی ماچکردم، ووتی:
ـ درەنگ گەیشتم.. ئەم کاتانە ڕێگا جەنجاڵە.
کاترین لەوپەڕی خوارووی پاریس دەژیا. کۆتایی هەفتەش پێویستی هاتوچۆکردنی نێـوان ئەو ڕێـوبانانەی گەڕەکە سەرپەڕەکانیان دەبەست بە پاریسەوە چەند قات زیادی دەکرد، چونکە خەڵکی پاریس بۆ بەسەربردنی هەفتە بەو ڕێگایانەدا بەرەو خانووەکانی دەری شاریان دەچن. دەمزانی هەر ئەوەش نییە. ڕقی لەپێککەیشتنە گشتییەکانیشە. یان وەک تێیگەیشتبم ڕەنگە پێـخۆش نەبێ لە شوێنە گشتییەکاندا لەگەڵما ببینرێ. ڕەنگە پێیشەرمبێ چەند ناسیاوێکی لەگەڵ پیاوێکی عەرەبی وادا ببینن، کە 10 ساڵ لەخۆی گەورەتر و باڵێکیشی نەبێ.
پێـخۆشبوو بەیەک بگەین، بەڵام هەمیشە لەماڵی من یان لە ماڵی ئەودا، تا لە چاوی خەڵکییەوە دووربین، هەر لەوێش شادی و هەڵسوکەوتی خۆڕسکانەی لەگەڵدا دەکردم. خۆ کە بۆ نیوەڕۆژە پچووینایەتە چێشتخانەکەی تەنیشتمان، ئەوا کەمێک پەشۆکاویی‌و خۆنوێنی پێوە دیاردەبوو، چوونەوە ماڵی لێدەبووە تاکە دڵەڕاوکێ.
بەوجۆرە خۆم ڕاهێنا کە بهاتبا پێشوەخت خواردنی یەک دوو ڕۆژم بۆ هەر دووکمان دەکڕی. وازم لە دەمەتەقێی هێناو هیچ پێشنیارێکیشم بۆ نە دەکرد. ئەوەیانم پێباشترو خۆشتربوو، ئیتر ئەو هەموو بگرەوبەردەیەی بۆ چییە؟
کاترین، کە قۆڵی گرتبووم و سەیری ئەو تابلۆ هەڵواسراوانەی دەکرد کە هەمووی دەناسی، بەدەنگێکی بەرزتر لە ئاسایی، ووتی:
ــ ئافەریم خالید، پیرۆزباییت لێدەکەم.. ئازیزەکەم.. هەمووی نایابە.
کەمێک حەپەسام، چونکە ئەمجارەیان وەک بییەوێ لەخەڵکی بگەیەنێ هاوڕێ یان دۆست.. یان هەرشتێکی دی لەو بابەتەمە.

دەبێ چی وا لەپڕ ڕەفتاری پێگۆڕیبێ، بڵێی دیمەنی ئەو هەموو هونەرمەندو ڕۆژنامەنووسە وای لێکردبێ کە ئامادەی کردنەوەی پێشانگاکە بوون.. یان لەم شوێنەدا، بێئەوەی بە خۆی زانیبێ بۆی دەرکەوتبێ کە دوو دانە ساڵە لە باخەڵی بلیمەتێکدایەو، نەبوونی باڵەکەشم، کە کاتی دی پێی بێزار دەبوو، لێرە مەودایەکی هونەری دەگمەنی وا بگەیەنێ، پێوەندی بە پێوەری جوانکارییەکانەوە نەبێ؟

ئەوساتە بۆم دەرکەوت، کە لە ماوەی بیستوپێنج ساڵەی یەک باڵیمدا، لە هۆڵی پیشانگاکاندا نەبێ، بەبیرما نایەت کەمئەندامێتییەکەمم بیرچووبێ.

هەر ئەو ساتانەی چاویان لە تابلۆکان دەبڕی بیریان دەچوو سەیری باڵم بکەن. یان ڕەنگە لە ساڵانی یەکەمی سەربەخۆییدا، ئەوکاتەی جەنگاوەر هەیبەتی خۆی و، پەککەوتوانی جەنگیش لە ناو خەڵکیدا جۆرە پیرۆزییەکیان هەبوو. زیاتر ڕێزیان دەگیرا نەک بەزەیی. باسکردن و گێڕانەوەی هیچ بەسەرهاتێکیشت لێداوا نە دەکرا.

بیرەوەرییەکانت دابوو بەسەر لەشتدا، ئەویش هیچ لێکدانەوەیەکی نە دەویست.

ئەمڕۆ دوای چارەکە سەدەیەک.. شەرم لە قۆڵەبەتاڵەکەی قاتەکەت دەکەیت کە لەگیرفانی چاکەتەکەتت ناوەو، وەک بیرە تایبەتییەکانی خۆت حەشاردەیت و، عوزرخوایی ڕابردووت بۆ کەسانێکی بێڕابردوو بێنیتەوە.

بێقۆڵییەکەت پەستیان دەکات. ئارام لە هەندێکیان دەبڕێ. ئارەزووی خواردنیان لا ناهێڵێ.

ئەم ڕۆژگارە هی تۆ نییە، ڕۆژگاری دوای جەنگە.

ڕۆژگاری قاتی جوان و ئۆتۆمۆبیلی قەبەو.. وورگی تێروپڕە. بۆیە زۆر جار، کە بۆ میترۆو چێشتخانەو چایخانەو فرۆکەو هەر ئاهەنگێک بانگکرێیت، شەرم لە قۆڵت دەکەیت و لە کۆڵیشت نابێتەوە. هەمووجار وا هەستدەکەی کە خەڵکی چاوەڕێی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکەت لێدەکەن.

هەموو چاوەخرە سەرسامەکان، یەک پرسیارت لێدەکەن، لێویش شەرم لە کردنی دەکات: "ئەوە چۆنبوو؟".

کە لە مەترۆدا تاکە دەستەکەت بەو قۆڵی خۆگرتنی نەفەرەوە دەگریت و لەسەر هەندێ کورسیش ئەم نووسینە دەخوێنیتەوە:

"جێگەی پەککەوتەی جەنگ و سکپڕانە.." سەرودڵت دەگیرێ.

نەخێـر ئەوە جێگای تۆ نییە. بە خۆنازینێـکی کەم و، چی پیاوەتیشت تیا ماوە، وات لێـدەکەن ڕاوەستان و خۆ بەدەستێـکگرتنەکە بە چاکتربزانی.
ئەوانە بۆ جەنگاوەرانی دی دانراون، جەنگیان جەنگی تۆ نەبووەو، کێـدەڵێ بەدەستی تۆش بریندار نەکراون.
بەڵام زامی تۆ.. لێـرە دانی پیا نەنراوە.
ئەوەتا لەبەردەم بگرەوبەردەیەکی سەیرایت..
لە وولاتێـک دەژیت ڕێـز لە بەهرەکەت دەگرێو زامەکەت ڕەتدەکاتەوە. سەر بە وولاتێکیشی ڕێـز لە برینەکەت دەگرێو خۆتی ناوێ. جا کامیان هەڵدەبژێـریت.. کە لە یەک کاتدا خۆت هەم کەسەکەو هەم برینەکەشبی.. هەر خۆشت بیرە لێـخراوەکەبیو، ئەم لەشە پەککەوتەیەشت ڕووکەشی ئەو نەبێ چیدی نییە؟
پرسیارانێـکن پێـشتر لە خۆمم نەکردوون. تەنیا بە کارو، بەرهەمی بەردەوام و، بێـخەوییە هەمیشەییەکەی ناخ، لێـیان هەڵدەهاتم.
شتێـک بێـخەوی لە ناخمدابوو، شتێـک کە یەکبینە نیگار بکێـشێـت، وەک هەر ڕاکات تا بەم هۆڵەم بگەیەنێ، کە تیایدا چەند ڕۆژێـک پیاوێـکی ئاسایی خاوەن دوو باڵ بژیم، یان ڕاستتر بڵێـم پیاوێـکی نائاساییبم..
پیاوێـک بە تاکە دەستێـکەوە گاڵتەی بەم دنیایەبێو، بە تاکە دەستێـکیشەوە بەرزونزمی شتەکان بشێـلێـتەوە.
کەواتە ئەوەتا من لەم هۆڵەدام.. ئەوەش شێـتێـتییەکەمە بۆ سەیرکردن بە دیوارەکانەوە هەڵواسراوە. چاو لێـیان وورد دەبێـتەوەو دەمیش چۆنی بوێ وای لێـکدەداتەوە..
خۆشم بزە نەبێ چیدی شک نابەم، هەندێ لەو باسە ناکۆکانەشم بەر گوێ دەکەوێـت. تەوسێـکی "کونکور"یشم وەبیردێـتەوە:
"لە دنیادا هیچ شتێـک بە قەدەر تابلۆی مۆزەخانە، گەمژەیی نابیستێ!".
بە سووک دەنگی کاترین هات، وەک ئەمجارەیان هەر بۆمن بدوێ:
ـ سەیرە.. تابلۆکان وا دەبینم وەک پێـشتر بەرچاوم نەکەوتبن، لێـرە بەوان ناچن..
کە بە بیرێـکی پێـشترمەوە خەریکبووم وەختابوو وەڵامی بدەمەوە:
"تابلۆش ئارەزوو سۆزی خۆی هەیە.. هەر ڕێـک وەک خەڵکی. هەرکە لە هۆڵدا دانران و خرانە بەر ڕووناکی دەگۆڕێـن!"
هەر ئەوەندە پێـمووت:

ـ تابلۆش مێیه.. حەزی بەڕووناکییەو خۆیشی بۆ دەڕازانێتەوە، پێیخۆشه نازی بکێشین و تەپوتۆزی لێبتەکێنین، لە زەوی هەڵیبڕین و لێفەکەی پێمان داپۆشیوە لە سەری هەڵگرین.. پێیخۆشه لە هۆڵدا هەڵیواسین، تا تەنانەت گەر بە دڵیشیان نەبێ چاوەچاوی لەگەڵدابکەن..
ڕاستییەکەی، ڕقی لە پشتگوێخستن دەبێتەوە..
بەدەم بیرکردنەوەوە ووتی:
ـ ڕاستدەکەیت.. ئەم قسانە لەکوێدێنی؟ دەزانی حەزم بەگوێلێگرتنتە؟ نازانم کە پێکەوە دەبین، بۆچی کات بۆ قسە دانانێین؟.
بەرلەوەی وەڵامێکی پڕ بەپێستی خۆی بدەمەوە.. بەپێکەنینەوەو بەو نیازەی بە لامەوە ئاشکرایە، لەسەری ڕۆیشت:
ـ کەی، ئاخرییەکەی وەک تابلۆیەک ڕەفتارم لەگەڵدا دەکەیت؟
بە زوو تێگەیشتن و.. ئارەزووە تێرنەبووەکەی پێکەنیم و، ووتم:
ـ گەر دەتەوێ ئەم ئێوارەیە..
ئیتر کاترین کلیلی ماڵی لێوەرگرتم و، لەکراسە زەردەکەیدا پەپوولەئاسا بەرەو دەرگاکە باڵیگرت.
ناکاو وەک غیرە لەو تابلۆیانە بکات کە بە جوانی بەدیوارەکانەوە هەڵواسرابوون و، هێشتا چەند کەسێک لێیان وورد دەبوونەوە، ووتی:
ـ من کەمێک ماندووم.. پێشت دەکەوم.
جا بەڕاستی بەو ڕادەیە ماندوبوو، یان ناکاو غیرەی لێکردم یان غیرەی لێم هەبوو.. یان بە برسییەتییەکی پێشوەخت هاتبووبۆم؟. وەک جاران هەوڵی قووڵبوونەوەم نەدا بۆ تێگەیشتنی.
هەر بۆئەوە پەنام بۆ برد تا هەرچییەک هەیە لەبیرخۆمی بەرمەوە. بە کەمکردنەوەی یەک دوو ڕۆژ چاوەڕوانی لەگەڵیا بەختیاربووم.. چاوەڕوانی تۆ! دوای مانگێک تەنیایی‌و ڕاکەڕاکەی ئامادەکردنی ئەرکەکانی ئەم پیشانگایە، پێویستیم بە شەوێک خۆشەویستی هەبوو.
دوای سەعاتێک خۆم گەیاندە کاترین.
لەبەر گەلێک هۆ ماندوبووم. یەکێکیان چاوپێکەوتنە سەیرەکەی تۆو چەشتنی هەرچی هەژانی دەروونی ئەو ڕۆژە هەیە.
کە دەرگای لێکردمەوە، ووتی:
- زۆر دوانەکەوتی..
منیش بەدەم یاریکردنیەوە ووتم:

ـ پرۆژەی تابلۆیەکم لە مێشکدایە.. بۆیە بەپەلە گەڕامەوە.. چونکە خۆتدەزانی شتی وا زۆر چاوەڕێ نابێت!

پێکەنین..

هاوگونجاندنێکی جەستەیی وامان هەبوو کە بە جووتە پێی شادبین، ئەو بەختیارییە نهێنییە بێکۆتەی.. بە ڕەواییەکی شێتانە پێکەوە دەمانکرد!

بەڵام ئەو ساتەی بۆ سەیری هەواڵەکان، لەسەر قەنەفەیەک بەرامبەرم دانیشتبوو، خەریکی خواردنی سەندویچێک بوو خۆی هێنابووی، هەستمکرد ژنێکە هەمیشە نزیکبووە ببێتە خۆشەویستم، کەچی ئەمجاریش ـ دیسان ـ وا نەکەوتەوە!

ئافرەتێک بە "سەندویچ" بژی ژنێکی بێسۆزو، خۆویستی لێدەردەچێ .. بۆیە هەڵپەی پیاوێکی ئارامبەخشی نابێ.

ئەو شەوە، لافی تێریم لێدەدا.

ڕاستییەکەی ڕۆژگاری "سەندویچ"م ڕەتدەکردەوەو ڕەنگە نەشمتوانیبا سەر بەو ڕۆژگارەبم.

واش..

ویستم لەسەر ئەو وردەکاریانەی سەرەتا دەشتەکێتییەکەمیان دەبزواند، نەوەستم.

لە ناسینی کاترینەوە وا ڕاهاتم زۆر بەدوای جیاوازییەکانماندا نەگەڕێم. ڕێز لەشێوەی ژیانی بگرم، هەوڵی ئەوەشم نەبێ بیکەمە کۆپییەکی خۆم. بگرە ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش خۆشمویستبێ کە وەک من نییەو هەندێجار تەواو ناکۆکیشمە.

هیچ شتێک لەوە جوانترنییە کە بە دژەکەت بگەیت، هەر ئەویش خۆتت پێدەدۆزێتەوە. دان بەوەشدا دەنێم کە لە دیتنەوەی زۆر شتما قەرزاریاری کاترینم، لە کۆتاییشدا دەرکەوت، جگە لەجۆشی هاوبەش و خۆشەویستی هاوبەشمان بۆ هونەر شتێکی دی بەم ژنەوەی نەدەبەستمەوە.

ئەوەش بەسبوو کە پێکەوە بەختیاربین.

بەدەم ڕۆژگارەوە ڕاهاتین کە بە پرسیار یەکتر جاڕس نەکەین. سەرەتا بە زەحمەت لەگەڵ ئەم شێوازە سۆزییەدا گونجام کە شوێنی غیرەو موڵکداریێتی تیادا نابێتەوە.

لایەنی چاکەی زۆرم تیادا دییەوە، ئازادی گرنگترینیانەو.. خۆشی بە کەسەوە نەدەبەستەوە..

کەرەت هەبوو هەفتەی جارێك یەكترمان دەبینی، جاریش هەبوو چەند هەفتەیەك چاومان بە یەكتر نەدەكەوت.. بەڵام یەكبینە شەیدای یەكترو ئارەزووی هاوبەشمان هەبوو.

کاترین دەیووت: "نابێ پێوەندیمان بەنەریت بكوژین"، بۆیە هەوڵمدا هۆگری نەبم و، تەنیا بە هاتنی بەختیاربم و، بە ڕۆیشتنیشی ڕەتبوونەكەی ئێرەی لە بیرخۆم بەرمەوە.

ئەوجارە هەوڵمدا سەرجەم كۆتایی هەفتەكە لای خۆم گلیدەمەوە، جا ئەگەر داواكەمی بە خۆشییەوە قەبووڵكردایە ئەوا بەختیار دەبووم.

ڕاستییەكەی، دەترسام بە تەنیا لەگەڵ سەعاتی قەد دیوارەكە، چاوەڕێی دووشەممە بومایە.

ئەگەرچی كاترین تا ئێوارەی یەكشەممە لام مایەوە، كەچی كاتەكەم لا زۆربوو، ڕەنگە بوونی ئەو لای درێژكردبمەوە. كەچی ناكاو پەلەی ڕۆیشتنیم پێكەوت، وەك ئەوكاتە هەر هەردوكمان بە تەنیا پێكەوەبین.

بیرم لە تەنیا پرسیارێكەوە ئاڵابوو..

گەر دووشەممە تەنیابین چیت پێبڵێم؟ لەكوێوە لەگەڵتا دەستپێكەم..

چۆنچۆنیش ئەو چیرۆكە سەیرە، چیرۆكی هەر دووكمانت، بۆ بگێڕمەوە؟

چۆن دانت بۆڕۆكەم تا جارێكی تریش بۆ بیستنی پاشماوەكەی بێیتەوە؟

بەیانی دووشەممە جوانترین قاتم بۆ یەكتربینینە چاوەڕوان كراوەكەمان لەبەركرد. بە زەوقەوە بۆینباخەكەمم هەڵبژارد. ئەو بۆنەشم لە خۆ دا كە لە هەموو بۆنەكانی ترمم لا خۆشتربوو، نزیك سەعات10 ش بەرەو پیشانگاكە بوومەوە.

کاتی زۆریشم بۆ دانیشتنی چایخانەكەی نزیكمان و خواردنەوەی قاوەی بەیانیان هەبوو. چونكە ڕێی تێنەدەچوو پێشتر بگەیشتیتایە، پێش سەعات 10 تەنانەت دەرگای هۆڵەكەش نەدەكرایەوە.

کە چوومە هۆڵەكە، ئەو بەیانییە من یەكەم كەسبووم پێی تێخەم. بارگەیەكی نادیاری خەم كەشەكەی گرتبۆوە. ڕووناكی ڕووەو تابلۆكان دانەگیرسابوو، گڵۆپێكیش چییە بنمیچەكەی ڕووناك نەكردبۆوە.

سەرنجێكی پەلەم لە دیوارەكان دا.

ئەوەتا تابلۆكانم، ئەو بەیانییە ئافرەتئاسا، خۆیان چۆنن، بێئارایشت و سوورو سپیاو و "ڕتووش"، ڕاستدەبنەوە.

ئەوەتا ژنێـک، دوای بەسەربردنی ئێوارەیەکی جەنجاڵ، بە دیوارەکەوە باوێـشکدەدا.

بەرەو تابلۆ پچووکەکەم "حەنین" بوومەوە، وا چوومە لایەوە وەک بۆ لای تۆ بێـم.

"بەیانیت باش قسنتینە.. پردە هەڵواسراوەکەم چۆنیت.. ئەی خەمە بیستوپێـنج ساڵ هەڵواسراوەکەم؟".

تابلۆکەش بە بێـدەنگییە ئاساییەکەی وەڵامی دامەوە، بەڵام ئەمجارەیان بە سووکە چاوداگرتنێـکەوە. منیش نەرمە بزەیەکم بۆکرد.

ئێـمە، من و ئەم تابلۆیە لە یەکتر دەگەین "هاوولاتی بە چاوداگرتنێـک تێـدەگا!"

تابلۆی وولات وەک خاوەنەکەی بەفیزە، وەک ئەویش ڕەسەنە، بە نیمچە چاوداگرتنێـک تێـدەگات!

ئەمجا چووم خۆم بە چەند ئیشێـکەوە خەریککرد کە لە دوێـنێـوە دواخرا بوون. ئەویش وەک ئەوەکەی دی ڕێـگەیەکی کات بەسەربردنە، تا دواییش دەستم بۆ تۆ بەتاڵبێ. لەوکاتەدا دەنگێـک لە ناخەوە بەدوامەوەبوو، تا بیرم بێـنێـتەوە کە هەر دێـیت و، ناشهێـڵێـت بەچاکی بەهیچەوە خەریکبم.

هەردێـیت..

هەردێـیت.. دەنگەکە سەعات و دوو سەعات و زیاتریش یەکبینە دەیووت و دەیووتەوە.. بەیانیو ئێـوارە گوزەریان کردو نەبوویت.

ویستم خۆ بە چاوپێـکەوتن و ووردەکاریی زۆری ڕۆژانەوە خەریککەم، ویستم ئەوەم بیرچێـتەوە کە بۆ چاوەڕوانی تۆ لێـرەم..

بێئەوەی چاو لە دەرگاکە لادەم ڕۆژنامە نووسێـکم بینیو قسەم بۆ یەکێـکی تریشیان کرد.. لە هەموو هەنگاوێـکیشدا چاوەڕێـت بووم..

تا کاتیش تێـپەڕیایە زیاتر وورەم بەردەدا.

ناکاو دەرگاکە کرایەوە تا "سی شەریف"ی لێـوە ئەمدیوبێـت!

بۆ بەخێـرهاتنی لە بەری هەستام و حەپەساوییەکەشم شاردەوە. گۆرانییەکی فەڕەنسیم بیرکەوتەوە کە سەرەتاکەی دەڵێ "ویستم چاوم بە خوشکت کەوێ.. کەچی وەک هەرجارێـکی دی دایکتم بینی..".

- سەلامەتبی گەورەم.. دەرناکەوی کەس ناتبینێ!

که باوەشی پیادادەکردم و بەگەرمی سڵاوی لێدەکردم وای ووت. دان بەوەشدا دەنێم، ئەگەرچی نوشوستیبوو بۆم، بەڵام هیچ کەرەتێک لە سڵاو کردنیا هێندەی ئەمجارەیان هەستم بە شادیو بەختیاری نەکردووە.

بەر لەوەی هەواڵی بپرسم، برادەرێکی هەردوکمانی پێشکەشکردم کە لەگەڵیا هاتبوو، ووتی:

ـ چاو چۆن لەگەڵ خۆمدا بۆم هێنایت؟

منیش کە لە سەرسوڕمانێکەوە بۆ سەرسوڕمانێکی دی دەچووم، قیژاندم:

ـ ئەهلا "سی مستەفا" ئەوە چۆنە.. ئەوە چۆنە هاتیت..

ئەویش کە باوەشی پیاکردم بە خۆشییەوە ووتی:

ـ ئەی چۆن برام.. گەر نەهاتمایە نەم دەبینیت، ئیتر چۆن نایەم؟

کەوتمە قسەی خۆش لەگەڵیا.. ئەگەرچی دەمزانی بوونی لەگەڵ سی شەریفدا و بەوجۆرە ڕێزگرتنی وای دەگەیاند، وەک چۆن لە ناوخەڵکیدا قاوە، بۆ وەزیری دەستنیشان کرابێ، بەڵام کەوتمە هەواڵپرسینی.

سی شەریف گازاندەیەکی برایانەی لێکردم هەستمکرد بەڕاستیبێ:

ـ برام.. چۆن دەبێ هەردووکمان لەم شارە بژین و جارێکیش بیر لە سەردانم نەکەیتەوە؟. من دووساڵە لێرەم و ناونیشانیشم دەزانی.

سی مستەفا خۆی لە قسەکە هەڵقورتاندو بە شتێ گاڵتەو شتێک ڕاستییەوە سووکە ئاماژەیەکی بۆ سیاسەت کرد:

ـ نابینی لێمان دابڕاوە.. ئەگینا ئەم دیار نەبوونەی چییە..؟

بەڕاستی وەڵامم دایەو:

ـ نەخێر هەرگیز.. بەڵام بۆ کەسێک کە تاراوگەیی نیشتەجێیکردبێ، ئاسان نییە هەروا شتەکانی کۆبکاتەوەو بگەڕێتەوە.. ئەوی ڕاستیبێ "تاراوگە شتێکی خراپە، مرۆڤ خووی پێوەدەگرێ" بۆ منیش لێرە لە خوویەکی خراپ زیاتری لێهاتووە..

پێکەنین.. قسەکانمان پەلوپۆی زۆری لێبۆوەو سەرپێیانەو هەروا بۆ خۆشدوویی لە هەندێکی دواین..

پاشان کە بۆبینینی پیشانگاکە سوڕانەوە، دەبوا لەبەردەم تابلۆیەکدا هەلوێستەیان بکردایە. تا لە نهێنی سەردانەکەی سی مستەفای پیشانگاکەم بگەیشتمایە، کە وویستبێتی یەک دوو تابلۆیەکیشم لێبکڕێ. ووتی:

ـ دەمەوێ شتێکتم بۆ یادگار لابێ.. بیرتە کە لە تونس پێکەوە بووین دەستدایە نیگارکێشی؟ هێشتا، تەنانەت یەکەمین تابلۆکانتم بیرە.. ئەوساکە من تاکە کەسبووم تابلۆکانتی نیشاندەیت.. بیرتە؟

نەخێر بیرم نەچووە.. ئەوسا چەندم حەزدەکرد ئەو توانایەم ببوایە. کە گێڕامییەوە بۆ ئەوسا کەمێک شەرم دایگرتم..

سی مستەفا لەڕۆژانی ڕزگارییەوە هاوڕێیەکی من و سیشەریف بوو. لە کۆمەڵەکەی سی تایەر بوو. بگرە، یەکێک بوو لەو بریندارانەی لەگەڵ مندا گوێزرایەوە بۆ تونس تا تیمارکرێ، سێ مانگ لە خەستەخانە مایەوەو پاشان چووەوە بەرە، بۆئەوەی تا سەربەخۆیی لە ڕیزەکانی سوپای ڕزگاریخوازدا بمێنێتەوەو، پاشان بە پلەی "رائد"یش بگەڕێتەوە.

ڕۆژانێک ڕەوشتێکی بەرزو دڵێکی فراوانی هەبوو. منیش پێشتر ڕێزو خۆشەویستییەکی زۆرم بۆی هەبوو. ئەمجا بەرەبەرە ئەو بایەخەی لام نەما.. تا بایەخەکەی گیرفانی بە زیاتر لە ڕێگایەک و پارەیەک زیادی بکردایەو پڕتربوایە، وەک ئەوانەی پێشخۆی بە نۆرە دەگەیشتنە شوێن و پایەی شیردەرو بەجۆرێک بۆلفلێدانەکە دابەشدەکران کە تەواو حسابی بۆ کرابێ.

بەڵام من خودی ئەوم بەلاوە مەبەستبوو پەستیشی دەکردم. دوودانە ساڵی ڕەبەق هاوڕێی سەنگەرم بوو.. لە ڕابردوودا ووردەکارییەکی زۆری وای نێوانمان کۆیکردبووینەوە، کە بە هەموو شتەکانەوە ناکرێ لەبیرکرێن.

ڕەنگە ئەو ووردەکارییەی زۆرترین کاریگەری هەبووبێ، ڕێکەوتەکەی تونس بێ کە کاتی دەرچوونی خەستەخانەم ئافرەتە برینپێچەکەی والێکرد جلەکانی ئەوم بداتێ، ئەو جلانەی پێوەی گەیشتبووە خەستەخانەو، چەند ڕۆژێکبوو خوێنەکەیی پێوە ووشکبۆوە.

ئەو ڕۆژە پێناسەکەی لە گیرفانی چاکەتەکەیدابوو لەبەر پەڵەی خوێن چاک نە دەخوێندرایەوە.. لای خۆم هێشتمەوە تا دواتر بۆی بەرمەوە.. بەڵام پاشتر بێئەوەی بزانێ لای منەو، بگرە بێئەوەی لێشی بپرسێتەوە، چووەوە بۆ بەرە. چونکە بۆ شوێنێک دەچوو پێناسەی نەوێ.

ساڵی 1973 بەڕێکەوت لەناو پەڕەکاغەزەکانمدا ئەو پێناسە کۆنەیم دییەوە. ئەوسا شتەکانم کۆدەکردەوە تا خۆم بۆ ڕۆیشتن ئامادەکەم..

دوودڵبووم لەوەی گلیدەمەوە یان بیدەمەوە، چونکە دەمزانی ئێستا ئەوە پێناسەی ئەو نییە. بەڵام دەمویست.. بێهیچ قسەیەک بیری بێنمەوە.

ڕەنگە لە بەردەرکی تاراوگەییمدا، ویستبێتم پێوەندیم بەو پێناسەیەوە نەهێڵم کە لە ساڵی 1957ەوە ووڵات بەووڵاتی پێدەکەم، وەک بەوێ لە نیشتمان دابڕێم و، بۆ دواجار ئەویش و شتەکانیشی یاد بەدەرکەم..

لەو ڕۆژەداو دوای شانزەساڵ، کە پێناسەکەیم لەگیرفانی چاکەتەکەم دەرهێناو خستمە بەردەمی سی مستەفا، حەپەسا.

ئەوساتە بڵێی ئەو پەشۆکابێ.. یان من؟

کە لێی جویێبوومەوە، ناکاو هەستمکرد شتێکم داوەتێ کە بەسنگمەوە نووسابوو، شتێک لە خۆم، ڕەنگە قۆڵەکەی ترمبووبێ، یان هەرشتێک کە هی خۆم بووبێ.. خۆم بووم!

بەڵام ئەوکاتە پرسەی خۆمم لە شادییەکەی ئەودا دییەوە.. لە باوەش پیاکردنەکەشیدا لاوێتییەکەی یەکەم جار کە ڕۆژێک کۆیکردبوینەوە، پاداشتێکی وەبیرهاتنەوەو تارماییەکی وا کە دەکرێ ئەو پیاوەی تر لە ناخیا بە ئاگابێنێتەوە.

دوای ساڵانێک ئەوە سی مستەفایە، ئەو لە تابلۆیەکم ڕاماوەو منیش لەو. پیاوەکەی"تر"ی تیا مردووە. ئەی چۆن ڕۆژێک گرەوم لەسەر دەکرد؟

لەم ساتەدا هیچ شتێکی بەلاوە گرنگ نییە جگە لەوەی تابلۆیەکم بکاتە هی خۆی، ڕەنگە نرخەکەی هەرچەنێبێ ئامادەبێت بیدا. چونکە وا ناسراوە کە لەم حاڵەتانەدا زۆری لێکناداتەوە، ئەویش وەک هەندێک لە سیاسییو دەوڵەمەندە نوێکانی جەزائیر کە پەتای هەڵبژاردنی تابلۆ هونەرییەکان لە نێویاندا بڵاوبۆتەوە، هۆکەشی بەزۆری پێوەندی بە هونەرەوە نییە، بەڵکو بە عەقڵییەتێکی نوێوەیە بۆ لووشدانی هونەر و.. داڵغەی چوونە ڕیزی کەسانێکی کارامەیە.

ڕەنگە بەتایبەتی لەگەڵ مندا دەستبڵاوتربووبێ، ئەویش هەر لەبەر هەمان ئەو هۆیانەی کە وای لە من کردووە ئەمڕۆ زیاتر ئەو ڕەتکەمەوە.

بڕیاریداوە کە تابلۆی (ئەکواریل) بەو پێناسە شڕە بگۆڕێتەوەو خۆی پێوە هەڵکێشێ.. جا بڵێی خوێن و ڕەنگە ئاوییەکان چونیەکبن.. با دوای چارەکە سەدەیەکیش بێ!

دواتر بەختیاربووم کە بێدڵشکاندن لەو و لە سی شەریفیش ڕزگارمبوو.. بێئەوەی دەستبەرداری ئەو بنەمایەش بم کە برسێتیم لە پێناودا چەشتووە. چونکە نەمدەتوانی لە نانێک بخۆم پیسبووبێت. هەیە بەو جۆرە ناسکییە لە دایک دەبێو لەئاست هەر شتێکی پیسیشدا بێچارە دەبێ!

ڕاستییه‌كه‌ی من په‌له‌م بوو. ده‌مویست خێرا له‌كۆڵم بنه‌وه‌.. ئه‌ویش له‌و ترسه‌ی نه‌وه‌ك له‌و كاته‌دا خۆی به‌ژووردا بكات كه‌ ئه‌وانی لێبن.

دوای ئه‌و هه‌موو ساڵه‌ له‌ ناو ئه‌و هه‌ستانه‌ی سی مسته‌فا به‌كێشی ده‌كردمه‌ ناویانه‌وه‌ دوودڵ و په‌رشوبڵاوبووم.. له‌ناو خولیای هاتنی تۆشدا، كه‌ چه‌ند ڕۆژێكبوو چاوه‌ڕوانییه‌كه‌ی ماندوی كردبووم. كه‌چی نه‌شهاتی.. نه‌ ئه‌وكاته‌و نه‌ دواتریش.

پاشان ئه‌و هه‌موو خه‌مناكییه‌ له‌كوێوه‌ شاڵاوی بۆ هێنام؟

لاقم، كه‌ پێشتر به‌سه‌ر باڵی شه‌یداییه‌كی به‌تین هێنابوومیان، به‌هه‌نگاوی قورس و، بێهووده‌، به‌ره‌و ماڵیانكردمه‌وه‌.

ئه‌ی ئه‌گه‌ر جارێكی دی نه‌مبینیتایه‌ته‌وه‌.. گه‌ر ئه‌و پیشانگایه‌ كۆتاییهاتبایه‌و نه‌هاتبای، چی ده‌بوو؟ چۆن ده‌بوو گه‌ر قسه‌كانت سه‌باره‌ت به‌ سه‌ردانه‌ چاوه‌ڕوانكراوه‌كه‌ت هه‌ر بۆ خۆشدوویی بوایه‌و، من به‌ڕاستیم وه‌رگرتبا؟

ئه‌وساته‌ چۆنم بتوانیبا به‌دوای ئه‌ستێره‌ كلكداره‌ هه‌ڵاتووه‌كه‌ت كه‌وتبام؟

هه‌ر ئه‌و بانگهێشتنامه‌یه‌ی سی شه‌ریف كاتی خوافیزیم دایمێ سووكه‌ هیوایه‌كی پێبه‌خشیم. بۆ دواجار ئه‌و ژماره‌ نهێنیانه‌م زانی كه‌ پێتیان ده‌گه‌یاندم، به‌ده‌م دۆزینه‌وه‌ی پلانێكه‌وه‌ خه‌وم پیاكه‌وت كه‌ بیكه‌مه‌ بیانووی ته‌له‌فۆنێك پێكمان بگه‌یه‌نێته‌وه‌. به‌ڵام كه‌ خۆشه‌ویستی هات بیانووی پێناوێ‌و، ژوانیشی بۆ دانانرێ.. بۆیه‌ ڕۆژی دواتر هه‌ر ئه‌وه‌نده‌ی چوومه‌ هۆڵه‌كه‌و له‌ ساڵۆنه‌كه‌یدا بۆ خوێندنه‌وه‌ی ڕۆژنامه‌كه‌م دانیشتم، بینیمی به‌ژووركه‌وتی.

به‌ره‌وڕووم ده‌هاتی، كاتیش له‌به‌رده‌م شۆخییه‌كه‌تدا چه‌قی.

ئه‌و خۆشه‌ویستییه‌ی پێشتر زۆری پشتگوێخستبووم.. دواجار بڕیاریدا شێتترین چیرۆكه‌كانیم پێببه‌خشێ.

# بەشی سێیەم

کەواتە پێکگەیشتین..

ووتی:

ـ ڕۆژباش.. ببوورە، یەک ڕۆژ لە کاتەکەمان دواکەوتم..

ووتم:

ـ داوای لێبوردن مەکە.. چونکە تەمەنێک لە تەمەن دواکەوتی.

ووتی:

ـ کەواتە چەندم دەوێ تا لێم ببووری؟

ووتم:

ـ بەقەدەر ئەو تەمەنەی تەمەن!

یاسەمین بەرامبەرم دانیشت.

چ یاسەمینێکە وا بەپەلە کراوەتەوە.. عەترێکی کەمتر خۆشەویستم.. عەترێکی کەمتر!

نەمدەزانی بیرەوەرییش عەتری هەیەو.. ئەویش عەتری نیشتمانە.

نیشتمان بە پەشۆکاوی دانیشت و بەشەرمێکیشەوە ووتی:

ـ پەرداخە ئاوێکت لا هەیە.. بتژێنێتەوە؟

قسنتینە گەلێک کانی لە ناخمدا تەقاندەوە.

خانمەکەم تینوێتیت لە بیرم بشکێنە.. هەموو ئەم سۆزە بۆتۆیە.. بەرامبەر خۆت جێگەیەکم بۆ بکەرەوە..

قومت لێدەم وەک چۆن بەکاوخۆ قوم لە قاوەی قسنتینە دەدرێ.

لە بەردەم فنجانێکی قاوەو.. شووشەیەکی کۆلادا دانیشتین. یەک تینوێتیمان نەبوو.. بەڵام هەمان ئارەزووی قسەکردنمان هەبوو.

به داوای لێبوردنەوە ووتت:
ـ دوێنێ نەهاتم، چونکە گوێم لێبو مامم بە تەلەفۆن لەگەڵ یەکێکدا قسەی دەکرد و ڕێکەوتن سەردانت بکەن، بۆیە بە چاکم زانی سەردانەکەم بخەمە ئەمڕۆ تا پێیان نەگەم..
بە خۆشییەوە وەڵامم دایتەوەو وەک یەکێک پیامدا دەڕوانیت کە بۆ دواجار ئەستێرە لە دەست هەڵاتووەکەی لە بەردەم خۆیدا بینێبێتەوە:
ـ ترسام هەر نەهاتبایت..
ئەمجا بەردەوامبووم:
ـ بەڵام ئێستا خۆشحاڵم کە ڕۆژێکی تریش چاوەڕێم کردیت، ئەوەی بمانەوێت درەنگ دەگات!
وابزانم ئەو کاتە زیاترم ووت لەوەی کە دەبوا بووترایە؟
شتێک لە بێدەنگی و شڵەژانی یەکەم دانپیانان باڵی بەسەردا کێشاین..
وەک بتەوەێ بێدەنگییەکە بشکێنی، یان ئارەزووە هەڵقورتێنەرەکەم بوورۆژێنی، ووتت:
ـ دەزانی، من زۆر شت لەبارەتەوە دەزانم؟
بەسەرسوڕمان و بەختیارییەوە ووتم:
ـ چی دەزانی، نموونەم بەرێ؟
وەک مامۆستایەک، کە بییەوێ قوتابییەکەی سەرسامکات، وەڵامت دامەوە:
ـ زۆرشت، کە ڕەنگە تۆ هەر بیریشت نەمابێ..
بە کەمە پەستییەکەوە پێمووتی:
ـ بڕوا ناکەم هیچم بیرچووبێت. هەر بەڕاستی گرفتی بیرنەچوونەوەم نییە!
بە دەنگێکی بێگوناهـ و، دانپیانانێکی وا وەڵامتدامەوە کە ئەوسا ئاکامەکەیم نەدەزانی:
ـ بەڵام گرفتی من بیرچوونەوەیە.. هەمووشت لە بیردەکەم.. پێشبینیکە .. هەر بۆنموونە دوێنێ بلیتی مەترۆکەم لە جانتا دەستەکەی ترمدا بیرچووە.. هەفتەیەکیشە کلیلی ماڵەکەمم لە ژوورەوە بیرچووە، دوو دانە سەعات چاوەڕێ بووم تا یەکێک هات و دەرگاکەی بۆ کردمەوە.. کارەساتە.
بە تەوسەوە ووتم:
ـ کەواتە سوپاس کە ئەم ژوانەت بیربوو!
بە هەمان شێوە تەوسەوە وەڵامتدامەوە:

- ژوان نەبوو.. بەڵام هەر لە ژوان دەچوو.. دەبێ ئەوەش بزانیت کە من ڕقم لە شتە یەکلاییەکانە.. ڕقم لەوەیە لە شتێکدا پێداگرم یان خۆمی پێوە ببستمەوە.. جوانترین شت گریمانێکی لێدەکەوێتەوە.. ڕەنگە هەر واش بمێنێتەوە.

لێم پرسیت:

- ئەی کەواتە بۆ هاتی؟

تێم ڕامایت و.. چاوەکانیشت، هەر وەک وێڵی وەڵامی پرسیارێکی ناکاوبن بە ئادگارەکانی دەموچاومدا دەگەڕان.. ئەمجا بە سەرنجێکی لە ژوان بارکراو و دڵفڕێنەرەوە ووتت:

- چونکە لەوانەیە یەکلاییە چاوەڕوانکراوەکەم بیت!

بەو ڕستەیەی کە ناکۆکییەکی ژنانەی زەقی تیادابوو پێکەنیم - هێشتا نەمزانیبوو خۆت وا هەڵسوکەوت دەکەیت - کە چاوەکانت لە خۆبایی و خۆ بەزلزانینێکی پیاوانەدا نوقمیان کردم، ووتم:

- بەڵام ڕقم لە گریمانەکان دەبێتەوە.. بۆیە سوورم لەسەر ئەوەی یەکلاییتبم.

تۆش بە پێداگرتنێکی ژنانەوە دوا قسەت کرد:

- ئەوەش گریمانە.. ڕەنگە واشبێ!

ئەمجا زۆر پێکەنین.

بەجۆرێک بەختیاربووم وەک چەندساڵێکبێ یەکەمجارمبێ پێبکەنم. سەرەتای ترم بۆخۆمان بەدیدەکرد، لەم یەکەم چاوپێکەوتنەماندا ڕستەو هەڵوێستی زۆرم بۆ دەستپێشخەرییەکەت ئامادەکردبوو. بەڵام دانی پیادا دەنێم چاوەڕێی سەرەتایەکی وا نەبووم. بۆیە بە گەیشتنت هەمووی باریکرد .. زمانیشم لە ئاست زمانەکەی تۆ، کە نەمدەزانی لە کوێتهێناوە، یەکی نە دەگرت.

ئامادەبوونەکەت شتێک لە شادی و شاعیرێتی تیابوو. لەخۆوە سادەییەکی وای تیادابوو، بێئەوەی ئامادەیی ژنێتییە هەمیشەییەکەت بسڕێتەوە، خۆی لە منداڵێتی دەدا.. تۆش توانایەکی لە ڕادەبەدەری وات هەبوو، کە لە دانیشتنێکدا تەمەنم بەقەدەر تەمەنی خۆت لێبکات. هەروەک لە ڕێی لاوێتیو بزێوییەکەتەوە منی گرتبێتەوە. هێشتا کاریگەرێتی قسەکانت بەریان نەدابووم، کە لەپڕ قسەکەی کردت:

ـ ڕاستییه‌كه‌ی.. ده‌مویست زیاتر سه‌رنجی تابلۆكانت بده‌م، نه‌مده‌ویست سه‌یركردنه‌كه‌م له‌و ڕۆژه‌و له‌گه‌ڵ ئه‌و حه‌شاماته زۆره‌دا به‌شكه‌م.. شتێكم خۆشبوێت حه‌زده‌كه‌م له‌گه‌ڵیا ته‌نیابم!

ئه‌وه جوانترین شایه‌تی به‌دڵبوونه كه كه‌سێك له سه‌ردانی نیگاركێشێكدا بیڵێت.. جوانترین قسه‌شه كه له‌و ڕۆژه‌دا پێمی بڵێیت. به‌ر له‌وه‌ی زیاده‌ڕۆیی به‌ده‌م شادییه‌كه‌م، یان سوپاسكردنه‌كه‌مه‌وه‌بێت، له‌سه‌ری ڕۆیشتی:

ـ جگه له‌وه‌ش.. له مێژه ده‌مویست بتناسم. نه‌نكم كه باسی باوكمی بۆ ده‌كردم جارجاره باسی تۆشی له‌گه‌ڵدا ده‌كرد. پێده‌چوو زۆری خۆشبوێیت ..

به‌په‌رۆشه‌وه لێمپرسیت:

ـ چۆنه "دایكی زه‌هره"؟ ده‌مێكه نه‌مدیوه.

به كه‌مه په‌ستییه‌كه‌وه ووتت:

ـ چوار ساڵه تۆخۆش، دوای مردنیشی ئیتر دایكم چووه پایته‌خت بۆ لای ناسری برام. منیش تا له خوێندن به‌رده‌وامبم هاتمه پاریس. مردنی نه‌نكم نه‌ختێك ژیانمانی گۆڕی.. به‌ڕاستی ئه‌و ئێمه‌ی په‌روه‌رده كرد..

ویستم ئه‌و هه‌واڵه له‌بیر خۆم به‌رمه‌وه. له‌و ڕۆژه‌دا مردنه‌كه‌ی ئه‌و دڕكێكی تربوو له دڵم چه‌قی. چونكه شتێكی له "داڵه" تێدابوو، له عه‌تره نهێنییه‌كه‌ی، له‌و سه‌رپێچانه‌ی كه به سه‌رپۆشه ئاوریشمییه‌كان به‌لادا ده‌یبه‌ست، شاردنه‌وه‌ی قوتووه زیوینییه‌كه‌ی له سنگه پڕه‌كه‌یدا. ئه‌و گه‌رمییه خۆڕسكه‌ی دایكانی خۆمانی لێهه‌ڵده‌قولاو، ئه‌و ووشانه‌ش كه له یه‌ك ڕسته‌دا پێیده‌ووتی، به‌شی هه‌موو ته‌مه‌ن سۆزی ده‌دایتێ.

به‌ڵام كاتی په‌ستی نه‌بوو. كه بۆ دواجار له‌گه‌ڵمابوویت، ده‌بوا كاته‌كه‌ش هه‌ر بۆ خۆشی بوایه.

پێمووتی:

ـ خوا لێیخۆشبێ.. منیش زۆرزۆرم خۆشده‌ویست..

بڵێی ئه‌و ساته ویستبێتت، كۆتاییه‌ك بۆ ئه‌و شه‌پۆله په‌ستییه ناكاوه‌ی من بێنیت. ئه‌ویش له ترسی ئه‌وه‌ی بۆ بیرێكمان به‌كێشكات كه خۆمان بۆ هه‌ڵدانه‌وه‌ی ئاماده نه‌كردبێ.

یان هه‌ر ویستت به هه‌ستانه كوتوپڕه‌كه‌ت به‌رنامه‌ی سه‌ردانه‌كه‌ت دواخه‌یت كه ووتت:

- دەتوانم سەیرێکی تابلۆکانت بکەم؟
هەستام تا یاوەریت بکەم.
کە باسی هەندێکیان و بۆنەی کێشانەکەیانم بۆ دەکردی، ناکاو چاوت لە سەر تابلۆکان گواستەوەو بڕیتە من و ووتت:
- دەزانی شێوازی وێنەکێشانەکەتم پێجوانە؟. بۆ دڵدانەوە وا نالێم، بەڵام پێموایە منیش گەر نیگارم بکێشایە هەر وەک تۆم دەکێشا.. وادەزانم ئێمە هەردووکمان بە هەمان هەست شتەکان دەبینین.. زۆر کەمیش ئەم هەستەم بەرامبەر بە بەرهەمە جەزائیرییەکان هەبووە.
ئەو ساتە چی وا زیاتر پەشۆکانمی؟ بڵێی چاوەکانت بووبن، کە ناکاو وەک لە تابلۆیەکی دی ووردبنەوە سەرنجی ئادگاری منیان داو، لەپڕا لە بەر تیشکەکە ڕەنگیان گۆڕرا.. یان ئەوەی پێشتر ووتت و هەستمکرد قسەیەکی دڵداریانەبێت نەک ڕایەکی هونەری، یان وام پێخۆشبوو یان پێموابوو وادەلێیت. لەئاست ووشەی "ئێمە هەردووکمان"دا لە بیستن کەوتم. ئەو ووشەیە بە فەڕەنسی دوورییەکی مۆسیقایانەو سۆزێکی بێوێنەی هەیە.. تەنانەت کراوەتە ناونیشانی گۆڤارێکی دڵداریانەی فەڕەنسایی کە بۆ ئەو ڕۆمانتیکیانەی لە فەڕەنسادا ماونەتەوە دەردەچێ "Nous deus".
بە پرسیارێکی ساکار پەشۆکاوییەکەمم حەشاردا:
- بۆ تۆش وێنەدەکێشی؟
ووتت:
- نەخێر دەنووسم.
- جا چی دەنووسی؟
- چیرۆک و ڕۆمان دەنووسم!
- چیرۆک و ڕۆمان!
هەر وەک باوەڕم بە گوێم نەکردبێ ووتمەوە.. تۆش وەک لە کەمە سەرسامییەکەم گومانت لە دەنگم بووبێو هەستت بە سوکایەتی کردبێ، ووتت:
- دووساڵ دەبێ یەکەمین ڕۆمانم دەرچووە..
کە لە سەرسوڕمانێکەوە بۆ سەرسوڕمانێکی دی دەچووم، لێم پرسیت:
- بەچ زمانێک دەنووسیت؟
ووتت:
- بە عەرەبی..

ـ بەعەرەبی؟!

سەرسامییەکەم جوولانتی، ڕەنگە خراپیش تێگەیشتبی، کە ووتت:

ـ دەکرا بەفەڕەنسایی بمنووسیبا، بەڵام عەرەبی زمانی دڵمەو.. بەویش نەبێ نانووسم.. ئێمە بە زمانێک دەنووسین کە پێی هەست بە شتەکان بکەین.

ـ بەڵام بە فەڕنسایی نەبێ قسە ناکەیت..

ـ ئەویان ڕاهاتنە..

ئەوەت ووت و بەرلەوەی هیچی دی بۆ زیادکەیت لە تابلۆکان وورد بوویتەوە:

ـ گرنگ.. ئەو زمانەیە کە لەگەڵ خۆماندا پێیدەدوێین نەک ئەوەی لەگەڵ خەڵکی تردا قسەی پێدەکەین!

کە دەمویست شتێک لە مێشکمدا ڕێکخەم، بەسەرسامییەوە پیاتدا دەمڕوانی..

دەکرێ ئەم هەموو ڕێکەوتە لە تەنیا یەک ڕێکەوتدا کۆبنەوە؟ هەموو ئەو شتانەشی بڕوای نەگۆڕم پێیانەو.. یەکەمین خەونی نیشتمانپەروەریتیشم، لە ئافرەتێکدابن و.. ئەو ئافرەتەش تۆبیت.. ئەویش کچی سی تایەرو کەسی ترنا؟ گەر پێککگەیشتنێکی سەیرم لە ژیانمدا پێشبین بکردایە، لەمە سەیرترم پێشبین نەدەکرد. لە ڕێکەوت زیاترە، قەدەرێکی سەیرە، دوای چارەکە سەدەیەک، ڕێگاکانمان بەمجۆرە یەکبگرنەوە.

کە لەبەردەم یەکێک لە تابلۆکاندا وەستایت، دەنگت بۆ شوێنەکەی گێڕامەوە:

ـ تۆ کەم دەموچاو دەکێشیت، وانییە؟

بەرلەوەی وەڵامت بدەمەوە ووتم:

ـ گوێبگرە.. بەعەرەبی نەبێ قسە لەگەڵ یەکتر ناکەین.. لەمڕۆ بەدوا ڕاهاتنەکەت دەگۆڕم..

بە عەرەبی لێتپرسیم:

ـ جا دەتوانی؟

وەڵاممدایتەوە:

ـ دەتوانم.. چونکە ڕاهاتنەکەی خۆشمت لەگەڵدا دەگۆڕم..

ئەوسا بەخۆشییەکی نهێنیانەی ئافرەتێک وەڵامتدامەوە کەدواتر زانیم حەزی بەفەرماندانە:

بەقسەت دەکەم.. چونکە من ئەم زمانەم خۆشدەوێ.. حەزیش بە پێداگرتنەکەت دکەم. هەر کە بیرمچوو بیرمی خەرەوە.
ووتم:
- بیرتی ناخەمەوە.. چونکە بیرت ناچێ!
ئەوکاتە من جوانترین گەمژەیەتیم کرد. لە چیرۆکە ئاڵۆزەکەماندا ئەو زمانەم کردە لایەنێکی دی کە زۆرترین پێوەندی شەیداییم لەگەڵیدا هەیە..
دیسان بە عەرەبی لێم پرسیتەوە:
- کەمێک لەمەوبەر باسی چیت دەکرد؟
ووتت:
- پێم سەیرە، لە پیشانگاکەتدا لەم تابلۆیە بەدەر کە ڕوویەکی ئافرەتانە دەنوێنێ هیچی دی تیا نییە.. تۆ وێنەی دەموچاو ناکێشیت؟
ووتم:
- ماوەیەک لەمەوبەر وێنەی دەموچاوم دەکێشا ئەمجا چوومە سەر بابەتی دی. لە وێنەدا تا نیگارکێش ئەزموونی زیاتربێت و پچێتە ساڵەوە، ڕووبەرە پچووکەکانی لێدێنەوەیەک و بۆ دەربڕین لە شێوازی تر دەگەڕێ.
ڕاستییەکەی من ئەو دەموچاوانە ناکێشم کە بەڕاستی خۆشم دەوێن.. تەنیا وێنەی شتێک دەکێشم کە ئەوانە بگەیەنێ.. دەرکەوتنی.. بەردانەوەی قژی.. دامێنی کراسی ژنێک.. یان پارچە زێڕێکی. ئەو ووردەکاریانەی کە دوای دابڕانیش بیر ناچنەوە. ئەوەی کە بێئەوەی بەتەواوەتی پەردە لە ڕووی داماڵێ، پێیت دەگەیەنێ.. چونکە نیگارکێش وێنەگرێکی فۆتۆگراف نییە دوای ڕاستییەکان بکەوێت.. ئامێری وێنەگرتن لە ناخیدایەو، لە شوێنێکی واشدا حەشاردراوە خۆشی نەزانێ، هەر بۆیەش نیگار بە چاوی ناکێشێ، بەڵکو بە بیروخەیاڵ و.. شتی دی دەیکێشێ.
کە چاوت لە ئافرەتێک بڕیبوو کاڵی قژی تەواوی تابلۆکەی گرتبۆوەو، جگە لە سووراوی لێوە گوناهبارەکەی، شوێنی بۆهیچ شتێکی دی نەهێشتبۆوە، ووتت:
- ئەی ئەم ئافرەتە.. بۆچی تابلۆیەکی بەو ڕادەیە واقعیانەت بۆ کێشاوە؟
پێکەنیم و ووتم:
- ئەوە ئافرەتێکە واقعیانە نەبێ ناکێشرێت..
- ئەی بۆچی ناوی "لێبوردن"ت لە تابلۆکەی ناوە؟

ـ چونکه تا داوای لێبوردن له خاوەنەکەی بکەم کێشاومه..

ناکاو بەشێوە زمانێکی فەرەنساییانە، وەك لێی توورەبووبیت، یان غیرە نهێنییەکەت ڕێکەوتنەکەی پێشوومانی سڕیبێتەوە، ووتت:

ـ بەهیوام بەم لێبوردنەت قایلبووبێ.. چونکە بەڕاستی تابلۆکە جوانە.

ئەمجا بە نەختە خۆهەڵقورتاندنێکی ئافرەتانەوە لەسەری ڕۆیشتی:

ـ بەڵام ئەمە بۆ جۆری ئەو تاوانە دەگەڕێتەوە کە بەرامبەریت کردووە!

لە یەکەم چاوپێکەوتنماندا، هیچ ئارەزوویەکی گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو تابلۆیەم بۆت نەبوو. دەترسام بەسەرهاتەکە بۆ پێوەندی نێوانمان یان تێڕوانینمان خراپبێ. بۆیە هەوڵم دا خۆ لەقسەکەت بدزمەوە، نەکو بەفێڵ بۆ ڕوونکردنەوەی زیاترم بەکێشکەیت و، پێداگرتنی زۆر وەستانەکەی بەردەم خودی ئەو تابلۆیەشت پشتگوێخەم.

بەڵام.. دەکرێ بەرگەی خۆهەڵقورتاندنی ئافرتێک بگری کە پێ لەسەر زانینی شتێک داگرێ؟

وەڵامم دایتەوە:

ـ ئەم تابلۆیە بەسەرهاتێکی تارادەیەك خۆشی هەیە، لایەنێکی ئاڵۆزیو خلتە کۆنەکانم نیشان دەدا، ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەش لێرەبێ.

بۆ یەکەمینجار کەوتمە گێڕانەوەی بەسەرهاتی ئەو تابلۆیەی ڕۆژێکیان، کە لە قوتابخانەی هونەرەجوانەکان ئامادەبووم، کێشام، ناوبەناو بە داوای هەندێك لە مامۆستایانی برادەرم، وەك چۆن بەشێك لە نیگارکێشانی دی بۆ چاوپێکەوتنی قوتابیان و هونەرمەندی ئارەزومەند بانگهێشت دەکەن، منیشیان بانگهێشت کرد تا لە کۆڕێکی پێوەند بە وێنەوە ئامادەبم.

بابەتی ئەو ڕۆژە کێشانی وێنەی مۆدێلی ئافرەتێکی ڕووتبوو. کاتێك سەرجەم قوتابیان لە گۆشەی جیاجیاوە خەریکی کێشانی لەشەکەبوون، من ئەوکات بە حەپەساوی بیرم لە بە توانایی ئەوان دەکردەوە، کە لە ڕووی سێکسییەوە بێلایەنانەو، وەك دیمەنێکی سروشتی یان گوڵدانی سەر مێزێك، یان پەیکەری گۆڕەپانێك بکێشن، بە سەرنجێکی جوانی و هیچی دی نیگارەکەیان دەکێشا.

دیارە، من تەنیا پەشۆکاوی دانیشتنەکە بووم. چونکە یەکەمینجاربوو ئافرەتێکی ڕووت ببینم کە لەبەر تیشکی ڕووناکیدا جێگۆڕکێ بەخۆی بکات و، خۆڕسکانە بێشەرم کردن بەبەر ئەو دەیان چاوەوە لەشی خۆی نیشان بدات، ڕەنگە هەر بۆ شاردنەوەی شڵەژاوییەتییەکەم کەوتبمە وێنەکێشان.

بەڵام پەڕەمووچەکەم، کە ئاڵۆزی و خلتەی پیاوێکی وەچەکەی خۆمی تیادابوو، لە شەرمان، یان لەخۆ بەزلزانینەوە، نازانم، کێشانی وێنەی ئەو جەستەیەی ڕەتدەکردەوەو.. نیگاری شتێکی دی دەکێشا، ئەویش دواجار ڕووی کیژەکە دەرچوو کە لە گۆشەی لای منەوە دەبینرا.. دانیشتنەکە کۆتاییهات و، ئافرەتەش، کە یەکێک بوو لەقوتابییەکان خۆی پۆشتەکردەوە و، ئاساییانە بە سەرماندا دەگەڕا تا بە چاوی خۆی چۆنێتی وێنەکێشانەکەی هەر یەکەمان ببینێ، پێم سەیربوو کە لەبەردەم تابلۆکەی مندا ڕاوەستا، منیش لە دەموچاوی بەولاوە شتێکی دیم نەکێشابوو. وەک لە تابلۆکەدا سووکایەتی بە لەشی کرابێ، بە جۆرێک کەوتە قسە کە سەرزەنشتییەکی کەمی تێکەڵبوو: "هەر ئەمەم پێبەخشیت؟" منیش بۆخۆشی ووتم: "نەخێر زۆر سەرسامت کردم، بەڵام من لە کۆمەڵگایەکم هێشتا کارەبا نەگەیشتۆتە کۆلانەکانی دەروونی. تۆ یەکەمین ئافرەتی بەمجۆرە لەبەر ڕووناکیدا ببینم، ئەگەرچی من وێنەکێشێکی کارامەشم.. ببوورە. فلچەکەشم لە خۆم دەچێ، ئەویش ڕقی لە بینینی ئافرەتێکە بە ڕووتی لەگەڵ خەڵکی تردا ببینێت.. جا با لە کۆڕێکی نیگارکێشیشدابێ!"

بەحەپەساوییەوە گوێت بۆ شلکردبووم، وەک ناکاو پیاوێکی تری وات تیادا دیبێتمەوە کە داپیرەت باسی نەکردبێت. لەپڕێکا شتێکی نوێ لەچاوتا بەدیدەکرا، سەرنجێکی تەماوی، شتێک لە غیرەی ئەنقەست.. ڕەنگە هۆکەشی غیرەیەکی ژنانەبێ لە ئافرەتێکی نەناس، ئافرەتێک ڕۆژێک سەرنجی پیاوێکی ڕفاندبێ کە تا ئێستاش بەلای تۆوە ئەو بایەخەی نەبێ.

چێژم لەو هەڵوێستە سەیرەت وەردەگرت کە بە ئەنقەست نەمکردبوو. بەختیاربووم بەو شکستییەی بێدەنگییە ناکاوەکەی وورووژاندی و، ئەو کەمە سوورییەی کوڵمەکانتی گرتەوە، وای لێکردی لە تووڕەییدا هەر دووچاوت زەقبن. پاشماوەی بەسەرهاتەکەشم بۆخۆم گلدایەوە.. پێم ڕانەگەیاندیت کە ئەم بەسەرهاتە دووساڵ لەمەوبەربووەو، خاوەنەکەشی کاترینە و، دەشبوا دواتر داوای لێبوردنێکی ترم لە لەشی بکردایەتەوە.. داواکەشمی بە ڕادەیەک ڕەت نەکردەوە ئێستاشی لەسەربێ لێم نەبێتەوە!

ئەمڕۆ بەنەختە تەوسێکەوە، ئەو وەرچەرخانە ناکاوەم بیردێتەوە کە بە دوای باسکردنی تابلۆکەمدا پێوەندییەکەمانی گرتەوە.. بەڕاستی دونیای ئافرەت سەیرە! پێموابوو کە پێوەندییە نهێنییەکەی "حەنین"ی یەکەمین تابلۆمت بەخۆتەوە زانی ئیتر خۆشتویستمایە. تابلۆیەک لە تەمەنت و

پێناسەکەتدا هەبێ. کەچی ئەوەتا بەهۆی تابلۆیەکی تری ژنێکی دییەوە پێوەند پێمەوە دەبی، کە بە هەڵە بیری لێدەکەیتەوە!

یەکەم ژوانمان نیوەڕۆ کۆتاییهات.

وام هەستدەکرد جارێکی تریش پێتبگەمەوە.. ڕەنگە سبەینێ بێ، هەستم کرد لە سەرەتای شتێکماندابین و، هەردووکیشمان پەلەمانبێ. هێشتا زۆر مابوو کە نەمان درکاندبێ، بگرە هەر هیچیشمان نەووتبوو. ئێمە تەنیا یەکترمان بە باسێکی چاوەڕوان نەکراوەوە لە خشتەدەبرد. ئێمە، ساکارانە یان ژیرانە هەمان یاریمان پێکەوە دەکرد، بۆیە زۆرم پێ سەیر نەبوو لە خواحافیزیتا لێتپرسیم:

- سبەی بەیانی لێرە دەبیت؟

وەک یەکێک وەڵامم دایتەوە کە گرەوێکی بردبێتەوە:

- بێگومان.

ووتت:

- کەواتە سبەی نزیک هەمان کات دێمەوەو، کاتی زیاتریشمان بۆ قسەکردن دەبێ. ئەمڕۆ هەر نەمانزانی کاتەکەمان چۆن لێڕۆیشت..

لە بارەی قسەکانتەوە هیچم نەووت. دەمزانی دڵمان نەبێ هیچ پێوەرێکی دی بۆ کات نییە. بۆیە تا دڵ لەخۆشییەکەوە بۆ خۆشییەکی دیو لە سەرسوڕمانێکەوە بۆ یەکێکی دیمان هەڵنەبڕێ، کاتەکە باڵمان پێناگرێ.. هەر بۆیەش لە قسەکانتا داننانی شادییەکی نهێنی هاوبەشم دەبینی.. بۆیە چاوەڕوانی دووبارە بوونەوەی بووم.

بیرمە ئەو ڕۆژە کە لای دەرگای هۆڵەکەوە خواحافیزیم لێدەکردی، پێمووتی:

- سبەی کتێبەکەتت بیرنەچێ.. دەمەوێ بتخوێنمەوە.

بە سەرسامییەوە ووتت:

- بۆ عەرەبی دەزانیت؟

ووتم:

- بێگومان.. بەچاوی خۆت دەیبینی.

ووتت:

- کەواتە دەیهێنم..

ئەمجا بە زەردەی نازێکی ژنانەی خۆشەویستانەوە، لەسەری ڕۆیشتی:

- چونکە سووری لەسەر ناسینم.. منیش لەو خۆشییە بێبەشت ناکەم!

بێئەوەی بەتەواوەتی لە مەبەستەکەت بگەم، دەرگاکە بەدوای ئەو بزەیەتدا داخرا.

هەر بەو نادیارییە تەماوییەی پێوەی هاتی، ڕۆیشتیشی.. ڕێک هەرخۆی. منیش لەبەردەم ئەو دەرگا شووشەییەدا مامەوەو، کە تێکەڵ بە هەنگاوی هاموشۆکەران دەبوویت و جارێکی تریش وەک ئەستێرەیەکی ڕاکردوو وندەبوویت، پیاتدا ووردەبوومەوە.. بەدەم کەمە ووڕییەکیشەوە دەمپرسی..

بەڕاست بڵێی بەیەکگەیشتبین؟!

* * *

کەواتە بەیەکگەیشتین..

ئەوانەی ووتیان "هەر کێو بەکێو ناگات".. هەڵەبوون.

ئەوانەش کە پردیان لە نێواندا دروستکرد، تا بێخۆنووشتانەوە یان لە بڵندی کەوتن، تەوقە بکەن.. هیچ لە یاساکانی سرووشت نازانن.

کێو لە بوومەلەرزەو هەژانە گەورەکانی زەویدا نەبێ بەیەک ناگەن، ئەوساش تەوقە ناکەن، بەڵکو دەبنە خۆڵێک.

کەواتە بەیەکگەیشتین..

ئەو زەوی هەژانەی چاوەڕوانی نەبووین ڕوویدا، یەکێکمان گڕکانێک و، منیش قوربانی.

ئەی ژنە کارامەکەی ئاگرخەرەوە. ئەی کێوە گڕکانی ڕاماڵەری هەموو شتەکانی سەر ڕێگای و، سووتێنەری ئەو دواشتەی خۆم پێگرتبۆوە.

ئەو هەموو شەپۆلە گڕە سووتێنەرەت لەکوێ هێنا؟. چۆن ئەو خاکە کڵپەسەندووەی ووریا نەکردەوە، کە بە لێوی ئافرەتێکی شەیدای قەرەج دەچوو.

چۆن ووریای سادەیی‌و بێفیزییە درۆینییەکەت نەبووم، وانەیەکی کۆنی جوگرافیام بیرە، دەڵێ: "چیاگڕکانییەکان بێلووتکەن، کێوانێکن ئاسایی وەک گرد.." جا بڵێی گرد ئەم هەموو شتانەی لە باردابێ؟

سەرجەمی پەندە میللییەکان لەو ڕووبارە بێزەڕە ووریامان دەکەنەوە کە بە ئارامییەکەی هەڵدەخەڵەتێین و پیایدادەپەڕینەوەو، ئەویش لووشمان دەدا. ئەو چڵە پچووکەی هەر ئاوڕیشی لێنادەینەوە.. هەڵدەچەقێتە چاومان و کوێرمان دەکات.

زۆربەی پەندەکان بەزۆرترین شێوەزمان پێمانی ڕادەگەیەنن "وورپای ئارامییەکەی بە" کەچی هەموو ئاگادارکردنەوەکان ڕێی گەمژەییە زیاترەکەمانمان لێناگرێ، بۆیە مەنتقی شەیدایی لە دەری گەمژەیی‌و شێتی نابێ. تا شەیدایشمان گەورەتربێت گەمژەیەتیمان زیاتردەبێ.

ئەی ـ برناردشۆ ـ نالێ "ئەو کاتە بزانە شەیدایت کە ڕەفتارەکانت دژ بە بەرژەوەندی خۆتبن!".

یەکەم گەمژەیەتیم، گەریدەئاسایەک ڕەفتارم لەگەڵدا دەکردی کە بۆ یەکەمینجار سەری ـ سقلیە ـ بدات و، بەرەو گڕکانی ـ ئیتنا ـ ڕاکاو، نوێژ بۆ ئەوە بکات تا گڕکانی بەچاوێک نووستوو لە خەو هەستێنێ‌و، بەبەرچاوو.. سەرسامی ئەوگەڕیدانەی ئامێری وێنەگرتنیان بەکۆڵەوەیە، دورگەکە نوقمی ئاگرکات.

با لاشەی گەریدەکانیش کە بوونە خۆڵێکی ڕەش، شایەتبن کە هیچ شتێک لەو گڕکانە جوانترنییە، کە بەدەم باوێشکەوە چی ئاگروبەردی ناوی هەیە دەرپەڕێنێ‌و، لە چەند ساتێکیشە پانتاییە بەرینەکان لووشدات.

سەیرکەڕیشی، هەمیشە تووشی جۆرە بکێشێکی موگناتیسی وابێتەوە.. بە شتێک لە ئارەزووی بلێسەئاگرەکە بچێ‌و، ڕاپێچی لێشاوە گڕەکەشی بکات و، لە ئاستیا بحەپەسێ. هەوڵی بیرکەوتنەوەی هەموو ئەوشتانەشی بێت کە سەبارەت بە قیامەت خوێندوێتییەوەو، گەمژەیەتی شەیداکەشی بیرچێتەوە، کە کاتی قیامەتەکە.. تیاچوونی خۆی دەبینێ!

کاولکارییەکەی دەوریشم شایەتی ئەوەم بۆ دەدەن کە، تاسەرئێسک خۆشمویستی و، حەزم لێتبوو.. تا دوا سووتان. باوەڕیشم بە "جاک بریل" هێنا کە دەڵێ "سووتماک هەیە گەنمێکی وات پێدەبەخشێ کە مانگی نیسان لەو پەڕی بەخشینیدا نەتداتێ". گرەوم لەسەر بەهاری ئەم ووشکە تەمەنەو، نیسانی ئەم نەهاتە ساڵانەکرد.

ئەی ئەو گڕکانەی چیم بە دەورەوەبوو ڕاتماڵی.. زیادەڕۆییەکەی بەسەر شێتی گەریدەو شەیداو هەموو ئەوانەدا دەمکرد کە پێش من خۆشیانویستی، شێتێتی نەبوو.. ماڵەکەم بۆ لای دامێنت دەگوێزمەوەو، بیریشم لە بەرپێی گڕکانەکانتا دادەنێم و، پاشان لە ناوەندی ئاگرەکاندا دادەنیشم.. تا نیگارت بکێشم.

ئەوە شێتی نەبوو.. کە پەنابردنە بەر هەواڵەکانی کەشوهەواو، کارەساتە سروشتییەکان ڕەتکەمەوەو، خۆم قایلکەم کە لەوان زیاترت لە

بارەوە دەزانم. کاتی خۆی لەبیرم چوو کە مەنتق لە شوێنێکدا کوتایی دێ خۆشەویستی لێوە دەست پێبکات، هەرچییەکیش لەبارەتەوە دەزانم پێوەندی نە بە مەنتق و نە بە زانیارییەوە هەیە.

کەواتە کێو بەیەکگەیشت و.. ئێمەش بەیەکتر.

چارەکە سەدەیەک لەو لاپەڕە سپییە بەتاڵانەی لێت پڕنەبوون.

چارەکە سەدەیەک لەو ڕۆژە چوونیەکانەی لە چاوەڕوانیتا بەسەرم بردن.

چارەکە سەدەیەک بەسەر یەکەمین بەیەکگەیشتنی پیاوێک کە من بووم و، منداڵێکیش کە لە کۆشمدا گەمەی دەکرد، تۆبوویت.

چارەکە سەدەیەک دوای ئەو ماچەی لە بری باوکێک کە نەیدیبووی، لە کوڵمی منداڵیتم کرد.

منێکی کەم ئەندام کە لەشەڕێکی لەبیرکراودا باڵێک و، لە شارە داخراوەکانیشدا دڵی جێهێشت..

بە بیرما نەدەهات کە تۆ ئەو شەڕەبیت لاشەمی لەسەر جێبهێڵم و، ئەو شارەشبیت بیرمی تیادا خەرجکەم.. ئەو تابلۆ سپییەشی کە فڵچەکەم، تا وەک تۆ بە کچێنیو.. بە مەزنێتی بمێنێتەوە، لە ئاستیا واز لەنیگارکێشی بێنێ. سەرلاجەم دژەکانیش لە ڕەنگەکەیدا هەڵگرێ.

ئەمە هەمووی چۆنچۆنی ڕوویدا؟ نازانم.

ڕۆژگار لە ژوانێکەوە بۆ ژوانێکی دی هەڵدەبڕین، خۆشەویستیش لە هەنسکێکەوە بۆ هەنسکێک، منیش بێچەنوچون خۆم بەدەست خۆشەویستییەکەتەوە دەدا.

خۆشەویستییەکەت قەدەرم بوو..ڕەنگە لەناوبەریشم بووبێت، جا بۆ هێز هەیە خۆی لەبەردەم قەدەردا بگرێ؟

دەکرێ بڵێم چاوپێکەوتنەکانمان ڕۆژانە دووپاتدەبۆوە، هەر لەهەمان هۆڵدا ڕۆژانەو لە سەعاتی جیاجیادا یەکترمان دەبینییەوە، ڕێکەوتیش وابوو کە پیشانگاکانم لەگەڵ پشووی نیوەی ساڵانی قوتابخانەکاندا دەکرانەوە. تۆش هێندەت کات هەبوو کە ڕۆژانە سەرم بدەیت. چونکە زانکۆت نەبوو.

هەر ئەوەندەت لەسەربوو سووکە فێڵێک لە خەڵکی دی بکەیت، ڕەنگە زیاتریش لە کچە ئامۆزاکەت، تا هیچ بیانوویەکی بۆ لەگەڵ هاتنتا نەمێنێ.

هەمووجار کە خواحافیزیم لێدەکردی لەخۆمەوە دەمووت "تا سبەی":
بڵێی، کە ڕۆژانە زیاتر هۆگری یەکدی دەبووین، گەورەترین گەمژەییمان کردبێ. ڕەنگە هەر لەبەر بەتەمەن لە تۆ گەورەتریم، هەستکەم هەر خۆم لەو دڵدارییە دەگمەنەو لێژبوونەوە خێرایەی بەرەو خۆشەویستییەکی سامناکێ دەیبردین، بەرپرسیارم.
بەڵام هەموو هەوڵم بۆ ڕاگرتنی ئەو تاڤگەیەی، ڕۆژانە بەهێزی خۆشەویستییەکی پەنجاساڵی بۆلای تۆی ڕادەماڵیم، بە شێتی خۆشەویستییەکی پەنجاساڵی، بە تامەزرۆیی پیاوێک پێشتر خۆشەویستی نە چەشتبێ، بێهوودە بوو.
خۆشەویستییەکەت بە هەرەتی لاوێتییەکەی ڕایدەماڵیم و، بەرەو دوورترین خاڵی ناژیرێتی تلۆری دەکردمەوە.. ئەو خاڵەی، لە کۆتاییەکەیدا خەریکە شەیدایی لە شێتی یان لە مەرگ بکەوێت..
کاتێک لەگەڵ تۆدا بەرەو ئەو قووڵاییەی ناخم شۆڕدەبووینەوە، ئەو ڕێچکە نهێنیانەی خۆشەویستیو تامەزرۆییەی، بۆ ئەو پانتاییە دوورەی خواریخوارەوە کە هیچ ژنێکی دی پێش تۆ نەیگەیشتبویە، هەستم دەکرد منیش بەرەبەرە بە پەیژەی ڕەوشتدا شۆڕدەبمەوە، بێئەوەی بە خۆم بزانم نکولیم لەو پەندە دەکرد کە بە توندی بڕوام پێهێنابوو، تەمەنێکی تەواویش دەستم لێبەر نەدابوو.
بەلای منەوە ڕەوشت شتێک بوو پەرت نەدەکرا، لە فەرهەنگی خۆشما جیاوازییەک لە نێوان ڕەوشتی سیاسیو، ڕەوشتەکانی دیدا نەبوو.. لەوەش بەئاگابووم کە من، لەگەڵ تۆدا، کەوتبوومە نکولیکردنی یەکێکیان تا بەوی دییان قایلتکەم.
ئەوکاتە زۆر پرسیارم بەبیردا دەهات..
بڵێی کە لەو هۆڵەی بە تابلۆو بیرەوەرییەکان ڕازابۆوە، پێکەوە بە جووتە دانیشتنێکی نیمچە بێهەڵەمان دەکرد، ناپاکی بووبێت لە ڕابردوو؟
بڵێی ناپاکی لەگەڵ پیاوێکدا بکەم کە ئازیزترین و شەرەفمەندترین و جوامێرترین و ئازاترین و بەئەمەکترین کەس بووبێت ناسیبێتم؟
بڵێی ناپاکی لە سی تایەری سەرکردەو هاوڕێو برادەری هەموو تەمەنم بکەم. یادی پیسکەم و تاکە گوڵی تەمەنیو.. دوا سپاردەکەیی لێبدزم؟
دەکرێ هەموو ئەوانەت بەناوی ڕابردووەوە لەگەڵدا بکەم، لەکاتێکدا خۆشم باسی ڕابردووت بۆ دەکەم!

جا بەڕاست.. من لەو دانیشتنانەی کە بە دووروودرێژی باسی ئەوم بۆ دەکردی، شتێکم لێدەدزیت؟.

نەخێر.. هەرگیز شتێکی وا لەگۆڕێدا نەبوو، هەمیشە مەزنی ناوەکەیم بیربوو. لە یەککاتدا پێتەوەی گرێدەدام و لێشتی جویدەکردمەوە. هەر لەیەککاتدا هەم پردو هەم لەمپەریشبوو..

ئەوکاتە تاکە خۆشیم، دانانی کلیلی بیرم بوو لات. والاکردنەوەی دەفتەرە زەرد داگەڕاوەکانی ڕابردوومبوو بۆت، تا لەبەردەمتا پەڕە.. پەڕە بۆتی بخوێنمەوە. کە گوێم لە دەنگی خۆم دەبوو وەک بۆ یەکەمینجار لەگەڵتا چیرۆکەکان ببینمەوەو بۆتیان بگێڕمەوە.

بێدەنگ لامان ئاشکرادەبوو کە بەشێوەیەکی ترسناک یەکدی تەواو دەکەین. من ئەو ڕابردووە بووم کە تۆ هیچت لەبارەوە نەدەزانیو، تۆش ئەو ئێستا بێبیرە بوویت و، من هەوڵی داگرتنی بەشێکی قورساییە کەڵەکە بووەکەی سالانێکم بوو، لاتی دانێم.

تۆ وەک ئیسفەنج بۆش و منیش وەک دەریا قووڵ و بارگران.

هەموو ڕۆژێک زیاتر لێم پڕدەبوویت..

ئەوسا نەمدەزانی چەنێکم لێبەتاڵبوایەتەوە ئەوەندە لێت پڕ دەبومەوە و، بەو ڕابردووەی پێشم دەبەخشیت، دەمکردیتە کۆپییەکی خۆم. تا وامان لێبێ، هەڵگری بیرێکی هاوبەش، ڕێگاو کۆلانێکی هاوبەش، خۆشیو ناخۆشی هاوبەشبین. هەردووکمان پێکەوە پەککەوتەی جەنگبووین و، قەدەریش لە پانتاییەکیدا داینین کە ئەوی پێی بلێی بەزەیی تیایدانەبێ، هەر یەکەشمان بە زامی خۆمانەوە بۆی دەرچووین.

زامەکەی من ئاشکراو ئەوەکەی تۆ لەناخدا شارەوەبوو. باڵی من و، منداڵێتی تۆیان بڕییەوە. ئەندامێکیان لە لەشی من کردەوە.. باوکێکیشیان لە ئامێزی تۆ دەرکێشا.. هەردوکمان لاشەی جەنگ بووین.. دوو پەیکەری تێکشکاوی ناو پۆشاکی جوان نەبێ چیدی نەبووین.

ئەو ڕۆژەم بیرە کە بۆیەکەمینجار داوای باسکردنی باوکتت لێکردم. بە کەمە پەشۆکاوییەکەوە دانپیادەنێم کە سەردانەکەت هەر بەو نیازەبوو. دەنگت پەستییەکی بەفیزو.. کەمە تالاوێک کە بۆ یەکمجار لام ئاشکرابوو. ووتت:

- شەقامێکی گەورە بەناوی باوکمەوە، کە ڕۆژانە ڕێبوارو غەوارەکان چەند جارێک لەبەردەما ناوی بەرن و منیش قورسایی ناوەکەی هەڵگرم. چ

سوودێکی هەیە. کە منیش لەوان زیاتری لە بارەوە نەزانم و، کەسێکیشیان تیا نەبێ بەڕاستی باسیم بۆ بکات سوودی چییە؟

بە سەرسووڕمانەوە پێمووتی:

ـ جا بۆ، هەر بۆنموونە مامت هیچی لەبارەیەوە بۆباس نەکردوویت؟

ووتت:

ـ مامم، بۆ ئەوە کاتی نییە.. خۆگەر باسیشیم بۆبکات، قسەکانی لە ووتارێکەوە نزیکدەبێ کە لەڕێکردنی مردوویەکدا باسی قارەمانێتییەکانی براکەی بۆ خەڵکی نەناس بکات، وا بۆ من نادوێت کە باس لە پیاوێکە، پێش هەموو شتێک باوکم بێ..

ئەوەی حەزدەکەم سەبارەت بە باوکم بیبیستم، ئەو ڕستە ئامادەکراوانە نین کە بۆ پیاهەڵدانی پاڵەوانان و شەهیدان، لە گشت بۆنەیەکدا سەبارەت بە هەموویان دەووترێنەوە، وەک مەرگ ناکاو سەرجەم شەهیدەکانی چونیەک لێکردبێ‌و، هەموو بوبێتنە دانەیەکی ئەسڵی.

حەزدەکەم شتێک لە بارەی بیرکردنەوەیەوە بزانم.. هەندێک لە ووردەکاری ژیانی.. هەڵەو چاکەکانی.. خواستە نهێنییەکانی.. بەزینە شاراوەکانی. نامەوێ کچی ئەفسانەیەکبم، ئەفسانە داهێنانێکی یۆنانییەکانە. دەمەوێ کچی پیاوێکی ئاساییبم بە بەتواناییو بێتواناییەوە، بە سەرکەوتن و نشوستییەکانییەوە. چونکە ژیانی هەموو پیاوێک نووچدان و بەزینی تیادایە، کە ڕەنگە هەر ئەوانیش هۆی سەرکەوتنێکی دی بووبن.

جۆرە بێدەنگییەک لە نێوانماندا باڵی کێشا..

سەرنجم دەدایت و نوقمی ناخی خۆشم دەبووم. بەدوای سنوورێکدا دەگەڕام کە نووچدان و سەرکەوتنەکانمی لەیەکتر جوێکردایەتەوە. لەو ساتەدا من پێغەمبەرێک و، تۆش خواوەندێکی ئیغریقی نەبووین.. هەر دووکمان پەیکەری چوارپەلشکاوی کۆنە ئاسەوارێک بووین، کە بە ووشە هەوڵی چاکردنەوەی پارچەکانیان بەن. کە تۆ داڕووخاوییەکەی ناخی خۆتت هەڵدەچنییەوە، من گوێم لێدەگرتی.

ووتت:

ـ جار هەیە هەستدەکەم کچی تەنیا ژمارەیەکبم، ژمارەیەکی ناو ملیۆن و نیوێکی دی. ڕەنگە هەندێکیان گەورەتر یان پچووکتربن، لەوانەشە ناوی هەندێکیان بە خەتێکی ترو پچووکتر یان گەورەتر نووسرابێتن، بەڵام هەر هەموویان ژمارەی بەسەرهاتێکن.

لەسەری ڕۆیشتی:

- کە باوکم ناوێکی گەورەی بۆ جێهێشتبم، هیچ ناگەیەنێ. کارەساتێکی بە قەدەر قوورسایی ناوەکەی بۆ جێهێشتووم، براکەشم ترسی هەمیشەیی لە کەوتن و، ژیانێکی پڕخولیای سەرنەکەوتنی بە میرات بۆ ماوەتەوە، لەبەرئەوەی کوڕە تاقانەی تایەر عەبدولمولایە نابێ لە قوتابخانەو ژیاندا سەرنەکەوتوویێت. چونکە هێماکان نابێ تێکشکێن. ئاکامەکەشی، دەستی لە خوێندنی زانکۆ هەڵگرت و، لە زەمانێکدا کە خەڵکی دی بە ملیۆن پارە کەڵەکەدەکەن، ئەو گەیشتۆتە ئەوەی لەسەریەکدانانی بڕوانامە بە بێهوودە دابنێت. ڕەنگە ڕاستبێت، چونکە ئەمڕو بڕوانامە دواشتە کە بە فرمانێکی باشت بگەیەنێ.

برادەرانی دەرچووی پێشخۆی دەبینی، کە یەکسەر دەکەوتنە ناو بێکاران یان فەرمانبەرانێکی مووچەو خەون دیاریکراوەوە، بۆیە بڕیاری بازرگانێتی دا، ئەگەرچی پشتگیری بۆچوونەکەی دەکەم، بەڵام کە براکەم لە هەڕەتی لاوییدا، ببێتە بازرگانێکی پچووک و دووکانێک و لۆرییەکی بار، کە وەک کوڕە شەهیدێک دراوێتێ، بەڕێوەببات، پەستدەبم. پێموانییە باوکم چاوەڕوانی دواڕۆژێکی وای بۆ کردبێ!

بۆکەمکردنەوەی بێزارییەکەت، قسەکەتم پێبڕیت:

- ئەم دواڕۆژەشی بۆ تۆ چاوەڕوان نەدەکرد. لە خەونەکانی ئەو دوورتر ڕۆیشتی، تۆ میراتگری هەموو خواست و بنەماسەرەکییەکانی بوویت. پیاوێک بوو زانست و زانیاری پەرست و، شەیدای زمانی عەرەبی، خەونی بە جەزائیرێکەوە دەبینی پێوەندیی بەو خەرافات و نەریتە پڕوپووچەوە نەبێ کە وەچەکەی خۆیی ماندوکردو لەناویشی برد. ئەمڕۆ، تۆ لەوە بەئاگانیت کە بەختێکی نائاسایی وات هەبێ، نیشتمانێک دەرفەتی ڕۆشنبیربوونت بۆ بڕەخسێنێ و، بتوانی بخوێنیو کار بکەیت و تەنانەت بشنووسیت..

بە سووکە تەوسێکەوە وەڵامتدایەوە:

- ڕەنگە بە ڕۆشنبیرێتییەکەم یان زانستەکەم قەرزارباری جەزائیربم، بەڵام نووسین شتێکی دیە منەتی کەسی تیادانییە. ئێمە بۆیە دەنووسین تا ئەوانەی لە کیسمان چوون و ئەوانەشی ناکاو لێمان دزران، بگێڕینەوە.. من وام پێباشتربوو کە منداڵێتییەکی ئاساییو ژیانێکی ئاساییم هەبێ، وەک هەموو کەسێکی دی باوک و خێزانم هەبێ، نەک کۆمەڵێ کتێب و گورزەیەک

دەفتەر. باوکم بووە موڵکی هەموو جەزائیر، بەڵام تەنیا نووسین هی خۆمەو.. کەسیش لێـمی زەوت ناکات!

قسەکانت کاسیان کردم. پڕ لە هەستی ناکۆکیان کردم. پەستیکردم، بەڵام نەیگەیاندمە ڕادەیەکێ بەزەییم پێتدابێتەوە. ئافرەتی ژیر بەزەیی نابزوێـنێ. تەنانەت لە دڵگرانیشیا بەدڵبوون دەهەژێـنێ. من تۆم بەدڵبوو، بە زامە سەربەرزەکەتەوە، بەو شێـوازەتەوە کە لە بەرەنگاربوونەوەی ئەم نیشتمانەدا بزوێـنەربوو. بە خۆم دەچوویت، منێـک کە تا دەستەکەی ترم بێـنمەوە بە دەستێـک نیگارم دەکێـشا. وام پێباشتربوو کە بە دوو باڵەوە پیاوێکی ئاسایی بوومایە، تا شتە ئاساییەکانی ڕۆژانەم بکردایە، نەکێ بە تاکە باڵێـکەوە ببمە بلیمەت و، لە وێـنەو تابلۆ بەولاوە شتێـکی دیم پێـنەکرێـت.

خەونم وا نەبوو کە ببمە بلیمەت یان پێـغەمبەر یان هونەرمەندێکی ڕەتکەرەوەو ڕەتکراوە. خەباتم بۆ ئەوە نەکرد. خەونم بۆ بوونی ژن و منداڵ بوو، بەڵام ڕۆژگار ژیانێـکی تری بۆخواستم، بوومە باوکی منداڵی خەڵکیو مێـردی تاراوگەییو فڵچە.. خەونەکانیشیان بڕیمەوە.

پێـمووتیت:

- کەس نووسینت لێـزەوت ناکات.. چی لە ناخماندایە بۆ خۆمانەو دەستی کەسی پێـناگات.

ووتت:

- بەڵام ئەو بۆشاییانەی لێـدەرچێ کە بە سەرە مقەستی ڕۆژنامەکان.. بە هەواڵەکان و، ئەو کتێـبە ساکارانەی هیچ شتێـک بە منیانەوە نابەستێـتەوە، سیخناخە، چی دیم لە ناخدا نییە.

ئەمجا وەکێ بەدزییەوە خواحافیزیم لێبکەیت درێـژەت بە قسەکانت دا:

- ئەزانی بۆچی نەنکمم لە هەموو کەسێـکی دی خۆشتردەویست.. تەنانەت لە دایکیشم؟ چونکە تەنیا کەسبوو کاتی باسکردنی هەموو شتەکانی بۆم هەبێ.. بێـئەوەی کەس پێـببڵێ دەگەڕایەوە بۆ ڕابردوو، وەکێ نەیەوێ لێـی دەرچێ. ڕابردوو پۆشاکی بوو.. نان و ئاوی بوو.. بە بیستنی گۆرانییەکانیشی نەبوایە خۆشحاڵ نەدەبوو.

لەو ڕۆژگارەی خەڵکێ خەونی بە داهاتووەوە دەبینی ئەو ڕابردووی لە خەونا بوو. بۆیە بێـئەوەی پێـببڵێـم زۆرجار باسی باوکمی بۆ دەکردم، جوانترین شتی ڕابردووی ژنێـتییە بەسەر چووەکەی بوو. لە باسکردنی ماندوو نەدەبوو، وەکێ بە ووشە بیگێـڕێـتەوەو ئامادەی کات. بە ناسۆری

دایکێکیشەوە دەیکرد کە تاهەتایە لەکیسچوونی نۆبەرەکەی بیرنەچێتەوە.. لە قسەی ئەو دایکەش زیاتری بۆ نە دەکردم کە باس لە کوڕی خۆی بکات. تایەر قۆزترین کەس و.. نایابترینیان بوو.. ئەو ڕۆڵە بە ئەمەکەی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە یەک ووشە دڵی نەشکاندبوو.

نەنکم ڕۆژی سەربەخۆیی بەجۆرێک دەگریا وەک هەرگیز نەگریابێت. لێمپرسی "دایە.. جەزائیر سەربەخۆبووە ئیتر تۆ بۆ دەگریت؟" ووتی: "جاران چاوەڕوانی سەربەخۆییم دەکرد تا تایەرەکەم بێتەوە، ئەمڕۆ زانیم کە ئیتر هیچ نەما چاوەڕێیبم".

کە باوکم مرد نەنکم، وەک لەو چیرۆکە خەیاڵیانەی شۆڕشدا هەیەو دواتر خوێندمنەوە هەلهەلەی نەکێشا. لە ناوەندی خانووەکەدا وەستاو بە کوڵ گریاو بەسەری ڕووتەوە هەڵدەبەزییەوەو بەناسۆرێکی سەرەتاییانەوە یەکبینە دەیووت "تاقانەکەم.. جەرگەکەم.. تایەر گیان بۆکێت جێهێشتم.. هەموو لایەکت لەدوو دەگەڕێین".

دایکیشم بێدەنگ دەگریاو هەوڵی هێورکردنەوەی نەنکمی دەدا، منیش، بێئەوەی بزانم کە بۆ پیاوێک دەگریم چەند جارێک نەبێ نەمدیوە.. پیاوێک کە باوکم بوو، بە هەردووکیاندا دەمڕوانیو فرمێسکم هەڵدەڕشت.

بۆچی باسکردنی "دایە زەهرە"ت هەمیشە ئەو سۆزە شاراوانەم تیا دەووروژێنێ، کە پێشتر جوان و گەرموگوڕبوون، کەچی ناکاو وەک گریان بە سوێن؟

هێشتا ئادگاری ئەو پیرەژنە چاکەم لەبەرچاوە کە هێندەی خۆشەویستی من بۆ ئەو خۆشیدەویستم و منداڵیو ساواییم لە هامشۆی نێوان ماڵی ئەو و خۆماندا بەسەربرد. ئەو ژنە ڕێگایەکی لە خۆشەویستندا گرتبوو، دواتر زانیم شێوازێکی هاوبەشی سەرجەم دایکانی لای خۆمانە. بە خواردن خۆشیدەویستی، لەبەر تۆ خواردنێکی ئامادە دەکرد حەزت لێیبوایەو هەر بە خواردنیش دوات دەکەوت، نان و شیرینیو شتی تازە بە تازەی بۆ دادەنایت و هەر کە لە دروستکردنی بوایەتەوە لەبەردەمتی دادەنا.

لەو وەچە ژنەبوو کە ژیانیان بۆ چێشتخانە تەرخان دەکرد، ژیانی جەژن و زەماوەندیان میواندارییەکی خۆشەویستیبوو، لەناو شتە بەخشندەکانیشیاندا زیادەی ژنێتیو.. سۆزو برسێتییە نهێنییەکەشیان بە خواردن نەبێ بەهیچی دی بۆ دەرنەدەبڕا.

ڕاستییه‌که‌ی ڕۆژانه زیاتر له‌خوانێـک خواردنیان.. بۆ زیاتر له خاوه‌نێـک ده‌داو.. که‌چی شه‌وانه که‌س هه‌ستی به‌و برسێتییه‌یان نه‌ده‌کرد که له دێـرزه‌مانه‌وه به‌میرات بۆیان مابۆوه.. دره‌نـگ ڕاستییه‌که‌م زانی، ئه‌و ڕۆژه‌ی خۆم دییه‌وه ـ ڕه‌نگه بۆ ئه‌مه‌کی ئه‌وانیش بووبێـت ـ ژنێـکم خۆش نه‌ویستبێ که له‌سه‌ر خواردنی ئاماده‌کراو بژی‌و، له‌شی لێـده‌رچێ میوانداریيه‌کی تری پێـنه‌کرێ!

کاتێـک له‌و بیره‌وه‌ریانه هه‌ڵده‌هاتم تا له ڕووشانی منداڵییه دووره‌که‌م ده‌ربازبم، لێـمپرسیت:

ـ ئه‌ی دایکت.. تۆ هیچ باست بۆ نه‌کردم، دوای مردنی سی تایه‌ر چۆن ده‌ژیا؟

ووتت:

ـ که‌م باسی باوکمی ده‌کرد.. ڕه‌نگه له‌ناخه‌وه گازانده‌ی له‌و که‌سانه بوبێـت که دایان به‌و، چونکه بۆ شه‌هیدێکیان گوێـزایه‌وه نه‌ک بۆ پیاوێـک..

پێـشوه‌خت له چالاکییه سیاسییه‌کانی به‌ئاگابوو، ده‌شیزانی دوای گواستنه‌وه‌ی ئه‌و ده‌چێـته به‌ره‌ی جه‌نـگ و، ژیانی نهێـنیشی ده‌بێـت و، ناوه‌ناوه به دزییه‌وه نه‌بێ سه‌ری ناداته‌وه، دووریش نییه لاشه‌که‌ی بێـته‌وه، ده‌ی که‌واته ئه‌م زه‌ماوه‌نده بۆ؟ به‌ڵام هه‌ر ده‌بوا زه‌ماوه‌نده‌که بکرایه، بۆنی ڕێـککه‌وتنێـکی لێـده‌هات. چونکه که‌سوکاری شانازییان به خزمایه‌تییه‌که‌ی "سی تایه‌ر عه‌بدولمولی" ی خاوه‌ن ناو و سامانه زۆره‌که‌یه‌وه ده‌کرد. ئیتر چی تێـدایه که دایکم ژنی دووه‌م یان بێـوه‌ژنی ئاینده‌ی بێـت. ڕه‌نگه نه‌نکم زانیبێـتی بۆ شه‌هیدبوون چاوی هه‌ڵهێـناوه، بۆیه به‌سه‌ر پیاوچاک و شێـخی دنیادا ده‌گریا، تا کوڕه‌که‌ی وه‌جاخکوێـر نه‌بێ.. ڕێـک چۆن که خۆی سکی به‌و پڕبووه چۆته سه‌ریان و داوای لێـکردوون سکه‌که‌ی کوڕبێـت..

لێـمپرسیت:

ـ له‌کوێـوه ئه‌م هه‌موو به‌سه‌رهاتانه‌ت زانی؟

ووتت:

ـ له‌و و..له دایکیشمه‌وه. پێـشبینی بکه کاتێـک سکی به باوکم پڕبووه له قسنتینه مه‌زاری (سه‌یدی محمد الغراب)ی به‌رنه‌داوه، ته‌نانه‌ت خه‌ریکبووه له‌وێ بیبێ.. هه‌ر بۆیه‌ش به پیرۆزی ئه‌وه‌وه ناوی (محمد تایه‌ر)ی لێـناوه.. ئه‌مجا هه‌ر به‌و پیرۆزییه‌ی ئه‌وه‌وه مامیشمی ناوناوه (محمد شه‌ریف). دواتر

زانیم کە نیوەی پیاوانی ئەو شارە ناوەکانیان وایەو.. خەڵکی ئەو شارە بایەخێکی زۆر بەناو دەدەن و، زۆربەشیان ناوی پێغەمبەران یان پیاو چاکانیان لێنراوە. هەر ئەوەشبوو کە ناوی "سیدە"شی بە پیرۆزی "سیدە منوبیە"وە بەسەر مندا بڕیبۆوە، کە لەتونس هەموجارێک بە مۆم و قاڵی‌و نزاوە، هاموشۆی نێوان مەزاری ئەوو مەزاری (سیدی عومەر الفایاش)ی دەکرد، ڕەنگە بیستبێتت، کە ئەم پیاوچاکە بە ڕووتوقوتی ژیاوە.. هەر ئەوەش وای لە دەستەڵاتدارانی تونس کرد کە بە زنجیرێکی ئاسن کۆتیکەن تا وەک کردبووی بەخوو بەڕووتی لە ماڵ دەرنەچێ.. بەو جۆرە بەکۆتکراوی دەژیاو، لە ژوورێکدا دەخولایەوەو دەیقیژاند، لەو ژنانەشی زیاتر لێنەبوو کە پێشبڕکێیان بۆچوونە زیارەتی دەکرد، هەندێکیان بۆ پیرۆزی و بەشێکیشیان بۆ سەیری دەعبا ڕووتەکەی‌و.. ژنە لەچکبەسەرو خۆهەڵقورتێنەرەکانیش لافی خۆ داپۆشینی درۆینانەیان لێدەدا، سەردانیان دەکردا!.

بە پێکەنینەوە لێمپرسیت:

- تۆش چوویت؟

ووتت:

- بێگومان.. پاشتر لەگەڵ هەریەکەیاندا بەجیا چووم، زیارەتی "سیدە منوبیە"ش کرد، کە خەریکبوو بەناوی بکرێمەوە ، دایکم لەو کارەساتە ڕزگاریکردم و، چاوەڕوانی باوکم بوو، کە دوا بڕیاری ناونانی بەدەستە، ئەویش بڕیاریدا "حەیات"م ناولێنێ، ئەگینا وەختابوو بەناوی بکرێمەوە.

لە ئاست ئەم ووشەیەدا دڵ وەستا.. بیرم بەرەودوا کشا. زمانیش، کە ڕێک دوای چارەکە سەدەیەک ناوەکەی دەرپەڕاند، کەوتە تەتەڵەو پرسیارەکەم پەشۆکانتی:

- پێتخۆشە بە "حەیات" بانگتکەم؟

بە سەرسوڕمانەوە ووتت:

- بۆچی.. ناوە ئەسڵییەکەمت بەدڵنییە.. بۆ ئەوە خۆشتر نییە؟

ووتم:

- بەڕاستی خۆشترە.. بەرادەیەکە کاتی خۆی بەلامەوە سەیربوو چۆن باوکت بیری لە ناوێکی وا کردۆتەوە. بۆ یەکمجار کە لێم بیست و لە ژیانیشیدا شتێکی وای نەبوو تا ناوێکی وا جوانی بداتێ.. بەڵام واش پێمخۆشە "حەیات"ت پێبڵێم، ڕەنگە ئەمڕۆ هەر من و دایکت ئەم ناوە بزانین. دەمەوێ وەک ووشەیەکی نهێنی لە نێوانماندابێت، تا بەوە

پێوەندییە دەگمەنەکەمانت بیربێتەوە، بەوەشدا کە.. بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبیتە کچم.
پێکەنیت.. ووتت:
- دەزانی تۆ هەر لەسەردەمی شۆڕشدا دەژیت، بۆیە هەستدەکەیت بەر لە خۆشویستنم ناوێکی بزووتنەوەیم بدەیتێ. وەک بەوە بمهاویتە کاری نهێنییەوە.. دەبێ چ ئەرکێکم بۆ دیاری کەیت؟
منیش لای خۆمەوە بەسەرنجەکەت پێکەنیم، ڕاستییەکەشیم بەلاوە سەیربوو. بڵێی وات لێهاتبێ بەو ڕادەیە بمناسیت؟
ووتم:
- گوێبگرە ئەی کیژە شۆڕشگێڕە تازە پیاکەوتەکە، دەبێ چەند تاقیکردنەوەیەک هەبێ تا ئەرکێکی پێشمەرگایەتی بە یەکێک بسپێرین. بۆیە لەیەکەم قۆناغدا بە لێکۆڵینەوەو، زانینی ئامادەییە تایبەتییەکانت دەست پێدەکەم!

* * *

ئەوسا هەستمکرد، کاتەکەی لەبارە، کە ئیتر چیرۆکی دوا ڕۆژی خۆمی بەرەت بۆ باسکەم، ئەو ڕۆژەی سی تایەر بۆ یەکەمینجار ناوەکەتی لا درکاندم، لە خواحافیزیما ڕایسپاردم گەر بە زیندوویی گەیشتمە تونس ئەوا لە بری ئەو ناونووست کەم.
ئەو شەوەی سنووری جەزائیرو تونسم بە جەستەیەکی تایاوی‌و باڵێکی خوێن لێچۆڕاوەوە بڕی‌و، بەدەم ووڕێنەی "تا"کەشەوە لەبەرخۆمەوە، یەکبینە ناوەکەتم دەووتەوە، ئەو ناوەی کە لەنێو ماندوێتی‌و خوێن لێڕۆیشتنما، وەک ناوی دوائەرک بێ‌و سی تایەر ڕایسپاردبم، بمەوێ دوا داوای بەجێبێنم و، خەونە هەڵاتووەکەی بگرمەوەو، ناوێکی ڕەواو ڕەسمیت پێببەخشم.. ناوێک پێوەندی بە خەرافات و پیاوچاکانەوە نەبێت ..
ئەو ڕۆژەم بیرە کە بۆ یەکەمینجار لەشەقامی توفیق لە تونس ڕاوەستام و لە دەرگای ماڵەکەتانم دا. هەموو شتەکانی ئەو سەردانەم زۆر بەووردی لە بیرە، وەک پێشوەخت ئەوەی لەگەڵ تۆدا بۆم دەنووسرا بیرم خوێندبێتییەوە، پانتاییەکی باشم بۆ گلدابۆوە.

لەو پایزە ڕۆژەی مانگی ئەیلوولدا، لە بەردەم دەرگا ئاسنینە کەسکەکەتاندا وەستام، بەر لەوەی دوای چەند ساتێك کە بەلای منەوە زۆربوو، (دایە زەهرە) دەرگاکەم لێبکاتەوە.

تا ئێستاش ئەو هەنسکەی سەرنجەکەیم بیرە، وەك چاوەڕوانی کەسێکی دی بێت.

حەپەساوانە لەبەردەما ڕاوەستا، لە پالتۆقاوەییە مەلوولەکەم و ڕووە باریکە زەردداگەڕاوەکەم وورد دەبۆوە. سەرنجی لەو تاکە بالە گیرکرد کە قوتووە شیرینییەکەی گرتبوو، لە بالە بەتالەکەی تریش کە یەکەمینجارە بەشەرمەوە خۆی لە گیرفانی پالتۆکەدا حەشاردا.

بەر لەوەی هیچ بلێم چاوی پڕ لە فرمێسك و، تەنانەت پێشئەوەی بیر لە بانگهێشتنی ژوورەوەم بکات دای لە پرمەی گریان.

نووشتامەوە ماچی بکەم.. بە شەیدایی ئەو سالانەی تیایدا چاوم پێی نەکەوتبوو.. بەو شەیداییەی کوڕەکەی پیایدا ناردبووم.. بە شەیدایی (دایە) کە دوای دوو سالونیو بە جەرگسووتانەکەی ڕانەهاتبووم..

- دایە زەهرە چیتە؟

کە لە ئامێزیگرتم و لێپرسیمەوە گریانەکەی بەکولتر بوو..

- کوڕەکەم تۆ چی دەبینی..؟

بلێی گریانەکەی لە خۆشی بینینەکەی من، یان لە دلتەنگی ئەو حالەی من و، لەتاو ئەو قۆلەم بێ کە بۆیەکەمینجارە بە بڕراوەیی دەیبینێ.. بلێی گریانەکەی بۆ ئەوەبێ کە پێیوابوو کوڕەکەی بێو کەچی چاوی بە من کەوت.. یان هەر بۆ ئەوەبێ یەکێك لە دەرگاکەی داوەو، خۆشیو، چەند هەوالێکی بۆ مالێك پێیە، کە ڕەنگە چەند مانگێك بێ پیاو سەری پیا نەکردبێ؟

- بەخێرهاتی.. کورم وازبێنە واز..

کە بۆ دواجار دەرگاکەی والاکردەوەو فرمێسکی سڕی وای ووت.

ئەمجا کە پێشم کەوت و بەدەنگی بەرز دووپاتی کردەوە "وازبێنە.. واز.."، وەك ئاماژەیەك بێت بۆ دایکت، کە ئەویش هەر کە گوێی لە قسەکانبوو ڕایکردو تەنیا دامێنی کراسەکەیم لە پێشمەوە بینیو، بەپەلە خۆی لەو دیو دەرگایەکدا شاردەوە، کە قایم پێوەی دا.

ئەو ماڵەم خۆشدەویست.. بە تووڵی ئەو دارمێوەیەوە کە بە دیواری باخچە پچووکەکەیدا هەڵدەگەڕاو، پیایدا درێـژدەبۆوەو ئەو هەموو هێـشووە ڕەشەی بە ناوەندی خانووەکەدا شۆڕ دەکردەوە.

داری یاسەمینە هەڵچووەکە، وەک ئافرەتێکی خۆهەڵقورتێـنی ناو چوار دیواری لە ماڵ بێـزار، سەری لە دیواری دەرەوە دەرکردبوو بە ڕووداوو، ئەو هاموشۆکەرانەدا دەیڕوانی کە بۆ گوڵ هەڵپچڕاندن.. یان گرد کردنەوەی یاسەمینە وەریوەکان هانیدەدان و.. بۆن و بەرامەی خواردنەکەیان، دڵنیایی‌و گەرمییەکی نادیاری وای دەبەخشی نەتوانی جێـی بێـڵی.

”دایە زەهرە“ بۆ ژوورێـکی ناوەندی خانووەکە پێـشمکەوت و یەکبینەش دەیووت:

ـ دانیشە کوڕم.. دانیشە..

کە قوتووە شیرینییەکەی لێـوەرگرتم لەسەر سینییەکی خڕی مسی سەر مێـزە تەختەکە داینا وای دەووت.

هەر ئەوەندەی لەوشوێـنە سۆفیانەیەو لەسەر زەوییەکە دانیشتم لە لایەکی ژوورە پچووکەکە وەک بووکە شووشەیەک بەدیارکەوتی، خێـرا بە گاگۆڵکێ بەرەو قوتووە سپییەکە بوویتەوەو ویستت ڕایکێـشیتە سەر زەوییەکەو بیکەیتەوە. پێـشئەوەی من خۆم لەکارەکەت هەڵقورتێـنم ”دایە زەهرە“ قوتووەکەی لێـسەندیت و بردییە شوێـنێـکی دیو دەیووت:

”لەشت ساغبێـت کوڕم.. خالید کوڕم بۆچی خۆت ماندوکرد.. بینینی خۆت هەموو شتێـکە..“

دیسان، کەتۆ بەرەو ئەو تەختەیە بوویتەوە کە جلی لەسەر ووشک دەکرایەوەو لە شێـوەی گومەزێـکی پچووک لەسەر بنکەیەکی قورس دانرابوو، جلە ووردە سپییەکانی بەسەردا بڵاوکرابۆوە تا ووشکبنەوە، دەنگی لێـکردیتەوە.. ئەمجا بە دوو هەنگاوی شپرزە لەمن نزیک بوویتەوەو بە دەستە ووردیلەکانت هانات بۆ هێـنام.

ئەو ساتەی تاکە دەستەکەمم بۆ گرتنت درێـژکرد، هەستم بە گەورەیی نەهامەتییەکەم کرد. نەمدەتوانی بە تاکە دەستێـکی پەشۆکاوەوە بتگرم و لە دەستم دەرنەچیت تا لە باوەشتگرم و یاریت لەگەڵدابکەم.

سەیرنییە کە یەکەم پێکگەیشتنمان یەکەم تاقیکردنەوەو یەکەمین گریم بێو، لەوەتەی بوومەتە یەک دەست.. ئەویش هەر دە ڕۆژێکبێ..! لە گرانترین تاقیکردنەوەو لەسەر دەستی تۆدا ببەزم.

"دایە زەهرە" بە سینییە چاو قاپێک "تەمینە"وە هاتەوە:

ـ کوڕم خالید بەسەری خۆت پێمبڵێ.. تایەر چۆنە؟

هێشتا دانەنیشتبوو ئەوەی ووت.. پرسیارەکەی تامی فرمێسکی لێدەهات. ناسۆری پرسیارێکیش لە دەمیدا ببووە پەلاس لە وەلامەکەی بترسێ.. کەوتمە دڵنەواییکردنی. پێمراگەیاند کە من لە بندەستی ئەودابووم و ئێستا لە ناوچە سنوورییەکانەو تەندروستیشی باشەو بەلام لەم ڕۆژانەدا، بە هۆی ناهەمواری بارودۆخەکەو بەرپرسێتی زۆری خۆیەوە ناتوانێ بێتەوە.

پێم نەووت ڕۆژانە شەڕەکە گەرمتر دەبێو، دوژمن بڕیاریداوە گەمارۆی ناوچە شاخاوییەکان بدا، تا بە فڕۆکە چاودێری هەڵسوکەوتمان بکات، گشت دارستانەکان دەسووتێنێو.. مستەفا بن بولعیدو کۆمەڵێک سەرکردەو تێکۆشەر گیراون و بڕیاری لە سێدارەدانی 30 کەسیان دراوەو، منیش لەگەڵ کۆمەڵێک بریندارو پەککەوتەدا، کە هەر لە ڕێگا دووانیان لێمرد، هاتووم چارەسەری خۆم بکەم..

دیمەنم لەوە زیاتری پێراگەیاند کە ژنێک لەو تەمەنەدا بەرگەی بگرێت، کەوتمە گۆڕینی باسەکە.. ئەو پارانەم دایە کە سی تایەر پیایدا ناردبووم و، بەپێی ڕاسپادەکەشی داوای لێکردبوو دیارییەکی بۆتۆ پێبکڕێت، بەڵێنیشم دایە کە زوو سەربدەمەوە تا بە ڕەسمی بەو ناوەت کەمەوە کە بۆی هەڵبژاردبوویت و، دایە زەهرە بەزەحمەت و کەمێک سەرسوڕمانەوە، بەلام بێهیچ قسە لەسەر کردنێک دەیووتەوە. چونکە بۆ ئەو سی تایەر هەرچییەکی بووتایە بە پیرۆزی دادەنا.

ناکاو وەک بزانیت قسەکان باسی تۆن، بە ئەژنۆمدا هەڵزنایت و لەپڕ منداڵئاسا لە خۆتەوە لە کۆشما دانیشتی، ئەو ساتە منیش خۆم پێنەگیراو بە تاکە دەستەکەم لە ئامێزم گرتی.. وام بەخۆوە نووساندی، ڕێک وەک ئەو خەونە لە ئامێزگرم کە باڵەکەی ترم لە پێناودا دانا، وەک ترسی هەلاتنتم هەبێت و بەوەش خەونەکانی ئەو پیاوە لە دەستدەم کە هێشتا بە لە ئامێزگرتنت شاد نەببوو.

لەناو فرمێسک و خۆشیو ئازارو سەرجەم ناکۆکییەکانمدا، لەبری سی تایەر و ئەو هاوڕێیانەی لە چوونە بەرەیانەوە چاویان بە منداڵەکانی خۆیان

نه‌که‌وتبوو، له‌بری ئه‌وانه‌ی تریش، ئه‌وانه‌ی خه‌ونیان به ساتێکی ئاسایی واوه ده‌بینی، که له‌بری تفه‌نگ ئه‌و منداڵانه له باوه‌شگرن که له دایکبوون و له ناکاوێکیشدا گه‌وره‌بوون، که‌وتمه ماچکردنت.

ئه‌و ڕۆژه بیرمچوو له‌بری خۆم ماچتکه‌م.. هه‌ر له‌بری خۆشم له‌به‌رده‌متا تێر بگریم. له‌بری ئه‌و پیاوه‌ی دوای چاره‌که سه‌ده‌یه‌ك له‌سه‌ر ده‌ستی تۆدا ده‌بمه پیاو. بیرمچوو پێشوه‌خت له ته‌نیشت ناوه‌که‌ته‌وه ناوی خۆم بنووسم و.. پێشوه‌ختیش داوای بیرت لێبکه‌م و.. هه‌ر پێشوه‌خت داوای ساڵانی ئاینده‌شت بکه‌م و.. ته‌مه‌نیشت بۆخۆم دانێم و، ئه‌و ساڵژمێره‌ش ڕاگرم که به‌ره‌و بیستوحه‌وت ساڵانی به‌کێشده‌کردم و.. تۆش پێت ده‌نایه حه‌وته‌مین مانگته‌وه!

بیرمچوو تاهه‌تایه هه‌روا له‌باوه‌شمدا گلتده‌مه‌وه، یاری بکه‌یت و شته‌کان تێکوپێکده‌یت و، قسه‌ی واشم بۆبکه‌یت که نه‌من و.. نه خۆشت هیچیان لێ تێبگه‌ین.

که به‌کورتی چیرۆکه‌که‌م بۆ ده‌گێڕایته‌وه‌و، به ئه‌نقه‌ستیش وورده‌کارییه په‌رشوبڵاوه‌که‌یم بۆ خۆم گلده‌دایه‌وه، یه‌کجار چییه قسه‌ت پێنه‌بڕیم.

ته‌نیا بۆ ڕۆژی 15ی ئه‌یلولی 1957 که تیایدا وه‌ستام تا له تۆمارگه‌ی ڕه‌سمیدا دوا ناوت بنووسم، هه‌ڵوێسته‌ت کرد.

هیچ پرسیارێکت بۆ ڕوونکردنه‌وه لێنه‌کردم، ئه‌وکاته یه‌ك ووشه چییه سه‌باره‌ت به‌و چیرۆکه که پێش من که‌سی دی بۆی نه‌گێڕابوویته‌وه، له ده‌مت ده‌رنه‌چوو. ڕه‌نگه ئه‌و چیرۆکه به‌لای که‌سی دییه‌وه هه‌ڵوێسته‌ی هه‌ڵنه‌گرتبێ.

به‌ووریی‌و بێده‌نگییه‌کی ترسناکه‌وه گوێت لێگرتبووم. هه‌وری فیز به‌ری نیگاتی لێگرتم.. بۆ یه‌که‌مینجار له‌به‌رده‌مما گریایت، تۆیه‌ك که هه‌ر له‌و شوێنه‌دا زۆر له‌گه‌ڵما پێکه‌نی بوویت.

بڵێی هه‌ر ئه‌وساته "په‌ی"مان به‌وه بردبێ، که پێکه‌نینه‌که‌مان بۆ فێڵکردن له ڕاستییه جه‌رگبڕه‌که بووبێ، بۆ شتێك که به‌دوایدا وێڵ نه‌بووبین و، له‌هه‌مان کاتیشدا دوامان خستبێ؟

له تارمایی فرمێسکه‌وه پیامدا ده‌ڕوانیت.. ئه‌و ساته حه‌زم ده‌کرد به تاکه قۆڵه‌که‌مه‌وه به جۆرێك له ئامێزم بگرتیتایه، که هیچ ئافره‌تێك و، هیچ خه‌ونێکم وا له ئامێزنه‌گرتبێ. که‌چی وه‌ك دووکێوی به‌فیز، که پردێکی نهێنی سۆزو شه‌یدایی‌و.. هه‌ورێکی زۆری نه‌باری‌و پێکیان

بگەیەنێت، من لە شوێنی خۆم و تۆش لەجێگەی خۆت، بەرامبەر بەیەك مابنەوە.

ووشەی پرد ڕایگرتم و، ئەو تابلۆیەم بیرهاتەوە، وەك گرنگترین بەشی چیرۆکەکەم بیرکەوتبێتەوە، بۆ تۆو ڕەنگە بۆخۆشم بگێڕایەتەوە، بەڵکو بڕوام بەسەیرییەکەی بهێنایە. وەستام و ووتم:

- وەرە با شتێکت نیشاندەم.

بێپرس دوامکەوتی.

لە بەردەم ئەو تابلۆیەدا وەستام، پێمووتیو تۆش بە سەرسوڕمانەوە گوێت لێگرتبووم:

- دەزانی.. ئەو ڕۆژەی کە بینیمی لە ئاست ئەم تابلۆیەدا وەستایت، لەو یەکەمین ڕۆژەدا، موچوڕکەیەك بە لەشماهات. هەستمکرد جۆرە نزیکییەك لە نێوان تۆو ئەم تابلۆیەدا هەبێ کە نەمدەزانی چییە.. بەڵام لێی دڵنیابووم، بۆیە وا هاتم کە سڵاوت لێبکەم و بەڵکو ئەمە خوایە هەڵەی بۆچوونەکەم.. یان ڕاستییەکەیم بۆ دەرکەوێت.

بەسەرسوڕمانەوە ووتت:

- جا بۆچوونەکەت ڕاستبوو؟

- سەرنجی مێژووی تابلۆکەت نەداوە؟

کە لە خوارییەوە چاوت بۆ دەگێڕا، وەڵامت دایەوە:

- نەخێر..

ووتم:

- لە ڕۆژی لەدایکبوونی ڕەسمیتەوە نزیکە.. تۆ تەنیا دوو هەفتە لەم تابلۆیە گەورەتریت. گەر بتەوێ جمکی خۆتە!

بەسەرسامییەوە ووتت:

- سەیرە.. هەمووی سەیرە!

بەشێوەیەك بە تابلۆکەدا دەتڕوانی وەك بۆ خۆت بگەڕێیت، ووتت:

- ئەمە "قەنتەرەی الحبال" نییە؟

وەڵامم دایتەوە:

- لە قەنتەرە زیاترە.. قسنتینەیە. ئەوەش نزیکایەتییەکی ترە کە بەم تابلۆیەت دەبەستێتەوە.

ئەو ڕۆژەی ئەمدیوی هۆڵەکەبوویت قسنتینەش لەگەڵتا بە ژوورکەوت.

له شۆخییەکەتدا.. له ڕۆیشتنەکەتدا.. له شێوەی قسەکردنەکەتدا.. له بازنەکەی دەستتدا.. به ژوورکەوت.

کەمێک بیرتکردەوەو ئەمجا ووتت:

ـ ئا.. مەبەستت "پێوەرەکەیه".. جاروبار به بۆنه له دەستی دەکەم.. بەڵام قورسه ئازاری مەچەکم دەدا.

ووتت:

ـ چونکه هەمیشه بیر قورسه. "دایه" چەند ساڵێک لەسەریەک له دەستی کردو، گلەیی له قورسییەکەشی نەبوو. که مردیش هەر له مەچەکیابوو.. ئەوە هەر خووە.

گازاندەم لێنەکردی. ناسۆرێک له دەنگمابوو، بەڵام هیچم پێنەووتی. تۆ لەوەچەیەکی هەڵگرتنی هەموو شتێکت بەلاوە زەحمەتبێ. هەر بۆیه کراسەکۆنه عەرەبییەکانیش کورتبوونەوەو گۆڕران به کراسی سەردەمی یەک یان دوو پارچەیی. خشڵه کۆنه قورسەکانیش، کرانه خشڵی سووکی وا که خێرا بەخۆوەکرێو لێشکرێتەوە. مێژوو و بیریش کورتکرانەوەو له کتێبەکانی قوتابخانەدا بوونه یەک یان دوو لاپەڕەیەک و، له شیعری عەرەبیشدا یەک یان دوو ناوێک.

سەرزەنشتت ناکەم، ئێمه له وولاتانێکداین له بۆنەکاندا نەبێ بیر ناپۆشێ، لەم دەنگوباسەوە بۆ ئەو دەنگوباس. هەرکه گلۆپەکانیش کوژێنرانەوە و، وێنەگران کشانەوە، ئەوەندە نازانی، وەک چۆن ژنێک بەرگی خۆ ڕازاندنەوەکەی دادەکەنێ، ئەمیش ئاوا لەخۆیی دەکاتەوە.

وەک پاکانه بۆ هەڵەیەک بکەیت که به ئەنقەست نەتکردبێ، ووتت:

ـ ئەگەر دەتەوێ لەبەر تۆ بازنەکه له دەست دەکەم.. پێتخۆشه؟

قسەکەتم بەلاوە سەیربوو. هەڵوێستەکە، ئەگەرچی لەخۆوە هات، بەڵام تا ڕادەیەک ناسۆربوو، ڕەنگه گاڵتەجارییەکی ناسۆراویش بوبێت.

لێرەدا باوکێتیمم نیشاندایت، تۆش بۆمن دایکێتی. تۆیەک که دەکرا کچم بویتایه، کەچی بێئەوەی بەخۆ بزانم بویته.. دایکم!

دەکرا ئەو ساته به ووشەیەک وەڵامم بدایتایەوەو، گشت ناکۆکییەکانی ئەو هەڵوێستەمانم بۆ کورت کردیتایەوە، هەموو سۆزه توند و.. سەرکێشەکانیشم بۆ کورت کردیتایەوە. کەچی شتێکی ترم درکاند.

ووتم:

ـ ئەوەم پێخۆشه، خۆشحاڵیش دەبم گەر بۆ خۆتی له دەستکەیت.

دەبێ بزانیت کە تۆ هیچ لەو ڕابردووە تێناگەیت کە بە دوایدا وێڵیت، لە بیری باوکێکیش ناگەیت کە نەتناسیبێ، تا لە هەموو نەریتەکانی قسنتینە نەگەیت و پێوەی نەلکێیت. ئێمە بە سەیرکردنی کارتێکی پۆست.. یان تابلۆیەکی زەیتی لەمجۆرە بیری خۆمان بۆ نابینرێتەوە.

کاتێک دەیبینینەوە کە دەستمانی لێبکەوێ، لەبەری کەین و پێوەی بژین.

هەر بۆنموونە ئەو بازنە، کە ناکاو پێوەندییم لەگەڵیا بووە پێوەندییەکی دڵداری. بێئەوەی بە خۆ بزانم بیرم لە هێمای دایکێتی کردەوە. ئەو ڕۆژەی لە دەستتا بینیم بۆم دەرکەوت، خۆ دەکرا لەدەستت نەکردبا. ئەوسا هەموو ئەو هەستانەی لە ناخما تەقاندنییەوە بەنووستوویی لەرێچکەکانی بیرچوونەوەدا دەمانەوە. ئێستا تێگەیشتی.. کە هەندێجار بیریش پێویستی بە بەئاگاهێنانەوەیە؟

چەند گەمژەبووم.. بێئەوی بەخۆم بزانم، زەبەلاحێکی لە ناخما بەئاگا هێنا کە سالانێکبوو خەوتبوو. منیش لە "تا"ی شێتێتییەکەمدا لە کیژێکەوە بە شارێکم دەکردیت. تۆش بە ووشیاری قوتابییەک گوێت بۆ دەگرتم و، قسەکانیشت وەک یەکێک لێوەردەگرتم کە لە دانیشتنێکی خەونی موگناتیسیدا، فرمان و ڕێوشوێنی خەولێخەرەکەی وەرگرێت و ئەویش خۆی چۆنی بوێت وای لێبکات.

ئەو ڕۆژە توانای ڕامکردن و دەست بەسەراگرتنی ئاگرە سووتێنەرەکەتم بۆ دەرکەوت.

لە دڵی خۆمدا بڕیارمدا بتکەمە شارێکی بڵند.. سەرکەش، ڕەسەن.. قووڵ، کە کورتە بالاو ڕێگران نەتگەنێ.

سزای بوونە قسنتینەیەکی دیم بەسەردا دایت..

سزای شێتبوونیشم بەسەر خۆمدا دا.

* * *

ئەو ڕۆژە کاتێکی زۆرترمان پێکەوە بەسەربرد..کە جوێش بووینەوە بارگرانی هەژانی دەروونی بووین، بە هەڵچونی توندیش، کە لەماوەی ئەو چوار سەعاتەدا پێکەوە دواین بارگە کرابووین. جاروبار لەناو فرمێسکی خۆباییماندا و هەندێ جاریش لەناو بێدەنگییە ترسناکەکەماندا درێژەمان بە قسەمان دەدا.

بەختیاربووم، ڕەنگە لەبەر ئەوەبووبێ کە یەکەمینجارە بەگریانەوە ببینم. ڕقم لە خەڵکی بێفرمێسکبوو، چونکە ئەوان یان توانایان لە ڕادە بەدەرە.. یان زۆڵ و درۆزنن. جا لە هەر دوو باردا ڕێزلێگرتن ناهێنن.

تۆ تاکە ئافرەت بوویت کە بمەوێ لەگەڵیا پێبکەنم و بگریم.

ئەوەش نایابترین شتبوو کە ئەو ڕۆژە پێمزانی.

چاوپێکەوتنی یەکەمجارمانم بیرهاتەوە، ئەو چاوپێکەوتنەی هیچ ڕێوشوێنێکمان بۆ گاڵتەکردن تیادا دانەنا. ئەوساکە پەندێکی فەڕەنساییم بیرکەوتەوە کە دەڵێت: "ئاسانترین ڕێگا بۆ بە دەستهێنانی ئافرەت خستنە پێکەنینێتی"، ووتم ئەوەتا بێخۆماندوکردن بردمەوە..

ئەمرۆ گەمژەیی ئەو پەندەم بۆ دەرکەوت کە هانی دەستکەوتی خێراو، سەرکێشی لاوەکیت دەداو گریانی ئەو ئافرەتەشی پێگرنگ نییە کە ڕەنگە سەرەتا پێکەنیبێت.

دوای نۆرە پێکەنینێک نەمبردیتەوە..

ئەو ڕۆژەی گوێت لە بەسەرهاتەکەی خۆت و خۆم گرت و لەبەردەمما گریایت، بردمیتەوە. ئەمجا ئەو ساتەی لە تابلۆکە وورد دەبوویتەوەو کاریگەرییەکی دیاریشت پێوە دیاربوو. ڕەنگە خەریکبوبێ ماچێکی ڕوومەتم بکەیت، یان لە ساتە سۆزێکی ناکاودا لە ئامێزیشم بگریت.. بەڵام نەتکرد.

وەک هەموو جارێکی دی، تەوقەمان کردو جیابووینەوە، هەر وەک لەوە ترسابین کە ماچە ئاساییەکەی ڕوومەتمان لێببێتە پڵیتەو گڕکانە خەوتووەکە ووریاکاتەوە.

بە بێدەنگی لە یەکتر دەگەیشتین. ئامادەییت پیاوەتیمی بەئاگادێناو، عەترەکەشت دەیبزواندم و بەرەو شێتێتی دەیبردم، چاوەکانیشت تەنانەت کاتی ناسۆر بارانیش چەکیان دەکردم.

دەنگت.. ئای کە دەنگتم لاخۆشبوو.. لەکوێت هێنابوو؟ چ زمانێکت هەیە؟ مۆسیقاکەشت چ مۆسیقایەکە؟..

سەرسامی هەمیشەییم و، بەزینە یەکالاکەم بوویت، دەکرا کچم بویتایە، تۆیەک کە بە مەنتق نەدەبوا لەوە زیاتر شتێکی دیم بویتایە.

بۆ بەرەنگاریت هەموو جار، لەمپەری تارماییم دەخستە نێوانمانەوە، وەک چۆن لەگۆڕەپانی پێشبڕکێدا لەمپەر دادەنرێن، بەڵام تۆ جوانویەک بوویت بۆ بەرەنگاری‌و گرەوبردنەوە خولقا بوویت. بەجارێک و، بە سەیرکردنێک بازت بەسەر هەر هەموویاندا دەدا.

سەرنجەکانت بەسەرما هاموشۆیان بوو، هەندێجار لێرەو.. جارجارەش لەوێ دەوەستان، تا وەك هەمووجارێکی دی لەچاوما یان لە قۆپچەی کراسەکراوەکەمدا بگیرسانایەتەوە.
جارێك کە زیاتر وورد دەبوویتەوە ووتت:
- شتێك لە زۆربات تیایە. شتێك لە بالای.. ڕەشتالییەکەیو.. قژە ژاکاوەکەی ئەوت تیایە. ڕەنگە تەنیا قۆزێتییەکەت لەو زیاتربێت.
وەلامم دایتەوە:
- دەتوانی ئەوەشی بۆ زیادکەی، کە لە تەمەنی ئەویشدام، لە شێتێتیو توندڕەوییەکەی ئەودابم و، لە ناخیشمدا شتێك لە تەنیاییەکەی.. لە دلتەنگی و سەرکەوتنەکانی هەیە کە یەکبینە دەبوونە بەزین.
بە سەرسامییەوە ووتت:
- ئەم هەمووەشی لەبارەوە دەزانی.. خۆشت دەوێ؟
وەلامم دایتەوە:
- ڕەنگە..
ووتت:
- دەزانی ئەو پیاوێکە لەهەموو کەس زیاتر کاری لە ژیانم کردووە؟
دانپیانانەکەتم بەلاوە سەیربوو.. بیرم لەوە دەکردەوە کە یان ئەوەتا زۆر لە بارەی پیاوەوە نازانی.. یان کتێبی زۆرت نەخوێندۆتەوە. پێشئەوەی هیچ بلێم بە گەرمییەوە ووتت:
- شێتێتیو هەلسوکەوتە چاوەڕوان نەکراوەکەیم بەدلە.. پێوەندییە سەیرەکەی بەو ئافرەتەوە .. فەلسەفەی لە خۆشەویستیو ژنهێناندا.. لە جەنگ و خواپەرستی، لەوانەش زیاتر شێوازی گەیاندنی هەستی بە دژەکەی. چیرۆکی کەرەزەکەیم بیرە، کە زۆری حەز لێدەکردو بڕیاریدا وازی لێبێنێ، ئەویش بەوەی کە هێندەی لێبخوات تا دەیهێنێتەوە. ئیتر دواتر وەك میوەیەکی ئاسایی لەگەلدا دەکرد. بەو شێوەیە وازی لەو شتانە دێنا کە بیزانیبا بۆتە کۆیلەی.
ووتم:
- ئەو چیرۆکەم بیر نییە..
ووتت:
- ئەی سەماکەیت بیرە کە لە ناوەڕاستی ئەو شوێنەی ناوی وێرانە جوانەکەی لێنا کردی؟ شتێکی سەرسووڕهێنە کە مرۆڤ بە شکستیو

نەهامەتییەکانی بگاتە ڕادەی سەما. لە بەزینیشدا جویدەکرایەوە، چونکە هەموو بەزینێک لەبەردەم هەمووانداا نابێ. دەکرێ خەونی لە نائاساییو، خۆشیو خواستی نائاساییشت هەبێ، تا بەو جۆرە سۆزەکەت بکەیتە دژی..

بە سەرسامیو خۆشییەوە گوێم بۆ ڕاگرتبووی. لەبری ئەوەی لەو "وێرانە جوانە"دا کە بە گەرمی باست بۆ دەکردم، کە ڕەنگە مەترسیم لە خووی سادی، یان ئەو ماسوشیەی ڕەنگە لە خۆتدا هەبێ، وایان لێکردم تەنیا بەرەو جوانی بیرەکەت بەکێشمکەن، بێ بیرکردنەوەیەکی زۆر ووتم:

- ڕاستە.. ئەوەی دەیڵێی جوانە. - ئەمجا بۆم زیاکرد - نەمدەزانی بەم ڕادەیە زۆربات خۆشدەوێ!

بە پێکەنینەوە ووتت:

- دان بەشتێکدا دەنێم لات.. ئەم چیرۆکە زۆر پەشۆکاندمی. ئەو ڕۆژەی خوێندمەوە لە یەک کاتدا هەستم بە خورپەیەکی خۆشیو پەستیش کرد. دەمویست پیاوێکی وام خۆشبوێ.. یان ڕۆمانێکی وام بنوسیبا، کە ئەوەش هەر نابێ، بۆیە تا بەشێوەیەک لە شێوەکان لێی چاک دەبمەوە هەر لێم نابێتەوەو بە دوامەوەیە.

بە گاڵتە ووتم:

- کەواتە خۆشحاڵ دەبم شتێکی لێکچوومان تیا بدۆزیتەوە، کە ڕەنگە بە تیرێک دوو نیشان بشکێنیو دوو ئاوات پێکەوە بەدی بێنیت.

بە سووکە شەیتانەتێکی نازدارەوە سەرنجتدام، ووتت:

- لەگەڵ تۆ دەمەوێ هەر ئاواتێکیانم بێنمە دی.

پێشئەوەی لێتبپرسم کامیان خۆت بەردەوام بوویت:

- شتێکت لەبارەوە بنووسم.

- ئاوا.. بۆچی..؟

- چونکە نامەوێ بتکوژم، پێت بەختیارم.. ئێمە ڕۆمان دەنوسین تا ئەو کەسانە بکوژین کە مانیان بێهوودەیە.. بۆ ئەوە دەنووسین کە لەکۆڵیان کەینەوە..

ئەو ڕۆژە، لەسەر دیدە "تاوانکار"یەکەی ئەدەبت زۆرم لەگەڵدا ووتی، لە جیابوونەوەشدا ووتم:

- دەکرێ یەکەم ڕۆمانت.. یان "یەکەمین تاوانت" ببینم؟!

پێکەنیت و وەڵامت دامەوە:

- بێگومان.. بەمەرجێک لێم نەبیتە لێکۆڵەرەوەیەکی تاوان یان لە چیرۆکەکەدا نەبیتە لایەن!

بڵێی پێشبینیت کردبێ چی چاوەڕێمەو، پێشوەختیش زانیبێتت لەمەودوا لەگەڵتا نابمە خوێنەرێکی بێلایەن.

ڕۆژی دوایی ڕۆمانەکەت بۆ هێنام. کاتێک کتێبەکەت بۆ درێژکردم ووتت:

- بەهیوام کە خوێندتەوە خۆشییەکی لێببینی..

منیش بە گاڵتەوە ووتم:

- بەهیوام ژمارەی قوربانییەکانت ئەو خۆشییەم لێتێک نەدەن!

بە هەمان شێوە تۆش وەڵامت دایەوە:

- نەخێر.. دڵنیابە.. چونکە من قینم لە گۆڕی بەکۆمەڵە!

چۆن ئەم دوا ڕستەیەتم بیرچوو..

ئێستا کە قسەکەتم بیردەکەوێتەوە، باوەڕدێنم کە ئەو چیرۆکە نوێیەی، گۆڤارو ڕۆژنامەکان پروپاگەندەی بۆ دەکەن، لە گۆڕێکی یەک کەسی تاکە پاڵەوانێک بەولاوە هیچی دی نییە، ڕەنگە ئەویش زیادبێت.. یان دووریش نییە من بم.. بڵێی کامان بەکوشتنێکی وا بەختەوەر بێت؟! وەڵامی ئەم پرسیارەو، هەموو ئەو پرسیارانەی ڕاومدەنێن، تەنیا لای کتێبەکەیە.

بەڵام.. بۆچی هەرچی تۆ بینووسیت زیاتر لە پرسیارێکم لا دەووروژێنێ؟ بۆچی هەستدەکەم من لە هەر چیرۆکێکی ڕاستی و دانراویشتدا، تەنانەت بەوانەشیانەوە کە پێش من نووسیبێتتن، لایەنم؟

بڵێی بۆ ئەوەبێ کە وادەزانم مافێکی مێژوویم بەسەرتەوەیە، یان چونکە ئەو ڕۆژەی یەکەم کتێبت پێشکەشکردم، هیچ پێشکەشکردنێکت لە سەر نەنووسیو، ئەو قسە نایابەشت کرد کە بیرم نەچۆتەوە:

"ئێمە پێشکەشکردن بۆ نەناس دەنووسین.. بەڵام خۆشەویستان شوێنیان لە لاپەڕە سپییەکەی یەکەمدا نابێ، بەلکو لە لاپەڕەکانی کتێبەکەدایە..".

ئەو ڕۆژە بەهەڵپە چووم بۆ کتێبەکەو بە دوو ئێوارە هەڵملووشی. بە هەڵەداوان و هەناسەبڕکێ لە لاپەڕەیەکەوە بۆ لاپەڕەیەکی دی ڕامدەکرد، وەک بە دوای شتێکی دیدا وێڵبم نەک ئەوەی دەمخوێندەوە. بۆ شتێک کە ڕەنگە پێشوەخت، تەنانەت بەر لەیەکتربینینیشمان بۆ منت نووسیبێت.

له بارەی شتێکەوە کە ڕەنگە لە چیرۆکێکدا، کە چیرۆکی خۆمان نەبێ، پێکەوەمان ببەستێتەوە.

دەزانم ئەوە شێتییە، بەڵام ئەو ڕێکەوتە سەرسوڕهێنە تابلۆئاساکەی لە ئەیلولی 1957 دا کێشام لە ژیاندا نییە، بێئەوەی بۆ تۆبێ چارەکە سەدەیەک چاوەڕێتبوو.. بگرە هەر خۆشت بوویت؟

ئەوە هەر خەیاڵێکی ڕووت بوو.. لەو کتێبەتدا، تاڵاوو سوێ و غیرەی گەمژانە نەبێت، کە بۆ یەکەمجار ئاگرەکەیم چەشت، شتێکی دیت بۆ حەشار نەدابووم. غیرەیەکی شێتانە لە پیاوێکی کاغەز، کە لەوانەیە بەڕاستی بە ژیانتا گوزەری کردبێت و.. ڕەنگیشە بوونەوەرێکی خەیاڵی بووبیت، کاتی بێکاری ڕۆژگارەکەت و سپیایی پەڕەکانتت پێ پڕکردبێتەوە.

ئەی ئەو سنوورەی ڕاستیو خەیاڵ لەیەک جیادەکاتەوە کامەیە؟ تەنیا جارێکیش وەڵامی ئەو پرسیارەت نەدامەوە.. بە وەڵامی نادیارتر سەرسامییەکەمت قووڵترکردەوە.. ووتت:

- هەرچی دەنووسین، گرنگ.. هەر نووسینەکەمانەو هیچی دی، چونکە تەنیا نووسین ئەدەبەو.. هەر ئەویش دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوانەی لە سەرمان نووسیون ڕووداوی سەرەڕێن.. خەڵکێکن لەبەر هەرهۆیەکبێ ڕۆژێک لە ئاستیاندا هەڵوێستەمان کردووەو.. ئەمجا لەگەڵیاندا، یان هەر خۆمان ڕێگاکەمان گرتۆتەبەر.

ووتم:

- بەڵام ناکرێ پێوەندی نووسەر بە کەسێکەوە کە بەهرەکەی پێبەخشیوە بەو ڕادەیە ساکاربێت. نووسەر، بێ بەهرەبەخشینەکە هیچ نییە .. بەشتێک قەرزارێتی..

قسەکەت پێبڕیم..

- بەچی قەرزارێتی..؟.. ئەوەی "ئاراگۆن" سەبارەت بە چاوەکانی "ئەلیزا" نووسیوێتی، لە چاوی "ئەلیزا"، کە هەر دەبێ پیربێ و بپووکێتەوە، جوانترە.. نزار قەبانیش چی بە زوڵف و ئەگریجەکانی "بەلقیس"دا هەڵداوە، یەکلاییە لەو قژە پڕە جوانترە کە ئاکامەکەی سپی بوون و وەرینە.. خۆ ئەوەی لیونارد دیفانشی لە بزەیەکی "جوکاندا"دا کێشاوێتی، نرخی لە خەندە ساکارەکەی مونولیزادا نییە، بەڵکو لە توانای ئەو هونەرمەندەدایە کە هەستە ناکۆکەکان و بزەیەکی تەماوی وای گەیاندووە، کە لەیەک کاتدا

خۆشیو پەستی تیاکۆبۆتەوە.. کەواتە کامیان قەرزارباری شکۆدارییەکە دەبن؟

باسەکەمان بەلایەکی دیدا شکایەوە، ڕەنگە بۆ دەربازبوون لە ڕاستی، خۆت وات ویستبێ. ڕاستەوخۆتر پرسیارەکەم لێکردیتەوە:

- ئەو پیاوە لە ژیانتا بووە.. یان نا؟

پێکەنیت و.. ووتت:

- سەیرە.. 60 تاوان زیاتر لە ڕۆمانەکانی "ئاگاتا کریستی"دا هەن. لە ڕۆمانی ئافرەتە نووسەرەکانی تریشدا کوشتنی زیاتری تێدایە. کەچی جارێک چییە لەسەر ئەو تاوانانە خوێنەرێک دەنگی بۆ دادگاییکردن یان بەندکردنیان، بەرز نەکردۆتەوە. بەڵام هەر کە ژنە نووسەرێک چیرۆکێکی خۆشەویستی بنووسێت، تا لە لێکۆڵەرەوەیەکی تاوان و دەلیلێک زیاتری بۆ ئامادەکرێت، هەموو پەنجەی تاوانی بۆ درێژدەکەن، کە گوایە چیرۆکی بەسەرهاتی خۆیەتی. پێموایە ڕەخنەگران دەبێ ڕۆژێک ئەم کێشەیە بە هێجگاری یەکلاکەنەوە، جا یان دان بەوەدادەنێن کە ژن خەیاڵی لە خەیاڵی پیاو زیاترە، یان ئەوەتا هەموومان دادگایی بکەن!

پێکەنینم بە بیانووە سەرسووڕێنەکەت هات بەڵام پێی قایل نەبووم. ووتم:

- تا ڕەخنەگران کێشەکە بەلادادەخەن، با ئەو پرسیارەت لێبکەمەوە کە هێشتا وەڵامیت نەداومەتەوە.. بەڕاستی ئەو پیاوە بە ژیانتا ڕەتبووە؟

بەدەم شێواندنی مێشکمەوە ووتت:

- گرنگ ئەوەیە دوای ئەم کتێبە مرد..

- ئا.. چونکە تۆ دەتوانی هەروا بە نووکە قەڵەمێک ڕابردوو بکوژیت؟

کە لەسەر خشتەبردنەکەت بەردەوام بوویت ووتت:

- کام ڕابردوو؟.. ڕەنگە ئێمە هەر بۆ گۆڕدروستکردنی خەونەکانمان بنووسین و هیچی دی..

هەستێکی وام لەناخدابوو کە ئەو چیرۆکە بەسەرهاتی خۆت بوویێت و، پیاوەکەش بە ژیانت و.. ڕەنگە بەلەشیشتا گوزەری کردبێت.

وەختابوو لە نێو دێڕەکانەوە بۆنی تووتنەکەی بکەم. خەریکە ئەو شتانەی ببینمەوە کە بە نێو پەڕەکانی کتێبەکەتدا پەرشوبڵاو ببوونەوە.. لە ڕەشتاڵییەکەی.. لە تامی ماچی.. لە پێکەنینەکەی .. لە هەناسەی.. لەو ئارەزووە ئاشکرایەت بۆی..

جا بەڕاستی بلێی لێهاتوانە خۆشیویستبیت.. یان تۆ کارامانە باستکردبێ؟ یان هەر دیتنەوەیەکی ژنانەیەو، زمانەکەی تۆ پیاوەتیو خەونی پێبەخشیوەو، دواتریش گۆڕێکی نازداری.. پڕ بەپێستی خۆیت بۆ دروستکردووە. منیش، بەکام ژیرێتیی کتێبەکەم خوێندبێتەوە، بە بەبرگی شەیدایەکی خاوەن دەمامک و بەرگی پۆلیسێکی ڕەوشتەوە. کەوتمە هەڵدانەوەی ووشەکان و بەناو ڕستەکاندا دەگەڕام، بەڵکو لێرە بە ماچێکەوە بمگرتیتایە.. یان لەوێ یەکەم پیتی ناوەکەیم بدیایەتەوە.

دوور ڕۆیشتم.. بیرمکەوتەوە کەتۆ چوار دانە ساڵە لە پاریسیو، ئەوەتەی مامیشت لە پاریس دامەزراوە لای ئەو دەژیت، واتە دوو ساڵە. کەواتە دەبێ کاتی تەنیاییت چیت کردبێ؟

کتێبەکەت ماندویکردم، وەک خۆت زەحمەت و خۆشبوو.. دواتر دانمپیانا کە، لەوەتەی خوێندومیتەوە گۆڕراوم و لەو ڕۆژەشەوە گومان لە خۆگری خۆم دەکەم.. چونکە ئامادەی چەکی ووشە نەبووم.

وەک شتەکە بەتۆوە بەندنەبێ ووتت:

- کەواتە دەبوا نەت خوێندمایەتەوە!

گەمژانە وەڵامم دایتەوە:

- بەڵام حەزم بە خوێندنەوەتە. جگە لەوە ڕێگەیەکی تریشم بۆ لێتێگەیشتنت نەبوو..

وەڵامت دایەوە:

- هەڵەیت.. تۆ وا هیچم لێ تێنەگەیشتوویت.. نووسەر مرۆڤێکە لەسەر ڕۆخی ڕاستی دەژی، بەڵام وەک پێویست تیایدا کارامە نابێ. ئەوە تایبەتمەندێتی مێژوونووسەو هیچی دی.. ڕاستییەکەی ئەو لەخەونا کارامە دەبێ.. واتە لەجۆرە درۆیەکی ژیرانەدا شارەزایی پەیدا دەکات. ڕۆمانووسی سەرکەوتوو پیاوێکە بە ڕاستگۆییەکی سەیرەوە درۆدەکات، یان درۆزنێکەو ڕاستییەکان دەڵێ.

ئەمجا دوای بیرکردنەوەیەکی کەم بەردەوامبوویت: پێموایە ئەوە ڕاستترینیانە.!

ئای.. ئەی درۆزنە پچکۆلەکە.. درۆکانت خۆشترین درۆن و، بە سوێترینیانیشن. ئەوسا بڕیارم دا لە بیرتا کنە نەکەم. تۆ شتێکت لا نە درکاندم. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە مێچکەیەکی فێڵبازبیت. یان ڕەنگە شتێکی وا لە ئارادا نەبێت دانپیانان هەڵگرێ.

هەر دەتویست تێمگەیەنیت تۆ ئەو منداڵەی جاران نیت کە دەمناسی. ڕاستییەکەشی.. بەتاڵ بوویت، درۆکەشت لە پانتایی بەتاڵییەکەتدا بوو.. ئەگینا نهێنی حەز لێکردنمت لە چیدابوو، بۆچی بە پرسیار بیرمت ڕاودەناو، بۆ باسکردنی هەمووشت بەکێشت دەکرد؟ ئەو هەموو هەڵپەی زانیارییەت لە چییە، ئەو هەموو ئارەزووەی بەشکردنی بیرم و زانینی سەرجەم ئەو شتانەی کە حەزم پێیانەو قینیشم لێیانە.. بڵێی گرێی بیرت هەبووبێ؟

* * *

تا ووریابین کە هەر دوو هەفتەیەکە یەکتر دەناسین، نەک وەک وا دەزانین چەند مانگێک بێت، هەردەبوا پیشانگاکەم تەواوبوایە. کەواتە لە چەند ڕۆژێکدا چۆن بیرمان تیادا نەما؟ چۆن هەردوکمان بەکاتێک لەو چەند سەعاتەی پێکەوەییماندا فێری پەستیو شادیو خەونبینین بووین؟

چۆن بووینە کۆپی یەکتر.. چۆن ئەم شوێنەی کە بوبێتە بەشێک لە بیرمان پێ جێدەهێڵرێ؟ چۆن..؟ ئەوێک کە چەند ڕۆژ لە دەری سنووری شوێن و کاتی دانابن، لە هۆڵێکی بەرینی پڕ بێدەنگیو بە هونەرو موعانات و شێتێتی چارەکەسەدەیەکیش پۆشتە کراو؟

تابلۆیەک بووین لە نێوان چەند تابلۆیەکدا.

تابلۆیەکی بێبار، هەمە ڕەنگ، کە ڕۆژێک ڕێکەوت کێشابێتیو دواتریش ڕۆژگار لە کێشانیدا بەردەوام بوبێ. منیش خۆشیم لەو بارە نوێیەی خۆم دەبینی کە لە خاوەنی پیشانگاکەوە، ببوومە یەکێک لە تابلۆکانیو هیچی دی.

کە تابلۆ هەڵواسراوەکانی دیوارەکەم بە دوای یەکتریدا لادەبردو، لە سنووقێکدا کۆم دەکردنەوە، تا هۆڵەکە بۆ نیگارکێشێکی دی چۆڵکەم، تابلۆی.. پەستیو بەسەرهاتی دی وا بێنێ لە چیرۆکەکەی من نەچن، هەرگیز نەبووە وەک ئەوجارە هەست بە پەستی بکەم.

هەستمدەکرد ڕۆژانی پێکەوەییمان گرددەکەمەوە.

ناکاو، دەستم بەو تابلۆیەوە ووشکبوو کە بۆ دوایم دانابوو.

جارێکی دی لێی ووردبوومەوە، هەستمکرد ناتەواوە. لە ڕووبەرەکەیدا لە پردێک دەچوو کە وەک دیلانێی ناسۆربێ، بە گوریس بۆ سەرەوە هەڵکێشراوەو، ئەم بەر بەو بەر دەگەیەنێو، شتێکی دی تیادا نییە.

لەبن جۆلانێ ئاسنینەکەشدا دۆڵێکی بەردین کە بەلای قووڵیدا دەیڕوانیو ناکۆکییە زەقەکەی خۆی لەگەڵ بێگەردی ئاسمانێکی بە هێمن و شین بزۆیندا دەگەیاند.

پێشتر هەستم نەدەکرد، تابلۆکە پێویستی بەووردەکاری نوێ هەبێ، ناکۆکییەکە بشکێنێو، هەر دوو ڕەنگە ڕووتەکەی تابلۆکەش پۆشتەکاتەوە.

ڕاستییەکەی "حەنین" تابلۆ نەبوو. سەرە قەڵەم و پرۆژەی خەونێک بوو کە بەسەرهاتی پانزە ساڵەی سۆزو سەرسامێتی، نەک هەر چارەکە سەدەیەک، بەجێیان هێشتبوو.

خستمە بنباڵم، هەروەک لەوانی دی جیاکەمەوە. لەپڕو بەپەلە، دوای ئەو هەموو ساڵانە دەمویست بەفڵچەو ڕەنگی دییەوە لە ئاستیا دانیشم و، ژیان و ژاوەژاوی پیاداکەم و، دواجار بەردی "قەنتەرەت الحبال"ی بۆ بێنم.. بەرد.. بە بەرد. بەڵام ئەو ساتە لە مێشکە پەرش و بڵاوەکەمدا خوویەکی دی هەموو شتێکی گرتبۆوە: لەمەودوا چۆن و.. لەکوێ یەکتری ببینینەوە؟

نزیک تەواوبوونی پیشانگاکەی من پشووی زانکۆی تۆش کۆتاییهات. جا ئیتر ئێمە بە هەموو مەحاڵەکانی شوێن و کات و، سەرجەم ئەو چاوانەی بە دوامانەوەدەبن و، ڕەنگیشە نهێنییەکەمان لێبدزن و، هەموو ئەوانەش کە ئێمە نایانناسین و ئەوان دەماننانسن، گەمارۆدراین. چ شێتێتییەکە.. چۆن قەدەرێکم لەگەڵتا هەبوو! باشە بۆ دەردەکەشم هەر خۆم ئاشکرا دەکات؟ ئەم هەموو وورياييە چییە.. ئەی باشە بۆچی دەبێ تۆبی؟ ڕەنگە ڕۆژێک کە هەردوکمان پێکەوە سی شەریف ببینین، وام لێبکات دەستبەرداری ئەو بیرەبم و، ناکاو شەرم لەو هەڵوێستەو، ئەو پەشۆکاوییەش بکەم، کە بێگومان پەردەم لە ڕوو ڕادەماڵن.

ڕێککەوتین تەلفۆنم بۆبکەیت و، بەرنامەیەکی نوێ دابنێن.

ئەوە تاکە چارەسەربوو. چونکە نەدەکرا لە گەڕەکی هەمان زانکۆ سەردانت بکەم.

بڵێی بارێکی لەمە ئاڵۆزترمان بدیایەتەوە؟.

* * *

بێکەم و زیاد، درێژترین کۆتایی هەفتە، ئەوەبوو کە چاوەڕێی تەلەفۆنی سەر لە بەیانی ڕۆژی دووشەممەتم تیادا دەکرد.

ڕۆژی پێنجشەممە زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا.

بە تۆم زانی، بۆیە بە پەلە ڕامکرد بۆی. بەڵکو دزەی چەند ساتێکت کردبێ‌و قسەم لەگەڵدا بکەیت.. جا با کەمیش بێت. کەچی کاترین بوو. نوشستییەکەمم لێشاردەوەو، گوێم بۆ گێڕانەوەی گرفتی ڕۆژانەی‌و پڕۆژەی سەفەری ئایندەی لەندەنی شلکرد.. ئەمجا هەواڵی پیشانگاکەی پرسی‌و، کە لە باسێکەوە بۆ باسێکی دی دەچوو، ووتی:

- لە گۆڤارێکی هەفتانەدا ووتارێکی چاکم سەبارەت بە پیشانگاکەت خوێندەوە.. دڵنیام دیوتە.. ڕۆجیە نەقاش نووسیوێتی، پێدەچێ بتناسێ.. یان تابلۆکانتی باش ناسیبێت.

حەزم لە قسە نەبوو.. بۆیە بەکورتی پێمووت:

- بەڵێ هاوڕێیەکی کۆنمە..

لێزانانە لێی دەربازبووم.

ئەو ڕۆژە حەزم نەدەکرد ببینم. ڕەنگە ئەوکاتە وێنەکێشیم لە هەموو پێویستییەکانی تری جەستە لا پێویستربوبێ.. ڕەنگە تەنیا بە تۆ پڕبوبێتم.

بە هەنگاوقورسییەکەوە گەڕامەوە وێنەگەکەم.

کەوتمە ئامادەکردنی کۆمەڵە ڕەنگێک، تا دەستێک بەو تابلۆیەدا بێنم.

کەچی پەشۆکام. لە ئاستیا بوومە هونەرمەندە تازە پیاکەوتەکەی بیستوپێنج ساڵ لەمەوبەرم.

بڵێی نزیکێتییە نوێیەکەی لێمەوە، بەوجۆرە پەشۆکاندبێتی؟

یان تەنیا بەرامبەر ڕابردوو دانیشتبێتم، تا چەند شتێک بۆ بیر - نەک تابلۆکە -، هەندێ "ڕتووش" زیادکەم؟

هەستم دەکرد خەریکە گەمژەیەتییەک بکەم. دەمزانی - بە ئارەزووی دژ بە ژیرێتیشمەوە - هەرگیز ناکرێ بکەومە شێواندنی ڕابردوو، هەر هەوڵێکیش بۆ جوانکردنی، هەوڵی شێواندنی نەبێ چی دی نییە..

دەرکم بەوە دەکرد.. بەڵام ناکاو ئەم تابلۆیە وا تەنگەتاوی کردم.. هەموو شتەکانی بەڕادەیەکی وا ساکارو ئاسایی بوو، کە ئیتر ئەمڕۆ لە کێشانیدا بەردەوام نەبم، بۆچی هەر بە مەنتقی هونەر کاری لەگەڵدا نەکەم؟

ئەی "شاگال" 15 دانە ساڵ بە تابلۆیەکییەوە خەریک نەبوو؟* یەکبینە

* شاگال "مارک" (1887 - 1971): نیگارکێشێکی فەڕەنساییە، لە رووسیا لەدیکبووە. تابلۆکانی پڕ لە خەیاڵ و ڕەنگەکانی ووڵاتەکەی کردبوو. لە پاریس لەساڵی 1964دا بنمیچی ئۆپرای نوێکردەوە. - وەرگێڕ -

ڕووەیەکی نوێی بۆ زیادکا، چونکە سووربوو چی دەموچاو و ئەو شتانەی لە منداڵییەوە خۆشویستبێ تیایدا کۆیان بکاتەوە.

ئەی کەواتە منیش مافی هاتنەوە سەر ئەم تابلۆیەم نابێ، تا هەنگاوی چـەنـد کـەسێـک لـەسەر ئەم پردە دانێم کە پیایدا پەڕیینەوە، چەند ماڵێکی هەڵواسراوی سەر تاوێـرە بەردیشی بەدەورەوەو، شتێـک لە ڕووبارە لەتکەرەکەی شاریش، کە هەندێ جار چاوی بەکەسدا هەڵنایەو، جارجارەش کەفئاسا بەبریسکەیە، لە خوارییەوە بکێـشم.. ئەی پێـویست بەوە ناکات کە پەنجەی یەکەمین بیـرەوەریمی لەسەر دانێـم، کە پێـشتر، نیگارکێـشێـکی تازە پیاکەوتەو ئارەزوومەندێـک بووم و هیچی دی، نەمدەتوانی دابنێـم؟

نازانم چۆن ئەو ساتە "ڕوجیە نەقاش"ی، برادەری منداڵیو تارەوگەییمم بیر کەوتەوە.

پەرۆشێـکەی بۆ قسنتینەو، بیرکردنەکەییم وەبیرهاتەوە، ئەوێـک کە لە ساڵی 1959ەوە سەری پیا نەکردبۆوە، لەوەتەی لەگەڵ کەسوکاریو ئەو کۆمەڵە جوولەکەیەدا جێیانهێـشت کە دەیانویست دوارۆژی خۆیان لە وولاتێـکی تری وادا پێـکەوەنێـن بە دڵنیایی ژیانی تیا بەسەربەرن.

جارێـک چییە نەچوومەتە ماڵی پێ لەسەر لێـدانی شریتێـکی نوێی کیژە گۆرانی بێـژی جوو "سیمون تمار"، دانەگرێ کە بەدەنگێـکی خۆش و جۆشی سەرسوڕێـن مالوف و موشەحاتی قوسەنتینەی دەچڕی، ، بە کراسێـکی قسنتینی نایابیشەوە، کە لە یەکەمین سەردانەوەیدا لەوێ پێـشکەشی کرابوو.. بەرگی شریتەکەشی پێـرازێـنرابۆوە.

چەند مانگێـک دەبێ ڕوجیە هەواڵی مەرگی سیمۆنی دامێ کە مێـردەکەی، لەکاتی غیرەیەکی نائاساییدا کوشتبووی، چونکە بە خۆشەویستێـتی پیاوێـکی عەرەب تاوانباری کردووە.

کە لێـمپرسی بڵێی ئەوە ڕاستبێ.. وەڵامیدامەوە.. "نازانم.." ئەمجا بەدەم تاڵاوێـکەوە بەردەوام بوو.. "دەمزانی کە سیمون قسنتینەی خۆشدەویست".

ڕۆجێـش هەر خۆشیدەویست.. خەونی نهێـنیشی بۆ ئەوەبوو، گەر بۆ تەنیا جارێـکیش بوایە، بگەڕایەتەوە، یان هەرنەبێ کەسێـک یەک دانە هەنجیری لە دارهەنجیرەکەی باخەکەی خۆیان بۆ بهێـنایە کە تەمەنی چەند وەچەیەکی هەیەو پەلیشی بۆ بەردەم پەنجەرەکەی ئەم هاویشتبوو.

کـە گوێـم لێـدەگرت هەستم بـە تێـکەڵەیەک لە خۆشیو شەرمێـک دەکرد، بە شێـوەزمانە قسنتینە خۆشـەویستەکـەی کـە چـارەکـە

سەدەیەک دووری لێوەی، یەک نەبرە چییە، لە شەیدایی ئەو شارە.. بکوژە! نەپیلیشاندبۆوە.

بە تەنگەوەهاتنی چەند ساڵەی ڕوجیە، لە هاتنی هێجگارەکی پاریسمەوە، شەرمەزارتری دەکردم. چونکە ئەوەندە برادەرو ناسیاوی زۆربوو ـ بێئەوەی خۆم داوای لێبکەم ـ ئەو گرفت و کارانەی بەرەوڕووی پیاوێکی وەک من دەبوونەوە، پێئاسان دەکرا.

جارێکیان لێم پرسی "بۆچی گەر بۆ جارێکیشبێ سەری قسنتینە نادەیتەوە؟ من لە مەترسییەکەت دەگەم، هێشتا خەڵکی ئەو گەڕەکە کەسوکارەکەتیان بیرەو دەیانناسن و بەچاکەش نەبێ ناویان نابەن.." بیرمە ئەوکاتە پێیوتم "لەوە ناترسم کە خەڵکی نەمناسنەوە، بەڵکو لەوە دەترسم من ئەو شارە.. ئەو کۆلانانە.. ئەو خانووەش نەناسمەوە کە دەیان ساڵە فڕی پێمەوە نەماوە..". ئەمجا بەردەوامبوو: "لێمگەڕێ با وابزانم ئەو درەختە هێشتا لەوێیەو.. ساڵانە هەنجیریش دەگرێ، پەنجەرەکەش هێشتا بەسەر ئەو کەسانەدا دەڕوانێت کە خۆشم دەویستن.. ئەو کۆلانە باریکەش هێشتا بەو شوێنانەم دەگەیەنێ کە شارەزایانبووم.. دەزانی.. ناخۆشترین شت کە هیچی ناگاتێ، ڕووبەڕووبوونەوەی بیرێکی جیاوازە..".

ئەوکاتە بریسکەی فرمێسکی خۆ بەگەورەزانی لە چاویدابوو، بە شێوە گاڵتەیەکەوە بەردەوامبوو: "ئەگەر ڕام گۆڕی، پێکەوە دەچینەوە، چونکە دەترسم بە تەنیا ڕووبەڕووی بیرەوەرییەکانم بمەوە..".

ئەمڕۆ دوای چەند ساڵ ناکاو قسەکەیم بیردێتەوە ـ ئەوێک کە دواتر بە هیچ شێوەیەک باسەکەی لەگەڵدا نەکردمەوە ـ بڵێی فێڵکردنی لە بیرەوەرییەکانی سەری گرتبێ؟

ئەی چۆنە ئەو ڕاستبووبێ؟ دەبێ بیرەوەرییەکانمان لەیەکەمین دۆخو یەکەمین دیمەنیاندا بپارێزین بە دوای ڕووبەڕووبونەوەیەکی بەرەنگاری ڕاستیدا نەگەڕێین کە هەموو شتێک لە ناخماندا، وەک ڕووی شووشە هاڕەبکات و ووردوخاش بێت.. بیردەربازکردن لەم بارانەدا گرنگە.

ئەو مەنتیقە قایلیکردم، هەستمکرد تەلەفۆنەکەی کاترین نا ڕاستەوخۆ لەو گەمژەیەتییەی خەریکبوو بیکەم ڕزگاری کردم.

لەمڕۆ بەدواوە ئەو تابلۆیە، هیچ نرخێکی مێژوویی نەدەما گەر لێرەدا شتێکم بۆ زیاد کردایە، یان لە لایەکی ترییەوە شتێکم پانکردایەتەوە..

دەبووە زۆڵە تابلۆیەکی بیرێکی نادروست.. جا گەر ئەوسا جوانتریش بوایە چ بایەخێکی بۆمان دەبوو؟

سەیرێکی تەختەی ڕەنگەکانی دەستمم کرد. بیرمکردەوە دەبێ واش هەر بەم ڕەنگانە.. بە فڵچە تورەکەی دەستم، کە ئەویش خۆمئاسا چاوەڕوانی ساتە بنبڕەکەی خولقاندن بوو، شتێکم بکردایە.

لەپڕێکدا چارەم لە بیرێکی سادەو گونجاودا دییەوە کە پێشتر بە بیرما نەهاتبوو.

تابلۆکەم لەسەر سێپاکە داگرت و، تابلۆیەکی سپی نوێم لە سەر دانا، بێبیرکردنەوە کەوتمە کێشانی پردێکی تر، بە ئاسمانێکی ترو، دۆڵێکی دییەوەو، خانووبەرەو کەسانێک کە پیایدا بپەڕنەوە.

ئەمجارەیان، وەک هەر بەشەو تابلۆیەکی سەربەخۆبێت، لە ئاست هەموو ووردەکارییەکانیدا ئیستم بۆ دەکرد.

بگرە خۆم پێم سەیربوو، کە بە پەلە دوای ووردەکارییەکان دەکەوتم و خەریکبوو دەستم پێدەکردن. وەک بەلامەوە ئیتر پردەکە هێندەی تاوێرو بەردو، ڕووەکەکانی ژێری، کە ئەو ناوەیان تەنی بوو، کەڵکیشیان لەو شێ "یان بۆگەناوە"ی لە قووڵاییەکەوە دەهات دیبوو، گرنگ نەبێ. ڕێچکە نهێنییەکانی ناو بەردەڵانەکەش کە جێ پێی هامشۆکەران هەڵیان کۆڵیبوو، لە ڕۆژگاری (ماسینیسا)وە بگرە تائەمڕۆ، پیرە پرد لەبەرزایی 700 مەترەوە بە هۆی سەربڵندییەکەیەوە ڕووداوەکانی بەرپێی خۆی نەدەبینیو لێیان بێئاگابوو!

ئەی بۆ فێڵکردن لە پرد یەکەمین ئامانجی ئەزەلی ئەو مرۆڤانە نەبوو کە لە نێو دۆڵ و.. لوتکەکاندا چاویان بە دنیادا هەڵدەهێنا؟

ئەم هزرە بە ڕێکەوت لە مێشکمدا هەڵتۆقی، بەلامەوە سەیربوو، زیاتر ئەو ووردەکاریانە سەرسامیان کردبووم کە ئەمڕۆ پێیان لێکردومەتە کەوش و بەگیریانهێناوم، چارەکە سەدەیەکە، لەو کاتەی بۆ یەکەمینجار ئەم پردە خۆیم کێشاوە، سەرنجیان ڕانەکێشابووم.

بڵێی لەبەر ئەوەی سەرەتام بووەو، وەک هەر تازەپیاکەوتەیەکیش بە پانە هێڵی شتەکانەوە بەسترابێتمەوە، دواشتی ئەوکاتەشم لە سەرسامکردنی دوکتۆرەکە - یان سەرسامی خۆم - و بە دەستێکەوە بەرزکردنەوەی قورسایی بەربەرەکانییەکە نەبوبێ؟

من ئێستا دوای ئەو تەمەنە.. سەلماندنی هیچ شتێکم بۆ کەس بەلاوە گرنگ نییە. دەمویست تەنیا لەگەڵ خەونە نهێنییەکانمدا بژیم و، ئەو تەمەنەی ماویشمە بە پرسیارکردنێک بە سەربەرم.. کە لە ڕابردوودا وەلامیان ڕابواردن بوبێ‌و.. بەردەستی لاوان و.. ئەو خەباتگێڕە تێکۆشەرە شکستە نەکەوتبێ کە خۆم بووم..

چونکە ڕەنگە ئەوسا کات بۆ ووردەکارییەکان نەبووبێ، بەڵکو کاتێکی کۆ هەبووبێ‌و بە کۆمەڵ تیایدا ژیابین و، هەر بەکۆمەڵیش بەسەرمان بردبێ.

کاتی کێشەی گەورە.. دروشمی گەورە.. قوربانی گەورە بوبێ. کەسیش حەزی بەمشتومڕی پەراوێز یان هەڵوێستەی لە ئاست ووردەکارییە پچووکەکاندا نەکردبێ.

بڵێی لە گەمژەیی لاوان بووبێ.. یان گەمژەیی شۆڕشەکان!

ئەو تابلۆیە هەموو ئێوارانێکی یەک شەموان و، بەشێکی زۆری شەوەکەشی دەبردم. بەلام کە وێنەکەیم دەکێشا بەختیاربووم، ڕێک وەک گوێم لە دەنگی دوکتۆر "کابوتسکی" بێ کە دوای ئەو تەمەنە گەڕابێتەوەو پێم بڵێ "نیگاری خۆشەویسترین شت بەلای خۆتەوە بکێشە".

ئەوەتا بەگوێدەکەم و هەمان تابلۆ، بەهەمان پەشۆکاوییەوە دەکێشم.

بەلام ئەمجارەیان بۆ ئەوە نایکێشم مەشق لە نیگارکێشیدا بکەم. مەشقی خۆشەویستییە.

هەستم دەکرد لە تۆ بەولاوە شتێکی دی ناکێشم. تۆ بە هەموو ناکۆکییەکانتەوە. نیگارێکی کامڵتر.. چرچولۆچترت دەکێشم. کۆپییەکی تری تابلۆیەکی دی کە لەگەڵتا گەورەبوبێ.

تابلۆکەم بە تامەزرۆییەکی سەیری نیگارکێشەوە دەکێشا. بگرە ڕەنگە بە هەڵپەو حەزی جۆرە نهێنییەکیشەوە بوبێ..

بڵێی ئەوکاتە، بێئەوەی بەخۆم بزانم، تامەزرۆییت دزەی بۆ فڵچەکەم کردبێت؟!

* * *

ڕۆژی دواتر، سەعات نۆی تەواو دەنگت ڕاپەڕاندم.

تاڤگەی خۆشی ڕووی تێکردم و، دار یاسەمین گوڵەکانی بەسەر بالیفەکەمدا دەباراند.

دوای ماندوێتی شەوێکی پڕکار لە ناو جێگاکەمدا لە تەلەفۆنەکەوە دەنگتم ناسییەوە. هەستمکرد پەنجەرەی ژوورەکەم دەکاتەوەو، بەیانی ماچم دەکات.

- بەئاگام هێنای؟

- نەخێر تۆ بەئاگات نەهێناوم.. تۆ دوێنێ تەنیا لە خەوت کردم و هیچی دی!

به شێوازێکی جەزائیریانەی نێوان گاڵتەو ڕاستی ووتت:

- بۆچی؟.. خێر ئیشەڵا؟..

ووتم:

- چونکە تا بەرەبەیان بە نیگار کێشییەوە خەریکبووم..

- جا گوناهی من چییە؟

- گوناهەکەت تەنیا بەهرەبەخشییە.. ئەی بەهەرە بەخشی من!

لەپڕێکدا خۆتئاسایی کە دان بەخۆتا ناگریت بە فەڕەنسی قیژانت:

- ah..non!

- ئەمجا لەسەری ڕۆیشتی:

- بەهیوام وێنەی منت نەکردبێ.. لەگەڵ تۆدا چ کارەساتێکە!

- جا ئەگەر وێنەم کردبێت کارەساتەکەی لە کوێدایە؟

بە تووڕەییەوە بەردەوام بوویت:

- شێتی تۆ؟ دەتەوێ بمکەیتە تابلۆیەک و بە هۆڵەکاندا شارەو شارم پێبکەی، هەرچیش بمناسێت پیایدا هەڵڕوانێ؟!

هەستمکرد حەز بە بەربەرەکانێتی بەیانیانەت دەکەم، ڕەنگە لەو تۆزە خۆشحاڵییەمەوە هاتبێ، دووریش نییە لە شێتێتییە ڕاستییەکەمەوەبێ‌و، نەزانم وەک خەڵکی تر بەختیارم.

پێمووتی:

- ئەی جارێکیان نەتووت.. ئەوانەی بەهرەمان پێدەبەخشن کەسانێکن لەبەر هەر هۆیەک بوبێت ڕۆژێک لە بەردەمیاندا وەستاوین، ئەوانیش بەسەرهاتێکی ڕێوبان نەبێ چی دی نین. بۆیە گەر وێنەشتم کێشابێت لەوە زیاتر ناگەیەنێ، کە ڕۆژێک لەسەر ڕێگا ڕێکەوتم کردبێت!

قیژانت:

- تۆ گەمژەیت؟ دەتەوێ مامم و ئەو خەڵکەی دی بەوە قایلکەیت گوایە تۆ هەر لەبەر ئەوە وێنەت کێشابم کە لەسەر پێڕەوێک ڕێکەوتت کردبم،

بۆ نموونە لەبەر تیشکێکی سووردا.. ئاشکرایە.. ئێمە شتێک نەمانهەژێنێ.. یان خۆشمان نەوێ.. نایکێشین!

بڵێی بەرەو ئەو دانپیانانەم ڕاپێچکەیت، کە بەدەوریا دەخولێیتەوە، خۆ ئەوەندەش گەمژەنیت بڕوا بە نازانمەکەم بکەیت. بەڵام لەو دەرفەتەی بەو بەیانییە بۆم ڕەخسابوو، لەگەڵ ئەو داوە تەلەفۆنەی لێتی جوێ دەکردمەوەو لە هەمان کاتیشدا نزیکی دەکردمەوە.. بە هەلمزانی قسەکانم بێپێچوپەنابێ.

ووتم:

- جا گریمان خۆشمویستی!

چاوەڕوان بووم کاریگەری ووشەکانم بزانم و، چەند وەڵامێکی قسەکانیشمم بەبیردا دەهات. کەچی تۆ دوای ساتە بێدەنگییەک ووتت:

- کەواتە گریمان.. منیش گوێم لە قسەکەت نەبووە!

سەرسامت کردم..

تەواو تێنەگەیشتم تۆ ئەو "قسەیەت" بە کەمتر یان زیاتر لە بۆچوونی من زانی، یان خۆتئاسایی بە ئارەزوویەکی سەیر گەمەت بە ووشە دەکردو، دەشتزانی کە یاری بە دەماری من دەکەیت و، لە پرسیارێکەوە.. بۆ پرسیارێکی ترم تووڕدەدەیت و، هیچی دی.

- لەکوێ یەکتر ببینین؟

ئەوە گرنگترین پرسیاربوو کە بڕیارماندا بە جدی وەڵامی بدەینەوە.

زۆرمان لەسەر ناویشانێکی بێزەڕ ووت کە قاوەیەک، یان پێکەوە نانێکی لێبخۆین.

کەچی پاریسمان لێهاتەوەیەک.

تۆ لەو شوێنانە زیاترت نەدەزانی کە قوتابیان لێی دادەنیشتن. منیش لە چایخانەکانی نزیک گەڕەک بەولاوە دانەدەنیشتم. بڕیارمان دا لە چایخانەیەکی نزیک ماڵەکەی من، کە خواردنیشی هەبوو، یەکتربببینین.

منیش بەوە گەمژەیەتییەکی گەورەم کرد.

ئەوسا نەمدەزانی ناونیشانێک بۆ بیرم هەڵدەبژێرم کە لە ناونیشانی ماڵەکەمەوە نزیکەو، بەوەش مافم بە بیرەوەرییەکانم دەبەخشی تا ڕاومنێن.

ئێستا بیرم نایەت چۆنچۆنی ئەو چایخانەیە بووە ناونیشانی هەمیشەیی شێتێتیمان و، چۆن بەرەبەرە شێوەی گرتین و، هەرجارەش گۆشەیەکی نوێی بۆ هەڵدەبژاردین، کە لەماوەی دوومانگی بەختەوەرییە دزراوەکەماندا، هۆگری سروشتە بێبارەکەمان بێت.

ڕۆژانە کاتی جیاجیاو، بەپێی سەعاتی دەرزەکانی تۆ و بەرنامەی کاری من، لەوێ یەکترمان دەگرت.

واڕاهاتی هەموو بەیانییەک سەعات 9، کە بەرەو زانکۆ دەبوویتەوە تەلەفۆنم بۆ بکەیت و، ڕۆژانە لەسەر بەرنامەی ئەو ڕۆژە ڕێبکەوین، تا وای لێهات خۆمانی لێدەرچێ شتێکی دی لە بەرنامەماندا نەما.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو هەڵدێری خۆشەویستیت گلۆردەبوومەوەو، خۆم بەدارو بەردو هەموو مەحاڵەکانی سەر ڕێگەکەمدا دەکێشا. بەڵام چونکە خۆشمدەویستی گوێم بە ئاسەواری برینەکانی پێم و ڕووشاوییەکانی ویژدانم نەدەدا، کە پێش تۆ بلوورێک بوو بە ڕووشاندن قایل نەدەبوو. لەگەڵ تۆدا وەک تیسکەی تفەنگ بەرەو دوورترین خاڵی شەیدایی‌و شێتێتی شۆڕدەبوومەوە.

بە خۆشەویستییەکەت هەستم بە تاوانباری نەدەکرد. لانی کەم تا ئەو ماوەیەی کە هەر خۆشویستنەکەتم مەبەستبوو، ئەویش دوای خۆ قایلکردن کە بەم خۆشەویستییە زیان بە کەس ناگەیەنم.

ئەوسا پرکێشی لەوەندە زیاتر خەونبینینم نەدەکرد. ئەو سۆزە ڕامالەرەم بەسبوو کە بۆ یەکەمینجار، هەندێک بە بەختیارییەکی زۆرو، جاجارەش بە دڵتەنگییەکی توند، دایدەگرتم..

خۆشەویستیم بەسبوو.

کەی شێتت بووم؟

ڕەنگە بەشوێن ئەو مێژووەدا بگەڕێم و پرسیاربکەم.. بڵێی ئەو ڕۆژەبێ کە بۆ یەکەمجار بینیمی؟ یان لەو ڕۆژەوەبێ کە بۆ یەکەمجار دووقۆڵی پێکەوە ماینەوە؟ یان ڕۆژەکەی بۆ یەکەمجار خوێندمیتەوە؟.

یان لەو ڕۆژەدابێ کە دوای تەمەنێکی تاراوگەیی وەستا، تا.. وەک یەکەمجار قسنتینەی تیا بکێشم!

بڵێی ڕۆژی پێکەنین یان گریانت بوبێ.

کاتێک دەئاخافتی.. یان کە بێدەنگ دەبوویت.

ئەوکاتەی بوویت بە کچم.. یان ئەو ساتەی پێتوابوو دایکم بیت؟!

کام ئافرەتەیانت وای لێکردم؟.

لەگەڵتا هەمیشە حەپەسابووم. چونکە لەو بووکە دارینە ڕووسیە دەچوویت کە بووکێکی دی لە خۆیدا شاردبۆوە، ئەمیش بوکێکی تری پچوکترو، بەوجۆرە حەوت بووک لە یەکێکدا دەبوو!

هەمووجارێـک بەڕووی ئافرەتێـکی دی ناو ناختا دەبوومەوە. لە چەند ڕۆژێـکدا ئادگاری گشت ئافرەتانت گرتەوە. منیش بە ژنێـک زیاتر دەورە درابوم و، کاتی ئامادەبوون و نەبوونت نۆرەیان لێـدەگرتم و، بە خۆشویستنی هەمویانەوە گیرم خواردبوو.

جا ئیتر دەکرا من بە شێـوەیەک خۆشمویستیتایە؟

هەر ئافرەتێـک نەبوویت.. شارێـک بوویت.

شارێـک لە ژنی بەیەک ناکۆک.. لە تەمەن و ئادگاردا جیاواز، لە جلوبەرگـو بۆن، لە شەرم و پڕکێـشی، ئافرەتانی پێش وەچەی دایکم تا ڕۆژگاری خۆت.

ژنانێـک کە هەر هەموویان تۆبن.

کە کات ڕابورد ئەمجا زانیم. دوای ئەوەی شارئاسا کە ڕۆڵەکانی خۆی هەڵدەلوشێـت تۆش منت هەڵلوشی.

ئەو گۆڕانەم تیادا بەدیدەکردی کە بەرەبەرە دەیکردیتە ئەو شارەی لەوەتەی هەیە تیامدا جێـگیربوو..

گۆڕانەکوتوپڕییەکەتم دەبینی، کە ڕۆژانە ئادگاری قسنتینە دەیگرتیتەوە، بەرزونزمییەکەیت لە بەردەکرد، لە بنبەردو بیرو ئەشکەوتە نهێـنییەکانیدا دەگیرسایتەوەو، سەرت لە پیاوچاکانی دەداو، بۆنی بغوردەکەیت لەخۆت دەدا، ئەنگۆرە نایابەکەیت لەبەردەکرد، کە لە ڕەنگی کراسەکەی "دایە" بوو، بەسەر پردەکانیدا هاتوچۆت دەکرد، خڕنگەی پاوانە زێـڕینەکەی پێـت وەختابوو لە ئەشکەوتی بیرمدا بزرەنگێـتەوە.

خەریکە ئاسەواری خەنەی جەژن بە پاژنەکانی پێـتەوە بەدیکەم.

لەگەڵ تۆدا شێـوازی کۆنی قسەکردنم بۆ دەهاتەوە. قسنتینئاسا "تاء"م بە "تساء" دەردەبڕی.

بە نازەوە بە "یالا" بانگم دەکردی کە لە قسنتینە ئێـستا پیاو ژن وا بانـگ ناکات.

بەسۆزەوە بە "ئەی ئومیمە" بانگم دەکردی بەو شێـوە بانگکردنەی کە لە مێـژە قسنتینە هەر ئەوەی لە قورەیشییەکانەوە بۆماوەتەوە.

من، کە شەیدایی دواچەکمی دادەماڵی، بەزیوانە شەیدائاساکانمان دانیپیادەنێـم "نشتیک.. یعن بوزینک".

ئەو ووشەیەی کە لە بنەڕەتدا "حەزم لێتە"یەو ماوەیەکە وا کورتکراوەتەوە کە ماناکەی لە دەستداو، ببێتە ووشەیەکی خۆشدوویی‌و هیچی دی.

قسنتینە شارێکی دووڕووە، دان بە تامەزرۆیدا نانێ‌و ڕێ بە شەیداییش نادات، بەڵکو لە پێناو مانەوەی دەستەڵاتی خۆیدا، شاری ڕەسەن ئاسا، بە چاوتروکاندنێک هەمووشت بۆخۆی دەبات، بۆیە لەگەڵ پیاوچاکانی پیرۆزبایی لەوە دەکات.. لەگەڵ داوێنپیسانی‌و.. دزەکانیشیا هەروا دەکات.

دز نەبووم، پیاوچاک و پیرێکیش نەبووم کە لافی پیرۆزی لێبدات، تا قسنتینە پیرۆزیم پێببەخشێت.

تەنیا پیاوێکی شەیدابووم، کە بەشێتی نیگارکێشێک خۆشیویستبیت، بە سەرکێشی‌و گەمژەیی نیگارکێشێک وێنەکەتی کێشابێ، وەک جاهلییەکان چۆن خواوەندەکانیان بەدەستی خۆیان دروستدەکردو، ئەمجا دادەنیشتن تا بیانپەرستن و، قوربانیان پێببەخشن.

ڕەنگە لە خۆشەویستییەکەی مندا، ئەمیانت لە هەموویان خۆشتربوێت!

ڕۆژێکیان پێتووتم:

خەونم بەوەوە دەبینی نیگارکێشێک خۆشیبویستمایە. چیرۆکی سەرسووڕێنەری زۆرم لە بارەی نیگارکێشەکانەوە خوێندۆتەوە. لەناو سەرجەم داهێنەراندا ئەوان لە هەمووان شێترن. شێتێتییەکەیان توندە.. ناکاو و مۆلەقە. لە هیچ شتێکدا لەوە ناچێ، کە بۆ نموونە لەبارەی شاعیر یان موسیقاژەنەکانەوە دەووترێ. ژیانی ڤان کوخ.. دولاکروا.. گوگان.. دالی.. سیزان.. بیکاسۆو، زۆری تریشم خوێندۆتەوە کە بە ڕادەی ئەوان ناوبانگیان نییە. لە خوێندنەوەی ژیننامەی نیگارکێشەکان ماندوونابم.

ڕاستییەکەی هێندەی بێباری‌و توندییەکەیانم بەلاوە مەبەستە ئەوەندە ناوبانگیانم مەبەست نییە. ساتی جیاکردنەوەی داهێنان و شێتێتییەکەم پێگرنگە. کاتێک ناکاو دەرچوونی خۆیان لە مەنتیق و ڕق لێبوونەوەیان لێی ڕادەگەیەنن. هەر ئەو ساتە ڕامان و هەندێ ووڕبوون هەڵدەگرێ، هەر بۆیەکیش وادەکەن تا لە ڕووماندا بووەستنەوەو بێتواناییمان لە تابلۆیەکدا ببینن کە جگە لە ژیانی خۆیان چیدی نەبێ.

داهێنەرانێک هەن، بەوەندە دابیندەبن کە بلیمەتییەکەیان لە بەرهەمەکانیاندا دابنێن. هی واشیان هەیە، بەو بلیمەتییەوە سوورن لەوەی

مۆری ژیانی خۆیان بکەن، بۆیە ژیننامەیەکی دەگمەنی وامان بۆ جێدێڵن، کە دووبارەبوونەوە، یان ساختە هەڵنەگرێ..

پێموایە ئەم جۆرە شێتێتییە تەنیا لە نیگارکێشدا هەبێ. پێشم وانییە شاعیرێک لەساتی بێورەیی و قین لە دنیا هەڵسانیدا، بۆ نموونە بە ڤان کوخ بگات کە گوێی خۆی بڕی تا بە ژنێکی لەشفرۆشی ببەخشێ..

یان ئەو نیگارکێشە وونەی ناوەکەیم لە یاد نەماوە، کە دوای هەڵواسینی تابلۆی ژنە خۆشەویستەکەی، کە بە چەند ڕۆژێک کێشا بووی، بە بنمیچی ژوورەکەیەوە، خۆی خنکاند. بە ڕێگای خۆی بەوجۆرە یەکیان گرتەوە.. تابلۆکەیو ژیانی خۆشی پێکەوە ئیمزاکرد.

ووتم:

- کەواتە ئەوەی لە نیگارکێشدا بەدڵتە، توانا بێهاوتاکەی ئازاری خۆ، یان خۆ شێواندنیانە.. وانییە؟.

وەڵامتدایەوە:

- نەخێر.. بەڵام جۆرە نەفرەتێک تەنیا بەدوای نیگارکێشەوەیەو، قسەیەکیش هەیە ئەوان نەبێ کەسی دی ناگرێتەوە. تا ئازارو برسێتیو شێتێتیان زۆربێ، تابلۆکانیان بەنرختردەبێ. تەنانەت مەرگیان بە نرخێکی خەیاڵی دەگەیەنێت، هەر وەک کێشانەوەیان پێویستبێ تا تابلۆکە جێیان بگرێتەوە.

لە بارەی ڕاکەتەوە دەمەدەمێم لەگەڵدا نەکردی.

گوێم لەو قسانەت دەگرت کە خۆم دەمزانین و، بەڵام کە لەتۆم دەبیست بەلامەوە شتێکی ناکاوبوو.

کاتی خۆی لێم نەپرسیت بزانم لەبەرئەوە خۆشتدەویستم کە ڕەنگە شێتبم، یان لەبەر شتێکی دی. نیازە نەستییەکەت ئەوە نەبووبێ کە بتکەمە تابلۆیەکی بەنرخی وا گیانی خۆمی لە سەر دانێم.

بەڕاستی ئازارەکەم، لە نرخی هەر تابلۆیەک زیاد دەکات کە بیکێشم، جا ئیتر تابلۆکە هەرچۆنێک بێت، بەکاریگەرێتی برسێتیم یان نۆرە شێتێتییەکەوە کێشرابێ؟

بەو پرسیارانە دادەکەوتم.. بڵێی هونەر لەکوێوە دەستپێبکات؟.. ئەی لای خەڵکی دی سادێتی لە کوێوە دەست پێدەکات؟.

پێموابوو ئەم دەمەتەقێیە پێوەندی بە داهێنان و هونەرەوە نەبێ، بەڵکو هەر بە سروشتی مرۆڤ خۆیەوەبێ.

سادەییەت لە خوێـنمانایە. حەزمان بە بیستنی ئازاری خەڵکییەو، لە خۆپەرستیشەوەیە کە پێمان وایە هونەرمەند مەسیحێکی دییەو بۆیە هاتووە تا لەبری ئێـمە لە خاجبدرێ.

ئازارەکەشی لە یەکێ کاتدا شادو دڵتەنگمان دەکات. ڕەنگە بەسەرهاتەکەی بمانگرێـنێ، بەڵام لە خەومان ناکات و، هونەرمەندێکی تریشی پێ تێـر ناکرێـت، کە بە بەرچاومانەوە لە برساو لە داخا بمرێ، بەڵکو بە ئاسایی دەزانین کە برینی خەڵکی دی ببێتە چامەیەکێ و بیچڕین، یان تابلۆیەکێ و لای خۆمان بیپارێـزین، یان هەر لەبەر هەمان هۆ، بازرگانیشی پێـوە بکەین.

جا بڵێـی بەڕاستی شێـتێـتی هەر نیگارکێـشەکانی گرتبێـتەوەو کەسیدی؟

بۆ ئەوە کۆڵکەی هاوبەشی نێـوان سەرجەم هونەرمەندان و، هەموو ئەو کەسانەش نییە کە تووشی ئەم نەخۆشی ئارەزووی خولقاندنە بوون؟

خولقێـنەر بەحوکمی مەنتقی خودی داهێـنان، نابێ مرۆڤێـکی ئاساییو، خاوەن هەڵسوکەوتێکی ئاساییو پەستیو شادی ئاساییبێ. بە پێـوەری ئاسایی دەستکەوت و زیانی.. بەختیاریو پەستی بپێـورێ.

ئەو مرۆڤێـکی حولحولییە، ناکاوە،کەس لێـی تێـناگاو کەسیش بیانووییەکێ بۆ هەڵسوکەوتی نابینێـتەوە.

ئەوە یەکەم ڕۆژبوو باسی زیادت بۆبکەم.

ووتم:

ـ شاعیرێـکی فەلەستینیم ناسی لە جەزائیر دەیخوێـند. بە دڵتەنگیو تەنیاییەکەی بەختیاربوو، بەو کەمەپارەیەی وەکێ مامۆستایەکی ئەدەبی عەرەبیو، بە ژوورە پچووکەکەی زانکۆیو، بە دوو دیوان شیعر قایلبوو. تا ئەو ڕۆژەی باری ژیانی گۆڕراو، شوقەیەکی وەرگرت و خەریکبوو قوتابییەکی خۆی بێـنێ کە شێـتی ببوو، دواجاریش کەسوکاری کچە قایلببوون بیدەنێ.

کە ناکاو بڕیاری دا واز لە هەموو شتێـکێ بێـنێو، بگەڕێـتەوە بۆ بێـروت و پچێـتە ڕیزی پێـشمەرگەوە..

بێـهوودە هەوڵمدا بە مانەوە قایلیکەم. کاتێـکێ خەریکبوو خەونەکانی بێـنەدی.. لە گەمژەیەتیو سووربوونی ڕۆیشتنەکەی نە دەگەیشتم. بە تەوسەوە وەڵامی دەدایەوە "کام خەون.. نامەوێ فەلەستینییە

دەربەدەرەکەی ناخم بکوژم.. چونکە ئەوسا هەرچیم هەیە نرخی پووشێکی نامێنێ..".

که بەکاوخۆ دووکەڵی جگەرەکەی بەبا دەکردو، وەک لە کاتی درکاندنی نهێنییەکدا خۆی لە پاڵیا حەشاربدات، بەردەوامبوو: "ئەمجا.. نامەوێ ئافرەتێکم بەناوەوەبێ، یان گەر حەز دەکەیت نامەوێ تیایدابم.. چونکە گەر مانەوەکە بوو بە زۆر، لە بەختیاری دەترسم. بەندیخانە هەیە بۆ شاعیر دروست نەبووە.."

خۆشەویستەکەی دەهات بۆلام و دەپاڕایەوە تا قایلی بکەم بمێنێتەوە، چونکە یەکلاییە ئەو شێتە بەرەو مەرگ دەچێ. بەڵام بێهوودەبوو، یەک بیانوو چییە بۆ گلدانەوەی لە ئارادا نەبوو.. بگرە لەکاتی سەرکێشییە ناکاوەکەیدا، وای لێهات کە بیانووەکانم زیاتر هانی ڕۆشتنی بدەن.

بیرمە ئەوسا، بەسووکە تەوسێکەوە، وەک دەرزێکی ژیانم دادات ووتی:

"مەزنی لەوەدایە، لەوپەڕی سەرکەوتنماندا شوێن جێبێڵین. ئەوە جیاوازی ڕەشە خەڵک و.. پیاوانی نائاساییە!".

لێمپرسیت کە پێتوایە شێتێتی شاعیرێکی وا، لە شێتیتی ئەو نیگارکێشە کەمتربێت کە گوێی خۆی بڕی؟

بێئەوەی زۆری لێبکرێ ئاسوودەییەکەی خۆی بە نەهامەتیو ژیانیشی بەمەرگ گۆڕییەوە.

ویستی بە سەربەرزییەوە بەرەو مەرگ بچێ نەک بە بەزیویو زۆرلێکراوی. ئەوە ڕێگەی خۆی بوو، پێشوەخت شتێک ببەزێنێ کە بەزینی بۆ نییە، ئەویش مەرگە.

بە پەرۆشییەوە پرسیارت لێکردم:

- جا مرد؟

پێمووتی:

- نەخێر.. ماوە.. یان لایەنی کەم تا ئەو ڕۆژە هێشتا مابوو، کە بە بۆنەی سەری ساڵەوە دواکارتی بۆ ناردبووم، واتە نزیکەی شەش مانگێک پێشتر.

بێدەنگییەک لە نێوانماندا باڵی کێشا، وەک هەردووکمان بیرمان بۆلای ئەو چووبێ..

پێمووتی:

ـ دەزانی ئەو هۆیەکی ناڕاستەوخۆی جێهێشتنی جەزائیرم بوو؟ لەوەوە فێربووم کە ناتوانین لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی تیاماندان ئاشتبین، دەبێ بۆ ژیانی یەکێکیان قوربانی بە یەکێکی دییان بدەین. تەنیا لەبەردەم ئەو هەڵبژاردنەشدا یەکەم قوری خۆمان دەبینینەوە، چونکە لەخۆمانەوە بەلای ئەوەیاندا دەکەوینەوە کە پێمانوایە گرنگترە.. ئەویش هەر ئێمەین.

کە قسەکەت پێبڕیم ووتت:

ـ بەڕاست بیرمچوو لێت بپرسم بۆ هاتی بۆ فەرەنسا؟

هەناسەیەک پێش وەڵامەکەم کەوت، وەک دەرگای سنگێک بکاتەوە شکستی کڵۆمی دابێ:

ـ ڕەنگە بە هۆکارەکانم قایل نەبی.. بەڵام منیش وەک ئەو برادەرە، حەز بە دانیشتنی سەر ئەو لوتکانە ناکەم کە بە ئاسانی لێی بەربیتەوە. بەتایبەتیش ڕقم لە کورسییەکە کە دانیشتنم لەسەری بمکاتە کەسێکی تری وا بە خۆم نەچێ.

دوای سەربەخۆیی لە دەست ئەو پلە سیاسیانە هەڵدەهاتم کە دەخرانە بەردەست من و، هەمووش هەڵپەیانبوو بۆی.

خەونم بە پلەیەکەوە دەبینی کە لە سایەیدابم و بێ هەراو هوریاو ماندوبوون گۆڕانکارییەک بکەم. بۆیە کە لە جەزائیر بە بەرپرسی چاپ و بڵاوکردنەوە دانرام، هەستمکرد من بۆ ئەو جێگایە خولقابم. سەرجەم ساڵانی تونسم لە فێربوونی زمانی عەرەبیو تیا قووڵبوونەوەیدا بەسەربرد، وەک جەزائیرییەک، کە بە پلەی یەکەم لە زمانی فەرەنسی زیاتر هیچی دی نەزانێت بەسەر گرێ کۆنەکەمدا زاڵبم. بە چەند ساڵێک وام لێهات، ڕۆشنبرێکی دووسەرە دەرچم و، بەر لە خەوتنم دەبوا بە یەکێک لە دوو زمانەکە ژەمێک خوێندنەوەم بکردایە.

بە کتێب و بۆ کتێب دەژیام. بەرادەیەک ماوەیەک وام لێهات خەریکبوو لە نیگارکێشییەوە بچمە سەر نووسین، بەتایبەتی کە ئەوکاتە وێنەکێشی بەلای هەندێکەوە، لە نالەبارێتییەکی ڕۆشنبیریو، بە یەکێک لەدیاردەکانی ڕابواردنی هونەری دەچوو، کەپێوەندی بەباری سەربەخۆییەوە نەبێ.

ئەوسا کە دواتر بۆ جەزائیر گەڕامەوە، پڕ ووشە بووم.

جا لەبەر ئەوەی ووشەش بێلایەن نییە، بۆیە پڕ لە پەندو ڕەوشت و، ئارەزووی گۆڕینی ئەقڵەکان و بەرپا کردنی شۆڕشێک لەو ئەقڵە

جەزائیرییەدا بووم، کە هەژانە مێژووییەکان هیچ گۆڕانێکیان بەسەردا نەهێنا بوو..

کاتەکەشی بۆ خەونەگەورەکەم، کە نامەوێ ناوی "شۆڕشی ڕۆشنبیری" لێبنێم، لەبار نەبوو. دواتر ئەم دوو وشەیە پێکەوە یان بەجیا لای ئێمە هیچیان نەدەگەیاند.

هەڵەی گەورە هەبوو کە بە نیازپاکی دەکران. گۆڕانکاری لەکارگەو، گوندە کشتوکاڵییەکان و خانووبەرەو دەزگا گەورەکانەوە دەستی پێکردو، مرۆڤیشی خستە قڕەوە.

جا ئیتر مرۆڤێکی بێوورەو بەتاڵ و، نوقمی گرفتی هیچوپووچی ڕۆژانەو، خاوەن ئەقڵییەتێک کە بە دەیان ساڵ لە دوای دنیاوە بێت، چۆن نیشتمانی پێدادەمزرێ، یان شۆڕشی پیشەسازی و کشتوکاڵی، یان هەر شۆڕشێکی دی پێ بەرپادەکرێ؟

هەموو شۆڕشە پیشەسازییەکانی دنیا بە خودی مرۆڤ دەستیان پێکرد، هەر بۆیە یابان بووە "یابان"و ئەورووپاش ئەو ئەورووپایەی ئەمڕۆیە.

تەنیا عەرەب کەوتنە خانوودروستکردن و ناوی شۆڕشیان لە دیوارناو، زەویان لەم دەسەندو دەیاندا بەو و، ناوی شۆڕشیشیان لێدەنا.

شۆڕشێک کە نەگاتە ئەوەی تەنانەت خواردنەکەمان لە دەرەوە نەیەنین.. شۆڕشێک کە هاوولاتی بگەیەنێتە ئاستی ئەو ئامێرەی دەیگێڕێ.

ناکاو دەنگم بە جۆرێکی نوێی لێهات، ئەو زوخاو و شکستانەی تێکەوت کە ساڵانێکبوو کەڵەکە دەبوون.. تۆش بەشتێک سەرسامییەوە سەیرت دەکردم، ڕەنگە بە بەدڵبوونێکی بێدەنگانەوە بووبێت، منیش بۆ یەکەم جار باسی خەمە سیاسییەکانم بۆ دەکردی.

لێتپرسیم:

- کەواتە لەبەر ئەمە هاتی بۆ فەڕەنسا؟

ووتم:

- نەخێر.. بەڵام ڕەنگە لەبەر بارودۆخێک هاتبم کە لە ئەنجامی هەڵەی وادا بووبێ، چونکە ڕۆژێک بڕیارم دا خۆم لە دەست بێکەڵکی ڕزگارکەم، لەو کتێبە ساکارانەی کە ناچاربووم بیان خوێندمەوەو دەشبوا بە ناوی ئەدەب و ڕۆشنبیریشەوە بڵاویان کەمەوە، تا گەلێکی بە زانست برسی لووشیان دا.

هەستم دەکرد خواردنی قوتوی پیسی وا بە هاوولاتی دەفرۆشم کاتیان بەسەرچووبێ. هەستمدەکرد بە شێوەیەک لەشێوەکان لە بەرەو خراپچوونی باری تەندروستی بیری بەرپرسیاربم، درۆی دادەم ئەویش دوای ئەوەی لە ڕۆشنبیرێکەوە بوومە پۆلیسێکی هیچوپووچ، کە سیخوڕی بەسەر ووشەو خاڵەوە بکات، تا ووشەیەک لێرەو یەکێکی دی لەوێ قتکا.. چونکە هەر تەنیا خۆم بەرپرسیاری نووسینی خەڵکی دی بووم.

کە یەکێکم بۆ ژوورەکەی خۆم بانگدەکرد تا بە لابردنی بیرێک یان ڕایەکی وا قایلیکەم کەخۆشم لەگەڵیابم، هەستم بە شەرمەزاری دەکرد.

ڕۆژێکیان زیاد هاتە لام.. ئەو شاعیرە فەلەستینییەی باسیم بۆکردی، پێشتر نەم دیبوو.

پێوەندیم پێوەکرد تا داوای لابردن یان گۆڕینی چەند ووشەیەکی دیوانەکەیی لێبکەم، کە پێموابوو لەئاست چەند ڕژێمێک و.. بەتایبەتی هەندێ لە دەستەڵاتدارانی عەرەب، کە بە نیمچە ڕاگەیاندنێکی ئاشکرا ئاماژەی بۆ کردبوون و، هەموو ناوناتۆرەیەکی لێنابوون، توندبێ.

هەرگیز نیگای ئەوڕۆژەی لەیاد ناکەم.

ساتێک چاوی لەسەر قۆڵە برراوەکەم ڕاگرت، ئەمجا بەرەو ڕووم بڵندی کردو بە سووکە سەیرکردنێکمەوە ووتی:

"چامەکانیشم نابڕیتەوە گەورەم؟.. دیوانەکەمم بەرەوە، لە بێرووت بڵاوی دەکەمەوە".

هەستم بەکەفکردنی خوێنی جەزائیریانەی ناو دەمارەکانم کرد، خەریک بوو لە شوێنی خۆم هەڵدەستام و شەقازلەیەکی لێدەم. ساردبوومەوە، ویستم خۆم لە سەرنج و قسە ڕەقەکانی گێلکەم.

لەو ساتەدا چی ساردی کردمەوە؟

بڵێی فەلەستینێتییەکەی بووبێ، یان ئەو جوامێرێتییەی کە پێشتر هیچ نووسەرێک پرکێشی نەکردووە لەگەڵمی بکات، یان بلیمەتییە شیعرییەکەی بووبێ؟ چونکە لەو ڕۆژگاری پۆخڵیەدا دیوانەکەی ئەو نایابترین شیعربوو کە خوێندبێتمەوە. لە ناخیشمەوە بڕوام بەوەبوو کە شاعیرانیش پێغەمەرئاسا هەمیشە لەسەر هەقن.

قسەکانی وەک شەپازلەیەک گێڕامییەوە ڕۆژگارەکەو، بەشەرمەوە بەئاگای هێنام. ئەو شاعیرە ڕاستی دەکرد، چۆن بەخۆم نەزانیبوو کە

سالآنێکە جگە لە بڕینەوەی ئەو بەرهەمانەی دێنە بەردەستم و وەک خۆم دەمشێواندن شتێکی دیم نەکردبو؟

کە سەرنجێکی بێئاگام لە بەرگی دەستنووسکە دا، بە ڕوویدا وەستامەوەو پێمووت: "وەک خۆی بۆتی بڵاودەکەمەوە".

هەڵوێستەکم شتێک "پیاوەتی" تیادابوو، ئەو پیاوەتییە، یان جوامێرێتییەی فەرمانبەر لە هەر پلەو پایەیەکدابێت، بێ دەستبەرداری لە فرمانەکەی نایکات، چونکە فەرمانبەر کەسێکە پیاوەتییەکەیی بە کورسییەک گۆڕیوەتەوە!

کە دیوانەکەی دەرچوو هەندێ گرفتی بۆ پەیداکردم. هەستمکرد جۆرە ساختەبازییەکی وا لە ئارادایە کە توانای بەرگە گرتنیم نەبێ.

چی ڕێی پەردە لەڕوو داماڵینی ڕژێمە خوێناوییەکانم لێدەگرێ، کە هێشتا بەناوی خۆگری‌و یەکخستنی ڕیزەکانەوە، خۆ لە تاوانەکانی بێدەنگ دەکەین؟ بۆچی دەبێ بەپێی هەواڵی ئاو و هەواو، ئەو بایەی کەکاپتەنی پاپۆڕەکانمانی بەسەرەوەن، مافی ڕەخنەمان لە هەندێ ڕژێم هەبێ‌و لە هەندێکی تریشیان نەء؟

خەریکبوو شتێک لە بێوورەیی‌و تاڵاو بەرەبەرە لیپیان دەکردم. ئایا کارەکەم بگۆڕم تا گرفتەکانم بە گرفتی دی بگۆڕمەوەو، ئەمجارەیان لە گەمەیەکی دیدا ببمە لایەن؟

چی لەو هەموو شتە کەڵەکەکراوەو ئەو خەونانە بکەم کە سالآنی تاراوگەیی‌و خەبات کۆمکردنەوە، ئەی چی بە چل ساڵەی تەمەن و، باڵە بڕاوەکەو، باڵەکەی تریشم بکەم؟

چی لەو کابرا سەربەرزە کەللەڕەقەی ناخم بکەم، کە لە پێناو ئازادییەکەیدا بە هیچ قایل نابێت، ئەی بەو پیاوەی کە دەبێ بژی‌و فێری دانیشتنی سەر بنەماکان بێ‌و.. بەکورسی ڕابێت.

دەبوا یەکێکیانم لە پێناوی ژیانی ئەوی تریاندا بکوشتایە... بۆیە هەڵم بژارد.

گەیشتنم بە زیاد وەرچەرخانێک بوو لە ژیانمدا.

ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە بەسەرهاتی برادەرایەتی بەتین، وەک چیرۆکە گەرموگوڕەکانی خۆشەویستی، زۆرجار بە بەرەنگاری‌و شەڕفرۆشتن و هێز تاقیکردنەوە دەست پێدەکات.

ناکرێ دوو پیاوی خاوەن کەسایەتی بەهێزو ژیرو خاوەن هەستی لە ڕادەبەدەر، دوو پیاو کە لە هەموو تەمەنیاندا چەکیان هەڵگرتبێ‌و.. فێری قسەی ڕەق و بەرەنگاربوونەوە بووبن، بەبێ شەڕ بە یەکتر بگەن.

بۆیە هەر دەبوا ئەو یەکەمین شەڕەو.. ئەو بەرووودا وەستانەوەیەمان بوایە تا لەوە بگەیشتینایە کە هەردووکمان دروستکراوی قوڕێکین.

پاشان زیاد بەرەبەرە بووە تاکە برادەرێک کە بەڕاستی حەز بە دۆستایەتی بکەم.

هەفتانە چەند جارێک یەکترمان دەبینی، شەومان پێکەوە بەسەر دەبرد و پێکیشەوە سەرخۆش دەبووین و، لەبارەی سیاسەت و هونەریشەوە زۆر دەدواین، جنێومان بە هەمووان دەداو بە شێتێتییەکەمان بەختیار دەبووین و لە یەکدی جویێدەبووینەوە.

ساڵی 1973. ئەو تەمەنی 30 ساڵان و، دوو دیوان و، نزیکەی 60 چامەو، بەبڕی ئەوەش خەونی پەرشوبڵاوی هەبوو.

تەمەنی منیش چەند تابلۆیەک و، کەمێک خۆشیو، نوشوستی زۆرو، دوو یان سێ کورسی، کە لە سەربەخۆییەوە، بە شتێک ماقوڵیو، شوفێرێکی ئۆتۆمۆبیل و.. تاڵاوێکی شارەوەوە ئاڵوگۆرم دەکردن.

ڕۆژێکیان دوای شەڕی ئۆکتۆبەر بە دوو سێ مانگێک، زیاد ڕۆیشت. گەڕایەوە بۆ بێروت تا پچێتە ڕیزی بەرەی میللیەوە، کە پێش هاتنە جەزائیری لەگەڵیاندا بووە.

هەموو ئەو کتێبانەی بۆجێهێشتم کە بەدڵی خۆی بوون و ئەم وولات و ئەو وولاتی پێدەکردن. فەلسەفەی ژیانی خۆیو، شتێک لە بیرەوەرییەکانی و، دۆستەکەی بۆجێهێشتم کە جاروبار سەری دەدام تا هەواڵیم لێبپرسێ، چونکە زیاد قایل نەدەبوو نە نامەی بۆ بنووسێو نە لە یادیشی بکات.

کە بێدەنگییە زۆرەکەت نەما ووتت:

ـ باشە بۆ نامەی بۆ نەدەنووسی؟

ووتم:

ـ ڕەنگە لەبەر خۆلادانی ڕابردووی بووبێ.. لەوانەشە بۆ ئەوە بووبێ کە کچە ئەم لە بیرکات و خێرا شووبکات، حەزی دەکرد کچە یەکێکی تری بەنسیب بێ نەک خۆی.

لێتپرسیم:

ـ ئەی شوویکرد؟

ووتم:

- نازانم.. چەند ساڵێکە لە هەواڵی بێئاگام، پێدەچێ شوویکردبێ. هێجگار جوانبوو. بەڵام بڕواناکەم زیادی لەبیرکردبێ، زەحمەتە ئافرەتێک پیاوێکی وەک زیاد بناسێو بیری پچێتەوە..

لەو ساتەدا هەستمکرد، بیرت دوور ڕۆیشتبێ.

بڵێی کەوتبیتە خەونبینین پێوەی؟

بڵێی دواتر کە وەڵامی ئەو پرسیارە زۆرەی لەبارەیەوە دەتکرد، دەمدایتەوە، گەمژەیەتییە بەدوایەکەکانم بەجۆرێک کردبێ، وەڵامەکان لە یەک کاتدا ئارەزووی خۆهەڵقورتانی ژن و نووسەریان تیا ووروژاندبیت؟

زۆرم لە بارەی چامەکانییەوە بۆ باسکردی، باسی دوا دیوانیشیم کرد، کە چامەی وای تیادا نووسیبوو، وەک ئەوگوڵلانەی کە هەندێکیان لە شاییو شینی ناشتنی تەرمی خۆشەویستێک، یان خزمێکدا دەتەقێنرێن.

ئەو کۆنە برادەرێکی خۆیی دەناشت کە ناوی شیعر بوو، سوێندیشی دەخوارد ئیتر بە چەکەکەی نەبێ نەنووسێت.

ڕاستییەکەی، ئەو پیاوە نەیدەنووسی. تەنیا گوڵلەپژێنە بە تووڕەییو شۆڕش داگیراوەکەیی بە ڕووی ووشەدا بەتاڵ دەکردەوە.

کە بڕوای بەهیچ نەدەما.. گوڵلەی بە هەموو شتەکانی دەوروپشتییەوە دەنا!

ئاخ.. زیاد چەند پیاوێکی مەزن بوو!

دەبێ ئەمڕۆ دان بە مەزنیتییەکەی ئەو و، گەمژەیەتییەکەی خۆمدا بنێم. هەر دەبوا من، کە پێموابوو کێو بە کێو ناگات باسی ئەوم بۆ بکردیتایە..

بۆچی وا بەو گەرمییەو، بەو شاعیرانەیە باسیم بۆ دەکردی؟

بڵێی ویستبێتم بەو لێت نزیکبمەوەو، هەر لەڕێی ئەویشەوە قایلتکەم کە پێوەندییەکی پێشوەختم بە نووسەرو شاعیرانەوە هەبووە، تا لە چاوتا گەورەبم؟

یان بە بارە جوانەکەیدا بۆم باس دەکردیت، چونکە تا ئەو ڕۆژە پێموابوو بەو دەچم و، هەر باسی خۆشم بۆ دەکردی..

ڕەنگە ئەوانە هەمووی ڕاستی بووبن.. بەڵام..

دەشمویست، عەرەبایەتی لە کەسانێکی دانسقەی وادا ببینیتەوە، وەک ئەم نەتەوەیە وێنەی ئەوانی نەخستبێتەوە.

پیاوی وا له شاره عەرەبییە جیاجیاکاندا کەوتبێتەوە، که له وەچەی جیاو، بیروڕای جیابن، بەڵام هەر هەموویان جۆرە نزیکێتییەکیان بە باوکتەوە بووبێ.. بە؛ بەئەمەکەییەکەیو پیاوەتیەکەی، مەزنییەکەیو عەرەبایەتییەکەیەوە..

هەموویان لە پێناو ئەم نەتەوەیەدا مردبن یان بمرن.

نەمدەویست لە قاوغی نیشتمانە پچووکەکەدا داخرێیت و، لە پانتایی تەنیا شارێکدا ببیتە مەزاری ئاسەوارو یادەوەرییەکان.

چونکە هەموو شارێکی عەرەبی ناوی قسنتینەیە. هەر عەربێکیش لە پێناو کێشەدا هەموو شتێکی جێهێشتبێو ڕووی لە مەرگ کردبێ، دەشێ ناوی تایەر بوبێت..

ڕەنگە تۆش خزمایەتیت لە گەڵیدا بوبێ.

دەمویست ڕۆمانەکانت بە پاڵەوانانێکی واقعیانەتر پڕکردایەتەوە، پاڵەوانانێک کە تۆش لە گەڵیاندا لە هەرزە سیاسیو، هەرزە سۆزییەکەت دەرچویتایە.

ئەی ڕۆژێکیان ـ گەمژانە ـ پێم نەووتی "گەر پیاوی وەک زیادت خۆشبویستایە.. ئیتر ـ زۆربا ـ ت خۆش نەدەویست و پێویستیشت بە دروستکردنی پاڵەوانە خۆکردەکان نەدەبوو. لەم نەتەوەیەدا پاڵەوانانی ئامادەی واهەن کە خەیاڵی نووسەرانیان نەگاتێ..".

ئەوکات لەو بڕوایەدا نەبووم کە ئەو هەموو شتە ڕووبدەن و، خۆشم ببمە هەڵدەرەوەیەک کە لە ناو دێرەکانتا بۆ ئاسەواری زیادبگەڕێت و، پرسیاری، کاممانت زیاتر خۆشویست و، لە دوا ڕۆمانەکەتدا دوا مەزارت بۆ کاممان هەڵبەستووەت، لێبکات..

بۆ من.. یان بۆئەو؟

ئەو ڕۆژە، لە پڕ ماچێکی ڕوومەتت کردم و، کە خریکبوو هەڵیشسین بڕۆین بەشێوە جەزائیرییەکەت ووتت:

"خالید.. خۆشمدەوێیت.."

لەو ساتەدا چیم بە دەورەوە بوو وەستا، تەمەنیشم بەسەر لێوەکانتەوە وەستا.. دەکرا ئەو ساتە لە ئامێزم گرتیتایە، یان ماچم کردبایت.. یان بە هەزار.. هەزار خۆشمدوێیتی دی وەڵامم بدایتایەوە.

بەڵام لە سەرسوڕمانما دانیشتم و، داوای قاوەیەکی دیم لە شاگردەکە کردو، یەکەمین ڕستە کە لەو ساتەدا بەبیرمدا هات پێمووتی:

"بۆچی ئەمڕۆ؟"
بە دەنگێکی نزم وەڵامت دامەوە:
چونکە ئەمڕۆ ڕێزی زیاترم بۆت هەیە. سێ مانگە یەکەمینجارە باسی خۆتم بۆ بکەیت. پێشبینیم نەدەکرد لەبەر ئەوانە هاتبیتە پاریس. هونەرمەند بۆ ناوبانگ دەرکردن یان دەستکەوت نەبێ نایەتە ئێرە. پێم وانەبوو لەوێ دەستبەرداری هەمووشتێک بوویت، تا لێرە لە سفرەوە تێهەڵچیتەوە..
قسەکەتم پێبڕیت تا بۆتی ڕاستکەمەوە:
- لە سفرەوە دەستم پێنەکردۆتەوە.. ئێمە گەر ڕێگایەکی نوێ بگرین هەرگیز لە سفرەوە دەستپێناکەینەوە. ئێمە تەنیا لە خۆمانەوە دەستپێدەکەین. من لە بڕواکانمەوە دەستم پێکرد.
ئەوکاتە هەستمکرد پێوەندییەکانمان دەچێتە قۆناغێکی ترەوەو، تۆش هەویرێکی، ناکاو دەچیتە شێوەی بڕواو خواست و خەونەکانی ئایندەمەوە.
ڕستەیەکم بیرهاتەوە، ڕۆژێک لەکتێبی ڕەخنەگرێکدا خوێندبومەوە سەبارەت نیگارکێش نووسیبووی دەڵێ:
"نیگارکێش لەڕێی تابلۆکەیەوە وێنەی خۆمان پێشکەش ناکات. بەڵکو هەر پڕۆژەیەکمان لە بارەی خۆیەوە پێشکەش دەکات، کە تیایدا هێڵە سەرەکییەکانی ئادگاری ئایندەی خۆمان بۆ دیاری دەکات".
تۆش خۆت پڕۆژەی ئایندەمت نووسی.
تۆ ئادگاری ئایندەو، شاری ئایندەم بوویت. دەمویست جوانترین و، نایابترین بیت.
دەمویست ڕوویەکی دیت هەبێ، نەک ڕێک وەک ڕووی من، دڵێکی دیت هەبێ، نەک دڵی من، شوێن پەنجەیەکی دی، کە هیچ پێوەندییەکی بەو شوێن پەنجە شینانەوە نەبێت، ڕۆژگار لە جەستەو گیانی مندا جێیهێشتووە.
ئەو کاتە دوای کەمە پەشۆکاوییەک داوای سەردانی شوێن نیگارگەکەمم لێکردیت، تا ئەو وێنانەت نیشاندەم کە لە ڕۆژەکانی دواییدا کێشابوومن.
بەختیاردەبوم گەر بێ ڕاڕایی یان ترس بە داواکەم قایلبی. سووربووم لەسەر ئەوەی گومانی خراپەم لێنەکەیت. بڕیاریشم دا گەر پێت ناخۆشبێت ئەوا داواکەم بە هیجگارەکی بکێشمەوە.
کەچی قیژەکەت، وەک شادی منداڵێک کە سەردانی شاری یاری پێڕاگەیەنرابێ، حەپەساندمی:

ـ ئای.. زۆرچاکه بەڕاستی بەبینینی خۆشحاڵدەبم!
ڕۆژی دواتر، تەلەفۆنت بۆکردم تا پێم ڕاگەیەنیت نیوەڕۆ دوو سەعات کاتت هەیە، دەتوانی لەو دووسەعاتەدا سەرم بدەیت.
تەلەفۆنەکەم داناو.. کەوتمە خەون بینین، پێش ئەو سەعاتانەو کاتیش دەکەوتم.
تۆ بێیتە ماڵم.. جا بەڕاست شتی وا دەبێ؟
بەڕاستی لە زەنگی دەرگاکە دەدەیت، لەسەر ئەم کورسییە دادەنیشیت، لێرە بەبەردەمما هامشۆ دەکەیت.
تۆ.. دواجار تۆ؟
دواجار بەرامبەرت نا، بەڵام لەتەنیشتتەوە دادەنیشم. بۆ دواجار ئیتر شاگردەکانیش بە داواو خزمەتگوزاری تەنگمان پێهەڵناچنن. لە چاوی هامۆشۆکەرانی چایخانەو، هاتوچۆکەرە نەناسەکان بە دوور دەبین.
بۆ دواجار دەتوانین پێکەوە قسەبکەین، بێئەوەی کەس ئاگاداری گۆڕانکارییە دەروونییەکانمان بێ، پەست و شادبین.
لە خۆشیاندا پێشوەخت دەرگاکەم بۆ واڵاکردیتەوەو، نەمدەزانی کە دڵم بۆ سۆزو گەردەلوول دەکەمەوە.
چ شێتێتییەکە.. بتهێنم بۆ ئێرەو، دنیا نهێنییەکەی تریشمت بۆ بکەمەوەو، بتکەمە بەشێکی ئەم ماڵە.
ئەم ماڵەی کە لە چاوەڕوانیتا بۆتە بەهەشتم و، ڕەنگە دوای تۆش لێم ببێتە دۆزەخ.
بڵێی ئەوکاتە بەمەم زانیبێ؟ یان وەك هەر شەیدایەك کە لە ژوانەکەی ئایندەی بەولاوە چیدی نابینێ، بەختیارو گەمژەبووبم؟
پاشان پرسیم.. بڵێی بەڕاستی لە بینینی دوا تابلۆکەمدا.. باخچە نهێنییەکەی شێتێتیم نەبێ چیترم نەوێت.
کاترین و، ئەو تابلۆیەم بەبیرهاتەوە کە بە مەبەستی داوای لێبوردن بۆیم کێشا، چونکە ئەوکاتە من لە دەموچاوی بەولاوە هیچی دیم بۆ نەدەکێشرا، بەڵام ئەوانی دی پێشبڕکێیان لە کێشانی لەشە ڕووتەکەیدا دەکرد، کە لە هۆڵی هونەرەجوانەکاندا بۆ بەهرە نیشاندرابوو.
ئەو ڕۆژەم بیرکەوتەوە کە داوام لێکرد سەردانم بکات تا تابلۆکەی نیشاندەم..

لەو بڕوایەدا نەبووم دواتر ئەو تابلۆ بێگەردە، ببێتە هۆی پێوەندییەکی بەگەردو دوو ساڵیش بخایەنێت.
بڵێی بانگهێشتنە ڕەسمییەکەت، شتێک کەم ئەقڵی تیادا نەبێ‌و، ئارەزوویەکی نهێنییێ بۆ کێشکردنی باری هێنانەکایەی شتی دی؟
بڵێی ئەوە بکەم، کە ڕستەکەی کارینم دێنایەوەو، لەو نیگارگەیەدا لە ناو پشێوی تابلۆکێشراو و، تابلۆ سپییە بە دیوار هەڵپسێردراوەکاندا، خۆی بە دەستمەوەداو، بە ئاماژەیەکی ئەنقەستیش ووتی:
- ئێرە هاندەری خۆشەویستییە..
منیش بە هەندێک ڕاستییەوە وەڵامدایەوە:
- پێشتر ئەوەم نەدەزانی..
جا نیگارگەکەم هاندەری خۆشەویستییە؟ یان لە هەر شوێنێک خولقاندن هەبێ هاندەرێک دەبێ کە بەرەو شێتییت کێشکات؟
بەڵام، واش دەمزانی کە تۆ کاترین نیت و.. ناشبیت بەو. ئەوەندە لەمپەرمان لە نێواندایە کە هیچ شێتییەک تێکیان نەشکێنێ..
ئەمرۆ، شەش ساڵ دوای سەردانەکە، ئەو ڕۆژەم بیردێتەوە، وەک جارێکی دی، بە هەموو هەژاندنە دەروونییە جیاکانییەوە، تیایدا بژیم.
ئەوەتا تۆ بە کراسێکی سپییەوە بەژووردەکەویت (بۆچی سپی؟)، عەترەکەشت پێشخۆت دەگاتە نهۆمی دەیەمین. دڵیش لە پێشتەوە دەچێتە "سەرخەرەکە - مسعد"و لەبەردەمتا لۆقە دەکات.
ووشەکانیش کە بەفەڕەنسی بەخێرهاتنت دەکەن (بۆچی بە فەڕەنسی؟) ئێکەڵ و پێکەڵ دەبن. ئەوەتا من خەریکە ماچێکی گۆنات دەکەم.. کەچی تەوقەت لەگەڵدا دەکەم (بۆچی تەوقەت لەگەڵدا دەکەم؟).
کە لێت دەپرسم ماڵەکەت بەئاسانی دۆزییەوە، قسەکان بە فەرەنسی دەردەپەڕن (دیسان بۆچی بە فەرەنسی؟) بڵێی لەو زمانەی بە نەریت و لەمپەرە دەروونییەکانم نامۆیە بە دوای ئازادی یان پڕکێشییەکی زیاتردا بگەڕێم؟
لەسەر ئەو قەنەفەیە دانیشتی.
کە سەرنجێکی گشتی ژووری دانیشتنەکەت دا ووتت:
- پێشبینی ئەوەم نەدەکرد ماڵەکەت وابێ. ماڵێکی نایابەو زۆر بە زەوق پۆشتەکراوە!
لێمپرسیت:

ـ ئەی کەواتە چۆنت پێشبینی دەکرد؟
وەڵامتدامەوە:
ـ بە پشێوی.. زۆر شتی دییەوە.
بەپێکەنینەوە پێمووتی:
ـ شوقەیەکی تۆزاوی پڕ لە شتی زۆروبۆری پەرشوبڵاوم ناوێ تا ببمە هونەرمەند. ئەویش بیرێکی هەڵەی دییە سەبارەت بە نیگارکێش. پشێوی لە خۆمدا نیشتەجێیە، مەرج نییە منیش لەودابم. تاکە ڕێگەم، کەمە ڕێکخستنێکی ناوخۆمە.
ئەم شوقە بڵندەم هەڵبژاردووە، چونکە ڕووناکی گرتوێتییەوە نیگارکێشیش هەر ئەوەی دەوێ، تابلۆ پانتاییەکە بەپشێوی دانامەزرێ بەڵکو بە ڕووناکیو گەمەی سێبەرو ڕەنگەکان دادەمەزرێ.
پەنجەرە گەورە شووشەییەکەمم کردەوە، داوام لێکردی بچیتە کریدۆرەکەم.
ووتم:
ـ سەیرکە ئەو پردەی بەشارمەوە دەبەستێتەوە ئەم پەنجەرەیەیە. لێرەوە لە کریدۆرەکەمەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئاسمانە نائارامەکەی پاریسدا دەکەم.
هەموو بەیانیانێک پاریس هەواڵە دەروونییەکانی خۆیم پێدەگەیەنێت و، منیش لێرە لەم کریدۆرەدا دادەنیشم تا کاتێک لە دۆخێکەوە دەگۆڕێ بۆ دۆخێکی دی پیایدا بڕوانم.
زۆرجار ڕێکدەکەوێ لەبەر ئەم پەنجەرەیە نیگاربکێشم، ڕووشدەدا لە دەرەوە دانیشم و بە ڕووباری سیندا بڕوانم، کە دەبێتە قاپێکی پڕ فرمێسکی گریانی شارێکی کارامە.
پێم خۆشبوو لێرە لەسەر ڕۆخی بارانەکە دانیشم و لە یەک کاتدا لێی نزیکبم و بەریشم نەکەوێ، دیمەنی بارانەکەش بەرەو هەستە توندەکانم کێشکات.
"مرۆڤ کاتی بارانبارین هەست بەوپەڕی هەرزەیی خۆی دەکات"
ئەوسا، سەیری ئاسمانت کرد وەک نوێژە بارانە بکەیت، بە عەرەبی ووتت:
ـ باران هانی نووسینم دەدا.. ئەی تۆ؟
وەختابوو وەڵامت بدەمەوەو بڵێم "من بۆ خۆشەویستی هاندەدا".

ماوەیەکی باش سەیری ئاسمانم کرد. وەک ئاسمانی حوزەیرانان بێگەردو شین بوو.
ناکاو شینێتییەکەی تەنگی پێهەڵچنیم، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ کە بەرەنگە خۆڵەمێشییەکەی ڕاهاتبم.
لەوانەیە لەبەر ئەوەش بووبێ کە لەو ساتەدا، لە دڵی خۆمدا ئاواتم بە بارانبارین خواستبێ، تا گەر ئەوە بهاتایەتە دی وەک چۆلەکەیەکی تەڕ بەسەر سنگمیا دایتایە.
هیچ شتێکیشم لەو قسانە پێنەووتی.
نیگام لە ئاسمانەوە بۆسەر چاوەکانت گواستەوە.
یەکەمینجاربوو لەبەر ڕووناکیدا بیانبینم. هەستم بە ناسینەوەیان دەکرد.
وەک یەکەمجاربێت، لەئاستیانا پەشۆکام. کراوەییەکەی لە ئاسایی زیاتر بوو، ڕەنگە جوانتریش بووبێ.
لە یەک کاتدا قووڵ و مەنگ. شتێک لە خاوێنیو، پیلانبازێتی شەیدایانە..
بڵێی زۆر نیگام کردبی؟ بەشێوەیەک پرسیارت لێکردم کە پێشوەخت وەڵامەکەی بزانیت:
- بۆچی وا سەیرم دەکەیت؟
دەنگی عەرەبییەکەت لە ئاوازێکی تاک ئامێر دەچوو.
وەڵامەکەم لە چامەیەکدا دییەوە، کە ڕۆژێک سەرەتاکەیم لەبەرکرد بوو:

چاوەکانت دوو دارستانی خورمای کاتی سیحرن
یان دوو کریدۆرەو مانگ لە ئاستیانا کزە

سەرسامانە پرسیت:
- شیعری "سەیاب"یش دەزانیت؟. سەیرە!
لە وەڵامێکی دووسەرەدا ووتم:
- "سرووودی باران" دەزانم.
هەستمکرد لەو ساتەدا زیاترت خۆشویستبم، وەک منیش لەبەرچاوت بوبێتمە سەیاب.
هەر جارەو دێڕەشیعرێک، یان ووتەیەکم بە عەرەبی بۆ بگێڕایتایەتەوە دەحەپەسایت، لێتپرسیم:
- کەی ئەوەت خوێندۆتەوە؟

ئەمجارەیان وەڵامم دایەوە:

ـ ئازیزەکەم من هەر خەریکی خوێندنەوەبووم. خەڵکی پارە سامانێتی، منیش ناونیشانی کتێب. وەک دەشبینی پیاوێکی دەوڵەمەندم.. هەرچییەکم بەر دەستکەوتبێ خوێندومەتەوە.. ڕێک وەک چۆن ئەوانیش هەرچییان بەر دەستکەوتبێ لووشیانداوە!.

پاشان کە بەپردە بەردینە خۆڵەمێشییەکەدا دەتڕوانی، ڕووباری سینیش بەڕەنگە شینە هاوینییە دەگمەنەکەیەوە بە ژێریا دەڕۆیشت، ووتت:

ـ تۆ بەم دیمەنە بەختەوەریت، کریدۆرەکەشت بەسەر ڕووباری سیندا دەڕوانێ، جوانە، ئەم پردە ناوی چییە؟

ـ پردی میرابۆیە. دواجار دەرکەوت کە "ئەبولینیر" لە چەند چامەیەکیدا نەمری پێبەخشیوە، چەند ڕۆژێکە بەشێکیان لە دیوانێکیدا دۆزیوەتەوە. پێدەچێ شەیدای بووبێ. شاعیریش نیگارکێشئاسا بۆ نەمرکردنی شوێنێک کە تیایدا ژیابێ یان بە خۆشییەوە گوزەری پیاداکردبێ عادەتێکی وایان هەیە خۆی لەبەردا بۆ نەگیرێ. هەندێکیان شوێنێکی نەناسراویان نەمرکردووە، هەشیانە ئەو چایخانەیە نەمردەکات کە ڕۆژێک تیایدا نووسیبێتی، سێیەمیشیان شارێک کە ڕێکەوت پیایدا گوزەریکردبێ، کەچی وەک خۆشەویستێکی هەمیشەیی خۆیی لێکردووە.

لێتپرسیم:

ـ تۆ وێنەی ئەم پردەت کێشاوە؟

بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە وەڵامم دایتەوە:

ـ نەخێر چونکە ئێمە هەرچییەک ببینین مەرج نییە بیکێشین.. ئەوە دەکێشین کە ڕۆژێک بینیبێتمان و لەوە بترسین جارێکی دی نەی بینینەوە. (دولاکروا) هەموو تەمەنی خۆی لە کێشانی چەند شارێکی مەغریبدا بەسەربرد کە هەر چەند ڕۆژێک تیایاندا ماوەتەوە، (ئەتلان) یش تەمەنی خۆیی لە کێشانی تەنیا شارێکدا بەسەربرد.. ئەویش قسنتینەیە.

تا پێش دوومانگ لەبەر ئەم پەنجەرەیەدا نەوەستام و، بە پەشۆکاوییەکی نائاساییەوە دوا تابلۆم نەکێشا پەیم بەو ڕاستییە نەبرد.

بە چاو پردی میرابۆو ڕووباری سینم دەبینیو، بە دەستیش نیگاری پردێکی دیو دۆڵێکی دی و شارێکی ترم دەکێشا.

که تەوابووم، پردی سیدی ڕاشدو "دۆڵی الرمال"م کێشابوو.. نەك شتێکی دی. ئەمجا زانیم ئێمە لە کۆتاییدا ئەو شوێنەی کە تیایداین ناکێشین.. بەڵکو شوێنێك دەکێشین کە تیاماندابێ.

بەپەرۆشەوە لێت پرسیم:

ـ دەتوانم ئەو تابلۆیە ببینم؟

کە بەرەو نیگارگەکەم دەبردی ووتم:

ـ بێگومان.

لەبەردەم دەرگای ژووره گەوره پڕ لە تابلۆکەدا وەستایت. بە سەرسامی منداڵی ناو شارێکی جادوانە سەرنجی دیوارەکان و، ئەو تابلۆیانەت دەدا کە شانیان نابووە سەر زەوییەکە. ئەمجا بە هەمان سەرسامییەوە ووتت:

ـ ئەم شتانە چەندجوانن.. ئاگاداری؟ پێشتر سەری نیگارگەم نەداوە..

حەزم دەکرد پێتبڵێم "پێشتر، پێش تۆ هیچ ئافرەتێکی دی سەری پیادا نەکردووە".

بەڵام تابلۆ بەدیوار هەڵپسێردراوەکەی کاترین هاتنی ئافرتێکی تری بیرهێنامەوە. کەمێك بیرم بۆ لای ئەو چوو، کە ناکاو ووتت:

ـ ئەو تابلۆیەی بۆت باسکردم لە کوێیە؟

بردمیتە ئەو پەڕی هۆڵەکە، تابلۆکە هێشتا بەسەر سێپای وێنکێشانەکەوە بوو، وەك بەو شێوە جیایەی خۆی تابلۆ پەرشوبڵاوەکانی دەورپشتی بسرێتەوە.

پێوەندییەکی شەیدا لەنێوان هەموو نیگارکێشێك و دوا تابلۆیدا هەیە. دڵپێوەبونێکی بە سۆزی کپ، کە مەگەر هەر تابلۆیەکی لاقەنەکراوی دی بکەوتایەتە ناو بازنەی ڕووناکییەکەیو بیژاکاندایە.

نیگارکێشیش وەك نووسەر، هەرچەند بەرامبەر پانتاییەکی سپی بوەستێت، نازانێ چۆن بەرگری لە هاواری سپێتییە بەسوێکە بکاو، لەگەڵ خۆیدا بەرەو شێتێتی داهێنانی بەرێت.

کەواتە چۆن، دوومانگە بەرەنگاری ڕەنگە سپییەکەو لە خشتەبردنی هەموو ئەو تابلۆیانە بوویتەوە کە سپێتییەکەیان بەڕوودا دەردەکێشا؟

بۆچی قایل نەدەبووم کە لە دوای ئەم تابلۆیەوە وێنەی شتێکی دی بکێشم، مانەوەیم بەو جۆرەو بەسەر هەمان تەختەوە بە باشتر زانی، تا شایەتی بۆ بدەم کە خانمی من و، هەموو تابلۆکانی دەورووپشتیشم بووە،

وەكو دانانی لە قوژبنێكدا یان هەڵواسینی بەدیوارێكەوە ڕەتكەمەوە، چونكە ئەوە بە دوورخستنەوەی دۆستێكی كاتی دەچێ.

شتی وا دەبێ.. ئەوێك ئەوەندەی خۆشی پێبەخشیبم، كە تەنانەت ژنیش ئەو خۆشییەی نە دابێتمێ؟

ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت كە پێشتر.. بەڕەسمی لەگەڵ نیشتماندا خۆشەویستیم نەكردبێ!

كە لێیوورد دەبوویتەوە ووتت:

ـ لە تابلۆكەی یەكەمت دەچێ "حەنین" بەڵام لە زۆر ووردەكاریدا جیایە.. بە تایبەتی لە ڕەنگە سەرەتاییە خۆڵینەكەی بەكارت هێناوە، كامڵیو .. گیانی زیاتری پێبەخشیوە.

كە لەوەوە بەرەو لای تۆ نیگام گواستەوە ووتم:

ـ ژیانم بەبەردا كردووە.. خۆتی.

ـ من؟

ـ ئەو ڕۆژەت بیرە كە بە تەلەفۆن پێمووتی، دوێنێ تا دەمەوبەیان شەونخونیم بە دیار وێنە كێشانتەوەكردو، تۆش بەوە تاوانبارت كردم كە شێتبووبێتم و ترسایت ئادگارتم دەرخستبێ. مەترسە هەرگیز وات ناكێشم و كەسیش نازانێ ڕۆژێك چییە بە ژیانما گوزەرت كردبێ. فڵچەش پیاوەتی خۆی هەیە.

لە سەری ڕۆیشتم:

تۆ شاریت.. ئافرەت نیت، هەرچەند وێنەی قسنتینەم كێشابێ نیگاری تۆم كێشاوەو، هەر خۆشت بەوە دەزانی..

كە سەیری تابلۆكەی كاترینت دەكرد، ناكاو ووتت:

ـ ئەی ئەو؟

هەندێ كەللەڕەقێتی و خۆپەرستی منداڵ و، شتێك لە كەللەڕەقێتی و غیرەی ئافرەت لە پرسیارەكەتدا بوو.

كە ئەو تابلۆیەم لە سەر زەوییەكە بەرزدەكردەوە ووتم:

ـ بەڕاست بەم تابلۆیە پەستدەبی؟.

بە درۆیەكی پچووك و ئاشكرا وەڵامت دایەوە:

ـ نەخێر..

لەو ساتەدا هەستمكرد توانای شێتێتییەكم هەیە، بەردەوامبووم:

ـ گەر دەتەوێ لەبەرچاوی خۆت لە ناوی دەبەم..

قریشکانت:

ـ نەء، تۆ شێتیت!

بە هێمنی ووتم:

ـ شێت نیم.. ئەو تابلۆیەش هیچ بە من ناگەیەنێت. ئافرتێکەو بە شارێکی گوزەرکراودا ڕەتبووە.

کە سەرنجت دەدا بە بزەیکی شێواوەوە ووتت:

ـ ئەویش شارەکەی دیتە.. وانییە؟

ئەو دوا گوللەیەت لە کوێوەهێنا، تا بەو تابلۆیەوەی بنێیت؟

بە ئاماژەیەکی ئاشکرا دانم بۆ پیانایت:

ـ نەخێر.. شارم نییە، بالیفێکی ترمە.. یان گەر حەزکەیت چرپایەکی دیمە!

هەستمکرد کەمە سوورایەک هەر دوو گۆناتی گرتەوەو، سۆزو هەستە ناکۆکەکانیش پیاتدا گوزەریانکردو، شوێنەواریان بە سەر ئادگارە گۆڕراوەکەتەوە جێهێشت.

ئەمجا بە هێمنی وەک بۆ خۆت بدوێیت:

ـ ... گرنگ نییە!

کە قۆڵم گرتیت پێمووتی:

ـ بەرامبەر ئەو تابلۆیە غیرەمەکە. لەم ماڵەدا هەر یەک ژن هەیە بهێنێ غیرەی لێبکەیت، ئەویش ئەمەیە..

چاوم برییە ئەو شوێنەی ئاماژەم بۆکرد. پەیکەرێک لە قەوارەی ئافرەتێکدا لەسەر زەوییەکە قیت ببۆوە.

بەسەرسامییەوە ووتت:

ـ ئەمە، بۆچی ئەمە؟

ووتم:

ـ چونکە تاکە ئافرەتە تا ئێستا لەگەڵی خۆشحاڵ و، زۆربەی ساڵانی تاراوگەییشی لەگەڵدا بەشکردبم. پێشتر دانەیەکی پچووکیم هەبوو. دوو ساڵێک دەبێ بڕیارم دا پەیکەرەکەیم بە قەبارە گەورەکەی هەبێ.

ئەوە یەکێکبوو لە نۆرە شێتێتییەکانم. لە هەڵبژاردنەکەشی پەشیمان نیم، زۆر لە خۆم دەچێ. من بە یەک باڵەوەو ئەو هەردوو قۆڵی نییە. لە ماوەی جیاجیاو، بە هۆی جیاوازیشەوە، پەلمان لە دەستداوە. بەڵام پێکەوە خۆمان گرتووەو، کەم ئەندامییەکەشمان ڕێگەی نەمری لێنەگرتووین.

هیچت لە بارەی قسەکانمەوە نەووت.

پێدەچوو باوەڕت پێنەکردبم. کە پیاوێک لەگەڵ پەیکەری ئافرەتێکدا بژی، جۆرێکە لە شێتی، وانییە؟ تەنانەت گەر پیاوە نیگارکێشبێ‌و، ژنەش ڤینۆس!

گرفت لەگەڵتا.. بلیمەتییەکەت خۆی لە شێتی دەدا. بەڵام لەوە ژیرتر بوویت کە دەریخەیت. بۆیە هەرچەند بمویستایە بەڵگەیەکی شێتێتییەکەمت پێڕاگەیەنم، بە تەواوی باوەڕت پێنەدەکردم.

هەر بەگەمژەیی مێینەوە سەیری تابلۆکەی کاترینت دەکرد، وەک هەر ئەوت مەبەستبێ. منیش هەوڵی لێتێگەیشتنتم بوو.

لەو تابلۆیەدا چی جارسی کردبوویت؟ بڵێی ئەو ساتە وەختەی بوونی ئەوی نێوانمان بووبێ کە ئامادەییە کپەکەی ئافرەتێکی تری ژیانمی بیرهێنابیتەوە؟ یان کەژاڵی ژنەو ئەو لە خشتەبردنە بزوێنەی لێوو چاوی شارەوەی ژێر قژە بژەکەی بووبێ؟

غیرە لە تابلۆکە دەکەیت یان لە خاوەنەکەی؟ چۆن ئەو مافە بەخۆت دەدەی کە لەسەر کێشانی تابلۆی ئافرەتێک گازاندەم لێبکەیت، بێئەوەی منیش مافی موحاسەبەکردنی هەموو ئەو شتانەتم هەبێ کە پێش من نووسیوتن، ئەو پیاوەی ئازارت پێدام، جا بە ڕاستت بووبێ یان بە درۆ؟

چاوت بۆ دوا تابلۆ گێڕایەوە. کەمێک پیایدا ڕامایت و ئەمجا ووتت:

ـ کەواتە ئەوە.. منم!

ووتم:

ـ ڕەنگە تۆ نەبیت، بەڵام من وات دەبینم، شتێک لە هەڵبەزودابەزی ئەم شارەت تیادایە، لە کووڕی پردەکانی، سەرکەشێتییەکەی، مۆلەقییەکەی، ئەشکەوت و دۆڵی، لەو ڕووبارە کەفپژێنەی جەستەی پەرتکردووە، لە مێیەتیی‌و خشتەبردنە ژێربەژێرو گێژێتییەکەی.

بە بزەیەکەوە قسەکەت پێبڕیم:

ـ تۆ خەون دەبینی.. چۆن دەکرێ نزیکایەتییەک لە نێوان من و ئەو پردەدا بدۆزیتەوە؟

چۆن شتێکی وات بە بیردا هات؟! دەزانی من تەنیا حەزم لەو پردە پچووکە دارینانەیە کە لە کارتی کۆتایی ساڵاندا، بە بەفرو زیو ڕشێنراون و، چوارچەرخەی خەرافی بەسەریاندا دەپەڕنەوە، وێنەیان دەبینین. بەڵام پردە ئاسنینە بە ئاسماندا هەڵواسراوەکانی قسنتینە، ترسناکن.. سەرودڵ دەگرن،

بیرم نایەت یەکجار بەپێ بەسەریاندا پەڕیبمەوە، یان تەنیا جارێک لەو پردانەوە سەیری خوارەوەم کردبێ و.. هەستم بەترس و گێژبوون نەکردبێ.

ووتم:

- بەڵام گێژبوون شەیداییە، وەستانی سەر ڕۆخی بەربوونەوەیەکە خۆی لە بەردا نەگیرێ، ئەو پیاروانینی دنیایە کە لە خاڵێکی بڵندی ترسەوە دەیکەیت، بارگەیەکە لە هەڵچوون و هەستی ناکۆک، کە لە کاتێکدا بۆ خوارو سەرەوەت ڕاکێشێ، چونکە هەمیشە کەوتن لە وەستانی سەر دووپێی لەرزۆک ئاسانترە! پردێکی سەرکەشی وات بۆبکێشم، داننانە بەوەی کە تۆ گێژیی. ئەوەش قسەیەکە کە کەسی دی پێش من پێی نەووتبیت.

من تێناگەم چۆن قسنتینەت خۆشبوێت ڕقت لە پرد دەبێتەوە، بۆ داهێنان وێڵبیت و لە گێژبوون بترسیت. ئەگەر پرد نەبوایە ئەم شارە هەر نەدەبوو. خۆ گەر هەنسکی گێژیش نەبوایە، کەس خۆشەویستی.. یان داهێنانی نەدەکرد.

بەجۆرێک گوێت لێدەگرتم، وەک شتێکت دیبێتەوە، کە بەو ئاسانییەشییەوە، پێشتر پەیت بۆ نەبردبێ.

بەڵام ووتت:

- ڕەنگە دواجار ڕاستبوبیت، بەڵام من حەزم دەکرد وێنەی خۆمت بکێشایە نەک ئەم پردە. هەر ئافرەتێک ناسیاوی لەگەڵ نیگارکێشێکدا بکات، لەناخەوە پێیخۆشە نەمری بکا، وێنەی ئەو بکێشێت.. نەک شارەکەی، هەر ڕێک وەک چۆن هەر پیاوێکیش ژنێکی نووسەر بناسێ، ئاواتەخوازە شتێک لە بارەی خۆیەوە بنووسێت، نەک لەبارەی شتێک کە پێوەی بەندبێ. ئەوەش خۆپەرستیی.. یان لە خۆبایی یان شتێکی تری وایە کە لێکدانەوەی نەبێ.

داپیانانەکەتم لاسەیربوو. هەستم بە کەمێک شکستیکرد.

کەواتە بڵێی وێنەیەکی ساختەم کێشابیت؟ بەڕاست نزیکایەتی لە نێوان تۆو پردەکەدا نییە؟ بڵێی تابلۆکە دانەیەکی پڕ بەپێستی بیری خۆمبێ.. تۆش لە کۆتاییدا خەونت بە بوونە کاترینێکی ترەوە دیبێت و هیچی دی، ببیتە تابلۆیەکی ئاسایی، پەردە لەڕووی مەزاج ڕامالڕاو، دەموچاوێک کە سووروسپیاوێکی زۆری پیا سوابێ و، لە ڕووی ئەو پچێ؟

بڵێی لەو گرێیە چاک نەبوبینەوە؟

به کەمە بێـووڕەییەکەوە پێـمووتی:
ـ ئەگەر واتدەوێ.. ئەوا وێـنەت دەکێـشم.
بە دەنگێـک وەڵامتدامەوە جۆرە شەرمێـکی تیابوو:
ـ دانی پیادەنێـم سەرەتا، خەونم بە کێـشانی وێـنەیەکتەوە دەبینی.. کە تابلۆکەشم بۆ یادگار لای خۆم گلدایەتەوە، بەمەرجێـک گەر بکرایە ئیمزات نەکردبا..
کە مەنتق سەیرەکەی شتەکانم بۆ دەرکەوت، حەزم لەپێـکەنین، یان ڕاستتر بە پەستبوون دەکرد.
کەواتە مافی خۆمە ئەو سومبۆل و تابلۆیانەی هیچیان بە تۆ نەچێ ئیمزاکەم. بەڵام بۆ تۆ، نەتوانم ئیمزای خۆم لەبن وێـنەکەشتا دانێـم. تۆی تاکە ئافرەتێـک خۆشمویستبێ، نابێ تەنیا جارێـکیش ناوم پێـتەوە بلکێ، تەنانەت لە خوار تابلۆشدا؟
کەواتە هەن هەر ئیمزاکەم دەکڕن، نەک تابلۆکانم. تۆش هەیت تابلۆی بێـئیمزامت دەوێ.
منیش هەم.. ئەو شێـتە کەللەڕەقەم کە ئەم مەنتق نوێـیەی شتەکان ڕەتدەکاتەوەو، بە ناوی خۆشەویستێشەوە بتکاتە زۆڵە تابلۆیەک کە نە بنەچەو نە خاوەنی هەبێ. کە دەکرێ هەر فلچەو هەر نیگارکێـشێـک بەهی خۆیی دانێ.
بێـدەنگییەکەم سەرسامی کردی.. بەنیمچە داوای لێـبوردنێکەوە ووتت:
ـ کێـشانی وێـنەکەم دڵگرانت دەکات؟
بە تەوسەوە ووتم:
ـ نەخێـر.. دیسان بۆم دەرکەوت، کە تۆ کۆپی نیشتمانێـکی، ئەو نیشتمانەی ڕۆژێـک ئادگاریم کێـشا. بەڵام خەڵکانی دی ئیمزایان لەژێـر سەرکەوتنەکانمدا دانا. بۆ ئەم بۆنانە هەمیشە ئیمزای ئامادەکراو هەیە. لەوەتەی دنیا دنیایە، مێـژوونووس هەربووەو، ئیمزاکەرانیشی هەر بوون، بۆیە من قینم لەو تابلۆیانەیە کە بۆ ساختە ئامادەکرابن.
بڵێـی لەو ساتەدا لە قسەکانم گەیشتبیت؟
ناکاو گومانم لە ووشیاری ڕامیاریانەت پەیداکرد. چونکە دواجار هەر بابەتی تابلۆکەت بەلاوە گرنگبوو.
کە وێـنەگاکەت جێـدەهێـشت ووتت:
ـ دەزانی تا دوو مانگ یەکتر نابینین؟ هەفتەی ئاییندە دەڕۆم بۆ جەزائیر..

کە لە ڕاڕەووەکەدا ڕامگرتی ڤیژانم:
- بەڕاستیتە؟
ووتت:
- بێگومان من هەمیشە پشووی هاوینان لە جەزائیر، لای دایکم بەسەر دەبەم. بۆیە دەبێ هەفتەی ئاییندە لەگەڵ مامم و خێزانیدا بچمەوە.. کەس لێرە، لە پاریس نامێنێ.
بە ووڕی لە ناوەندی ڕاڕەووەکەدا وەستام. قۆڵم گرتی وەک نەیەڵم بڕۆیت، بە پەستییەوە لێم پرسیت:
- ئەی من..؟
- تۆ.. زۆرت بیردەکەم. پێموایە ماوەیەک ئازاردەچێژین.. یەکەم جیابوونەوەمانە. بەڵام وا دەکەین کە کاتەکە بە پەلە ڕابورێ.
ئەمجا بەشێوازێک، وەک کەسێک چاری گرفتێک بکات، یان بەپەلە بیبڕێنێتەوە، کەوتیتە قسە:
- پەست مەبە.. دەکرێ نامەم بۆ بنووسی یان تەلەفۆنم بۆ بکەیت.. پێوەندیمان دەمێنێ.
لە سەر ڕۆخی گریان بووم.
وەک منداڵێک دایکی لەسەفەرێک ئاگاداری کات کە لەگەڵ خۆیی نەبات. تۆش، کە بە تۆزە سادییەکی وا هەواڵەکەت پێووتم حەپەسام. وەک ئازاردانم غیرەت لە شتێک پێپەیداکات.
دامێنی کراسەکەت بگرم و منداڵئاسا دەست بەگریانکەم؟
چەند سەعاتێک بۆت بدوێم، تا قایلتکەم کە لەمەودوا بێتۆ ناتوانم بژیم و، دوای ڕۆیشتنیشت کات نە بە سەعات و نە بە ڕۆژ دەپێورێو، واش خووم پێوەگرتوویت وەک چوویتە خوێنمەوە؟
چۆن بتوانم قایلتکەم کە بوومەتە کۆیلەی ئەو دەنگەی لە تەلەفۆنەکەتدا دەیبیستم؟ کۆیلەی پێکەنینەکەت، دەرکەوتنەکەت، ئامادەییە مێینییە خۆشەکەت، ناکۆکییە خۆرسکەکانی هەموو شت و ساتێکت. بوومەتە کوێلەی شارێک، بیرێک کە بووبن بەتۆ، کۆیلەی هەموو ئەو شتانەی لێیان کەوتبی یان ڕۆژێک پیایاندا ڕەتبووبی.
کە لە ڕاڕەووەکەدا بە ووڕییەک، وا پیاتدا دەمڕوانی جێیباوەڕنەبێ، ناکاو بێزاری شاڵاوی بۆ هێنام.

تۆش بەرِادەیەکك لێمەوە نزیکبوویت وەکك پێمەوە نووسابیت، هیچ کاتێکی دی بەوجۆرە لێم نزیک نەبویتەوە. لە ئادگارتا بۆ شتێکك دەگەڕام کە ئەو ساتە پەردە لەرِووی سۆزتا دامالێ، بەڵام لە هیچ نەگەیشتم.

بلێی بۆنی عەترەکەت کە هەموو هەستەکانمی گرتبۆوەو هۆشی پێ نەهێشتبووم، وای لێکردبم لێکدانەوەی قووڵم نەمابێ؟ هەر ئەوەندە بە ئاگابووم کە دوای چەند ساتێکی دی، بە قەدەر نزیکبونەکەی ئێستات لێم دووردەکەوتیتەوە.

ڕووت بۆلای من بەرزکردەوە.

ویستم شتێکت پێبلێم کە ئێستا بیرم نەماوە. بەڵام بەرلەوەی هیچ ووشەیەکك بلێم، لێوەکانم پێشم کەوتن و جووتە لێوەکەتیان لە ماچێکی گەرموگوڕی ناکاودا لووشدا. تاکە باڵەکەشم وەکك پشتێن تێتئالاو، وا پێمییەوە نووسانذی کردبویتییە پارچەیەکك لەخۆم.

وەکك ماسییەکی تازە لە دەریا دەرهێنراو، کەمێک ڕاچەنیت و، ئەمجا خۆت بەدەستەوە دا.

قژە قەترانییە درێژەکەت، لەپرا وەکك شاڵێکی ڕەشی قەرەجانە بەسەر شانتا بڵاوبۆوەو، کۆنە ئارەزوویەکی واشی تیادا بەئاگاهێنام کە بە دڕی شەیدایییەکی قەدەغە لە قژەوە بتگرم. لێوەکانیشم وێڵی شێوازێک بوون ئیمزام لەسەر ئەو جووتە لێوە دانێن کە پێشوەخت بۆ خۆشەویستی کێشرابوون.

هەر دەبوا ئەوە ڕووی بدایە..

تۆیەکك کە سێبەر بۆ چاوەکانت دادەنێیت و، لەبری سوورکردنیش گەرم وگوڕیت بە لێوەکانت بەخشیبوو، جا ئیتر دەکرا بەڕووی مێینییەکەتدا درێژەم بە خۆگرێتییەکەم بدایە؟ ئەوەتا پەنجا ساڵەی تەمەنم لێوەکانت هەڵدەلووشن، وا گەرمییەکە منیشی گرتەوە، ئەوەتا دواجار لە ماچێکی تام قسنتینی، پەشۆکاوییەکی جەزائیریانەدا، دەتوێمەوە.

شت نییە لە ئاگری تۆ جوانتربێ.. گەر ساردی ماچی تاراوگەییت بزانیبا.

لێوی زۆر سووری کەم گەرم، ساردە. پێخەفی بێ بیریش ساردە.

لێگەڕێ با ساڵانی بەستەڵەکمت لێدەرکەم. بهێڵە با سەرم لە ملتا بشارمەوە. منداڵێکی دڵتەنگیش لە ئامێزتا حەشاردەم.

لێگەڕێ با دزەی ساتێکك لە تەمەنە هەڵاتووەکەم بکەم و، خەونیش بەوەوە ببینم کە سەرجەمی پانتاییە سووتاوەکان .. هی خۆمن.

قسنتینه، له شەیداییدا بمسووتێنه!

لێوەکانت، وەک ئەو دەنکە تووانەی بەکاوخۆ پێدەگەن، بەتام بوون. بۆنی لەشیشت وەک بۆنی درەختێکی یاسەمین، کە خێرا کرابێتەوە، خۆشبوو.

من برسی تۆم.. تەمەنێک لە تونێتیو چاوەڕوانی. تەمەنێک لە گریو لەمپەرو ناکۆکی. تەمەنێک لە ئارەزوو، لە شەرمی ئەو ڕەوشتانەی بۆمان ماونەتەوە، لە ئارەزووە خەفەکراوەکانمان. تەمەنێک لە پەشۆکاویو دووروویی.

لەسەر لێوەکانت پاشماوەی تەمەنم گرد دەکردەوە.

هەرچی دژو ناکۆکییەکانمە لە ماچێکتا گردبوونەوە. ئەو پیاوەی ڕاستکردەوە کە ماوەیەکی زۆر دڵڕاگرتنی پیاوێکی دی کوشتبووی، پیاوێک کە ڕۆژانێک هاوڕێی باوکت بوو.

پیاوێک کە زۆری نەمابوو ببێتە باوکت.

بەسەر لێوەکانتەوە، لەیەک کاتدا بووم و مردیشم، پیاوێکت کوشت و یەکێکی ترت زیندوکردەوە.

بڵێی ئەوساتە کات وەستابێ؟

بڵێی دواجار تەمەنمانی چارەسەرکردبێ، بۆ ماوەیەک بیرکردنەوەمانی سڕیبێتەوە؟

نازانم..

هەموو ئەوانەی دەیانزانم، تۆ بۆ من بوویت، دەمویست لەو ساتەدا قیژەیەکی "گوتە" لەسەر زاری فاوست بکەم "زەمەن ڕاوەستە.. ئای کە جوانی!"

بەڵام زەمەن نەوەستا. وەک جاری جاران خۆی بۆ نابوومەوە. وەک هەموو جارێک پیلانی بۆ دەسازاندم. دوای چەند ساتێک بۆ شاردنەوەی پەشۆکاوییەکەت و، بیرخستنەوەمی چوونەوە زانکۆت، لە سەعاتەکەت ووردبوویتەوە.

لە دوا هەوڵی هێشتنەوتدا پێشنیاری فنجانە قاوەیەکم بۆکردی.

کە لەبەر ئاوێنەکەدا خەریکی ڕێکخستنەوەی خۆت و، قژداهێنان و کۆکردنەوەی بوویت، ووتت:

- ئەگەر بکرێت شتێکی ساردم پێباشترە..

له هۆڵه‌كه‌ جێـمهێـشتی و چوومه‌ چێـشتخانه‌كه‌وه‌. به‌ ئه‌نقه‌ست خۆم دواخست، وه‌ك ناكاو شه‌رم له‌ ئاسه‌واری ماچه‌كانمی سه‌ر لێـوت بكه‌م.

دواتر كه‌ گه‌ڕامه‌وه‌، له‌ به‌رده‌م كتێـبخانه‌كه‌دا سه‌یری ناونیشانی كتێـبه‌كانت ده‌كردو، هه‌ندێـكیشیانت ئه‌مدیودیو ده‌كرد. ئه‌مجا له‌ ڕه‌فه‌یكیانه‌وه‌ كتێـبێـكی پچووكت ده‌ركێـشا، كه‌ سه‌یری به‌رگه‌كه‌یت ده‌كرد لێـت پرسیم:

ـ ئه‌م دیوانه‌ هی شاعیره‌كه‌ی براده‌رت نییه‌ كه‌ بۆت باسكردم؟

كاتێـك دواجار ئه‌و بابه‌ته‌م به‌ده‌ربازبوون له‌ پشێـوییه‌كه‌م دانا، خۆشحاڵانه‌ وه‌ڵامم دایته‌وه‌:

ـ به‌ڵێ.. دیوانێـكی تریشی له‌ هه‌مان ڕه‌فه‌دا هه‌یه‌.

ووتت:

ناوی زیاد الخه‌لیل بوو؟ پێـشتر ئه‌م ناوه‌م بیستووه‌.

كتێـبه‌كه‌ت ئه‌مدیودیوكرد. چاوم لێـتبوو زۆر به‌ووردی له‌ وێـنه‌كه‌ی زیادی پشتی به‌رگه‌كه‌ وورد ده‌بوویته‌وه‌. چه‌ند دێـڕێـكیشت خوێـنده‌وه‌.. ئه‌مجا ووتت:

ـ ده‌كرێ ئه‌م دوو دیوانه‌ت لێـوه‌رگرم؟. پێـم باشه‌ ئه‌م هاوینه‌ به‌كاوخۆ بیان خوێـنمه‌وه‌، چونكه‌ چیتر بۆ خوێـندنه‌وه‌ لانییه‌.

به‌ گه‌رمی، یان گه‌مژانه‌ وه‌ڵامم دایته‌وه‌:

ـ بێـگومان، بۆچونێـكی چاكه‌.. دڵنیام كه‌ ئه‌و دوو دیوانه‌ كاریگه‌رێـتییان له‌ نووسینه‌كانتا ده‌بێ. شتی نایابی تیادا ده‌بینی، به‌تایبه‌تی له‌ دوا دیوانیاندا "پڕۆژه‌ی خۆشه‌ویستی ئاینده‌". جوانترین نووسینی زیاده‌.

به‌ به‌ختیارییه‌وه‌ دوو كتێـبه‌كه‌ت له‌ جانتاكه‌ی ده‌ستتا شارده‌وه‌. ئه‌وكاته‌ تۆش وه‌ك ئه‌و منداڵه‌ به‌ختیاربوویت كه‌ یارییه‌كی به‌دڵی خۆی ده‌باته‌ ماڵه‌وه‌.

بێـگومان ئه‌وسا نه‌مده‌زانی، دواتر ده‌بمه‌ گه‌مه‌كه‌ی تریانت و، ئاسه‌واری ئه‌و دوو كتێـبه‌ش به‌ ڕووداوی چیرۆكه‌كه‌مانه‌وه‌ ده‌بێ.

به‌ره‌به‌ره‌ ده‌موچاوه‌ ئاساییه‌كه‌ت و ئادگاره‌ سرووشتییه‌كه‌ت تێ ده‌گه‌ڕایه‌وه‌.

وه‌ك گه‌رده‌لوولی خۆشه‌ویستییه‌كه‌مت پیادا نه‌ڕۆیشتبێ. جا ئه‌وه‌ نواندن بوو یا ڕاستی؟

هەوڵم دا شکستییەکەی لەگەڵتا تووشمهات، لەبەردەم ئەو تابلۆیەدا، کە هۆی یەکەمی سەردانەکەت بوو، لەبیرکەم. هەوڵم دا لە شکستییەکەی تۆش کەم کەمەوە، ووتم:

- وێنەت دەکێشم، ئەم هاوینە بەکێشانی تابلۆت دڵی خۆم دەدەمەوە ..

ئەمجا بێهیچ نیازێکی تایبەتی بەردەوام بووم:

- دەبێ جارێکی دیش سەردانم بکەیت و لەبەردەمما دانیشی، تا بتوانم وێنەکەت بکێشم. یان وێنەیەکی خۆتم بەیتێ ئادگارتی لێوە بگوێزمەوە.

وەک وەڵامەکەت ئامادەبێ ووتت:

- کاتم ئەوەندە نییە تا لەم ڕۆژانەدا سەرت بەمەوە، هیچ وێنەیەکیشم پێنییە. دەکرێ تا دێمەوە سوود لە وێنەی پشتی کتێبەکەم وەرگری.

دان بەوەدا دەنێم کە ئەوساتەش تێ نەگەیشتم، وەڵامەکەت ئاماژەبێت بۆ ئەوەی سەر بەم ماڵەدا نەکەیتەوە، یان لە خۆتەوە وەڵامێکی ساکارانەت دامەوەو هیچی دی؟

ئەی تۆ نەبویت پێت لێدادەگرتم وێنەت بکێشم؟

ئیتر بۆچی ئەم تابلۆیە بووە کێشەیەکی خۆم و هەر دەبێ منیش بایەخی پێبەم؟

زۆرم لەگەڵتا نەووت. دەمزانی هەرچۆنێکبێ دەبێ وێنەت بکێشم. ڕەنگە بۆ ئەوەش بووبێ کە ڕەتکردنەوەی هیچ داوایەک نەزانم، لەوانەشە لەبەر ئەوەبوبێ کە بەبوونتەوە هاوینەکە بەسەر بەرم، جا با وێنەکەشت بێ.

ئەو ڕۆژە دوای دووماچی ڕوومەتم ڕۆیشتیو، بەڵێنی چاوپێکەوتنێکی زووت دامێ. نەدەبوا دوای ماچکردنەکەمان تەوقەبکەین..

گۆڕینی شتێک لە پێوەندییەکەمانم دەزانی، لەمڕۆ بەدواوە نەدەکرا ئەو زەبەلاحەی ناکاو لە ناخماندا ڕاستبۆوە، بچێتەوە دەمی ئەو شووشەیەی چەند هەفتەیەکی تەواو سەرمان نایەوە.

دەمزانی پێکەوە لە چەند ساتێکدا لە خۆشەویستییەوە بەرەو شەیدایی دەبینەوە. لە سۆزی ساکارانەوە بەرەو ئارەزوو، زەحمەتیشە، لەمڕۆ بە دواوە، تامی ماچەکەت و، گەرمی لەشت، کە بۆ چەند ساتێک پێمەوە نووسایت، لە بیرکەم.

ئەو ماچەمان، کە هەر بۆ شێتێتیو هیچی دی بوو، چەنێکی خایاند.. دوو دەقیقە؟ سیان؟ یان پێنج دەقیقە ؟

دەشێ ئەو چەند دەقیقەیە ئەو هەموو شتەی دواتری بەسەر هێـنابم؟
بڵێـی پێـنج دەقیقە، پەنجا ساڵی تەمەن بسڕێـتەوە؟
ئەی چۆن دواتر هیچ هەستێـکم بە پەشیمانی، بە شەرم لە یادی سی تایەر، نەکرد؟ من ئەو ڕۆژە بە چەمکی ڕەوشتی ناپاکی، یەکەمین ناپاکێـتیم کرد.
نەخێـر.. لە خۆشەویستی بەولاوە شتێـکی دیم لە دڵدا نەبوو.
پڕبووم لە شەیدایی، لە ئارەزوو، لە شێـتێـتی. دواییش بەختیاربووم. ئیتر بۆچی بەختیارییەکەم بە پەشیمانی، بەو پرسیارانەی بە نەهامەتیم دەگەیەنن، تێـکدەم؟
بیرم نایە کێ ووتوێـتی "پەشیمانی دووەم هەڵەیە دەیکەین.." لە دڵیشما پانتاییەکێ، چەند پچووکیش بێ نەبوو، تا جگە لە خۆشەویستی شتێـکی دی پیادا دزەبکات.
ئەوە هەمووی شێـتێـتی نەبوو.
چۆن ڕێـی خۆمم دا بەو ڕادەیە بەختیاربم، دەشمزانی دواجار لە چەند دەقیقە خۆشییەکی دزراو بەدەر، هیچ شتێـکی دیم لێ بەدەست نەهێـناوی، تەمەنێـکی زۆریشت لە پێـشە.. بۆ ئازار؟

# بەشی چوارەم

ڕۆیشتنەکەت تامی یەکەم کارەساتی هەبوو. تەنیاییەکەش کە لە چەند ڕۆژێکدا وەكـ تابلۆیەکی هەتیوی سەر دیوارێکی لێکردم، ڕستەیەکی بیرهێنامەوە، کە ئەو ڕۆمانەی ڕۆژانێکـ حەزم پێیبوو بەوە دەستی پێدەکرد.

"ئای لەگەورەیی خوا! هێندەی تەنیایی من مەزنە. نووسەرەکە بە تابلۆیەكـ بەدیدەکەم.."

منیش لە تەریکیو تەنیاییمدا، ئەو نووسەرو تابلۆیە هەردووکیان بووم. ئای لەگەورەیو ساردی ئەو گەردوونەی، لە چاوەڕوانیتدا بە دیوارەکەیەوە هەڵواسرابووم!

دوای تۆ لە یەكـ کاتدا دەچوومە ناو ملەی شکستییە دەروونیو سۆزییەکانەوە. لەو ڕاڕاییە نادیارەشدا دەژیام، کە یەکبینە لە پێش و پاش هەر پیشانگایەکمدا پەیدادەبوو. لە خۆشمەوە خۆشیو شکستییەکانم دەژماردەوە.

کەواتە پیشانگاکەم کۆتاییهات. وەكـ هەمووجارێکیش ڕۆژنامە فەڕەنساییە تایبەتمەندەکان و گۆڤارە عەرەبییە کۆچکردووەکان نەبن کەسی دی بایەخی پێنەدا.

بەڵام دەکرێ بڵێم لەڕووی ڕاگەیاندنەوە بایەخێکی تەواوی پێدراو، ئەوانەی لە بارەشییەوە نووسیان هەموو پێیان وابوو کە لە پاریسدا ڕووداوێکی هونەری عەرەبیانە بووە.

تەنیا ڕۆژنامە جەزائیرییەکان پشتگوێیانخست، ئەوانیش وەكـ جارەکانی دی لە بەر کەمتەرخەمیو هیچی تر. ڕۆژنامەیەكـ و گۆڤارێکی هەفتانە، زۆر

بەکورتی لەبارەیەوە نووسییان. ئەو دوانەش وەک گرفتی کەمی لاپەڕەیان هەبێ، نەک لەبەر کەمی بابەتی ڕۆژنامەگەری.

برادەرە ڕۆژنامەنووسەکەی، کە بەڵێنی دابومێ بۆ هەندێ کاری خۆی بێتە پاریس و سەری پیشانگاکەم بدات و بەو بۆنەیەشەوە چاوپێکەوتنێکی دوورودرێژم لەگەڵدا بکات، نەهات.

ئەگەرچی پەرۆشی ڕووناکیو چەند سەعاتێک دانیشتنم نییە، کە لە بارەی خۆمەوە بۆ ڕۆژنامە نووسێک بدوێم، بەڵام ئاواتم بەو چاوپێکەوتنە دەخواست، تا بتوانم بە دوورودرێژی بۆ ئەو تاکە کەسەی بەڕاستی مەبەستمە.. خوێنەری جەزائیری، بدوامایە.

عەبدولقادر داوایکردم تا پێم ڕاگەیەنێت، بۆ نووسین لەبارەی یەکێک لەو میهرەجانانەی لەم ڕۆژانەدا لە جەزائیر برەوێتی، ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی نادیاری وا، مەگەر هەر خوا خۆیو.. کەسانێکی دی بیزانن، ناچار بووە لەوێ بمێنێتەوە.

گلەییم لێنەکرد. چونکە بەراورد لە نێوان میهرەجان یان چاوپێکەوتنێکی ڕەسمی، کە خۆی بۆ ئامادە دەکرێو پارەی قورسی بۆ خەرج دەکرێ، لەگەڵ هیچ پیشانگایەکدا ناکرێ، جا ناوی خاوەن پیشانگا هەرچییەک بێو، ساڵانی تابلۆکێشانیشی هەرچەندێک بووبن.

لە کۆتاییدا هەر ناشکرێ تەنانەت گازاندە لە ڕۆژنامەگەرێتی جەزائیر بکەم.

دەبێ پیشانگایەکی تابلۆ هونەرییەکان چ خۆشی و ڕابواردنێک بە هاووڵاتییەکی جەزائیری ببەخشێ کە خۆی لە تەقینەوەدابێ، بگرە لە خۆکوشتندابێ، ئیتر کاتی ڕامان یان چێژوەرگرتنی لە کوێبوو، بۆیە میهرەجانی گۆرانی (الرای) بەباشتر دەزانێ. ڕەنگە سەمابکات.. بقیژێنێو.. تا بەرەبەیانیش گۆرانی بچڕێ و، چیشی دینار لەگیرفاندا کۆکردۆتەوە خەرجیکات و، چیش "بەز" لە لەشیدا کەڵەکەبووە، لەو گۆرانییە میللیە شوێنگومانەدا داینێ؟

ئەو تاکە سامانەی کە بەڕاستی لاوەکانمان هەیانە، ئەویش.. بۆ نەهامەتی، وەک پارەکەمان، لەبازاڕی ڕەش بەولاوە، نەزانن لەکوێی دی خەرجیکەن.

هەندێکیان پێش ئەوانی دی زانیبوویان.

ساڵی 1969، لەگەرمەی ئەو بۆشاییو نەهامەتییە ڕۆشنبیرییەی نیشتمانی گرتبۆوە، یەکێکیان لە چەند ڕۆژێکدا، گەورەترین میهرەجانی لە جەزائیرو

ئەفریقا داهێنا، ناوی "میهرەجانی یەکەمی ئەفەریقا"شی لێنرا، کیشوەری ئەفەریقاو هەموو هۆزەکانی بۆ بانگهێشت کرا، تا ماوەی یەک هەفتەی ڕەبەق لە سەر شەرەفی شۆڕش، گۆرانی تیادا بچڕن و سەما ـ هەندێجار بە ڕووتوقووت ـ ی تیادا بکەن!

ئەوسا چەند ملیۆنیان، بۆ یەکەم و دوا میهرەجانی شادی خەرجکرد. گرنگترین بەرهەمی میهرەجانەکەش شاردنەوەی دادگاییکردنی سەرکردەیەکی مێژوویی بوو، کە ئەو کاتە بۆ لێپرسینەوە هێنرابوو و پیاوەکانیشی لە کۆڕی داخراودا.. بەناوی خودی شۆڕشەوە ئەشکەنجە دەدران.

بێئەوەی برادەرییەکی وام لەگەڵ ئەو سەرکردەیەدا هەبووبێ، کە ئەویش ناوی تایەر بوو، هیچ دوژمنایەتییەکی تایبەتیشم بەو دەستەڵاتدارەوە بووبێ، کە ئەویش ڕۆژگارێک تێکۆشەرو سەرکردەبووە، لە گەمەی دەستەڵات و هەڵپەی حوکم گەیشتم. تا وام لێهات ووریای ئەو ڕژێمانەبم کە میهرەجان و کۆنگرەی زۆر دەبەستن.. هەمیشە شتێکیان حەشاردابێ!.

جا بڵێی لەو کاتەوە گرفتەکانم بە ڕێکەوت دەستیان پێکردبێ، کە هەر لەو ڕۆژەشەوە تامی یەکەمین تاڵاو لە دەمما پەیدابوو؟

کە دوای چەند مانگێک بەو برادەرەم گەیشتم، ڕاستگۆیانە داوای لێبوردنی لێکردم و داخی هەڵکێشاو، بەڵێنشی دا کە پیشانگای ئایندەم لە دەست نەدات.

بە پێکەنینەوە دام بە شانیاو ووتم:

ـ گرنگ نییە.. دوای چەند ڕۆژێکی دی کەس ناوی ئەو میهرەجانەی بیرنامێنێ. بەڵام مێژوو، گەر دوای سەدەیەکیش بێ، هەردەبێ ناوی من بەرێ!

بە گاڵتەیەکی وا کە ڕاستی تیابێ پێی ووتم:

ـ دەزانی لەخۆباییت؟

وەڵاممدایەوە:

ـ لەخۆباییم تا "سووک" نەبم، چونکە برام هیچ لەدەست خۆماندا نییە.. ئێمە لە نەتەوەیەکین ڕێز لە داهێنەرانی ناگرێ جا گەر لە خۆباییبوون و خۆزلزانێتیمان لە دەستدەین، ئەوا هەر لاقی نەخوێندەوارو نەزانەکان دەمانشێلێ!

دواتر لە خۆم پرسی بە ڕاست لە خۆباییم؟

دوای کەمە بیرکردنەوەیەک زانیم، هەر ئەو ساتانە لەخۆبایی دەبم کە بەرامبەر تابلۆیەکی سپی ڕادەوەستم و فلچەیەک بەدەستەوە دەگرم. چەندم لە خۆباییەتی پێویستە تا سپێتییەکەی ببەزێنم و پەردەی کچێتی بدڕم و، بە زیادەی پیاوەتیو، بە توانایی فلچەکەم فێڵ لە پەشۆکاویەتییەکەم بکەم؟

بەڵام..

هەر ئەوەندەی تەواوم کردو، دەستم لەو ڕەنگانە خاوێنکردەوە کە بۆیاویان کردووەو خۆ بە سەر قەنەفەکەی تەنیشتما دەدەم و، بەسەر سوڕمانەوە نیگای دەکەم و، بۆم دەردەکەوێ کە تەنیا خۆم عەرەق و خوێنم لەبەریا ڕشتووە..

مێچکەیەکی عەرەبییەو بەساردییەکی سکماکی بۆماوە، شۆڕشەکەمی دەگاتێ!

.. هەربۆیە، لە ساتە ڕووخاویو شکستییە گەورەکانمدا، یەکێکیانم دڕاندووەو تووڕم داوەتە تەنەکەی خۆڵەوە، ئەویش کاتێک بوونەکەی تەنگی پێ هەڵچنیبێتم.

تابلۆ هەیە ئەوەندە ساکارو ساردە.. نەک هەر تەنیا گرێی داهێنان! بەڵکو گرێی پیاوەتیت لا دروست دەکا..

لەگەڵ ئەوەشدا کەس پێی نازانێ. ڕەنگە کەسیش بەلای لاوازیو بەزینە نهێنییەکانمدا نەچێ.

خەڵکی دی لە سەرکەوتنەکانم بەولاوە، کە لە چوارچێوەیەکی جواندا بە دیوارەکانەوە هەڵدەواسرێن، شتێکی دی بەدی ناکەن. بەڵام تەنەکەی خۆڵەکان، هەمیشە دوور لە ڕووناکی لە کونجێکی وێنەگەکەم و دڵما دەمێننەوە.

ئەو کەسەی لەبەردەم پانتاییەکی سپیدا بۆ خولقاندن دابنیشێ، دەبێ خواوەندێکبێ یان ئەوەتا دەبێ پیشەکەی بگۆڕێت.

بڵێی خواوەندبم؟ منێک کە خۆشەویستییەکەت کردومێتییە شارێکی ئیغریقی وا، جگە لە ستوونە بڵندە لا خوراوەکانی هیچی دی نەمابێ؟

سەربەرزێتیم چ سوودێکی دەبێ، کە ڕۆژانە خوێی خۆشەویستییەکەت بەشەکانی لەشم لە ناوەوە دادڕزێنێ؟ دوومانگە.. جگە لە هەردوو ژمارە تەلەفۆنە مەحاڵەکەم و.. ئەو قسانەی بۆت جێهێشتووم و فلچەکەمی پێووشک دەبێ، شتێکی دی لەئارادا نییە.

بێدەنگیم لێدەبێتە پەسەندترین ڕەنگم.

وەک چۆن دەتویست، ئاوا دەمزانی پتەوی وێنەو نووسین کامەیە.
تۆ لەبارەی هەر شتێکەوە بتنووسیبا لێی بەتاڵ دەبوویتەوە، هەروەک ووشەکوژیکەیت. منیش هەرچەند وێنەم بکێشایە زیاتر لێی پڕدەبووم، وەک ژیان بە بەر ووردەکارییە بیرکراوەکانیدا بکەم. کەچی کە لە نوێ بە دیواری بیردا هەڵمدەواسییەوە، زیاتر هۆگری دەبووم.
کێشانی وێنەکەت، وا ناگەیەنێ کە دوای نیشتەجێ بوونت لە دڵما، لە ژوورەکانی ماڵەکەشمدا نیشتەجێت دەکەم؟
گەمژەیەتییەک بوو سەرەتا بڕیاری نەکردنیم دا.کەچی شەو دوورییەکی تری بێهوودەیی بڕیارەکەمم لا ئاشکرابوو.
بۆچی شەو ببێتە بەزینم؟
چونکە هەرچەند تەنیابم تۆم لەگەڵدای، یان لەبەر ئەوەبێ کە هونەر ڕێورەسمی شەیدایی نهێنی خۆی هەیە کە بە زۆری شەوانە لە دەری کات و .. دەری یاسا دێتەئاراوە؟
لەسەر ڕۆخی ژیریو شێتیدا.. لەو سنوورەی تەڵخی دەیسڕێتەوەو ڕوودان و مەحاڵیش جیادەکاتەوە..
خەتام لەگەڵدا دەکردی..
سنووری لەشتم بە لێوەکانم دەکێشا.
بە پیاوەتییەکەشم سنووری مێینییەکەتم دەکێشا.
بە پەنجەش گشت ئەو شوێنانەم دەکێشا کە فڵچەکەی دەگەیشتنێ..
بە تاکە دەستێکەوە لە ئامێزم دەگرتی..هەراسانم دەکردیو دەمڕنیت .. دەمکردیتە عەرەب و پۆشاکم لەبەر دەکردیت و بەپێی پێوەری خۆشم بەرزونزمی لەشتم دەگۆڕی.
ئەی ئەو ژنەی لە شێوەی نیشتماندای..
دەرفەتی پاڵەوانێتییەکی دیم پێبەخشە. ڕێمبە بە دەستێک پێوەرەکانت بۆ پیاوەتیو خۆشەویستی.. پێوەرەکانی تام لێکردنیشت، بگۆڕم! چەند دەستی سارد لە ئامێزیان گرتوویت! چەند دەستیش گوشیویانی و.. نینۆکیان بە گەردنتەوەو، ئیمزاشی لە خوار زامەکەتەوە جێهێشتووە. بە هەڵە خۆشیویستویت و.. هەر بە هەڵەش ئازاری داویت.
دزو چەتەو.. ڕێگر خۆشیانویستویت. دەستیان نەبڕراوەتەوە.
هەر ئەوانەی بێ بەرامبەر خۆشیانویستیت، دەردەداربوون.
هەمووشتێک بۆ ئەوان بێو، منیش هەر تۆ و هیچی دی.

تۆ ئەمشەویش وەک هەموو شەوەکانی دی هەر بۆ خۆمی. کێ تارماییەکەتم لێدەسێنێ؟ کێ لەشت لە پێخەفەکەم زەوتدەکات؟ عەترەکەت لە هەستم دەدزێ؟ ئەی کێ ڕێی وەرگرتنەوەتم بە دەستی دووەمم لێقەدەغە دەکات؟

تۆ تامی نهێنیو، شێتی نهێنیو، هەوڵە نهێنییەکەمی کە بۆ هەڵگێڕانەوەی مەنتق دەیدەم.

هەموو شەو قەڵاکانت دەگرم و، پاسەوانەکانیشت خۆیان بە دەستمەوە دەدەن و، تۆش بە کراسی نووستنەکەتەوە دێیت تا لەتەنیشتمەوە پاڵکەوی، منیش دەست بە قژە قەترانییە درێژەکەتدا دێنم کە بەسەر سەرینەکەمدا پەرش بۆتەوە، تۆش مەلئاسا کە دڵۆپە تەڕیانکردبێ، هەڵدەلەرزی. ئەمجا لەشە نووستووەکەت خۆیم بەدەستەوە دەدا.

چۆن ئەوە ڕوویداو.. چیش بەم شێتییەتییەی گەیاندم؟

بڵێی دەنگەکەتبێ کە بەڕادەیەک هۆگری ببووم وەک چووبێتە خوێنمەوە، ئەو دەنگەت تاڤگەئاسا خۆشەویستیو مۆسیقای دادەباران و، دڵۆپی خۆشی بە سەرما گلۆردەکردەوە؟

خۆشەویستیت بانگێک بوو دەیپرسی "چۆنیت؟"

شەوانە بە لێفەی ماچ دایدەپۆشیم. قووڵی چاوەکانیشت، لە کوژانەوەی ڕووناکیدا، چرای شەیدایی بوون.

دەترسا لە تاریکیدابم، لە تەنیاییو پیرێتیم دەترسا. بێپرسی خۆم بۆ منداڵی دەبردمەوە. چیرۆکی واشی بۆ دەگێڕامەوە کە هەر منداڵان باوەڕی پێبکەن. گۆرانی واشی بۆ دەچریم کە منداڵ بە بیستنی خەوی پیابکەوێت.

بڵێی درۆی کردبێ؟ بۆ دایکانیش درۆ دەکەن؟

منداڵ باوەڕ بە شتی واناکات!

چی بەم شێتییەمی گەیاندبم؟

بڵێی ماچە دزراوەکەت بووبێ، مەحاڵە. بۆ ماچ ئەم هەموو شتە دەکات؟

بیرمە لە بارەی ماچی واوە خوێندومەتەوە تەمەنێکی گۆڕیبێو بڕوام پێ نەکردبێ..

چۆن دەبێ "نیتچە"ی فەیلەسووفی هێزو پیاو، کە ماوەیەکی زۆر تیوردانەری مەزنیو باڵادەستی بوو، ماچێک بیخات، ئەویش جارێک ڕێکەوت لەگەشتێکی پەرستگەیدا، لەگەڵ "Lou" دەبێ، ئەو ژنەی کە

سەردەمی خۆی زیاتر لە نووسەرێـک و شاعیرێـک حەزیان لێـکردبوو، ماچێـکی لێـفڕاند. یەکێـک لەوانە "ابولینیر"بوو، زۆری بەسەردا هەڵداو لە بەردەم ئەم پردەدا بۆی گریا، بەڵام کە زانی ناوی ژنە بە فەرەنسایی ڕێـک ناوی گورگە "Loup "و، ئەویش وای پێـدەگەیاند کە دەبێ قەدەری لەگەڵ ژنە دابێ؟

بەڵام نیتچەی خاوەن قسەی "گەر سەردانی ئافرەتێکت کرد بیرت نەچێ دار لەگەڵ خۆتدا بەریت" لەئاست ئەو ژنەدا پیاوێکی تێکشکاو، لاوازو، بێـتوانابوو. بەرادەیەک ڕۆژێـک دایکی ووتی "ئەم ژنە تەنیا سێ ڕێگەی لە بەردەم کورەکەمدا دانا: یان هێـنانی.. یان خۆکوشتن.. یان شێـتبوون!".

نیتچە لەگەڵ خۆشەویستیدا ئەوە حاڵی بوو. جا ئیتر من بۆ لەگەڵ تۆدا شەرم لە لاوازی خۆم بکەم، منێـک کە نە فەیلەسوفی بەتواناییم و نە ئەو "شەمشون"ەشم کە بەهۆی ماچێـکەوە شیعرو هێـزە ئەفسانەییەکەی خۆی لە دەست دا؟

شەرم لە ماچکردنەکەت بکەم و، لێـشی پەشیمانبم، منێـک کە تەمەنم بەسەر لێـوکانتەوە دەستی پێـکرد؟

نازانم نیتچە چۆن لەو ئافرەتە چاکبۆوە کە نەیهێـنا. بڵێـی خۆی کوشتبێ یان شێـتبوبێ؟

هەر ئەوەندەش ئاگادارم، کە دوو دانە مانگی ڕەبەقم لە نێـو تلاوتلی دەروونیی ناکۆکدا بەسەربرد، تیایدا خەریکبوو لە شتێـکی شێـتێـتیئاسا بکەوم، ئەو شێـتێـتییەی ئارەزووی پێـپەیدا دەکردیت و، بەوەش زۆرت بە سەردا هەڵدەدام، بە یەکەمین چەکی بلیمەتی هونەرمەندیشت دادەنا.

با وابێ.. ئەمڕۆ، دوای ئەو هەموو ساڵە، ڕاستیت لادەڵێـم، کە ڕۆژێـک لەگەڵ تۆدا گەیشتمە ئەو ڕادە ترسناکەی گەمژەیەتی.

بڵێـی هەر شەیدایی بووبێ، یان تا بێـهەستکردن ئەو گەمەیەت بۆ بکەمە دیاری کە هێـشتا دەستت لێـیگیر نەببوو: ئەو پیاوە شێـتەی خەونت پێـوە دەبینی.

ئەوسا زۆرشت ڕوویدا، گەر بەش بە بەشی چیرۆکی لەگەڵبوونەکەمت بە یادبێـنمەوە.

هەمووجار دەکەوتمە دەرئەنجامی ناکۆکەوە. جارێـک پێـموابوو خۆشەویستیت چیرۆکێـکی ئەفسانەیی وایە لە من و تۆ گەورەتربێـت. شتێـک

که ڕەنگە پێشوەخت بڕیاری لەسەردرابێ، سەدان ساڵبێ، لەوکاتەی .. که بە قسنتینە دەووترا "سیرتا".

جار هەبوو دەمپرسی، ئەی چۆنبوو گەر پیاوێک بومایە بیرکردنەوەی ئیستێکی پێبکردیتایەو شێتێتییەکەشی بە چیرۆکێک لە خشتەی بردیتایە؟

چۆنبوو گەر تەنیا قۆچی قوربانی تاوانێکی ئەدەبی وابومایە، کە بۆ کتێبی ئایندەت خەونت پێوە بدیبا؟

ئەمجا ناکاو مناڵییەکەت لایەنە "تاونکارییەکەت"ی دادەپۆشی، دیسان بیریشم دەهاتەوە کە منیش ڕێک کۆپییەکی وەک باوکت بووم. بە هۆی ماچە کەرانێتییەکەوە ئەو پردە نهێنییەم ڕماند کە بۆ تا هەتایە کۆی دەکردینەوە.

ئەوسا، بڕیارم دا داوای لێبوردنت لێبکەم. لەخەو هەڵدەستام و بەرەو وێنەگاکەم دەبوومەوە. ماوەیەکی زۆر بەرامبەر تابلۆ سپییەکەت دادەنیشتم و لەخۆم دەپرسی: لەکوێوە دەستت پێبکەم؟

زۆر لەو وێنەیەت ڕامام کە بە سەر بەرگی دواوەی ئەو ڕۆمانەتەوە بوو، کە بێ نووسینی پێشکەشکردن دابوتمێ. بۆم دەرکەوت دەموچاوت هیچ پێوەندییەکی بە وێنەکەتەوە نییە. ئیتر چۆن پێکەوە تەمەن بۆ ڕووە نوێو کۆنەکەت دابنێم. چۆن کۆپییەکی وەک خۆت بگوێزمەوە بێئەوەی ناپاکیت لەگەڵدا بکەم؟

لە پەشۆکاوییەکەمدا "لیوناردو دافنشی"م بیرکەوتەوە، ئەو نیگارکێشە سەیرەی بەهەمان کارامەییەوە، دەیتوانی بەدەستی ڕاست و چەپ نیگار بکێشێ. بڵێی بەکام دەستەیان "الجوکندا"ی کێشابێ تا ئەو نەمری و ناودارییەی پێببەخشێ؟ ئەی من دەبێ بەکام دەستەم تۆ بکێشم؟

چۆنبوو گەر ئافرەتێک بویتایە بە دەستە چەپ نەبوایە، بەوەی کە من نەمماوە، نەکێشرایتایە؟

جارێکیان وا بیرم دەکردەوە کە سەرەوخوار وێنەم بکێشایتایەو، دانیشتمایە سەیرم کردیتایە بەڵکو دواجار نهێنییەکەتم بدیایەتەوە. ڕەنگە هەر ئەوەش تاکە ڕێگای لێتێگەیشتنت بێ.

تەنانەت بیرم کردەوە کە تابلۆکەت لە پیشانگاکەتدا سەرەوخوار هەڵبواسم و، ناویشی "تۆ" بێت.

زۆر کەس لە ئاستیا ڕادەوەستا. ڕەنگە بێئەوەی کەسیان بەتەواوی بیان ناسیتایەوە بەدڵیان بوایە.

ئەی تۆ وات نەدەویست؟!

* * *

لە هەفتەو، لە هەواڵێکی کەشوهەوایانە زیاتری بەسەردا ڕابورد، پێش ئەوەی بەیانییەک بێهیچ پێشەکییەک دەنگتم بگاتێ:

- چۆنی تۆ؟

ئەو دڵەی بەو بەیانییە چاوەڕێی دیارییەکی وا نەبوو حەپەسا. قسەش پەشۆکا:

- لە کوێیت؟

پێدەچوو دەنگت نزیکبێت یان خۆم وام بیرلێدەکردەوە. بەڵام تۆ بە پێکەنینێک، کە لە فریودانەکەی دەگەیشتم، وەڵامت دامەوە:

- هەڵیبێنە!

وەک کەسێک خەون ببینێ وەڵامم دایتەوە:

- گەڕاویتەوە بۆ پاریس؟

پێکەنیت و ووتت:

- کام پاریسە.. لە قسنتینەم. هەفتەیەکە بۆ زەماوەندی برادەرێک هاتووم.. ووتم هەر دەبێ لێرەوە داواتکەم. دڵنیامکە بزانم ئەم هاوینە چی دەکەی.. نەچوویت بە هیچ لایەکدا؟

ئەشکەنجەکەمم لە چەند ووشەیەکدا کورتکردەوەو ووتم:

- ماندوم.. هێجگار ماندوم.. چۆنبوو تا ئێستا دەنگت نەبوو؟

تۆش وەک دکتۆرێک بیت ڕەچەتە بۆ نەخۆش بنووسێت، یان پیرێک داوای نووسینی نوشتە یان دوعای جادوگەرانەی لێکرابێت، ووتت:

- بۆت دەنووسم.. بەخوا بەمزوانە بۆت دەنووسم.. دەبێ بمبووری. نازانی ژیان لێرە چەند ناخۆش و زەحمەتە. لەم شارەدا کەس ساتێک چییە تەنیا نابێ. تەنانەت بە تەلەفۆنکردنیش سەرەڕۆییەکی پۆلیسانەیە..

- ئەی چی دەکەیت؟

- هیچ.. لەم ماڵ بۆ ئەو ماڵ، لە میوانداریەکەوە بۆ میوانداریەکی دی. تەنانەت بەشارەکەدا بەپێ نەگەڕاوم، هەر بە ئۆتۆمۆبیل پیایدا ڕۆیشتووم..

ئەمجا وەک ناکاو شتێکی گرنگت وەبیرهاتبێتەوە بەردەوام بوویت:

- دەزانی.. ڕاستتکرد. جوانترین شتی قسنتینە پردەکانێتی. کە پیایاندا دەپەڕیمەوە یادم دەکردیت..

حەزم دەکرد لەو ساتەدا لێـم بپرسیتایە "خۆشتدەوێـم؟" کەچی گەمژانە لێـم پرسیت:

ـ خۆشتویستن؟.

دوای کەمێـک بێدەنگی، وەک پرسیارێکی وام لێکردبیت کە بیرکردنەوە هەڵگرێـت وەڵامت دامەوە:

ـ ڕەنگە وام لێـهاتبێ کە حەزیان لێبکەم..

ووتم:

ـ سوپاس..

پێکەنیت.. کە کۆتایت بە تەلەفۆنەکە هێـنا ووتت:

ـ گەمژە.. ناگۆڕرێـیت!

* * *

"خەڵک پەنجەرەکەی دەکاتەوە تا سەیری دەرەوەبکات.. چاویشی دەکاتەوە کە بەناخدا بڕوانێـت.. سەیرکردنیش جگە لە هەڵزنان بە دیواری نێـوان خۆت و ئازادیدا چیدی نییە..".

ئەو بەیانییە، بە پێـچەوانەی ڕاهاتنمەوە جگەرەیەکم پێکرد. لە بەلەکۆنەکەمدا بەرامبەر فنجانێـک قاوە دانیشتم، لە ڕووباری "سین" ڕادەمام، کە بە هێواشی بەژێـر پردی میرابۆدا لەنجەی دەکرد.

شینە هاوینەییە نازدارەکەی، ئەو بەیانییە بێـهیچ بیانوویەک بزواندمی. ناکاو چاوی شینی بیرخستمەوە کە حەزی پێـناکەم.

بڵێـی لەبەر نەبوونی ڕووبارێ لە قسنتینەدا.. وا دژایەتیم لەگەڵ ئەم ڕوبارەدا ڕاگەیاند؟

ناکاو بێـئەوەی جگەرەکەم تەواوکەم.. بەپەلە ڕاستبوومەوە.

جا باوابێ.. ببوورە ڕووبارە ژیارەکە. ببوورە ئەی پردە مێـژووییەکە. ببوورە "ئەبولینیر"ی برادەرم. ئەمجارەش جگە لەمە پردێکی دیش دەکێـشم.

ئەمجارەیان، دەنگەکەت کە لەوێـوە دەهات، لە تۆی پڕکردم تا دیسان شارەکەی ناخم ڕاستکاتەوە.

سێ مانگبوو دەستم بەر فڵچە نەکەوتبوو. خەریکبوو شتێـک لە ناخمدا بە جۆرێـک لە جۆرەکان دەتەقییەوە. هەموو ئەو هەست و سۆزە ناکۆکانەی، بەر لە ڕۆیشتنت و دواتریش لەگەڵیاندا ژیام، وەک بۆمبێـکی کاتی لە ناخمدا کەڵەکە ببوون.

تا پشووم بدایە دەبوا وێـنەم بکێـشایە.

پڕ بەچنگ و.. پڕ بەپەنجەکانم وێنەم بکێشایە. بە تاکە دەستەکەم و بە پەڕیوەکەشیان. بە هەموو گینگڵ و، ناکۆکیو شێتێتیو هۆش و، بیرو بیرچوونەکانمەوە بمکێشایە. تا هاوینێک بە داخێکەوە، لە شارێکی چۆڵدا سەرنەنێمەوە کە لە گەریدەو کۆتر بەولاوە چیدی تێدا نەبێ.

بەو جۆرە ئەو بەیانییە کەوتمە کێشانی پردێکی نوێ، پردی سیدی راشد.

ئەوکاتەی دەستم پێکرد نەمدەزانی دەست بە سەیرترین ئەزموونی وێنەکێشان دەکەم لە ژیانماو، دەشبێتە سەرەتایەک بۆ کێشانی "دە" تابلۆی دی، کە لە مانگونیوێکی بێووچاندا، دزەی چەند سەعاتێکی کەم نەبێ بۆ نووستن و، زۆرجاریش کە هەڵدەستام ئارەزوویەکی شێتانەم بۆ نیگارکێشی هەبوو.

ناکاو ڕەنگەکان ڕەنگی بیریان دەگرتم، هەر کە لە گەڕەکێک دەبوومەوە یەکێکی دیم لێ ڕاستدەبۆوە، کە پردێکم تەواودەکرد، یەکێکی دییان لە ناخمەوە قیتدەبۆوە..

دەمویست وەک چۆن شەیدایەک لەشی ئافرەتێک قایلدەکات کە لە هی خۆی دەرچوبێ، بەرد.. بە بەرد، پرد.. بە پرد.. گەڕەک.. بە گەڕەکی قسنتینە قایلکەم.

ئەمپەڕو ئەوپەڕیم بە فڵچەکەم دەکرد، وەک لێوی پیادابێنم. خاکەکەی.. و بەردو درەخت و دۆڵەکانی ماچکەم. بە ماچی ڕەنگاوڕەنگ شەیدابیم بەسەر پانتاییەکەیدا دەبەخشییەوە. تا لەشم دەنیشتە سەر عەرەق، پەرۆشیو.. شێتیو.. خۆشەویست پژێنیکەم.

دوای چەند سەعاتێک پێوەلکان، کە کراسەکەم بە لەشما دەنووسا، بەختیار دەبووم.

عارەق فرمێسکی لەشە. ئێمەش لە خۆشەویستێتیدا وەک چۆن لە نیگارکێشاندا، لەشمان بۆ هەموو ئافرەتێک و هەموو تابلۆیەک ناگری. لەش خۆی هەڵیدەبژێری بۆکێ عەرەق بڕێژێ.

بەختیاربووم کە قسنتینە تابلۆیەک بوو لەشم بۆی گریا.

لەو دوا مانگەی هاویندا، کە هێشتا پێموابوو نامەیەکتم دەگاتێ و، شتێک لەو هێزو تینەم پێدەبەخشێ کە لەو دوومانگەی دواییدا، بەهۆی لێرە نەبوونتەوە لە دەستم دابوو. نامەیەکی زیادم پێگەیشت.

نامەکانی کە لە بێرووتەوە دەهاتن، تەنانەت پێش کردنەوەشیان، یەکبینە کاسیان دەکردم.

هەمووجار لە خۆم دەپرسی، ئەم نامەیە چۆن گەیشتە ئێرە؟ لە کام خێوەتگەوە یان چ بەرەیەکەوە، لەبن کام بنمیچی دارووخاودا نووسیبێتی؟ لە کام سنووقی نامەی نابێ، چەند نامەبەریشی کردووە تا بێرە، بە سنووقی نامەی.. گەڕەکی شانزەیەم لە پاریس گەیشتووە؟

هەمیشە بە خۆشەویستییەکی تایبەتەوە ڕەفتارم لەگەڵ نامەکەدا دەکرد. جەنگی سەربەخۆیی بیردێنامەوە، ئەو کاتانەی لە ژێر جلەوە نامەمان بۆ کەسوکارمان دەردەکرد.

چەند نامە نەگەیشت و، لەگەڵ خاوەنەکانیاندا سەریان نایەوە! چەند نامەش کاتیان بەسەرچوو ئەمجا گەیشتن. چیرۆکێ هەیە بۆ زیاتر لە ڕۆمانێک دەشێ.

دوا نامەی "زیاد" نزیکەی ساڵ دەبوو گەیشتبوو.

جار هەبوو هەروا بێ بۆنە نامەی بۆ دەناردم، هەندێجاریش نامەی دوورو درێژو، جاریش هەبوو کورت، ناوی "ئاگاداربە ماوم"ی لێدەنا.

سەرەتا بەو ناوە پێدەکەنیم کە دەیویست بەهۆیەوە ئاگادری مانیم بکا.

پاشان ترسم لە بێدەنگییە زۆرەکەی‌و، بێنامەییەکەی پەیداکرد. چونکە شتێکی دی دەگەیاند.

ئەمجارەیان، دەیویست پێمراگەیەنێ کە سەرەتای ئەیلول دێتە پاریس. چاوەڕوانی وەڵامێکی پەلەشی لێدەکردم تا دڵنیابێ لەو ماوەیەدا منیش لە پاریس دەبم.

نامەکەیم پێ ناکاوبوو.. هەم بەختیارو هەم سەرسامیشی کردم.

بیرم بۆلای تۆ چوو ووتم "ئەم پیاوە، تەمەن درێژبێ.. هەر کە پێکەوە باسیکەین قوتدەبێتەوە". ئەمجا لە خۆم دەپرسی بڵێی شیعرەکانیت خوێندبێتەوە؟ بەدڵت بوون؟ ئەگەر پێتبڵێم دێت بۆ پاریس چی دەکەیت، تۆیەک کە ترسی مردنیت لێنیشتبوو، گرنگیشت بە بەسەرهاتەکەی دەدا؟

هاوین بەرەبەرە لە پاشەکشەدابوو. منیش ووردەووردە هاوسەنگێتیم وەردەگرتەوە.

تابلۆکان لە ڕووخان ڕزگاریان کردم. تا لەو کۆسپە شێتانەیەی، لەگەڵ تۆدا هەردوو قاچم خستنە سەرو هەر دەبوا بشمکێشانایە، ڕزگارمبێ.

کێشم زۆر کەمبۆوە. بەڵام گوێم پێنەدەدا. یان ڕەنگە ئەوکاتە، بە هۆی سەرنجدانی تابلۆکانەوە پێم نەزانیبێ و، بیریشم نەبووبێ لە ئاوێنەدا سەیری خۆم بکەم.

پێموابوو بەو کەمکردنەی ئەو چەند ڕۆژە، سەروەری هەمیشەییم بە دەست هێنابێ. بۆیە حەزم دەکرد لەو خوێن چۆڕان و شێتییەتییەم، کە لە بەردەمما هەڵواسرابوون، ڕامێنم: یانزە تابلۆ دیواری ماڵەکە نەیدەگرتن.

ڕەنگە هۆگرێتیم پێیان و، زانییێتیشم کە بە تەواوکردن و دانانی هێجگارەکی فڵچەکەم، لەوانەیە چەند مانگێکی دی ئەمجا هەست بە ئارەزوویەکی نوێی نیگارکێشی بکەمەوە.

بیری خۆم بە یەکجارەکی بەتاڵکردەوەو.. پشووم دا.

لە بەردەم ئەیلولدا بووین. بەختیاربووم یان لەوانەیە چاوەڕوانی بەختەوەری بووبم.

ئاخری دێیتەوە.. بەجۆرێک چاوەڕوانی پایزبووم کە هەرگیز چاوەڕوانی وام نەکردبێ. جلوبەرگی زستانەی پێشی دوکانەکان گەیشتنتیان دەگەیاند. پێویستییەکانی قوتابخانە کە هەموو خانەی ناو دوکانەکانیان پڕکردبوو گەڕانەوەتیان دەگەیاند.

"با"و، ئاسمانی پرتەقاڵیو.. گۆڕانی کەشوهەوا.. هەر هەموو پێکەوە جانتاکانتیان هەڵگرتبوو.

دەگەڕێیتەوە..

لەگەڵ بەروبوومی پایزانەدا، لەگەڵ درەختی سوور داگەڕاودا، لەگەڵ جانتای قوتابخانەدا..

دێیتەوە..

لەگەڵ ئەو قوتابیانەی بۆ قوتابخانە دەچنەوە، لەگەڵ ئاپوورەی ئۆتۆمۆبیلدا، لەگەڵ وەرزی مانگرتندا، لەگەڵ گەڕانەوەی پاریسی بە ژاوەژاو ئاپوورەدراودا.

لەگەڵ پەستی نادیار.. لەگەڵ باران.

لەگەڵ سەرەتای زستان.. لەگەڵ کۆتایی شێتی.

بۆ من دێیتەوە.. ئەی پاڵتۆ زستانەکەم.. ئەی دڵنیایی تەمەنە ماندووەکەم ..

ئەی داری سووتاندنی شەوانی کرێوەی بەفر.

بڵێی خەون ببینم؟. چۆن ئەو قسە نایابەی "ئەندریەجید"م بیرچوو "شادییەکانت ئامادە مەکە!" چۆن سپاردەیەکی وام لە یادکرد؟.

ڕاستییەکەی ئافرەتی گێژەڵووکەبوویت. بەناو گەردەلوول و کاولکاریدا گوزەرت دەکرد. بۆ خەڵکی دی پاڵتۆو بۆ منیش سەرما بوویت.

ئەو دارە قەڵشاوە بوویت کە لەبری گەرم کردنەوە گڕی تێبەردام.
خۆت بوویت.
کەواتە منیش چاوەڕوانی ئەیلول بووم..
چاوەڕوانی گەڕانەوەت بووم تا قسەی بێپێچوپەنا بکەین. بە تەواوەتی چیت لێم دەویست. بەلای تۆوە من کێم و.. ناوی چیرۆکەکەشمان چییە؟
جارێکی تریش بە هەڵەدا چوومەوە.
نە کاتی پرسیارو نە وەڵام بوو. کاتی شێتێتییەکی دی بوو.
چاوەڕوانی دڵنیایی بووم. هاتی، گێژەڵووکەیەک ڕێکەوتی گێژەڵووکەیەکی تری کرد کە ناوی زیاد بوو..
گەردەلوولە.

زیاد لە دوابینینمەوە، کە پێنج ساڵ لەمەوبەر لەپاریس چاوم پێیکەوتبوو، نەگۆڕراوە چۆنم دیبوو هەر وایە. ڕەنگە کەمێک قەڵەوتر بووبێ، تەمەنەکەشی کامڵتری کردبێ. ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار ساڵی 1972 لە نووسینگەکەی خۆم لە جەزائیر سەریدام، لاوێکی باڵابەرزی سووکەڵەتربوو، ڕەنگە خەمیشی کەمتربووبێ.

هێشتا قژی هەر بە بژییەکەی خۆی داهێنراوە. کراسە نالەبارەکەشی، کە ڕۆژێک چییە بۆینباخی لەسەر نەبەستراوە، هەمیشە یەک دوو قۆپچەی کراوەیە. دەنگیشی بەگەرمیو پەست ناسراوە، تەنانەت کە قسەی ئاساییش بکات پێتوایە شیعر دەخوێنێتەوە. لە شاعیرێک دەچێت ڕێگەی وونکردبێو، لە هەر شوێنێک بێت هەڵەیەکی لێبێ.

لە هەر شارێک دیبێتم، هەستمکردووە هێشتا بە دوا قۆناغ نە گەیشتووە و، بۆ سەفەر لەسەر پێیە.

تەنانەت کە لەسەر کورسییەکیش دابنیشتایە پێدەچوو لەسەر جانتاکانی دانیشتبێ. لە هەر شوێنێک بووبێ ڕۆژێک چییە پشووی نەداوە، وەک ئەو شارانەی تیایاندا دەژیا وێستگەبن و چاوەڕوانی شەمەنەفەرێکی تێدا بکات نەزانێ کەی دێت.

ئەوە خۆیەتی.. وەک چۆنم جێهێشتووە، شتە پچووکەکانی لە دەورەو بیرەوەرییەکانیشی بە کۆڵەوەیە، هەمان پانتۆڵی جینزی لەبەردایە، کە وەک پێناسەیەکی تری بێت.

زیاد لەو شارانە دەچوو کە گوزەری پیادا کردبوون. شتێکی لە "غەززە"، لە عەمان.. لە بێرووت و مۆسکۆ و.. لە جەزائیرو ئەسینا تێدایە.

لە هەموو ئەوانەش دەچوو کە خۆشیدەویستن. شتێک لە پوشکین، سەیاب.. حەلاج، میشیما.. غەسان کەنەفانی.. لە لورکاو تیودوراکیسی تێدا بوو.

چونکە زۆرجار بەشم لە بیری زیاددا هەبوو، بێئەوەی بزانم، حەزی لە چیبووبێ و چیشی خۆشویستبێ، حەزم لێیبووەو خۆشمویستوە.

لەو ڕۆژانەدا پێویستیم پێیبوو.

کە پێشوازیمکرد، بێئەوەی بەخۆبزانم هەستمکرد بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە لەکیسم چووبێ و، لە دوای ئەویش کەسێکم نەدیوە برادەرم پێووتبێ.

ئەوە زیادە. ڕۆژگارو کیشوەرەکان لێکیان دوورخستبووینەوە. تەنیا کۆنە بڕواکانمان کۆی دەکردینەوە.

بۆیە هێشتا شوێنی یەکەمجاری لە دڵمدایە. لەماوەی ئەم ساڵانەدا زیاد بۆ هیچ شتێک لە ڕێزی کەم نەکردومەتەوە.

جا شتی وا لەم ڕۆژگارەدا دەگمەن نییە؟

زیاد هات..

ئەوماڵەی دوو دانە مانگبوو بەڕووی خەڵکیدیدا کڵۆمکرابوو، تەنانەت بەڕووی خودی "کارین"یشدا، بەئاگاهاتەوە.

زیاد بە هاتنی ماڵەکەی پڕکرد، بە شتومەک و پەرشوبڵاویی، بەپێکەنینە جاروبار بەرزەکەی، بە ئامادەییە هەمیشە نهێنیو نادیارەکەی. هەر لەبەر ئەوەی پەنجەرەی ماڵەکەی کردەوەو، ژوورێک.. بگرە هەموو ماڵەکەی داگیرکرد، خەریکبوو سوپاسی بکەم.

لە خۆمانەوە چووینەوە سەر کۆنە نەریتەکەی پێنج ساڵ لەوەبەرمان، کە بۆ یەکەمجار لە پاریس سەریدام.

دیسان ڕەنگە هەر بۆ هەمان ئەو چێشتخانانە چووبینەوە. دانیشتبین و ڕەنگە باسی هەر هەمان بابەتیشمان کردبێ، چونکە لەوکاتەوە گۆڕان لە هیچدا ڕووی نەدابوو. هیچکام لەو ڕژێمە عەرەبیانەی، ئەوەتەی زیاد دەناسم گرەو لەسەر ڕووخانیان دەکات، نەڕووخابوو. هیچ بومەلەرزەیەکی سیاسی واش لێرەو لەوێ ڕووی نەدابوو، تا نەخشەی ئەم نەتەوەیە بگۆڕێت.

تەنیا لبنان ببووە نیشتمانی بومەلەرزەو خۆلبزۆکێ. بلێی دواجار کێ هەڵلووشێ؟

ئەمە ئەو پرسیارەبوو کە چاوەڕوانی زیاتر لە وەلامێکمان بۆ دەکرد. لە کۆتاییشدا مشتومڕەکەمان بەسەر کێشەی فەلەستین و، ناکۆکی لایەنەکانیو، شەڕی نێوان ئەندامانی لبنانیان و، ئەو کوشتارەدا قلپ دەبۆوە کە لە دەرەوەی وولات لە ناوی فەلەستینییەکی زیاتر بۆکرایە قوربانی.

قسەکانی زیاد وەک هەمووجارێکی دی بە جنێودانی ئەو ڕژێمانە کۆتایی دەهات کە بە خوێنی فەلەستینی و، بەناوی خوازراوی وەک ڕەتکردنەوەو خۆگریو.. ڕووبەڕووبوونەوە، شکۆمەندیان بۆ خۆیان دەکڕی. لە گەرمەی هەلچوونیدا بە هەموو قسە ناشیرینە خۆرهەلاتییەکان جنێوی پێدەدان، منیش کە هەندێکیانم بۆیەکەمینجار بەرگوێ دەکەوت، پێکەنینم پێیان دەهات.

بۆشم دەرکەوت کە هەموو شۆڕشێک فەرهەنگی تایبەتی خۆی هەیە، فەرهەنگێک کە شۆڕشەکەیان و هەلسوکەوتە تایبەتییەکەی لەگەلیا هەیانە دەری دەکات، بۆیە بەسۆزەوە، ووشەی دی ڕۆژگارێکی دی و شۆڕشێکی دیم دێنایەوە.

ڕەنگە ئەو هەفتەیەی لەگەل زیاددا بەسەرم برد خۆشترین ڕۆژانم بووبن، هەولمدا تا چەند سالێک لەو بەدەر بیر لە هیچی دی نەکەمەوە، تا هەست بەو زوخاو و هەناسەساردییە نەکەم کە دواتر چەشتم، جا ئیتر لە هەلەوە بووبێ یان لە ڕاستییەوە.

هەرچی ئازارو.. غیرەو گورزێکم چەشتبوو، بێهیچ پێشەکیو ڕوونکردنەوەیەکی تایبەتی بەرامبەر بەیەک دامنان..

بە زیادم ووت: "سبەی پێکەوە لەگەل ژنێکی نووسەری دۆستمدا نیوەڕۆژە دەکەین.. دەبێ پێتی بناسێنم..".

بایەخێکی تایبەتی بە قسەکەم نەدا. کە دەستی بە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکەی کردەوە بە شێوازە تایبەتییەکەی خۆی ووتی: "من ڕقم لەو ژنانەیە کە لەبری خەریکبوون بە شتی دییەوە خوو دەدەنە ئەدەب.. بە هیوام دۆستەکەی تۆش نەمابێتەوە یان قەیرە نەبێ.. چونکە من حەز لەو جۆرە ئافرەتانە ناکەم!"

وەلامم نەدایەوە. لە هزرەکەی قوولبوومەوەو.. زەردەم هاتێ!

به تەلەفۆن پێـم ووتی: "سبەی بۆ نیوەڕۆژە وەرە هەمان چێشتخانە..
شتێـکم هەیە بۆت کە هەر بە بیرتا نەیەت.."
ووتت:
"تابلۆکەمە.. وانییە؟"
دوای کەمە ڕاڕاییەك وەڵامم دایتەوە: "نەء.. شاعیرە!"
* * *
کەواتە پێـکگەیشتن..
ئەمجارەش دەکرێ بڵێـم:
"ئەوانەی ووتویانە تەنیا کێـو بە کێـو ناگات هەڵەیان کرد. ئەوانەش کە پردیان لە نێـواندا دروستکردوون تا بێـخۆچەماندنەوە تەوقە لەگەڵ یەکدی بکەن، هیچ لە یاساکانی سرووشت نەگەیشتوون.
کێـو لە بوومەلەرزەو هەژانە گەورەکانی زەویدا نەبێ بەیەك ناگات.
ئەوساش تەوقە ناکەن، بەڵکو دەبنە خاکێـك".
کەواتە پێـکگەیشتن.. هەردووکیشتان گڕکانێـك بوون.. سەیرە گەر ئەمجارەش قوربانییەکە من بم، سەیرەکە لەکوێـدایە!
هێـشتا ئەو ڕۆژەم لە یادە..
کەمێـك دواکەوتی، من و زیادیش داوای خواردنەوەمان کردو چاوەڕوانت بووین.
بەژوورکەوتیت..
کە زیاد باسی شتێـکی بۆ دەکردم لە پڕا بێـدەنگبوو، کە لە دەرگای چێـشتخانەکەوە ئەمدیو دەبوویت چاوی تێبڕیت و نەیدەگواستەوە.
منیش کە بەرەو دەرگاکە لامکردەوە.. بینیمی لەکراسێـکی کەسکدا بەرەو لامان دەهاتی.. قەشەنـگ، ئارەزووبزوێـن کە هەرگیز وا نەبوویت،.
کە لێـمان نزیکبوویتەوە زیاد بۆ سڵاوکردن لەبەرت هەستا. منیش بە واقورماوی هەر بە دانیشتووی مامەوە. پێـوەی دیاربوو کە بەوجۆرە بیری لە تۆ نەکردبۆوە.
کەواتە دواکات ئەمە خۆتی..
هەستمکرد شتێـك بە کورسییەکەوەی داکوتام، وەك ناکاو ماندوێـتی هەموو هەفتەکانی ڕابردوو، هەموو ئەشکەنجەو ئازارەکانی دوای تۆم بەسەردا کەوتبێ‌و، هەر دوو لاقمی لە وەستان خستبێ.
کەواتە دواکات ئەمە تۆی.. بەڕاستی ئەمە خۆتی!؟

بەرلەوەی بیر لە بە یەکدی ناسینتان بکەمەوە، خۆت بە زیاد ناساند، ئەویش خەریکبوو خۆیت پێبناسێنێ پێتبڕی و ووتت:

- بێلە با خۆم هەڵیبێنم.. زیاد خەلیل نیت؟

زیاد بەر لەوەی پرسیارت لێبکات واقی وورِما:

- چۆنت زانی؟

بە لامدا وەرچەرخایت وەک ئەوسا دەرکت بە بوونی منیش کردبێ، دوو ماچی هەر دوو ڕوومەتت کردم و قسەت بۆ ئەو دەکرد ووتت:

- تۆ تۆرێک پروپاگاندەی بەهێزت لەخودی ئەم پیاوەدا هەیە..

ئەمجا کە لە ئادگارم وورد دەبوویتەوە لێتپرسیم:

- کەمێک گۆڕراوی.. لەم پشووەدا چیت بەسەر هاتووە؟

زیاد کەوتە قسە تا بە تەوسەوە بڵێت:

- لە مانگونیوێکدا یانزە تابلۆی کێشاوە.. لەوە بترازێ چی دی نەکردووە.. تەنانەت نووستن و خواردنیشی لە بیرکردووە.. پێموایە ئەگەر من نەهاتمایەتە پاریس ئەم پیاوەی بەردەمت لە ناو تابلۆکانیدا بە برسێتیو ماندوێتی دەمرد.. کە لەم ڕۆژگارەدا باوی ئەوە نەماوە هیچ نیگارکێشێک وا سەربنێتەوە!

لەبری پرسیار لەمن بکەیت بە ترسەوە لە زیادت پرسی، وەک لەوە ترسابیت یانزە وێنەم لە بەر وێنەکەت کێشابێت:

- وێنەی چی کێشاوە؟

زیاد کە بزەی بە من دەهات وەڵامی دایتەوە:

- وێنەی قسنتینەی کێشاوە.. لە قسنتینەو.. پردێکی زۆر بەولاوە چی دی نا..

بەدەم ڕاکێشانی کورسییەکەوە تا دابنیشیت، قیژانت:

- نا.. تکایە جارێکی دی باسی قسنتینەم بۆ مەکەن.. من هەر ئێستا لەوێ گەڕاومەتەوە. شارێکە لە توانای کەسدا نییە.. باشترین ڕەچەتەیە بۆ کەسێک بییەوێ خۆیبکوژێ یان شێتبێ!

ئەمجا ڕووی قسەت لەمن کرد:

- کەی لەم شارە چاک دەبییەوە؟

ڕەنگە گەر تەنیا بووینایە پێم بووتیتایە "ئەوکاتەی لەتۆ چاکبوومەوە!"

بەڵام ڕەنگە زیاد لەبری من وەڵامی دابیتەوە:

ـ خانمەکەم ئێـمە لە بیرمان چاك نابینەوە.. هەر بۆیەش نیگار دەکێـشین .. دەنووسین.. هەندێـکیشمان دەمرن..

دەمخۆش زیاد.. لە هەموو شتێـکدا لێـهاتوو شاعیربوو.

بێ خۆ ماندوکردن شیعری دەووت. هەر بێ خۆماندوکردنیش خۆشەویستی دەکردو ڕقیشی دەبۆوە.

کە لێتی پرسی "کەوابێ جەزائیریت؟" من سەیرم دەکرد. بەڵام گوێـم لە قسەکانی تۆ نەبوو کە بۆ ئەوت دەکرد.

لەو ساتەدا پێـموابوو باسەکە تەنیا لەنێـوان هەردووکتان دایەو، لەوەتەی تۆ گەیشتوویت دەمم هەڵنەهێـنابۆوە.

تەنیا لایەنێـکی ئەو دانیشتنە سەیرەی ڕۆژگارەکە بووم.

نیگای تۆم دەکرد.. لە ووردەکارییەکانیشتا لە دووی ڕوونکردنەوەی بەسەرهاتەکەم دەگەڕام.

ڕۆژێـکیان لێـمپرسیت: "جوانترین شت تیاتدا چییە؟"

بەدەم سەربادانێـکی تەماوییەوە بزەت هاتیو وەڵامت نەدایەوە.

جوانترین کەس نەبوویت، بەڵام خۆشترینیان بوویت. ئارەزووش لێـکدانەوەی دەبێ!

ڕەنگە زیادیش لە تۆ پچێـت..

بە دەم ڕۆژگارەوە پەیم بەوە برد، هەمووجار کە بە جووتە لە بەردەمما پێـکەوە دەدوان لێـتان وورد دەبوومەوە.

ئەویش شتێـك لە سیحری تەماوی تیادا هەبوو.. لە بەکێـشکردنێـك کە چی پێـوەندیی بە جوانییەوە نەبێ. هزری هاوشێـوەیی یان وێـکچوونەکەتان بێـزاری دەکردم.. بگرە ڕەنگە لە یەکەم ساتەوە پەستی کردبم. کاتێـك کە لە خراپی تەندروستیم و هەڵبزڕکاوی ڕەنگم بە ئاگات هێـنام، ئێـوە هەردووکتان لەبەردەمما هێـند تەندروست و گەشبوون غیرەتان دەبزواند.

بڵێـی غیرە دزەی بۆ سات کردبێ.. منیش بۆم دەرکەوتبێ لە تارمایی نێـوانتان و، دەموچاوێـك کە بە هەڵە خۆی خزاندبێـتە تابلۆ دوو قۆڵییەکەتانەوە چیتر نەبم؟

ئەوکاتە ئاگات لەوە نەبووبێ کە من بە هۆی تۆوە وام بەسەر هاتووە. بۆیە داوای لێـبوردنت لێـنەکردم، بگرە لەوەش زیاتر کەم بۆ من و.. زۆریش بۆ ئەو دەدوایت.

- دوا دیوانتم خۆشویست "پڕۆژەکانی خۆشەویستی ئایندە"، کە تا ڕادەیەک یارمەتی بەسەر بردنی ئەو پشووە نالەبارەی دام. چەند بڕگەیەکی تێدایە هێندەم خوێندنەوە لەبەرم کردن..

لە ئاست سەرسامییەکەی زیاد دا کەوتیتە خوێندنەوە:

"خەم خۆی بۆ ناومەتەوەو تۆش بۆ خەمی ئێوارەم جێم مەهێڵە
خانمەکەم کۆچ دەکەم
ئەمڕۆ پێش گریان دەرگاکەت والاکە
چونکە ئەم تاراوگانە هانی گلدانەوەم دەدەن
ئەم فڕۆکەخانانەش ئافرەتێکی لەشفرۆش و چاوەڕێن
هانی دواکۆچم دەدەن..."

بۆ یەکەمجار گوێقوڵاغی شیعرخوێندنەوەت بووم.

مۆسیقای ئامێرێک لە دەنگتابوو کە بەخەمی لەرەی دەنگتا بۆ یەکەمینجار ناسیم، ئامێرێک هێشتا نەخولقابێ و سەرەتا هەر بۆ خۆشی دروستکرابێ.. کەچی ئێستا شتێکی دی دەژەن.

زیادیش بەجۆرە حەپەساوییەکەوە گوێی بۆ شلکردبووی، وەک ناکاو لە دەری کات و بیردا دانیشتبێ.

وەک دواجار بۆ گوێگرتنت بڕیاری دابێ لەسەر شتێکی دی نەک جانتاکانی، دابنیشێ.

کە بێدەنگبوویت.. وەک بەختی خۆیت بۆ بخوێنێتەوە، کەوتە خوێندنەوەی پاشماوەی چامەکە:

"لەتۆ بەولاوە نیشتمانم نییە
تکتێکیش بۆ خاک.. گوللەیەکی شەیدا بەڕەنگی کفن
لە تۆ بەولاوە چیتر شک نابەم
پڕۆژەکانی خۆشەویستی.. بۆ تەمەنێکی کورت!"

لەو ساتەدا.. هەستم بە بارگە خەمێکی کارەباگرت و، لەوانەیە خۆشەویستی کارەباگرتوش کردبێ، کە خزایە ناومانەوەو، هەرسێکمانی بڕی.

زیادم خۆشدەویست.. پێی سەرسامبووم. هەستمکرد ووشەکانی خەم و، نیشتمان و، خۆشەویستیشم لێدەدزێ..

زیاد زمانم و، منیش، وەک چۆن خۆی حەزی بە ووتنی دەکرد، دەستی ئەو بووم.

لەوساتەدا هەستم دەکرد.. بوبیتە دڵمان.. دڵی هەردووکمان.. پێکەوە!

* * *

دەبوا چاوەڕێی هەموو ئەو ڕووداوانەم بکردایە.

جا دەکرا دوای ئەوە ڕۆچوونەکانتانم ڕاگرتایە؟

لە زانایەکی فیزیا دەچووم کە دڕندەیەکی دروستکردبێ‌و، پاشان بۆی دابین نەکرێت.

گەمژانە لام ئاشکرابوو کە بەدەستی خۆم چیرۆکەکەتانم دروستکرد. بگرە بە گەمژەییەکی نموونەییشەوە بەش بە بەشیم دەنووسی و، توانای دابینکردنی پاڵەوانەکانیشیم نەبوو.

چۆن دەبوا بەرەو ڕووی پیاوێکت کەمەوە دوانزە ساڵ لە من پچووکتر و، ئامادەیی و هاندەرێتیشی لەمن زیاتربێ‌و، هەوڵیش بدەم لە بەردەمتا خۆ بەو بگرم؟

چۆن دەکرا پێوەندی بە ووشەیەک بکەمەوە کە لەسەرخۆ کۆی دەکردنەوەو، نەهێڵم ژنە نووسەرێک پیاوێکی شاعیری خۆشبوێت کە شیعرەکانی لەبەرکردبێت؟

چۆن ئەوێک کە ڕەنگە هێشتا زامی خۆشەویستییە جەزائیرییەکەی پێشووی ساڕێژ نەبوبێ، بە خۆشنەویستنی تۆ قایلکەم، تۆیەک هاتبی هۆشی بە ئاگا بێنیتەوەو، پەنجەرەی بیرچوونەوەی بکەیتەوە؟

چۆن ڕوویدا.. چۆن هەردووکتانم هێناو بە جووتە لە بەردەم قەدەرتانا دامنان.. کە قەدەری منیش بوو!

ئەو ئێوارەیە پێیووتم:

ـ کیژێکی چاکە.. بیرم نایە شتێکیم خوێندبێتەوە، وەک تێگەیشتم ڕەنگە دوای ڕۆیشتنی منی جەزائیر ئەمجا کەوتبێتە نووسین. بەڵام ناوەکە دەزانم.. پێشتر لە شوێنێک خوێندومەتەوە.. بەلامەوە نامۆ نییە..

ئەوکاتە پێمووت:

ـ تۆ ناوەکەت نەخوێندۆتەوە هەر بیستووتە. ناوی شەقامێکی جەزائیرە کە بە ناوی باوکییەوە، "تایەر عەبدولمولی" کراوەتەوە، کە لە سەردەمی شۆڕشدا شەهید بووە.

زیاد ڕۆژنامەکەی داناو بێئەوەی هیچ بڵێ سەیری دەکردم.

هەستمکرد بیری بۆ دوور چووبێ.

بڵێی هەموو پەراوێزە سەیرەکانی پێکگەیشتنی ئەو کاتەتانی لا دەرکەوتبێ.. هەموو ئەو ووردەکاریەی کە ناکرێ لە ئاستیاندا بێلایەنبێ؟

هەستمکرد ئارەزووی قسەکردنم لە بارەتەوە زیاتربێ.

خەریکبوو باسی سی تایەری بۆ بکەم. وەختابوو پێی بڵێم تۆ کچی سەرکردەو برادەرمی. خەریکبوو تەنانەت بەسەرهاتە سەیرەکەی نێوانمانی بۆ باسکەم. تۆیەکێ، بەر لەوەی دوای چارەکە سەدەیەک ناکاو ببیتە خۆشەویستم، دەکرا کچم بویتایە!

خەریکبوو باسی "حەنین"ی یەکەمین تابلۆمی بۆ بکەم، کە ڕێکەوتی لە دایکبوونی تۆی دەکرد. چیرۆکی تابلۆکانی دواییم و پێوەندییان بەتۆوەو.. هۆی داکەوتنی تەندروستیم و دوا شێتێتیمی بۆبکەم..

وەختابوو نهێنی قسنتینەی بۆ باسکەم.

بڵێی لالّبوونم لەوەوەبێ، وەک چۆن نهێنییەکی گەورە دەپارێزین نهێنییەکەی تۆش لای خۆم گلدەمەوەو، بە جووتە تام لە هەڵگرتنەکەی بچێژین؟ بڵێی خۆشەویستییەکەت تامی کاری نهێیو خۆشییە بکوژەکەیی هەبێت؟

یان بڵێی بێئەوەی بزانم تۆ خۆشەویستمی شەرمم بە خۆمبێ کە لای ئەو دان بە خۆشەویستییەکەتدا بنێم، ئەویێک کە ڕۆژێک چییە شەرمم لێنەکردوەو هەموو شتێکیشم لەگەڵدا بەشکردووە؟

یان تۆ خۆشەویستییەکی بۆ بەشبوون دروست نەبوویت و، لە سەرەتاوە بڕیارت داوە بۆ یەکێکمان بیت.. هەر یەکێکمان؟

لە برادەرایێتی یان لە گەمژەیەتیم بوو، دەمویست دەرفەتی خۆشویستنتی بۆ برەخسێنم کە ڕەنگە دوا خۆشەویستیو، چەند ڕۆژێکی بەختیاری بێ لەو مەرگەی بدزێتەوە کە هەمیشە لە ڕێیدایەو.. لە هەموو شارێکیشدا خۆی بۆ مەلاسداوە؟

بۆچی زیاد هاتووە بۆ پاریس؟ ئاشکرایە بۆ گەشت نییە. ڕەنگە بۆ هەندێ پێوەندی نهێنی هاتبێ، هەندێ لایەن ببینێ.. ڕێوشوێن دانێ یان ڕێوشوێنی بۆ دانێن، نازانم..

بەڵام کەمێک ڕاڕابوو. بە تەلەفۆن خۆی لە دیاریکردنی کات لادەدا، بە دەگمەن نەبێ بە تەنیا لە ماڵ نەدەچووە دەرەوە.

هیچ کات لە بارەی هاتنەکەی پاریسییەوە لێم نەپرسیوە. شتێکم لە پاشماوەی کاتی تێکۆشان تیادا مابۆوە، وای لێدەکردم ڕێز لە نهێنییەکانی خەڵکی بگرم، کە بە خەباتگێڕییەوە بەندبوبێ.

من ڕێزی نهێنییەکەی‌و ئەویش ڕێزی بێدەنگییەکەمی دەگرت. بۆیە نهێنی و بێدەنگی تەنانەت ئەو چیرۆکە هاوبەشەشمانی گرتەوە کە بە جووتە لەگەڵ تۆدا هەمان بوو.

بڵێی بە ژیرێتییە هێجگار زۆرەکەی پەیی بە شتێکی نێوانمان بردبێ؟

یان بڵێی لەبەر گوێپێنەدانە ڕووکەشییەکەم، نەیزانیبێ خۆشەویستییەکی سووتێنەری وا لە ناخمدایە.

جا شتی وای چۆن بە بیردابێ، کە من بەکاوخۆ لەسەر نووکی پەنجە بکشێمەوە تا بواری بەرینتری بۆ بڕەخسێ؟

ڕێمدەدا لەبری خۆم وەڵامی تەلەفۆن بداتەوە. لەبری منیش لەگەڵتا بدوێت و میوانداریێتی ماڵەوەت بکا.

تۆش دەهاتی، منیش دانم بە خۆمدا دەگرت تا پرسیاری، هاتنت بۆ لای کێ‌و.. دەبێ بۆکێش وا خۆت لە تەلدابێ، لە خۆم نەکەم؟

ڕەنگە بەسوێترین ڕۆژ ئەو ڕۆژە بوویێت کە بۆ یەکەمجار لە ماڵەوە سەردانت کردین.

دەبوا زیاد لە تابلۆکانم ئاگاداری بکردیتایەتەوە تا بە بیرت بێنەوە. کەوتیتە ئەم ژوورو ئەو ژوور وەک هاموشۆی ناو ژوورەکانی ماڵی خۆت بکەیت. ڕاڕەوەکەو، یادی ئەو ماچەی ژیانمی سەرەوخوار قڵپکردەوە، هەڵوێستەیان پێنەکردی.

بڵێی ئەوساتە بە سوێترین سات بوبێ، یان کە"بە هەڵە" دەرگاکەت کردەوەو، منیش هەر بۆ ڕوونکردنەوە پێمووتی "ئەمە ژووری زیادە". لە بەردەم ئەو دەرگا نیوەکراوەیەدا، چەند ساتێک وەستایت کە بۆ من لە هەموو ئەوکاتانەی لەبەر سەرجەم تابلۆکانمدا بەسەرت بردن، درێژتربوو.

کە هاتیتەوە بۆ هۆڵەکەو لەسەر هەمان قەنەفە دانیشتی ووتت:

ـ تێناگەم ئەم هەموو پردەت بۆ کێشاوە.. ئەمە شێتێتییە.. تابلۆیەک یان دووان بەس بوو..

لە باوەڕەوەبوو یان لە لێهاتوێتییەوە، زیاد کە زانی قسەکانت چەنێک کاریان تێکردم و، شکستییەکەشی لە دەنگنووساویمدا بینی، خۆبەخشانە لە بری من وەڵامی دایەوە:

- تۆ لە تابلۆکان وورد نەبوویتەتەوە.. لە یەکەم سەرنجەوە بڕیاری خۆتت داوە.. لە وێنەدا، تابلۆ با هاوشێوەشبن چوون یەکنابن. هەر یەکەیان ژمارەی نهێنی خۆی هەیە تا هەڵیبێنی.. شتێک لە "کۆد" دەچێو دەبێ بۆی بگەڕێیت تا لە ڕێیەوە دەگەیتە ئەوەی خاوەنەکەی پێمانی دەگەیەنێ..

گەر بە هەمان خێرایی بەلای تابلۆ بەناوبانگەکەی "یاریکەرانی کاغەز"دا گوزەرکەیت، لە دوو یاریکەرەکەی سەر مێزەکە بەولاوە سەرنجی چیترت نەدەدا، ئاگاشت لەوە نەدەبوو کە هەر یەکەو پەڕەی سپی بە دەستەوەیەو لە یەکتریشی دەشارنەوە. "سیزان" نەیویستووە دیمەنێکی قوماركردنمان نیشاندا، بەڵکو دیمەنی ساختەیەکمان نیشانبدا کە پێشتر لە سەری پێکهاتوون.. لەوانەیە بۆشیان مابێتەوە مادام یەکێکیان بەتەمەن لەوی تریان گەورتربێ.

بەر لەوەی زیاد قسەکەی تەواوبکا پێتبڕیو ووتت:

- تۆ ئەمانە لەکوێوە دەزانی.. لە وێنەشدا کارامەی.. یان لە خالیدت گرتۆتەوە؟

زیاد پێکەنیو کەمێک لێت هاتە پێش و ووتی:

- هەرگیز لەم بوارەدا ئیشم نەکردووە.. ئەوە ڕابواردنێکە بەر دەستی پیاوی وەک من ناکەوێ.. بگرە لە هونەر نەگەیشتنمت بەلاوە سەیردەبێ. من نیگارکێش کەم دەناسم بە ڕێکەوت بە کارەکانیان ئاشنابووم و.. بە زۆریش لە کتێبە تایبەتەکانەوە.. بەڵام چەند قوتابخانەیەکی نوێم بە دڵە کە لە ڕێی کارەکانیانەوە دەپرسن..

بڕوام بە هونەر بۆ هونەر نییە، "جوکندە" بەرێزەکانیش نام هەژێنن. ئەو هونەرەم حەز لێیە کە لەڕووی بووندا لەگەڵ خۆمم دادەنێ، هەر بۆیەش دوا تابلۆکانی خالیدم بە دڵە.. یەکەمجارە کە بەڕاستی سەرسامم کات.

لەگەڵ ئەم پردەدا تابلۆ دوای تابلۆ شادیو ئەمجا پلە بە پلە خەم تا ئەنگوستەچاو، وەک بە کاتەکەی ڕۆژێک یان تەمەنێکی تەواو ژیابێ..

لە دوا تابلۆیدا بە پردەکە دەست پێناکا تەنیا تارماییە دوورەکەی لەبەر تاڵێک تیشکدا. هەرچیشی بەدەورەوەیە لە تەمەکەدا ووندەبێو پردەکەش بە ڕووناکی، لە نیشانەی پرسیارێکی هەڵواسراو دەچێ. هیچ بنکەیەک نییە ستوونەکانی بۆ خوارەوە بەکێشکات، هیچ شتێکیش لای ڕاست و چەپی دیاری ناکات، وەک ناکاو یەکەم ئەرکی پردایەتی خۆی لە دەست دابێ!

بلێـی کاتەکەی کازێـوەبێ یان زەردەپەڕ؟ لە گیانەڵادا بێـت یان لەگەڵ کازێـوەدا بێتە دنیاوە؟ ئەوە ئەو پرسیارەیە کە تابلۆ بە دوای تابلۆدا وەک پردەکە بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە، بە گەمەی سێبەرو ڕووناکییە بەردەوامەکەی، مەرگ و ژیانەوە بەردەوامەکەی ڕاودەنێ، چونکە هەر شتێکی هەڵواسراوی نێوان ئاسمان و زەوی مەرگی خۆی پێیە.

حەپەساوانە گوێـم بۆ زیاد گرتبوو، ڕەنگە شتێکی واشم دیبێتەوە کە کاتی تابلۆ کێشانەکە بە بیرما نەهاتبێ.

بلێـی ڕاستکات؟

یەکلاییە کە زیاد لەخۆم باشتر باسی تابلۆکانمی دەکرد. وەک هەموو ئەو ڕەخنەگرانەی باسێکی سەرسوڕهێنەری بابەتێکی هونەریت بکەن کە تۆ ئاسایی‌و، بێ هیچ پرسیارێکی فەلسەفیانە کردبێتت، خۆ گەر هونەرمەندێکی ڕاستگۆو ئاسایی بیت و سومبوڵ و تیورە ئاڵۆزە هونەرییەکانت بەلاوە گرنگ نەبێ ئەوا پێکەنینیان پێتدێ. گەر وەک زۆر لەوانەی خۆیان بە جدی دادەنێـن و، دەکەونە تیوردانان و، مژدەی قوتابخانەیەکی هونەری نوێ بەخشیت، ڕەنگە فووی لە خۆباییبوون و شێتێتیشت تێکەن!

ڕاستییەکی گرنگ لە شیکردنەوەکەی زیاددا هەبوو کە پێشتر لێـی بێـئاگا بووم.

کە پردەکانم دەکێـشا وامدەزانی وێـنەی تۆ دەکەم، ڕاستییەکەشی لە وێـنەی خۆم بەولاوە شتێکی دیم نەدەکێـشا. پردەکە بارە هەڵواسراوە هەمیشەییەکەی خۆمی لە بوونەوە دەردەبڕی. بێـئەوەی بە خۆم بزانم ڕاڕایی‌و ترس و گێژێتییەکەمم تیادا دەدایەوە.

ڕەنگە هەر قۆڵ نانەبانەکەشم بووبێ، وا یەکەم نیگارم پرد بووە.

جا بلێـی هەموو ئەم پردانە وا بگەیەنن، کە لەوساوە هیچ شتێک لە ژیانمدا نەگۆڕرابێ؟

ڕەنگە ئەمە ڕاسترینبێ.. بەڵام هەمووی نییە. دەکرا زیادیش لە سومبوڵی پردەکەدا بە چەند ڕێگایەک فەلسەفەی بکردایە.. بەڵام یەکلاییە کە لە سومبوڵە زانراوەکانی تێنەدەپەڕاند، چونکە دووری سومبوڵەکانمان هەر لە ژیانمانەوەیە، دواییش، زیاد گشت لۆچەکانی بیرمی نەدەزانی.

سەردانی ئەو شارەشی نەکردبوو کە تەنیا خۆی نهێـنی پردەکانی دەزانی!

ئەوسا نیگارکێـشێکی یابانیم وەبیرهاتەوە، کە ڕۆژێکیان خوێـندمەوە ئەو چەند ساڵێکی تەنیا بە وێـنەی گژوگیاوە بەسەر بردووە. جارێک کە

لێی دەپرسن بۆچی هەر گیا.. دەڵێ: "کە وێنەی گیام کێشا لەکێڵگە گەیشتم.. ئەو ڕۆژەی کێڵگەشم کێشا لە نهێنی دنیا گەیشتم.."
ڕاستی دەکرد. هەر یەکەو کلیلی خۆی هەیە کە مەتەڵی دنیا.. دنیای خۆی پێبکاتەوە.
هەمەنگوای کاتێک لە دنیا گەیشت کە زانی دەریا چییە. ئەلبیرتۆ مۆراڤیاش کە پەیی بە ئارەزوو برد، حەلاجیش ئەو ڕۆژەی لە خواو، هنری میلیریش کە لە سێکس و، بۆدلیریش لە نەفرەت و هەڵەکردن، تێگەیشتن.
ئەی "ڤان خوخ".. بڵێی کە بە دەم "تا"وە بەسەرپێچراوەیی بەرامبەر ئەو پەنجەرەیە دادەنیشت.. لە کێڵگەی بەرینی گوڵەبەڕۆژە بەولاوە چیدی لێوە نەدیبێ و، لە ئاست ماندوێتییەکەشیدا جگە لە کێشانی زیاتر لە تابلۆیەکی هەمان دیمەن چی دی نەکێشابێ، ئەمجا لە پیسێتی دنیاو سادییەتی گەیشتبێ؟
چونکە دەستە بە تا گەرم داهاتووەکەی، لە وێنەی ئەو گوڵە ئاساییە ساکارانە بەولاوە چیدی پێنەکێشرابێ.
بەڵام واش.. لە نیگارکێشان نەدەکەوت، نەک لەبەر ئەوەی بە تابلۆکانی بژی، بەڵکو تا گەر دوای سەدەیەکیشبێت تۆڵەی بۆبکاتەوە.
ئەی کە دوایی تابلۆی "گوڵەبەڕۆژە"کەی سەرجەم نرخە پێوانەییەکانی شکاند، ئەو، ئەو بۆچوونەیی بە براکەی ڕانەگەیاندبوو: "ڕۆژێک دێ تابلۆکانم.. لە نرخی ژیانی خۆم زیاتر بکەن".
کە بەمە گەیشتم پرسیم: بۆ نیگارکێش پێغەمبەریشە؟.
ئەمجا ئەم بیرەم بە قسەکەی "زیاد"ەوە بەستەوە "هەموو هەڵواسراوێک مەرگی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە.."
لەخۆمم دەپرسی، هەموو ئەو تابلۆیانەی لەپلەیەکی پێشکەوتووی نەست و شێتیدا کێشاومن، چ پێشهاتێکیان پێیە؟ مەرگ یان هاتنە دنیای شارەکە؟ پردە هەڵواسراوەکان، کە چەند سەدەیە خۆیان بەڕووی هەواڵێکی کەش و هەوا و دژە بایەکی زیاتردا بوونەتەوە؟ یان لە دارووخانێکی ناکاوی گەورەدا، ساتێک کە جیاکەرەوەی شەو و ڕۆژ لە هێڵێکی کاڵی بێئاگایی بەولاوە چی دی نەبێ.. بێئاگاداری مێژوو، هەموو بەربنەوە!
لە کاریگەرێتی ئەو بینینە سەرسوڕهێنەدابووم، کە دەنگت هات تا لە خەیاڵەکانم وەدەرنێ.
قسەت بۆ من دەکرد ووتت:

ـ خالید دەزانی.. بەختت هەیە کە چەند سالێکە سەری قسنتینەت نەداوەتەوە.. ئەگینا شتی وا جوانت لێوە هەڵنەدەهێنجا. کەی ویستت لێی چاکبیتەوە ئەوا تەنیا سەردانێکی بکە.. ئەوجا ئیتر خەوی پێوە نابینی!

بێگومان، ئەوکاتە نەمدەزانی، کە ڕۆژێک دێ خۆت بۆ کوشتنی ئەو خەونە دادەنێیت و، بەزۆریش تا بەردەمی قسنتینەم دەگەینیت.

زیاد، تا ئەمجارەش شتێک بڵێ.. وەک پێشهاتەیەک هێشتا کاتی نەهاتبێ، کەوتەوە قسە.

بە گازاندەیەکی ژیرانەوە ووتی:

ـ بۆچی پێ لەسەر کوشتنی خەونی ئەم پیاوە دادەگری؟. خەونی وا هەیە پێیەوە دەمرین، لێیگەڕێ با گەر بە خەیاڵەکەشی بووە بەختیاربێ..

لەبارەی قسەکەیەوە هیچت نەبوو، وەک بە پلەی یەکەم خەونەکانت پێ گرنگ نەبێ. هەر ئەوەندەت لێپرسی:

ـ ئەی خەونی تۆ.. کامەیە؟

ووتی:

ـ ڕەنگە ئەویش شارێک بێ..

ـ ناوی "الخلیل"ە؟

بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی:

ـ نەء.. ئێمە یەکبینە ناوی خەونەکانمان پێ نییەو.. پێشیانەوە بەندنابین. ناوم "الخلیل"ەو ناوی شارەکەشم "غزە"یە.

ـ لەکەیەوە نەچویتەتەوە؟

ـ لە شەڕی حوزەیرانەوە.. واتە پانزە دانە ساڵی ڕەبەقە..

لەسەری ڕۆیشت:

ـ پێکەنینم بەو شتانە دێ کە ئەمڕۆ لە خالید ڕوویانداوە، کۆن کە پێکەوە لە جەزائیربووین بە ژنهێنان و مانەوەی تاسەر لەوێ قایلی دەکردم. نەیدەزانی ئەو شارە بەجۆرێک دوامکەوتووە کە لە هەموو شارێکم وەدەرنێ. ئەوەتا ئەمڕۆ بێئەوەی کەس پێیبڵێ قسەکەم پەسەند دەکات و، خۆشی شارێکی تیادا نیشتەجێبووەو، ڕاوی دەنێ.

سەیرە هیچ جارێک ئەوەی لا باس نەکردووم.. وەک پێشتر بایەخی پێنەدابێ. شت هەیە کەمێکی لە بەختیاری گەڕاوەتەوە، کەچی تا لەکیسی نەدەین بیر لە بوونەکەی ناکەینەوە!

ڕەنگە ئەوە لە من ڕوویدابێ.. بەرەبەرە دەرکم کرد کە پێش ئەو پشووی هاوینە لەگەڵ تۆدا بەختیار بووم.. بەر لەهاتنی زیادو.. پێشئەوەی خۆشەویستییە دووقۆڵییەکەمان لە شەیدایییەکی بەتینەوە ببێتە خۆشەویستییەکی سێگۆشەیی گۆشە یەکسان، لە یارییەکی شەترەنجەوە کە دوو یاریکەری بەرامبەر بەیەکتری لەسەربن و، خۆشەویستیش هەموو چوارگۆشە ڕەش و سپییەکانی، بە یاسای هەڵکشان و داکشانی شەیدایی پڕکردبێتەوەو، ببێتە یاری سەر مێز، سێ قۆڵی، بەکاغەزە هەڵاوگێڕاوو، بە خەمە هەڵگەڕاوو، بە لێدانی دڵەهاوبەش و، بیرە هاوبەشەکەمانەوە بەدەوریا دانیشتبین، خۆمان بۆ یەکتری نابێتەوەو یاسای نوێ بۆ خۆشەویستی دروستکەین.. ساختە لە پەڕەکانی دەستمان بکەین، فێڵ لە لۆژیکی شتەکان بکەین، ئەویش نەک تا یەکێکمان یارییەکە بەرێتەوە، بەڵکو تا دۆڕاومان نەبێ و، کۆتاییشمان لە سەرەتاکەمان بێئازارتربێ.

دیاربوو زیاد هەستی دەکرد کە من بە شێوەیەک لە شێوەکان خۆشمدەویستی، بەڵام ڕەگی خۆشەویستییەکەو مەوداکەیی نەدەزانی. بۆیە بێبیرکردنەوەو هەست بەتاوانکردن خۆشیدەویستی.

کەسمان هۆشی تەواومان نەبوو تا پێشهاتی شەیدایی بکەین کە ناوێکی دوانەیی هەیەو جێگەی لایەنی سێیەمی تیادا نابێتەوە. بۆیە کە کردمانە سێگۆشە، لووشیداین، وەک چۆن سێگۆشەی "بەرمودا" هەموو ئەو پاپۆڕانەی بە هەڵە پیایدا گوزەر دەکەن، هەڵدەلووشێ!

چۆن بیرە گەیشتین؟

کام "با" بۆ ئەم ناوچەیەی هەڵگرتین کە بە ڕێورەسمی خۆمان نامۆیە؟ چ قەدەرێک پەرشوبڵاوی کردینەوەو ئەمجا قەدەرە ناکۆک و پەرشوبڵاوەکەمان و، تەمەن و مێژووی جیاوازمان و، شەرو خەونە لێک دوورەکانمانی گردکردەوەو، لێرەدا، لە شەڕێکدا ڕایگرتین کە بێهۆشانە دژ بەیەک دەیکەین؟

دوای چەند مانگێک لە کاغەزەکانی زیاددا شتێکم خوێندەوە حەپەسام، چونکە لەگەڵ ئەم بۆچوون و هەستانەمدا جووتبوو، تیایدا نووسیبووی:

"جارێکی تریش شەیدابووین و لەکاتی شەڕە دۆڕاوەکانیشدا لە دەستمان دایەوە، دەی کەواتە کام بەزینە بە سوێترە؟

هەموو ڕووداوەکان دەبوا بن.

دوو گەلی خاکێـک بووین.
دوو پێغەمبەری شارێـک بووین.
ئێـستاش وا دوودڵی ئافرەتێـکین.
هەموو شتێـک بۆ ئازار ئامادەکرابوو. (بڵێـی دنیا جێـگەی هەردووکمانی تیادا بێـتەوە؟).
ئەوەتا ئێـمە سەربەرزیمان نانێـکی عەرەبیانەی درێـژکۆلەی برینئاسامانە. گوللەیەکی سەر خڕە.. ناویانە بە چوارگۆشەیەکی سوورەوە، ڕۆژگار مەشق لەوەدا دەکات گوڵلەکە بەو بازنە ڕەشانەوە بنێت کە گێـژاوئاسا بەرەبەرە پچووکدەبنەوە.. تا بە چەقی مەرگ دەگات..
گوللەکە هەڵەناکات.
گوللەکە بێـبەزەییەو.
دەبێ دڵی یەکێـکیشمان بێ..“
زیاد لەو ئێـوارە زستانیانەدا، هەندێـجار لە ژوورەکەی خۆی بە تەنیا شەونخونی دەکات تا بنووسێ. منیش نیشانەیەکی بێـهەڵەم لەوەدا بەدی دەکرد..
هەر دەبێ شەیدابێـت بۆیە وا بە هەڵپە دەچێـتەوە سەر نووسین، ئەوێـک کە چەند ساڵێـک هیچی نەنووسیبێ.
کە تا دەمەوبەیان دەنگی مۆسیقایەکی نزم لە ژوورەکەیەوە دەهات، هەندێـجار بزەدەیگرتم.
زیاد وەک بییەوێ سییەکانی پڕ ژیان بکات، یان وەک تەواو بڕوای پێـینەبێ‌و، ترسی ئەوەی هەبێ گەر خەوی پیابکەوێـت شتێـکی لێبدزرێ.
یەکبینە گوێـی لەو شریتانە دەگرت کە نەمدەزانی لەکوێـی پەیداکرد بوون، منیش حەزم لێـیان نەبوو، وەک مۆسیقای کلاسیک و.. شریتێـکی فیفالدیو یەکێـکی تریشیان هی تیودوراکیس.
کە هەندێـجار بە تەنیا شەوێـکی تەواوم بەدیار تەلەفیزیۆنەوە بەسەر دەبرد بە خۆمم دەووت:
”ئەویش لە شێـتێـتییەکەیدا دەژی. شێـتێـتی هاوین و.. شێـتێـتی زستان هەیە. شێـتێـتییەکەی من تەواوبووەو ئەوەکەی ئەو دەستی پێـکردووە!“
بەڵام.. چۆن پلەی ئەم شێـتێـتییەی بزانم؟ پێـوەری بوومەلەرزە لەکوێ بێـنم و، بەهۆیەوە ڕێـک لە ڕووداوەکانی ناخی بگەم؟

ئەوە چۆنە، پەڕەکاغەز نەبێ هیچی دی سەرلێدانی نووسینە نهێنییەکان نازانێ. بەڵام شێتێتییەکەی من یانزە تابلۆ بە دیوارەکەدا هەڵدەواسێت تا شایەتیم لێبدەن و.. ئاشکرام کەن.

بەڕاست بڵێی شێتێتییەکەی من کۆتایی هاتبێ؟

نەخێر.. بۆتە شێتێتییەکی ناوەوەو هیچ پێوەندییەکی بە داهێنانەوە نەماوە. بۆتە هەستە نەخۆشییەکان و بە فیڕۆ لە غیرەو بێوورەییدا تۆوی دەکەم.

کەواتە زیاد قاتەکەیی گۆڕی، هەستمکرد وابزانێ دێ، خۆ کە بۆ نووسین دابنیشێ ئەوا بۆ تۆ دەنووسێ، گەر ماڵیش جێبێڵێ ئەوا لەگەڵ تۆدا ژوانی دەبێ..

لە جەنجاڵی غیرەکەمدا، تەنانەت ئەو هۆیانەی زیاد بۆیان هاتبووە پاریس و، چاوپێکەوتنەکانی و.. خولیاکانی تریشیم بیرچووبۆوە.

..ئەمجا کاتی ئەو سەفەرەیە کە خەریکبوو لە بیریکەم.

ڕەنگە ئەوە لە هەموو ئەزموونەکانی دیم بەسوێتربووبێ. دەبوایە دە دانە ڕۆژی ڕێک پێکەوە لە شارێکدا جێم هێشتنایە.. ڕەنگە بە زۆری لە ماڵێکیشدا بوایە کە ماڵی منە.. چونکە چاوپێکەوتنتان لە دەرەوە زەحمەتە.

ئەو ڕۆژەی کەوتمە ڕێ هەوڵمدەدا خۆ بەوە قایلکەم دەرفەتێکی هەمووانبێ، تا کەمێک پێوەندییەکانمان ڕێک بخەین، بۆیە تا ئەم شتە تەماویانەی نێوانمان بە تەواوەتی بەلادا بکەوتایە، دەبوا یەکێکمان بڕۆیشتبایە.

بێگومان، لە ناخی خۆمدا بەو مەنتقە، یان لایەنیکەم بەو قەدەرە کەللەڕەقە قایل نەدەبووم کە پەرە ڕاکێشانەکەی بەسەر مندا دا.

قەدەرەکە بە ئاشکرا بەلای هەردووکتاندا دایدەشکاند. ئەوەش ئازارێکی زۆری منی دەدا.

بەڵام چی لەوە بە ئازارترە.

کە بزانم تۆ لەگەڵ پیاوێکی تردای، یان پیاوەکەش هەر زیادبێ، یان ناپاکێتییەکە لە ماڵەکەی مندا بکرێت، لەو ژوورانەی خۆشیم تیا نەدین؟

لەگەڵیا دەگەیتە کوێ.. ئەی ئەو لەگەڵ تۆدا تاکوێ بردەکات؟ بڵێی بیرە هاوبەشەکەمان و.. هەموو ئەو ڕەوەشتانە ڕایگرێ کە ڕۆژێک کۆی کردینەوە؟

زۆرم سەبارەت بە زیاد پێووتی.. بەڵام گرنگترینیانم لا نەدرکاندی.

ڕۆژانێـک زیاد یەکەی نهێـنیم بوو، پەڕەی بە نهێـنی چوونە ڕیزم بوو.
بەزین و سەرکەوتنەکانم بوو، پەڵپ و بڕواکانم بوو، تەمەنێـکی نهێـنی تەمەنێـکی تربوو. جا بڵێـی زیاد ناپاکیم لەگەڵدا بکات؟
کەوتبوومە گازاندە لێـکردنی، ڕەنگە پێـشوەخت قینیشم لێـی هەستابێ.
لە شێـتی غیرەکەمدا بیرمچوو، کە منیش هەر وام لەگەڵدا کردوویت، منیش نکولیم لە سی تایەر کرد، لە پیاوێـک کە ڕۆژانێـک سەرکردەم بوو، ڕۆژانێـک برادەرم بوو.. لە پیاوێـک کە ڕۆژێـک لای من جێـی هێـشتیت و بە منی سپاردیو بە شەهیدی سەری نایەوە.
کەواتە کامەمان ناپاکترین؟
ئەو، کە خەون و ئارەزووەکانی خۆی دەخاتەگەڕ.. یا من، کە دەرفەتم بۆ هەڵنەکەوت و نەم خستنەگەڕ؟.
منێـک کە چەند مانگێـکە لەگەڵتا دەنووم و هەڵدەستم و، تەنانەت لە بێـئاگاییشمدا بە زۆر دەستت لەگەڵ تێـکەڵدەکەم.. یان ئەو کە بە ویستی خۆت بۆی دەبیت؟
شار هەیە وەک ژن، پێـشوەخت هەر ناوەکەیان دەتبەزێـنێ. ترسی لێـزەوت کردنت دەخەنەبەرو دەشت پەشۆکێـنن، لیپتدەکەن و هیچیشت تیا ناهێـڵن، بیریشیان لە هەموو پڕۆژەکانت دەکەن، تا سەرجەم بەرنامەکانت بنە خۆشەویستی.
شار هەیە.. بۆئەوە دروست نەبووە بە تەنیا سەردانی کەیت، تا تیایدا بگەڕێـیت و بخەویت و بژیت و.. بەتەنیاش بەرچایی تیا بکەیت.
شار هەیە وەک یاد جوانە، نزیکە وەک فرمێـسک، بەسوێـشە وەک هەناسەی سارد..
شار هەیە.. ئای کە لە تۆ دەچێ!
جا بڵێـی لە شارێکدا بیرمچیتەوە کە ناوی.. غەرناتە بێ؟
خۆشەویستیت لەگەڵ خانووە سپییە نەوییە بنمیچ قەرمیدییە سوورەکانیدا دەهات.. لەگەڵ کەپری مێـوو.. دار یاسەمینە قورسەکاندا.. لەگەڵ ئەو جۆگانەی غەرناتە تەی دەکەن.. لەگەڵ ئاودا.. لەگەڵ خۆردا.. لەگەڵ بیری عەرەبدا.
خۆشەویستییەکەت لەگەڵ عەترو دەنـگ و دەموچاوەکاندا دەهات، لەگەڵ ڕەشتاڵەیی کیژی ئەندەلوسیو قژی ڕەشیاندا دەهات.

لەگەڵ کراسی زەماوەند دا.. لەگەڵ قیسارە گەرمەکانی لەشئاساتا.. لەگەڵ چامەکانی لۆرکا کە حەزت لێیانە.. لەگەڵ خەمی ئەبو فراس حەمەدانیدا کە من خۆشمدەوێ.

هەستم دەکرد بەشێکی ئەو شارەشبی.. بڵێی تۆ هەموو شارە عەرەبی و.. هەموو بیرە عەرەبییەکان بی؟

ماوەیەك ڕابوردو تۆ هێشتا وەك ئاوی غەرناتە وایت، تەنك و بەسۆز .. تامت جیاوازە هیچ پێوەندییەکی بە ئاوی بۆریو بەلوعەکانەوە نییە.

ماوەیەك ڕابوردو، دەنگیشت وەك دەنگدانەوەی فوارەی دەمەو بەیانی ناو کۆشکە عەرەبییە جێهێڵراوەکان، کە ئێواران گەرناتەو، گەرناتەش خۆی، کە شەیدای شایەکی عەرەبەو تازە جێی هێشتووە، لێی بەئاگادێ..

ناوی "ابا عبدالله"بوو. دوا شەیدای عەرەبە ماچیکردبێ!

بڵێی ئەو شایەبم کە نەیتوانی چۆن پارێزگاری تەختەکەی بکات؟

بڵێی بەگەمژەیەتییەکەی ابا عبدالله لەکیسم دابیت و، ڕۆژێکیشبێ وەك ئەو بۆت بگریم؟

ئەو ڕۆژەی لە بێئاگییەکدا غەرناتەی لەدەستچوو، دایکی پێیووت: "وەك ژن بۆ موڵکێکی لە دەستچوو بگریت، کە نەتتوانی پیاوانە بیپارێزیت .."

جا بەڕاستی پارێزگاریم نەکردیت؟. جەنگیش لە دژی کێ ڕاگەیەنم.. لە تۆ دەپرسم؟

بەسەر کێدا.. کە ئێوە هەردووکتان بیرو خۆشەویستم بن.

بەسەر کێدا.. کە تۆ شارو قەڵاکەم بیت.

شەرم بۆ؟

لە شا ئەبوعەبدوڵڵاوە شایەکی عەرەب.. حاکمێکی عەرەب هەیە.. بۆ شارێك نەگریابێت؟

قسنتینە تۆش بکەوە.. ئەمە ڕۆژگاری خێرا کەوتنە!

بەراست ئەو ڕۆژە کەوتم.. هەرگیز ئەوەم نەزانی.

بەڵام هەرکە مێژووی دواکەوتنەکەتم زانی، ئەوکەوتنە هێجگارەکییەی خۆم شایەتی بووم.

چ شێتێتییەکە کە دووریتی زیاتر خۆشەویستت بکات و، ئادگاری شارەکەش بگریت. شەوانە شێتئاسا دادەنیشتم تا نامەت بۆ بنووسم ئەویش

له سەرسامیو شەیدایيو غیرەکردنەوە پەیدادەبوو. له نامەکانمدا ووردەکاری ڕۆژانەو بۆچوونی خۆمم له بارەی شارێکەوە بۆ دەنووسیت که به تۆ چوونەکەی هێجگار سەیربوو.

جارێکیان بۆم نووسیت:

"دەمەوێ لێرە خۆشم بوێیت. له ماڵێکی شتئاسادا، که به شێوازی ئەندەلوسیانە کێشرابێ.

دەمەوێ له شارە به قوتوکراوەکاندا بتفرێنم و، خۆشەویستییەکەت له ماڵێکدا نیشتجێکەم که له چاڵ و چۆڵی مێینە عەرەبییەکەت بچێت.

ماڵێک که بیری یەکەمم له پەنا تاق و نەخش و پێچوپەناکانیا خۆی حەشاردابێ. سێبەری دارلیمۆیەکی کەتەش، لەوانەی عەرەبەکان له باخچەی ماڵە ئەندەلوسییەکانیاندا دەیانڕواند، دایپۆشیبێ.

دەمەوێ وەک چۆن لێرە لەسەر ڕۆخی گۆمە ئاوێک دادەنیشم که سوورە ماسی تیایدا مەلەدەکەن، لەپاڵتا دانیشم و حەپەساوانە پیاتدا بڕوانم.

لەشت هەڵمژم، وەک چۆن بۆنی لیمۆ سەوزە کاڵەکانی وولاتی خۆمان هەڵدەمژم.

ئەی میوە حەرامەکە.. به بەر هەر درەختێکدا بڕۆم حەزم لێتە.."

چەند نامەم بۆ نووسیت.. ژنە نووسەر هەیە بەرگەی ووشە بگرێت؟

دەمویست به پیت کۆتتکەم و، پێشی بتگێڕمەوە، لەگەڵتاندا بکەومە ئەڵقەی ئەو ووشانەی تەنیا به تاوانی نیگارکێشی بەڕووومدا داخراون، لەبەر تۆ کەوتمە داهێنانی جۆرە نامەیەک که پێش تۆ بۆ هیچ ژنێک نە نووسرابێ. ئەو نامانەی دوای پەنجا ساڵ بێدەنگی له پڕێکا له مێشکمدا تەقینەوە.

بڵێی بێئەوەی بەخۆم زانیبێ هەر ئەو کاتە دەستم به نووسینی ئەم کتێبەم کردبێ، دوای ئەوەی شەیدابیم بۆ تۆ بەم زمانە شکایەوە که یەکمجارە نامەی پێبنووسم. پێش تۆ له ڕۆژانی هەرزەیی و لاوێتیمدا بۆ ئافرەتانێکم نووسیوە که به ژیانمدا گوزەریان کردووە.

ئەوسا بۆ ووشە خۆم ماندو نەدەکرد..

زمانی فەڕەنسی لەخۆوەو ئازادانەو بێگرێو گۆڵ و.. شەرم بۆ قسە کێشی دەکردم.

لەگەڵ تۆدا عەرەبیم لەنوێ دەدییەوە. فێردەبووم فێڵ له مەزنییەکەی بکەم، خۆم به دەست هاندانە نهێنیو، پێچوپەناو، هێماکانییەوە دەدا.

بەلای ئەو پیتانەمدا دادەشکاند کە بە تۆ دەچوون.. بە "ت"ی مێـیەتی.. "ح"ی سووتانەوە.. "هـ"ی مەستی "ئەلف"ی سەربەرزی.. بەو خاڵە پەرشوبڵاوانەی کە بە لەشییەوە خاڵێـکی ڕەشبوون..

زمانیش مێـیە؟ ئافرەتێـکە هەر بەلای ئەودا دایدەشکێـنین، وەکۆ ئەو فێـری گریان و پێـکەنین و..خۆشەویستی دەبین. کە جێـشمان دێـڵێ بێـئەوەی هەست بە سەرماو هەتیوی دەکەین؟

بڵێـی نامەکانت خوێـندبێـتەوە؟. ئەی هەستت بە گریـی هەتیویم و ترسانم لە وەرزە ساردەکان کرد؟

سەرسامیان کردیت یان لە ناوەختا گەیشتن؟

هەر دەبوا بۆم بنووسیتایە بەرلەوەی زیاد لە هەمووکونەکانی پێـستتەوە دزەت بۆبکات و، ببێـتە زمانت.

بڵێـی ئەو نامە دڵدارییانەی لە کاتی خۆشەویستیدا ناگەن و دوا دەکەون سوودیان هەبێ؟

ئەی سلفادۆر دالی و بول ئیلوار هەمان ئافرەتیان خۆش نەدەویست؟

بول ئیلوار بێـهوودە جوانترین نامەو.. نایابترین شیعری بۆنەنووسی.. تا ژنە لە دالی بسێـنێـتەوە کە لێـی فڕاندبوو. بەڵام ژنە، شێـتییە نادیارەکەی ئەوسای دالی.. لەکێـشی شیعرەکانی بول ئیلوار پێـچاکتربوو. تا مردیش هەر بەلای فڵچەکەی دالیدا شکاندییەوە، دالیش لەجارێـک و لە کەشێـک زیاتردا زەماوەندی لەگەڵداکردو، بە درێـژایی ژیانیشی لەو بەولاوە وێـنەی هیچ ئافرەتێـکی تری نەکێـشا.

ڕاستییەکەی خۆشەویستی هەمووجار خۆی دووبارە ناکاتەوە، نیگارکێـشانیش بەردەوام شاعیران نابەزێـنن.. تەنانەت گەر لە بەرگی ووشەشدا هەوڵی خۆ حەشاردان بدەن.

* * *

دواتر کە گەڕامەوە بۆ پاریس، بە درێـژایی ئەو ڕۆژانە پەڵاس لە دەمدابوو، تەنانەت خۆشی سەرکەوتنی پیشانگاکەشی لێـتێـکدابووم. چاوپێـکەوتنە جوان یان بەسوودەکانیشی لێـتێـکدام کە لە کاتی پیشانگاکەدا کران.

شتێـک لە ناخمابوو بەردەوام خوێـنی لێـدەچۆڕا. سۆزێـکی نوێـی غیرەو قینێـکی تەماوی کە لێـم جوێ نە دەبۆوەو یەکبینە ڕوودانی شتێـکی بیردێـنامەوە کە لەوێ ڕوویدا.

زیاد به خۆشییەوە پێشوازیکردم. (بەڕاست بە هاتنەوەکەم بەختیارە؟). پۆستی ئەو ماوەیەی لەوێ نەبووم و پەڕەکاغەزێکیش کە ناوی هەموو ئەوانەی لەسەربوو تەلەفۆنیان بۆ کردبووم، دایمێ. بێئەوەی سەیری بکەم وەرمگرت. دەمزانی ناوی تۆیان تێدا نییە.

ئەمجا پرسیاری پیشانگاکەی لێکردم.. لە بارەی سەفەرو هەواڵە گشتییەکانەوە دوا، بە کەمێک دوودڵییەوە باسی دوا گۆڕانکارییە سیاسییەکانیشی بۆکردم، کە لەو ساتەدا لەبەر هەر هۆیەکبێ پەشۆکاو دەمبینی.

لە کاتێکدا گوێم بۆ قسەکانی گرتبوو هەستم لای ماڵەکە بوو، وەک چۆن دێوە خەرافییەکە هەر کە دەگەڕێتەوە ماڵەکەی، بەبۆن بۆ مرۆڤێک دەگەڕێ کە لەوانەیە کاتی دەرچوون و نەبوونی ئەم لە ماڵەکە، دزەی کردبێ و بەژوورکەوتبێ..

هەستم دەکرد هاتبیتە ئەم ماڵە. هەستێکی نادیار جەختی ئەوەی لا دەکردم، بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکیشم بۆ سەلماندنی گومانەکەم هەبێ.

جا بۆ بەڵگە گرنگە؟.. بۆ ڕێی تێدەچێ لە دە دانە ڕۆژدا یەکترتان نە بینیبێ.. لێرە نەبێ لە کوێتر چاوتان بەیەک کەوتووە؟ گەر بەیەکیش گەیشتبن هەر بە ووتووێژ وازتان هێناوە؟.

تۆ کانگایەکی کبریت بوویت.. زیادیش شەیدایەکی مەجۆسی ئاگرپەرست!

جا دەکرێ لە بەردەم ئاگرەکەتدا زۆر خۆی بۆ بگیرێ.. تۆ کە ژنێکبی پیاو خەون بەوەوە ببینێ، گەر بە خەیاڵیشبێ بە ئاگرت بسووتێ؟

لە ئادگاری زیاد دا بە دوای جۆرە خۆشییەکدا، بەختیارییەکی وادا دەگەڕام بەڵگەی تەواوم باتێ کە تۆ بۆ ئەو بوویت.

بەڵام لە دوودڵی بەولاوە، هیچ هەستێکی تایبەتی بە دەموچاوییەوە نەبوو.

ناکاو باسی تۆی بۆکردم ووتی:

- داوام لێکرد سبەی بێت دوا قاوەڵتیمان لەگەڵدابکات..

بە سووکە سەرسامییەکەوە هاوارمکرد:

- بۆچی دواجار؟

ووتی:

- چونکە من یەکشەمە سەفەر دەکەم..

- جا بۆچی یەکشەممە؟
کاتێـک هەستم بە کەمێـک خەم و خۆشی دەکرد قسەکەم کرد.
زیاد وەڵامی دامەوە:
- چونکە دەبێ بڕۆمەوە.. هەر چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆبووم. بڕیار نەبوو لە دوو هەفتە زیاتر لێـرەبم. مانگێکی تەواوم پێچوو بۆیە هەر دەبێ بگەڕێـمەوە..
ئەمجا بە سووکە تەوسێکەوە بەردەوامبوو:
- بەر لەوەی بە ژیانی پاریس ڕابێـم.
بڵێـی ژیانە پاریسییەکە تۆبێت کە ترسی پێـڕاهاتنی لێی هەیە؟ بڵێـی جارێکی دیش لە دڵدارییەکی تر هەڵێ یان ئیتر کاری خۆی مەیسەرداوەو هەر ڕۆیشتنی ماوە؟
شەممە بەدەم هەڵسووڕانی کاری گەڕاندنەوەم و، خەریکی زیاد بە ڕێکخستنی ووردەکاری سەفەرەکەیەوە، تێـپەڕی.
هەوڵمدا ئەو ئێـوارەیە خۆ لەدانیشتنی بدزمەوە. بەڵام یەکشەممە خۆی بۆ نابووینەوەو دواجار لەو دوا نیوەڕۆژە یەکلاکەرەوەیەدا هەر سێکمانی ڕووبەڕووی یەکتر دانا.
ئەو ڕۆژە وا بەگەرمی پێـشوازیت کردم کە بە بیرما نەدەهات. منیش خۆمئاسا بەوە لێکمدایەوە کە هەست بە هەڵەکردنێـت، (یان ڕەنگە بۆ دڵنیاکردن بووبێ). ئەی خۆشەویستییەکم لە قاپێکی شیعردا لەسەر مێـزێـک .. کە ماڵەکەی خۆمە، پێـشکەش نەکردیت؟!
ئەمجا سەبارەت بە نامەکان سوپاست کردم، بەدڵبوونی خۆشت لەسەر شێـوازی نووسینەکەم دەربڕی.. وەک مامۆستایەک کە قوتابییەکی دەقێکی نووسراوی دابێـتێ.
سوپاسە ئاشکراکەت پەستیکردم، هەستمکرد بۆ زیادت باسکردبێ‌و ڕەنگە نیشانیشت دابێ.
کە بەردەوامبوویت خەریکبوو شتێـک بڵێـم:
- بە ئاواتەوەبووم لەوێ لەگەڵتا بومایە.. بەڕاستی غەرناتە بەو ڕادەیە جوانە؟. بەڕاستی لە (خوانتا فاکیروس) سەردانی ماڵەکەی "گارسیا لۆرکا"ت کرد.. ناوی گوندەکەی وانییە کە من ووتم؟ باسیم بۆ بکە..
لە شێـوازی قسەکانتاو سەرەتای دەستپێـکرنەکەتدا پەراوێـزی وام دییەوە، شتێـکی سەیر، ڕەنگە هەر بۆ بیرهێـنانەوەش بووبێ.

پاش ئەو گەردەلوولانەی گوزەریان پیاکردین، دوای ئەو دە ڕۆژەی دۆزەخ کە بە تەنیا تیایدا ژیام، هەر ئەوەندەت پێیە بیلێیت؟
نازانم چۆن ئەو ساتە دیمەنی فیلمێکم بیرکەوتەوە کە ڕۆژێکیان سەبارەت بە ژیانی لۆرکا بینیبووم..
پێمووتی:
ـ دەزانی لۆرکا چۆن مرد؟
ووتت:
ـ بە سێدارە..
ووتم:
ـ نەخێر.. لە بەردەم دەشتێکی پان و بەرین ڕایانگرت و پێیانووت برۆ.. لە ڕۆیشتنابوو کە لە دواوە گوللەبارانکراو، بێئەوەی بەچاکی تێبگات بۆچی وای لێکرا، کەوت و مرد.
لە مردنیدا ئەوە ناهەموارترین شتبوو. لۆرکا ترسی لە مەرگ نەبوو، دەیزانی دەبێ‌و، وەک ئێمە چۆن بۆلای برادەرێک دەچین، ئەویش بە پێی خۆی بۆلای مەرگ دەچوو.. بەڵام تەنیا ڕقی لەوەبوو کە لەپشتەوە گوللەی پێوەنرێت!
ئەوکاتە هەستمکرد زیاد قسەکانم گوللەئاسا بەسنگییەوە دەنرێ. چاوی بەرەو لای من هەڵبڕی، هەستم پێکرد وەختا شتێک بڵێ‌و کەچی بێدەنگ بوو.
بێ زۆر ووتن لێکدەگەیشتین.
دواتر لە بە ئەنقەست ئازاردانەکەی پەشیمان بوومەوە. چونکە ئازاردانی ئەوم لە ئازاردانی تۆ پێ ناخۆشتربوو. بەڵام دوای ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی کە بە هۆیەوە چەشتم نەدەبوا لەوە کەمتری پێبڵێم.
ڕەنگە زۆرترینیشی لەوەوە بووبێ.
ناکاو نیوەڕۆژەمان بووە ژەمی بێدەنگی‌و پەشۆکان جاروبار قسەی هەڵبەستراوی تیادا دەکرا، کە تۆ بە بۆماوە مێینییکەت و بۆ خۆشکردنی دانیشتنەکە هەڵتدەبەستن.. ڕەنگە بۆ فێڵیش بوبێ. بەڵام بێهوودەبوو.
شتێک لە بلوورەکەی نێوانمان شکا. هیوای چاککردنەوەشی نەمابوو.
پاشان لێمپرسیت:
ـ دێی لەگەڵما زیاد بەرین بۆ فڕۆکەخانە؟
وەڵامت دایەوە:

نەء.. ناکرێ بچمە فڕۆکەخانە.. ڕەنگە لەوێ مامم ببینێ، چونکە لەوانەیە سەر لە هێڵی ئاسمانی جەزائیر بدات. جگە لەوەش ڕقم لە فڕۆکەخانە دەبێتەوە.. ڕقیشم لە خواحافیزییە. هەر کەسێکمان خۆشبوێ خواحافیزی لێناکەین، چونکە ڕاستییەکەی لێیان جیانابینەوە. خواحافیزێتی بۆ نەناس دروستبووە.. نەک بۆ خۆشەویستان.

ئەوە یەکێکبوو لە دەرکەوتنە سەیرەکانت وەک قسەکەی پێشترت "ئێمە پێشکەشکردن تەنیا بۆ نەناس دەنوسین بەڵام ئەوانەی خۆشمان دەوێن بەشێکن لە کتێبەکەو پێویستییان بە ئیمزای سەر یەکەم لاپەڕە نییە.."

ئیتر خواحافیزی بۆ؟

پێویست بە خواحافیزییەکی دی دەکات؟

بە درێژایی نانخواردنەکە چاوم لێتبوو کە بەسەرنجەکانت هەر ئەوت هەڵدەلووشیو لەو بەدەر چیترت نە دەخوارد.

چاوەکانت یەک بەیەک خواحافیزیان لە ئەندام بە ئەندامی لەشی دەکرد. زۆر لە سەر هەر یەکەیان ڕادەمان، وەک چەندین وێنەی لای خۆت گلدەیتەوە.. بۆ ئەو ڕۆژگارەی وێنەکەی نەبێ چی دیت بۆ نەمێنێتەوە.

ئەویش خۆی لە سەرنجەکانت لادەدا، ڕەنگە لەبەر دڵی من بووبێ، یان قسە بە ئازارەکانم ئارەزووی خۆشویستیو.. خواردنیشیان، لێبڕیبێ. وایان لێکردبێ سەرنجە پەستەکانی بەرەو ناخیو دوای سەفەرەکەی بردبێ.

خەمی منیش لە خەمەکەی ئێوە کەمتر نەبوو، بەڵام خەمەکەی من دەگمەن و وەک شکستییەکانم یەکلایەنەبوو. وەک هەڵوێستم لە چیرۆکی خۆشەویستییەکەتان فرە هۆو نادیار بوو. ڕەنگە دانەدواوەی هاتنەکەشت بۆ فڕۆکەخانە ڕاڕاییەکەمی زیاترکردبێ. چونکە دەمویست لە گەڕانەوەدا تەنیابین تا دواجار پێکەوەبین. بۆئەوەی بێپرسیاری زۆر لێت تێبگەیشتمایە، تا چ ڕادەیەک توانای سڕینەوەی ئەو چەند ڕۆژەت لە مێشکدا هەیەو، بەبێ بریندارکردن و ڕووشاندن بگەڕێیتەوە لام..

دەمزانی دڵت بەلای ئەودا دایدەشکێنێ. ڕەنگە لەشیشت.

بەڵام بڕوام بە لۆژیکی ڕۆژگار هەبوو. پێموابو دواجار هەر بۆلای خۆم دێیتەوە، چەنکە لە من بەولاوە کەسی دی لەئارادا نەبوو.. منیش بیری یەکەمتم و.. یەکەمین سۆزی باوکێتیو کۆپییەکی تری ئەو بووم.

کەوتمە ئەوەی گرەوی لۆژیک بکەم و.. چاوەڕوانتبم.

زیاد ڕۆیشت و منیش بەرەبەرە ماڵ و خووەکانی یەکەمی پێش هاتنی ئەوم دەگرتەوە.

بەختیاربووم بەڵام زوخاوێکی نادیارم دەچەشت. پێی ڕاهاتبووم، کە بە تەنیا بۆ کێشانی نیگاری زستانی جێهێشتم، بۆ ئەو ڕۆژە خۆڵەمێشیو، شەوگارە درێژو سەیرانەی جێهێشتم، ناکاو هەستم بە کەمێک تەنیایی دەکرد.

زیاد ڕۆیشت.. ناکاو چۆن ماڵەکەی پێ ئاوەدان بۆەوە واش چۆڵیکرد.

جگە لەو جانتایەی شایەتی بێرەدا ڕەتبونێتی، دوای خڕکردنەوەی پەڕەکاغەزو شتەکانی تیایدا، کە لە بن کەنتۆرەکەدا جێیهێشت، پرۆژەی گەڕانەوەیەکی دیم تیادا بەدیکرد، ڕەنگە تۆ هۆیەکی گەڕانەوەی جێهێشتنەکەی بیت.

بەڵام پێویستە دان بەوەدابنێم کە بەختیاریم لە خەمبارییەکەم زیاتربوو، هەستم دەکرد تۆو ئەو ماڵەش کە ئەوی تیادا نییە، وەدەست دێنمەوە.

وام هەستدەکرد دواجار ئەم ماڵە هەرچۆنێک بێت بە ئامادەییەکەت پڕ دەبێتەوە، بە تەنیا پێکەوە دەبین، یان لەگەڵ خۆمدا دەبم.

بەرەبەرە دەتگێڕمەوە ناوی. ئەی چەند جارێک دانتپیانەنا کە حەزت لە ماڵەکەیە.. حەزت لە شێوەی ڕێکخستنەکەیەتی.. لە ڕووناکییەکەی.. لە دیمەنی ڕووباری سین کە بەسەریدا دەڕوانێ؟

یان هەر زیاد و، ئامادەییەکەیت خۆشدەویست کە هەموو شتەکانی ڕێکدەخست و.. جوانتری دەکردن!

سەرەتا.. پێموابوو تەلەفۆن دەکەیت. خۆم پێوەگرتبوو، لێیدەپارامەوە، بەڵام ناکاو دەنگیشت لە ئاستی سەرسوڕمانەکەمدا ووردەووردە پاشەکشەی دەکرد.

هەفتەی جارێک، دواتر دوو هەفتە جارێک و، ئەمجا بەر لەوەی بە هیجگاری بیبریت بە دەگمەن تەلەفۆنت دەکرد.

وەک دڵۆپە دەرمان کەم کەم دەهات. هەندێ جار هەستم دەکرد هەر بۆ خۆشی، یان بێتاقەتی، یان ڕەنگە بە نیازی هەواڵزانینی زیاد کردبێتت، بەڵام بێئەوەی ڕایگەیەنیت.

منیش لەوکاتەدا، دەمپرسی: بڵێی ڕاستەوخۆ بەناونیشانی ماڵەوە نامەت بۆ بنووسێت، بۆیە پێویستت نییە کە جارێکیش چییە هەواڵیم لێبپرسی؟

یان خۆی ئاسایی پێشوەخت پێیووتبی هیچت بۆ نانووسێت، پێویستە تۆش وەکۆ ئەو فێری لە بیرکردن بیت. هەر هەمان سزای منیش بدەیت!.

زیاد لە هەموو شتێکدا ڕقی لە چاری نیوەناچڵ دەبۆوە.

وەکۆ هەموو چەکدارێک سەرکێشبوو. هەر بۆیە ڕقی لەوە دەبۆوە کە پێشوەخت ناوی "ڕابواردنی نیوەناچڵ" یان "سزای نیوەناچڵ"ی لێنابوو!

پیاوی هەڵبژاردەی یەکلاکەرەوەبوو. جا یان خۆشەویستی دەکات و واز لە هەموو شتێ دێنێ تا هەر بۆ خۆشەویستییەکەبێ، یان سەری خۆی هەڵدەگرێ، چونکە ئەوەی لەوێ چاوەڕوانێتی گرنگترە. ئەوساش هیچ بیانوویەکی نامێنێ کە بە تامەزرۆبوون و بیرکردن ئەشکەنجەی خۆی بدات.

پاشان زۆرم دەپرسی، دەبێ کامیانی هەڵبژاردبێ؟

بڵێی ئەمجارەش هەمان ڕەفتاری چەند ساڵێک لەمەوبەری جەزائیری کردبێتەوە کە لەگەڵ ئەو کێژەی خەریکبوو بیهێنێ، کردی..

یان ئەمجارەیان گۆڕراوە، ڕەنگە بەهۆی تەمەنەوە.. ڕەنگیشە هەر لەبەر تۆ بێت، چونکە ئەوەی نێوانتان چیرۆکێکی ئاسایی وا نەبوو کە لە نێوان دوو کەسی ئاساییدا ڕوودەدا.

هەندێجار دەمویست بۆ باسکردنیت بەکێشکەم، بەڵکو بە ئەنجامێک بگەم کە یارمەتی دیاریکردنی ڕێسای نوێی گەمەکەم بدات و.. پێشی ڕابێم.

تۆش خۆتئاسایی فێڵت لێدەکردم. بە ئاشکرا دیاربوو کە حەزت دەکرد باسیت بۆبکەم، بەڵام بێئەوەی هیچم لا بدرکێنیت.

هەمووسات لەگەڵ خۆتدا ناکۆک بوویت. تا لە شتێکیش دەربازتبێ، گاڵتەو ڕاستی، ڕاستیو درۆت تێکەڵ دەکرد..

قسەکانت درۆیەکی سپی بوون بە فلچەکەم گوێم لێدەگرتن و، ڕستەکانیشیم بە بۆیەیەک ڕەنگدەکرد کە لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە بارەتەوە دەمزانی بگونجایە.

ڕاهاتبووم کە قسەکانت بە وەنەوشەیی، بەشین و.. خۆڵەمێشی، بەو دوو دڵییە دابپۆشم کە بە هەموو ووتنەکانتەوە دیارە.

وا ڕاهاتبووم چیت لاووتبووم کۆیانکەمەوەو، دەمەتەقێی وێنە یەک لە دوا یەکەکانی سەر کاغەزیان لێدروستکەم و، خۆشم بۆ ووتووێژەکە قسەی وا دارێژم کە لەگەڵ مشتومڕێکی دیدا بگونجێو هی خۆشمان نەبن.

پێدەچێ ئەوکاتە بەرەبەرە ئەو پێوەندییە نادیارەم لە مێشکمدا دیبێتەوە کە خەریکبوو بە ڕەنگی سپیتەوە بتبەستێتەوە.

هەر قسەکانت درۆیەکی سپی نەبوون.

ژنێک بوویت توانایەکی لە ڕادەبەدەری ئامادەکردنی ئەو ڕەنگەت لە هەموو شێوەکانیو دژەکانیدا هەبوو. یان ڕەنگە ئەو کاتەش بێئەوەی بە خۆم زانیبێو بە بۆچونێکی شاراوە ئەم ڕەنگەم بە هێجگارەکی لە تابلۆکانمدا دەرکێشابێو، لەهەوڵێکی شێتانەی وازلێهێنانیشتا هەوڵی دەستبەردابوونیم دابێ.

ڕەنگێک بوو لەگەڵتا ڕێک. لە ڕۆژی ساوایەتیتەوە لێی نزیک دەبوویتەوەو جلکە سپییە منداڵییەکانیشت بەسەر دارە ڕایەڵکراوەکانی سەر سۆپاکەوە ووشک دەبۆوە. ئەوەش چاوداگرتنێکی پێشوەختی ئەو قەدەرەبوو، کە ئاگرێکی ساردی لە کراسە سپییەکەت ساردتری لەگەڵتا بۆ ئامادە دەکردم.

سپی ڕەنگێکی خۆت ئاسایی لە پێکهاتەی هەموو ڕەنگو شتەکاندا هەیە. جا پێش کۆتایی پێهێنانی دەبێ چەند شت لەناوبەرم! ئەگەر دەست بەرداریشیبم ئەوا دەبێ واز لە چەند تابلۆ بێنم!

بە هەموو شێوە (و ڕەنگێک..) هەوڵمدەدا کۆتاییت پێبێنم. بەڵام ئەوی ڕاستی بێ تا دەهات زیاتر لە خۆشەویستییەکەتەوە دەگلام.

جارێکیان بە تەلەفۆن دانم بۆ پیانایت.. لە ساتێکی بێوورەییدا:

دەزانی.. خۆشەویستیت بیابانێکی لمەبزواتەکانەو، نازانم لەکوێیدا ڕاوەستاوم..

بە تەوسە ئازاردەرەکەت وەڵامتدامەوە:

- لە شوێنی خۆت ڕاوەستە.. گرنگ نەجووڵانتە. چونکە لەو بارانەدا هەر هەوڵێکی خۆ دەربازکردنت، لمەکە زیاتر بۆ قووڵایت ڕادەکێشێت. بیابان نشینەکان ئەو ئامۆژگارییە بە هەموو ئەو کەسانە دەڵێن کە دەکەونە ناو گێژەنگی لمە بزاوتەکانەوە.. چۆن ئەوە نازانیت؟

دەبوا ئەو ڕۆژە پەستی بیگرتمایە.. کەچی پێکەنیم. ڕەنگە لەبەر حەزکردنم لە گاڵتە زیرەکانەکەت بووبێ تەنانەت گەر بە ئازاریشبێ، چونکە ئێمە زۆر کەم بە ژنێک دەگەین کە زیرەکانە ئازارمان بدات.
ڕەنگە ئەگەری نزیکبوونەوەی مەرگیشت بەگوێدا دابم ئەو مەرگەی چەند بە جوانم دەبینی ئەوەندەش لام مسۆگەربوو..
پەندێکی میللی نایابم وەبیرهاتەوە، پێشتر لێی بێئاگا بووم: "مەلی ئازاد ناگیرێ، خۆ ئەگەر گیراش.. پەلەقاژەی بۆ ناکات!".
ئەوسا هەستمکرد ئەو باڵندە بە فیزەیم کە دەچێتەوە سەر هەڵۆو بازو بە ئاسانی ڕاوناکرێ، خۆ گەر ڕاویشکرا، ئەوا مەزنییەکەی وای لێدەکات سەربەرزانە خۆ بەدەستەوە بدا، بێئەوەی بەرەنگاربێتەوە یان وەک ئەو مەلە پچووکانەی دەکەونە داوەوە پەلەقاژە بکات.
ئەوکاتە کە بەو پەندە میللییە وەڵامم دایتەوە، سەرسامانە قیژانت:
- چەند جوانە.. نەمدەزانی!
بەدەم خۆکێشانەوەوە وەڵامم دایتەوە:
- چونکە تۆ پیاوت نەناسیوە.. ئەمە ڕۆژگاری هەڵۆو باز نییە.. ڕۆژگاری ئەو باڵندەماڵیانەیە کە لە باخە گشتییەکاندا چاوەڕوانن!
شەش ساڵ بەسەر ئەو قسانەدا ڕابورد. ئەوەتا ئەمڕۆ من بە ڕێکەوت بیرم کەوتەوەو، دوا ئامۆژگارییەکەشت دێنمەوە:
"لەو شوێنەی خۆت ڕاوەستە.. گرنگ نەجووڵانتە!".
ئەوسا چۆن باوەڕم پێکردی کە ترسی گەردەلوول و گێژەڵووکەو.. لە بزاوتەکانت بۆم هەیە. تۆیەک کە چەند ساڵێک بەدەم زامەوە ڕاتگرتم و، بەدەوریشما فووت بە گەردەلوولدا دەکردو شەپۆلی لمیشت لە بن پێمدا دەبزواند و.. ڕۆژگاریشت لێهاندەدام.
من نەبزوام..
گەمژانە لەبەر قاپی دڵتا چەند ساڵێک وەستام.
نەمدەزانی کە تۆ بە بێدەنگێک هەڵمدەلووشیو، لەبن پێشمدا زەوییەکە ڕادەکێشیو منیش بەناخیا ڕۆدەچووم.
نەمدەزانی، تەنانەت چەند ساڵێکیش دوای دیار نەمانت، هەمووجار گێژەڵۆکەکانت هەڵدەکەنەوە، تا خافڵکوژم کەیت.
ئەمڕۆش.. لەناو گەردەلوولە درەنگوەختەکەدا کتێبەکەت دێت تا لەناخمدا گێژەڵووکەیەک هەستی سەرکێش و ناکۆک پێکەوە بەرپاکات.

ووتت "وەرچەرخانی بیرچوونەوە"..
بیرچوونەوە لەکوێوە دێ.. لێتی دەپرسم؟

* * *

هێشتا ڕۆژەکەی مانگی شوباتم بیرە، کە لە تەلەفۆنەکەدا گوێم لە دەنگی سی شەریف بوو، بۆ نانخواردنی ئێوارە میوانداری ماڵی خۆیانی دەکردم.

بانگکردنەکەیم بەلاوە سەیربوو، نەشم پرسی بەبۆنەی چییەوەیە. لە خۆیەوە زانیم کە خەڵکی تریشی بانگکردووەو، تەنیا نابین.

دان بەوەدا دەنێم کە شادیو بەختیارییەکەم پەشۆکاندبوومی.

شەرمم بەخۆم دەهات کە لە دوا چاوپێکەوتنمانەوە، یەک جار نەبێ بە بۆنەی جەژنەوە تەلەفۆنم بۆ نەکردووە، ئەگەرچی زۆریشی لێدەکردم کە لە نووسینگەکەی سەری بدەم و قاوەشی لەگەڵدا بخۆمەوە.

ناکاو بڕیارێکم دا کە ڕەنگە گەمژانەش بووبێ.

بڕیارم دا تابلۆیەکمی بۆ بەرم و پێشکەشی بکەم.

ئەی هەر ئەو ئەمڕۆ خۆشییەکی پێنەبەخشیم کە بیریشم لێنەدەکردەوە؟

بێقسە بۆی دەسەلمێنم، تابلۆکانم بەپارەی دڵ دەستاودەست دەکەن، نەک بەو پارانەی گومانیان لێدەکرێ.

پاشان چاکەیەکی دی بۆچوونەکەمم دییەوە.

ئامادەی ماڵێک دەبم کە تیایدا دەژیت، جا با بە دیواریشەوە هەڵواسرابیت.

ڕۆژی دواتر، تابلۆکەمم هەڵگرت و چووم بۆ ئەو میوانداریە.

دڵم بە پەلەی خستبووم، بەوگەڕەکە نایابەداو بۆ بە دواگەڕانی خانووەکە لە پێشمەوە دەڕۆیشت. بە ڕادەیەک وای لێکردم نەزانم یەکەمجار کامیان ماڵەکەی دییەوە: چاوم.. یان دڵم.

کە چوومە ژوورەوە هەستمکرد بۆنەکەت لە دەرگای دەرەوەوە.. لە سەرخەرەکەوە.. خۆی بۆ نابوومەوە. لێرەش تۆ هەر بە عەترکەت ڕێنیشاندەرمی.

سی شەریف لە دەرگاوە پێشوازیکردم. بە گەرمی لە ئامێزیگرتم، بینینی تابلۆ گەورەکەی بە زەحمەت هەڵمگرتبوو پێشوازییەکەی گەرمترکرد.

لەو ساتەدا پێموابوو بەتەواوەتی بڕوای نەدەکرد دیاری ئەوبێ. پێش وەرگرتنەکەی دوودڵ بوو، بەڵام ڕامگرت تا پێبڵێم: "ئەم تابلۆیە بۆ تۆیە.. دیاری منە بۆتۆ.."

ناکاو خۆشیو خورپەیەکی دەگمەنم لە ڕوویدا بەدیکرد. وەک یەکێک شتێکی بۆ دەرچوو بێت بەپەلە کاغەزە تێوەپێچراوەکەی لێداماڵی.

ئەمجا کە دیمەنی پردی ناو تەمە بە ئاسماندا هەڵواسراوەکەی بینی، قیژاند:

ـ ئەمە پردە گوریسینەیە!

بەرلەوەی وەڵامی بدەمەوە دەستی لە ملم کردو دەیکێشا بە شانما:

ـ لەشت ساغبێ.. بژیت کاکی خۆشەویستم.. بژیت!

نەمتوانی بەهەمان گەرم و گوڕییەوە ماچی نەکەم، چونکە شتێکی پێشکەش کردبووم کە ڕەنگە خۆی نەیزانیبێ چەند لام بە نرخە.

سی شەریف بەدەستێکی قۆڵیگرتم و بەدەستەکەی تریشی تابلۆکەو لەگەڵ خۆیدا بردمییە هۆڵەکە. بەرەو لای میوانەکانی تا پێیانم بناسێنێ، وەک بییەوێ هەموویان بکاتە شایەت کە چەند منی مەبەستە. یان ڕەنگە بۆ پێوەندیو برادەرێتییە پتەوەکەمان بووبێ، کە لەبارەی منەوە وا باو بوو لەم ڕۆژگارە ناهەموارەدا زۆرکەم نەبێ بایەخی پێنادەم.

لە بەردەمما چەند ناوێکی بۆچەند ڕوویەک دەرپەڕاند، کە تەوقەم لەگەڵ خاوەنەکانیاندا دەکرد زۆربەیانم نەدەناسی.

یەک یان دوانێکیان نەبێ کەسی دیم لێنەدەناسین، ئەوانی تریشیان لەو کەسانەبوون کە ڕووەکی مشەخۆرم ناولێنابوون.. "یان ڕووەکە بەدەکان". وەک چۆن فەرەنسایییەکان ناویان لەو ڕووەکانەی لە هیچە دەڕوان، لە هەر حەوز یان خاکێکدابوونایە، لە خۆوە ڕەکێ یان لق و گەڵاکانیان پەرەیان دەسەند، تا ڕۆژێک هەرخۆی هەموو زەوییەکەی دەگرتەوە.

نازانم بۆچی هەمیشە هەستێکی هێند بە هێزم هەیە کە ئەمجۆرە زیندەوەرانە لە هەرکوێ بن بیانناسمەوە. چونکە ئەوانە بەدەر لە جۆرو شێوەو پلەوپایەیان ڕواڵەتێکی هاوبەشی واشیان هەیە پەردە لە ڕوویان لادا، ئەوانەی بەو ساختەبازیو مەراییە زۆرو دیاردە دەوڵەمەندییە نوێیە ناسراون کە بە پەلە لە خۆیانی هەڵدەکێشن.. بەو فەرهەنگە هاوبەشەی لە قسەکردنیاندایە وات لێبکەن لەوە بەگرنگتریان بزانی کە بە بیرتا دەهات.

یەک سەرنجی پەلەو، گۆڕینەوەی چەند ڕستەیەک بەسبوون، کە شێوەی ئەو کۆڕە "مەزنە" وەدەستبێنم کە پیاوانی هەڵبژاردەو خەڵکی

ماقوڵی دەرەوەی تیادا بوو، کە کارامەی دروشمە ئاشکراو.. "سەفقە" نهێنییەکانن.

ئاشکرابوو کە لە ئەستێرەیەکدا بووم ئەستێرەی خۆم نەبێ..

سی شەریف بە سووکە شانازییو خۆشدوییەکەوە باسی تابلۆکەی بۆ میوانەکانی دەکرد..

ئاوڕی لە من دایەوە تا پێمبڵێ:

ـ خالید دەزانی.. ئەمڕۆ ئاواتێکی نازدارت هێنامە دی. دەمویست بۆ یادگار شتێکی تۆم لە ماڵدابێ. بیریشت نەچێ ئێمە برادەری منداڵیو کوڕی گەڕەکیش بووین "كوشە الزيات".. ئەو گەڕەکەت بیرە؟

سی شەریفم خۆشدەویست. شتێک لە مەزنێتی قسنتینەو ئامادەییەکەی، شتێک لە ڕەسەنێتی جەزائیرو بیری، شتێک لەدەنگ و بەدیارکەوتنەکەی سی تایەری تێدایە..

بێگەردییەکیش لە ناخیدابوو لەگەڵ هەموو شتەکاندا هێشتا پۆخڵ نەببوو. بەڵام تاکەی..

هەستم دەکرد بە مێش و مەگەزو پۆخڵی قۆناغەکە دەورەدرابێ. دەترسام ڕۆژێک پیسییەکە دزەی بۆ قووڵایی بکردایە.

ترسم لێیبوو، ڕەنگە ترسی پیسبوونی ئەو ناوە گەورەیەم بووبێ کە لە سی تایەرەوە بۆی مابۆوە.

بڵێی هەستەکەم ئەو پێشهاتەبووبێ، یان دەرئەنجامێکی لۆژیکی ئەو ڕاستییە بەسوێیە بووبێ کە بەچاوی خۆم دەمبینی دەورەی دابوو؟

بڵێی سی شەریف لەو پەتایە دەربازیبێ؟ دەبێ چی هەڵبژێرێ؟ مەلە لە کام دریاچەیەدا بکا.. لەگەڵ کام تەوژم و دژ بەکامیانبێ.. لەم ئاوە شێلوەی ماسییە قرشەکانی تیادا باڵادەستن و ناوە پچووک و تەریکەکان نابێ تیادا بژین؟

وەڵامەکەم لەبەردەمدابوو ئەو شەوە بێئاگابووم لەوەی، کە ڕەنگە سی شەریف دەریاچە شێلوەکەی هەڵبژاردبێو بڕابێتەوە.

ئەوەی ڕێک لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو لەودیو جگەرە "کۆبا"ییە کەیەوە ووتی:

ـ هەمووکات وێنەکانتم بە دڵبووە.. ڕاشم سپارد پێوەندیت پێوەبکەن تا لە هەندێ پرۆژەماندا دەستت هەبێ.. بەڵام بیرم نایە لای خۆمان هیچ تابلۆیەکتم بینیبێ.

ئەوسا نەمدەزانی ئەوەی قسەی بۆ دەکردم کێیە.. نەشمدەزانی باسی کام پرۆژانە دەکات. بەڵام هەر بەوەدا کە بە کۆ باسی خۆی دەکرد، تێگەیشتم کەسایەتییەکی باڵادەستی نا ئاساییە.

سی شەریف وەک بزانێ قسەکەر ناناسم خۆی لەباسەکە هەڵقورتاندو ڕوونیکردەوە:

- "سی..." شەیدای هونەرەو، سەرپەرشتی پرۆژەی گەورەی وا دەکات کە رووی ڕۆشنبیریی جەزائیر بگۆڕێ.

ئەمجا وەک شتێکی بیرکەوتبێتەوە بەردەوامبوو:

- ...بەڵام چەند ساڵێکە تۆ سەرت لە جەزائیر نەداوەتەوە.. ڕاستە کە هێشتا ئەو پێکهاتە ڕۆشنبیریی‌و بازرگانییە نوێیەی جەزائیرت نەدیوە.. بەڵام هەر دەبێ بیان بینیت..

وەڵامم نەدایەوە..

دەمبینی کە بە بەردەممدا بەپلیکانەی ڕەوشتدا تلۆر دەبۆوە، لە بێئەقڵی بوو یان لە مەراییەوە نازانم. لەو ڕووەوە چیم دەبیست بۆ خۆمم گلدەدایەوە .. "دەزگاکان"و سەرجەم دیاردە نیشتمانییەکانی تری ئەوانئاسا.. بەرد بە بەردی بە - عمولەو سەفقە - دامزراو، گشت دزەکانیش گەورەو پچووکیان، بە بەر چاوی ئەو شەهیدانەی بەدبەختی خۆیان، شوێنیان بەرامبەر بەوان و.. ناپاکێتییەکەبوو، نۆرەیان بۆ دەگرت.

کەواتە ئەوەیە "سی..." پیاوێکی باش و نیمچە ئاسایی دیارە، گەر قاتە زۆر کەشخەکەی‌و.. ئەو باسە نەوەستاوەی سەبارەت بە پرۆژە نزیک و دوورەکان دەیکرد نەبوایە، کە هەر هەموویان بە پاریس و ناوی بیانی شوێنگومانی وادا گوزەریان دەکرد، شوورەییە لە زاری کۆنە ئەفسەرێکەوە دەرچێ.

کەواتە ئەمە ئەوە.. بڵێی دیاردەیەکی ڕۆشنبیری ناو دنیای سەربازیانەبێ .. یان دیاردەیەکی سەربازیانەی ناو دنیای ڕۆشنبیریبێ..

یان ئەم "زەماوەندە نا سروشتییەی" کە لەوەتەی پەتاکەی بە "ڕەسمی" لە ناو زیاتر لە سەرکردایەتییەکی ئەرکانی عەرەبدا باوێتی بۆتە کارێکی سروشتی!

هەموو مەراییان بۆ دەکردو بە دڵی ئەو دەدوان، بەڵکو شتێک لەو هەنگوینە بلێسنەوە، کە لە ڕۆژگاری قاتی‌و بێئاویدا ڕووبارێک پارەی گران لە نێو دەستەکانییەوە دەڕژا..

به درێـژایی دانیشتنەکە پرسیارم لە خۆم دەکرد، لە ناو ئەو کۆمەڵە سەیرەدا چی دەکەم؟

پێـموابوو میوانداریەکە خێـزانییە، یان هیچ نەبێ ژوانێـکی دەگمەنی من و نیشتمانەو، لەگەڵ سی شەریفیشدا بیرەوەرییە کۆنەکانمان یاد دەکەینەوە.

بەڵام نیشتمان ئامادەی دانیشتنەکە نەبوو. زام و ڕووە نوێ شێـواوەکەی جێی گرتبۆوە.

شەوێـکی فەڕەنسایانەبوو.. بە فەڕەنسی قسەمان دەکرد.. سەبارەت بەو پڕۆژانە دەدواین کە زۆربەیان بە پارەی جەزائیرو.. لەڕێی بیانییەکانەوە تەواودەکران.. جا بەڕاست سەربەخۆییمان وەدەستهێـناوە؟!

دانیشتنەکە دەمەو نیوەشەو کۆتاییهات. (سی ...) ماندوبوو سەر لە بەیانیش چاوپێـکەوتنی هەبوو.. ڕەنگە بۆ شەویش هەیبووبێ.

دەستکەوتی خێـرا، ئارەزووی خۆشییەک زیاترمان دەداتێ.

دەکرا ئەو ئێـوارەیە بەختیاربومایە. ڕاستییەکەی لەبەر چەند هۆیەک کە نەمدەویست تیایاندا قوڵبمەوە هەمووان بایەخیان پێـدابووم..

بگرە ڕەنگە لەگەڵ (سی...)، کە تێـگەیشتم دانیشتنەکە بە شەرەفی ئەو کرابوو دووەم ئەستێـرەی ئەو شەوە بووبم. بۆیە منیش بانگهێـشت کرا بووم، چونکە حەزیکردووە هونەرمەندانی بە دەورەوەبن تا وا بگەیەنێـت.. جگە لە ئەرکی سەربازیانە پەرۆشی هونەرو داهێـنانیشە!

ڕاستییەکەی پیاوێـکی باش و خۆشدووبوو.. ئەوکاتە لە بوارە جیاجیاکاندا باسی بۆچوونە هونەرییەکانی خۆیی بۆکردم و، خۆشەویستێـتیشی بۆ خودی چەند نیگارکێـشێـکی جەزائیری نیشان دا. بەڵکو بە گاڵتەشەوە ووتی، بۆ تابلۆکە ئێـرەیی بە سی شەریف دەبا، جا ئەگەر من بۆ هەر شوێـنێـک بچم و تابلۆیەک لەگەڵ خۆمدا بەرم ئەوا کەی سەری جەزائیرم دایەوە لە ماڵی خۆیدا میوانداریێـتیم دەکات.

بە گاڵتەکەی پێـکەنیم.

بەڵام پاشتر، کە ئەو ئێـوارەیە لە جێـگاکەمدا تەنیا مامەوە، ئەوەندە پەستبووم بە ڕۆخی گریان گەیشتم، لە خۆشم دەپرسی چ گەمژەیەتییەک گەیاندمییە ئەو ماڵە؟

ماڵێـک کە پێـموابوو ماڵی تۆیە، کەچی چوومە ژوورەوەو هاتیشمە دەرەوە تەنانەت چاوم بە دامێـنی کراسەکەشت نەکەوت، کە بە ڕاڕەوەکەی.. لە دونیای تۆی جوێـدەکردمەوە گوزەری بکردایە.

سەر لە بەیانی ڕۆژی دواتر، تەلەفۆن لێی دا. پێموابوو تۆبی، کەچی کاترین بوو.. ووتی:

- بەیانییە ماچ و.. جوانترین ئاواتت بۆ دەخوازم..

بەرلەوەی بپرسم بە بۆنەی چییەوە لەسەری ڕۆیشت:

-..ئەمڕۆ جەژنی (ئەلسان ڤالنتان)ە ئەو خواناسەی پیرۆزبایی لە شەیدایان دەکات. بیرمکردەوە لە بری کارت قسەت لەگەڵدا بکەم.. لە جەژنی خۆشەویستیێتیدا حەز دەکەیت چ ئاوتێکت بۆ بخوازم؟

لە ئاست سەرسامی.. یان پەشۆکانەکەمدا، بەو شێوازە تەوساوییەی حەزم لێیە بەردەوامبوو:

- گەمژە بڵێ.. چونکە ئەمڕۆ دوعا گیرادەبێ!

پێکەنیم..

خەریکبوو پێیبڵێم هەر داوای کەمە بیرچوونەوەیەک بکە. بەڵام شتێکی لەو بابەتەم ووت:

- دەمەوێ لە دڵداری خانەنشینبم.. دەتوانی ئەم داوایەم بە خواناسەکەت بگەیەنیت!

ووتی:

- ئای کە شێتی.. هیوادارم گوێی لێت نەبێ، ئەگینا تا هەتایە لە پیرۆزییەکانی پێبەشت دەکا.. بۆچی دوا ژوانمان تا ئەو ڕادەیە ماندووی کردوویت؟

ئەو کاتە لەگەڵ کاتریندا پێکەنیم. ئەمجا تەلەفۆنەکەم دانا تا لەگەڵ تۆدا بگریم.

بۆ یەکەمجار ئازاری ئەو جەژنەم بۆ دەرکەوت کە پێشتر بەرگوێم نەکەوتبوو.

تەنانەت بۆ سوپاسی تابلۆکەش تەلەفۆنت نەبوو، یان بۆ ئەو سەردانەو، ئەو ژوانە ئەنقەستەی من ئامادەی بووم و تۆ نەهاتی.

کەواتە جەژنی خۆشەویستی هات..

ئەی جەژنم و ئەندێشەم، خۆشەویستیو ڕقم، بیرچوونەوەو بیرم، هەموو ساڵ تۆو هەموو ئەو شتانە..

کەواتە خۆشەویستیش جەژنی هەیە.. خۆشەویستان و شەیدایانیش ئاهەنگی تیا دەگێڕن و، کارتی جەژنەپیرۆزەو تامەزرۆیشی تیا دەگۆڕنەوە، ئەی کامەیە جەژنی بیرچوونەوە خانمەکەم؟

ئەوان پێشوەخت ڕۆژنامەیەکیان بە جەژنی سەری ساڵ ئامادەکردووە، لە وولاتێکدا بەدرێژایی ساڵ هەر ڕۆژەو بە خواناسێکەوە ئاهەنگدەگێڕن .. ئەی لەنێوان هەرسێ سەدوشەستوپێنج خواناسەکەیاندا.. خواناسێکیان تیادا نییە بۆ بیرچوونەوە بشێ؟

چونکە جیابوونوە ڕوویەکی دی خۆشەویستیو، شکستیش ڕووەکەی تری شەیداییە، کەواتە بۆچی جەژنێک بۆ بیرچوونەوە نەبێ کە پۆستبەران تیایدا مان لە کار بگرن و، هێڵەکانی تەلەفۆنیش گەرماییان پیا نەڕواو، ئیزگەکانیش لێدانی گۆرانی دڵداریان تیادا قدەغەکرێ.. تیاشیدا لە نووسینی شیعری خۆشەویستی بکەوین!

دوو سەدەیە "ڤیکتۆر هوگۆ" کە بۆ "جولیات درویَ"ی خۆشەویستی نووسیوە دەڵێ: "خۆشەویستی چەند نەزۆکە، کە لە ووتنەوەی ووشەی ـ خۆشمدەوێیت ـ ناکەوێت چەندیش بەپیت و لە بن نەهاتووە: کە هەزاران ڕێگەی تری بۆ ووتنەوەی هەمان ووشە هەیە"..

لێمگەڕێ با لە جەژنی خۆشەویستیدا سەرسامت کەم و.. هەزاران ڕێگە بۆ ووتنی هەمان ووشەی خۆشەویستی لەگەڵتا تاقیکەمەوە..

لێمگەڕێ با ڕێگەی هەزاران ڕیان بۆلای تۆ بگرم، بە هەزار سۆزە ناکۆکەش شەیداتبم و، بەسەرەڕۆیی بیرچوونەوەو بیرکەوتنەوەش، لە بیرمت بەرمەوە و بیریشت کەم.

ملت بۆ بەم و خۆشمت لێبێبەریکەم، بەسەرکێشی ئازادیو کۆیلایەتی.. بە ناکۆکی شەیداییو ڕق.

لێمگەڕێ با لە جەژنی خۆشەویستیدا.. بەکەمە خۆشەویستییەکەوە.. ڕقم لێتبێ.

بڵێی ئەوسا کەوتبمە ڕق لێبوونت؟

ئەی دەبێ ئەو سۆزە کەی بە تەواوەتی لە ناخمدا پەیدابووبێ، کە بە پەلەیەکی سەیر گەشەی دەکردو، بە تووندییەکەشی شانبەشانی خۆشەویستی وەستا؟

بڵێی لە ئەنجامی شکستییە بەدوا یەکەکانمەوە بووبێ کە لەگەڵتا پێم دەکەوت، دوای ئەو هەموو جەژنانەی لە یادی یەکەمین چاوپێکەوتنمانەوە جێت هێشتن، یان بەهۆی ئەو کرژییە نادیارەوە بووبێ کە لەخۆم دایە، برسێتییە هەمیشەییەکەی تۆم، وای لێکردبووم حەز لە تۆ نەبێ لە هیچ ئافرەتێکی دی نەکەم.

لە تۆ بترازێ کەسی دیم نەدەویست، بێهوودە فیلم لە لەشم دەکرد. بێهوودە ژنێکی دیم پێشکەش دەکرد. تۆ ئارەزووە دەگمەنەکەو.. تاکە داوای بوویت.

ڕەنگە بە ئازارترینیان بووبیت، کە لە ساتی جووتبووندا دەستم بە قژی کاتریندا دەهێنا. کە بەر تاڵە کورتە زەردەکانی دەکەوت، ناکاو، کە قژە قەرەجییە درێژە قەترانییەکەتم بیر دەهاتەوە، کە لەوانەیە هەر خۆی هەموو جێگاکەمی داپۆشیبا، ئارەزووی خۆشەویستیم بیردەچۆوە.

باریکییەکەی پرێتیەکەی تۆی بیردێنامەوە، ڕاستەهێڵەکانی لەشە تەخت و ڕێکەکەی چرچولۆچی لەشی تۆی بیردێنامەوە.

عەترەکەشت، بە نەبوونیشی هەستەکانی دەگرتمەوەو عەترەکەی ئەوی دەسڕییەوەو، وەک چۆن منداڵێک ڕەفتار لەگەڵ هەستەکانی یەکەمجاری دەکات، بە بیری دێنامەوە کە ئەوە عەترە نهێنییەکەی دایکم نەبێ!

هەموو بەیانیانێک دزەت بۆ لەشم دەکردو لە ناو جێگاکە دەرت دەپەڕاند.

ئازارە نهێنییەکەت بە ئاگای دێنام و، ئارەزووە کەڵەکە بووەکەی لەشیشت بۆمبێکی کاتیو، شەوە ئارەزوویەکبوو ڕۆژانە دوادەخرا.

ڕاستە کە بەیانیان زوو پیاوەتی بەهۆشدێ، یان شەیداییەکەیە ناخەویت؟

وەلامم بدەرەوە ئەی ئەو مێیەی شەوانە تێر دەخەویت..

هەر پیاوان ناخەون؟

ئەی بۆچی لەش دەپەشۆکێو، خەریکیشە بەسەر سنگی کەسێکی دییەوە بدەمە پڕمەی گریان، وەختا پێیبلێم من شەیدای ئافرتێکی دیم و، لە گەڵیدا بێتوانام چونکە پیاوەتییەکەم لە دەست خۆمدا نەماوە، بەڵکو تەنیا فرمان لە تۆوە وەردەگرێ!

کەی ڕقم لێت هەستا؟

بڵێی ئەو ڕۆژە بووبێ کە کاترین خۆی پۆشتەکردەوە، تا بە تەنیا لە ناو ئەو جێگەیەدا جێم بێڵێ کە لێی تێر نەدەبوو، خۆشدووانە لافی بە لێندانی کەسێکی دی دەدا کە سەردانیبکات.

ئەو ڕۆژەی فرمێسکێکی پیاوانەی مەزنێتیم ڕشت بۆم دەرکەوت: پیاوەتیش، بە نەوی کردنی ئالا لێیدەقەومێ، تەنانەت گەمەی خۆشدوێتی.. یان لۆژیکی خۆ زلزانێتی پیاوانە ڕەتدەکاتەوە.. لە کۆتاییشدا وەک پێمان وایە، دەستەلاتمان بەسەر لەشماندا ناشکێ.

ئەو ڕۆژە بە تەوسێکی تاڵەوە لە خۆم پرسی، بڵێی (السان ڤالنتان)ی پیاوچاک وا بەپەلە دوعاکەمی گیراکردبێ و.. بە ڕاستی کردبمیە شەیدایەکی خانەنشین!

بیرمە نەفرەتم لێکردیت.. ئەوسا ڕقم لێت هەستا، هەستم بەزوخاوێک دەکرد کە بە گریان پچێ.. منێک کە تەنانەت ڕۆژی باڵبڕینەکەشم نەگریام، لەوانەبوو ئەو ڕۆژەی کە تۆ دوا شتت لێدەدزیم بگریامایە.

پیاوەتیمت دەدزی!

ڕۆژێکیان لێمپرسیت "خۆشتدەوێم؟.."

ووتت:

- نازانم.. خۆشەویستییەکەت باوەڕئاسا لە زیادو کەمدایە!

دەکرێ ئەمڕۆ بڵێم، کە ڕقم لەتۆ وەک باوەڕەکەت لە هەڵکشان و داکشاندایە..

ئەو کاتە بە ساویلکەیی شەیدایەک لەسەری ڕۆیشتم:

- ئەی تۆ باوەڕت هەیە؟

ڤیژانت:

- بێگومان.. من داواکانی موسوڵمان هەرهەمووی بەجێدێنم.. سەرجەم ئەرکەکانیشی.

- ڕۆژوش دەگری؟

- بێگومان بەڕۆژوش دەبم.. بەو ڕێگەیە بەرەنگاری ئەم شارە دەبمەوە .. تا لە گەڵ نیشتمان.. لەگەڵ بیردا بەردەوامبم.

قسەکەتم پێسەیربوو. نازانم بۆچی وات بۆ نەدەچووم. لە ڕواڵەتدا شتێکت پێوە دیاربوو کە وا بگەیەنێت لەچی خڵتە هەیە ڕزگارت بووبێ.

کە حەپەساوییەکەمم بۆ دەربڕیت ووتت:

- چۆن ئایین بە خڵتە ناودەبەیت، ئاین باوەڕە، وەک هەموو باوەڕەکانیشمان کێشەیەکە تەنیا بە خۆمانەوە بەندەو کەسی دی..

لەم کێشانەدا هەرگیز بڕوا بە ڕواڵەت ناکرێ. بڕواش خۆشەویستیئاسا لەو تەنیاییە هەمیشەییەی تیایدا دەژین سۆزێکی نهێنییە. دڵنیاییە نهێنیو، قەڵغانی نهێنیو.. ڕاکردنە نهێنییەکەمانە بۆ قووڵایی، تا کاتی پێویستی دیسان پیلەکانمان نوێکەینەوە.

بەڵام ئەوانەی ئیمانداری زیاتریان پێوە دیارە، بە زۆری خۆیان لە ناخەوە خاڵیکردۆتەوە، تا بەو هۆیانەی کە هەرچی پێوەندییێ بە خواوە نییانە، سەرجەمی ئیمانەکەیان دەرخەن!

ئەوکاتە قسەکانت چەند جوانبوون!

بەجۆرێک دەهات کە لوێچەکانی بیر هەڵدەداتەوەو، لە ناخیشما دەنگی بانگی بەیانیانی قسنتینەی بە ئاگادێنا.

لەگەڵ نوێژدا دەهات، لەگەڵ قورئان خوێندندا، لەگەڵ دەنگی "خەلفە"ی کۆنە حوجرەکانی قسنتینەدا. دەگەڕامەوە سەر هەمان حەسیرو بە هەمان پەشۆکاوی منداڵییەوە دادەنیشتم و، لەگەڵ کورەکانی تردا ئەو ئایەتانەمان دەووتەوە کە هێشتا تێیان نەدەگەیشتین، بەڵام لە ترسی "فەلاقە" و دارە درێژەکەی خۆی بۆ قاچمان دەنایەوە تا لە یەکەمین هەڵەدا خوێنی لێبێنێ، لەسەر ئەو تەختەیە وەک خۆیان دەمانکێشایەوەو هەرچۆنێکیش بوایە لە بەرمان دەکرد.

دەهات تا لەگەڵ خوادا پێکم بێنێتەوە، منێک کە ساڵانێکە ڕۆژووم نەگرتووە.

لەگەڵ نیشتماندا ئاشتی دەکردمەوەو، دژ بەم شارەش هانیدەدام کە هەر ڕۆژەو پانتاییەکی پچووکی لە باوەڕم و.. لە بیرم دەدزی.

ئەو ڕۆژگارە ژنێک بوویت کە لەیەک کاتدا فریشتەو شەیتانەکانمت بە ئاگادێنا. ئەمجا دوای ئەوەی کردمییە گۆڕەپانی ململانێی خێروشەڕو.. خۆی بێبەزەییانە پیایدا دەڕوانیم!

* * *

لەو ساڵەدا فریشتە سەرکەوت.

ئەوساکە ڕەنگە کاریگەری قسەکانت بڕیاری ڕۆژووگرتنیان پێدابم، لەوانەشە بۆ لە تۆ هەڵاتن و بۆ لای خوا چوونبووبێ. ئەی نەتووت "خواپەرستی قەڵغانی نهێنیمانە".

ووتیشم کەواتە بە بڕوا خۆم لە تیرەکانت دەپارێزم.

کەوتمە هەوڵی بیرچوونەوەی خۆت و دابڕانت.. تەنانەت بیرچوونەوەی بوونیشمان لە هەمان شاردا.

چەند ڕۆژم لەو لە هۆشخۆچوونە ئاینییەدا بەسەربردبێ. لەنێوان ترس و سەرسامیدا.. هەوڵم دەدا لەشم بەبرسێتیو لە تۆبوون ڕابێنم.

دەمویست دەست بەسەر هەستەکانمدا بگرمەوە کە دزەت بۆ کردبوون و، بە تەنیا فرمانیشیان لە تۆ وەردەگرت.
دەمویست بۆ ئەو پیاوەی کە ڕۆژانێـک من بووم، جێـگەی یەکەمی پێـش تۆی بۆ بگێـڕمەوە. بەسامی.. ڕێـزی.. باوەڕیو.. ئەو ڕەوشتانەی شەڕیان لە دژی ڕاگەیاند.
دانیپیادەنێـم کە شتێـک سەرکەوتنم تیادا بەدەستهێـنا بەڵام هەرگیز لە بیرچوونەوەتدا سەرنەکەوتم.
دەکەوتمە داوێـکی تری خۆشەویستیتەوە. ئەوکاتە دەمزانی کە من هەر بەکاتی تۆ دەژیم.
لەگەڵ تۆدا لەسەر خوانی بەربانـگکردنەوە دادەنیشتم. لەگەڵ تۆشدا بە ڕۆژوو دەبووم و دەمشکاند. لەگەڵ تۆشدا پارشێـوم دەکردو لە خواردن دەوەستام، هەمان خواردنی ڕەمەزانانەتم دەخواردو، پارشێـویشم بەتۆ دەکردو.. هیچی دی.
بێـئەوەی بە خۆم بزانم یەکبوون لەگەڵ تۆ نەبێ هیچی دیم نەدەکرد.
لە کۆتاییدا وەک نیشتمان وا بوویت. کەواتە هەموو شت بە تۆ دەگەیشت..
خۆشەویستییەکەت، تەنانەت لە ڕێـگرتن و بێـدەنگیشدا نیشتمانئاسا بەردەوامبوو.
خۆشەویستییەکەت وەک نیشتمان بە بڕواو هزرییەوە ئامادەبوو.
خوا پەرەستێـتیش بەردەوام دەبێ؟
* * *
ڕەمەزان کۆتاییهات. ئەوەتا لە نهۆمە ئاسمانییە باڵاهەڵچووەکانەوە دیـمەخوارو، ناکاو بەرەو حوزەیران گلۆردەبمەوە. ئەو مانگەی کە زیاد لە بیانوویەکم بۆ ڕەشبینێـتی لێـی هەیە.
جگە لە حوزەیرانی 67، بیری بە سوێـی تریش کە بەم مانگەوە بەندە لە مێـشکمدابوو، دوایینەیان حوزەیرانی "71"ە کە بۆلێـکۆڵینەوەو عاقڵکردن هەندێـکیم لەبەندیخانەدا بەسەربرد، هەندێـکیشیان لەوانە بۆ دەهێـنا کە هێـشتا لە زمان نەکەوتبوون..
بەڵام یەکەم بیرەوەری ناخۆش کە بەم مانگەوە بەندبێ بۆ بەندیخانەی (الکدیە)ی قسنتینە دەگەڕێـتەوە، کە ڕۆژێـک بە هۆی خۆپیشاندانی ئایاری

1945ەوە لەگەڵ سەدان گیراوی تردا کردیانم بە ژووورداو سەرەتای حوزەیران لە دادگایەکی سەربازیدا دادگاییکراین.
کام حوزەیرانەیان ستەمدارتربوو، کام تاقیکردنەوەیەش بە سوێتربوو؟
لەوەتەی وەڵامی ئەو پرسیارانە جانتایان پێکۆکردمەوەو نیشتمانیان پێجێهێشتم، خۆم لەمجۆرە پرسیارانە دووردەخستەوە.
ئەونیشتمانەی بۆتە بەندیخانەیەک زیندانەکانی ناونیشانێکی زانراویان نەبێ، بەندیخانەکەشی ناوێکی ڕەسمی نەبێ، گیراوانیشی تاوانی دیاریان نەبێ، کە بەرەبەیان بە چاوبەستراوەیی بەکێشدەکرام، دووکەسی نەناساراو دەوریان دابووم، بەرەو شوێنێکی نەزانراویشیان دەبردم. لای ئێمە شەرەف تەنانەت لە دەست تاوانبارە زلەکانیشدا نییە.
کە هێشتا لاوێکی خوێنگەرم و دڵگەرم بووم بە هەڵچوویی‌و خەونە سەرەڕۆکانییەوە بە بیرمدا دەهات کە دوای چارەکە سەدەیەک، ڕۆژێکی سەیروسەمەرەی وا دێ، جەزائیرییەکی وەک خۆم ڕووتم کاتەوە.. تەنانەت سەعات و شتەکانیشم لێزەوتکا، تا لەزیندانێک (کە ئەمجارەیان زیندانی تەنیایی‌بێ) ئەمجارەیان بە ناوی شۆڕشەو تێیخزێنرێم..
ئەو شۆڕشەی کە پێشتر قۆڵێکم لەسەردانا!
لە هۆ و یادێک زیاتر باڵیان لەو مانگە پێدەگرتم کە بەدرێژایی ساڵانێک گەلێک بەختەوەری قتدەکردم.
بڵێی لەو ساڵەدا شەڕی زیاترم بە قەدەر فرۆشتبێ، وا ئەویش بەو هەموو شتە ناهەموارە ترسناکانەی لە تەنیا مانگێکدا بەسەرم هات وەڵامی ڕەشبینییەکەی دابمەوە؟
یان هەر، ئەوە یاسای بەسەرهات و کارەساتە کە هەر بە جارێک دێ "بۆهاتن موویەک دەیهێنێ‌و.. بۆ ڕۆشتنیش زنجیر دەپسێنێ".
ئەوە بێهوودەیی ژیانە، کە ڕێکەوتێکی لەموو باریکتر بەختەوری‌و خۆشەویستی‌و بەختی وات بۆبێنێ هەر بیریشت لێنەکردبێتەوە.
کەچی.. کە تاڵە باریکەکە دەپسێ، هەموو ئەو زنجیرانەی پێیان بەسترابویتەوەو، پیتوابوو لەوە پتەوترن موویەک تێکیانشکێنێ، بەخۆیەوە دەشکێنێ!
پێشتر نەمدەزانی چاوپێکەوتنی ئەو ڕۆژەمان، دوای بیرچوونەوەی چارەکە سەدەیەک، ئەو ڕێکەوتە مووئاسا باریکەیە کە بە هاتنی هەموو

بەختیاریی دنیای لەگەڵ خۆیدا هێناو، بە ڕۆیشتنیشی چی زنجیری خەون هەیە پساندی و، بەڕەی دڵنیایی لە ژێردا دەرکێشام.

ئەو موویەی وا دوای شەش دانە ساڵ، ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە تا دوا ستوونی ماڵەکەم بشکێنیّو، بانەکەم بەسەردا برمێنیّ، پاشئەوەی پێموابوو لە حوزەیرانی 82 دا تا ماوەیەک لە بیربچمەوە، باجی تەواوی خۆم داوە بە قەدەر، ئەویش کە لە ژیانمدا شتێک بەپێوە نەما ترسی کەوتنیم هەبیّ..

ئەوکاتە بەندی یەکەمی یاسای ژیانم نەدەزانی:

"چارەنووسی مرۆڤ پوختەیەکی یەک بەدوای یەکی گەمژانەیەو.. هیچی دی".

* * *

سەرەتای هاوینی 82 تاڵییەکی نادیارو، تامی بێوورەییەکی کوشندەی هەبوو، کە شکستی خودیو نەتەوەیی بەیەکجار کۆدەکردەوە.

منیش لە نێوان دوو هەواڵدا دەژیام: هەواڵی بێدەنگی بەردەوامت و، هەواڵی نەهامەتییەکانی عەرەب.

ئەمجارەیان قەدەرم لە ڕێگەیەکی دییەوە خۆی بۆ نابوومەوە. گرتنە ناکاوەکەی بێرووتی ئەو هاوینە لەلایەن ئیسرائیل و، مانەوەی لە پایتەختێکی عەرەبیدا بۆ چەند هەفتەیەک.. بەبەر چاوی زیاتر لە حاکمێک و.. زیاد لە ملیۆنێک عەرەبەوە.. چەند نهۆمێک لە پێپلیکەی بێورەییەوە بەریدامەوە.

بیرمە ئەوسا هەواڵێکی پچووک هەموو هەواڵەکانی دی شاردبۆوە. خەلیل حاوی شاعیری لبنان، بۆ نارەزایی دژی داگیرکردنەکەی ئیسرائیلی باشوور، کە هەر باشووری شاعیر خۆی بوو، قایلنەبوو هەوای باشوور لەگەڵ ئیسرائیلدا بەشکات، بۆیە خۆی بە گوللە کوشت..

مردنی ئەو پیاوەی پێشتر ناویم نەبیستبوو، ئازارێکی جیاو زوخاوێکی دەگمەنی هەبوو.

کە شاعیر شتێک شک نەبات بێزاری خۆی پێدەربڕیّ جگە لە مەرگی.. کاغەزێکی نەبیّ لە سەری بنووسیّ جگە لە جەستەی.. ئەوا ئێمەشی داوەتە بەر گوللە.

بە درێژایی ئەو ڕۆژانە دڵم لای زیادبوو..

کۆن دەیووت: "شاعیران پەپوولەن لە هاوینا دەمرن". ئەوکاتە ڕۆماننووسی یابانی "میشیما"ی بەدڵبوو کە ئەویش بە شێوەیەکی ترو بۆ نارەزایی دژ بە شکستییەکی دی خۆی کوشتبوو..

بڵێی ئەوسا لە بۆچوونی ناونیشانێکی میشیماوە ئەو قسەیەی کردبێ "مردن لە هاویندا"، یان بیرێکی پێشوەختانە بوبێ چونکە لیستێک ناوی ئەو شاعیرانەی هێناوەتەوە کە ئەم وەرزەیان بۆ کۆچی خۆیان هەڵبژاردووە؟

ئەوسا گوێم لێدەگرت و، دەمویست ڕەشبینییەکەی بۆ هاوین بە شێوە تەوسێک دابنێم، لەو ترسەی نەوەک منیش بگرێتەوە. بەگاڵتەوە پێمدەووت: "دەتوانم ناوی دەیان شاعیرت پێبڵێم کە لە هاویندا نەمردبن!".

پێدەکەنیو بەرپەرچی قسەکەی دەدایەوە: "بێگومان.. هیواش هەیە لە نێوان دوو هاویندا دەمرێ!" منیش لە وەڵامدانەوە زیاترم بۆی نەبوو: "ئای لە سەرسەختیو.. گەمژەیی شاعیر!".

"زیاد"م بیرکەوتەوە. ناکاو لەخۆم دەپرسی: دەبێ ئێستا لە کوێ بێ؟

لە چ شارێک.. لەکام بەرە.. لە چ شەقامێکبێ، کە سەرجەم شەقامەکان گەمارۆ درابن و، هەموو شارەکانیش گۆڕستانبن و بۆ مردوان ئامادەکرابن؟

لەوەتەی ڕۆیشتووە.. کە وا بۆ هەشت مانگ دەچێ کورتە نامەیەک زیاترم پێنەگەیشتووە، تیایدا سوپاسی میواندارێتییەکەی کردوم. کەواتە دەبێ لەو ساوە چی بەسەرهاتبێ؟

تا ئێستا دڵم زۆر لای نەبوو. چونکە هەمیشە لە ناو شەڕو کەمین و، بۆردومانی کوێرانەدا ژیاوە. پیاوێک بوو مەرگ لێی دەترسا یان ڕێزی لێدەگرت، نەیدەویست بە کۆمەڵ بیباتەوە.

واش ترسی سۆزێکی تەماویم هەبوو. کە قسەکانی لە بارەی هاوین و.. مەرگی ئەو شاعیرە خۆکوژەیم بیردەکەوتەوە ڕەشبین دەبووم.

چۆنە شاعیران لە مردنیشدا لاسایی یەکتر بکەنەوە؟ چۆنە گەر هەر پەپولە نەبن؟ ئەی ئەگەر وەک ئەو حوتە زەبەلاحانەبن کە لە هەمان وەرز و.. لە هەمان کەناردا، دەیانەوێ بە کۆمەڵ خۆیان بکوژن؟

هەمەنگوایش هاوینی 1961 خۆی کوشت و ڕەشنووسی دوا ڕۆمانی "هاوینی مۆلەقە"ی لە دوای خۆی جێهێشت.

چ پێوەندییەک لە نێوان هاوین و ئەم هەموو ڕۆماننووس و شاعیرانەی یەکتریان نەدیوە هەیە؟

دەبوا زۆر نەچومایەتە قووڵایی ئەو هزرەوە، وەک قەدەر کێشکەم یان بەرەنگاری بمەوە، لەو هاوینەدا زللەیەکی لێدام، کە دوای ئەو هەموو ساڵەش، هێشتا لێی هەڵنەساومەتەوە.

* * *

زیاد مرد..

ئەوەتا بەرێکەوت هەواڵی پرسەکەی لە چوارگۆشەیەکی پچووکی ڕۆژنامەیەکەوە قەڵەمباز بۆ چاوو.. ئەمجا بۆ دڵ دەداو.. کاتیش دەوەستێ. هەواڵەکە لە دەممدا پەلاسئاسا خڕ دەبێتەوەو، ئیتر نە هاوارم بۆ دەکرێو.. نە گریانیشم بۆدێ.

هەر تووشی ئیفلیجییەکی ووڕیی‌و، برووسکەیەکی دڵتەزێـن هاتم.

ئەوە چۆن بوو؟. ئەی چۆن مردنیم بەبیردا نەدەهات و دوا نیگاشی لە خواحافیزی زیاتر دەگەیاند؟

هێـشتا جانتاکەی لێـرەیەو، لە کەنتۆری ژوورەکەیدایە، کە ڕۆژانە بۆ شتەکانم دەگەڕێـم چەند جارێـک بە لووتما دەتەقێـتەوە.

کە ڕۆیشتەوە هیچی لەگەڵ خۆیدا نەبردەوە، بڵێـی زانیبێـتی دواکۆچی زادێـکی زۆری ناوێ، یان بیری لە گەڕانەوە کردبێـتەوە تا وەک من بە هۆی غیرەکەمەوە پێـموابێ کە بە هێـجگارەکی لێـرە ببێـتە دراوسێـت؟

ئەو ڕۆژە لێـم نەپرسی دوابڕیاری چییە. دوا ڕۆژانی نێـوانمان بێـدەنگی باڵی کێـشابوو. دەترسام لەگەڵیا دانیشم. دەترسام شتێـکم لا بدرکێـنێ یان بڕیارێـکیم پێـبڵێ کە لە دڵی خۆمدایە.

لە ڕۆشتنا کە جانتا دەستە پچوکەکەی هەڵگرت، هیچی نەوت. تەنیا بە داوای لێـبوردنەوە پێـیووتم: "پێـتناخۆش نابێ ئەم جانتایەت لاجێـبێـڵم.. خۆت دەزانی لەم ڕۆژانەدا فڕۆکەخانەکان زۆر تەنگت پێـهەڵدەچنن، ناشمەوێ جارێـکی دی ئەم فڕۆکەخانەو ئەو فڕۆکەخانە بە شتەکانم بکەم.."

ئەمجا بە تەوسەوە لە سەر قسەکەی ڕۆیشت: "بەتایبەتی کە لە دوا فڕۆکەخانەدا هیچ چاوەڕێـم ناکات!".

کەواتە لە پێـشهاتەکەیدا بەهەڵەدا نەچوبوو.. جگە لە گوللەی مەرگ شتێـکی دی چاوەڕێـی نەبوو.

هێـشتا قسەی ئەوجارەیم بیرە: "لە هەر نیشتمانەو گۆڕستانێـکمان هەیە.. هەمووان بە ناوی گشت شۆڕش و سەرجەم کتێـبەکانەوە.. دەستیان لە مردنماندا بووە.."

ئەمجارە باوەڕەکانی نەیکوشت.. هەر پێـناسەکەی کوشتی!

ئەو ئێـوارەیە پێـکی پێـکەنینەکەی مەستببوو.

پێـکی لەرەی دەنگە جیاوازەکەی کە هیچ دەنگێـکی لەوێـنە نییە.

پێـکی خەمە مەزنەکەی.. کە هیچ خەمێـکی لەوێـنە نییە.

پێکی کۆچە نازدارەکەی.. پێکی دواکۆچی.

ئەو ئێوارەیە بۆی گریام..

گریانێکی بەکوڵی مەزنی وا کە ژێربەژێر لەپیاوەتیمانی دەدزینەوە. پرسیاری "چ پیاوێکی دی لەمە زیاتر دەیگریاندم؟"م لە خۆ دەکرد.

گریان بۆ؟

وەك خۆی دەیویست بە شاعیری مرد.. لە هاوینێکدا وەك چۆن خۆی دەیویست.. لە شەڕێکیشدا جەنگاوەرانە وەك خۆی حەزی پێدەکرد.

تەنانەت بە مەرگیشی بەزاندمی.

کاتی خۆی ئەو قسە نایابەی "جان کوکتو"ی شاعیرو نیگارکێشم وەبیرهاتەوە کە سیناریوێی فلیمێکی دەنووسی پێشوەخت پێشبینی مردنی خۆی دەکرد، ڕووی لە بیکاسۆو ئەو چەند برادەرە کەمەی کرد کە وەستابوون و بۆی دەگریان، تا بە تەوسە بە ئازارەکەی خۆی پێیانبڵێ:

"وا مەگرین.. تەنیا وا خۆتان دەرخەن کە دەگرین.. چونکە شاعیران نامرن. هەر بە ڕواڵەت دەمرن!".

ئەی چۆنە گەر زیاد هەر خۆی بە مردو نیشاندا؟ گەر قیرسیچمانە.. تا قایلمکا کە بەڕاستی هاوینان شاعیران دەمرن و لە هەموو وەرزەکانیشدا دەژێنەوە، وای کردبێ؟

ئەی تۆ..

بڵێی بزانیت؟ هەواڵی مەرگیت پێگەیشتووە؟ یان ڕۆژێك لە ناو چیرۆکێکی ترو پاڵەوانانێکی دیدا پێتدەگات؟

ئەی ئەوسا چیدەکەیت؟ بۆی دەگریت.. یان دادەنیشیت تا مەزارێکی لە ووشە بۆ دروستکەیت، یان وەك ناشتنی پەلەی خۆشەویستێکت کردبووە خوو، کە ڕۆژێك بڕیاری کوشتنت بدایە، ، لەدووتوێی کتێبێکدا بینێژیت؟

ئەوێك کە چەند ڕقی لە بوێنباخ و قات دەبۆوە، ئەوەندەش ڕقی لە لاوانەوەبوو، بەکام زمان دەیلاوێنیتەوە؟

ئەوی ڕاستیبێت.. زیاد وەك چۆن لە منی بردەوە تۆشی بەزاند.

لە سنووری گەمەی مەرگ و.. مەرگ خۆیدا داینایت. هەموو پاڵەوانێك شیاوی مردنی سەر کاغەز نییە.

هەیانە بۆ خۆیان مەرگ هەڵدەربژێرن.. ناتوانین هەر بۆ نووسینی ڕۆمانێك بیانکوژین.

وەک پاڵەوانێکی ئامادەکراوی ڕۆمانێکیش.. درۆی دەکرد.

شانازی دەکرد کە دەیووت تەنیا فەلەستین دایکێتی. جاروباریش دوای زیاتر لە پێکێک دانی بەبێگۆڕی دایکیشیا دەنا، کە لەیەکەم قەلاچۆی بەناو "تل الزعتر"دا لەگۆڕی بەکۆمەڵ نرا.

بۆ یادگار وێنەیان لەسەرگرت و، نیشانەی سەرکەوتنیشیان بەرزکردەوە و بە پێڵاویشەوە لە سەر لاشەکان دەوەستان.. کە ڕەنگە لاشەی ئەویشیان تیابووبێ.

تەنیا ئەوساتە پێموابوو دەگری.

زیاد گریان بۆ؟

لە هەر شەڕەو تەرمێکت هەبووە. لە هەر قەلاچۆیەکدا گۆڕێکی نە ناسراوت جێهێشتووە. ئەوەتا بە مردنەکەشت لە لۆجیکی شتەکاندا بەردەوام دەبیت. شەمەنەفەری مەرگیش نەبێ چی تر چاوەڕێت نەبووە.

هەیە بەشەمەنەفەری "تل الزعتر" ڕۆیشتووەو، هەشە شەمەنەفەری (بیروت 82) یان "سەبراو شاتیلا"ی گرتووە..

هەشە لێرەو لەوێ، لە خێوەتگایەک یان لەسەر داروپەردووی خانوویەک، یان تەنانەت لە وولاتێکی عەرەبیدا، هێشتا چاوەڕوانی دوا کۆچێتی..

لە نێوان هەر شەمەنەفەرو شەمەنەفەرێکدا.. شەمەنەفەرێک هەیە.

لە نێوان هەر مەرگ و مەرگێکدا.. مەرگێکی دی هەیە.

برادەرەکەم، ئای لە بەختەوەری ئەوانەی یەکەم شەمەنەفەریان گرت.

ئای لە بەختیاری ئەوان و ئێمەش لەئاست ئەم دەنگوباسانەدا چەند کلۆڵین!

دوای ئەوان "بەڵێندەرانی سەفەر"و "کۆچی بەکۆمەڵ" زیادیانکرد. بووە دیاردەیەکی عەرەبیانەو هەر ڕژێمەش بە ڕێگەی خۆی تیایدا کارامەیە..

دوای ئەوان نیشتمان بووە وێستگەیەک و هیچی دی. لە ناخی هەر یەکەشماندا هێڵێکی ئاسنین چاوەڕوانی شەمەنەفەرێکە. پێیبڕوێن پەستدەبین و.. بشڕوات و جێمانبێڵێ دڵگران دەبین..

کەواتە زیاد کۆچیکرد..

جانتا ڕەشەکەشی، کە چەند مانگێکە لەسووچێکی کەنتۆرەکەدا بیری چۆتەوە، ناکاو هەموو شتەکانی ماڵەکەی داپۆشیو، بووە تاکە شتم، هەر وەک لەو زیاتر شتێکی دی نەبینم.

که بۆماڵ دێمەوە. هەستدەکەم چاوەڕوانمەو بەڵێنی چاوپێکەوتنم لەگەڵیدا هەیە. که ماڵیش جێدێڵم، هەستدەکەم لێیهەڵدێم، ئەویش بێئەوەی بزانم، مەتەڵئاسا خۆی بەسەر سنگمدا داوە.

بەڵام کە هەموو ئێوارانێک خۆی بۆ نابمەوە چۆن لێی هەڵبێم، که تەلەفزیۆنەکە دەکوژێنمەوە، تەنیا دادەنیشم و جگەرەی بەر لە نووستن دەکێشم ئەوسا ئازارو ئەشکەنجەدان دەست پێدەکات..

دێمەوە سەر هەمان پرسیار: چی لەم جانتایەیدابێ و.. چیشی لێبکەم؟

ویستم بیربکەمەوەو بزانم خەڵکی ئاسایی چی لە شتومەکی مردو دەکەن. بۆ نموونە بە جلوبەرگ و شتی تایبەتییان. "دایە"و ڕۆژانی بە ئازاری پێش و پاش مەرگیم بیر دەکەوتەوە.

جلوبەرگ و شتەکانیم وەبیردەهاتەوە، ئەو "ئەنگۆرا" عەنابییەیم بیردەکەوتەوە که جوانترین کراسی نەبوو، بەڵام لای من خۆشەویسترینیان بوو. چونکە وا هۆگری ببووم کە لە هەموو بۆنەیەکدا بەو کراسەوە ببینم.

کراسێکی بوو که لە هەموو کراسەکانی تری زیاتر عەترو بۆنە تایبەتییەکەی گرتبێ، بۆنێک که شتێک لە عەنبەر، لە ئارەقی لەشی، شتێکی وەک کۆنە یاسەمینی تیادابێ. تێکەڵەیەک لە عەترە سروشتییە ئاساییەکان، دایکێتیم پێوە هەڵدەمژی.

چەند ڕۆژێک دوای مەرگی "دایە" پرسیاری ئەو "ئەنگۆرا"یەم کرد، بە سووکە سەرسامییەکەوە پێیانووتم لەگەڵ شتەکانی تریدا داویانە بەو ژنە هەژارانەی، ئەو ڕۆژە هاتبوون خواردن ئامادەکەن.

قیژانم: "ئەوەیان هی خۆمە.. دەمەویتەوە.." بەڵام پوورە گەورەکەم ووتی: "شتومەکی مردو دەبێ پێشئەوەی مردووەکە لەماڵ ببرێتە دەرەوە لە ماڵەکەدا نەمێنێ.. تەنیا هەندێ شتی بەنرخ نەبێ که بۆ یادگار یان پیرۆزی گلدەدرێنەوە".

پاوانەکەی "دایە".. ئەو بازنەی مەچەکی که ڕۆژێک چییە لەدەستی دانەکەنراوە، وەک بڵێی پێوەی لە دایکبووبێ، دەبێ چیان لێکردبێ؟

پڕکێشیم نەکرد پرسیاری بکەم.

حەسانی برام دە ساڵانی تەواو نەکردبوو، لە هیچ شتێک نەدەگەیشت تەنیا مردنی "دایە"و نەهاتنەوە یەکجارەکییەکەی نەبێت.

بە کۆمەڵێک ژن دەورە درابووم که هەر خۆیان بڕیاردەری هەموو شتێک بوون. وەک ماڵەکە لە ناکاو بووبێتە هی خۆیان.

کوا پێـوانەکەی دایە؟ پێـدەچیّ یەکێـک لە پوورەکان بوویێـتە خاوەنی، یان ڕەنگە باوکم دەستی بەسەر ئەو و خشڵەکانی دیدا گرتبیّ تا بیکاتە دیاری بۆ بووکە نوێـیەکەی.

هەرچەند ئەم باسەو ووردەکارییەکانیم بیردەهاوتەوە، پێـوەندیم بەم جانتایەوە ئاڵۆزتر دەبوو.

چونکە هەندیّ شت لە میرات و بۆماوەکان، چەند ئاساییشبن، نرخیان بە پێـوانەی کەسانی دییەوە بەندە. کەواتە چی لەجانتایەک بکەم کە خاوەنەکەی هەشت مانگە، بێـهیچ سپاردەیەک یان ڕوونکردنەوەیەکی تایبەتی جێـی هێـشتبیّو.. مردبیّ؟

بیانکەمە خێـرو بیدەمە هەژاران، کە دەبیّ شتی مردووان بە دوایاندا بڕۆن، یان بیکەمە یادگاری برادەرێـک، چونکە هەر شتە بەنرخەکان گڵدەدرێـنەوە؟

ئەمە کۆڵە.. یان ئامانەتە؟

خۆ ئەگەر کۆڵە.. ئەی بۆچی بێـقسە وەرمگرت، بۆچی قایلم نەکرد لەگەڵ خۆیدا بیبات، هەر بۆ نموونە بە بیانووی ئەوەی کە پاریس جێـدێـڵم؟

خۆ گەر ئامانەتیش بیّ.. ئەوا بەمەرگی خاوەنەکەی نەبۆتە سپاردە. بۆ سپاردەی شەهیدان دەکەین بەخێـر.. ئایا لەبەر دەرگاکەماندا داینێـن تا ببێـتە دیاری بۆ یەکەمین کەس کە بەوێـدا ڕابووریّ؟

لەو چەند ڕۆژەی خووم دابووە جانتاکەو خەیاڵم پێـوە لێـدەدا دەمزانی خۆمی پێـوە ماندودەکەم، تەنیا ناوەڕۆکەکەیەتی کە نرخ و جۆری دیاری دەکات، وەکوتر چی لێـکردنیشیم بۆ دەستنیشان دەکات. بۆیە ناکاو ترسم لێـینیشت، منێـک کە پێـشتر هیچ بایەخێـکم پێـنەدەدا.

بڵێـی مەرگی زیاد ئەو شێـوە پەشۆکاوییەی بە جانتاکە بەخشیبیّ، بەڵام ڕاستییەکەی من، دەترسام نهێـنییەکەتی تیادابیّ، شتێـکتی تیادابیّ لە زانینی بترسم؟

* * *

هەر دەبوا ئەو جانتایە بکەمەوە.. تا دەرگاکانی گومان داخەم.

شەوێـکی شەممە، هەفتەیەک دوای خوێـندنەوەی هەواڵی شەهیدبوونی زیاد، ئەو بڕیارەم دا.

تەنیا ئەگەرێکی دی هەبوو، کە لە گەمژەیەتی بەدەرنەبێ، ئەویش بردنی بۆ بارەگای ڕێکخراوو لەوێ بمدایەتە یەکێکیان، تا ئەویش بیناردایەتەوە بۆ خزمێکی زیاد، جا لە لبنان بوایە یان لە هەرشوێنێکی دی..

بەڵام کە بیرم کەوتەوە زیاد لە لبناندا خزمی نەمابوو، وازم لەو بیرە ساکارەش هێنا. لەوێ بە کێیان بدایەو.. لای کام تیرەو کامە لایەن چارەنووسی جانتاکە دەبرایەوە؟

کێ دەبووە "باوکی".. زیاتر لە "باوک"یێک هەر خۆی بە باوکی کێشەی فەلەستین و، تاکە میراتگری شەهیدان دادەنێو.. ئەوانی دیش بە ناپاک؟

چۆن بزانم زیاد بەدەستی کامیان کوژراوە؟

بەدەستی "برایانی" تاوانبار.. یان بەدەستی دوژمنانی تاوانبار؟ ئەی نەیدەووت:"ـ کێشە ـ کەیان کردە چەند کێشەیێک.. تا بەناوێکی جیا لە تاوان بمانکوژن.."

دەبێ زیاد گوللەی کێ کوشتبێتی.. کە باشترین لاوانی فەلەستین هەر بە گوللەی فەلەستینی .. یان عەرەب کوژرابن؟

ئەو ئێوارەیە.. کە قفڵی جانتاکەم دەکردەوە دەستم دەلەرزی.

شتێک یەک دەستییەکەمی وەبیرهێنامەوە.

جانتاکە لەملاولاوە، نە بەکلیل و نە بە قفڵ دانەخرابوو. وەک بە ئەنقەست، چۆن کەلێن خستنە دەرگا داوایەکی بێدەنگانەی چوونە ژوورەوەیە، بە نیمچەکراوەیی بۆی جێهێشتبووم.

زیاد بەو "ئاوڕلێدانەوە"و، ڕێپێدانە پێشوەخت یان درەنگوەختەی، کە شەرم لە چوونە ناو دنیا تایبەتییەکەی نەکەم، هەستێکی خۆشی دابومێ..

بڵێی لە ڕقی ئەو قفڵ ترازندن و دەرگاشکاندنە بووبێ کە زەبری سیخوڕو لەقەی سەرباز لە گرێژەنەی بردبوون؟

یان ڕۆژێکی وای بەبیردا هاتبێ؟

هەموو ئەم ئەگەرانە، لەش لەرزین و ئەو هزرەی تریشمی بۆ دابین نە دەکرا کە بە بیرمدا دەهات..

پێشوەخت دەیزانی ڕووەو مەرگ دەچێت. هەر لەسەرەتاشەوە ئەم جانتایە بۆ من ئامادە کرابوو. چەند مانگێک بوو دەمتوانی بیکەمەوە. لەوەتەی ئەم ماڵەی جێهێشتووە پێیوابوو جانتاکەی هەر نەبووە.

لە ڕیشەکێشکردنی بیردا.. وەک هەرجارێکی دی ئەوە پیشەی بوو.

دواتر جانتاکەم لە سەر لایەکی جێگاکە دانا، نیوەکەی سەرەوەیم هەڵدایەوە.. سەرنجێکی ئاسایی شتەکانی ناویم دا.

کە چاوم بە جلەکانی‌کەوت و، دەستم بە بلوزە خورییە خۆڵەمێشییەکەیدا دەهێنا، بە چاکەتە چەرمە ڕەشەکەی تیایدا هۆگری بینینی ببووم، مەرگ و ژین پێکەوە شاڵاویان بۆ دێنام ..

ئەوەتا بیانوو بۆ ئامادەیی‌و، نا ئامادەیی دێنمەوە. بیانوو بۆ مەرگی.. بۆ ژیانی. وا لە کون و کەلەبەری جانتاکەیەوە، پێکڕا بەیەک تین بۆنی ژیان و مەرگ هەڵدەستێ.

ئەوەتا من بەتەنیاو لەگەڵ خۆشیا.. لە بەردەم پاشماوەکەیدام.

جلوبەرگ .. جلوبەرگ .. بەرگی دەرەوەی کتێبێکی مرۆڤانە.

پێشێکی قوماشانەی ماڵێکی لە شووشە دروستکراوە.

ماڵە شکاوەو پێشەکەی وەک بیرێکی نوشتاوەی ناوجانتا ماوەتەوە، بۆچی پێشی ماڵەکەی بۆ جێهێشتووم؟.

لەجلەکانیدا کراسێکی ئاوریشمی ئاسمانی، هەر لە بەرگە بە بریسکە ڕوونەکەیدایە.. هێشتا نەکراوەتەوە. بێخۆماندوکردن پێموایە دیارییەکی تۆبوێت.

ئەمجا سێ شریتی مۆسیقا، یەکێکیان هی "تیودورکیس"ەو، ئەوانی دیش مۆسیقای کلاسیکین، کە لە لاوە دامدەنان، بیرم لەوە دەکردەوە هەرچەند زیاد بەلایەکدا برۆیشتایە شریت و کتێب.. جلوبەرگ و.. خۆشەویستییەکی هەڵواسراوی بۆ جێدەهێشتم.

یەکەمجارە بە خری شتەکانی لە جانتایەکدا جێهێشتبێ، وەک خۆی بۆ سەفەرێک ئامادەکردبێ و بۆخۆیی گردکردبنەوە، ڕێکوپێک دایناون و، حەزیشی لە هەرچییەک بووبێ تیایدا کۆیکردوونەتەوە. وەک ویستبێتی بۆ هەرکوێیەک پچێ‌و لەهەر شوێنێکیش بییەوێ ئەو چاکەتە ڕەشەی بەلای خۆیەوە جوانترینیان بوو، لەگەڵ خۆیدا بەرێ‌و.. گوێش لە مۆسیقای تیودورکس بگرێ!

ناکاو لەبنی جانتاکەدا ڕۆمانەکەتم بەردەستکەوت. دەستم تووشی یەکەمین هەژان هات. لەرزی، پێش گرتنی کتێبەکە چەند ساتێک وەستا. بەر لەوەی بیکەمەوە لەسەر لایەکی چرپاکە دانیشتم. وەک زەرفێکی مینکراو بکەمەوە.

بەپەلە، وەک نەیناسمەوە، کتێبەکەم پەڕەکرد.

ئەمجا شتێکم وەبیرهاتەوەو.. بەدوای پێشکەشکردنەکەیدا هەڵپەی یەکەمین لاپەڕەم کرد، پەڕەیەکی سپیم بینی.. یەک ووشە چییە پێوەی نەبوو. بێئیمزاو پێشکەشکردن. بۆیە نۆرە خەمێکی وا دایگرتم کە دەستمی گۆجکردو، ئارەزوویەکی نادیاری گریانیشم هەبوو.

ساختەکەیانت پێشکەش بەکامان کردووە؟ هەر یەکەو دانەی ئیمزا نەکراوی خۆی لایە؟

کامان بە خەیاڵی خۆی ـ وەک چۆن لە دڵتابێ ـ لە لاپەڕەکانی ناوەوەی کتێبەکەدایەو پێویستی بە پێشکەشکردن نابێ؟

جا زیاد بڕوای پێکردوویت. ئەوی"ش" ئەوەندەی باوەڕ پێکردوویت کە، بۆ هەرکوێیەک پچێت ئەم ڕۆمانە لەگەڵ خۆیدا بەرێت تا دووبارە.. لەوێ بیخوێنێتەوە!

ئەو لاپەڕە سپییە بۆ تاوانبارکردنت بەسبوو. بەو ووشانەی نەتنووسی بوون، لەوە زیاترت دەووت کە بتنووسیبانایە.. جا ئیتر نەدیتنەوەی نامە لە جانتاکەتدا گرنگە؟

ئافرەتێکی کارامەی نووسینی سەر پەڕە سپییەکان بوویت.. هەر منیش ئەوەم دەزانی.

جگە لە ڕۆمانەکەت ڕۆژنامەیەکی ڕەشی قەوارە مامناوەندی"ش"م وەک نهێنییەکی قووڵ لە بنی جانتاکەدا بەرچاوکەوت.

هەر کە بەرزمکردەوە ئەو "کارتە پرتەقاڵییە"ی لێبەربۆوە کە زیاد هاتوچۆی مەترۆی پێدەکرد. پارچەیە کاغەزی مانگی "ئۆکتۆبەر"ی دوامانگی تیادابوو، کە تیایدا سەفەری کرد.

بەپەلە سەیری کارتەکەم کردو، بیریشم لە هیچ نەدەکردەوە لە پیاچوونەوەی ڕۆژنامەکە نەبێ. بەڵام وێنەکەی ئیستێکی پێکردم..

وێنەی مردوو پەشۆکانی پێوەیە..

وێنەی شەهیدیش دەتپەشۆکێنێ. هەمیشە بە سوێن. ناکاو لە وێنەکەیاندا پەستترو تەماویتر دەبن.

لەپڕا.. بە مەتەڵێتییەکەیان جوانتر و، ئێمەش لەوان ناشیرینتر دەبین.

ناکاو.. لە زۆر سەرنجدانیان دەترسین.

ناکاو.. کە لێیان وورد دەبینەوە ترسمان لە وێنەی ئایندەی خۆمان دەبێتەوە!

ئەوکابرایە چەند قۆزبوو.

قۆزیـّتییه نادیاره ترسناکه‌که‌ی لیـّکدانه‌وه‌ی بۆنییه. ئه‌وه‌تا ته‌نانه‌ت له ویـّنه‌یکی په‌له‌شدا که به سیّ ده‌قیقه‌و، به پیـّنج فرانک گیراوه، هه‌ر جیاوازه.

ته‌نانه‌ت دوای مردنیشی، به دڵگرانییه نادیاره گاڵته‌جاڕییه‌که‌یه‌وه هه‌ر هه‌ستبزویـّنه. وه‌ک پیـّشوه‌خت گاڵته‌ی به ساتیـّکی وابیّ.

دیسان له خۆشویستنه‌که‌یت ده‌گه‌م. پیـّش تۆ من به‌شیـّوه‌یکی دی خۆشمویست. وه‌ک که‌سیـّکمان خۆشبویّو به‌دڵمان بیـّت و، له‌به‌ر هه‌ر هۆیه‌کبیّ، حه‌زبکه‌ین به‌وپچین. دانیشتن و چوونه‌ده‌رو ده‌رکه‌وتنی زیاتری له‌گه‌ڵدا ده‌که‌ین. وه‌ک له ناخه‌وه پیـّمان وابیّ جوانیو شیـّتیـّتیو به‌هره‌و ئه‌و شتانه‌ی هه‌یه‌تیو پیـّی سه‌رسامین به‌هۆی هه‌ڵسوکه‌وته‌وه لیـّوه‌ی ده‌گرینه‌وه.

چ بیریـّکی گه‌مژانه‌بوو! تادره‌نـگ نه‌مزانی هۆکاری کاره‌ساته‌که‌م ئه‌وه. کاتیـّک قسه‌یه‌کی نایابی نووسه‌ریـّکی فه‌ره‌نساییم خویـّنده‌وه (ئه‌ویش نیگارکیـّشه..) "به‌دووی جوانیدا مه‌گه‌ڕیّ.. چونکه به دیتنه‌وه‌ی، خۆت ده‌شیـّویـّنی!"

منیش له‌و گه‌مژه‌یه‌تییه به‌ولاوه شتیـّکی دیم نه‌کرد.

کارته‌که‌یو ویـّنه‌که‌یم خسته‌وه ناو جانتاکه‌یو، که‌وتمه په‌ڕه‌کردنی ڕۆژنامه‌که.. هه‌ستم ده‌کرد ڕه‌نگه شتیـّکی ناکاوی بۆ من تیـّدابیّ، له‌وانه‌یه مه‌زاجم تیـّکداو ده‌رگاش له ڕووی گه‌رده‌لوولیـّکدا واڵاکات که دره‌نگتر له وه‌رزی خۆی هه‌ڵیکردبیّ. بڵیـّی چی تیادا نووسیبیّ.

ده‌مزانی که ڕاستی هه‌میشه به پچووکی له دایک ده‌بیّ. هه‌ستیشم ده‌کرد ڕاستی لیـّره‌دا پچکۆله‌یه‌و به قه‌واره‌ی ڕۆژنامه‌ی گیرفانه‌که‌یه. بۆیه ڕۆژنامه‌که‌م شارده‌وه..

بۆ جگه‌ره‌یه‌ک گه‌ڕام پیـّیکه‌م. له‌سه‌ر جیـّگه‌که ڕاکشام تا به‌کاوخۆ برینه‌که‌م هه‌ڵده‌مه‌وه..

لاپه‌ڕه‌کان به دوای یه‌کداو له نیـّوان دوو ڕۆژی دوای یه‌کدیدا پڕ له شیعری په‌رشوبڵاوبوون. نووسینی په‌راویـّزئاسا.. ئه‌مجا شیعری دی که تیابوو به ته‌نیا دوو سیّ لاپه‌ڕه‌ی گرتبۆوه. ئه‌مجا به چه‌ند دیـّریـّک و له ناوه‌ندی لاپه‌ڕه‌که‌دا بیرۆکه‌ی کورت کورت و به‌رده‌وام به ڕه‌نگی سوور.. وه‌ک بییه‌ویّ له نوسینه‌کانی دی جۆییان بکاته‌وه.

ڕه‌نگه له‌به‌ر ئه‌وه بووبیّ که شیعر نه‌بووبن یان له شیعر گرنگتربوبیـّتن.

لە کوێوە دەست بەم ڕۆژنامەیەبکەم؟.. لە کوێوە بچمە ڕاڕەوە نهێنییەکانی "زیاد"ەوە، ئەو ڕاڕەوانەی کە هەمیشە خەونم بە چوونە ناویانەوە دەبینی بەڵکو تیایاندا بمدۆزیتایەتەوە؟

ناونیشانەکان ئێستیان پێدەگرتم، دەستم بە خوێندنەوەی چامەیەک دەکرد. هەوڵی کردنەوەی نهێنی ووشە یەکتربڕەکانیم دەدا.. دەمێک ناو هێماکانت بۆدەگەڕام و، دەمانێکی تریش ناو ئەو ووردەکاریانەی دانپیانانی زیاتریان تێدابوو.

ئەمجا زۆرنابات دەستبەرداریان دەبم و بە هەڵەداوان دەچمە سەر لاپەڕەیەکی دی‌و، بە دوای بیانووی ترو، ڕوونکردنەوەی زیاتری، ئەو ووشانەدا دەگەڕام کە بە ڕەش و سپی پێم بڵێن.. چی ڕوویدا.

بەڵام ئەوی ڕاستیبێ هەڵچوون و هەستی توندو ناکۆک بەڕادەیەک گرتبوویانمەوە خەریکبوو بیرو هۆشیان لەکاردەخستم و، نەتوانم ئەوەی دەمخوێندەوە لەوە جیابکەمەوە کە وامدەزانی دەیخوێندمەوە.

دیمەنی جانتاکراوەکەی بەردەمم لەگەڵ شتە پەرشوبڵاوەکانی‌و دەفتەرە ڕەشە پچکۆلەکەی دستم، وایان لێکردبووم ئەو ساتە شەرمم بەخۆمبێ. وەک بەکردنەوەی جانتاکە، لاشە پەرشوبڵاوەکەی زیاد بە کەلوپەل و جەستە پەلپەلکراوەکەی سەر پێخەفەکەمەوە نەشتەرگەری کردبێ، تا ئەم دەفتەرەی لێدەربێنم کە ئەویش لە دڵی بەولاوە شتێکی دی نییە.

دڵی زیاد کە ڕۆژانێک بوو بۆی لێدەدای، ئەوەتا ئەمڕۆ تەنانەت دوای مەرگیشی لەناو دەستما بەکاری ووشەی بارگەکراو و بە هەناسە ساردی‌و ترس.. دڵگرانی‌و.. ئارەزوو لە لێدان نەکەوتووە.

"لێوەکانت بە لەشمدا بێنە
چونکە لە شمشێر بەولاوەیان بەسەردا نەهێنراوە
ئاگرم تێبەردە ئەی ژنی کڵپە
ڕۆژێک دێ خۆشەویستی لێکمان نزیکدەکاتەوە
ڕۆژێکیش دەبێ مەرگ لێکمان دوور دەخاتەوە
چنگە خۆڵێک حوکممان دەکات..
تامەزرۆیی لەش لێکمان نزیکدەخاتەوە
ئەمجا ڕۆژێکیش
کاتێک زام دەگاتە قەوارەی لەش لێکمان جیادەکاتەوە
لە تۆدا یەکمگرت

ئەی ئافرەتەی لە گڵ و مەڕمەڕ
کە ئاوم دایت ئەمجا گریام و ووتم..
خاتوونی شەیداییم..
خاتوونی مەرگم
وەرە!“

چەندجار ئەم بڕگەیەم خوێندەوە. هەرجارەو بە هەستێکی نوێ، هەر جارەو بە گومانێکی نوێ، بە بێتوانایی کەسێک کە لەشیعردا کارامە نەبێ دەمپرسی.. ئەندێشە لەکوێدا کۆتاییدێ.. لە کوێشدا ڕاستی دەست پێدەکات؟

هێماو ڕاستی لەکوێدا جیا دەکرێنەوە؟

هەر ڕستەیەک ڕستەی پێشوتری خۆیی دەسڕییەوە. لێرەدا ئافرەت لەشێکی بە خاکەوە لکاوی وابوو لێکجیاکردنەوەی مەحاڵبێ.

بەڵام ووشەی واش هەبوو بەڕاستێتیو تامەزرۆ ڕووهەڵماڵراوەکەیەوە هەڵەی نەدەکرد:

”لێوەکانت بە لەشمدا بێنە“
”گڕم تێبەردە ئەی ژنی کلّپە“
”تامەزرۆیی لەش لێکمان نزیکدەکاتەوە“
”لە تۆدا یەکمگرت“

کەواتە بڵێی شۆڕش چەند ووشەیەکی زیادەبووبێت و زیاد خۆی لێبێبەری کردبێ؟

پێیباشتربوو کە مەرگ بیبەزێنێ نەک ژن. کێشەکە گەورەییە.. خۆ خەڵەتاندن بوو.. ”خاتوونی مەرگم.. وەرە..“.

ئەوەتا لە کۆتاییدا مەرگ هات. ئەی تۆ بڵێی لەو ڕۆژەدا هاتبێتی؟

بڵێی بەڕاستی بە تەنیا پێکەوە بووبێتن.. لێوت بە لەشیا هێنابێ.. گڕت تێبەردابێ.. تیاتدا یەکیگرت.. ئەی..؟

پێدەچێ ڕویدابێ. چونکە ڕۆژی دانانی ئەم شیعرە ڕێکەوتی مێژووی سەفەرەکەی ئیسپانیام دەکات.

دڵ لەسۆزێکی سەیری وا لیپبوو پێوەندی بە غیرەکردنەوە نەبێ.

ئێمە غیرە لە مردوو ناکەین.. بەڵام لەم کاتانەدا ناتوانین تامی تاڵاوەکان بگۆڕین.

ئەی نەیەڵم چاوم، کە سووردا‌گەڕاوەیی ئیستی پێکردوون، ئەم بیرۆکەیە .. بەبێفرمێسک بخوێنێتەوە.

"تەمەن زۆری نەماوە
ئەی وەستاوی نێو ڕیانە پێک دژەکان
دەزانم..
دەبیتە دوا هەڵەم
لێتدەپرسم.
تاکەی بە یەکەمین هەڵەت بمێنمەوە
بواری سەرەتایەک زیاترت هەیە
هەموو کۆتاییەکانیش کورتن.
من ئێستا تیاتدا کۆتاییم دێ
ئەی کێ تەمەنێکی وا بە تەمەن بدات کە بۆ زیاتر لە کۆتاییەک بشێ!"

هەندێ ووشە هەڵوێستەم پێدەکات و، بەکێشی ناو ووریشم دەکات..

ناکاو، مەرەکەبە سوورەکە ڕەنگێکی کاڵی شەرمن دەگرێو بەسەر کاغەزەکەدا گلۆر دەبێتەوە.. تا ببێتە ڕەنگی "یەکەمین هەڵەت..".

خێرا وەک ترسم لە هەڵدانەوەی پەڕەکانی تری هەبێت، نەوەک لە بارێکدا بەم بەسەرتانا کە بیرم لێنەکردبێتەوە! ڕۆژنامەکەم داخست.

قسەیەکی کەماڵم بیرە کە هێجگار لە مێژە کردوێتی.

ووتی: "من ڕێزێکی زۆری ئادەم دەگرم، چونکە ئەو ڕۆژەی بڕیاری خواردنی سێوەکەی دا بە قەپاڵێک دەستی هەڵنەگرت و، هەر هەمووی خوارد. ڕەنگە زانیبێتی کە هەڵەی و لەزەتی نیوەناچڵ نییە.. هەر بۆیە شوێنێکی سێیەم لە نێوان بەهەشت و دۆزەخیشدا نییە. جا - تا لە هەڵە بە دووربین - پێویستە ئازایانە بچینە ناو یەکێکیانەوە!"

ئەوکاتە فەلسەفەی زیادم سەبارەت بە ژیان بەدڵبوو. لەگەڵ کام بیرەیا هاوڕابووم ئەمڕۆ ئەویان ئازارم دەدا؟

بڵێی ئەمجارە بۆ ئەوەبێ کە سێوەی لە باخچە نهێنییەکەی من دزیبێ؟ یان چونکە لە بەردەممدا بە ئارەزووی کەسێک دانی لێگیردەکات.. کە هەڵبژاردنەکەیی بڕانبێتەوەو پاڵی لێدابێتەوە؟

درەخت لەوە زیاتری نییە
کە خۆشەویستیش هەر بە پێوە بکات

ئەی دارخورمای شەیداییم.. ڕاوەستە
هەر خۆم بۆ ئەو دارستانانە ڕەشپۆشبووم
کە سووتانیانن
تا درەخت ناچارکەن بچەمێتەوە
ـ درەختەکان بە پێوە دەمرن ـ
وەرە لەگەڵما ڕاوەستە
دەمەوێ پیاوەتیمت تیا بەرێکەم
بۆ دوا مەزاری..“

ناکاو هەستم بە گەمژەیەتی کردنەوەی ئەو ڕۆژنامەیە کرد.

لێکدانەوە تایبەتییەکانی هەر ووشەیەکی ڕێکەوتم کردبێ ماندویانکردم.

هەستم بە پەشیمانی دەکرد. چونکە من، لە گەڵ هەموو شتێکدا، ئەمڕۆ نامەوێ ڕقم لە زیاد بێتەوە. ناتوانم وا بکەم.

مردن لە ڕق و غیرەکەم پاراستی. ئەوەتا من لە ئاست خۆیو مردنەکەیدا تۆزقاڵێکم.

ئەوەتا لە ووشەکانی بەولاوە، شتێک بۆ تاوانبارکردنی شک نابەم، کە ئەوانیش لێکدانەوەیەک زیاتر هەڵدەگرن. ئیتر بۆ دەبێ پێ لەسەر لێکدانەوە خراپەکەیان داگرم؟

بۆچی بەم هەموو گومانانە دوای کەوم، کە بشزانم ئەو لە ئەتککردنی زماندا، بۆ بەزاندنی ئەو دنیایەی بە بەری خۆی دروست نەبووەو، بگرە ڕەنگە لەسەر حسابی ئەویش دروستبووبێ، شاعیرێکی کارامەیە. ئایا دەبێ بە تاوانی ووشە گوللەبارانی کەم؟

ئاوا بەڕاوەستاوی لە دایکببوو.. قەدەری درەختی هەبوو. دەبێ ئیتر تەنانەت لەسەر جۆری مەرگیو.. خۆشەویستییەکەشی موحاسەبەی بکەم؟

ئێستاش بیرمە ئەوم بە ڕاوەستاوی ناسی.

ئەو ڕۆژەم بیرە کە بۆ یەکەمینجار لە نووسینگەکەم سەردانیکردم، کاتێک چەند سەرنجێکم سەبارەت بە دیوانەکەی داو، داوای لابردنی چەند شیعرێکیم لێکرد.

بێدەنگییەکەیم لەیادە، ئەو نیگایەش کە تا ماوەیەک لەسەر باڵە براوەکەم ڕایگرت، پێشئەوەی ئەو ڕستەیە بدرکێنێ کە دواتر ڕێچکەی ژیانی گۆڕیم. پێیووتم: ”شیعرەکانم مەبڕەرەوە.. گەورەم، دیوانەکەمم بەرەوە. لە بێرووت چاپی دەکەم..“

بۆ ئەو ڕۆژە وەڵامی سووکایەتییەکەیم نەدایەوە؟ بۆچی بە دەستە نە بڕراوەکەم شەقازلەیەکم لێنەداو دەستنووسەکەیم بۆ تووڕنەدا؟
بڵێی لەبەر ئەوەبووبێ کە لە ڕۆژانێکدا ئازایەتی درەخت و تەنیاییەکەیم تیادا بینیبێ، کە قەڵەمەکان وەک گوڵی دانەوێڵە لەڕووی یەکەمین بادا دەچەمینەوە؟
زیادم بە ڕاوەستاوی ناسی.. بە ڕاوەستاویش جێی هێشتم.
وەک یەکەمجاری بەرامبەر دەستنووسێک جێیهێشتم. بەڵام ئەمجارەیان هیچ قسەیەکی نەکرد.
"لەو ساکەوە" گونجاوی دارستان کەوتە نێوانمان و.. ئەمڕۆش بێدەنگییەکەی.
ناکاو پاشماوەی پیشەیەکی پێشتر لە ناخمدا قوتبۆوە. کەوتمە هەڵدانەوەی دەفتەرەکەو پەڕەکانیم دەژماردو بەچاوی بڵاوکەرەوەیەک لێیان وورد دەبوومەوە. گەرمییەکی کوتوپڕ بەدڵما هات و هەستەکانی ترمی داپۆشی. بڕیارێکی شێتانەشم تیا نیشتبوو.
دەبێ ئەم نووسینانە لە کۆمەڵە شیعرێکدا بڵاوکەمەوەو، ڕەنگە ناوی "درەختەکان" یان "ڕەشنووسەکانی ئەو پیاوەی خۆشیدەویستی"شی لێبنێم.. یان ناونیشانێک کە ڕەنگە لە کاتی چاپکردندا بیدۆزمەوە.
گرنگ .. ئەم بیرۆکانەی زیاد دەرچێت. تەمەنێکی تری پێببەخشم هاوینی نەبێ.. شاعیر هەمیشە بەوجۆرە تۆڵە لەو قەدەرەی ڕاویان دەنێن، دەکەنەوە، وەک چۆن هاوین پەپوولە ڕاودەنێ..
دەبنە دیوانە شیعر. کێ ووشە دەکوژێ؟

* * *

بێئەوەی بەخۆم بزانم دەفتەرەکەی زیاد لە بێوورەیی ڕزگاریکردم..
پڕۆژەی ڕۆژانێکی بێپڕۆژەی پێبەخشیم. لەو ڕۆژانەدا چەندین سەعاتی ڕێکم بە نووسینەوەی چامەیەک بەسەربرد، یان بە دوای ناونیشانێکدا دەگەڕام بۆ یەکێکی تریان، هەوڵی ڕێکخستنی پشێوی ئەو بیرۆکانەو بڕگە پەرشوبڵاوەکانیم دەدا، تا لە بارێکی وادا دایانبنێم بۆ بڵاوکردنەوە بشێن.
لە یەککاتدا هەستم بە خۆشیو تاڵاو دەکرد..
خۆشی لایەنگرێتی پەپوولەو، ژیان بەبەرداکردنەوەی ووشەگەلێک کە هەر خۆم مافی قوماتکردنیانم لە ڕۆژنامەیەکدا هەبێ، یان لە کتێبێکدا نەمرییان پێببەخشم.

زوخاوێـکی تریش..

زوخاوی پشکنینی کاغەزەکانی مردوویەک و، گەڕان لەناو خولی خوێـنیا، لە لێـدانی دڵیو پەستیو خۆشی، بێـئەوەی مۆڵەتت لێـوەرگرتبێ یان خۆی ڕێـیدابیت بچیتە ناو دنیای کڵۆمکراوی نهێـنییەکانییەوە، لەبری ئەویش هەڵبژاردن و زیادکردن و لابردن بکەیت.

جا بەڕاست من دەسەڵاتی وام هەبوو..؟ لەبەر هەر هۆیەکیشبێ کێ دەتوانێ لافی بریکارێـتی کارێـکی لەمجۆرە لێـبدات؟

باشە ئەی کێ پڕکێـشی بڕیاردانی مەرگی ووشەی خەڵکی دی دەکات و، تەنیا خۆی لەجێـی ئەو دانێ؟

لەناخی خۆمدا دەمزانی، ئەگەر مەرگی شاعیرو نووسەر تاموبۆیەکی پەستی زیاتری وای هەبێ، کە لە مردنی خەڵکی دی جیایان کاتەوە، ڕەنگە پرسەی ئەوەبێ هەر ئەوان کە دەمرن وەک هەموو داهێـنەران، سەرە قەڵەم.. سەرە خەون، ڕەشنووسی شتە ناتەواوەکان لەسەر مێـزەکانیان جێـدێـڵن.

بۆیە مەرگیان بەقەدەر پەستکردنمان.. شەرمەزارمان دەکەن.

بەڵام خەڵکە ئاساییەکە، خەون و بایەخو هەستەکانیان بەسەر خۆیانەوە هەڵگرتووە. ئەوانە ڕۆژانە لەگەڵ بزەو، خەمۆکیو، پێـکەنین و، باسەکانیاندا لەبەری دەکەن، بۆیە بە مردنیان نهێـنییەکانیشیان لەگەڵیاندا دەمرێ.

سەرەتا، شەرمم لە نهێـنی زیاد دەکرد، بەرلەوەی بۆ درکاندنی ڕامکێـشێ، بۆیە نووسینەکانی ئارەزووی وایان بۆ نووسین لا دەخولقاندم کە خۆی لەبەرا نەگیرێ.

لەو جارانەدا ئارەزوویەک زیادیدەکرد کە دەمزانی ووشەکانی بە ناخم ناگەن و، لە زامەکانم کورتترن. ڕەنگە لەبەر نەزانینی نیوەکەی تری چیرۆکەکەش بووبێـت، ئەوەی بە تەنیا هەر خۆم دەمزانی.

کەی بیری ئەم کتێـبە هاتە گۆڕێ؟

بڵێـی لەو ماوەیەدا بووبێ کە بە میراتە شیعرییەکەی زیاد گەمارۆ درابووم، لەو پێـکگەیشتنە بەبیرا نەهاتووەوە بووبێ کە لەگەڵ ئەدەب و دەستنووسەکاندا کردم و لەوەتەی چەند ساڵێـکە لە جەزائیر دەستم لەکار کێـشاوەتەوە وازم لێـهێـنابوو؟

یان لە چاوپێـککەوتنە بەبیردا نەهاتووەکەی تر، کە لەگەڵ شارێـکدا قەدەر خۆی ژوانێـکی دەرەنگوەختی بۆ بەستم؟

دەکرا ڕووبەڕوو خۆم لەگەڵ قسنتینەدا بدیایەتەوە، بێئاگادارکردنێکی پێشوەختانەو، بێئەوەی سەرسامی، تاقگەی شەیدایی‌و شێتی‌و شکستی، لە ناخمدا هەڵقوڵێنێ..

وشەکانیش بەرەو.. ئەم شوێنەی ئێستا ڕامدەن!

# بەشی پێنجەم

هێشتا ئەو شەممە سەیرەم لە یادە.. کە ئێوارە بەکاتی هەواڵەکان تەلەفۆن لێیدا.

سی شەریف بەگەرمیو تامەزرۆییەوە لە خەتا بوو، بە جووتە لە بێدەنگییەکەی شەو و تەنیاییەکەیی وەدەرنام، سەرەتا بەختیاریان کردم.

هەر دەنگەکە خۆی بۆ من جەژن و تاکە پێوەندیش بوو کە پێتمەوە ببەستێتەوە، ئەویش کە هەموو ئەو ڕێگایانەی پێتیان دەگەیاندم داخران.

پێموابوو خێری هێنابێ. یەکبینە بە شێوەیەک لە شێوەکان ئەگەری بەیەکگەیشتنی تۆی پێیە.

بەڵام ئەمجارەیان لەوە زیاتری بۆم هەبوو..

سەرەتا سی شەریف داوای لێبوردنی لەو دابڕانەکرد کە لەو دواشەوەی پێکەوە بووین، بە هۆی ئەرکی زۆرو، سەردانی بەرپرسان، کە یەکبینە بۆ پاریس دێن، نەیپەرژاوە.. بەرلەوەی لەسەر قسەکانی بڕوات:

"من بە درێژایی ماوەکە لە یادم نەکردوویت.. تابلۆکەشتم لە هۆڵەکەدا هەڵواسیوەوماڵەکەم لەگەڵدا بەشکردوویت.. دەزانی، ئەو لاکردنەوەیەت کاریگەرییەتییەکی گەورەی لە ناخم کردو، ئێرەییەکی زیاتریشم پێدەبڕێ.. هەمووجارێکیش دەبێ برادەرێتیو پێوەندییەکەی سەردەمانی لاوێتیمانیان بۆ باسکەم".

گوێم لێگرتبوو دڵیشم گەمژانەو بەپەلە بۆلای تۆچوو..

ئەوەندە بەسبوو بزانم تەلەفۆنەکەم لەماڵێکەوە بۆ دەکرێ تۆی تیابێ، تا بە هەموو هەڵچوونی دڵداران و گەمژەیەتییانەوە ببمە دڵدارێکی تازە پیاکەوتە.

بەڵام کە لێیپرسیم، دەنگەکەی هێنامییەوە:
- دەزانی بۆچی ئەمشەو داوامکردی؟ بڕیارم دا لەگەڵ خۆم بتبەمەوە بۆ قسنتینە.. تابلۆیەکی قسنتینەت بە دیاری داومەتێ‌و منیش سەفەرێکیت بۆ دەکەمە دیاری..
بەسەرسامییەوە قیژاندم:
- قسنتینە.. بۆچی قسنتینە؟
وەک مزگێنیم بداتێ:
- .. بۆ زەماوەندی کچەکەی تایەری برام..
ئەمجا دوای کەمێک بیرکردنەوە بەردەوامبوو:
- ڕەنگە بیناسیتەوە. لە کردنەوەی پیشانگاکەی چەند مانگێک لەمەوبەرتا، لەگەڵ "نادیا" ی کچمدا ئامادەبوو..
ناکاو هەستمکرد دەنگم لە لەشم ترازا، نەمتوانی بە ووشەیەک وەڵامی بدەمەوە..
بڵێی قسە، بەمجۆرە ، بروسکەئاسا بەسەر کەسێکدا داباریێ؟
بڵێی لەش بە قسەیەک، توانای تەلەفۆنگرتنی نەمێنێ؟
لە ساتی وادا، ناکاو بیرم دێتەوە کە دەستێکم هەیە..
بە قاچ کورسییەکی نزیکم ڕاکێشاو لە سەری دانیشتم.
ڕەنگە سی شەریفیش سەرنجی بێدەنگییەکەم و ڕوودانی شتێکی دابێ.. ووریيەکەی پێبڕیم و ووتی:
- برام.. بۆ سەفەرێکی وا لەچی دەترسی؟ چەند ڕۆژێک دەبێ لەگەڵ چەند برادەرێکی ئاساییشدا باسکرایت، یەکلاییانکردەوە کە هیچ شتێک لە بارەی تۆوە نییەو، هەر کاتێکیش بتەوێ دەتوانی سەردانی جەزائیر بکەیت. لەوەتەی تۆ هاتوویت شت زۆر گۆڕراوە، با بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت هەر دەبێ سەردانێکی جەزائیر بکەیتەوە.. من لە گەڕانەوەکەت بەرپرسیار دەبم.. لەگەڵ خۆم سەفەر دەکەیت و بەپارەی منیش.. ئیتر ئەم دوودڵییەت لە چییە؟
کە بەدوای کەلەبەرێکدا دەگەڕام لەو ڕاڕاییە دەربازمکات، وەڵامم دایەوە:
- ڕاستییەکەی من لە ڕووی دەروونییەوە ئامادەی سەفەرێکی لەو جۆرە نیم.. پێمباشە کاتێکی تربێت..
ووتی:

ـ تۆ لەم کاتە باشترت بۆ سەردانەوە دەست ناکەوێ.. من دڵنیام گەر ئەمجارە دەستت نەگرم و بەکێشت نەکەم، ڕەنگە چەند ساڵێکی دیش نەڕۆیتەوە. ئەی هەموو تەمەنت لە کێشانی قسنتینەدا بەسەر دەبەیت؟ حەزناکەیت لە شایی کچی سی تایەردا ئامادەبیت؟ کچی خۆشتە، بە منداڵی ناسیوتەو دەشبێ بۆ پیرۆزی لە شاییەکەیدابیت.. لەبەر باوکی ئامادەبە، پێویستە ئەو ڕۆژە لە جێی سی تایەر لەگەڵما ڕاوەستی..

سی شەریف خاڵە لاوازەکەمی دەزانی، دەشیزانی سی تایەر چ جێگەیەکی لام هەیە. کەوتە بزواندنی پاشماوەی ئەمەکداریێتی ڕابردوو، ئەو بیرە هاوبەشەی لە ناخمدا ماوە.

شتێک لە سریالیو ناماقوڵی لەو هەڵوێستەدا هەبوو.

لە نێوان هۆش و شێتی، پێکەنین و گریاندا وەستابووم..

"بە منداڵی ناسیم.." نەخێر برادەر! بەمێیەتیش ناسیم، ئەمە گرفتەکەیە. "ئەو کچی تۆشە.." نەخێر کچی من نەبوو، دەکرا وابوایە بەڵام.. دەشکرا خۆشەویستمبێ.. دەشکرا ژنم بوایە.. دەکرا بۆمن بوایە.

لێم پرسی:

ـ داوتانە بە کێ؟

ووتی:

ـ دام بە (سی ....) جاری پێشوو لەگەڵیا دانیشتی.. نازانم پێت چۆنبوو، من پێموایە لەگەڵ ئەو باسکردنانەشیدا پیاوێکی باشە.

لە دوا ڕستەیدا وەڵامێکی پێشوەختی بۆ وەڵامە چاوەڕوانکراوەکەی من تیادابوو.

کەواتە (سی ....) نەک کەسێکی دی!

"پیاوێکی باشە.." بڵێی بەڕاستی، چاکی یەکەم جوێکەرەوەبێ؟ خۆ من پیاوچاکێک زیاتر دەناسم کە دەکرا مێردی بوایە.

بەڵام (سی ....) لەوە زیاتربوو. کوڕی قاچوقوچە نهێنیەکان و ڕیزی پێشەوەبوو. پیاوی دراوە گران بەهاو کاری زەحمەتبوو. سەربازو.. پیاوی دوارۆژبوو. ئیتر باش و ناباشی چ بایەخێکی دەبێ؟

زیاتر لە بەڵغێک لە زارمدا گردبۆوەو، ڕێینەدام ڕای خۆم لەبارەی ئەو زەلامەوە دەربڕم و، هەر پرسیارێکیش لە سی شەیف بکەم: بڵێی پێیوابێ کە بەڕاستی پیاوێکی بێڕەوشت.. باشبێ؟

یان بلێی لەوە بێدەنگبوبم کە زۆر جیاوازیم لە نێوان خۆیو "زاواکەیدا" نەکردبێو پرسیارێکی دیم لە خۆم کرد.. دەکرێ پیاوێک کە ژن و ژنخوازی لەگەڵ پیاوێکی پۆخڵدا بکات .. خۆی بەڕاستی پاکبێت؟

ناکاو ئارەزووی قسەکردنم نەما. زەبرە یەک لە دوای یەکەکانی تەلەفۆنێک لاڵیانکردم. بۆیە هەموو قسەکانم لە ڕستەیەکدا کورتکردەوە کە لە لێکدانەوەیەک زیاتر هەڵگرێ:

ـ هەمووی پیرۆزبێت..

سی شەریفیش بەپێی نەریت وەڵامیدایەوە:

ـ خوا سەلامەتتکا.. لە خۆشت پیرۆز..

ئەمجا بەدەم بەختیاری کەسێکەوە کە لە تاقیکردنەوەدا دەرچووبێت بەردەوامبوو:

ـ کەواتە دەتبینین.. پشتئەستوورم پێت.. نزیکەی دە ڕۆژی دی سەفەر دەکەین چونکە زەماوەندەکە لە 15ی ئەیلولدا دەکرێ.. تەلەفۆنم بۆ بکە تا لەسەر ووردەکاری سەفەرەکە ڕێککەوین.

تەلەفۆنەکە کۆتاییهات، قۆناغێکی نوێ لە ژیانمدا دەستپێکرد.

لەوڕۆژەوە تەمەنێکی تری وام دەستپێکرد کە بە ڕەسمی دەرچوونی تۆم تیا ڕاگەیاند. بەڵام.. جا بەڕاستی دەرچوویت؟

هەستمکرد شەترەنجەکە هەر منی کەمە. هەموو خانەکانیشی ڕەنگێک بوون.. داشەکانیش هەموویان ببوونە یەک داش و خۆم.. بەتاکە دەستێک گرتبووم!

جا بلێی تاکە براوە یان تاکە دۆڕاوبم.. چۆن بزانم؟

شەترەنجەکە هاتبۆوەیەک، لەگەڵیشیا پانتایی هیواو چاودێری بەرامبەرەکە بەلایدا خستبوو، لە سەرەتاوە هەمووان لەبری ئەو یاریمان دەکرد: قەدەرە!

هەندێجار ڕقم لەو قەدەرە دەبێتەوە، بەڵام زۆرجاریش بێبەربەرەکانی خۆمی بە دەستەوە دەدەم. بە خۆشییەکی نادیارو ویستی پیاوێکەوە کە هەمووجار زانینی، ڕادەی گەمژەیی ئەم قەدەرەو، ئەم ژیانە نا دادوەریانەیەی مەبەستبێ، کە دەبێتە ئافرەتێکی لەشفرۆش و خۆی بەوانە نەبێ نابەخشێ، کە بە زوویی سامان وەچنگدێنن و، خاوەن ڕەوشتە گومانلێکراوەکانیش گورج دەستی بۆ درێژ دەکەن..

ئەو ساتەی کە خۆم بە هیچوپوچێتی ئەو خەڵکەی دی بەراورد دەکرد بەختیارییە دەگمەنەکەم وەدەست دێنا. دەلیلی ئەو سەرکەوتنانەشم لەو بەزینە خودیانەمدا دەدییەوە کە بە هەموو کەس ناکرێ.

بلێی لەم ساتە شێتییەدا قایلبووبم لە زەماوەندەکەتدا ئامادەبم و، شایەتی پرسەکەم و، ئەو ناهەموارییەش بم کە هەندێ کەسی‌دی بێشەرمانە دەیگاتێ؟

یان بلێی وەک هەموو داهێنەرێک، مازوشییەکی سەرکەوتووبم و، لە کاتی نەبوونی بەختیاری ڕەهادا پێ لەسەر ژیانە پەستییە ڕەهاکەم داگرم و، لەگەڵیشتا بە دوورترین خاڵی خۆئازاردان بگەم و، بەدەستی خۆشم ئەم دڵە داخکەم تا لێت خۆشبێتەوە؟

ئەو ڕۆژە هێند بە قینەوە ڕقم لێت هەستابوو کە پێشتر بە خۆممەوە نەدیبوو.

بە یەکجار سۆزەکانم بوونە سۆزێکی نوێ، تێکەڵەیەک لە زوخاوو غیرەو قین و.. ڕەنگە بە سووک سەیرکردنیشی تیادا بووبێ.

چی بێرەی گەیاندی؟

بلێی بەراست ژنیش وەک گەلان، یەکبینە هەست بە لە خشتەبردن بکەن و.. لە ئاست بەرگی سەربازیانەدا.. تەنانەت کاڵبۆوەکانیشیان لاوازییەکیان هەبێ؟!

تا ئێستا هەر دەپرسم.. ئەو کاتە چۆن ئەو کاتە بەچوونە قسنتینە قایلبووم تا لە زەماوەندەکەتدابم؟

پێشوەخت دەمزانی بانگکردنەکەم تەنیا بە نیازپاکیو، لاکردنەوەیەکی خۆشیو برادەرێتی پیاوێک نەبوو کە نزیکایەتییەک زیاتر کۆی دەکردینەوە.

پێش هەمووشت، هێنانەوەی یادێک و بەکارهێنانێکی خراپی یەکێک لەو کەمە ناوانەی لە ڕۆژگارێکدا بە پاکی مایەوە کە پەتای پۆخڵی تیادا بڵاوبۆوە.

سی شەریف دەیزانی سەفقەیەکی پیس دەکات و، بەم بەشوودانەی ناوی براکەیو، یەکێک لە شەهیدە گەورەکانمان، بە پلەو پایەیەک و چەند دەستکەوتێکی دی دەفرۆشێتەوە..

هەر بە ناوی ئەویشەوە بەجۆرێک ڕەفتاردەکات، گەر بمایە پێی قایل نەدەبوو.

پێویستی بەمن.. نەک کەسێکی دی هەبوو، تا پیرۆزبایی لە بە زۆر لاقەکردنەکەت بکات، منی تاکە برادەری سی تایەرو هاوڕێی چەکی.
منی دوا پەیکەری چوار پەل پەڕیوی، پاشماوەی ئەو ڕۆژگارە دوورە.
پیرۆزباییکردنەکەی منی پێویستبوو، تا بە ئامادەبوونەکەم ویژدانی خۆی کرکات و پێیوابێ ئەو سی تایەرەی ئەو زۆر بە ناوییەوە ژیا، دەیبورێ.
بۆ بەو گەمەیە قایلبووم؟ بۆچی بێهیچ بگرەوبردەیەک خستمیتە بەر نینۆکیان؟
بڵێی لەبەر ئەوەبووبێ کە زانیبێتم پیرۆزباییەکەم هەر بەناوەو، هیچی پێ پاشوپێش نەدەکراو، گەر بە(سی....) نەدرایتایە ئەوا دەدرایتە (سی....) یەکی دی لە گەورەپیاوە تازە پیاکەوتەکان.
کەواتە کە لە دواییدا هەر ناوێکت لە ناوی چل دزەکە هەڵگرتبا، چ بایەخێکی دەبوو!
بۆچی بەو سەفەرە قایلبووم.. بڵێی لەبەر هەموو ئەوانە بووبێ یان ملم بۆ بانگەوازە نهێنییەکەی قسنتینەدابێ کە لەوەتەی هەم، وەک چۆن بانگەوازی پەری دوورگە جادولێکراوەکان، ئەو دەریاوانانە ڕاودەنێ کە پاپۆڕەکانیان بەر نەفرەتی خوا کەوتوون، لێم نابێتەوەو بە دوامەوەیە، لە خشتەی بردبێتم..
یان بڵێی نەتوانم لە پێکگەیشتنێکی تۆ، با بە بۆنەی شووکردنیشتەوەبێ، دواکەوم؟
بڕیار هەیە لە دژەکەیەوە سەرهەڵدەدا، ئیتر ئەمڕۆ چۆن بتوانم بڕیارێک لێکدەمەوە، کە لە دەری مەنتقدا، دابێتم؟
وەک زانایەکی فیزیای شێت، کە بییەوێ لە یەک کاتدا دوو شێوازی تەقاوە: "تۆ" و.. "قسنتینە" کۆبکاتەوە، دوو شێواز کە خۆم لە نۆبەیەکی پەرۆشیو شەیدایىو شێتیدا دروستم کردبن و، پێموابێ توانای تێکدەرێتی هەردووکیانم بەجیا هەیەو، ویستبێتم، وەک تاقیکردنەوەیان لە بیاباندا، پێکەوە تاقیانکەمەوە.
ویستم هەردووکیان پێکەوە لە تەقینەوەیەکی ناوەوەی وادا بژینم.. کە تەنیا خۆم بهەژێنێ.. هەر خوشم تێکشکێنێو.. لەناو ئاگرو کاولکارییەکەشدا، یان ببمە پیاوێکی دی.. یان کەرتە پیاو.
ئەی جارێکیان نەتووت هەموومان ئارەزوویەکی نهێنیمان تێدایە ناوی "ئارەزووی کڵپە"یە؟

دواتر خۆم جووتبوونی نێوان تۆو ئەو شارەم دییەوە.
هەردوكتان، شتێك لە كلْپەی نەكوژاوەو.. توانایەكی لە ڕادەبەدەری ئاگر خستنەوەتان تیادابوو..
بەلاّم هەردوك پێكەوە، بەڕواڵەت جەنگتان دژی ئاگرپەرست ڕادەگەیاند. ئەوە ساختەی شارە ڕەسەنە بەڕێزەكانە و.. دووڕوویی كچانی بنەماڵەكانیشە.. وانییە؟
* * *
دووشەممە بێپێشەكی دەنگت وا هات. بێئەوەی هیچ لەرەیەكی پەستی یان خۆشییەكی دیار .. بێپەشۆكان و بێهیچ شەرمێكی ئاشكرا.
كەوتیتە قسەكردن بۆم، وەك لەسەر باسێكی دوێنێ بەردەوامبیت، وەك شەش مانگبێت دەنگت بەم هێڵی تەلەفۆنەدا گوزەری نەكردبێ.
پێوەندیت بە كاتەوە چەند سەیرە.. ئای كە بیریشت سەیرە!
ـ خالید چۆنی.. بەئاگام هێنایت؟
دەكرا بموتایە نەء، بەلاّم ڕاستتر وابوو كە بلێم بەلێ. كەچی بە دەنگی كەسێكی وا كە بێهۆشێتی شەیدایی بەریدابێ ووتم:
ـ تۆی..؟!
پێكەنیت.. ئەو پێكەنینە منداڵانەیەی ڕۆژێك خۆشحاڵیكردم، ووتت:
ـ وابزانم من خۆمم.. دەنگمت بیرچۆتەوە؟
ئەمجا لە ئاست بێدەنگییەكەمدا بەردەوامبوویت:
ـ چۆنی تۆ؟
ـ هەوڵی خۆگریمە..
ـ خۆ لە ڕووی كێدا بگریت؟
ـ بەڕووی ڕۆژگاردا..
بە كەمە بێدەنگییەكەوە.. وەك هەست بە خراپەیەك بكەیت:
ـ هەموو هەوڵی ئەوەمانە..
ئەمجا بەردەوام بوویت:
ـ هەواڵەكانم پەستیان كردوویت؟
پرسیارەكەت سەیرە. سەیرە وەك بیرت. وەك پێوەندیت بەوانەی كە خۆشت دەوێن!
ووتم:
ـ هەواڵت بەشێكە لە گۆڕانەكارییەكانی ڕۆژگار.

بە ساکارییەکی درۆینەوە ووتت:

- وامدەزانی هەواڵی شوکردنەکەمت بە شێوەیەکی دی وەرگرتووە. دوێنێ گوێم لە مامم بوو کە قسەی لەگەڵدا کردی، پێم سەیربوو بەبێ هیچ مشتومڕێک یان ڕاڕاییەک بە هاتنە قسنتینە قایلبوویت. زۆرم پێخۆشبوو، بڕیارم دا تەلەفۆنت بۆبکەم.. بۆم دەرکەوت گلەییم لێناکەی.. دەمەوێ لەم شاییەدا ئامادەبیت.. دەبێ ئامادەبی..

نازانم بۆچی قسەکانت بۆ تەلەفۆنەکەی پێشووی سی شەریف و، ئەو هەڵوێستە سەیرەی بردمەوە، کە دەیویست قایلمکا تۆ کچمی.

جارێکی تریش هەستمکرد لە شوێنێکدام، هۆش و بێهۆشی، گریان و پێکەنین لێک جیا دەکاتەوە..

بە شتە تاڵاوێکی گاڵتەجاڕیانەوە:

- بریا لەو نهێنییە بگەیشتمایە کە بۆچی هەمووتان ئەوەندە پێ لەسەر ئامادەبوونم دادەگرن..

ووتت:

- پێداگرتنی مامم هیچ بایەخێکی نییە بەلامەوە. بەڵام ئەوەندە دەزانم گەر نەیەیت کەلوەلا دەبم..

بە تووڕەییەوە ووتم:

- دوا ئارەزووت.. چێژوەرگرتنتە لە ئازاری خەڵکی؟

بە لەرەیەک پێم سەیربو ووتت:

- لەبەر تۆ ئەم شارەم خۆشویست.

چۆن ڕۆژێک وەڵامت دامەوە منیش هەر بەو شێوەیە وەڵامم دایتەوە، دانیشی پیادەنێم "ئەو ڕۆژەی خوێندمیتەوە خۆشمویستی" تۆش ووتت "دەبوا نەتخوێندمایەتەوە..".

ووتم:

- کەواتە دەبوا خۆشت نەویستابا..

وەڵامەکەتم پێسەیربوو.. بەئاگای هێنام.. بارگەیەکی کارەباییت بە لەشمدا نارد..

- ... بەڵام خۆشمویستی!

ئەمە ئەو ووشەیەیە کە ساڵێک بێ سوود چاوەڕێی بووم. جا سوپاست بکەم یان بگریم. یان لێت بپرسم بۆچی ئەمڕۆ.. بۆچی ئێستا.. ئەی کەواتە ئەم هەموو ئازارە بۆ؟

هەر لێـمپرسیت:

ـ ئەی ئەو؟

وەك باسی شتێـك بكەیت كە بە تەواوەتی پێـوەندی پێتەوە نەبێ وەڵامت دامەوە:

ـ قەدەرێـكی ئامادەیە.

پێـمبڕیت:

ـ هەر كەسەو قەدەرێكی هەیە كە بیهێـنێ. قەدەرێكی ترم بۆ چاوەڕوان دەكردی.. چۆن پێـی قایلبوویت؟

ووتت:

ـ من پێـوەی نابەسترێـمەوە.. من هەر لەو بیرەوە بۆی ڕادەكەم كە، بە خەونە مەحاڵەكان و شكستییە بەدوای یەكەكاندا دامنا، كەڵكی نیشتەجێـبوونی نەمابێ..

ـ بەڵام بۆ ئەو.. چۆن دەبێ ناوی باوكت لە سەرانگویلكێـكی وا وەردەیت.. تۆ هەر تەنیا ئافرەت نیت، تۆ نیشتمانیت، ئەی بەلاتەوە گرنگ نابێ كە ڕۆژێـك مێـژوو دەینووسێـت؟

بە جۆرە تەوسێـكی تالەوە وەڵامتدایەوە:

ـ هەر تۆ پێتوایە مێژوو وەك فریشتەی چاكەو خراپە لەسەر شانمان دانیشتوون، تا سەركەوتنە پچووك و وونەكانمان.. یان گلان و كەوتنی ناكاوی بەرەو هەڵدێـرانمان، بنووسن. ئیتر مێـژوو هیچ نانووسێـت. هەر دەیسڕێتەوە!.

لێـم نەپرسیت دەتەوێ ڕێـك چی بسڕیتەوە. سەبارەت بە سەرنجە هەڵەكەت بۆ ڕەوشت دەمەتەقێـم لەگەڵدا نەكردیت..

لێـمپرسیت:

ـ چیت لێـم دەوێ ڕێـك پێـمی بڵێ؟

وەك منداڵێـكبی و لێتبپرسن كام نوقڵەت دەوێ، ووتت:

ـ تۆم دەوێ..

ئەو كاتە وام بە بیرداهات كە ڕەنگە تۆ ئافرەتێـك بیت بە خۆشەویستی پیاوێـك دانەكەویت و، هەمیشە دوو پیاوت پێـویستبێ. لە ڕابردوودا من و زیاد بووین. ئەمڕۆش بووینەتە من و.. ئەوی تر.

دەنگت هاتەوەو ووتی:

- خالید.. دەزانی خۆشمدەویستی.. شێتت بووم.. ڕۆژێک شتێکت ئەقڵی لەبەربڕیم.. بەڵام بڕیارم دا لێت چاکبمەوە.. خۆشەویستییەکەمان پێوەندییەکی نەخۆشبوو، تۆ خۆت واتووت..

لێمپرسیت:

- کەواتە ئەمڕۆ بۆ هاتویتەوە؟

ووتت:

- تا بۆ هاتنەکەی قسنتینە قایلتکەم. دەمەوێ گەر بۆ جارێکیش بێ ئەو شارە.. با بەدرۆشبێ پیرۆزباییمان لێبکات، چونکە تا بەم شێتێتییەی گەیاندین هەر لەگەڵماندا بوو.. ئەزانم تیایدا بەیەک ناگەین .. ڕەنگە پێکیشەوە نەدوێین.. ڕەنگە تەوقەش لەگەڵ یەکدیدا نەکەین.. بەڵام بە بوونمان لەوێ بۆ تۆ دەبم. بە بەر چاوییەوە.. هەر ئەویش بزانێ کە شەوی یەکەمم بە تۆ دەبەخشم.. وات پێخۆشە؟

چەند یەکەم شەوت هەیە؟ چەند یەکەم شەوی خەیاڵپڵاویت هەیە، کە وەک چۆن یەکەمین ڕۆمانت بەخشی، خۆشتی بەسپێتی تیا ببەخشیت.. دوو دانەی ساختە بە من و زیاد.. بە سپێتی ئیمزا کرابوو.

دوای هەر شەوێکی خەیاڵپڵاویت بۆ کێ دەبیت؟ یەکەم درۆشت لەگەڵ کێ کردووە؟ یەکەمین دیاری مینکراوت بەکێ بەخشیوە؟

کە ئەمڕۆ قسەکەتم بیردەکەوێتەوە، پێکەنینم بەخۆم دێ‌و خۆشم بەو ئەسیوبییە برسییە دێتەبەرچاو کە لیستی خواردنە خۆشەکانی بۆ دەژمێرن و تامی هیچیشیان ناکات، کەچی پرسیاری چۆنێتی خواردنەکانی لێدەکەن.. بزانن بەدڵی بووە..

بەڵام ئەوکاتە پێنەکەنیم و، ڕەنگە کە بە گەمژەیەتی شەیدایەکیش.. بە "پێمخۆشە.." وەڵامم دابێتەوە گریابێتم...

بۆ ئەوە نەچووم کە شەوێکی خەیاڵپڵاویتم پێدەبەخشیت و، دەشبێ یەکسەر بۆ پیاوێکی دی، کە بەڕاستی سوودی لێدەبینیت، وازی لێبێنم!

جا.. وازهێنانم لەو شتەی کە لە هەموو ڕوویەکەوە هی خۆم نەبێ، چ بایەخی دەبێ؟

ئازیزەکەم مێژوو و ڕابردوو هەر وابوون.. بانگهێشتی بۆنەکانی دەکەین تا بەرماوەی سەر خوانەکانی بەرکەوێت.

فێڵ لە بیر دەکەین، کاتێک خوان بۆ خەڵکی دی ئامادە دەکرێت، ئێسکێک بۆ ئەو توورِ دەدەین تا کاتی پێبەسەر بەرێت.

گەلانیش وان، خەیاڵی زۆریان پێدەبەخشین.. خەونێکی زۆری پێچراوەی بەختیارییە دواخراوەکان و، ئەویش چاو لەو خوانانە دەپۆشێ کە بۆیان بانگهێشت ناکرێ..

بەڵام تا کات ڕانەبورد پێم نەزانی. دوای لابردنی خوانەکان و، کشانەوەی هەمووان و بە تەنیا مانەوەی خۆم.. لە ئاست بەرماوەی بیردا.

ووتم:

ـ دەمەوێ بتبینم..

هاوارتکرد:

ـ نەء.. ئێستا ناکرێ یەکدی ببینین.. ڕەنگە واش باشتربێ. پێویستە بۆ کۆتاییەکی کەم ئازارتری چیرۆکەکەمان بگەڕێین. با قسنتینە لەیەک کاتدا پێکگەیشتن و جیابوونەوەشمان بێت.. پێویست ناکات ئازاری زیاتر بچێژین.

کەواتە وا.. بڕیارت دا بمکوژی، بە چەقۆ پیاهێنانێک، هێنان و بردن.. لە پێکگەیشتن و جیابوونەوەیەکدا. چەندت بەزەیی پیامدا دێتەوە.. ئای کە گەلحۆم!

زیاتر لە پرسیارێک لە سەر زمانم بوو، کە ڕۆژی خۆی لێم نەکردیت:

زیاتر لە گازەندەو.. سەرزەنشت و.. ئارەزوو..

تەلەفۆنەکەشت وەک لە دەری کاتێ، کاتێک حەپەساوانە لەسەر جێگەکەم ڕاکشابووم و خەوەنوزکەم بوو، تەواوبوو.

بەڕادەیەک دواتر دەمپرسی: بەڕاست بڵێی ئەو بەیانییە داواتکردبێتم یان.. هەر خەونم دیبێ؟

* * *

کەواتە ئەوەتا ئێمە منداڵئاسا..

هەمووجار شوێنەواری دەباشیری سەر زەوییەکە دەسڕینەوە تا دیسان یاسای یارییەکە لە نوێ بکێشینەوە.

فێڵ لە هەموو شتێک دەکەین تاگشتی بەرینەوە. جلەکانمان پیسدەبێ و کە بە هەنگەشەلێش بەسەر چوارگۆشەیەکی مەحاڵدا باز بۆ سەر یەکێکی دییان دەدەین، دەڕووشێین.

هەر چوارگۆشەو تەڵەیەکەو بۆمان نراوەتەوە، لە هەمووشیاندا وەستاوین شتێک خەونمان لە زەوییەکەیدا جێهێشتووە.

دەبوا دانمان پێدابنایە کە تەمەنێکی درێژمان بە هەنگەشەلەو، پەتپەتێن و، مانەوە لە چوارگۆشە دەباشیرییە خەیاڵپڵاوییەکاندا بەسەربردووە.

خۆشەویستەکەم هەڵەمانکرد..

نیشتمان بە تەباشیر ناکێشرێت، خۆشەویستییش بە بۆیەی نینۆک نانووسرێت.

هەڵەمانکرد.. مێژوو، کە بەدەستێک دەباشیربگیرێت و بەدەستەکەی تر تەختەسڕ، لەسەر تەختە نانووسرێتەوە.

شەیدابیش جۆلانێیەک نییە مومکین و مەحاڵ دیلانێی پێبکات.

لێگەڕێ با ساتێک دەست لە یارییەکە هەڵگرین. ساتێک واز لە ڕۆیشتن بە هەموو لایەکدا بێنین. لەم یارییەدا بیرمانچۆوە کامان پشیلەو کامان مشک بووین.. کامیشمان کامەمانی هەڵدەلووشی.

بیرمانچوو کە ئەوان هەردووکمان پێکەوە هەڵدەلووشن.

کاتی درۆمان زۆر نەماوە. ئەم دواوەرچەرخانە نەبێ چیترمان لەبەردەمدا نەماوە. هەڵدێری لەناوبردن بەولاوە شتێکی دیمان لە ژێردا نییە.

با دان بەوەدا بنێین کە هەردوکمان پێکەوە تێکشکاوین.

خۆشەویستم نیت..

تۆ پڕۆژەی خۆشەویستیی ئایندەمی. تۆ پڕۆژەی چیرۆکی ئایندەو خۆشی ئایندەمی.. تۆ پڕۆژەی تەمەنەکەی ترمی.

لە چاوەڕوانی ئەویشدا.. هەر پیاوێکت دەوێ خۆشتبوێ، کام چیرۆکەشت دەوێ بینووسە..

هەرخۆم ئەو چیرۆکەت دەزانم کە ڕۆژێک لە کتێبێکدا دەرنەچووبێ. هەر خۆشم پاڵەوانە بە ساڵاچوەکانت و ئەوانەش دەناسم کە لە کاغەز دروستت کردن.

هەر خۆشم ڕێگا دەگمەنەکەت لە خۆشەویستندا دەناسم، ڕێگا نایابەکەت لە کوشتنی ئەوانەی خۆشتدەوێن.. ئەویش هەر لە پێناو دانانی کتێبەکانتا.

منێک کە لەبەر چەند هۆیەکی نەزانراو کوشتمت، هەر لەبەر چەند هۆیەکی نادیاری تریش خۆشمویستی.

من ئەو پیاوەم کە لە ئافرەتەوە کردیتییە شار، تۆش لە بەردێکی بە نرخەوە کردت بە چەو.

زۆر دەستدرێژی مەکەرە سەر داروپەردووەکەم.

ڕۆژگاری بوومەلەرزە کۆتایی نەهاتووەو، لە قووڵایی ئەم نیشتمانەدا بەردی واهەیە کە هێشتا گڕکانەکان دەریان نەهاویشتووە.

لێـگەڕێ با ساتێـک لە یاری بکەوین. ئەو هەموو درۆیانەی کردنت بەستن..

ئەمرۆ دەزانم بۆ من نابیت.

کەواتە لێـمگەڕێ، با ڕۆژی حەشر لە هەرکوێـبیت حەشری منیش لەوێ بکرێـت، تا ببمە نیوەکەی ترت.

لێـگەڕێ پێـشوەخت شوێـنێـک لەپاڵتابگرم، کە لێـرە دەورت هەمووی گیرابێ‌و ڕۆژنامەکەشت تا دوا ڕۆژت پڕ لە ژوان بێـت..

ئەی ئافرەتەی نیشتمانئاسا..

لەمرۆ بەدوا پێـکەوەییمان بایەخی هەیە؟

بۆ گەیشتن بە نیشتمان تەنیا جانتایەکی پچوک.

بۆ زەماوەندەکەت لەقاتێـکی ڕەش و.. دوو قاپ ویسکی‌و.. کراس و.. گوێـزانی ڕیشتاشین بەولاوە هیچیتر نا.

نیشتمان هەیە هەموو بیانوویەکی مەرگ بەرهەمدێـنێ‌و، کەچی بیری بەرهەمهێـنانی گوێـزانی ڕیشتاشینی نابێ!

لە سەر پەنجەی زام دەچمەوە بۆ نیشتمان.

بێ پێـویستییە تایبەتییەکان، بێ زیادەی کێـش و حسابی زیادە.

تەنیا بیر قورسترین باربوو، بەڵام کێ لەسەر بیرێـک لێـمان دەپرسێـتەوە کە تەنیا بە کۆڵی خۆمانەوەبێ؟

بەسەر دوا برینمدا بەپەلە دەڕۆمەوە بۆلای.

دە دانە ساڵی ڕەبەقە لێـی دوورم، ئەمە هاتنەوە ناکاوەکەمە. چاوەڕێـی چاوپێـکەوتنێـکی ترم دەکرد..

بۆ نموونە جێـگەیەکی پلە یەکم بگرتایە. چونکە لەم بۆنانەدا بیر نایەوێ لە کورسییەکانی دواوە دانیشێ.

بەڵام، خانمەکەم گرنگ نییە..هەموو کورسییەکانی پێـشەوە پێـشوەخت، بۆ ئەوانە گیرابوون کە بە فرمان کورسییەکانی نیشتمانیشیان گرتبوو..

کەواتە وەک چۆن هاتبووم، با هەرواش لەسەر کورسییەکی بەخەم کەلاخراو، بگەڕێـمەوە.

نیشتمان بە چەند جانتایەکەوە جێـدێـڵین کە هەرچی تەمەنی کەنتۆرەکانمان هەیەو، هەرچی پەڕەی ناو چەکمەجەکانیشە تێـیان خزێـنرابێ.

ئەلبومی وێـنەو، کتێـبی خۆشەویستانمان و، ئەو دیاریانەشیان تێـدەئاخنین کە بیرەوەری خۆیان هەیە..

ڕووی خۆشەویستانمان تێدەخزان.. چاوی ئەوانەی کە خۆشیانویستبووین .. ئەو نامانەی بۆیان نووسیبووین و.. ئەوانەش کە خۆمان نووسیبوومان.

دوا سەرنجی پیرەژنێکی دراوسێ کە ڕەنگە نەیبینینەوە، ماچی سەر ڕوومەتێکی پچووک کە دوای ئێمە گەورەدەبێ، فرمێسکێکیش بۆ نیشتمانێک کە ڕەنگە جارێکی دی بۆی نەگەڕێینەوە.

نیشتمان بۆ دامەزراندنی تاراوگەییمان هەڵدەگرین، کە نیشتمان لەبەردەم دەرگاکەیدا داماندەنێ، بێئەوەی سەیرێکی جانتاکانمان بکات، بێئەوەی فرمێسکەکەمان هەڵوێستەی پێبکات، دەرکەی دڵیمان بەڕوودا دادەخات.. بیرماندەچێ لێیبپرسین کێ دوای ئێمە دایدەمەزرێنێتەوە.

کە دەشگەڕێینەوە بۆلای.. بە جانتای سۆزو.. مشتێک خەونەوە دەگەڕێینەوە.

بەخەونە گوڵینەوە.. نەک بە "توورەکە گوڵینە" دێینەوە، چونکە خەون لە دوکانە هەرزانبەهاکانی "تاتێ"یەوە نانێردرێ.

کڕینی نیشتمان و فرۆشتنەوەی لە بازاڕی ڕەشدا شوورەییە. سووکایەتی وا هەیە بۆ شەهیدان لە هەزاران پارەی گران بەها قورسترە!

ئەوەتا من.. بە جانتایەکی پچووکەوە، لێرە لە "بێشوێن - لامکان"دام.

لەم خاڵە هەڵواسراوەی نێوان زەوی‌و ئاسماندا. کە لەم بیر بۆ ئەو هزر دەمفڕێنێ. لەسەر کورسییەکی پلە دووی بیرچونەوە دانیشتووم.

بەسەر بەرزی‌ونزمی خۆشەویستیدا دەفڕم. لە بەرزاییەکەوە کە بە زەحمەت نیگای لێوە دەکرێ، بیرچوونەوەش لەگەڵیا قورسە. هەرچەند تازە ڕاشبردووە دەپرسم: بڵێی دوا کەرێتی تەمەنم بکەم و، لە تۆ هەڵێم بۆلای نیشتمان؟ هەوڵدەم بەو لە تۆ چاکبمەوە. منێک کە بە تۆ لەو خۆش نە بوومەوە؟

ئەوە تابلۆکەیە کە بە بۆنەی شووەکەتەوە بۆم کردوویتەتە دیاری‌و بۆم هێناوی‌و شوێنە بەتاڵەکەتی لە تەنیشتمەوە گرتووە.

ئەوەتا ئێمە سەفەردەکەین - ئاخرییەکەی پێکەوە - من و تۆ..

بۆ یەکەمجار فرۆکەیەک دەگرین. بەڵام نەک بۆهەمان سەفەر.. نەک بەرەو هەمان شوێن.

ئەوە قسنتینەیە..

هەر دوو سەعاتێکەو دڵ تەمەنێک بۆ دواوە دەگەڕێتەوە.

ژنەی خزمەتچی کە دەرگای فرۆکەکەی کردەوە، لە والاکردنەوەی دەرگای دڵ بێئاگایە. جا ئێستا کێ خوێنی بیر بەربوون دەوەستێنێ؟
کێ پەنجەرەی سۆزی پێ دادەخرێ، کێ بە ڕووی دژەباکەدا دەوەستێ، تا پەچەی سەر ڕووی ئەم شارە لاداو.. بێگریان سەیری چاوی بکات.

کەواتە ئەمە قسنتینەیە..
وا منیش بە تاکە دەستەکەم، جانتا دەستییەکەو، ئەو تابلۆیە هەڵدەگرم کە بیستوپێنج ساڵ پێکەوە ژیاین و، دوا سەفەریم لەگەڵدا دەکات.
ئەوە "حەنین"ە، کۆپییەکی کەموکورتی قسنتینەیە، لە شەوی پێکگەیشتنێکی تابلۆ ڕەسەنەکە خۆیدا..
خەریکە ئەویش وەک من لە پێپلیکەی فرۆکەکەوە، لە ماندوێتیو.. سەرسامیو.. پەشۆکاویدا بەردەبێتەوە.
نیگا ساردو داخراوەکانمان تێدەگرن. ئەو دەستەواژانەمان پیادا دەکێشن کە فرمان و یەکلاکەرەوەن. ئەم هەموو ڕووە داخراوانە، ئەم هەموو دیوارە خۆڵەمێشییە کاڵبۆوانە..
بڵێی ئەمە نیشتمان بێ؟
قسنتینە..
"ئومیمە" تۆ چۆنی.. چیتە؟
دەرگات بکەوەو لە ئامێزمگرە.. تاراوگەیی بەسوێیە.. ئەم گەڕانەوەیە بە ئازارە..
فرۆکەخانەکەت ساردوسڕەو بیرمچۆتەوە. شەوە چیاییەکەشت ساردەو منی لە بیرکردووە.
ئەی خانمی گەرمیو ساردی داپۆشە.
کەمێک ساردییەکەت دواخە.. هیوابڕاوییەکەشم تۆزێک دواخە.
من لە سالآنی بەستەڵەک و نەهامەتییەوە هاتووم، لە شاری بەفرو تەنیاییەوە.
بەدەم زامەوە بە پێوە ڕام مەگرە.
ئەو ئیشارەتانەی بە عەرەبی نووسرابوون و، چەند وێنەیەکی ڕەسمیانەو، هەموو دەموچاوە ڕەشتاڵە پێکچووەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی نیشتمانم بۆ یەکلادەکەنەوە. هەستی جۆرە تاراوگەییەکی ترم پێدەبەخشن کە هەر لە فرۆکەخانە عەرەبییەکاندا هەیە.

تەنیا دەرکەوتنی دەموچاوی حەسان گەرمییەکی ناکاوی دامێ.. ئەو و بارانەکە شەختەی یەکەمین پێککگەیشتنەکەمیان تواندەوە.

خۆ کە لە ئامێزی گرتم و، شتەکانی دەستمی وەرگرت و، تابلۆکەی گرت و بە گاڵتەیەکی جەزائیریانە ووتی:

"چبووە.. هێشتا هەر خەریکی هێنان و بردنی تابلۆی..؟" ئەمجا بەردەوامبوو: "ئیە گەورەم.. ئەمڕۆ ڕۆژێکی پیرۆزە کێ دەیووت لێرە چاومان پێتدەکەوێت..!".

هەستمکرد ناکاو قسنتینە ئادگارەکەی خۆی گرتەوەو، ئاخرییەکەی هات بە پیرمەوە.

جا بڵێی حەسان هەر هەمان شار نەبووبێ. بەردی.. گەچی.. پردو قوتابخانەی.. کۆڵان و بیری؟

لێرە لە دایکبووەو، پەروەردەو خوێندنیشی هەر لێرەبووە، هەر لێرەش بۆتە مامۆستا. زۆر دەگمەن نەبووبێ کورتە سەردانی تونس یان پاریسی کردووە ئەگینا بە بست لێی دوور نەکەوتۆتەوە.

ساڵ نا ساڵێک بۆ دڵنیابوون سەردانی دەکردم و، تا هەر بەو بۆنەیەشەوە هەندێ پێویستی بۆ خێزانەکەی بکڕێت، کە زۆری نەبرد پەرەی سەندو چەندین ئەوەندەی لێهات. حەسان وەک، دوای چەند هەوڵێکی سەرنەکەوتووی لە خشتنەبردنم، هیوای بە ژنهێنان و بوونە خاوەن کچ و کوڕێتیم بڕابێ و.. لەو تابلۆیانە زیاتر کە هەر ناوی خۆمیان پێوەیە هیچی دیم بەناوەوە نەکرێ، بڕیاری بەرپرسێتی لەناو نەچوونی ناوی بنەماڵەکەی تەنیا بەخۆی سپاردبێ.

ئەمڕۆ بۆم ڕوونبۆوە، کە ئەم پیاوە باڵابەرزە ئادگار بەئەمەکەی، یەکبینە بەڕەقیو پێداگرتن و دووپاتکردنەوەی مامۆستایەتییەوە دەدوێ، هەروەک قسە بۆ قوتابییەکانی بکات نەک بۆ خەڵکی دی، برامەو.. چی دی نا.

بڵێی ئەوەم نەزانیبێ؟ نەخێر!

بەڵام لەم ڕۆژە جیایەی ئازارو شکستیو.. خۆشیدا! هەستدەکەم نزیکێتییەکەی دەبێتە تاکە زەمینەیەکی پتەو، کە بوومەلەرزە ناخییەکانی خۆمیان لەسەر بگرم و، ئەو تەنیا سنگەشە کە لەبەر خۆزلزانێتیم نەبوایە، لەو ساتەدا بەسەرییەوە بگریم.

"دە" ساڵ.. هەندێجار من لە فڕۆکەخانەی (ئورلی نێودەوڵەتی) چاوەڕێم دەکرد.

دەورەکان پێچەوانەبوون. ئەو دەهات و.. من چاوەڕێیبووم. ئەوکاتە هەستم دەکرد ئەرکێکی نەسەپێنراوی خێزانی بەجێدێنم، بەڵام لەسەری سووربووم. چونکە یەکێک لەو دەرفەتە کەمانەبوو کە تیایدا ڕۆڵی "برا گەورەیەتی"، بە هەموو بەرپرسیارێتی و ئەرکەکانییەوە، بەجێبێنم. ئەو ڕۆڵەی هەرگیز تیایدا سەرکەوتو نەبووم. چونکە بەڕاستی هەمیشە دوور لە حەسان دەژیام، ئەو حەسانەی کە دەرکم بە برسێتی سۆزو زوو هەتیوکەوتنی و.. دڵ لابوونە هەمیشەییەتییەکەی دەکرد.

بڵێی هەر بۆ ئەوەش وازوو ژنی هێنابێ‌و، کەوتبێتە هەڵڕشتنی منداڵی زۆر، تا لە خێزانێکدا خۆی ببینێتەوە کە لە منداڵیدا لێی بێبەشبووەو، منیش بە هاتنی ناوەناوەو.. وونبوونی ئەم تاراوگەو ئەو تاراوگە، نەمتوانی جێگەی بۆ بگرمەوە.

بۆچی پێکگەیشتنەکەی ئەمڕۆم لەگەڵ حەساندا گشت پێوەرەکانی پێشووم لنگەوقوچ دەکاتەوە، بە جیاوازی تەمەن و، شەش منداڵەکەی، هەستدەکەم من براپچووکبم و لەم ساتەدا ئەو حەوت ساڵ، ڕەنگە زیاتریش لە من گەورەتربێت..

بڵێی هەر لەبەر ئەوەبێ کە جانتاکەمی هەڵگرتووەو پێشمکەوتووەو، لە ووردەکاری سەفەرەکەم دەپرسێ.. یان ئەم فڕۆکەخانەیەی کە پیاوەتی‌و خۆ بەگەورەزانینم دەبزوێنێ، مەزنی تەمەنم لێدادەماڵێ. لێدەگەڕێم حەسان لە بری من ڕەفتاریان پێبکات، وەک ئەزموونی لەگەڵ ئەم شارەو هۆگربوونی لەگەڵ هەڵسوکەوتە حولحولییەکەیدا، وایان لێکردبێ ئەمڕۆ گەورەتر بنوێنێ..

یان بڵێی قسنتینە.. ئەو دایکەی، لە خۆشویستن و ڕقلێبوون.. سۆزو توونلدیدا، بەسۆزێکی هەڵەشە، هەر کە قاچم نابێتەبانی، کردبێتمییە لاوە پەشۆکاوە شەرمنەکەی سی ساڵ پێش ئێستا؟

لە پەنجەرەی ئەو ئۆتۆمۆبیلەی لە فڕۆکەخانەوە بۆ ماڵی دەبردمەوە، پیامدا دەڕوانی‌و، دەمپرسی: بڵێی بمناسێتەوە؟

ئەم شارە نیشتمانەی، کە هەواڵگرو شانپان و دەستپیسەکان لە دەرگای شەرەفییەوە ئەمدیو دەکەن و.. منیش لەگەڵ غەوارەو بازرگانانی جانتاو.. کلۆلاندا بە ژووردەنێ.

دەمناسێتەوە.. ئەو بە ووردی لە پاسپۆرتەکەم ڕادەمێنێ‌و.. بیریدەچێ لە خۆم ووردبێتەوە؟

ڕۆژێـک لە ژنە عەرەبێکیان پرسی: "کام منداڵەت لە هەمووان خۆشتر دەوێ؟" ووتی: "ڕۆیشتوویان تا دەگەڕێتەوە.. نەخۆشیان تا چاک دەبێتەوە .. پچووکیشیان تا گەورە دەبێ".

منیش ئەو ڕۆیشتووەبووم کە نەگەڕابوومەوە.. ئەو نەخۆشەبووم کە چاک نەبوومەوە.. ئەو پچووکەشبووم کە گەورە نەبووم..

قسنتینە قسەی ئەو ژنە عەرەبەی نەبیستبوو. گازاندەی لێناکەم. گلەیی لەو شتانە دەکەم کە لە کتێبە کەلەپوورە عەرەبییەکاندا خوێندومنەتەوە!

ئەو شەوە یەک تۆز خەون لەچاوم نەکەوت..

بڵێی خواردنەکەی ئەو ئێوارەیەی ژنەکەی حەسان، کە وەک داوەتێک سازکات، لێیناو منیش بە تامەزرۆییەکی مێژوویانە لێیچوومە پێش، کۆن بووبێت، ڕاڕاییەکەم لە خواردنی چەند قاپێکەوەیە کە لەمێژە تامی زۆربەیانم نەکردبوو؟

یان ئاکامی زەبری چاوپێکەوتنە بەسۆزەکەی تری ئەوماڵە بووبێت، کە تیایدا هاتبوومە دنیاو پەروەردە ببووم، گەلێک یادگارم، بە دیوارو کەلەبەرو پەنجەرەو ژوورو ڕاڕەوەکانییەوە هەیە، لە شادیو پرسەو جەژن و.. ڕۆژانی ئاسایی تریشدا، یادیان لە ناخما کەڵەکەببوو تا ئێستاو ناکاو سەرکەون.. بیرەوەرییەکی نائاساییئاسا، خۆیان نەبێ هەموو شتێکی دی بسڕنەوە؟

وا من کە دێـمە ئەم ماڵە لە بیرما نیشتەجێدەبم، جا ئیتر کەسێک بیری بکاتە بالیف چۆن خەوی لێدەکەوێ؟

هێشتا تارمایی ئەو کەسانەی جێیانهێشت بە بەردەممدا ژووراو ژوور دەکەن. وەختا دامێنی کراسە ئەنگۆرە نایابەکەی "دایە" بەدیکەم کە بێرەدا، بە ئامادەیی دایکێتییە نهێنییەکەیەوە دێتودەچێ. دەنگی باوکیشم بۆ دەستنوێژگرتن داوای ئاو دەکات، یان لەخوار پێپلیکانەکانەوە هاواری لێبەرزدەبێتەوە "ڕێگاکەن.. ڕێگا"، تا ژنانی ماڵ لە هاتنەوەی خۆیو پیاوێکی دی ووریاکاتەوەو، ئەوانیش دەبێ ڕێگاکە چۆڵکەن و خۆ لە ژوورە دوورەکاندا حەشاردەن.

وەختا لەو دیو دیوارە تازە سپیکار کراوەکەوە ئاسەواری ئەو بزمارە بەدیکەم کە چل ساڵ لەمەوبەر ڕۆژێکیان باوکم بڕوانامەی سەرەتاییمی پێهەڵواسی. ئەمجا دوای چەند ساڵێک بڕوانامەیەکی دی..

ئیتر دوای ئەوە هیچی دی..

بایەخدانەکەی منی ڕاگرت تا گرنگی بە شتی دی، پڕۆژەی دی بدات، تا بە مردنی "دایە"و ئەو ژنهێنانە ئامادەکراوەی ماوەیەك بوو بیری لێدەکردەوە، کۆتاییهات.

وەختا لاشەی "دایە" بەدیکەم کە جارێکی دی لەم دەرگا تەسکەوە ئەودیودەکراو کۆمەڵێک قورئانخوێن و.. ژنانی گریانزانی پرسەشی بە دواوەیە.

خەریکە نیگای کۆمەڵێکی دی دەکەم کە دوای چەند هەفتەیەك، ئەمجارەیان بە بووکێکی پچووك و.. ژنانێکی وەستای هەلهەکێشان و گۆرانی دەهاتن.

ئەو شەوەش کە حەسانم تیادا ماچکردو خواحافیزیم لێکرد تا بچمە بەرە.

ئەو شەوە لێینەپرسیم بۆ کوێ دەچم. حەسان پانزە ساڵانبوو، چەند ساڵێك پێش تەمەنی کەوتبوو.

ئەویش وەك من هەتیوی زوو پێیگەیاند.. سەرداخستنیش فێریکرد بێدەنگبێو پرسیار لای خۆی گلداتەوە.

لێیپرسیم:

ـ .. ئەی من؟

منیش بە هەمان ووریەوە وەلامم دایەوە:

ـ حەسان هێشتا منداڵیت.. چاوەڕێمبە..

وەك دەنگی "دایە"و نەخۆشی ترس لەمنەکەی ئەوی گرتبێ:

ـ ئاگات لە خۆتبێ.. کاکە خالید..

دەستیکرد بە گریان.

ئەمە ئەو نیشتمانەیە کە ڕۆژێک بە دایکمم گۆرییەوە.

پێموابوو هەر ئەو دەتوانێ لە گرێی منداڵێتی ڕزگارم کات، لە هەتیویم و سەرشۆڕیم.

ئەمڕۆ.. دوای ئەو هەموو تەمەنە، دوای زیاتر لەزەبرێک و زیاتر لە زامێك، دەزانم.. کە هەتیوی نیشتمانیش هەیە. سەرشۆڕێتی نیشتمان و، زۆرداری و دڵڕەقی و، توندوتیژی و خۆپەرستی هەیە.

نیشتمان هەیە دایکێتی نییە.. نیشتمانی باوکئاسا.

* * *

ئەو شەوە تا سەعاتێك دوای بەرەبەیان خەو لەچاوم نەکەوت.

پێکگەیشتنی ئەو شەوەی شارەکەم پێشوەخت تامی جۆرە زوخاوێکی هەبوو. هەر کە خەوم پیاکەوت پچوکترین کوڕی حەسان بەئاگای هێنام، هەر زوو کۆرپەئاسا وەک بۆ ئامێزی دایکی و، بەشە خواردنی بەیانی بگری، دەگریا.

ئێرەییم بە ساکاری و پڕکێشییە منداڵانەکەی و.. ئەو توانایەی دەبرد کە بیویستایە هەرچییەک بڵێ بێقسە دەیووت.

ئەو بەیانییە، لە یەکەم چاوپێکەوتنی ئەو شارەمدا، زمانم بیرچۆوە.

هەستمکرد قسنتینە تەنانەت بەر لە پێکگەیشتنەکەی بەزاندومی، هەر بۆ قایلکردنی ئەوە و هیچی دی، هێناومی!

هەستم بە ئارەزووی بەربەرەکانیکردنی قەدەرم نەدەکرد.

ئەوانەی پێش من ڕەتببوون بەزاندبوونی، لە شێتێتییەکەشیان مەزاری پەندوەرگرتنی دروستکردبوو.

منیش دوا شەیدای شێتەکانیم..

من ئەو کەمئەندامەم کە خۆشیویست، من"نۆتردامە کۆم"ێکی ترو، گەمژەیەکی قسنتینەیەکی دیم.. چی بەم شێتێتییەی گەیاندم؟ چی تەمەنێک لەبەر دەرگای دڵیا ڕایگرتم؟

بە تۆ دەچوو..

خۆتئاسایی دوو ناو و، چەند مێژوویەکی لە دایکبوونی هەبوو. تازە، بە دوو ناوەوە لە مێژوو هاتبووە دەر: یەکێکیان بۆ بەکارهێنان و.. ئەوی تریش بۆ یادگار.

ڕۆژانێک ناوی "سیرتا"بوو. وەک شارە مێینەیەک.. بەزێنەربوو.

ئەوانیش پیاوگەلێکبوون.. سەربازئاسا لە خۆبایی!

سیفاکس.. ماسینیسا و.. یوگورتە و.. هی تریش بەر لەوان، لێرەوە گوزەریانکرد.

بیریان لە ئەشکەوتەکانیدا جێهێشت. خۆشەویستی و ترس و خواوەندەکانیان تیادا کێشا.

پەیکەرو ئامێرو، پارەو، کەوانەی سەرکەوتن و نیگارە یۆنانییەکانیان جێهێشت..

.. کۆچیانکرد.

لە پردەکان تەنیا یەکێکیان خۆی گرت. لە ناوەکانیشدا "قسنتینە" نەبێ کە شانزە سەدە پێشتر "قسنتینە" پێی بەخشی، هیچیان نەمان.

ئێـرەیی بەو ئیمپراتۆرە ڕۆمانییە لە خۆباییە دەبەم، کە ناوی خۆی بە شارێـک بەخشی یەکەم خۆشەویستی نەبووبێ.. بەڵکو تەنیا بە هۆی مێـژووی ڕووتەوە بوو.

تەنیا من ناوێـکم پێـبەخشیت ناوی خۆم نەبێ.

ڕەنگە بۆ ئەوەشبێ، بەرهەڵستی ئەم یاسا گەمژەییەتییە بکەم و، ئەو شارەش بە "سیرتا" بانگکەم تا ڕەوایییەکەی یکەمینجاری بۆ بگێـڕمەوە.

ڕێـک وەک چۆن بە "حەیات" بانگت دەکەم.

وەک هەموو داگیرکەرێک.. "قسنتین"یش بە هەڵەداچوو.

شارانیش بە ئافرەت دەچن.. هەر بە ناوپێـبەخشینیان نابنە هی خۆمان.

"سیرتا" شارێـکبوو خۆی کردبووە قوربانی خۆشەویستیو شەڕ، کاری لە خشتەبردنی مێـژووی دەکرد، خۆی بۆ هەموو داگیرکەرێـک دەنایەوە کە ڕۆژانێـک لە بەرزایی گابەردەکانییەوە بۆی پێـکەنیبێ.

وەک ژنەکانی بە داگیرکردنە وەهمییەکان لە خشتەی دەبرد..

بەڵام کەسیش دەرزی لە گۆڕستانەکانی وەرنەگرتووە!

مەزاری ڕۆمانییەکان و.. وەندال و.. بیزەنتیو.. فاتمیو.. حفسیو.. عوسمانیو.. چڵویەک گەورە پیاویان لێـرە هەیە کە بەر لە کەوتنە دەست فەڕەنساییەکان نۆرەیان بۆگرتبوو.

حەوت دانە ساڵی ڕەبەق سوپاکانی فەڕەنسا لێـرەدا، کە لە بەر دەرگاکانی قسنتینەدا وەستان.

ئەو فەرەناسایەی ساڵی 1830 هاتە جەزائیرەوەو، تا ساڵی 1837، دەربەندێـکی نەگرتەبەرو تا نیوەی سوپاکەی خۆی و، پیاوە کارامەکانی قسنتینەشی تیا بەکوشت نەدا، ئەم شارە هەڵنیشتوەی سەر گابەردێـکی پێـنەگیرا.

لەو ڕۆژەوە، زیاتر لە پردێـک بەدەوری شارەکەدا هاتەکایەوەو، ئەو ڕێـگایانەش کە دەچوونەوە سەری زیادیانکرد.

بەڵام گابەردەکە هەمیشە لە پردەکان کەتەتربوو، چونکە دەیزانی لە هەڵدێـر بەولاوە لە ژێـر پرددا نابێ!

ئەوە ئەوشارەیە کە خۆی بۆ هەموو داگیرکەرێـک مەڵاس داوەو.. چارشێـوە ڕەشەکەشی لە خۆوە ئالاندووەو نهێـنییەکەیی پێ لە هەموو گەریدەیەک دەشارێـتەوە.

نشێـوو زەوییە قوولەکانیش لە هەموو لایەکەوە پاسیدەکەن، ئەشکەوتە نهێـنییەکانیو زیاتر لە پیاوچاکێـك، کە مەزاریان لەملەکەسکەکانی ژێـر پردەکاندا پەرشوبڵاوە، پاسیدەکەن.

ئەوە پردەکەیە.. نزیکترین پردە لە ماڵ و بیرمەوە. لە خۆوە هەروەك نیگاری بکێـشم، لە تارمایی گێـژیو یادەوەریدا، وەك لە ژیانم بپەڕمەوەو، ئەمپەڕو ئەوپەری تەمەن بکەم بە پێ پێیدا دەپەڕیمەوە.

پێـدەچوو هەمووشت بەسەر ئەم پردەوە خێـرابێ. ئۆتۆمۆبیل و هامشۆکەرو تەنانەت مەلیش، وەك لەوبەرەوە شتێـك چاوەڕوانیانبێ.

لەوانەیە ئەوکاتە هەندێـکیان نەیانزانیبێ کە ڕەنگە ئەوەی لێـیدەگەڕێـن کەوتبێـتە پشتیانەوە، ڕاستییەکەشی جیاوازی لە هەردووبەری پردەکەدا نییە. تەنیا جیاوازی لە سەرەوەیو.. بنەوەیدایە.

ئەو هەڵدێـرە ترسناکەی لە لەمپەرێـکی ئاسنین بەولاوە چیدی لێـی جوێـت ناکاتەوە، کەسیش بۆ سەیرکردنی ڕاناوەستێ، ڕەنگە بۆ ئەوەبێ کە مرۆڤ بۆخۆی زۆر حەزی لە مەرگرامان نەبێ.

ئەم هەڵدێـرە بە قووڵاچووە هەر خۆم ڕادەگرێ.

بڵێـی لەبەر ئەوەبێ کەخۆم بە بیری پێـشوەخت و یادە بۆماوەکانەوە بۆی هاتبم؟ یان ئەم ڕێـگەیەم بۆیە گرتبێ، تا تەنیا هەردوکمان لەسەر پردەکە بین؟

* * *

گەمژەیی هەیە نابێ بکرێـت، وەك ئەوەی کە لەسەر پردێـك ژوانت لەگەڵ بیرتا هەبێ.

بەتایبەتی کە ناکاو، ئەو چیرۆکەت وەبیربێـتەوە کە چەندین ساڵبێ تەواو لە بیرتکردبێ..

چیرۆکی باپیرە هەرە گەورەت کە خۆی لە پردێـکەوە هەڵدایەخوار، دوورنییە ئەم پردە بووبێ.. ئەویش کە بەگێـك بەڵێـنی کوشتنی دابوو.. کاتێـك ئەو بەگە هەواڵی ناپاکێـتیو پیلانگێـڕێتی ئەمی لەگەڵ چەند پیاوماقولێـکی قسنتینیە پێـگەیشتبوو تا لایبەرن. ئەمێـك کە نوێـنەرو نێـرراوی تایبەتیو.. باوەڕپێـکراوی بووە.

باپیرم ئەوکاتە لەوە لاوازتربوو کە بە تەنیا لەرووی ئەو فرمانی کوشتنەدا بووەستێـتەوە. دیسان لەوەش گەورەتربووە بەکێـشکرێـت تا بە ملکەچی لە بەردەمی ئەو بەگەدا ڕاوەستێ.

بۆیه که بەکێ یەکێکی نارد بۆی بیهێنێ.. له هەڵدێرێکی قووڵی وادا، له خوار دۆڵی لمەوە، باپیرەم لاشەیەکبوو. چونکه نەیویست شەرەفی کوشتنەکەی بەو بەگە ببەخشێ.

جارێـک ئەم چیرۆکەم له باوکم بیست، ئەو ڕۆژەی سەبارەت به نهێنی ناوەکەمان پرسیارم لێکرد.

پێـدەچوو حەزی به گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە نەبێ. چونکه له کۆمەڵگەی قسنتینه به دینەکەدا خۆکوشتن بۆخۆی شوورەیی‌و کفربوو. هەر بۆیەش دوای ئەوە خێزانەکەمان ناوی خۆی به ناوێکی نەناسراو گۆڕی‌و بەرەو خۆرئاوای جەزائیر کۆچیکرد. ئیتر تا وەچەیەک یان زیاتر، به ناوی شارێکی دییەوە سەریان به قسنتینەدا نەکردەوە.

سەیری خوارەوە دەکەمەوە.

بڵێی هاتبم لێرە، لەسەر ئەم پردە هەڵواسراوەی که سەدوحەفتا مەتر له قووڵایی زەویی بەرزترەو، پۆله قەلەباچکەش بەپەله بەسەریدا گوزەردەکەن، لەچی بگەڕێم؟

بڵێی بەدوای پاشماوەی باپیرێکدا بگەڕێم به ناوی ئەحمەدەوە.. دەڵێن پیاوێکی شۆخ‌و خاوەن سامان و زانستێکی زۆربووەو، ڕۆژێک.. تا دڵتەنگی‌و برینەکەی بۆ ئەو بنەماڵەیه جێبێڵێ، لێرەوە هەموو شتێکی تووڕداوە.

ئەمه قسنتینەیه..

ئەو شارەی پیاڕوانینی خەڵکی دی نەبێ بایەخ به هیچیتر نادات، له ترسی قسەوباسیشیان که زۆر سەرکەوتوانه دەیکەن، لەسەر مانەوەی سایەی خۆی سوورە. شەرەفمەندێتی خۆشی دەمێک به خوێن و.. دەمانێکی دیش به دوورکەوتنەوەو سەرهەڵگرتن دەکڕێت.

بڵێی گوڕرابێت؟

بیرمه که لاو بووم، بیستم خێزانێک ناکاو قسنتینەی جێهێشت و ڕووی له شارێکی دی کرد، ئەویش هەر که گۆرانییەک بڵاوبۆوە که تا ئێستاش "فرڤانی" دەیچڕێت، پێدەچێ کەسێک بەسەر کچێکیانیدا هەڵیدابێ!

پرسیاری.. دەبێ من هاتبم لەم سەر پردە چیبکەم؟ دەمێنێ

بڵێی ژوانم لەگەڵ بیرمدا هەبێ، یان ئەم بەیانییه هەر لەگەڵ تابلۆکەمدا هەمە؟

ئەوەتا ئەمڕۆ بەبێ فلّچەو ڕەنـگ ، بێ دلّەڕاوکێ، یان ترس لە قوماشە چوارگۆشە سپییەکە، بەرامبەری وەستاوم.

من لەم ساتەدا دروستکەری نیم . نە نیگارکێـشیم و نە داهێـنەری. من بەشێکیم و، دەکرێ تەنانەت ببمە بەشێـک لە ووردەکاریو بەرزو نزمیی.

دەتوانم ئەم لەمپەرە ئاسینە کە لێیم جیادەکاتەوە، وەک دەرچوونێ لە چوارچێوەی تابلۆکە، ببڕم.. هەر بۆیە لێـشی دەردەچم کە تاهەتایە تیایدابم.

خالّێـکی مرۆڤئاسا بەرەو دۆلّە بەردینە قوولّەکە تلۆربمەوەو، دلّۆپە ڕەنگێـک بم.. بەسەر تابلۆیەکی تاهەتایی، کە ویستم لە دیمەنێـکدا بیکێـشم.. کەچی ئەو منی کێـشا.

جا ئیتر یەکگرتنەوەی نیگارکێـشێـک و تابلۆکەی لە دیمەنێـکدا، جوانترین کۆتایی نییە؟

لەو ساتەدا کە سەیری دۆلّە قوولّەکەی ژێـرمم دەکرد، بەو تونێـلە بەردینانەدا دەمڕوانی کە ڕوباری "ڕمال" بە لە هێـدێتی کەفاوەکەی قاژی دەکرد، دەمزانی "هەلّدێـرە مێـیەکە"، لە مەرگی دواجۆشیدا، ڕەنگە دوا دەرفەتی یەکگرتنم بە قسنتینەو، بیری ئەو باپیرەوەبێ، کە ناکاو لەگەلّیا هەستم بە قایلبوونێـکی نادیارکرد، بەرەو قوولاّیی بەکێـشم دەکات.

بلّێـی کە بە تەنیا بەو پردەدا هەلّواسرابووم، ئارەزووی کەوتن و تێـکشکان گێـژیان کردبم؟

ناکاو هەستمکرد شەرم لەم شارە دەکەم و.. خەریکبوو داوای لێـبوردنی لێـبکەم. چونکە لێـرە هەر نامۆ هەست بە گێـژی دەکات. بلّێـی کەی بە تەواوەتی قسنتینە خستبێـتمییە خانەی ئەوانەوە؟

واش دانیپیادەنێـم، کە ئەوسا من بۆ مەرگ ئامادەنەبووم.

نەک لەبەر خۆبەستنەوەم بە ژیانەوە بووبێ، بەلّکو لەبەر ئەو پەستییە ڕادەرو سۆزە نادیارە توندەی تر بوو، کە لەوەتەی گەیشتومەتە ئەم شارە دایانگرتبووم.

زوخاو و نوشوستییەکانم گەیاندبووە ڕادەی دلّنیاییو بەختیارییەکی تەماوی.

فێـربووم گالّتەم بە هاندانی شتەکان بێـت، بە سووکە تەوسێـکی تالّەوە ڕووبەڕووی بیرەکان دەبوومەوە.

ئەی لەئاکامی بڕیارێکی شێتانەدا نەهاتوومەتە ئێرە، ڕەنگە لەشارێکدا بە دوای شێتیدا وێڵبم کە خەریکە بمسوتێنێ! بۆیە لەژێرەوە چێژم لەم گەمە بەسوێیە وەردەگرت و، سووریشم کە لەگەڵ زەبرەکانمدا بە مازوشییەکی ئەنقەستانە بژیم. چونکە ڕەنگە نوشوستی ئەمڕۆی ئەم شارەم کانزایەکی شێتیو بلیمەتی ئایندەمبێ.

واش، ناکاو بڕیارم دا لەوپردەی ڕۆژانێک سەرەتای شێتیم بوو، هەڵێم.

منێک کە ماوەیەکی زۆر بۆی بە پەرۆشبووم و، لە دانەیەک زیاتریانم بە دەوری خۆمەوە داناو، کردمە دیکۆری ژیانم، ناکاو لێی دەرپەڕیم.

بڵێی کە لەو شوێنەوە بە دامێنی چیاکاندا دەمڕوانی، ئەو دامێنانەی ڕۆژانێک بە گوڵاڵە سوورە پڕابوون و.. کێڵگە کەسکەکانیشی نێرگزەجاڕو، خەڵکی قسنتینەیش ساڵانە لە پێشوازی بەهاران دا.. بەکۆڵە خواردن و شیرینیو قاوەی دەستی ژن لێنراوەوە، دەهاتن بۆی.. ئەمڕۆ دڵتەنگ دیارە، وەک بەهۆیەکی نادیارەوە گوڵەکانی جێیان هێشتبێ، ئەو هەستە دایگرتبم؟

یان دیمەنی مەزارەکەی (سیدی محمد یاغراب)ە کە ناکاو بەبیر دێتەوە. منیش ئەوەم بە بیرخۆم هێنایەوە کە ئەم دواییە لەکتێبێکی مێژوویی دەربارەی قسنتینە خوێندبوومەوە. موچورکەیەکی نادیارم پیادێ.

چۆنە، بێئەوەی بەخۆم بزانم ئەو نەفرەتەم دواکەوێت کە بەهۆی ئەم پردەوە دوای ساڵح بەگی گەورەترین بەگی قسنتینە کەوت؟ ئەوێک کە دەیویست هەموو ئەو ئاوەدانییە زۆرو چاکسازییە هەمەچەشنەی بەو شارەی بەخشیبوو، بە چاککردنەوەی ئەو پردە کۆتایی بێنێ، کە تاکە زمانێکی خۆڵینی بوو شارەکەی بە دەرەوە بەستبێتەوەو، لە ناو پێنج پردە ڕۆمانییەکەشدا تاکە پردی خۆگربوو.

ئەفسانەیەکی میللی دەڵێ، ئەم پردە هۆیەکی مەرگی(ساڵح بەگ )و کۆتاییە بە سوێیەکەی بوو..

چونکە (سیدی محەممەد)ی بەسەرەوە کوشت، کە پیاوچاکێکی خواو خۆشەویستی زۆربەی خەڵکبوو. هەرکە سەری ئەو پیاوچاکە کەوتە زەوی، لاشەکەی بووە قەلێک و، بەرەو خانووی دامێنی گوندەکەی ساڵح بەگ ، دایە شەقەی باڵ و نەفرەتی لێکردو بەڵێنی پێدا کە کۆتاییەکەی ئەمیش لەو دڵڕەقیو ستەمکارییەی لەو پیاوچاکەی کردو کوشتی، کەمتر نەبێ.

سالْح بەگیش خانومالْ و زەوییەکانی بۆ تاهەتایە جێهێشت و لەترسی ئەو قەلە هەلاّت و، هاتە خانووەکەی شاری.

بەوجۆرە خەلْکی ناوی "سیدی محەممەد الغراب"یان لە شوێنەکەناو، دوو سەدە دواتریش لە قسنتینەدا بە مەزارگەی موسولْمانان و جوولەکە مایەوەو، لە وەرزی خۆیداو لە کۆتایی هەفتەدا، هەفتەیەکی تەواو بە پۆشاکی ڕەنگ گولْییەوە دەهاتنە سەری‌و، وەچە دوای وەچە ئەوەی بۆیان مابۆوە لەوێ دەیانکردو، کۆتریان دەکردە قوربانی‌و، بۆ پیرۆزیش لەو گەرماوەدا مەلەیان دەکرد کە کیسەلْ مەلەی تیادا دەکات، تەنیا "گۆشتاوی سەرووپێ"یان دەخواردەوەو، لەدەریشەوە بەدەنگی دەهۆلْ پۆل پۆل ئەلْقەی هەلْپەڕکێتان دەبەست و، هەلْپەڕکێی کۆنیان دەکرد.

قسنتینە، ڕقی لەو بەگە نەبوو کە مەزنی‌و خۆشی زۆری پێبەخشیبوو.

هەر بە چاکە یان بە شێتی.. بکوژو کوژراوی چونیەک لێکرد.

مەزاری (سیدی محەممەد الغراب)ی لە قسنتینەدا کردە بەناوبانگترین مەزاری پیاوچاکان، ئەویش لە شارێکدا کە هەر شەقامەو بە ناوی پیاوچاکێک کرابێتەوە.

لە ناو چل و یەک حوکمڕانی بەگیشدا، تەنیا ناوی سالْح بەگی نەمر کردووەو، جوانترین شیعریشی بەسەردا هەلْداوە، کارەساتی مەرگیشی لە جوانترین گۆرانی پیاهەلْداندا ووتووە. تا ئێستاشی لەسەربێ.. بێئەوەی بەخۆی زانیبێ پۆشاکی پرسەی لەگەلْ عەبای ڕەشی ژنەکانیدا پۆشیوە!

ئەوە قسنتینەیە..

جیاوازی لە نێوان نەفرەت و ڕەحمەتیدا نییە، هیچ شتێکیش خۆشەویستی و قینی لە یەکدی جیاناکاتەوە، هیچ پێوەرێکی زانراویشی بۆ ژیربێژییەکەی نییە.

نەمری دەبەخشێ بەوانەی کە خۆی دەیەوێ، سزای ئەو کەسانەش دەدا کەخۆی مەبەستێتی.

جا بلْێی کێ لەسەر شێتێتییەکەی لێپرسینەوەی لەگەلْدا بکات، کێش هەلْوێستی خۆی لە ئاستیا، بە خۆشەویستی یان ڕقلێبوونەوە.. تاوانکاری یان بێتاوانی.. بێئەوەی دانی پیابنێ کە لە هەموو بارێکدا دژەکەیی هەلْگرتووە، بنبڕدەکات؟

* * *

هەر ڕۆژێکم لەو شارەدا بەسەردەبرد، تا دەهات زیاتر لە یادەکانییەوە دەگلام، بۆیە لە دانیشتنی شەوانەی من و حەسان دا، ئەو قسەوباسە دوورو درێژانەمان پێکەوە دەکرد، کە جار هەبوو دەیگەیاندینە سەعات یەکی بەرەبەیان.. بە دوای جۆرە بیرچوونەوەیکی تردا دەگەڕام.

لەو کەشە خێزانییەی لە مێژبوو نەمابوو، لە دەری خێزانەکە، بە دوای دڵنیاییەکی تردا وێڵبووم.

ئەو ڕۆژانە بوونم لەو ماڵە خێزانییەی بەیەکتر ئاشنابووین، کاریگەرییەکی زۆری تێکردبووم. ڕەنگە ئەو پاڵپشتە نهێنیەشم بووبێ کە هەر بیریشم لێنەکردبۆوە.

شەوانە کە بۆماڵ دەهاتمەوە، وەک بەرەو کۆڵانە دوورەکانی منداڵیم سەرکەوم، تا لە نوێ ببمەوە بە کۆرپەلەی ناو سکی دایکم..

لە سکی دایکێکی وەهمی، کە دوای سی ساڵ شوێنەکەی هەر لێرە ماوە، خۆم حەشاردەم.

ئەو شەوانە "زیاد"م وەبیرهاتەوە، کە لە جەزائیر خاوەن خانووەکە بە نوێکردنەوەی کرێدانی خانووەکەی قایل نەبوو، چەند مانگێک لای من مایەوە.

ئەوکاتە ڕاهاتم شوێنەکەی خۆمی بۆچۆڵکەم و، خۆشم لە ژوورێکی دیو لەسەر زەوی جێگە ڕاخەم و بخەوم.

زیاد ناقایلبوو شەرمی دەکرد، پێیوابوو بۆ خۆشی وای لەگەڵدەکەم.

منیش هەموجار دڵنیام دەکرد، کە ئەو بووە هۆیەک خۆشی نووستنی سەر زەوی بزانم. چونکە پێخەفی سەر زەوییەکە منداڵیو نووستنی چەند ساڵەی پاڵ دایکمی سەر ئەو لبادەی بیر دێنامەوە، کە هێشتا ڕەنگە شینەکەیم لە یادە. بگرە ئەو ڕۆژە پایزانەیەشی بیردێنامەوە کە "دایە" بۆ خوری شتن و نوێکردنەوەی لبادەکان، کە پۆشاکی سەرەکی ژووری نووستنەکەم بوون، تەرخانی دەکرد.

ئاواتم دەخواست داوا لە "خاتو عەتیقە" بکەم کە لە دوارۆژدا جێگەیەکم لەسەر زەوی بۆ داخات، ڕێک وەک چۆن لە ژوورەکانی دیدا جێگە لەسەر زەوی بۆ منداڵەکان دادەخات تا پێکەوە بخەون. گەرمیو ئارەزووی خۆخزاندنە ژێر لێفە خورییە جوانەکان غیرەو سۆزی ڕۆژگارێکم دەووروژێنێ، کە نازانم، بەڕاستی لە دوورییەوە بەسەرم بردووە.. یان هەر خەیاڵە.

بەڵام دەشێ داوای وا لە عەتیقە بکەم؟ ئەوێک کە جوانترین ژووری ماڵەکەیی داومەتێ، ژووری نووستنە هاوچەرخییەکەی خۆیەتی، کە زیاتر بۆ پێشوازی میوانە وەک بەسەربردنی شەوانی زاوایەتیو.. خۆشەویستی بێ؟

ئەگەر وام بکردایە لەوانەیە شەرمی بکردایەو، لێکدانەوەیەکی بۆ ئەو شێتییەم نەدیایەتەوە. عەتیقە جاروبار بەشداری دانیشتنەکانی شەوی دەکردین و، هەوڵیشی دەدا وەک پیاوێکی شارستانی کە لە پاریسەوە هاتبێ هانام بۆبێنێ، تا براکەم بەوە قایلکەم واز لەم خانووە عەرەبییە کۆنەو، ئەم شێوە ژیانە دواکەوتووە بێنێ. خەریکبوو لەبارەی هەموو ئەو شتانە بەلای منەوە جوان و.. دەگمەنن، داوای لێبوردن بکات.

منیش چونکە نەمدەتوانی بە بۆچوونەکانی خۆمی قایلکەم، پرکێشی پەرچدانەوەی ڕاکانیم بۆ نەدەکرا، بۆیە تەنیا گوێم لە مشتومڕی ئەو و حەسان دەگرت، ئەو مشتومڕەی هەندێجار پێش کشانەوەیو چوونە سەرجێی نووستن خەریکبوو دەبووە شەڕ، حەسانیش بە نیمچە داوای لێبوردنێکەوە دەیووت:

"ناکرێ ژنێک زنجیرەی (دالاس) لە تەلەفیزیۆندا ببینێ، بەوە قایلکەیت کە لە ماڵێکی وادا بمێنێتەوەو شوکرانەی خوا بکات.. نەتوانن خانوویەکی ڕێکوپێک و.. ژیانێکی باشتر بۆ ئەم خەڵکە دابینکەن.. ئەوا دەبێ ئەم زنجیرەیە ڕاگرن..".

ئێرەیم بە قایلێتی حەسان دەبردو، فەلسەفەی ژیانیشیم بە دڵبوو.

دەیووت: "بۆ ئەوەی بەختیاربیت پێویستە سەیری خوارخۆت بکەیت. خۆ ئەگەر پارچە نانێکیشت بەدەستەوەبێو، چاوت لە یەکێکبێ هیچی بە دەستەوە نەبێ، ئەوا بەختیار دەبیت و شوکرانەی خواش دەکەیت. بەڵام ئەگەر سەرت زۆر بڵنکردو یەکێکت بینی پارچە (کێک)ێکی بە دەستەوە بێ ئەوا تێرنابیو، بگرە هەر لە داخیشا سەردەنێیتەوەو.. بەو زانینەشت نەگبەتی دەتگرێ!".

بەوجۆرە ژیان بەلای حەسانەوە لە خانوویەکی وادا بە هەموو کەموکووڕییەکانییەوە، کە هەندێجار بێزارکەرن، بەهەموو ئەو شتانەشیەوە کە سەردەمەکە تێیپەڕاندووە، لەوە باشترە کە هەزاران کەس و، بگرە دەیان هەزارکەس پێوەی دەناڵێنن و خانوویەکی وا سەربەخۆو بەرینیان دەستناکەوێ تا خۆیان و ماڵ و منداڵانیانی تیادا بحەوێنەوە. بگرە گەلێجار

پێکەوە لەگەڵ کەس و کارو خزمانیاندا، بۆ چەند ساڵێک لەو شوقە تەسکانەدا دەژین کە دوو خێزانیان تیادایە.

حەسان وابوو..

"سەرنجی ستوونانەی بۆ شتەکان هەبوو، هەرچییەکیش فێربووە لە منداڵییەوەو لە تەختەی سەر دیوارەکەوە فێربووە..".

بەو سەرنجەی خۆی بەختیاربوو، کە دیسان ئەویش بۆ ئەقڵییەتە فەرمانبەرێتییە دەستکەوت دیاریکراوەکەی و.. خەونە دیاریکراوەکانی! دەگەڕایەوە.

دەبێ مامۆستایەکی زمانی عەرەبی خەون بەچییەوە ببینێ، کە بەوەی ڕۆژەکەی بە ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییەکان و، گێڕانەوەی ژینامەی نووسەر و شاعیرە کۆنەکان بۆ قوتابیانیو.. هەڵبژێری ڕێزمان و ئینشاکانیان بەسەری دەبات بەختیاربێو، ئەوەندەشی کات نەبێ یان ئەوەندە ـ پڕکێشی ـ نەکات چی بە بەرچاوییەوە ڕوودەدات باسی بکاو، هەڵەی گەورەتر ڕاستکاتەوە، کە بەناوی ئەو ووشانەی ناکاو لە زمانەوە دەرپەڕیون، کراون، تا بکەونە فەرهەنگی دروشم و زیادەکارییەکانەوە؟.

لە ناخی حەساندا تاڵاوێکی نادیار هەبوو کە بە هەموو ووردەکارییەکانی ژیانییەوە دیاربێ. بەڵام هەر لای خۆیی گلدەدایەوە.

دیاربوو ماندوەو نوقمی گرفتی شەش منداڵەکەیو ئەو ژنە گەنجەی بووە کە خەون بە ژیانێکی تری جیاواز لە ژیانە داخراوەکەی قسنتینەوە دەبینی.

بەڵام حەسان خۆی پڕکێشی خەونبینینی نەبوو، یان ڕاستتر ئەوکاتە خەونی بە دیتنەوەی یەکێکەوە دەبینی هەولی پەیداکردنی سەلاجەیەکی نوێی بۆ بدات و.. هیچی دی!

کە بە ئاواتە ئاسانە قورسەکەیم زانیو، بۆم دەرکەوت نەک، وەک پێموابوو هەر لە ئەوروپاو فەرەنسا دواکەوتوین، چونکە گەر هەر ئەوەبوایە شتەکە ئاسان و.. بەجێ بوون، بەڵکو لە نیوسەدەی پێش ژێردەستەیی ئیمپریالیزمان و بگرە زیاتریش دواکەوتوترین، پەستبووم.

ئەوکاتە ئاواتەکانمان جوانترو.. خەونەکانیشمان گەورەتربوون.

بۆ تێگەیشتنی ئەوەش ئەوەندەت بەسە کە ئەمڕۆ بە ڕووی خەڵکەکەدا بڕوانیت و گوێ لە قسەوباسیان بگریت و سەرنجی پێشی کتێبخانەکانیش بدەی.

ئەوکات نیشتمانێک بووین.. لەگەڵ هەر دەنگوباسێکدا خەونمان بۆ سەرجەم گەلانی دنیا دەنارد.

ئەم شارەش بە تاقی تەنیا ئەوەندەی ڕۆژنامەو گۆڤارو کتێب دەردەکرد کە ئەمڕۆ دەزگا نیشتمانییەکان نە بە جۆرو.. نە بە ژمارە ئەوەندە دەرناکەن.

ئەوکاتە ئەوەندە خاوەنبیرو زاناو.. شاعیرانی خۆشدوو نووسەرمان هەبوو، کە شانازی و سەربەرزی بە عەربێتیمانەوە بکەین.

ئەمڕۆ کەس ڕۆژنامە ناکڕێ تا لە دۆلابدا هەڵیگرێ، چونکە ڕۆژنامەی وا نەماوە هەڵگرتن بهێنێ.

کەسیش لای نووسەر دانانیشێ تاشتێکی لێوەفێربێ. نەهامەتی ڕۆشنبیری بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵ و، پەتایەکە ڕەنگە لە هەڵدانەوەی پەڕەکانی کتێبێکدا تووشتبێ. "لەو دەمەدا بەردەوام کتێب ڕاستبوو، هەر یەکەشیان ئەوەندە زمانپاراوبوو، وەک کتێب دەدوا..".

ئەمڕۆ کار گەیشتۆتە ئەوەی کتێبیش.. وەک ڕۆژنامەکان درۆبکات. بۆیە ڕاستگۆیەتیمان چۆتەوەیەک.. ئەوەتەی باسمان هەر باسی بابەتە وونە پێوستییەکانی ڕۆژانەیە، زمانپاراوێتیشمان مرداربۆتەوە!

ئەو ڕۆژەی ئەو قسەیەم بە حەسان ووت، وەک شتێکی دۆزیبێتەوە کە پێشتر پەیی پێنەبردبێ بە سەرسامییەوە پیامیا ڕوانی.. ئەمجا بە سووکە هەناسەیەکی ساردەوە ووتی:

- ڕاستە.. ئامانجی پچووکی وایان بۆ دروستکردین کە پێوەندی بە کێشەکانی سەردەمەوە نەبێ‌و.. سەرکەوتنە کەسێتییە خەیاڵییەکانیش، کە ڕەنگە بۆ هەندێک دوای ساڵانێک چاوەڕوانی بەدەستهێنانی شوقەیەکی پچووک بێت.. یان ڕەنگە دەستکەوتنی سەلاجەیەک، یان کڕینی ئۆتۆمۆبیلێک.. یان تەنانەت تایەکانیشی بووبێ! کەسیش ئەوەندە کات و مێشکی نەبووە تا بیر لە زیاتر بکاتەوەو داوای لەوە زیاتر بکات..

ئێمە ماندوین.. خەمی ژیانە ئالۆزاوەکەی ڕۆژانە، کە چارەسەری ووردەکارییە ئاساییەکانی هەمیشە بە واسیتەدەبێ. ئیتر چۆن دەتەوێ بیر لە شتی دی بکەینەوە، باسی کامە ژیانی ڕۆشنبیری دەکەیت؟ ئێمە کۆڵمان تەنیا بە ژیانەوە هەڵگرتووەو هیچی دی.. هەرچیش لەو بترازێ ڕابواردنە.. بوینەتە نەتەوەیەک لە مێروولە، کە بە شوێن خۆراکی‌و بەردێکدا دەگەڕێ تا خۆی‌و بێچووەکانی تیادا حەشاربدات و هیچی دی..

ساکارانه لێـمپرسی:
ـ باشه خەڵکی چییکەن؟
بە گاڵتەوە ووتی:
ـ خەڵک..؟ هیچ.. هەندێـک چاوەڕوانەو.. هەندێکیش خەریکی دزینە و.. هەندێـکی دیش خۆیان دەکوژن، ئەم شارە بە هەمان بیانوو.. بەهەمان پاساو! ئەو سیانەی بۆ هەڵبژاردوویت.
ئەوکاتە ترسم لێنیشت کە شار شتێـک لە حەسان بکات. ناکاو موچوڕکەیەکی نادیارم پیاهات.
بێبیرکردنەوە، وەک پرسیاری هەڵبژاردنی یەکێـک لەو سێ ڕێـگایەی لێـبکەم لێـمپرسی:
ـ ئەی لێـرە برادەری وات هەیە بیانبینیو.. لەگەڵیان پچیتە دەرەوە؟
وەک پرسیارەکەمی بەدڵبێ، یان بە بایەخدانە ناکاوەکەی کە بە سەرجەم ووردەکارییەکانی ژیانی دەیدەم خۆشحاڵبێ، وەڵامی دامەوە:
ـ برادەرم هەیەو زۆربەیان لەگەڵما لەدواناوەندی مامۆستان.. ئیتر کەسی دی ناناسم.. چونکە قسنتینە خەڵکەکانی خۆی تیادا نەماوە، هەموو ئەو بنەماڵانەی دەمانناسین کۆچیانکرد.
کەوتە گێـڕانەوەی ناوی ئەو بنەماڵە گەورانەی کۆچیانکردووە یان لە پایتەخت نیشتەجێـبوون یان لە دەرەوەی ووڵات، شارەکەیان بۆ خەڵکانی دی جێـهێـشت.. زۆربەی ئەو خەڵکەش لە گوندو شارۆچکەکانی دەورو بەرەوە هاتوون.
بەر لەووتنی ئەو ڕستەیەی کەساتی خۆی هەڵوێـستەی پێـنەکردم و، دوای شەش ساڵ هەموو ڕەهەندی قەدەرە گەمژەکەی گرت، ووتی:
ـ خەڵکەکەی خۆشی وایان لێـهاتووە، بۆ زەماوەند..یان پرسەنەبێ نایەن!
پێـشئەوەی هیچی لەسەر بڵێـم، وەک شتێـکی بیرکەوتبێـتەوە بەردەوامبوو:
ـ ناسری کوڕی سی تایەرت پێـدەناسێـنم.. یەکلاییە کە دووسبەی دێـتە شایی خوشکەکەی. دەبینی.. بۆتە پیاوێـکی باڵابەرزو کەتەی وەک تۆ، چەند مانگێـکە هاموشۆم دەکات، لەوەتەی بڕیاری داوە لە قسنتینە نیشتەجێبێ. تەنیا ئەو کۆچی پێـچەوانەی کرد. تەنانەت قایلنەبوو پارەی چوونە دەرەوەی ووڵاتیش وەرگرێـت.. پێـشبینیکە! کەس باوەڕناکات.. کە لێـمپرسی بۆچی ئەویش وەک ئەوانی دی سەفەرناکات و لەدەست ئەم ووڵاتە هەڵنایەت،

پێیووتم: "دەترسم گەر بڕۆم ئیتر هەرگیز نەگەڕێمەوە.. هەموو هاوڕێکانی ترم کە سەفەریان کردووە نەگەڕاونەتەوە..".

کە بۆم دەرکەوت ئەم کەڵلەڕەقێتییەی ئەو تۆم وەبیردێنێتەوە، هەر وەک دیاردەیەکی خێزانەکەبێت، پێکەنیم. حەزم بە درێژەدانی باسەکە کرد کە بەشێوەیەک لە شێوەکان بە تۆ دەگەیشتەوە..

لێمپرسی:

ـ ئەی ئێستا چی دەکات؟

ـ لەبەرئەوەی کورە شەهیدە دوکانێک و شاحنەیەکیان داوەتێ، دەستکەوتێکی چاکی لێیان چنگدەکەوێ. بەڵام هێشتا وێڵ و ڕاڕایە، هەندێجار بیر لە خوێندنەکەی دەکاتەوەو، جاریش هەیە بیر لەوە دەکاتەوە خۆی بۆ بازرگانێتییەکەی تەرخانکا. ئەوی ڕاستیبێ منیش ناتوانم ئامۆژگارییەکی بکەم. ناخۆشە مرۆڤ لە خوێندنی باڵا دابڕێ، چونکە بە تا ماوە هەست بەو کەمییە دەکات.. لەلایەکی تریشەوە، خۆی دەڵێ ئێستا باوەڕنامە هیچ سوودێکی نەماوە، لاوانی خاوەن باوەڕنامە باڵاکانیش بە دەوری خۆیەوە دەبینێ کە بێکارەن و، هەندێ نەزانیش بە ئۆتۆمۆبیلی مارسیدس دێن و دەچن و لە ڤیەللا گەورەکانیشدا دەژین.. ئەمە ڕۆژگاری زانست نییە.. ڕۆژگاری وورياییە.. ئیتر چۆن دەتوانی برادەرەکەت، یان تەنانەت قوتابییەکەشت قایلکەیت هەوڵی زانستیبێ؟. هەموو پێوەرەکان بە تەواوەتی لە گرێژەنەچوون..

بەحەسانم ووت:

ـ گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئامانجی ڕاستەقینەی ژیانی خۆی بزانێت.. یەکەمین گرفتی پارەیە.. یان زانست و هاوسەنگییە ناخییەکەیەتی؟

حەسان بە گاڵتەکردنەوە وەڵامیدایەوە:

ـ هاوسەنگی..؟ باسی کام هاوسەنگی دەکەیت؟.. ئێمە گەلێکی نیمچە شێواوین. کەسیشمان تەواو نازانێ چی دەوێ.. یان ڕێک چی چاوەڕوانێتی .. گرفتی سەرەکی ژیانی خەڵکی ئەم ڕۆژگارەو، ئەو نوشوستییە گشتییەیە کە گەلێکی تەواوی تێکەوتووە. ئەوەیە کە ئارەزووی دەستپێشخەریەو خەون و پلاندانانی هەر پرۆژەیەکت ناهێڵێ. نە ڕۆشنبیر بەختەوەرەو.. نە نەزان و نە ساویلکەو نە دەوڵەمەند. کەواتە ڕەحمەت لە دایک و باوکت پێمبڵێ.. گەر فەرمانبەری بەر دەستی بەرێوەبەرێکی نەزانی وا بیت، ڕێکەوت نەک زانین بەو پلەیەی گەیاندبێ، بەڵکو لە ڕێی.. ناسیاو زۆریەو

شان پانییەوەبێ، ئیتر چی بە زانستت دەکەیت .! بۆ نموونە لە شارێکی وەک قسنتینەدا دەتوانی چی بە پارەو سامانت بکەیت.. جگە لەوەی بیدەیتە یەکێـک تا ئەو پەرەکەی شوقەیەکی خراپت بۆ پەیداکا.. یان شاییەک بگێڕیت کە "الفرقانی" گۆرانی تیادا بڵێ؟ خۆ ئەگەر چیت هەیە لە بیست هەزار دینار زیاتر نەبێ.. ئەوا لەوەندە زیاتری پێناکرێ کە لە قاوە خواردنەوەیەکدا بە بەرپرسێکی ناوخۆی پشت فەرمانبەرێکی دی بدەیت، کە پاسپۆرتی چوونە حەج دەفرۆشێت. بەوەش حەجی خۆت دەکەیت و.. پاشئەوەی ئەم دنیایەت لێهاتەوەیەک ژوورێکی پچکۆلە لەو دنیا بۆخۆت دابیندەکەیت!

پێم سەیربوو قیژاندم:

ـ چییە.. بەڕاستیتە.. پاسپۆرتی چوونە حەج بە دوو ملیۆن دەفرۆشن!؟

ـ بێگومان.. چونکە میری لەبەر خەرجی زۆریان بە دراوی بە بەها ساڵانە ژمارەی حاجییەکان دیاریدەکات، کە بۆی دەرکەوت زۆربەیان چەند جارێک، لەبەر شتیتر دەچن کە هیچ پێوەندییەکیان بەحەجکردنەوە نییەو، بەڵکو هەر بۆ بازرگانیکردن دەچن. ئەگینا چۆن ئەوە لێکدەدەیتەوە کە هەندێکیان شەش حەوت جار حەجیان کردووە بێئەوەی بە هەڵسوکەوت و ڕەوشتییەوە دیاربێ؟ من حاجییەکی "ساختەچی" دەناسم عەرەق لە ماڵی نابڕێ، یەکێکی تریش دەناسم لە ترافیک و "بزنس".. ئاڵوگۆڕی دراوی گران لە بازاڕی ڕەش بەولاوە شتێکی دی ناکات.. ئەوانە تا ئێستاش ساڵانە حەج دەکەن. بە ئاسانی بیست هەزار دینار پەیدا دەکەن. بەڵام من، کە مانگانەکەم لە چوار هەزار دینار تێپەڕ نەکات، پارەی حەجکردن لە کوێ بێنم؟

کە لە سەرسوڕمانێکەوە بۆ یەکێکی دی دەچووم پێمووت:

ـ بۆ.. نیازی حەجکردنتە؟

ووتی:

ـ بێگومان.. بۆ نەء.. ئەی موسوڵمان نیم؟ دوو ساڵێکە کەوتوومەتەوە نوێژکردن، خۆ گەر باوەڕەکەم نەبوایە شێتدەبووم. چۆن بێباوەڕ خۆت لە بەر ئەم هەموو خراپەو زۆردارییەدا پێدەگیرێ؟ هەر ئیمانداری توانای خۆگریت پێدەبەخشێ.. سەیری دەوری خۆتکە: خەڵک هەموو بەو ئەنجامە گەیشتووەو ڕەنگە لاوان لەخەڵکی دی زیاتربن، چونکە یەکەمین قوربانی ئەم نیشتمانەن.. تەنانەت ناسریش ئەوەتەی گەڕاوەتەوە قسنتینە نوێژدەکات،

ڕەنگە هەر لەبەر ئەوەشبێو ڕەنگیشە ئاین وەك بێبڕوایی.. لێکترگرتنەوەی هەبێ! خالید بەو خوایە.. گەر ڕۆژانی هەینی دەیان بینی بە هەزاران بەرەو مزگەوت دەبنەوەو دیوارەکانیان لێدێتەوەیەك و.. شەقامەکانیش لیپدەکەن.. ئەوسا بە پرسیاری: بۆچی؟ لەگەڵیاندا دەوەستیت و نوێژدەکەیت!

لەو دانیشتنە سەیرەی ئەو شەوەدا کە تا سەعات دووی سەر لە بەیانی خایاند، هیچم نەدۆزییەوە کە شتێکی لەبارەی قسەکانی حەسان پێبلێم. حەسان بە بوونم شادمانبوو، بە دەستپێکردنی پشووی هاوینیش کە دوای ئەو هەموو ساڵە لێکدابڕانە بواری شەونخونیو قسەی زۆر بۆکردنی دەدا، بەختیاربوو.

لێگەڕام قسەبکات و.. ئەم نیشتمانەی کە بە سۆزو شەیداییو شێتێتی داپۆشیبوو، لە بەردەممدا ڕووتوقوتکاتەوە.

بلێی لە شکستیم و، لە دەستدانی خۆشی گەڕانەوەی جارێکیتری لای ئەو و ئەم نیشتمانەم ترسابێ، وا هەندێجار قسەکەیی دەبڕیو بۆلای بابەتێکی دی دەیبردم؟ بۆ نموونە وەك بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرەو ئاین و ئیمانداریو خواپەرستی بەکێشی دەکردم. هانی تۆبەکردنی دەدام، وەك هەر بوونم لە فەرەنسادا تاوان و کفربێت.

ئەمەیە حەسان؟.

ئەوکاتە کە بیرم کەوتەوە وەك جاران دوو بوتڵ ویسکیم لەگەڵ خۆمدا بۆ هێناوە نەمتوانی خۆمبگرم و بزەم نەیەت.

ئەو شەوە لەناو جێگەکەمدا لە گوناهەکانی خۆمم دەپرسییەوە. ویستم کورتیان کەمەوە، جیایان کەمەوە.. وامدەبینی کە لە گوناهی خەڵکەکەی دی زیاتر نەبێ، بگرە وای تێگەیشتم کە چەند پلەیەکیش لەوان کەمتربێ..

تاوانبار نەبووم.. قومارچیو.. کافرو.. درۆزن و.. سەرخۆش و.. ناپاکیش نەبووم..

ژن و پێخەفی ڕەوای خۆم نەبووە بە هی ترم گۆڕیبێتەوە.

پەنجا ساڵ تەنیایی، کە دەکرێ نیوەی ڕێکی بە "ساڵانی پەککەوتە"ی ناوبنێم، ئەو ساڵانەی بە تاکە دەستێك و، لەش و خەون شێواو، بەسەرم بردن.

چەند ئافرەتم خۆشویست؟. بیرم نایەت. لە یەکەمین خۆشەویستی دراوسێ جوولەکەکەمانەوە کە حەزی لێکردم تا برینپێچە توونسییەکەی

حەزم لێکرد. بۆ ژنانی دی.. کە ناوەکانیان و ئادگاریشیانم بیر نەماوە، هەر تەنیا بە هۆی لەشەوە نۆرەیان لە جێگاکەمدا دەکردو، کە دەڕۆیشتن ئەوان بە من پڕدەبوون و منیش لەوان خاڵی دەبوومەوە..

ئەمجا تۆ هاتی..

تۆ گەورەترین گوناهمی. تاکە ژنیت لەگەڵیا جووت نەبووبێتم، تاکە گوناهیشمی کە بە ڕاستی نەمکردبێ.

گوناهەکانی تۆم، کە دەکرێ ناوی "گوناهی دەستە ڕاست"یان لێبنێم.. ئەو تاکە دەستەی نیگارتم پێکێشاو.. هێنایتیو.. هەر بەویش دەستدرێژیم لێکردیت.. هەمووشی تارماییبوو!

جا بڵێی خوا لەسەر تاوانی دەستێک کە لەو زیاتری بۆ نەهێشتبمەوە، سزام بدات!؟

بیرم نایە کێ ووتوویە: "چاکە هەر دوورکەوتنەوە نییە لە خراپە، چاکە لەوەدایە کە حەزی لێنەکەیت!"

پێموایە تەنیا بەم واتایە.. پیاوچاک نەبووم.

دەبوا ئارەزووم نەچوایەتە سەرت.. چونکە دەست بە خراپە دەکەم. خۆشەویستییەکەت تامی حەرامکراو و ئەو شتە پیرۆزانەی دەدا کە دەبێ لێیان بە دووربین، کەچی من بێبیرکردنەوە بۆ لایان دەخزام.

بەڕاستی شتی سەرسووڕین لە چیرۆکەکەماندا، ئەوەیە کە بە چ بیانوویەکەوە خۆشمویستی هەر ئەو بیانوانەش وایانکرد دەستبەردارتبم.

لەوانەیە لە ڕۆژێکدا.. زیاتر لە جارێک خۆشمویستبیت و وازیشم لە خۆشەویستییەکەت هێنابێ و.. هەموجارێکیش بە هەمان سەرکێشی و توندییەوە بووبێ.

لێرە من، دواگەڕانی ئەم هەڵکشان و داکشانە سۆزییەی لێبترازێ، کە هەمووسات لەگەڵتا دەژیم چیتر ناکەم.

دەشمزانی شەیدا وەک شار، ناتوانێ هەر خۆی بڕیاری چاکبوونەوەی نەخۆشییەکەی بدات، چۆن هەستدەکات ڕۆژانە بەرەبەرە ڕووەو هەڵدێر دەبێتەوەو، کەچی توانای نییە خۆی لە سەر هەر دوو پێ بگرێو هەڵێت، چونکە هێشتا بە دوورترین خاڵی دۆزەخ نەگەیشتووەو، بەر بنی نەهامەتیو ئەوپەڕی تاڵاویش نەکەوتووە.

ئەو شەوە بەختیاربووم..

بەختیارییەکی نادایارو تاڵ، چونکە دەمزانی هەمووشت لە دوو ڕۆژی ئایندەدا دەبڕێتەوەو، منیش بە شێوەیەک لەشێوەکان لەگەڵتا کۆتاییم دێ.

ئەو شەوە ژنەکەی حەسان خەریکی خۆ ئامادەکردنبوو بۆ بەسەرهاتە گرنگەکە، تا سبەی لەگەڵ کەژاوەی ژناندا بچێتە گەرماو و، دواتریش شەوی خەنەبەندان.

زۆر دەجووڵاو بە خەمە ژنێتییەکەیەوە خەریکی ئێمەو منداڵەکانی‌و، جلوبەرگی گەرماو و خستنە ناو جانتاکەی بوو، چونکە باوە کە ژنان هەموو شتێکی خۆیان، بە جلی ژێریشەوەیانەوە، دەردەخەن.. تا زۆرجار خۆیان بە دەوڵەمەندییە درۆینەکەیانەوە بادەن.. یان هەر بۆ خۆ قایلکردن بەوەی، کە بە هەموو شتێکیانەوە هێشتا، ڕێک وەک ئەو بووکەی لەگەڵیدان و بە ئێرەییەکی شاراوەوە پیایدا دەڕوانن، توانای لە خشتەبردنی پیاویان هەیە.

با وابێ.. با سبەینێ ڕێوڕەسمی شاییەکەت دەست پێبکات و.. کۆتایی ئەو ڕۆژگارەش بێت کە لە ڕۆژگار خۆیمان دزییەوە.

خانمەکەم، کەواتە سبەینێ خۆشترین خەون چاوەڕێتە.

پەستی، تۆش.. خوات لەگەڵ!

* * *

لەم بەیانییە هاوینەیەدا دژە خۆشەویستی بەئاگام دێنێ‌و..لە شەقامەکاندا تووڕم دەدات.

هەر کە هەستام برِیارم دا لە ماڵ و، قسەکانی عەتیقە هەڵێم، کە یەکبینە لە بارەی چۆنێتی ئاهەنگ و، ناوی ئەو پیاو ماقووڵ و بنەماڵە گەورانەوە بوون کە بەتایبەتی بۆ ئەو بەسەرهاتەی ساڵانێکە قسنتینە بەخۆوەی نەدیوە، هاتبوون.

بەڵام بۆئەوەی لەسەر قسەکانی بڕوات تا دەرگاکە بەدوامەوەبوو:

- بشزانە.. دەڵێن مانگێک دەبێ هەموو شتەکانیان لەفەڕەنساوە هێناوەو پێویستییەکانی زەماوەندەکەشی بە فڕۆکە دێنن.. ئەگەر جیازی بووکەت دەبینی.. کە دوێنی لەبەری کردبوو.. بە داخەوە.. دەڵێن "هەیە لە دنیادا دەژی‌و.. هەشە تیایدا ڕادەبوێرێ..!"

کە دەرگاکەم لە دوای خۆمەوە داخست، وەک بە توندی دەرگاکانی دڵم پێوەدەم، وەڵامدایەوە:

- قەیدی نییە.. وولات و فڕۆکەکانیش با بۆ ئەوان بێ. دەتوانن چۆن هەرچییەکیان لێیویست بردیان، ئاواش بۆیی بێنن!

بۆ کوێ هەڵێم؟
وا دەرگاکەم لە دوای خۆمەوە داخست و، لە خۆشم بەولاوە.. چیترم لە بەردەمدا نییە.
بێبیرکردنەوە بەناو کۆمەڵە هاموشۆکەرانی شەقامەکان، کە ڕۆژانە بێ دیاریکردنی شوێنێک پیاسەی پیادەکەن، هەنگاوم نا.
لێرە..خۆت دەتوانی ڕۆیشتن، یان پاڵ بە دیوارەوەدان، یان دانیشتنی چایخانەیەک دیاریکەیت و بەڕووی ئەو خەڵکانەدا بڕوانیت کە ڕێدەکەن یان لە بەردەمتا پاڵیان.. بە دیواری شۆستەکەی بەرامبەرتەوە داوە..
ڕۆیشتم..
لە ساتێکدا هەستمکرد، ئێمە هەر هەموومان بە دەوری ئەم شارە بەردینەدا دەسووڕاینەوە، بێئەوەی ڕێک بزانین.. چی بە تووڕەییو، کلۆڵییەکەمان بکەین و.. ئەو بەردانە بەکێدا بکێشین کە گیرفانە بەتاڵەکانمانی لێپڕبووە.
لەم نیشتمانەدا، کێ بەردبارانکردن هەڵدەگرێ؟ کێ؟ ئەوەی لەسەر هەمووان دانیشتووە.. یان ئەوانەی لەسەرمان دانیشتوون؟
ئەوساتە ناونیشانی ڕۆمانێکی مالیک حەدادم بەبیرهاتەوە.. "سفرەکان بە دەوری خۆیاندا دەسووڕێنەوە".
ئاواتم بە خوێندنەوەی دەخواست، بەڵکو لێکدانەوەیەکم بۆ هەموو ئەو بازنانە بدۆزیایەتەوە کە بووینەتێ.
ئەمجا بیرم، بۆ دیمەنی حوشترێکی چاوبەستراوەی بردم کە ڕۆژێک لە تونس، بێوەستان بە دەوری گۆڕەپانی (سیدی بو سعید)دا دەخولایەوە، تا لە ئاست خۆشیو سەرسامی گەشتیارەکاندا ئاو لە بیرێک هەڵێنجێ.
ئەو ڕۆژە چاوبەستێکیان خستبووە سەر هەردوو چاوی تا وا بزانێ بەردەوام بۆ پێشەوە دەڕوات، هەڵوێستەیان پێکردم، خۆ گەر بیزانیبا بە دەوری ئەڵقەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێتەوەو.. هەموو تەمەنیشی بە خولانەوەی دەوری خۆیدا بەسەربردووە! ئەوا گیانی دەردەچوو.
بڵێی بووبینەتە ئەو حوشترەی هەر کە خەریکە سووڕێک تەواودەکات دەستی بە سووڕێکی تر دەکردو بە شێوەیەک لە شێوەکان بە دەوری خەمە پچووکە ڕۆژانەکانیا دەخولایەوە؟
بڵێی ئەم ڕۆژنامانەی بە فەردە بەڵێنی دوارۆژێکی باشترمان پێڕادەگەیەنن، هەر ئەو چاوبەستە نەبێ، کە زەبری ڕۆژگارەکەو سوێی

هەژاریو ئەو کلۆڵییە مسۆگەرەی، یەکەمجارە خۆی بۆ نیوەی گەل مەڵاسداوە، لێ شاردبینەوە؟

ئەی من.. بڵێی نەزانم لە سەر ڕاستەهێڵێک بەرەو پێشەوە بڕۆم، تا لە خۆوە بۆ دواوەم نەگێڕیتەوە.. بۆ ئەم نیشتمان و بیرکردنەوەیە؟

ئەی ئەم نیشتمانە.. ئەو توانا لە ڕادەبەدەرەی لە کوێبوو تا ئەم هەموو ڕاستەهێڵەی پێ بنووشتێنێتەوەو بیانکاتە بازنەو.. خاڵ!

ئەو بیرە کە لەمپەرێکی بازنەییئاسا لە هەموولایەکەوە دەوری داوم.

هەر کە لە ماڵ ئاودیودەبم کۆتم دەکات. بە هەر لایەکیشدا دەڕۆم یادەوەرییە دوورەکان لە پاڵمان..

بە چاونووقاوی بەرەو ڕابردوو دەڕۆم.. بەدووی چایخانە کۆنەکاندا دەگەڕێم کە هەر زاناو پیاوماقوڵێک کۆڕوکۆمەڵی تایبەتی خۆی تیایاندا هەبوو، قاوەشی لەسەر مەقاڵی بەردین تیادا لێدەنراو بە جزووە پێشکەش دەکرا.. خزمەتچیش شەرمی دەکرد دواتکەویو داوای شتت لێبکات. تەنیا بوونی خۆتی بەسبوو.

ئەوکاتە (ئیبن بادیس) چایخانەی خۆی هەبوو، لە ڕێی قوتابخانە لێی دەوەستا. ناوی (چایخانەی بن یا مینە)بوو.

(چایخانەی بو عرعور)یش هەبوو کە کۆڕوکۆمەڵی (بلعتار)و (باشتارزی) لێبوو جاروبار بەو ڕێیەدا گوزەرم دەکرد باوکمم تیادا دەبینی.

کوا ئەو چایخانەیە تا ئەم بەیانییە فنجانە قاوەیەک بەیادییەوە هەڵدەم؟

چۆن چایخانەیەک ببینمەوە کە هەر بە ناوی هامشۆکەرانەکەیەوە گەورەبوو؟ چۆنی بدۆزمەوە.. لەم ڕۆژگارەدا چایخانەی زۆرو گەورەی تیایە، تا کلۆڵی شارەکەی تیا جێبێتەوە. کەچی ئەوانیش وەک دەموچاوی خەڵکەکە پێکدەچن و پەستن؟

هیچ شتێک لەیەکیان جوێ ناکاتەوە. تەنانەت ئەو مەزنییەش کە ئادگاری خەڵکی قسنتینەیە، ئەو سەرپۆش و پاڵتۆ بەکڵاوە هەرە سپیانەش، ئەمڕۆ دەگمەنن و کاڵیش بوونەتەوە.

ڕەنگە ئەو بەیانییە یەکەم شت سەرنجی ڕاکێشابم، یەکجۆری پۆشاکی شارەکەبووبێ کە هەر وەک چۆن بە پەستییەکی تەماوییەوە پێوەی دەنوست، واش پێوەی هەڵدەستا. ئەو ڕەنگە تۆخە باوو هاوبەشی نێوان دوو توخمەکەبوو.

ژنان له عەبا ڕەشەکانیانەوە، کە لە چاویان بەولاوە هیچی دی بە دەرەوە نییە، پێچرابوون.
پیاوانیش له بەدلەی خۆڵەمێشی یان قاوەیی کە لە ڕەنگی پێستیان و.. ڕەنگی قژیان جویێ نەدەکرانەوە. وەک هەموو لای یەک بەرگدروو کردیبێتیان.
بە دەگمەن لە ناو خەڵکەکەدا خاڵێکی ڕووناک، یان ڕەنگێکی بە شەوقی کراسێک یان قاتێکی هاوینەت بەدیدەکرد.
بڵێی ئەو بەیانییە، بە چاوی نیگارکێشێکەوە لەو شارەم ڕوانیبێت، کە لە ڕەنگ بەولاوە شتێکی دی سەرنجی ڕانەکێشیێو، لە هەموو شتەکانیشدا هەر ئەو بەدیکات. یان تەنیا بە چاوی ڕابردوو نوشوستی ئێستاوە بینیبێتم؟
خۆم هاویشتە ناو شەپۆلی ئەو پیاوانەی وەک خۆم لەو شارەدا وونن.
منیش وەک ئەوان کات و نێرێتیم هەیەو نازانم چییان لێبکەم. منیش ئەوانئاسا لە گەڕانی چەند سەعاتێک بە سەر شەقامەکان.. بە کڵۆڵی شارستانیو.. کڵۆڵییە سێکسییەکەی دیمەوە زیاتر هیچی دی شک نابەم.
ئەوەتا ناکاو گشتمان لە هەموو شتێکدا پێکدەچین. لە ڕەنگی قژو ڕەنگی قات و پێڵاو خشاندن و هەنگاوە وێڵەکانی سەر شۆستەکانیشماندا.
لە هەموو شتێکدا پێکدەچین، تەنیا من تۆم لەگەڵدایت. جا ئەوە هیچ دەگۆڕێ؟
خۆشەویستیت تا ئەم شارەی کێشکردم و، بێئەوەی بەخۆم بزانم بۆ دواکەوتوویەتییەکەمی گێڕامەوە. تووڕی دامە ناو ئەم جەنجاڵی پیاوانەی، کە بە کاوخۆ بە بەر خۆرە هاوینەییەکەدا، بێئەوی ڕووەو شوێنێکی دیاریکراو بنەوە، بێئەوەی بزانن چی بەو تیشکانە بکەن کە بە ڕۆژ لەشە گەرمەکانیان هەڵیان دەگرن و، دەستە کڵۆڵەکانیش شەوان.. لە ڕابواردنە کەسییەکانیاندا بەکاری دێنن.
ناکاو هەنگاوەکانم لە ئاست دیواری خانوویەکدا، کە بەوانی دی نەدەچوو، ئیستیان پێگرتم.
ئێرە گەورەترین "خانووی کڵومکراو"بوو کە پیاو بۆی دەچوو. سێ دەرگای بەسەر شەقام و بازاڕە جیاجیاکانەوە هەبوو.
ڕاستییەکەی خانوویەکی داخراوی کراوەبوو، بە ووردی پیاو لە هەموو لایەکەوە دزەی بۆ دەکردو، لە هەموو لایەکیشەوە دەهاتە دەر.

پیاو لە هەموولایەکەوە بۆی دەهاتن، لەو شارو گوندانەی دەورووبەر، کە هەرچی ڕابواردن و ژنە تیایاندا نییە.
ژنە جوان و کلۆڵەکانیش، لە هەموو شارەکانی دەورووبەرەوە دەهاتن بۆئەوەی لە پشت ئەم دیوارە زەردانەدا خۆحەشاردەن و، تا تەواو پیر دەبن لێی دەرنەچن و سامانەکەشیان بکەنە خێروبێرو، کاتی دوا تۆبەکردنیشیان منداڵی هەتیوی پێخەتەنەکەن.
باوکم هەموو سامان و نێرێتی خۆیی لێرە دانا..!
هەوڵدەدەم لای ئەم خانووە دانسقەیەوە ڕانەوەستم، کە ساڵانێک هۆی پەستییە نهێنییەکەی دایکم بوو، ڕەنگە هەر بەو داخەشەوە سەری نابێتەوە.
بۆچەند ساڵانێکیش نهێنی مەستییە ژێربەژێرو، خەونە کپکراوەکانی ڕۆژانی هەرزەییم، ئەو کاتەی خەونم بێرەوە دەبینیو پڕکێشیم نەدەکرد ئاودیویم، کە ڕەنگە لەترسی بینینی باوکم بووبێ، لەوانەشە ئەو سەرکێشییە ڕاگوزاریانەی جاروبار بە دزییەوە لە سەربان، یان لەو ژووری زەخیرەیەدا دەمکرد کە دەگمەن نەبوایە کەس نەیدەکردەوە، بۆمن بەسبووبێ..
ئەمڕۆ باوکم لێرە نەماوە تا ترسی بوونی لەم "خانووە"دا، ڕێی چوونە ژوورەوەم لێبگرێ.
باوکم، دوای تۆمارکردنی مێژووی خۆی، بە نایاب، لەو دیو ئەم دیوارانەوە، ڕێک وەک هەموو قسنتینییەکی دەوڵەمەندو بەڕێزی تری ڕۆژی خۆی، ڕۆیشت.
ئەی ئەوکاتە نەنکم کە دەیویست دایکم فێری بە ئارامی کات، تا بە شانازییەوە بەو ناپاکیانەی ڕابێنێ، نەیدەووت: "ئەوەی کە پیاو دەیکات.. لە سەر شانی چنراوە!".
باوکیشم بێئەوەی بەخۆی بزانێ سەرەڕۆییەکانی خۆیی دەبڕیو خاڵئاسا بە لەشی "دایە"یدا دەچنی.
ئەم "خانووە" چی بەسەرهات؟ نازانم..
دەڵێن دایانخستووەو ڕەنگە.. لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی ڕابواردن لەم شارەدا، یان بۆ ڕێزلێنانی ئەو بە دەیان مزگەوتەی کە بە سنگی ئەم بەردەوە ڕوان و، ڕۆژی چەند جارێک پێکەوە دەنگ بڵنددەکەنەوە، تا چاکەی بە بڕواییو تۆبە وەبیر خەڵکی بێننەوە.. تەنیا دەرگایەکی مابێتەوەو ئەوانی تریان هەموو کلۆم کردبێ..

منیش لەو کاتەدا، وەکێ زۆربەی پیاوانی ئەم شارە، لە نێوان ئارەزووی لەش و خاوێنی گیاندا ڕادەوەستام. بانگە نهێنییەکەی ئەو ژوورە تاریکە هەوەسدارانەی.. هەڵەیان تیادا خۆش دەبوو بەرەوخوار بەکێشی دەکردم.. بانگەکەی تریشیان کە لەو منارانەوە هەڵدەستاو ماوەیەکی زۆر، لە مەزنیو خورپەی بڵندبوونەوەی بانگی نوێژیان دوورکەوتبوومەوە، ساڵانێکی زۆرە یەکەمجارە بمهەژێنیّ، بە هەموو هێزی خۆی دەڕژایە ناخمەوەو، بەرەو سەرەوەی هەڵدەکێشام.

لە چەند ڕۆژێکدا منیش وەکێ ئەم شارە بوومە پیاوێکی دووفاق و، بۆم دەرکەوت لەم دنیا پڕ دژەدا شاری بێتاوان و، شاری داوێنپیس نییە.

شار هەیە دووڕووەو.. هەشە دووڕوویەکەی کەمترەو، چیترنا..

شاری یەکێ ڕوو.. یەکێ پیشە نییە. قسنتینەش لە هەموو شارێکیتر فرە ڕوو.. ناکۆکترە.

شارێکە بەرەو هەڵەت بەکێشدەکات. ئەمجا هەر بە هێزی بەکێشکردنەکەشی لێیت دەکێشێتەوە.

هەموو شت لێرە داوایەکی ڕووڕامالراوی سێکسانەیە.. شتێکێ لەم شارەدا بەرەو خۆشەویستییەکی دزراوت دەبا: خەوەنوزکە لەبن نەهاتووەکەی.. بەیانییە گەرمە لەش دایەزەرەکەی.. شەوە سامناکە ناکاوەکەی. ڕێگاوبانی هەڵواسراوی ناو بەردەلانی.. تونێلە نهێنییە شێدارەکانی.. دیمەنی چیای سەخت و ئەو هەموو ڕێچکانەی دەوری.. لێرەواری چنارو داربەڕووی.. ئەو هەموو ئەشکەوت و کون و کەلەبەرە شاراوانەی.

بەلام.. دەبیّ بە سەیرکردنی ئەو نەریتە دووڕووەی چەند وەچەیەکە ماوەتەوە قایلبیت و، وا چاو لەچاوی ئەم شارە نەبڕیت بیپەشۆکێنیت!

لێرە هەموو دەزانن کە لەپشت شەقامە پان و بەرینەکانەوە کۆلانی تەنگەبەرو بە پێچ و پەنا، چیرۆکی خۆشەویستی ناڕەواو، ئەو خۆشیانە خۆیان لە پشت دەرگاوە بە پەلە دەدزرێن، حەشاردراوە.. لەبن پەردە ڕەشە مەزنەکانیشییەوە، چەند سەدەیەکە ئارەزوویەکی متکراو نووستووە. ئەو ئارەزووەی وا لە ژنانی دەکات کە قسنتینیانە ڕێبکەن و، بریسکەیەکی نایابیش بە چاوی بن پەچەیان دەبەخشێت.

لێرە چەند سەدەیەکە ژنان خوویان بەوەوە گرتووە کە ئارەزوویان نارنجۆکی کاتئاسا، نێژراوی نەستیان هەلگرن. زەماوەند نەبیّ لە متییەکەیان

دەرنەپەڕن، ژن کە دەنگی دەهۆڵ دەبیستێ، ئیتر چۆن لە خۆشەویستیدا، سەرەتا بە شەرم و نازەوە خۆ بەدەستەوە دەدا، هەر بەو جۆرەش دەکەوێتە هەڵپەڕکێ. شوێنە حەرامکراوەکانی بەدەم دەنگی زوڕناوە دەلەرێنێتەوە.. مێیەتیی تاساوی ژێر باری جل و خشڵی قیتدەبێتەوە.

لە بە ئارەزووهێنانە بۆماوەکەیاندا نازدارتر دەبن.

سنگەلەرێو شان هەڵتەکاندن، ناکاو لەشەی خۆشی نەدیو گەرم دادێنێ.

لەپڕ تایەکی وا لەشە دادەگرێ کە پیاو داینەمرکاندبێتەوە. دەهۆڵەش کە پێشوەخت ژن لەگەڵ لەشە بە تاکەیدا گەرمی دادێنێ، تابێ توندترو خێراتر دەکوترێ. ژنانیش کە پرچیان دەکرێتەوەو، قژیان بەئاسماندا باڵدەگرێو، لەئەڵقەی هەڵپەڕکێکەدا زیندەوەری سەرەتائاسا بەدەم ئازارو خۆشییەوە، لە ئاهەنگی بگرەو بەردەدا، کە هەرچی پێوەندییە بە دەوروبەرەوە نایانمێنێ، وەک ناکاو لە لەش و، بیرو تەمەن دەرچوبن و، کەسیش نەتوانێ بیانهێنێتەوە سەرخۆو، بۆ بە ئارامییەکەی یەکەمجاریانیان بگێڕێتەوە، لولدەخۆن.

وەک هەموو دەزانن ژن لەڕێوڕەسمی خۆشیو.. ڕێوڕەسمی ئازاردا، تا بەوپەڕی نەست و خۆشی نەگات و، بە بووراوەیی نەکەوێتە زەویو، ژنانی دی کەمەری نەگرن و هەندێکی دیش گوڵاوی ئەم جۆرە بۆنانەی پیادا نەپژێنن.. تا بەکاوخۆ بەهۆشبێتەوە، نابێ دەهۆڵ لە کوتان و، تین بکەوێ.

ژن لە قسنتینە وا خۆشەویستی دەکات.. هەر بە تارمایی!

قسنتینە کە بە شەوێک خۆشەویستی لە خشتەی بردم.. ئەویش بە تارمایی نەک ڕاستی، لەئاست کەمە بیرچوونەوەیەکیشدا، بە سەفقە نهێنییەکەی قایلبووم.

قسنتینە.. کە لەهەر ملەیەکدا زامێک خۆی بۆ نابێتمەوە، کوا بیرچوونەوەکە؟

بڵێـی سۆزیش نەخۆشی بێ؟

قسنتینە من بەتۆ نەخۆشم.

ژوانمان ڕەچەتەیەکبوو بۆ چاکبوونەوە تاقیمکردەوە، کەچی کوشتمی.

بڵێـی لەگەڵ تۆدا لەو قومە شەیدایيەتییەم ، تێـپەڕاندبێ کە لە باری وادا ڕێـپێـدراوە ؟

لە دەرمانخانەیەکی ئامادەی سەرڕێـدا نەمکڕیویت، تا شکات لەو فرۆشیارەی قەدەر بکەم کە لەسەرەڕێـمدا داینایت.

من خۆم دروستمکردی، هەموو شتەکانیشتم بە بەری خۆمگرت..

تۆ تێـکەڵەیەکبووی لە ناکۆکیو، هاوسەنگیو شێـتیو، خواپەرستیو کفرەکانم..

جیاوازی تۆو شارێـکی دی.. هیچ نییە.

ڕەنگە هەر ئەو شارەبیت کە لە جار زیاترو، هەرجارەش بە هۆیەکی جیاواز لە یەکەمجار.. کوشتبێـتمت.

جا ئیتر ئەمجارەیان چی قومی چاکبوونەوەو مەرگێ جویێـدەکاتەوە؟ لە وەرزی نوشوستیشدا، بیر، کە خەونێـکی هاوبەشبوو بە کاوخۆ سەرمان پێـوەدەنا، دەبووە خواردنەوەیەکی تاڵ و دەشبوا بە یەکجار هەڵدرایە؟

لێـرەدا بیری هاوبەش و، ئەو شەقامانە دەستپێـدەکەن کە هەر بەتەنیا مێـژووی تیایە.

ڕۆیشتنی هەندێـکیان لەگەڵ سی تایەرەو هەندێـکی تریشیان لەگەڵ خەڵکەکەی دی.

لێـرە شەقامێـک بە ناوییەوەیەو.. شەقامەکانی دیش پەرینەوەی ئەویان بیرە. ئەوەتا من هەنگاوی لەگەڵدا ڕێـک دەخەم و ئەو ڕێـگەیەش دەگرم کە پێـکەوە تەواومان نەکرد.

عەرەبایەتیم گەڕەکاو گەڕەک لەگەڵدایە. ناکاو بە هەستێـکی نادیاری لە خۆباییبوون لیپم دەکەن.

ناکرێ خەڵکی ئەم شارەبیت و، عەرەبایەتییەکەیت بەلاوە نابێ.

لێرە عەرەبایەتی.. سەربەرزیو ناسراویو چەندین سەدە بەرەنگاریو ئازایەتییە.

هێشتا، ڕیش و ووتەکەی (ئیبن بادیس)، تەنانەت دوای مردنیشی، ئەم شارە بەڕێوە دەبات.

هێشتا لەو وێنە بەناوبانگەی مەزنییەکەیی وەك ڕیش هێشتۆتەوە، خۆی بەسەر دەستیا داوەو، لێمان وورد دەبێتەوەو بیریش لەوە دەکاتەوە کە دوای خۆی بەسەرمان هاتووە.

دوای نیوسەدە هێشتا هاوارە مێژووییەکەی، ئەو تاکە سروودە نارەسمییەیە.. کە هەموو لە بەرمانە.

گەلی جەزائیر موسوڵمانەو لە نەتەوەی عەرەبە
ئەوەی ووتی هەڵگەڕاوەتەوە یان مردووە درۆیکرد
یان خۆی پیاهەڵواسیوە یان داوای مەحاڵی کردووە

ئیبن بادیس ڕاستتکرد.. نەمردین.

تەنیا حەز بە ژیانکردنمان مرد. جا ئەی زانای مەزن چیبکەین؟

کەس بە بیریا نەدەهات کە بەکڵۆڵی بمرین. چۆن گەلێك کە ساڵانە چەند هێندەی خۆیی لێبێ، دەمرێ؟

ئەی وەچەی نوێ تۆ تکامانی بە تۆش بەیان نزیکبۆوە

ئەو وەچەیەی گۆرانیت پیاهەڵدا.. چاوەڕێی بەیان ناکات، لەوەتەی یخیان داوین و لەسەرمان دانیشتوون.. خۆریشیان بۆ خۆیان گرتووە. چاوی لە پاپۆڕو فڕۆکە بڕیوەو.. بیریشی هەر لای هەلاتنە.

ڕیزی مردوانیشمان لەبەردەم هەموو کونسوڵییەتە بیانییەکاندا وەستاون، داوای ڤیزەی ژیانی دەرەوەی وولات دەکەن.

مێژوو سووڕایەوەو دەورەکانیش لنگەوقوچ کەوتنەوە. وای لێهات فەرەنسا نەیەوێن، دەستکەوتنی "ڤیزە"ی، گەر بۆ چەند ڕۆژێکیشبێ.. "داوایەکی مەحاڵبێ"

بە زوڵم نەمردین.. بەداخەوە سەرمان نایەوە. چونکە تەنیا سوکایەتی گەلکوژە.

ڕۆژانێك ئەو سروودەمان لە بەندیخانەی قسنتینەدا دەووتەوە. هەر ئەوەندەی لەقاوشێکەوە بەرزبوایەتەوە، قاوشەکانی دی، کە بەندەکانیشیان سیاسی نەبوون، دەیانووتەوە.

ووشەکانی توانایەکی لە ڕادەبەدەری بۆ یەکبوونمان هەبوو. بەڕێکەوت لەویێ بۆمان دەرکەوت یەکدەنگین.
ئێـمە گەلێـک بووین دیوار لەبەر دەنگیا بلەرزێ، بەر لەوەی لەشمان لە ژێـر ئازاردا بلەرزێ.
بڵێـی ئەمڕۆ دەنگمان نووسابێ.. یان دەنگێـک سەرو هەموو دەنگەکان کەوتووە. ئەویش لەوەتەی ئەم نیشتمانە تەنیا بۆتە هی هەندێکمان؟

* * *

کە بەو شەقامەدا دەپەڕیمەوە هەموو ئەو بیرانە بەمێـشکمدا هات، دوای 37 ساڵ بە دیواری بەندیخانەیەک گەیشتم کە ڕۆژانێـک لەو دیوەوە پیامدا دەڕوانی.
بەڵام بڵێـی هەر لەبەر ئەوەی لە دەرەوە سەیری بەندیخانە دەکەین بێ بە شتێـکی دی، بڵێـی ئەمڕۆ چاو بیر بسڕێـتەوە، بڵێـی بیریش شتێـکی دی بسڕێـتەوە؟
بەندیخانەی "الکدیا" بەشێـکە لەبیری یەکەمم کە بەڕۆژگار ناسڕرێـتەوە.
ئەوەتا بیر لە ئاستیا دەوەستێ و لەگەڵ خۆشیا قاچیش ناچاری وەستان دەکا و، لە نوێ دەچمە ناوەوە، وەک چۆن ڕۆژێـک لە ساڵی 1945 دا، لەگەڵ پەنجا هەزار کەسی تری گیراوی دوای خۆ پیشاندانە دڵتەزێـنەکەی 8ی ئاب، تێـیخزێـنرام.
ئەو ڕۆژە من، بە بەراورد لەگەڵ کەسانێـکدا کە نەترێـنجرانە ئەو ژوورەوە، بەختەوەرتربووم.
لە نێوان "قسنتینە"و "ستیف"و "قالمە"و "خررات"دا، لە خۆپیشاندانێـکدا چلوپێـنج هەزار شەهید کەوت، هەموو خۆرهەڵاتی جەزائیری هەژاند.
ئەوانە بەڕەسمی یەکەمین کۆمەڵە شەهیدی جەزائیربوون. شەهید بوونیان چەند ساڵێـک پێـش جەنگی ڕزگاری جەزائیربوو.
بۆ لەبیرم دەچنەوە؟
ئەی بۆ ئەوانەم بیردەچنەوە کە بە ژوورا کران و دەرچوونیان نەبوو، لاشەکانیشیان لەژووری ئەشکەنجەدانداا جێـما؟ ئەوانەی بە چەند شێـوازێـک سەریان نایەوە، ئەو هاوڕێـیانەی کە هەر خۆیان مەرگی خۆیان هەڵبژارد؟
"ئیسماعیل شعلال"ی تیابوو. کرێـکارێـکی خانووبەرە. ئەرکی پارێـزگاری کردنی بڕوانامەو ئەرشیفی نهێـنی "پارتی گەلی" پێـسپێـردرابوو. یەکەم کەس

بوو سەردانی هەواڵگری سەربازی گشتی پێڕابگەیەنرێ، هاتن لە دەرگای ژووره پچووکە بڵندەکەیان داو نەڕاندیان "پۆلیسە.. بیکەوە".

ئیسماعیل شعلالیش لەبری کردنەوەی دەرگا پەنجەرەکەی کردەوەو خۆی هەڵدایە دۆڵی "الرمال"ەوە، تا خۆیو نهێنییەکانی لە دۆڵە قووڵەکانی قسنتینەدا بمرن.

بۆ ئەمڕۆ، تەنانەت دوای نیوسەدەش، بێفرمێسک هەڵڕشتن دەتوانم ئیسماعیلم وەبیرکەوێتەوە، ئەوێک، تاناومان نەدرکێنێ بە دەم ئازارو ئەشکەنجەدانەوە، سەری نایەوە؟

دەنگی "عەبدولکەریم بن وەتاف"یشی تیایە کە بە ئازاردانەوە دەنگی دەگەیشتە قاوشەکەی ئێمەو، خەنجەرێکبوو بە لەشماندا هەڵدەچەقیو بارگەی کارەباییشی بە خۆی دەبەخشی. بە فەڕەنسی جنێوی بە ئەشکەنجەدەرانی دەداو سەگ و نازیو پیاوکوژی پێدەووتن.. لە نێوان هاوارەکانیدا پچڕپچڕ دەنگیمان دەگەیشتێ.

"criminels.. assassins.. salauds.. nazis"

ئێمەش بە سروودو بانگەواز وەڵاممان دەدایەوە.

بن وەتافیش بێدەنگ دەبوو.

"بلال حسین"ی نزیکترین برادەری سی تایەریشی لێیە، کە پیاوێکی وونی مێژووەو یەکێکیشە لە قوربانییەکانیی.

بلال دارتاش بوو، زانا نەبوو کەچی وەچەیەکی تەواو لە سەردەستیا فێری نیشتمان پەروەرێتی بوو. دوکانەکەی ژێر پردی "سیدی ڕاشد"ی نیشتەجێی کۆبوونەوە نهێنییەکان بوو.

بیرمە کە بەلای دوکانەکەیدا بەرەو دواناوەندی قسنتینە تێدەپەڕیم، ڕایدەگرتم و ڕۆژنامەی "الامە"، یان بڵاوکراوەیەکی نهێنی دێنا تا بیخوێنمەوە.

لە ماوەی دوو ساڵدا، لەڕووی سیاسییەوە بۆچوونە ناو "پارتی گەل" ئامادەی دەکردم و، لەئاست تاقیکردنەوەیەکی مەیدانی زیاتردا دایدەنام، کە دەبوا بەر لەسوێندخواردنی چوونە ناو حیزب هەموو ئەندامێک پیایدا برۆێشتایە. ئەمجا لەو یەکەیەی کە بلال دیاری دەکرد دەکەوتە چالاکی.

سەرکردە سیاسییەکان لەو دوکانەی کە ئەمڕۆ ئاسەواریشی نەماوە یەکتریان دەبینی و، "مسالی الحاج"یش لەوێ دوا ئامۆژگارییەکانی خۆی ڕادەگەیاند. هەر لەوێش سەبارەت بەو دروشمانەی، شەو لەسەر پەڕۆ

نووسران و خۆنیشاندەران بەرزیان کردەوە تا بۆ فەڕەنسا ببێتە شتێکی چاوەڕوان نەکراو، مشتومڕ دەکرا.
کە خۆپیشاندانەکەش وەک بلال نەخشەی بۆ دارِشتبوو، لەبەر هۆی تەکنیکیانە لەسەر پردی "سیدی ڕاشد"ەوە دەرچوو، چونکە لەوێوە کۆبوونەوەی خۆنیشاندەران و دواتریش بڵاوەکردنیان بەهەموو ئەو ڕێگایانەی دچنەوە سەر پردەکە ئاسانە. بەوووردیی‌و ڕێکخستنە چاوەڕوان نەکراوەکەی، هێزە فەرەنسایبەکانی سەرسامکرد. ئەو ڕۆژەش بلال یەکەم کەس گیراو.. بە ئازارو ئەشکەنجەدانیشی کرایە پەند.
بلال حسێن وەک ئەوانی‌دی نەمرد. دوو دانە ساڵی ڕەبەقی لە بەندیخانەو ئەشکەنجەدانداندا چەشت. لەو دوو ساڵەدا پێستی بەسەر ئامێری ئازاردانەکانییەوە جێهێشت.
بیرمە، کە پزیشکی خەستەخانەکە قایلی تیمارکردنی نەبوو، تا چەند ڕۆژێک سنگی ڕووتبوو، تەنانەت نەیدەتوانی کراسێکیش بەسەر پێستەکەیدا بدا، نەوەک بە برینە دەمکراوەکەیەوە بلکێ.
ئەمجا بە دوورخستنەوەو بەووردی چاودێریکردن بەریان دا. بلال حسێن لە ناو چەندین ڕووبەڕوو بوونەوەی نادیاردا دەژیاو خەباتی دەکردو، تا سەربەخۆییش بە چاو لە دووی‌و دەربەدەری ژیا. لەم دواییانەداو لە تەمەنی هەشتاو یەک ساڵیدا، لە 27 ئابی 1988 دا، کە هەر لەو مانگەشدا بۆ یەکەمینجار مرد.
بەکلۆڵی‌و، کوێری‌و، نەداری‌و وجاخکوێری سەری نایەوە.
چەند مانگێک بەر لەمردنی لای تاکە برادەرەکەی خۆی درکاندی، کە بەدەم ئازارو ئەشکەنجەدانییەوە بە ئەنقەست، بۆ تا هەتایە لە پیاوەتیان خستووە.
ووتبووشی ڕاستییەکەی چل ساڵ پێشتر مردووە..
ڕۆژی مردنەکەی، کۆمەڵێک نیمچە بەرپرس لەگەڵیا چوونە دوا مەنزلگای. ئەو بەرپسانەی کە ڕۆژێک چییە لێیان نەپرسی بەچی دەژی‌و، بۆ بێکەسە.
چەند هەنگاوێک لە پشتییەوە ڕۆیشتن و.. ئەمجا بێئەوەی هیچ هەست بە تاوانباری بکەن، سواری ئۆتۆمۆبیلە ڕەسمییەکانیان بوون.
کەس ئەو نهێنییەی نەدەزانی کە چل دانە ساڵی ڕەبەق، بە شەرمی پیاوێکی وەچەکەی‌و هەمان ئەو قوڕەی خۆیی لێدروست بووە، نەیدرکاند.

بۆ ئەو نهێنییە، ئەم حەشاردانە زۆرەی دێنا؟
بلال حسێن دواپیاوی ڕۆژگاری خەسین بوو..
ئەو بینای ڕۆژگارێک بوو کە چاو تیایدا کوێربوو..
بۆ بلال حسێنم بیردەچێتەوە؟

* * *

ئەوە بەندیخانەی "الکدیا"یە..

بە جورێک لێیوورد دەبمەوە وەک سەرنجی دیواری یەکەم بەندیخانەیەک بدەین، کە بێخۆ بۆ ئامادەکردن، وەک لە خەونێکی ناخۆشدا، تێیکرابین.

بەر لەوەی بچمە بەندیخانەیەکی ترەوە، سالانێکی زۆر ڕابورد، ئەمجارەیان جەلادەکان لە جەزائیری بەولاوە کەسی دی نەبوون. ناونیشانێکی ئاشکراشی نەبوو، تا تارمایی "دایە" ڕێگاکەی بزانیباو وەک چۆن پێشتر، تا بێتە ئێرە بۆلام، کە دەشهات بەدەم گریانەوە لە هەموو پاسەوانێک دەپاڕایەوە..

ئەوە بەندیخانەی "الکدبا"یە.. ئەم بەندیخانەیە ئاگاداری چەندین چیرۆکی بەسوێو، سەرسوڕێنی دییە، کە لە شۆڕشگێڕێک و شۆڕشێک زیاتر نۆرەیان تیاداکردووە.

ساڵی 1955.. واتە ڕێک "دە" ساڵ دوای بەسەرهاتی 8ی ئابی 1945. ئەم بەندیخانەیە، بە کۆمەڵە بەندکراوێکی نوێی نائاساییەوە، کە فەڕەنساش سزایەکی نائاسایی بۆ ئامادە دەکردن، هاتەوە پێش.

لە قاوشی هەشتدا.. کە بۆ چاوەڕوانی مەرگ ئامادەکرابوو. 30 سەرکردەو پیاوی سەرەتای شۆڕش، بە کۆتکراوی چاوەڕیی لە سێدارەدانیان دەکرد، "مستەفا بن بولعید، تایەر الزبیری، محەممەد لایفا، ئیبراهیم التەیب، رەفیق دیدوش مراد، باجی مختار"و هی تریشیان لە ناودا بوو.

ئەورۆژە هەمووشت بۆ مەرگ ئامادەکرابوو، تەنانەت سەرتاشی گیراوی مافە گشتییەکان، سەر لەبەیانی مستەفا بن بوالعیدی ئاگادارکردبوو، کە دوێنێ "ملپەڕێن"ەکانیان شتووەو، لە خەویشیا "جێبەجێکرابوو".

ئەم ووشەیە بەلای مستەفا بن بوالعید، کە چەند ڕۆژێکبوو پلانی هەڵاتنی لە بەندیخانەی "الکدبا" ئامادە دەکرد، دوو مانای دەگەیاند.. چەند ڕۆژێکبوو لەگەڵ هاوڕێکانیا خەریکی هەڵکەندنی ڕێڕەوێکی نهێنی ژێر زەمینانە بوون، کە یەکەمجار بە گۆڕەپانێکی سەرگیراوی ناو بەندیخانەکەی

گەیاندبوون. بۆیە لەنوێ دەستیان بە هەڵکەندن کردبۆوە تا پاشان بە دەری بەندیخانەکەیان بگەیەنێت.

ڕۆژی 10ی تشرینی دووەمی 1955، دوای نوێژی شێوان، ڕێک لە نێوان سەعات حەوت و هەشتدا، مستەفا بن بوالعیدو 10 هاوڕێی، لە بەندیخانەی "الکدیا" هەڵاتن و، لە قاوشێکەوە کە لەو ڕۆژەدا.. تەنیا بۆ ملپەڕاندن نەبێ کەسی لێدەر نەدەچوو، سەیرترین هەڵاتنیان ئەنجام دا.

دواتر مستەفا بن بوالعیدو چەند کەسێک لەوانەی لەگەڵیا هەڵاتن لە شەڕی تری وادا شەهیدکران کە هیچی لە ئازایەتی هەڵاتنەکەیان کەمتر نەبوو، بە کۆچکردنیشیان بوونە پێشەنگی کتێبی مێژووی جەزائیرو، گرنگترین شەقام و دەزگا جەزائیرییەکان.

ئەوەشی لە قاوشەکەدا مایەوەو، نەیتوانی هەڵێت لە ملیدرا.

ئەمڕۆ لەو یانزە بەندکراوەی لە بەندیخانەی "الکدیا" هەڵاتن تەنیا دوو کەسیان ماوە. ئەو بیستو هەشت پیاوەی ڕۆژانێک قاوشی هەشت کۆی کردبوونەوە، بەقەدەرێکی وا مردن کە بڕیاربوو.. یەک قەدەربێ.

هەرچەند لەپاڵ ئەم دیوارە بڵندانەی بەندیخانەکە بووەستامایە، بیرم پەرتەوازە دەبوو؛ ڕوویەک، ناوێک، جەلادێک زیاترم بەبیردا دەهاتەوە، هەستم بە ئارەزووی کردنەوەی دەرگای ئەو بەندیخانانەی تر دەکرد کە ئێستاش لەسەر نهێنییەکانیان کلۆمدراون، بێئەوی نووسەرێک قەرزی ئەوانە بداتەوە کە پیایدا گوزەریان کردووە.

ئەوساکە ئێرەییم بەو هاوڕێیە دەبرد کە چەند هەفتەیەک لێرە قاوشێک کۆیکردینەوە.

ئەوکاتە.. من و ئەو پچووکترین گیراوی سیاسی بووین. ڕەنگە یاسین چەند مانگێکیش لە من پچووکتر بووبێ.

تەمەنی هەر شانزە ساڵ دەبوو.

هەرچەند بەهۆی کەمی تەمەنیمەوە بەریاندام، کەچی بە بەربوونی یاسین قایل نەبوون. چواردە مانگ لە بەندیخانەی "الکدیا"دا مایەوە. خەونی بە ئازادیو.. ئافرەتێکەوە دەبینی کە دەساڵ لەو گەورەترو پێگەیشتنیشی مەحاڵبێ، بیستوشەش ساڵان و.. ناویشی "نجمە"بوو!

کاتێک من دوای شەش مانگ لە بەندیخانەوە گەڕامەوە قوتابخانە، یاسین دوای چەند ساڵێک کەوتە نووسینی کتێبە نایابەکەی "نەجمە".

ئەو ڕۆمانە بە سوێیەی کە یەکەمجار بیرەکەی لێرەوە چاوی پشکوت. لەو شەوە درێژو، ژانە تاڵ و نوشوستیو خەونە نیشتمانییە مەزنانەدا.

بیرمە یاسین هەمیشە کوڕێکی نایاب بوو. پەرچدانەوەو حەز بە هاندان و بەرەنگاربوونەوەی تیادابوو.

بۆیە بەندەکان پەتاکەیان لە یەکدی دەگرتەوە. گوێمان لێدەگرت و، نەماندەزانی کە لە بەردەم "لۆرکا"ی جەزائیردایین و، ئێمە شایەتی هاتنە دنیای شاعیرێکین کە ڕۆژێک دێ، دەبێتە گەورەترین بەهرەیەک کە ئەم نیشتمانە هێنابێتییە دنیاوە.

چەند ساڵێک ڕابورد بەر لەوەی لەشوێنی دەربەدەرییە زۆرەمەلەکەی دیمدا لە تونس چاوم بە یاسینی نووسەر بکەوێتەوە.

بە خۆشییەکی سەرسوڕێنانەوە نەگۆڕانەکەیم هەست پێکرد.

ئێستاش هەر بە هەمان خوێنگەرمیو، هەمان جۆرە هێرشبردنەوە قسە دەکات، جەنگی دژ بە هەموو ئەو کەسانە ڕادەگەیاند، کە بۆنی ملکەچیان بۆ فەرەنسا یان هەر شوێنێکی دی لێبهاتبایە.

بەرامبەر بە سوکایەتی ژیرانە هەستی زۆر ناسکبوو، دژ بە توانای خۆچەماندنەوە.. زکماکیەکانی هەندێ کەسیش بوو!

ئەو ڕۆژە لە هۆڵی گەورەی پاریس بابەتێکی پێشکەش دەکرد، کە ناکاو کەوتە هێرش بۆ سەر سیاسەتمەدارانی عەرەب و، بە تایبەتیش دەسەڵاتدارانی تونس.

ئەوکاتە کەس نەیتوانی یاسین بێدەنگکات.

تەنانەت، کە دەنگی میکرۆفۆنەکەو ڕووناکیی هۆڵەکەشیان لێبڕی تا خەڵکەکە چۆڵیکات، ئەو لەسەر ووتارو جنێودانەکەی خۆی بەردەوام بوو.

ئەو ڕۆژە لە نرخی ئامادەبوون و دانیشتنی ڕیزی پێشەوەو بانگەوازی "بژی.. کاکە یاسین .."ەکەم پۆلیس لێکۆڵینەوەیەکی لەگەڵداکردم.

ئەوکاتە کەس لەو دەموچاوانە بە ئاگا نەبوو کە چەپڵەیان دەکوتا. بەڵام چەند خاوەن مەبەستێک لە هەڵبڕینی تاکە دەستەکەی من، کە بۆ پشتگیریکردن و بەدڵبوون بەرزم کردبۆوە، ئاگاداربوون.

هەر ئەوکاتە ڕەهەندی یەکدەستێتیم دییەوە. خاوەنەکەیان بە بەرهەڵستکارو ڕەتکەرەوە دانا، چونکە هیچ کاتێک.. توانای چەپڵەلێدانی نییە!

ئەوسا باوەشم بە یاسینداکردو ووتم: "یاسین.. ئەگەر کورم بوو ناوی دەنێـم یاسین.."

وەک جوانترین قسە بە دۆستێـک یان نووسەرێـک بڵێیت، هەستم بە جۆرە گەنجێتیو خۆشییەک دەکرد.

یاسین کە خۆی ئاسایی دانپیانان دەیپەشۆکێنێ، دەستێکی توورەی بەشانمدا کێشاو پێکەنی.

بە فەڕەنسایی ووتی "تۆش نەگۆڕراوی.. هەر شێتەکەی جارانی!"

پێکەنین و بۆ چەند ساڵێکی دی لەیەکتر جیابووینەوە.

بڵێی ویستبێتم ئەمەکم بۆ بیرە هاوبەشەکەمان هەبێ، یان هەر ویستبێتم لە ئاست "نەجمە"دا بەوە باربووی گرێکەم بکەمەوە، ئەو ڕۆمانەی کە نەمدەنووسیو، بە شێوەیەک لە شێوەکان هەستم دەکرد چیرۆکی منیش بێت. بە خەون و شکستیم و، بە ئادگاری "دایە"ی وەستاوی سەر ڕۆخی کلۆڵیو شێتی، کە لە نێوان بەندیخانەو پیاوچاکاندا ڕادەکات و، قوربانی بە سیدی محەممەد الغراب و، دەلالانەشی بە جوولەکە دراوسێکەمانی پاسەوانی بەندیخانە دەدا.. تا جاروبار خواردنەکەیم بگەیەنێتێ. "دایە"ش، کە لە ئاست خەریکی باوکم بە بازرگانیو دۆستەکانیو دوورکەوتنەوەی لێمان، دوای شەش مانگ کە بەربووم خەریکبوو نەیناسیمەوە، واشی لێهاتبوو لە گەڕانەوەی من بەولاوە هیچ داوایەکی لە خوا نەبێ. وەک من تاکە شتی بیانووی بوونی بم و، تاکە شایەتی دایکایەتیو مێیەتییە زەوتکراوەکەی بم.

بەڵێ ئێمە لە کۆتاییدا وەچەی تاکە چیرۆکێک بووین، بە شێتێتی دایکانێک کە خۆشەویستییەکەیان لەوپەڕدایەو، باوکانێکیش داوینپیس و هێجگار دڵڕەق، چیرۆکی دڵدارییە خەیاڵییەکان و، نوچدان لە سۆز، کە هەندێک لە ئەدەبدا کاری نایابی لێ وەبەرهەم دێنێو، ئەوانی تریشیان بە دەستییەوە تووشی نەخۆشی دەروونی دێن.

بڵێی نووسینی ئەم کتێبەم، لە هەوڵی دەربازبوونی ڕیزی نەخۆشان و چوونە ڕیزی داهێنەران بەولاوە شتێکی دیبێ؟

ئای یاسین.. لەو چاوپێکەوتنەوە دنیا چەند گۆڕراوە.. لەو خواحافیزییەوە..

تۆ بوویت کۆتایی ڕۆمانەکەتت لەسەر زمانی ئەو پاڵەوانەت بەوە هێنا کە ووتت:

"خواحافیز هاوڕێیان.. چ گەنجێتییەکی سەیرمان بەسەربرد!."

ئەوکاتە پێتوانەبوو، کە تەمەنمان لەو ساڵانەی گەنجێتیمان زۆر سەیرتر دەبێ!.

کەواتە سبەی زەماوەندتە..

کە شەقامەکانی قسنتینەم تەی دەکردو، کۆڵانەو کۆلان و.. بیراوبیرم دەکرد، بێهوودە هەوڵی بیرچوونەوەیم بوو.

ئەی نەتووت مادام لەم شارەین بۆ من دەبیت؟

دەی کەواتە ئێستا لە کوێی؟ لەکام شەقام.. کام کۆڵانی ئەم شارە، دڵتێاسا فرە ڕێگاو کۆڵانەیت، کە ئامادەیی‌و نادیارییە هەمیشەییەکەتم بیر دێنێتەوە، بە ڕادەیەکیش لە خۆت دەچێ سەرت لێتێک دا؟

بۆ من نیت..

دەزانم ئێستا ئەوان تۆ بۆ شەوی خۆشەویستی ئایندەت ئامادە دەکەن. لەشت بۆ پیاوێکی دی ئامادە دەکەن نەک من. منیش، تا ئەوە لەبیرکەم، خۆ بەسەر زامەکەمدا دەدەم.

ڕۆژت، بووکئاسا پڕە، ڕۆژی منیش وەک ڕۆژی فەرمانبەرێکی خانەنشین بەتاڵە.

لە مێژە هەر یەکەو ڕێگەیەکی پێچەوانەی ئەوی ترمانی گرتووە. ژیان لە دوو ڕۆژنامەی پێک ناکۆک بەسەر دەبەین، یەکێکیان بۆ خۆشی‌و ئەوی دییان بۆ پەستی. جا ئیتر چۆن ئەوەم بیردەچێتەوە؟

هەموو ڕێگاکان بە تۆ دەگەن، تەنانەت ئەوەشیان کە بۆ بیرچوونەوەت گرتمەبەرو، کەچی تۆ خۆت بۆ تیا مەڵاس دابووم.

هەموو قوتابخانەو کۆنە حوجرەو.. گشت منارەکان.. سەرجەم "ماڵە داخراو"و.. تێکڕای بەندیخانەو.. چی چاپخانەهەیە.. هەموو ئەو گەرماوانەی بە بەرچاوی خۆمەوە ژنی ئامادەکراوی خۆشەویستیان لێوە دەهاتەدەر، پێشی گشت ئەو دوکانانەی کە خشڵ و جلوبەرگی ئامادەی بووکێنیان تیا دادەنرێ. تەنانەت.. ئەو گۆڕستانەش کە خۆم بۆ هاویشتە ناو ئۆتۆمۆبلێکی کرێ‌و، تیایدا بۆ گۆڕی "دایە" دەگەڕام ، هانام بۆ تۆمارگەکانی پاسەوانەکەی برد تا ژمارەی ئەو ڕێچکانە ببینمەوە کە دەیانگەیاندمێ.. هەر بە تۆیان دەگەیاندم.

"دایه".. بۆ هەر ئەو ڕۆژەو لە شەوی بووکێنیتا، لاقم بەرەو لای ئەویان کێشکردم؟ بڵێی هەر بۆ سەردانی چووبێتم.. یان تا ژنێکی دی لە پاڵیا بنێژم کە ڕۆژانێک پێمواوبوو دایکمبێ؟

لەسەر گۆڕە کەسکە خۆێئاسا سادەکەیو، قەدەرئاسای خۆی سارد.. وەک دڵی منیش تۆزی زۆر گرتوو، لاقم سڕبوو، ئەو فرمێسکانەش کە ساڵانی شەختەو نشوستی بۆیم حەشاردا بەستی.

ئەوەتا "دایە"..بستەخاکێک، تابلۆ مەڕمەڕییەکی کەسک، چی گەنجینەم شکدەبرد شاردبویەوە. سنگە پڕە دایکێنییەکەی.. بۆنەکەی.. تاڵی قژە خەناوییەکەی.. دەرکەوتنی..پێکەنینی.. پەستیو.. ڕاسپاردە هەمیشەییەکانی .. "خالید کوڕم ووریابە..".

"دایە"م بە هەزار ژنی دی جێگرتەوەو.. هیچ گەورە نەبووم.

سنگیم بە هەزار سنگی جوانتر جێگرتەوەو.. تینوێتیم نەشکا. خۆشەویستییەکەیم بەزیاتر لە چیرۆکێکی خۆشەویستی جێگرتەوەو.. چاک نەبوومەوە.

عەترێک بوو دووبارە نەدەبۆوە. تابلۆیەک کە نەلاسایی دەکرایەوەو نەساختەشی لێدەکرا.

بۆ لە ساتێکی شێتیمدا پێشبینی ژنێکی ڕێک وەک ئەوم لێدەکردی؟ بۆچی داوایەکم لێت هەبوو کە لێی تێنەگەیت و، ڕۆڵێکیشم لێتدەویست بە داوای خۆت نەبێ؟

ئەم بەردەی لە پاڵیا وەستاوم بۆ من لە تۆ بە ڕەحمترە.

گەر ئێستا لە ئاستیا بگریم.. ئەویش لەپڕمەی گریان دەدا.

ئەگەر سەرم لە سەر بەردە ساردەکەی بنایە، ئەوا بەشی دڵدانەوە گەرمی پێدەبەخشیم.

ئەگەر بانگم کردایە "دایە.." ئەوا گڵەکەی بەترسەوە وەڵامی دەدامەوە "چیتە ئومیمە..؟".

بەڵام تەنانەت ترسی ئازاردانی خاکەکەی سەریشیم هەبوو، ئەو"دایە"یەی ژیانی وەرزێکی کارەسات نەبێ شتێکی دی نەبوو.

تەنانەت لە دوای مەرگیشی دەترسام ئازار پچێژێ، هەرچەند سەردانم بکردایە باڵە بڕراوەکەمم لێدەشاردەوە.

چۆن دەبوو گەر مردوو چاویان ببوایە؟

چۆن دەبوو گەر گۆڕستانەکانیش نە خەوتنایە.. ئەوسا بۆ باسکردنی ئەو بەسەرهاتانەی دوای خۆی بەسەرم هات دەبوو چەندم قسە پێویستبێ؟

ئەو ساتە، کە دوای ئەو هەموو تەمەنە لە ئاستیا ڕاوەستام، نەگریام.

ئێمە یەکبینە دواتر دەگرین.

تەنیا، بە هەوڵی لابردنی تۆزی چەند ساڵەی سەر مەڕمەڕەکەیو تا بۆ ئەو هەموو پشتگوێخستنە داوای لێبوردنی لێبکەم، دەستم بەسەر مەڕمەڕەکەدا هێنا.

ئەمجا بۆ فاتیحا خوێندنی سەر گۆڕەکەی تاکە دەستەکەمم بەرزکردەوە ..

ئەوکاتە پێموابوو ئەو هەڵوێستە، بە هەڵوێستێکی سریالیانە دەچێ. وامدەزانی ئەو تاکە دەستەی بۆ فاتیحا درێژبۆوە لەبری بەزەیی بەخشین داوای بەزەیی دەکات..

هەناسەیەکم هەڵکێشاو.. دەستم شاردەوە.

خستمە گیرفانی چاکەتەکەمەوەو.. بەرەو دەرەوەی شاری گڵ و.. مەڕمەڕ هەنگاوم نا.

* * *

چاوەڕوانیو ئامادەییە هەمیشەییەکەی حەسان و ژنەکەی بۆ شاییەکە، تا چاویان بەو کەسایەتیو خێزانە گەورانە بکەوێت کە تیایدا ئامادە دەبوون، هەندێجار وایان لێدەکردم بەجۆرێک گوێیان لێبگرم، وەک گوێم بۆ منداڵانێک شلکردبێ باس لە "سێرکێ"ێک بکەن بۆ شارەکەیان بێت، کە پێشتر نە سێرک و نە گاڵتەجاڕ ڕووی تێکردبێ.

بۆیە بەزەییم پیایاندا دەهاتەوەو.. لێشیان خۆشدەبووم.

دواجار قسنتینە، ئەو شارەبوو کە لە شایی بەولاوە هیچی دی تیا نە دەکرا. ئەوانم بۆ خۆشییو چاوەڕوانی "سیرکی عەمار" هێشتەوەو، نوشوستییەکەشم بۆ خۆم.

ئەو ڕۆژە هەمووشت نا ئاسایی بوو. پێشوەخت بەرنامەی قسەو باسی شەویشم دەزانی.

حەسان بەیانی دەچێ پێویستییەکانی جێبەجێدەکات، ئەمجا لە مزگەوت نوێژی نیوەڕو دەکات، پاشان لەگەڵ "ناسر"دا دێنە لام تا هەموو پێکەوە پچینە زەماوەندەکە.

بەڵام "عەتیقە" هەر لە بەیانییەوە منداڵان دەبات تا لەگەڵ بووکێدا بچنە لای قژبڕ. دواتریش لەوێ دەمێنێتەوە تا لەگەڵ چەند ژنێکی تردا بە خزمەتکردنی میوانان و مێز ڕێکخستنەوە خەریکبن.

ئەو بەیانییە حەزم دەکرد تا نیوەڕۆ لەناو جێگەکەم بمێنمەوە، ڕەنگە لە ماندوێتییەکەی دوێنێمەوە بووبێ، یان خۆم بۆ بەسەربردنی شەو و ماندوێتییەکی دی ئەو ڕۆژە دانابێ کە چاوەڕێی دەکردم..

ڕەنگە هەر بۆیەش، کە هەفتەیەکم لەو شارەدا بەسەربردو بیرەوەرییەکانیش لە هەموو شەقامکانیدا خۆیان بۆ مەڵاسدابووم، نەمزانیبێ ڕوو لەکوێکەم. تۆش لە پشت هەر ملەیەکەوە خۆت حەشاردەدا..

دوای بیرکردنەوەیەکی کەم زانیم، کە جێگاکەم تاکە شوێنە لە تۆی پێهەڵێم. یان لانی کەم تیایدا لەگەڵ تۆ هەست بە خۆشی نەك بە ئازار بکەم. بەڵام...

جا بەڕاست ئەمڕۆ پرکێشی ئامادەکردنتم دەکرد.. لەم ساتەی کە دەمزانی بۆ پیاوێکی دی دەڕازێنرێیتەوە؟

ئەم بەیانییە پرکێشی کێشکردنتم دەبێ.. جا بەڕاست لەشم لە ساتی کەمە ئارەزوویەکدا لە سەرجەم ناپاکییەکانی کۆن و داهاتووت خۆشدەبێ؟ ئەوە شێتێتیی شێتییە!!

بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە ویستی خۆت نەبوو، کە ووتت: "ئەو شەوە بۆ تۆ دەبم.."

حەزم دەکرد ئەو بەیانییە بۆ خۆم بوویتایە.

وەك بمەوێ، پێش لە دەستچوونی هێجگارەکیت، هەموو شتێکت بدزم. چونکە لەمڕۆوە ئیتر بۆ من نابیت و، ئەم گەمە گەمژە بەسوێیەش، کە پێش تۆ حەزم پێی نەبوو، دەبڕێتەوە.

یەکتربینینەکەی ئەو بەیانییەمان بە سوێبوو.

دڕندەییو تارمایی تاڵاوێکی زۆری تیابوو.

قین و تامەزرۆییەکی شێتانەی زۆری تیابوو.

ئەگەر بۆ من بوویتایە..

ئاخ گەر ئەو بەیانییە.. لەو جێگا بەتاڵ و گەورەیەدا بوویتایە کە بێتۆ ساردوسڕبوو. لەو ماڵە بەرینەی کە پڕ لە بیرەوەریی منداڵییەکی قرتاوبوو.. تامەزرۆیی لاوێتییەکی خەفەکراوی زوو بەسەرچوو.

ئەگەر بۆ من بوویتایە.. ئەوا بەجۆرێک دەمکردیتە هی خۆم کە لێرە هیچ ئافرەتێکیترم وا لێنەکردبێ. لەساتە شێتییەکدا بە تاکە دەستەکەم دەمگوشیت. ووردوخاشم دەکردیت و.. دەمکردیتەوە بە بابەتە سەرەکییەکان.. بەپاشماوەی ژنێک.. بە هەویرێک کە بۆ دروستکردنی ئافرەتێک بشیایە.. بە هەرشتێک بێجگە لەخۆت، هەر شتێک کە لە تۆ کەمتر لەخۆبایی‌و خۆ بەزلزان بوایە.. زۆرداری و تووڕەییە زۆرەکەشی لەوی تۆ کەمتربوایە.

منێک کە تاکە دەستەکەمم لە ڕووی هیچ ئافرەتێکدا بەرز نەکردۆتەوە، ڕەنگە ئەو ڕۆژە وام لێبدایتایە ئازارت پێبگەیشتایە، ئەمجا ئەوەندەشم خۆشویستیتایە کە ئازارم پێبگەیانیتایە، دواتریش لە پاڵ لەشتا دانیشتمایەو داوای لێبوردنم لێکردایە.

هەموو شوێنێکتم ماچکردایە، بە لێو سوورایی چوار پەلە تێر خەناوییەکەتم بسڕیایەتەوە، تا بە دڕندەیەتی ماچ نیشانەم کردیتایە، بەڵکو لە بە ئاگا هاتنەوەتدا، خاڵئاسا بەو ڕەنگە کەسکەی لەشتەوە، کە بە سەر لەشەوە نەبێ ناکێشرێ، بتبینیمایە!

ئەو هەموو شێتییەم لە کوێوە بۆهات؟ بڵێی ویستبێتم پێش ئەو لەگەڵتابم و بتکەمە هی خۆم، یان ئەو ڕۆژە بە پێشهات یان بڕیارێکی پێشوەخت زانیبێتم کە دوا موچوڕکی خۆشیت لەگەڵدا بەسەردەبەم و، ئیتر لەمڕۆوە بۆ تاهەتایە دەتخەمە دەری ئەم جێگەیەوە؟

گرفتم لەگەڵتا تەنیا ئارەزوو نەبوو. گەر هەر ئەو بوایە ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان شتەکەم دەبراندەوە.

لێرە زیاتر لە ژنێک هەیە کە پیاو بێماندوبوون بتوانێ بیکاتە هی خۆی.

زیاتر لەدەرگایەکی نیمچەکراوەی لێیە چاوەڕێی پیاوێکبێ بیکاتەوە.

لەم ماڵە عەرەبە فرەخێزانیانەی دراوسێدا ژن هەیە چەندجارێک دەیانبینم و، لە ئارەزووی شاراوەی خۆشەویستیشیان بەئاگام.

لەگەڵ ڕۆژگارەکەدا فێربووم، کە هێمای نیگای ژنە خۆپۆشەکان و.. ئەوانەش بکەمەوە کە زۆر پێ لەسەر قورسی خۆیان و ئەو ووشانەش دادەگرن کە بەکاری دێنن.

بەڵام لە نیگاو داوای خراپەکردنەکەیان نەدەگەیشتم.

نازانم ئەمڕۆ.. لەباوەڕەوە ڕەفتارم دەکرد.. یان لەگەمژەیەتی‌و هەستکردنێکی نادیار بە هێڵنجدان؟

ڕاستییەکەی بەزەییم بەخۆیاندا دەهاتەوە.. قێزیشم لە مێردەکانیان دەبۆوە، کە بێئەوەی هیچ لە ئارادابێ کەڵەشێری لەخۆبایی ئاسا بەڕێدا دەڕۆیشتن..

کە جگە لەوەی گوایە لەماڵەوە مریشکێکی پڕو قەڵەوی هەیەو، کەس بەلایدا نەچووە، ڕەنگە بەهۆی بێز لێبوونەوەیان بووبێ!

یان یەکێکی دییان مریشکێکی جوانەو بە نەریت ماڵیکردووە، خاوەنەکەشی لەوە بێئاگایە کە.. خۆڕسکانە!.. هێشتا باڵەفڕکە بە باڵە کورتەکانی دەکری!.

ئای لە گەمژەیی کەڵەباب!

ئەگەر ژن لێرە هەمووی داوێنپاکبێ‌و، پیاویش سەرجەم شەرەف پارێزراوبێ، ئەی کەواتە خۆیان دەست لەگەڵ کێ تێکەڵدەکەن؟ هەمووش بێجیاوازی لە کۆڕی پیاواندا خۆ بە سەرەڕۆییەکانیانەوە هەڵدەکێشن؟

هەر یەکەو بەیەکێکی تر پێناکەنێ‌و.. لەوە بەئاگا نییە کە هەشە بەویش پێبکەنێ؟!

چەندم ڕق لەو کەشەیە کە پەتای دووڕوویی تیایەو.. خاوێنییەکەشی.. پیسییە بۆماوەکەیەتی!

جار هەیە کە سەرنجی ئەو ژنانە دەدەم، قسەی جارێکتم وەبیردێتەوە، کە لە ئاست یەکەمین ڕۆمانتدا سەرسامیم دەربڕی‌و.. بەدوای بیرێکی گوماناویدا کێشم کردی.

ووتت:

"زۆر مەگەڕێ.. هیچ لەودیو ووشەکانەوە نییە. ژنێک کە دەنووسێ ئافرەتێکی دوور گومانی لێدەردەچێ.. چونکە لە بنەڕەتەوە خۆی کەسێکی ڕوونە. نووسین، لەدایکبووننانەوە هەرچی پیسییەکمان پیا هەڵگەڕابێ خاوێنی دەکاتەوە.. لە شوێنێکدا بۆ پیسی بگەڕێ کە ـ ئەدەب ـ ی لێنەبێ!"

لە هەموو شوێن پۆخڵییە بۆماوەکەی بەردەمم، لە چاوی زۆربەی ئەو ژنانەدایە کە هەر بۆ پیاوەێک برسین.

لە کرژی پیاوانێکدایە کە تامەزرۆییەکەیان بەجۆرێک کەڵەکە بوویێت .. لە ئاست یەکەمین مێدا بتەقێتەوە.

بەڵام دەبوا ئەو ڕۆژە بەرەنگاری ئارەزووە ئاژەڵییەکەم بومایەتەوەو، نەیەڵم ئەو شارە بەرەو ناو زەلکاوم کێشکات.

هەندێ باوەڕ هەیە هەرچی ڕوبدا نابێ دەستبەرداریبم. وەک ئەوەی، بە هەر بیانوویەکەوەبێ دەست لەگەڵ ژنێکی بە مێرددا تێکەڵکەم.
ڕەنگە ئەوە نهێنی پەستیەتییەکەی دیم بووبێ. ئەوکات دەمزانی مەحاڵێکی تریش چووە سەر مەحاڵەکانی دی‌و، ئیتر لەمڕۆوە هەرگیز بۆ من نابیت.
ئەو ڕۆژە شەرمم لە دەستی ڕاستم نە دەکرد..
کە زانیم، لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لێیان ڕووداوم هێشتا ڕێز لە لەشم دەگرم، هەستم بە کەمێک خۆشی کرد.
لەم کاتانەدا گرنگ ئەوەیە، کاتێک لەش بەو یەکەم کەسەی بەلاماندا گوزەربکات، دەبەخشین، ڕێزی لەشمان نە دۆڕێنین.
جا ئەگەر سوکایەتی پێبکەین و.. ئەویش نەیەوێ بیرخۆیی بەرێتەوە، ئەوا ئیتر جێمان لە کوێ دەبێ؟
ناکاو لێفەکەم توڕدا، چوومە لای پەنجەرەکەو خستمەسەرپشت، وەک بۆ دەرچوونی تارمایی تا هەتاییت و هاتنە ژوورەوەی ڕووناکیم کردبێتەوە.
لەم شارە پڕ لە جنۆکەو جادووەدا، چۆن دەبوو گەر لەگەڵ تاریکاییەکەدا جنۆکەیەک دزەی بکردایەو، لە پاڵما بنوستایەو، چیرۆکی سەیرسەیری بەگوێمدا بدایەو، بەڵێنی هەزار جارەی جادوگەریانەی کلۆڵییەکانمی بدامایەتێ‌و.. ئەمجا لەگەڵ یەکەم گزنگی ڕووناکیشدا بۆ خەیاڵ و گومانەکانم جێی هێشتمایە؟
جا ئەورۆژە بەڕاستی تارماییەکەت لەجێگەکەم دەرچوو.. لە ژوورەکەم و بیرم و. لە پەنجەرەکەشەوە تێیتەقاند؟ نازانم!
هەر ئەوەندەم دەزانی کە قسنتینە، لەو پەنجەرەیەی دەگمەن دەمکردەوە، بە ژوورکەوت.
بانگێ لە یەک کات و چەند منارەیەکەوە ڕایچڵەکاندم و، لە ئاست هەنگاوی پەلەی بە هەموولایەکدا فڕکانفڕکانیاندا، سڕبووم.
پردی (سیدی ڕاشد)یش وەک ئافرەتێکی هەمیشە بزێو کە خۆی بۆ بەسەرهاتێک ئامادەکات.. بە خەمی ڕۆژانەو گەرمی کۆتایی هەفتەوە، لە جووڵەیەکی هەمیشەییدابوو.
بەتایبەتی ئەو بەیانییە، سەرقاڵێتییەکەی بەپەستێتی ئەو بەیانییەی منەوە، بە شتێک لە ناپاکێتی و.. بێئەمەکی زانی.

بڕیارمدا لەگەڵیا خۆشدوونەبم.. دەموچاوم بەیەکدا داو.. پەنجەرەکەم بەڕوویدا پێوەدایەوە..
ناکاو ئارەزوویەکی زۆری نیگارکێشی گرتمی. گێژاوێک تامزرۆیی ڕەنگ .. کە شانی لە ئارەزووە سێکسییەکەی پێشووم دەداو وەک ئەویش توند.
پێویستیم بە ژن نەما.. لە لەشم خۆشبوومەوەو ئازارەکە دایە سەری پەنجەکانم..
لە کۆتاییدا تام و ڕێوڕەسمی شێتییەکەم لە پانتایی پێخەفەکەمدا جێگای نەدەبۆوە. هەر ئەو ڕووبەرە سپییەی بە تەختەکەوە قایمکرابوو لە خۆمی بەتاڵ دەکردمەوە.
دەمویست نەفرەتەکەم لەو بکەم و، وەک بەڵغەم ، تاڵاوی تەمەنێک نوشوستی پیاکێشم.
ئەو بیرە بەتاڵکەمەوە کە حەزی بە ڕەنگی ڕەش دەکرد. ئەوەتەی لایەنگریی ئەم شارەی کرد کە چەند سەدەیەکە - گەمژانە - لەژێر لێفەی ڕەشدایەو، - ناکۆکانە - ش بۆ لە خشتەبردن ڕووی خستۆتە بن سێگۆشەیەکی سپییەوە.
سڵاو ئەی سێگۆشە مەحاڵەکە.. سڵاو ئەی شارە داخراوەکەی ناو سێکوچکەی حەرامی (ئایین - سێکس - سیاسەت).
لەبن عەبا ڕەشەکەتەوە.. چەند پیاوت هەڵلووشی. کەسیش پەیی بەوە نەدەبرد کە ڕێوڕەسمی سێگۆشەی (بەرمۆدا)و ئارەزووە نوقومکەرەکەیت هەبێ..
ئەو بەیانییە بیرە کەوەییەکان بە دوای یەکدا بە مێشکمدا دەهاتن. تا سەعاتیش بەرەو پێشچوایەو کاتی هاتنەوەی حەسان و ناسر نزیکبوایەتەوە، کە بۆ ئامادەیی زەماوەندەکەت لەگەڵما دەهاتنە ئەو ماڵە، تووڕەیی زیاتر دایدەگرتم.
تووڕەییو نوشوستیم، تەنانەت بۆ ڕیشتاشین یان خۆ ئامادەکردنی خۆشییە پرسەکە، دەستیان گۆجکردم.
ناکاو تلیاکخۆرئاسا کە تلیاکەکەیی لێبڕابێ، بە تووڕەیی بە ژوورەکەدا هاتوچۆم دەکرد.
چۆن بیرم لێنەدەکردەوە کە ئەمڕۆ هەستکردن بەو نەخۆشییە بۆ فڵچەگرتن و ئارەزووە ڕامالەرەکە پێویستە؟ ئەو ئارەزوووەی کە خۆی لە

بەردا ناگیرێت و، لە سەری پەنجەکاندا دەبێتە ئازارو، کرژییەکی وا بە لەش دەدات، ئەندامەو ئەندام بکات؟

دەمویست وێنە بکێشم.. هەر وێنەیەک.. تا لە هەموو شت بەتاڵ بوومایەتەوەو بەلادا بهاتمایە.. یان لە ماندوێتیو تامەزرۆییدا لە هۆشخۆ بچوومایە.

بەزۆری، ئەمجارە وێنەی پردو شوێنی پەرینەوەم نەدەکێشا. ڕەنگە ژنم بە عەبای ڕەش و.. سێگۆشەی سپیو.. ئەو چاوە درۆزنانەوە بکێشایە کە بەڵێنی خۆشییەک دەدەن. چونکە زیاتر ڕەش.. ڕێک وەک سپی، ڕەنگێکی درۆزنە.

لەوانەشە هیچ نیگار نەکێشم و، هەروا بەپێوە، لە ئاست تابلۆیەکی سپیدا بێدەسەڵاتانە بەلادابێم و بمرم.

جا چی لە ئیمزاکردنی پانتاییەکی سپی بە سپی نایابترە، کە لەسەر نووکی پێش لێیبکشێینەوە، چونکە دواجار هیچ ئیمزا ناکەین، هەر ڕۆژگار مۆری ژیانمانی دەکات و، خۆشی چی بویستایە پێیبکردایە؟

کەواتە بۆچی پاشقول لە شتەکان بگرین.. فێڵی بۆچییە؟

ئەی تۆ تابلۆی من نەبوویت؟ با هەزارجار نیگارم کێشابێت، کە ئەمڕۆ یەکێکی دی ئیمزای خۆیت لەسەر دانێو، شوێن پەنجەی بەسەر لەشتەوەو، ناویشی لەپاڵ بەڵگەنامەکانتا دانێ، سوودی چییە؟

ئەو دەیان ڕووبەرەی بە تۆم داپۆشی، لە ئاست پێخەفێکدا کە لەشت لە خۆبگرێ.. مێینییە هەتاهەتاییەکەت بە نەمری بهێڵێتەوە، چ سوودێکی دەبێ؟

ئەوانەی دەیانکێشم چ بایەخێکیان دەبێ.. گەر هەمیشە وەک هەمووجار، یەکێکی دی لە بری من ئیمزای خۆی دانێ؟

* * *

لەوساتە هێجگار بێوورەییەدا، لە پڕ تەلەفۆن لێیداو، بۆ ساتێک لە تەنیاییو خەیاڵەکانم دەریکێشام. بەپەلە بۆ ژوورە دوورەکەی تر چووم، تا وەڵام بدەمەوە.

حەسان بوو. بێپێشەکی لێیپرسیم:

- ئەوە خەریکی چیت..؟

کەمێک ڕاستگۆیانە وەڵامدایەوە:

- تۆزێک ڕۆیشتبووم..

ووتی:

- دەی باشە.. وامزانی ئامادەیت و ماوەیەکە چاوەڕێی منی. ویستم پێتبلێم من کەمێک دوادەکەوم. گرفتێکی پچوک پەیدابووە دەبێ چاریکەم.

بە سەرسوڕمانەوە لێمپرسی:

- گرفتی چۆن؟

- پێشبینیکە، ناسر ئەمڕۆ چیم پێبڵێ؟ نایەوێ لە شاییەکەی خوشکیا ئامادەبێ..

منیش حەزم بە خۆهەڵقورتاندنی زیاتربوو ووتم:

- بۆچی؟

- ئەو دژی شووکردنەکەیەو.. نایەوێ میوان و زاوا ببینێت.. تەنانەت پووریشی!

خەریکبوو بە "هەقە" قسەکەی پێببڕم.. بەڵام لێمپرسی:

- ئەی ئێستا لە کوێیە؟

ووتی:

- لەمزگەوت جێمهێشت. پێیووتم لە مزگەوت مانەوەکەی بەباشتر دەزانێ وەک لەگەڵ ئەو "گەو..."نەدا کات بەسەر بەرێ!

یەکەمینجارە بە دڵ پێبکەنم. نەمتوانی دانبەخۆدا بگرم و بە دەنگی بەرز نەڵێم:

- ئافەریم ناسر.. بەخوا "چاکت ناسین".!

بەڵام حەسان قسەکەمی پێبڕیم و دەنگیشی شتێک گازاندەو سەرسامی تیادابوو:

- ئەوە چیتە تۆش شێتبوویت.. شوورەییە.. کەست دیوە بۆ زەماوەندی خوشکی نەچێ.. خەڵکی چی دەڵێن..

- خەڵکی.. خەڵکی.. چییان پێخۆشە با بیڵێن.. ڕەحمەت لەباوکت لێمانگەڕێ..

پێشئەوەی شتێک بڵێم ووتی:

- کەواتە لەماڵ بە.. هەر کە تەواوبووم دێمەوە بۆ لات. دوایی باسیدەکەین، من لە چایخانەوە قسەت لەگەڵدا دەکەم و، خەڵکێکی زۆرم بەدەورەوەیە (... ئاگاداربە...!)

ئەمجا بەردەوامبوو:

ـ عەتیقە خواردنی بۆ ئامادەکردویت و لە چێشتخانەکەیە..
تەلەفۆنەکەم داناو گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم.
پێویستم بە خواردن نەبوو. هەر هەستم بە تینوێتییەکی بەیانیانەو، تالاویێک دەکرد کە ناکاو دوای ئەو تەلەفۆنە سەری هەڵدا، تامی بەختیارییەکی نادیار.
هەڵوێستەکەی ناسر دایخورپاندم. هەستمکرد بێئەوەی بەخۆ بزانم کەسێکی تریش لە پەستییەکەمدا هاوبەشەو، لەگەڵ مندا بەرامبەر بەم شووکردنە وەستاوە، بەلام بە ڕێگەی خۆی..
ناسر کەڵەپیاوە، دەهێنێ کوڕی سی تایەربێ.
هێشتا ناسرم نەدیوە. بەلام پێموایە وەک باوکی (سەرسەختبێ..). وەک ئەویش کەللەڕەق و قسە لە ڕووبێ.
جا ئەگەر بەڕاستی وەک باوکی بێ ئەوا هەرگیز حەسان ناتوانێ ڕاکەی پێبگۆڕێ.
هێشتا کەللەڕەقیو دوابڕیارە هەمیشەییەکانیشیم لە یادە، کە کەس نەیدەتوانی پەشیمانی کاتەوە.
ئەوکاتە شتێک دیکتاتۆریتیو، لەخۆباییەتی سەرکردەم لە هەڵوێستەکانیدا دەدی. ئەمجا لەگەڵ ڕۆژگاردا، دەرکمکرد شۆڕش لە ڕۆژانی سەرەتایدا دەبێ پیاوی وەک سی تایەری، بەو کەللە ڕەقیو، بڕوا بە خۆبوونە زۆرەوەی هەبێ، تا ڕاو دەسەلاتیان بەسەر خەڵکی دیدا بسەپێنن، ئەویش نەک بۆ سامان و دەسەلات، بەڵکو بۆ یەکخستنی شۆڕش و بوار نەدان بە ناکۆکیو شتی تاکەکەسی، تا ئەو یەکەمین مەشخەڵە نەمرێو "با"ش پەرشوبلاوی نەکاتەوە..
ناکاو یادی سی تایەر سەری هەڵدایەوە. لە ساتێکدا کە بۆیم تەرخان نەکردبوو..
دەرکەوتنەکەی هاتەوە، وەک ئەو گوللانە بەسوێبوو کە چەند مانگێک بەر لە سەربەخۆیی جەزائیر، ڕۆژێک لە لەشیدا بەتالکرایەوەو کوشتی.
لەکوێیە تا لەم ڕۆژە نائاساییەیدا ئامادەبێ، لەمیش دوادەکەوێت؟
بڵێی قەدەرەکەی وابێ کە لە خۆشیدا ئامادەنەبێت؟
وەک چۆن پێشوەختی خۆی هات هەر بەوجۆرەش کۆچیکرد، وەک دەرکیکردبێ کە بۆ ڕۆژگاری ئایندە نەخولقاوە.

بە تالاویێکەوە لەوە دەگەیشتم، کە هەرچی خۆشیویستبێ دووپێی نایەتە ئەم زەماوەندەوە.

هەموو ئەوانەی تۆ خۆشییان بوویت نایەنە خۆشییەکەت. سی تایەرو زیاد و.. ناسریش.

بۆچی ئەو بازە تەنیا بەسەر منەوە نیشتەوەو، ڕۆژگار بۆلای تۆی هێنام؟

بۆچی، بە ناوی بیرو سۆزەوە تائیرەت کێشکردم.. بە ناوی ئەو خۆشەویستییە شێتانە مەحاڵەی ڕستەیەکت لەبارەوە ووت کەگیرفانی خەونەکانی پڕکرد لە خەیاڵ.. "چونکە لە قسنتینەین بۆ تۆ دەبم..".

چۆن باوەڕم پێکردیت و.. هاتم؟

دەشمزانی درۆدەکەیت و، هەوری سپیم.. بۆ هاوینێکی دووروودرێژ پێشکەش دەکەیت. بەڵام.. کێ بەڕووی بارانی درۆیەکی جواندا دەوەستێتەوە؟

درۆ هەیە هەوڵدەدەین بڕوای پێبکەین تا هەواڵەکانی کەش و هەوای پێشەرمەزارکەین. بەڵام کە باران لە ناخماندا دایکرد.. کێ فرمێسکی ئاسمان ووشک دەکاتەوە؟

ڕاستییەکەی تۆ ژنێکی سادی بوویت و، دەشمزانی.

ئەو ڕۆژەم بیرە کە پێمووتی: "ئەگەر هێتلەر کچێکی لەم دنیایەدا لێکەوتایەتەوە.. ئەوا تۆ کچی ڕەوای ئەو دەبوویت!".

ئەو ڕۆژە پێکەنیت.. پێکەنینی دەسەلاتدارێکی بەتوانای لە هێزی خۆ دڵنیا. منیش وەک قوربانییەکی ساکار ووتم: "نازانم چی بە خۆشەویستیی گەیاندم، منی هەلاتووی دەسەلاتدارە هێجگار بە هێزەکان.. بڵێی دوای ئەم تەمەنە ئافرەتێکی ستەمکارم خۆشبوێت..!".

ناکاو بزەت هاتێ.. ئەمجا دوای کەمە بێدەنگییەک ووتت: "تۆ نایابی کە قسەدەکەیت، زیاتر لە بابەتێکی نووسینم تیا دەتەقێنیتەوە.. ڕۆژێک ئەم هزرە دەنووسمەوە..".

دەی کەواتە ڕۆژێک بینووسە.. ڕاستە بۆ ڕۆمانێک دەستدەدا!

* * *

ئەو بەیانییە بۆ لەبیرکردنی نوشوستییەکەی لەگەڵ تۆ تووشم هات، عارەق تاکە داڵدەم بوو.

لەو ژوورەی کە بە جێگەیەکی بەتاڵ و، پەنجەرەیەک کە بەمنارەو پردەکاندا دەیڕوانیو، مێزێکیش هیچ پێویستییەکی نیگارکێشێتی لەسەر

نەبێ، ڕازابۆوە، لە چەند پەڕەکاغەزو قەڵەم و، بوتڵە ویسکییەک بەولاوە، کە پێش تۆبەکەی حەسان بۆم هێنابوو، ئێستاش لە جانتاکەمدایە، شتێکی دیم بۆ دەربازبوون لەوکۆتە شک نەدەبرد. ویسکییەکەم هێناو بەو بەیانییە پێکی "زیاد"و "سی تایەر"و.. "قسنتینە"م هەڵدا.

ئەو شانۆگەرییەم وەبیرهاتەوە کە ڕۆژێک ئامادەی بووم. بێئەوەی زۆری بیر لێبکەمەوە لە سەرەوەی لاپەڕەکە نووسیم "پێکی تۆ ئەی قسنتینە".

بەو ڕۆڵەی بۆم ئامادەکرابوو، بەم شارەی هەموو هۆیەکی خواردنەوەت بۆ دابیندەکات و، لێشتی قەدەغە دەکات، پێکەنیم.

ئەوسا نەمدەزانی، کورتەی نوشوستییەکەم بە دوو ووشە، کە ڕەنگە بۆ ناونیشانی ڕۆمانێک بشێو، لەوانەشە هەر ئەوکاتە بیرەکەی خەملابێ، دادەڕێژم.

ئارەزووی بەرەنگاری تۆو ئەم شارەو.. ئەم نیشتمانە درۆزنەم دەکرد..

پێکەکەم، کە بە تۆ پڕبوو، بەرزکردەوە.. پێکی بیرت کە لە بیرچوونەشدا وەک ئەو کارامەبوویت. پێکی ئەو جووتە چاوەت کە هەر بۆ درۆکردن خولقابوون.

پێکی خۆشی شەوی بۆ گریان ئامادەکراوت.. پێکی گریانی فرمێسک لە توانا نەبووی خۆم.

تۆیەک کە لەگەڵ خوادا ئاشتتکردمەوەو، ڕۆژێک بۆ خواپەرستی ئامادەتکردم. کەچی وا لە شەوی هەینیدا ناپاکیم لەگەڵدا دەکەیت.. خوێنم حەلاڵدەکەیت و، گوللەی غەدرم پێوەدەنێیت.

کەواتە ئەمڕۆ بۆچی مەست نەبم.. بڵێی کاممان کفرکەرترین!

ڕاستییەکەی، حەزم بە ئارەق نەبوو. خواردنەوەی خۆشیو پەستییە سەرکێشەکەم بوو. بۆیە خۆم بەتۆو بە بێبارییە شێتییەکەتەوە بەستەوە. هەرچەند بمخواردایەتەوە بەسەرهاتێکی چیرۆکە بێکۆتاییەکەمانم لە مێژوودا دەنووسییەوە.

ئەوەتا لەسەر شەرەفی تۆ دوا قاپ هەڵدەپچڕم و.. بۆ دواجاریش خۆ شێتدەکەم. بڕواناکەم ئیتر لەمەودوا مەستبم. چونکە ئەمڕۆ دەست لێدەشۆم.. خۆمئاساییش دەتێژم.

ئێستا هەر ناسرم لا گرنگە، ناسری برات کە هەنووکە لە مزگەوتێکی ئەم شارە نوێژ دەکات، تا ئەویش خۆمئاسا، نۆرەگرتنەکەی ئەمشەوی

میوانداریيەکەت و.. ئەو یەکەش لە بیرکات کە لە خەفڵەتی ئێمەدا لەگەڵت ڕادەبوێرێ..

ڕاستییەکەی.. من هەر بە پێکی ئەو.. نەک کەسێکی دی مەست دەبووم!

ئای ناسر..

من و.. تۆو.. ئەم شارە.

شارێک کە لە تووندڕەوێتیو شێتیدا لەگەڵمان گونجاوە. شارێکی "سادی" کە تام لە ئازاردانی ڕۆڵەکانی دەبینێ. بێماندوێتی پێمان ئاوس بوو. کیسەڵی دەریائاسا کە بێگوێپێدان بێچووەکانی لەڕۆخێک دادەنێو جێیان دێڵێ، تا بیانداتە دەم بەزەیی شەپۆل و مەلی دەریا، هەڵیڕشتین..

"بیرکەنەوە.. ئەگینا خوا واتان لێناکات بیرکەنەوە.." "الفکرون" لەو پەندە میللیەدا کە دەست لە منداڵەکانی بەردەدا وایان پێدەڵێ.

ئەوەتا ئێمە بێ هزر.. لە نێوان چایخانەو مزگەوتەکاندا بۆ قەدەری خۆمان دەگەڕێین.

وا ئێمە کیسەڵی بەسەر پشتا نووستووین. هەڵیانگێڕایەوە تا ڕانەکات، هەڵیانگێڕایەوە تا کودەتا بە سەر مەنتقدا بکەن..

لە شارە ڕەسەنەکاندا، لەدایکبوون چەند لە مەرگ دەچێت، چونکە لە بەردەم ڕێچکەی "با" و دژە"با" دا چاوهەڵدێنین و دمرین!

گەورەترین هەتیوی کیسەڵی ئەم شارە کێیە!

کە دواتر حەسان هات و، منیش لەسەر مێزەکە دانیشتبووم و بوتڵێ ویسکی نیوە بەتاڵم لە بەردەمدابوو خەریکی نووسینبووم، ئەوەندەی پێسەیربوو وەختابوو لە هەنسک بدا. وەک بەکردنەوەی بوتڵەکە دێوێک یان جنۆکەیکم لەماڵەکەدا بەرەڵاکردبێ، حەپەساوانە پیامیا دەڕوانی.

ویستم گاڵتەی لەگەڵدا بکەم، بەتەوسەوە پێمووت:

- بۆچی وا سەیرم دەکەیت.. پێشتر بوتلی وات نەدیوە؟

کەچی حەزی بە گاڵتەکە نەبوو بوتڵەکەی لەبەردەمما لابردو بەدەم جنێو و بۆڵەوخوتەیەکی واوە کە نەم دەگەیشتنێ، بردییە چێشتخانەکە.

کە گەڕایەوە بە شێوەیەک دەدوا، نەهامەتیو پاشماوەی ماندوێتییەکی وای پێوە دیاربێ کە لەگەڵ ناسردا چەشتبووی، پێیووتم:

ـ برام چیتانه.. وولاّت زەوتکراوەو ئێوەش یەکێکتان نایەتە نوێژو.. ئەوی تریشتان خۆی سەرخۆش دەکات.. چیتان لەگەڵدا بکەین؟
ئیستێکم لەئاست "وولاّت زەوتکراوە"دا کرد، کە مەبەستی شارخرۆشان .. یان ڕووداوێکی نائاساییەو، سالآنێکە گوێم لێنەبووە، بەڕاستی دەربڕینێکی سێکسیانەیە.
کە جارێکی تریش لە هەموو شتێکدا توانای تێهەڵکێشکردنی وێنە سێکسییەکانی ئەم شارەم بۆ دەرکەوت.. کە زۆر سەیرو بێمەبەستن، بزەمهاتێ..
چاوم لە ئاستیا بڵندکردو بە جۆرە تەوسێکی تاڵەوە ووتم:
ـ حەسان ئەوە جەزائیرە.. هەندێک نوێژدەکاو.. هەندێکیش مەست دەبێ.. هەر لەوکاتەشدا ئەوانی دی "لە وولاّت زەوتدەکەن.."!
بەلاّم پێدەچوو حەسان ئامادەی مشتومڕ کردنم نەبێ.
ڕەنگە دوای بەسەربردنی ئەو کاتەی بۆ قایلکردنی ناسر بەفیڕۆی داوە نەتوانێ چیتر مشتومڕ بکات. قسەکەی پێبڕیم و ووتی:
ـ دەچم قاوەت بۆ دێنم، تا بەهۆش بێیتەوەو مەستییەکەت بەرتدا.. ئەمجا قسەدەکەین. ئەو خەڵکە لەوێ چاوەڕوانمانەو هەندێکیشیان چەند ساڵێکە نەیاندیویت. دەبێ وا نەچیت!
دوای چەند ساتێک کە گەڕایەوە لێمپرسی:
ـ لەگەڵ ناسر چیت بەچیکرد؟
ووتی:
ـ بەڵێنی دامێ، لەبەر خاتری من کاتی نانخواردنی ئێوارە بێت، بەلاّم زۆر نامێنێتەوە. واش گومان لە هاتنی دەکەم. لەو کەللەڕەقییەی ناگەم.. ئەو هەر خوشکێکی هەیە.. ناکرێ لە زەماوەندەکەیدا بە بەرچاوی خەڵکەکەوە نەوەستێ.
شێتییە!
حەسان ووتەنی، قاوەکەم خواردەوە تا بەرمدا. بەلاّم ڕاستییەکەی کە گوێم لێدەگرت مەستتر یان شێتتر دەبووم.
ئیتر وەک ئەو ساتەی لە هۆی نەهاتنی ناسر بۆ زەماوەندەکەم لێپرسی، قسەکە بۆ زۆر باسی تری کێشکردین.
ووتی:

ـ لەگەڵ ماميا ڕێك نييە. پێيوايە مامی سوودێكی زۆری لە ناوی سی تايەر بينيوەو، زۆرێكەميش بايەخی بە براژنیو منداڵەكانی داوە. ئەم زەماوەندەش گەيشتن بەمەرامی سياسی نەبێ هيچ ئامانجێكی دی نييە.. ئەو دژی هەڵبژاردنی زاواكەيە كە لەڕووی سياسیو ڕەوشتيشەو بەدناوە. چونكە هەموو هەر باس لە لێشاوە پارەی دەلاڵیو قاچوقووچە جياجياكان و .. حسابی دەری وولات و.. ژنە جەزائيریو.. بيانييەكانی دۆستی دەكەن. جگە لەوەی ئەميان ژنی دووەمێتیو، منداڵی واشی هەيە لە تەمەنی بووكە نوێكەيدايە..

لێمپرسی:

ـ ئەی تۆ ئەم ژنهێنانە بە ئاسايی دەزانی؟

ووتی:

ـ نازانم دەتەوێ بە كام مەنتق حوكمی بدەم.. يەكلاييە كە بە مەنتقی لای خۆمان ژنهێنانێكی ئاساييە. ئەوە يەكەمين ژنهێنانی لەم جۆرەمان نييەو دوايەمينيشيان نابێ.. زۆربەی پياوە گرنگەكان لێرە لە دۆستێك زياتريان گرتووە. هەمووشيان بە شێوەيەك لە شێوەكان وازيان لە ژن و منداڵانيان هێناوە، تا ژنێكی گچكەترو جوانترو ڕۆشنبيرتر لە ژنەی يەكەميان بێنن.. تۆ ناتوانيت ڕێ لەپياوێك بگريت كە ئەستێرەيەك بۆ سەرشانی زيادكرابێو، ژنێك لە ماڵەكەيدا زياد نەكات، يان ڕێ لە پياوێك بگريت كە پلەيەكی نوێی وای وەرگرتبێ بەخەونيش بە خۆوەی نەديبێو، بەدوای كيژێكدا نەگەڕێ كە هەميشە خەونی پێوە دەبينێ.

بەردەوامبوو:

ـ من هەوڵم تەنيا بۆ ئەوەبوو ناسر قايلكەم، كە مەرج نييە مامی بەم بە شوودانە ويستبێتی خوشكی لە دواڕۆژ بكات. بگرە هەركەسێكی تريش لە جێی ئەو بوايە بەم خزمايەتييە خۆشحاڵ دەبوو.. ملیخۆشی بۆ دەشكاند.. چونكە تاكە ڕێگەيە بەيەكجار گرفتی خۆیو كچەكەی چار بكات و، ماندوێتييەكی زۆريشی لە كۆڵكاتەوە..

لێمپرسی:

ـ ئەگەر كچێكت هەبوايەو ئەم پياوە بيخوازتايە، دەتدايە؟

ووتی:

ـ بێگومان.. بۆنەء؟ ژنهێنان حەلاڵە.. ئەوشتانە حەرامن كە هەندێك هاوچەرخانە دەيكات. وەك يەكێك كچەكەی، ژنەكەی.. يان خوشكی

لەبری خۆی بنێری تا نووسراوێکی بەڕێوەبەرایەتی بۆبێنێ، داوای شوقەیەک یان ڕێدانی کردنەوەی دوکانێکی بۆ بکات، کە خۆشی دەزانێ لێرە کەس هیچ بێ بەرامبەر ناکات. خەڵکە ساویلکەکە بەدەستی خۆیان شتێکی دییان بۆ بەدەستهێنانی پێویستییەکانیان خستە گەڕ.. ئافرتێک بێنەو.. چیت دەوێ وەریگرە!

حەپەساوانە ووتم:

ـ بەڕاستیتە؟

وەڵامی دامەوە:

ـ ئێستا ئەو شتانە لە شارێک زیاتردا هەیە.. بە تایبەتی پایتەخت.. هەموو کیژێک دەتوانێ پچێتە نووسینگەیەکی حیزب و شوقەیەک یان هەر خزمەتێکی دی وەدەستبێنێ.. بێگومان هەمووشیان ناونیشانەکە دەزانن و، دەشزانن کێ بەیەکسانی، شوقەو خزمەت بەسەر ئافرەت و دروشمیش بەسەر گەلدا دابەش دەکات.. بینینی دیمەنی ئەو ئافرەتانە بەسە کە خۆ بەوێدا دەکەن تا لە هەمووشت بگەیت..

لێمپرسی:

ـ ئەوانەت لەکێوە زانیوە؟

بە بێزارییەوە ووتی:

ـ کێ؟ چەند مانگێک لەمەوپێش کە بۆ سەردانی فەرمانبەرێکی حیزبی برادەرم چووم.. بەو هیوایەی یارمەتیم بدات تا دەست لە مامۆستایەتی بکێشمەوە، بەگوێی خۆم بیستم و بەچاوی خۆشم بینیم. پێشبینیکە.. تەنانەت دەرگاوانەکەش ئەزیییەتی خۆی نەدەدا قسەم لەگەڵدا بکات.. پێووتنەکەشم بەوەی کە لە قسنتینەوە بۆ ئەو مەبەستە هاتووم، دادی نەدا. لەوێ تەنیا بایەخ بە ئافرەت دەدرا.. خۆ کاتێکیش بێزاریم بۆ "برای بەردەست" دەربڕی، بە جۆرە تووڕەبوونێکەوە وەڵامیدامەوە، ئەی "نابینی" زۆربەی ئامادەبوان.. فەرمانبەرانی یەکێتیبە حیزبییەکان.. یان خەباتگێڕانن. خۆ کە یەکێکیان بەبەردەمما ڕەتبوو خەریکبوو لێیبپرسم کە "ڕێک بەکام ـ ئەندامە ـ ی خەباتیان کردووە..؟" بەڵام قسەم نەکرد.

ئای.. کوڕم بڕۆ.. ئەمڕۆ کار گەیشتۆتە ئەوەی هەموو شتێک بە ئافرەت دەڕوات. بە ڕابواردنی شەوانەو.. دانیشتنە تایبەتییەکان. بۆیە گەر بە دەستم بوایە ئەوا کچەکەمم بە یەکێک دەدا کە بیتوانیایە بە تەلەفۆنێک هەموو شتێکی بۆ بهاتایە. نەک بە یەکێکی خۆمئاسا کە لەگەڵ کلۆڵیدا

ژیان بەسەربەرێت.. یان بچوایەتە ئەو ئەڵقە بۆگەنەی.. بیناردایە لە سەد دەرگای بدایە؟

ڕەنگە ئەوکاتە ئاسەواری ئەو زەبرە سەیرەی بە ئادگارمەوە بینیبێ‌و.. ئەو تاڵاوەش کە ووڕیکردبووم، بۆیە وەک بییەوێ لە نوشوستییەکەم کەم کاتەوە، بەردەوامبوو:

- بەهەرحاڵ.. شتی وانابێ. تەنانەت گەر کچەکەشم بخەمە بەردەستی (سی....) یەکلاییە کە نایەوێت. ئەوان لەگەڵ یەکدی نەبێ ژن و ژنخوازی ناکەن. چونکە فلانکچی فلانکەس نەبێ نایەوێ، تا "ڕۆنی خۆمان لە سمێڵی خۆمان بدەین.!"و گۆڕینی کورسی ئەم دەستەڵات و ئەو دەستەڵاتیش هەر بۆخۆیان دەپارێزن، ئیتر چۆن دەتەوێ لاوێکی ئاسایی لەم کەشەدا ژیان پێکبێنێ؟ کچان هەر هەمووی بەدوای لێپرسراوو بەڕێوەبەرو پیاوی ئامادەدا دەگەڕێن.. ئەوانیش لەوە بەئاگان بۆیە هەرجارەو مەرجی زیاتر دادەنێن.. لە کاتێکدا ڕۆژانە ژمارەی قەیرە لە زیاد بووندایە.. یاسای بوون و داوایە.

گەر بەو چاوە شتەکان ببینی، ئەوا بێگومان چاو لە سی شەریف دەپۆشی. گرنگ پاراستنی برازاکەی‌و، بەگوێرەی توانا مسۆگەرکردنی دوارۆژێکی بەختیاریانەیە بۆ خۆی‌و ئەو.

بەڵام زاوا پارەی دەوڵەت دەدزێ‌و هەڵیدەلووشێ.. ئەی دەتەوێ چیبکات؟ هەر هەموویان دزو کەلەکچین. هی وا هەیە شتەکەی لێئاشکرا بووەو، هی واشیان هەیە دەزانێ چۆنچۆنی پارێزگاری ڕواڵەتە بەڕێزەکەی دەکات.. هەر بە ڕواڵەت!

بە گوێلێگرتنەکەی کاسبووم.

خەریکە پێیبڵێم دواکات ئەو ڕاستە. ڕەنگە سی شەریفیش ڕاستبێ.. نازانم.

بەڵام لەو ژنهێنانەدا شتێک هەبوو، کە ئەقڵ ڕەتیکاتەوەو پێشی قایل نەبێ.

# بەشی شەشەم

بۆ زەماوەندەکەت قاتە ڕەشەکەمم لەبەرکرد.

ئەم ڕەنگە سەیرە. دەکرێ بۆ خۆشیو.. پرسەش لەبەرکرێت!

بۆچی ڕەنگی ڕەشم هەڵبژارد؟

ڕەنگە لەو ڕۆژەوەی خۆشمویستویت من بوبێتمە سۆفیو، تۆش مەزەب و تەریقەتمبی. لە وانەشە بۆ ئەوە بووبێ کە ڕەنگی بێدەنگیشم بووە.

هەر ڕەنگەو زمانی خۆی هەیە. ڕۆژێکیان خوێندمەوە کە ڕەنگی ڕەش زەبری بەئارامییە.

ئەوەشم خوێندۆتەوە کە هەڵگری دژی خۆییێ. جارێکی تریش بیستوومە کە بەرگدروویەکی بەناوبانگ ، وەلامی نهێنی هەمیشە ڕەش لەبەرکردنەکەی خۆیی وا دابۆوە، ووتبووی: "ڕەنگێکە لەمپەرێک لە نێوان من و خەڵکەکەی دیدا دادەنێ".

دەکرێ ئەمڕۆ زۆرت لە بارەی ئەو ڕەنگەوە بۆ باسکەم. بەلام بە قسەی ئەو بەرگدرووە وازدێنم.

چونکە ئەو ڕۆژە دەمویست لەمپەرێک لە نێوان خۆم و ئەو کەسانەدا دابنێم کە دەیانبینم، هەموو ئەو مێشانەی هاتبوون بەسەر خوانی زەماوەندەکەتەوە بنیشنەوە.

ڕەنگە ویستبێتم لەمپەرێک لە نێوان خۆم و خۆشتا دانێم.

قاتە ڕەشەکەمم لەبەرکرد تا بێدەنگانە بەڕووی بەرگە سپییە بە پوولە وورشەدارو گوڵ پیا هەڵپژێنراوەکەتدابمەوە، ئەو جلەی کە دەڵێن بەتایبەتی لە بازارێکی جلوبەرگی فەرەنساوە بۆیان ئامادەکردوویت..

نیگارکێش دەتوانێ بێلایەنانە ڕەنگ بۆخۆی هەڵبژێرێ؟

---

قۆزبووم. دڵتەنگییش قۆزی خۆی هەیە. ژنێك ئەوەی بۆ یەكلا كردبوومەوە. نیگای حەسانیش كە ناكاو بڕوا پێبوونمی پەیداكردەوە، سەیری دەكردم و بەو شێوازە جەزائیریانەیەی حەزم پێیبوو دەدوا: "ئا خالید ئاوا خۆشمان دەوێیت.. تێكیان شكێنە..!".

سەیرمكردو.. خەریكبوو شتێكی پێبڵێم.. بەڵام بێدەنگبووم.

لەبەردەم ئەو دەرگایەی بۆ ئۆتۆمۆبیل، ئەو پۆلە خەڵكەی هاتبوون، والادەكرێتەوە، سی شەریف بە لە ئامێزگرتن پێشوازی كردم..

- بەخێربێی سی خالید.. بەخێربێی.. خێروبێرت هێنا.. لەشت ساغبێ كە هاتی.. ئەمڕۆ شادتكردم.

جارێكی تریش ئەو هەڵوێستە سەیرەم بە قسەیەك بڕانەوە. ووتم:

- هەمووی پیرۆزبێ..

دەمامكی شادیم لە دەموچاوكردو، هەوڵمدا بە درێژایی ئاهەنگی ئەو شەوە پارێزگاری بكەم.

ماڵەكە پڕبوو لە هەلهەلەو، سنگی منیش بەو دوكەڵە جگەرەیەی كە دەیانسووتاند. دڵیشم لە پەستی. دەموچاویشم لەخۆوە زەردەی درۆی دەهاتێ. بەدەم خەڵكەوە پێدەكەنیم. لای ناسیاو و نەناس دادەنیشتم. بمزانیباو نەمزانیبا قسەم لەبارەی هەموو شتێكەوە دەكرد. تا ساتێك چییە دوو قۆڵی نەبین.. تا بە ناخ هەڵدانەوەم شەرمەزارت نەكەم و.. بڕووخێم.

سڵاوم لە زاواكردو ئەویش وەك كۆنە برادەرێكیم و لە مێژبێ نەیدیبم بە گەرمی پیامانووسا و ماچیكردم:

- برام وا هاتی بۆ جەزائیر.. گەر ئەم زەماوەندە نەبوایە.. نەماندەبینیت!

هەوڵم دەدا ئەو قسەیە لەبیركەم كە لەگەڵ مێردەكەتدا كردم، لەگەڵ پیاوێكدا كە ڕەنگە ئەو ساتەی بە پەلە قسەی بۆ دەكردم بیری لای پێكگەشتنەكەی ئەو نیوەشەوەی تۆ بووبێ.

سەرنجی جگەرەكەیم دەدا كە بەو بۆنەیەوە درێژترینیانی هەڵبژاردبوو.. قاتە شینە ئاوریشمییەكەی بەری - یان قاتەكە ئەمی لەبەركردبوو - وەك كەسێك كەشخەی دەكرد كە بە لەبەركردنی ئاوریشم ڕاهاتبێ. دەمویست سەیری لەشی نەكەم. بیرم نەكەوێتەوە. خۆم بە سەیركردنی دەموچاوی ئامادەبووانەوە دەخافڵاند.

بەدیاركەوتی..

لەگەڵ کەژاوەی ژناندا، کە چۆن من لە نیگارکێشان و دڵتەنگێتیدا کارامەم، ئەوانیش لێهاتووانە خۆشیو شادییان دەردەبڕی.

دوای ئەو هەموو مانگەی بەدیارنەکەوتیت، یەکەمجارە بتبینم، دوورو نزیک، وەک ئەستێرەیەکی هەڵاتوو.. بە جلوبەرگ و هەنگاوی قورسەوە، بەناو هەڵهەلەو دەنگی دەهۆڵ و.. گۆرانییەکدا ڕێتدەکرد کە بیریان دەبزواندم و، دەیانکردمەوە بەو منداڵەی بە ماڵە کۆنەکانی قسنتینەدا، لەگەڵ کەژاوەی ژنانی دی و.. بەدوای بووکێکی ترەوە ڕامدەکرد.. کە ئەوسا هیچم لە بارەی بووکەوە نەدەزانی.

ئای کە حەزم لەگۆرانیی بوک گواستنەوەبوو، بێئەوەی لێی تێبگەم خۆشیم لێدەبینی. کەچی ئەمڕۆ دەمگریێنیّ!

"دایکی بووکێ دەرگا واڵاکە.." دەڵێن هەمیشە بووک کە گوێی لەو گۆرانییە دەبێ دەگری.

بڵێی ئەو ڕۆژە گریابیت؟

چاوەکانتم لێدووربوون.. تارمایی فرمێسکم و جەنجاڵییەکە لێیانی جیادەکردمەوە. ئیتر وازم لە پرسیارەکە هێنا.

هەر سەرنجی دوارۆڵتم دەدا.

وا تۆ ئەمیرەیەکی ئەفسانەئاسا، ئارەزووبزوێن و خۆش، بەسەرنجی حەزلێکەران و حەپەساوان دەوردراو.. پەشۆکاوانەو.. پەشۆکێن، ئاساییانەو .. لووتبەرز، بەرەوپێش دەڕۆی.

وا تۆ، ئاساییە کە پیاوان لە دڵەوە تامەزرۆتن و.. ژنانیش هەموو ئێرەیت پێدەبەن..

ئەوەتا منیش ـ ئاساییانە ـ لەئاستتا کاسم.

ئەوەش "القوقانی"یە.. وەک هەمووکاتێکی.. گۆرانی بۆ ئەستێرە بە شان و کورسییەکانی پێشەوە دەچڕیّ.

کاتێک پیاو ماقوڵ و خاوەن بڕیارو ئەستێرەی زۆر دەکرێنە پەردەوە، دەنگی خۆشترو کەمانچەکەشی بە جۆشتر دەبێ.

ئامێرە مۆسیقاییەکان دەنگیان بڵندترو.. کۆرسیش زیاتر دەنگی لێبەرز دەبێتەوە، تا بەیەک دەنگ خۆشحاڵی خۆیان بۆ زاوا دەربڕن:

"يا دِيني ما أحلالي عِرسُو.. بالعوّادة..

الله لا يقطعلَو عادة..

وانخاف عليه .. خمسة. والخميس عليه"

هەڵهەلە دەکێشرێو.. پارەی کاغەزیش دادەبارێ.

قورگە کڕراوەکان چەند پتەون. دەستە بەخشندەکانیش، چۆن خێرا پارە دەقۆزنەوە هەر واش دەیبەخشنەوە!

ئەوەتا لێرەن..

وەک هەر زەمانێکی دی.. هەموو لێرەبوون.

خاوەن ورکێ و.. جگەرەی کوبایی‌و.. ئەو قاتە جلانەی کە بەزۆر شێوە لەبەر دەکرێن.

خاوەنی گشت سەردەم و ڕۆژگارێک.. خاوەنی جانتا دیبلۆماتییەکان، خاوەنی ئەرکە بە گومانەکان، خاوەنی بەختیاری‌و نەگبەتی، خاوەنی ڕابردووە نادیارەکان.

وان لێرە..

کۆنەوەزیرو.. پڕۆژەی وەزیران. کۆنەدزو.. پڕۆژەی دزان. بەڕێوەبەرە خۆهەڵواسەرو و.. خۆ هەڵواسەرانێک کە بەدوای بەڕێوەبەرێتیدا وێڵن. کۆنە هەواڵدەرو.. سەربازی لە بەرگی وەزیریدا خۆحەشاردراو.

وان لێرە..

خاوەنی بیردۆزی شۆڕشگێڕی‌و، دەستکەوتی خێرا. مێشک پووت و، خاوەن ڤیەللای مەزن و، ئەو کۆڕانەی کە تاکەکەس تیایاندا بە شێوەی کۆ قسە دەکا.

وان لێرە.. کە بەردەوام وەک ماسی قرش کۆدەبنەوە. یەکبینە بە دەوری خوانە گومان لێکراوەکانەوەن.

دەیانناسم و خۆم لە زۆربەیان گێلدەکەم "تا مەزنانی گەڕەک نەمرن.. ناڵێ من!"

دەیانناسم و بەزەییشم پیایاندا دێتەوە.

لە دەوڵەمەندی‌و هەژاریاندا چەند کلۆڵن. لە زانین و نەزانینیاندا. لەخێرا سەرکەوتن و.. گلۆربوونەوە ترسناکەکەیاندا!

چەند کلۆڵن، لەو ڕۆژەی تەنانەت کەسێک دەستی تەوقەکردنیشیان بۆ درێژ ناکات.

تا ئەوکاتە.. ئەم زەماوەندە زەماوەندیانە. با بخۆن و ڕابوێرن. با پارە بڕشێنن. با گوێ لە الفرقانی بگرن کە وەک لە هەموو زەماوەندێکی قسنتینیدا گۆرانی "ساڵح بەگ " دەچڕێ، بیلێتەوە.

ئەوگۆرانیەی دووسەدەیە بۆ پەند دەووترێتەوە، تا خەڵكی ئەم شارە كارەساتی "ساڵح بەگ " و فیـڵی دەستەلآت و دەوڵەمەندێتی، كە تاسەر بۆ كەس نابێ، بەبیربێـنێـتەوە..

ئەمڕۆ ئاساییانە بۆ ڕابواردن دەووترێ‌و كەسێـك لە ئاست ووشەكانیدا هەڵوێـستە ناكات..

سوڵتان و وەزیر بوون پێـش ئێـمە مردن و پرسەیان گیرا
سامانی زۆریان بەركەوت نە شكۆمەند و.. نە دەوڵەمەندی كردن
عەرەب ووتیان قسەی وانە كە نە ساڵح و نەسامانەكەی نادەین

كە گوێـم لەو ووشانە دەبوو، گۆرانییەكی هاوچەرخی ترم بیردەكەوتەوە كە لە ڕادیۆوە بە مۆسیقای سەماوە گوێبیستی دەبووم.. بەسەر ساڵحێكی دیدا هەڵیدەدا "ساڵح.. ئەی ساڵح.. چاوەكانتم بەدڵبوو..".

ئای قسنتینە، هەر زەمانەو "ساڵحی خۆی هەیە".. بەڵام هەموو "ساڵح"ێـك بەگ نییە.. هەموو دەستەلآتدارێكیش ساڵح نییە!

ئەوەتا دواجار نیشتمانەكەی ترم لەبەردەمدایە.. بەڕاست ئەمەیە نیشتمان؟

لە هەموو كۆڕێـكیدا دەموچاوێكی لێـیە كە زۆری لە بارەوە بزانم. دادەنیشم و لێـیان ڕادەمێـنم و، گوێ لە سكالآو بێـزارییان دەگرم.

وا دیارە كەسیان بەختیار نین.

سەیرەكە لەوەدایە یەكبینە سكالآیانەو، ڕەخنە لە بارەكە دەگرن و.. نیشتمانیش پڕ جنێـو دەكەن.

دیاردەیەكی سەیرە!

وەك هەموو بەدوای پلەوپایەكانیاندا ڕایان نەكردبێ‌و بەسەر هەموو شتێـكدا بە سنگەخشكە بۆی نەچووبن. وەك بەشێـك لە پۆخڵی نیشتمانەكە نەبن. وەك هۆیەكی ئەو كارەساتانە نەبن كە بەسەریا هاتووە..

سلآوم لە "سی مستەفا" كرد. لەو سەردانەیەوە كە هاتبوو تابلۆیەكم لێـبكڕێ‌و قایل نەبووم پێـیبفرۆشم، بۆتە وەزیر.

كەواتە بۆچوونەكانی "سی شەریف" هاتنەدی، گرەوی لە سەر ئەسپێـكی براوەكرد..

بۆ خۆشدویی لێـمپرسی:

- سی مستەفا ڕات چۆنە؟

بێپێشەکی کەوتە سکاڵا:

- نوقمی گرفتین.. ئاگات لەچییە..!

ئەوکاتە، بەڕێکەوت ووتەیەکی دیگۆڵم بەبیرداهات: "وەزیر مافی سکاڵای نییە.. چونکە کەس زۆری لێنەکردووە ببێتە وەزیر!".

ئەوەم هەر لای خۆم هێشتەوەو هەر ئەوەندەم پێووت:

- بەڵێ ئاگادارم..

بەڵێ "ئاگادری.." ئەو لێشاوە پارەیەبووم کە لە کەنەدا لە بری دەلاڵانەی تازەکردنەوەی کۆمپانیایەکی نیشتمانی گەورە لووشی دا. بەڵام شەرمم دەکرد پێیبڵێم، چونکە دەمزانی ئەوانەی پێشتر بەو پایەیە گەیشتبوون.. لەمیان باشتر نەکردبوو.

هەرگوێبیستی سکاڵاکانی بووم، کە وا دەیگێڕانەوە تەنیا بەزەیی هاونیشتمانییەکی بەسزمان بزوێنێ..

حەسان ئاگای لە من نەمابوو قسەی لەگەڵ کۆنە برادەرێکیدا دەکرد.. کە پێشئەوەی ناکاو لە وولاتێکی عەرەبی ببێتە باڵوێز.. مامۆستای عەرەبی بووە!

چۆن ئەوە ڕوویدا؟

دەڵێن قەرزدانەوە بووەو.. کێشەی "میرات"و کۆنە برادەرێتی ئەو مامۆستایە بە باوکی کەسایەتییەکەوە بووە.. خۆ هەر ئەوەش تاکە "حاڵەتی دیبلۆماتیانە" نییە!

وەک "سی حسێن" کە چاکی دەناسم و، کاتێک من بەڕێوەبەری بلاوکردنەوە بووم ئەو بەڕێوەبەری دەزگایەکی ڕۆشنبیری بوو. کەچی، کە لە ناوەوە بۆگەنی کرد، لە شەو و ڕۆژێکدا لە دەرەوە بووە باڵوێز... ئەوسا لە چەند مانگێکدا پێچاپانەوەو لەگەڵ هەموو تەشریفاتی دیبلۆماتی و بە دوای ئالای جەزائیرەوە ناردیانە دەرەوە!

ئەوەتا ئەمڕۆ لێرەیە.. لە کەشە ئاساییەکەی خۆیدایە.

دوای دەستبرین و یاری بە ماڵی دەوڵەتکردن لەدەرەوە، بانگکرایەوە، تا بێقرە کارێکی حیزبیانەی پێبسپێرن.. بەڵام ئەمجارەیان لە لاوە لەسەر کورسییەک دانرا.

لەم هەلومەرجانەدا، یەکبینە.. تەنەکەی زبڵی شەرەفمەندێتی هەیە!

لە کۆڕێکی دیدا، یەکێکیان کە هەر خەریکی تیورەو وەک هزرمەندێکی شۆڕش و هەموو ئەو شۆڕشانە قسەی دەکرد کە بەدوایدا دێن

.. شۆڕشێکی ئەم زەلامە.. لە هەلومەرجێکی گوماناویداو، دوای ئەوەی کیژە قوتابییەکانی لای خۆیی بە بەرپرسێکی پیری تامەزرۆی کیژۆڵە سپارد، بە ریزەکانی پێشەوە گەیشت..

ئەمەیە نیشتمان..

ئەمەش زەماوەندەکەتە کە بۆیت بانگهێشت کردووم. ئەوە "سێرکی عمار"ە.. سێرکێک کە هەر جێگەی گاڵتەجاران و، کەسانێکی تیا دەبێتەوە کە پاڵەوانبازێتی بزانن و.. بشزانن باز بە سەر قۆناغ و.. بە سەر گەردن و.. بە سەر ڕەوشتیشدا بدەن.

سێرکێک تیایدا چەند کەسێک گاڵتە بەڕیشی خەڵکی بکەن و، هەموو گەلیش بە دەبەنگی ڕامکەن.

ناسر چەند ڕاستبوو کە لەم کەرنەڤاڵەدا ئامادەنەبوو!

دەمزانی ئامادەنابێ.. ئەی دەبێ ئێستا لە کوێبێ؟

بلێی، تا بەمانە نەگات.. لەو مزگەوتە هێشتا هەر خەریکی نوێژبێ. جا نوێژەکەی ئەو.. یان مەستییەکەی من هیچیان پێدەگۆڕرێت؟

ئای ناسر! ئیتر واز لە نوێژ بێنە کوڕەکەم. چونکە ئەوان کەوتوونەتە نوێژکردن و بەرگی خواپەرستیشیان پۆشیوە.

واز لە نوێژ بێنەو وەرە با کەمێک بیربکەینەوە. ئەوساش مێش لە هەموو شتەکان دەداو، کوللەش چی خواردن لەم ناوەدایە هەڵیدەلووشێ.

شەو چەند بەرەوپێشپچوایە، من دڵتەنگترو، ئەوانیش زیاتر ڕایاندەبوارد. پارەی کاغەزیش بەسەر پێی ژنی پیاوماقوڵەکاندا، کە بەئاوازی بەناوبانگترین گۆرانی میللی هەڵدەپەڕین و خۆیان دابووە دەم خۆشی سەماکەوە، دادەباری ..

"کە شەو هات لەکوێ دەنوون لەسەر جێگای ئاوریشم و بالیفەکانی.."

ئامان.. ئامان..

دەی الفرقانی بچرە..

ئەم گۆرانییە، وەک لەسەرەتادا بەدیاردەکەوێ هیچ پێوەندییەکی بە نەبوونی خانووبەرەوە نییە. تەنیا بۆ شکۆمەندێتی شەوانی سوورو ئەو پێخەفە ئاوریشمیانە دەیلێ کە بۆ هەمووان نییە.

"بۆ مردووان.. چاو بۆمردووان مەگری.."

ئامان.. ئامان..

ناگریم.. ئەمشەو نە بۆ سی تایەرو.. نە بۆ زیاد دەگریم.
نە بۆ شەهیدان و نە بۆ شەیدایان. شەوی ئەو لفلیـدانەیە کە بەئاشکراو بە مۆسیقاو هەلهەلە لیـدانەوە ئاهەنگی بۆ دەگیـڕن.
"بەگوڵدانەوە لەگەرماو هاتەدەر گەر بۆ کەسیدی سازنەکرابێ ئەوا بۆ خۆمە .."
ئامان.. ئامان..
ئەو پرسیارە لە خۆم ناکەم. ئیـستا دەزانم کە تۆ بۆ خەڵکی دیت نەک بۆ من. ئەو گۆرانیو، کەژاوەیەی بەهەلهەلە بۆ شەوی خۆشەویستییە ڕەواکەتت دەفڕێـنێ، یەکلایی ئەوەن.
کە بەلاشمدا ڕەتدەبی، ڕەتدەبیو.. بووکانە ڕیـدەکەیت، هەستدەکەم بە سەر جەستەمدا دەڕۆیت، نەک بە "گوڵدانەوە" بەڵکە بە پێ تیـر خەناوییەکەتەوە.. پاوانە زیـڕینەکانی پیـشت ناخم دەکوتن و، زەنگیـکیشم پیادا دەبات کە بیر بە ئاگا بیـنیـتەوە..
ڕاوەستە..
پۆشاک قسنتینی لەسەرخۆبە! چامەکان وا بەپەلە گوزەر ناکەن!
کراسی بەداوی زیـڕ چنراوت و، بە "چەک ـ صك"ی زیـڕ پڕژاو، موعەلەقە شیعریـکە قسنتینە وەچە لە دوای وەچە لەسەر قەدیفەی عەنابی نووسیویـتی.
پشتیـنە زیـڕەکەی ناوقەدتی گوشیوە، تا ژنیـتیوجوانیت لیـهەڵقولیـنێ، دەستپیـکی سەرسامیم بوو.
"صدر و العجز"ی هەموو شیعرە عەرەبییەکانە.
لە سەرخۆبە..
لیـمگەڕێ خەون بەکات وەستان و.. بە بۆ من بوونتەوە ببینم. منیـک کە ڕەنگە بیـزەماوەند سەربنیـمەوەو ڕۆژیـکیش نەیەت هەلهەلەم بۆ لیـدرێ.
ئەمڕۆ چەند ئاوات بە دزینی گشت قوڕگە ژنانەییەکان دەخوازم، تا پیرۆزبایی بۆ خۆم بوونت لیـبکەن!
گەر "بووک فڕیـن" بوومایە، ئەو پاڵەوانە خەرافییەی شەوی بووکیـنی بووکە نازدارەکان دەفڕیـنێ، ئەوا بەسەر پشتی باو ئەسپیـکی سپییەوە بۆت دەهاتم و.. لیـیانم دەفڕاندی..
گەر بۆمن بوویتایە ئەوا ئەم شارە پیرۆزبایی لیـدەکردین و، لە هەر شەقامیـک بپەڕینایەتەوە پیاوچاکیـک دەهاتە دەرو بوغوردی لە ڕیـماندا

دەسووتاند.. بەڵام چ شەوێکی خەمناکە.. قسنتینە! پیاوچاکەکانی چەند کلۆڵن..هەر ئەوان بێهۆیەکی دیار لەسەر مێزەکەم دانیشتن و.. کورسییەکی پێشەوەیان بۆ بیرەکەی ترم گرت..

ئیتر شەوەکەم بە سڵاوکردن لەیەک بەیەکیان بەسەربرد..

سڵاو سیدی ڕاشد..

سڵاو سیدی پیرۆز.. سیدی محمەد الغراب.. سیدی سلیمان.. سیدی بوعنایە.. سیدی عبد المؤمن.. سیدی مسید.. سیدی بومعزە.. سیدی جلیس..

سڵاوتان لێبێ ئەی ئەوانەی شەقامەکانی ئەم شارەو.. کۆڵان و بیرەکانیانتان بەدەستە.

پیاوانی خواناس ئەمشەو لەگەڵما بوەستن.. ئەمشەو من ماندوم.. دەستم لێبەرمەدەن.. ئەی باوکیشم لەئێوە نەبوو؟

"عیساوی" بە پشتاوپشت باوکم نەبوو؟

تۆ لەو ئەڵقە داخراوانەدا بوویت، لەو ڕێوڕەسمە سەیرانەدا، شیشە سوورکراوەکانت بە لەشی خۆتدا دەکردو.. دیواودیو دەتسمیو، ئەمجا بێئەوەی دڵۆپە خوێنێکی پێوەبێ دەرتدەکێشانەوە؟

تۆ بوویت ئاسنە سوورەوە کراوە پشکۆئاساکەت دەکرد بەدەمتاو بە لیک پشکۆکەیت دەکوژاندەوەو، نەدەسووتایت.

ئەمشەو فێرمکە چۆنچۆنی ئازاری خۆم بدەم و خوێنم لێنەتکێ.

فێرمکە چۆن ناوی بێنم و زمانم نەسووتێ.

فێرمکە چۆن لێی چاکبمەوە، تۆ لەگەڵ کۆمەڵی "عیساوە"یاندا لە ئەڵقەی بگرەو بەردەدا زیکرت دەکردو، ئاگرەکە حاڵی لێهێنابوویت و هەڵدەپەڕیت:

"من سیدی عیساویم.. کە زامدارت دەکاو چاکیشت دەکاتەوە.."

بابە ئەی کێ من تیمارکا.. کێ؟

خۆشمدەوێ..

لەم سەعاتە دەرەنگوەختەی ئازاردا، دانپیادەنێم کە هێشتا هەر خۆشمدەوێ و.. بۆ منە.

بەڕووی، وورگن و.. ڕیشدارو.. سەر ڕووتاوەو.. ئەستێرەی لە ژمارە نەهاتوو بەشان و.. هەموو ئەوانەش کە گەڵێکیان پێبەخشیبوون و.. ئەمڕۆ بە بەرچاوی خۆمەوە ئەتکیانکرد، دەوەستمەوە.

تەنیا بە کەمئەندامێتییەکەم بەرەنگاریان دەبمەوە.

بەو قۆڵەی ئێستا پێمەوە نەماوە، بەو بیرەی لێیان دزیم، بە هەموو شتە لێزەوت کراوەکانم.

بەوەی وەک من خۆشیانبوێت بەرەنگاریان دەبمەوە. چونکە هەر من بێبەرامبەر خۆشمدەوێ.

دەزانم لەم ساتەدا، یەکێک بەپەلە کراسەکەی لەبەر دادەکەنێ. مکیاجەکەی بێبایەخانە دەسڕێو، بەتامەزرۆیی پیاوێکی پەنجاساڵەی وا کە لەگەڵ کیژۆڵەیەکدا بنوێت، هەڵپە بۆ لەشی دەکا.

خەمم بۆ ئەو کراسە.. خەمم بۆی.

چەند دەست چنیبێتیان و، چەند ژن نۆرەیان لێکردبێ، تا ئەمڕۆ پیاوێک بە لادانی شادبێ، پیاوێک چۆن بلوێ وا تووڕیداتە سەر کورسییەکێ، وەک کراسەکە بیرمان نەبێ، وەک نیشتمان نەبێ.

بڵێی نیشتمانەکان قەدەریان وابێ، چەند وەچەیەک ئامادەیان کەن، تا پیاوێک پێیان شادبێ؟

ئەمشەو دەپرسم.. ئەم ووردەکاریانە بۆ بە تەنیا هەڵوێستە بە من بکات. چۆنیش هەر ئێستا، واتای هەموو ئەوشتانەم بۆ دەردەکەوێت کە پێشتر هیچیان نەگەیاندبێ؟

بڵێی شەیدایی ئەم نیشتمانە.. یان دووریێتییێ لێی، ئەوێک کە شتە ئاساییەکان پیرۆز دەکات و هەر ئەو کەسانەش هەستی پێدەکەن کە لێیان بێبەری دەکرێن؟

بۆ ئەوەبێ کە ژیانی ڕۆژانە خەونکوژەو شتە پیرۆزەکانیش خافڵکوژ دەکا، یەکێک لە یاوەرانی پێغەمبەر بەوە ئامۆژگاری موسوڵمانانی دەکرد، هەر کە حەجیان کرد "مەککە" جێبێڵن، تا ئەو سام و پیرۆزییەی شارەکەیان لە دلدا بمێنێتەوەو، لێیان نەبێتە شارێکی ئاسایی وا کە هەر کەسە بێسڵکردنەوەو ترس دزیو داوێنپیسی تیادا دەکات؟

منیش ئەوەتەی پێم خستۆتە ئەم شارەوە وام لێهاتووە. هەر منیشم وەک شارێکی نائاسایی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەم.

لەگەڵ هەر بەردێکیدا شەیدایانە ڕەفتاردەکەم. سڵاو لە یەکەیەکەی پردەکانی دەکەم. هەواڵی خەڵکەکەی دەپرسم، لە یەکە.. یەکەی پیاوچاکان و پیاوانی دەپرسمەوە..

له ڕێـكردنیا لێـی وورددەبمەوە، كە نوێـژو، داوێـنپیسیو شێـتێـتییەكەی بەگەڕدەخات، پیایدا دەڕوانم. كەس لەشێـتیو نهێـنی خۆبەستنەوەی ئەم شارەم ناگات، كە هەموو خەون بە لێـهەلاٌتنییەوە دەبینن.

سەرزەنشتیان بكەم؟

بلێـی "ئەسینا"ییەكان هەستبكەن كە بەسەر بیری مێـژوودا دێـن و دەچن .. بەسەر خاكێـكدا دەڕۆن كە خواوەندو زیاتر لە پالٌەوانێـكی ئەفسانەیی بەسەردا ڕۆێـشتووە؟

بلێـی "جیزە"ییەكان لە هەژاریو كلۆلی خۆیاندا، هەستبكەن لەبەر پێـی موعجیزەیەكدا دەژین و، فیرعەونەكانیشیان، كە بە بەردو گۆڕەكانیان حوكمی میسر دەكەن، هێـشتا هەر لە ناویاندان؟

تەنیا ئەو بیانیانەی مێـژووی یۆنان و فیرعەونەكانیان لە كتێـبی مێـژوودا خوێـندۆتەوە، لەگەلٌ ئەو بەردانەدا بە پیرۆزی ڕەفتار دەكەن و، لەمپەڕو ئەوپەڕی دنیاوە دێـن تا لێـیان نزیك بنەوە.

بلٌێـی زۆر لێـرە مابمەوەو، گەمژانەش هێـند لە خەونبینین نزیكبووبێـتمەوە كە هەلٌمپروكێـنیٚ، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، نوشوست دوای نوشوست، لەو دەستەلاٌتە چاكدەبمەوە كە ناویم بە سەرەوەیە، لە خەیالٌە خۆشەكەشم خالٌی دەبمەوە.. بەلاٌم بێـئازار نا؟

لەم ساتەدا، لەوەندە زیاترم لەم شارە ناویٚ كە گوللەیەكی بەزەییبێـت.

بۆیە بەو هەڵهەلانە قایلبووم كە دەمەوبەیان بۆ پیرۆزبایی لە كراسی بە خاوێـنیت لەكەداركراو، وەك ئەو دواگوللەیەی ئەم شارە، بیٚ دەنگكپكەر و.. ویژدانكپكەر، پێـوەی نام. ووشكبووم.. لاشەئاسا چاوم وێـلٌبوو، كەچی واش ئەوانەی دەوری خۆمم دەبینی، كە هەلٌپەی دەستلێـدانی كراسەكەتیان بوو.

ئەوەتا، وەك تابلۆیەكی خوێـن پێـشكەشمت دەكەن، كە بێـتوانابیەكەی تری من و، تاوانەكەی دی ئەوانی دەگەیاند.

منیش نە دەبزیۆم و نەبێـزارییش دەردەبڕم. تەماشاكەری زۆرانبازی لەگەلٌ "گا" مافی گۆڕینی مەنتقی شتەكان و، پشتگیری گاكەی نییە. ئەگینا دەبوا لە مالٌ دانیشتایەو نەهاتایەتە "كوریدا" كە هەر لە بنەڕەتدا بۆ شكۆداریێـتی "موتادور" دروستبووە!.

شتێـك، لەم كەشە ڕازاوە پڕ لە هەلهەلەو مۆسیقای بە "زاوابوون"ەو.. بانگهەڵدانەی لە ئاست كراسێـكی بە خوێـن ئیمزاكراودا دەكرا، هەبوو، ڕێـوڕەسمی كوریداو، ئەو گایەی بیردێـنامەوە كە مەرگێـكی جوانیان بۆ ئامادە دەكردو، بە دەم مۆسیقای هەڵپەڕكێـوە دەهاتە گۆڕەپانەكەو، بە ڕەنگی سوورو، قۆزی بكوژەكەی كێـشدەكراو، هەر بەو ئاوازەشەوە بە شمشێـری بە مەرگ ڕازاوە گیانی دەسپارد!

كاممان گاكەین؟ تۆ یان منی ڕەنگكوێـر، كە ئێـستا لە ڕەنگی سوور.. ڕەنگی خوێـنەكەت بەولاوە، شتێـكی دی نابینیٚ؟

گایەك كە لەسەر تەختەی خۆشەویستیتدا سووربخوات و، فیزی ئاژەڵێـكیش لێـبدا هەر فێـڵ ببەزێـنیٚو، پێـشوەخت بزانیٚ بڕیاری مەرگی بۆ دراوە.

ڕاستییەكەی ئەم خوێـنەت دەمپەشۆكێـنیٚ، شەرمەزارو، پڕ لە ناكۆكیشم دەكات.

یەكبینە سووتاوی زانینی كۆتایی چیرۆكەكەی تۆو ئەو بووم، ئەوێـك كە لە منی سەندی، بڵێـی هەموو شتێـكیشی لە تۆ سەندبێـت؟

پرسیارێـك بوو، لەو ڕۆژەوە كە "زیاد"م لە بەر دەمتا داناو تۆشم خستە بەردەم قەدەرەكەی دیت، هێـندە خەریكی بووم وەك شێـتی لێـكردبووم.

بڵێـی قەلا سەختەكانتم بۆ والاكردبێـتەوەو، سەری بورجە بڵندەكانیشتم نەویكردبیٚو، بۆ لە خشتەدانی نێـرێـتییەكەشی خۆم بەدەستەوە دابیٚ؟

بڵێـی منداڵییەكەت بۆمن دانابیٚو مێـینییەكەشت بۆ ئەو؟

وا دوای ساڵەوەختێـك ئازارچەشتن وەلامەكەم دەگاتیٚ. ئاخرییەكەی ئەوەتا لینج.. گەرماوگەرم.. سوور.. گوڵی.. تەمەن چەند سات.

ئەو وەلامەیە كە هەر بیریشم لێـنەدەكردەوە، بێـهێـز، شەرمەزار، ئیتر دڵتەنگی بۆ؟

ئەمشەو چ شتێـك ئازاری زیاترم دەدا.. پێـموابیٚ زوڵمم لە زیاد كردووەو، نەمهێـشت پێـش مەرگی خۆشیت لێـببینیٚ، ئەمشەو هەر ئەوت لایەق بوو؟

یان هەر شارێـك بوویت و، ئەمڕۆ وەك هەموو شارێـكی عەرەب، بە زۆرو بە لاقی سەرباز داگیركرایت؟

ئەمشەو چی زیاتر هەراسانم دەکات؟ کە هەڵمهێـنابیت، یان بزانم لەمرۆ بە دوا، گەر یەکێ تەمەن لەگەڵتا بدوێـم و، هەزارجاریش بتخوێـنمەوە، پەی بە هیچ شتێـکت نابەم؟

کەواتە بڵێـی کچ بووبیت و، هەڵەکانیشت مەرەکەبی سەر کاغەز بووبن؟

کەواتە بۆ بە هەموو ئەو شتانەت خستمتە هەڵەوە؟ بۆچی کتێبەکەتت وا پێـشکەشکردم وەکێ خەنجەرێکی ئارەزووبەخشم پێـشکەشکەیت؟

بۆچی فێـرتکردم دێـڕ بە دوای دێـڕ.. درۆ بە دوای درۆ خۆشمبوێـیت و.. لە سەر کاغەزیش دەستت لەگەڵدا تێـکەڵکەم!

دەبا وابێ..

ئەمڕۆ پرسەم، تۆ لە ناو هەموو نوشوستییەکانمدا.. جوانترینیان بوویت.

* * *

حەسان لێـم دەپرسێ: ئەم بەیانییە بۆ پەستیت؟

هەوڵدەدەم لێـی نەپرسم: ئەی ئەو بۆچی بەختیارە؟

دەزانم نەهاتنی ناسرو ئامادە نەبوونی لە زەماوەندەکەی دوێـنێـدا، تا ڕادەیەکێ تێـکیانداوە. بەڵام وانەبوو کە لەگەڵ گۆرانی "الفرقانی"دا نەگونجێ و، پێـنەکەنێ و.. قسەوباسی زۆریش لەگەڵ کەسانێـکدا نەکات کە پێـشتر نەی دیبوون.

سەرنجیم دەدا. تا ڕادەیەکێ بەو بەختیارییە ئاساییەشی خۆشحاڵبووم.

حەسان دواجار بە واڵابوونەوەی ئەو دەرگایانەی کەمتر بۆ ڕەشە خەڵکەکە دەکرێـنەوەو، بانگکردنیشی بۆ زەماوەندێـک کە ئیتر تا چەند ڕۆژێـک لە دانیشتنەکانیدا باسی بکات و، بۆ کەسانێـکی بگێـڕێتەوە کە سەبارەت، ناوی ئامادەبووان و جۆری خواردنیان و.. پۆشاکی بووکێ.. بە پرسیار دایگرنەوە، خۆشحاڵبوو.

ڕەنگە ژنەکەشی هێـنانی ئەو خشڵ و جلکوبەرگە لەبیرکات کە بۆ زەماوەندەکە لە دراوسێ و خزمان وەری گرتبوون، شانازی بە بینینی ئەوانەشەوە بکات کە لە شاییەکەدا چاوی پێـیانکەوتبوو، وەکێ ناکاو بووبێـتە لایەن، خۆی بەسەر هەمووواندا بادات، چونکە بۆ سەیرکردنی خێـروبێـری خەڵکی دی بانگکرابوو.

لەپڕ ووتی:

ـ سی شەریف بانگیکردووین کە سبەینێ نیوەڕۆژە لای ئەو بکەین. بیرت نەچێ لای نیوەڕۆ لە ماڵبە تا پێکەوە بڕۆین..

بە دەنگی کەسێکی نائامادە پێمووت:

ـ سبەی دەڕۆمەوە بۆ پاریس.

قیژاندی:

ـ چۆن سبەینێ دەگەڕێیتەوە.. لانی کەم هەفتەیکی تر لەگەڵماندابە.. لەوێ چیت هەیە؟

ویستم بەوە بە هەڵەیدا بەرم کە چەند پێوەندییەکم لەوێ هەیەو، خەریکم لە قسنتینەش ماندودەبم.

بەڵام کەوتە پێداگرتن:

ـ برام عەیبە.. هەر نەبێ سبەینێ لە نیوەڕۆژەکەی سی شەریفدا ئامادەبەو ئەمجا بڕۆ..

یەکلاییانە، کە ئەو لە هۆکەی نەگەیشت، وەڵامم دایەوە:

ـ دەورانە دەردەچین و دەڕۆین.

پێمخۆشبوو کە قسنتینانە قسەی لەگەڵدا بکەم. لەگەڵ هەر ووشەیەکدا کە دەرمدەپەڕاند، هەستم دەکرد بەر لەوتنەوەی، کاتی زیاترم بوێت.

حەسان وەک بییەوێ بەوەی کە نابێ میوانداریەکە ڕەتکرێتەوە قایلم کات ووتی:

ـ بەخوا سی شەریف پیاوێکی چاکە.. بەو پلەوپایەشییەوە هێشتا هەر ئەمەکداری کۆنە برادەرێتییەکەمانە. دەزانی لێرە هەندێک دەڵێن لەوانەیە بکرێتە وەزیر. بەڵکو لەو ڕۆژەداو لە سەر دەستی ئەودا خوا دەرگایەکمان لێبکاتەوە..

حەسان، وەک بۆ خۆی بدوێ، ئەم دوا ڕستەیەی بە نیمچە کپییەکەوە درکاند..

بەسزمان حەسان!

برا بەسزمانەکەم هێشتا خوا دەرگایەکی لێنەکردۆتەوە. بڵێی ئەوەندە ساویلکەبێ نەزانێ ئەو زەماوەندە لە خۆ بۆ لفلیدان بەولاوە شتێکی دی نییەو، سی شەریف هەر دەبێ شتێکی لێوەدەست بێنێ. ئێمە گەر نیازێکی پێشوەختمان نەبێ.. ژن و ژنخوازی لەگەڵ ئەفسەرە پلە یەکەکاندا ناکەین.

بەڵام دەربارەی سوودی حەسان لەو پلەیەی کە لەوانەیە بە سی شەریف بدرێ.. ئەوە هەر خەیاڵپلاوە.

ئیماندار به خۆی دەست پێدەکات، ڕەنگە سالآنێکی بوێ تا نۆرەی حەسان دێو.. چەند ویستێکی کەمی بێتەدێ.
بەگاڵتەوە لێمپرسی:
- تۆش کەوتیتە ئەوەی خەون بە باڵوێزییەوە بینی؟
وەک پرسیارەکە تا ڕادەیەک برینداری کردبێ ووتی:
- کورە داخەکەم.. "ئەوەی پچڕی.. زوو پچڕی.." من لە مامۆستایەتی ڕزگاربوون و، لەوە زیاتر کە لە دەزگایەکی ڕۆشنبیری یان ڕاگەیاندندا ببمە فەرمابەرێکی بەرێز هیچ شتێکی دیم ناوێ، هەر کارێکی وابێ کە خۆم و خێزانەکەم ژیانێکی ئاسایی پێبەسەر بەرین.. دەتەوێ ئێمە، هەشت کەس، بەم مووچەیە چۆن بژین؟. من تەنانەت ناتوانم ئۆتۆمۆبیلێک بکڕم. چەند ملیۆنێک لەکوێ بێنم تا بیکڕم؟. کە ئەو ئۆتۆمۆبیلە گەورانەی دوێنێ لە شاییەکەدا ڕیزبوون، بیردەکەوێتەوە، نەخۆشدەکەوم و ئارەزووی مامۆستایەتیم نامێنێ. ئەم پیشەیە ماندویکردوم، هەست ناکەیت چ لە ڕووی پارەو چ لە ڕووی مەعنەوییەوە شتێکت پێببەخشێ. ئەو ڕۆژگارە گۆڕراوە کە "مامۆستا لە پەیامبەرەوە نزیک"بێ.. ئەمڕۆ برادەرێک واتەنی "مامۆستا لە (شیفۆن) بوونەوە نزیکە"و پاتاڵێکەو هیچی دی.
وامان لێهاتووە هەموو شتێکمان پێبسڕنەوە. مامۆستا لەگەڵ قوتابییەکانیدا سواری پاس دەبێ. هەر وەک ئەوانیش "ڕەوانە دەکرێ"و "پولی پێوە دەنرێ". بەبەرچاویانەوە خەڵک جنێویان پێدەدا. ئەمجا وەک ئەو برادەرەم دەگەڕێتەوە، تا لە شوقەیەکی دوو ژووری وادا بژی کە هەشت کەس یان زیاتری تیادایە، وانەشی تیا ئامادەدەکات و هەڵەبژێری دەفتەری تاقیکردنەوەکانیشی دەکات..
کەچی هی واش هەیە بەهۆی کارەکەی یان واسیتەکانییەوە دوو شوقەو سێ شوقەی هەیەو.. ئافرەتەکانی دۆستی تیایاندا دەبینێ یان کلیلەکانی دەدا بەوانەی دەرگای تری بۆ دەکەنەوە.
خالید تۆ باشی.. بۆخۆت لە گەڕەکێکی خواپێداوانی پاریسدا دەژیت و لەم خەموخەفەتانە بە دووری.. نازانی لە دنیادا چ باسە لە هەمووشت بێئاگایت.!
ئای حەسان.. کە قسەکانی ئەو ڕۆژەمانم بەبیردێنەوە، زوخاو لە دەممدا دەبێتە پەلاس، دەبێتە برینێک ، فرمێسکێک، پەشیمانیو هەناسە ساردی.

دەمتوانی یارمەتییەکی زیاترت بدەم، بەڵێ.

دەتووت: "خالید مادام لێرەیت شتێک داواکە، ئەی شۆڕشگێر نەبوویت؟ قۆڵت لەم شەڕەدا دانەنا؟ داوای دوکانێک بکە بۆ بازرگانێتی بشێ.. داوای پارچە زەوییەک.. یان لۆرییەکی بار بکە، هیچ داوایەکت ڕەتناکەنەوە. مافی خۆتە. خۆ ئەگەر ویستیشت بۆمنی دانێ تا سوودێکی لێببینم و خۆم و منداڵەکانمی پێبژێنم.. ڕێزی تۆ دەگرن و دەشتناسن، بەڵام کەس من ناناسێ. شێتێتییە ئەگەر مافت لەم نیشتمانە وەرنەگری. خۆ خێرت پێناکەن. خەڵکی وا بڕوانامەی خەباتگێڕی پێیە کە هەرچی پێوەندییێ بەشۆڕشەوە نەیبوە. بڕوانامەی تۆ بە لەشتەوەیە.."

ئای حەسان.. نەتدەزانی ئەوە تاکە جیاوازی من و ئەوانە. نەتدەزانی تازە ناکرێ ئەمڕۆ، دوای ئەو هەموو ساڵ و، چەشتنی ئەو هەموو ئازارە، سەر بۆکەس نەویکەم.. با بۆ دیارییەکی نیشتمانپەروەریش بێ.

ڕەنگە دوای سەربەخۆیی ئەوەم بکردایە. بەڵام ئەمڕۆ دوای ئەم ڕۆژگارە، ئەوە مەحاڵە.

برام تەمەن ئەوەندەی بەبەرەوە نەماوە، تا پێش مردن سەر نەویکەم.

دەمەوێ هەر وا لە بەردەمیاندا بمێنمەوە، وەک درکی ویژدانیان داکوترابم. کە پێمبگەن شەرمەزاربن، بە سەر داخستووییەوە هەواڵم بپرسن و، بشزانن من هەموو شتێکیانم لایەو، شایەتی هیچ وپووچییەتییەکەشیانم.

ئای حەسان گەر دەتزانی!

گەر دەتزانی ڕێکردنی شەقامەکان بەسەر بەرزی چەنێک خۆشە، کە چاوت بە هەر کەسێکی ئاسایی یان زۆر گرنگ بکەوێت و، هەست بە شەرمەزاری نەکەیت.

هی وا هەیە، هەموو شەقامەکانیشی بۆ گیراوەو، کەچی ناتوانێ بەپێ دوو هەنگاو بەسەریاندا بڕوات. بە کەژاوەی ئۆتۆمۆبیلە ڕەسمییەکان دەیانبڕێ.

هیچم لای حەسان نەدرکاند. هەر وەک هەنگاوی یەکەم بەڵێنی کڕینی ئۆتۆمۆبیلێکم پێدا. پێمووت: "وەرە لەگەڵماو، ئۆتۆمۆبلێک کە لایەق بە خۆتبێ هەڵبژێرەو، لە فەڕەنساوە بیهێنەرەوە. نامەوێ لەمڕۆ بەدوا ئاوا بژیت..".

ئەوکاتە حەسان منداڵئاسا شادبوو. هەستمکرد ئەوە خەونە گەورەکەیەتیو ناتوانێ بەدیبێنێ و، ناشتوانێ لەمنی داواکات. بەڵام منێک، کە ساڵانێکبوو سەرم نەدابوو، چۆنم بزانیبا؟

ئەمڕۆ کە حەسانم بیردێتەوە، هەر بەو ئاوڕلێدانەوەیەم کەمێک بەختیاردەبم، چونکە بۆ ماوەیەک شادمکردو، چەند ساڵێکیش پشووم پێبەخشی.
چەند ساڵێک کە بە بیرمدا نەدەهات دوا ساڵانی بێت.
حەسان بایدایەوە سەر بەزمەکەی‌و ووتی:
- بەڕاست لەسەر ڕۆیشتنەکەی بەیانیت سووریت؟
پێمووت:
- بەڵێ.. بەزۆری سبەی دەڕۆم..
ووتی:
- کەواتە دەبێ ئەمڕۆ تەلەفۆن بۆ سی شەریف بکەیت و، داوای لێبوردنی لێبکەیت. چونکە ڕەنگە هەڵوێستەکەت خراپ لێکداتەوەو.. پێی ناخۆشبێ..
کەمێک بیرمکردەوەو بینیم قسەکەی ڕاستە. بە حەسانم ووت:
- تەلەفۆنەکەی سی شەریفم بۆ وەرگرە تا داوای لێبوردنی لێبکەم..
پێموابوو لێرەدا شتەکان دەوەستێ. بەڵام سی شەریف بەگەرمی بە دەنگمەوە هات و.. بە قسە شەرمەزاریکردم و، پێیدادەگرت گەر هەر ئەو کاتەشبێ سەرێکی بدەم..
ووتی:
- کەواتە وەرەو نیوەڕۆژەمان لەگەڵدا بکە.. گرنگ ئەوەیە بەر لە ڕۆیشتنت چاومان پێتکەوێ.. ئەمجا بەر لەوەی ئەم ئێوارەیە بووک و زاوا بڕۆن دیارییەکەتیان بە دەستی خۆت پێشکەشکەیت..
دەربازبوونم نەبوو. جارێکی تریش لەگەڵتا، ڕووبەڕووی قەدەری خۆم دەبمەوە. منێک کە بڕیارم دا بەزوویی سەفەرکەم، تا لە ژیانی ئەم ڕۆژگارە دوورکەومەوە، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان هەمووی بەدەوری تۆدا دەخولایەوە.
ئەوەتا جارێکی دیش هەمان قاتی ڕەش لەبەر دەکەمەوەو، ئەو تابلۆیەش بەدەستەوە دەگرم کە ڕۆژێک لە ئاستیدا وەستایت و بووە هۆی هەموو ئەو شتانەی دواتر بەسەرمهات. لەگەڵ حەساندا دەچووم نیوەڕۆژەبکەم..
ئەوەتا جارێکی تریش لاقم بەرەو لای تۆ هەڵمدەگرێ. پێشوەخت پێشهاتێکی وا هەبوو هەستی دوانەکەوتنی ئەم ژوانە دامگرێ.

سی شەریف ئەو ڕۆژە چی ووت؟ ئەی من چیم ووت و کێشم لە ناو خەڵکەکەدا بینی؟ چیشمان لەسەر خوانەکە پێشکەشکرا.. بیرم نەماوە.

ژیانی ساتەکانی دوا خۆشەویستیتم بەسەر دەبرد. لەو ساتەدا لە بینینی تۆ بەولاوە.. کە لە هەمان کاتیشدا لێتبمەوە، هیچی ترم بەلاوە گرنگ نەبوو!

بەڵام.. لە خۆشەویستییەکەت دەترسام. دەترسام جارێکی تریش لە ناو خۆڵەمێشەکەیەوە داگیرسێتەوە. چونکە خۆشەویستی گەورە، تەنانەت لە سەرەمەرگیشیا هەر بە ترسناک دەمێنێتەوە.. تەنانەت لە گیانەڵاشیدا هەر بە مۆلەقە دەمێنێتەوە.

هاتیشم..

لەهەموو ساتێک بەسوێتر، لە هەموویان شێتتر، لە هەرهەمووشیان بەتەوستر، ئەوکاتەبوو کە بۆ سڵاو لێکردنت ڕاوەستام و، پیرۆزبایی شووکردنەکەتم لێدەکردی‌و، چی ووشەی لایەق بەو هەڵوێستە سەیرەبوو بەکارم دێناو، دوو ماچی بێمەبەستی ناوچەوانیشتم کرد.

چەند تواناو ئارام و نواندنم دەویست، تا خەڵکەکە وا تێگەیەنم کە پێشتر، تەنیا جارێک نەبێ، ئەویش بەڕێکەوت ئەگینا نەمدیبیت و، ئەو ئافرەتەش نەبیت کەژیانمت لنگەوقوچکردبێتەوە؟

ئەو ژنەی کە چەند مانگێکە جێگەی نووستنە بەتاڵەکەمت لەگەڵدا بەشکردووم، ئەو شوێن نووستنەی تا دوێنێش.. تەنیا هی خۆم بوو!

چەندم نواندن دەویست، تا بێقسەی زیادو، ئاماژەیەکی وای ڕوونکردنەوەیەک بگەیەنێت، ئەو تابلۆیەت پێشکەشکەم، هەر وەک تابلۆکە ئەوە نەبێ کە بیستوپێنج ساڵ پێشتر چیرۆکی خۆمم لەگەڵ تۆدا پێدەستپێکرد.

تۆش لە نواندنەکەتدا چەند سەرسوڕهێن بوویت، کە دەتکردەوەو سەرنجێکی بەدڵبوونت لێدەدا، وەک یەکەمینجاربێ ببینی! نەشمتوانی بەگوڵجانە نهێنییەکەی ڕۆژێک کۆیکردبووینەوە لێت نەپرسم:

- حەز لە پرد دەکەیت؟

ناکاو بێدەنگییەکی کەم دایگرتین، وەک ساتی پێش لە سێدارەدان.. یا لێبوردن، بەلامەوە زۆرخایەن بوو.

بەرلەوەی چاوەکانت بەلای مندا بەرزکەیتەوەو حوکمەکەتم بەسەردا بدەیت:

- بەڵێ حەزی پێدەکەم!

ئەوساتە بەو دوو ووشەیە چەنێک بەختیارت کردم!

هەستمکرد دوا ئاماژەی خۆشەویستیم بۆ دەنێریت.

هەستمکرد زیاتر لە پڕۆژەیەکی تابلۆی ئایندەم پێدەبەخشیت. زیاتر لە شەوێکی وەهمی.. کە تۆ لەگەڵ هەموو شتێکتدا ئەمەکداری بیرە هاوبەشەکەمان و.. ئەوشارەش دەبیت کە لەگەڵماندا گونجاو، ئەم هەموو پردەشی درێژکردەوە.. تا کۆمانکاتەوە.

بەڵام.. بەڕاست تۆ خۆشەویستم بوویت؟ لە ساتێکدا کە پیاوێکی دیت لە پاڵدابوو. بە جووتێک چاوی وا هەڵیدەلووشیت شەوێکی ڕەبەقی خۆشەویستی تێری نەکردبن، هەر لەو ساتەشدا باس لە شارانێک دەکران کە لە مانگە هەنگوینییەکەدا سەریان دەدەیت و، منیش، کە دوا سەفەرت لە دڵمەوە دەکرد، بێدەنگ دەمناشتی..

لەگەڵ مندا ئەوە یەکەمین بەزینت بوو.. کەواتە هەمووشت تەواو. وا دواجار بینیمیتەوە، جا ئەم بینینەوەیە ئەو هەموو چاوەڕوانییە، ئەو هەموو ئازارەی دێنا؟

خەونم بەو بینینەوە چەند جوان بوو! ڕاستەقینێتییەکەی ئەمڕۆشی چەند نایاب و تەختە! چەند بە چاوەڕوانیت پڕەو، بە ئامادەییەکەشت چەند بەتاڵ و بەسوێیە!

بڵێی ئەو نیوە نیگایەی لە نێوان دووسەرنجدا گۆڕیمانەوە، ئەو هەموو ئازارو، ئەو هەموو شەیدایی‌و شێتییە بێنێ؟

دەتەوێ شتێکم پێبڵێیت، کەچی قسەو..سەرنجەکانت لێ تێکەڵوپێکەڵ دەبێ.

چاوەکانت قسەبۆکردنیان بیرچۆتەوە.. منیش ئێستا هێما هیروگلیفییەکانتم بۆ ناکرێنەوە.

بڵێی ئەو ڕۆژە، بێئەوەی بەخۆمان زانیبێ، وەک نەناسمان لێهاتبێتەوە؟ جیابووینەوە..

دوا دووماچی ناوچەوانت. نیگایەک و.. دووان و.. نواندنێکی زۆرو، سوێیەکی کپ.

هەموومان قسەی خۆشدوویی‌و پیرۆزبایی‌و دوا سوپاسمان گۆڕییەوە.

ناونیشانمان گۆڕییەوە، ئەویش کە مێردەکەت پێیداگرت کە ژمارەی تەلەفۆنی ماڵ و نووسینگەکەیم بداتێ، تا بۆ کاتی پێویست لامبێ.

هەر یەکەو بە بۆچوونی خۆیەو.. بڕیاری پێشوەختمانەوە بڵاوەمان لێکرد.

دواتر کە بۆماڵ گەڕامەوە، زۆر سەیری ئەو کارتەم کرد کە بە درێژایی ڕێگاکە بە جۆرە وورییەکێ و.. تامێکی گاڵتەجارانەی تاڵەوە هەستم پێدەکرد. وەکێ تۆش لەگەڵیا بە ناو و ژمارە تەلەفۆنێکی نوێوە لە دڵمەوە بۆ گیرفانم گواستبێتتەوە.

بێ دوودڵی زۆر.. یان بیرکردنەوەی قووڵ، بڕیارم دا یەکسەر بیدڕێنم، کە توانای ئەوەم هەبێو، پێش لەسەر ئەوە داگرم کە هەموو شتەکان دەبێ لێرە، لە قسنتینە کۆتاییان بێ.. وەکێ چۆن ڕۆژێکێ ویستی تۆ بوو، ئێستاش ویستی منە.

* * *

ئەو ئێوارەیە کە ناکاو تەلەفۆنەکەت لە گێژاوی بیرو هەستە ناکۆکەکان دەریانکێشام، چیت دەویست؟

کاتێکێ حەسان تەلەفۆنەکەی بۆ درێژکردم و ووتی: "ئافرەتێکێ دەیەوێت قسەت لەگەڵدا بکات.." چاوەڕوانی هەموو شتێکم دەکرد تەنیا تۆ نەبێت.

بەسەرسوڕمانەوە لێمپرسیت:

- هێشتا نەڕۆیشتوویت؟

ووتت:

- سەعاتێکی دی بەڕێدەکەوین.. ویستم بۆ تابلۆکە سوپاستبکەم.. بەختیارییەکی چاوەڕوان نەکراوت پێبەخشیم..

پێم ووتیت:

- من هیچم پێ نەبەخشیویت.. تابلۆیەکم بۆ هێنایت کە بیستوپێنج ساڵ بوو ئامادەکرابوو.. دیاری قەدەرمانە کە ڕۆژێکێ یەکیان بری. بەڵام من دیارییەکی ترم بۆت هەیە پێموایە بەدڵت دەبێ، دواتر ڕۆژێکێ دێ پێشکەشتیکەم..

بەدەنگێکی نزم وەکێ ترسی ئەوەت هەبێ یەکێکێ گوێی لێگرتبێ یان ئەو دیارییەت لێبدزێ ووتت:

- دیارییەکەم چییە؟

ووتم:

- ناووتریێ هەڵیگرە بۆ کاتی خۆی.. با وایدانێین ئاسکێکە.

بەسەرسامییەوە ووتت:
ـ ئەوە ناونیشانی کتێبێکە!
ووتم:
ـ دەزانم.. چونکە کتێبێکت پێشکەش دەکەم. ئەگەر کچێکمان خۆشبوێت ناوی خۆمانی دەدەینێ. خۆ ئەگەر ژنێکمان خۆشویست ئەوا منداڵێکی پێدەبەخشین. گەر نووسەرێکیشمان خۆشویست.. ئەوا کتێبێکی پێشکەش دەکەین. لەبەر خاتری تۆ ڕۆمانێک دەنووسم.
لەدەنگتا، هەستم بە شتێک خۆشیو پەشۆکاوی کرد.. شتێک لە سەرسامی و پەستییەکی نادیار. ئەمجا لەپڕا بە لەرەیەکی شەیدایانەی وا کە پێشتر ڕانەهاتبووم لە تۆی ببیستم، ووتت:
ـ خالید.. خۆشم دەوێیت.. دەزانیت؟
ناکاو دەنگت بڕا، تا لەگەڵ بێدەنگیو پەستیمدا یەکبگرێتەوە، ماوەیەک بێقسە وا بمێنینەوە. بەر لەوەی بە کەمێک تکاوە لەسەر قسەکەت بەردەوام بیت:
ـ خالید.. شتێک بڵێ.. بۆ وەڵام نادەیتەوە؟
بە سووکە تەوسێکی تاڵەوە ووتم:
ـ چونکە ئیتر پێڕەوی گوڵان وەڵام ناداتەوە..
ـ مەبەستت ئەوەیە کە ئیتر خۆشت ناوێم؟
بە دەنگێکی نائامادە وەڵامم دایتەوە:
ـ من مەبەستی شتێکی دیاریکراوم نییە.. ئەویش ناونیشانی ڕۆمانێکی تری هەمان نووسەرە!
پاشان چیترم پێووتی، بیرم نەماوە. پێدەچێ ئەوە دوا قسەم بووبێ بەر لە داخستنی تەلەفۆنەکەو، جیابوونەوەی چەند ساڵەمان.

* * *

"ئەوەندە لە دەرگاکە مەدە.. چونکە لێرە نەماوم".
هەوڵی گەڕانەوەت لە دەرگاکانی پشتەوەو، کونوکەلەبەری بیرو، لوێچی خەونە قەدکراوەکان و، ئەو پەنجەرانەوە مەدە کە گەردەلوولەکان والای کردبنەوە.
هەوڵ مەدە..

چونکە من بیری خۆم جێهێشتووە. ئەو ڕۆژەی شتێکی سەرسووڕێنەرم دییەوە: بیری من نەبوو، بەڵکو بیرێکی هاوبەشی هەردووکمانبوو. بیرێک تەنانەت پێش بەیەکگەیشتنیشمان هەر یەکەو کۆپییەکیمان پێبوو.

خانمەکەم ئەوەندە لە دەرگاکە مەدە.. چونکە دەرگام نەماوە.

ئەوەتەی دەستبەردارت بووم دیوارەکانیش وازیان لێهێناوم، کە دەمویست لە دوای تۆ شتە پەرشوبڵاوەکانم بفڕێنم بانەکەم بەسەردا تەپی.

ئیتر بەدەوری ماڵێکدا مەسووڕێرەوە ماڵی من بووبێ.

لە دووی پەنجەرەیەک مەگەڕێ کە دزئاسا خۆتی لێوە ئەمدیوکەیت. چونکە هەموو شتەکانت لێدزیم و هیچی وام نەماوە سەرکێشی بهێنێ.

ئەو هەموو لێدانە بە ئازارە بە دەرگاکەدا مەکێشە..

تەلەفۆنەکەشت لە ئەشکەوتی بیرە لە تۆ خاڵییەکەدا لێدەداو، دەنگدانەوەکەشی بە ئازارو ترسناکە.

ئەی نازانی من دوای تۆ، وەک نیشتنی بەرد لەقووڵایی "دۆڵی الرمال"دا، لەم دۆڵەدا دەژیم؟

خانمەکەم کەواتە لەسەرخۆبە..

کە بەسەر پردەکانی قسنتینەدا ڕێدەکەیت لەسەرخۆبە. چونکە بە هەر پێهەڵنووتانێکت لێشاوێک بەردم بەسەردا دادەبارێنیت. هەر هەڵەیەکیشت تووڕتدەداتە ئێرە تا پێکەوە تێکشکێین.

ئەی ئەو ژنەی خۆت لە پۆشاکی دایکم و.. عەتری دایکم و ترسی دایکمدا بۆ حەشارداوم..

من ماندوم.. وەک پردەکانی قسنتینە. وەک ئەوانیش لە نێوان دوو بەردو دوو پێڕەودا هەڵواسراوم.

ئیتر ئەم هەموو ئازارە بۆ..؟ بۆچی.. تۆ درۆزنترین دایک و، منیش گەمژەترین دڵدارم!

لە یەک بە یەکی دەرگاکانی قسنتینە مەدە.. من لەم شارەدا ناژیم.. ئەو لە مندا نیشتەجێیە.

سەر پردەکانیم بۆ مەگەڕێ، جارێک چییە ئەوان منیان لەکۆڵ نەکردووە.. هەرمن ئەوانم هەڵگرتووە.

هەواڵی من لەگۆرانییەکانی مەپرسەو، پاشان بە هەناسەبڕکێ هەواڵێکی کۆنی ـ نوێی ـ و، گۆرانی‌یەکەم بۆبێنیت کە پێشتر بۆ ناخۆشی دەووتراو کەچی ئەمڕۆ لە زەماوەندو خۆشییەکاندا دەیڵێن..

”ووتیان عەرەب ووتیان     نە سالح و نەسامانی نادەین
عەرەب ووتیان مەحالە     سالح بە هیچ بەگێـک نادەین.“

لەبەرمە عەرەب چیانووت و، ئەمرۆش پرکێشی ووتنی ناکەن.

دەشزانم.. ”سالح“ تەنانەت پێش لە دایکبوونیشت بەرگی یەکەمین پرسەتبوو. دوا بەرگی قسنتینەبوو.. منیش دوا ڕاسپاردەی بووم: ”حمودە.. ئای کورەکەم خوا لەماڵەکەدا وێڵیکردم.. ئای.. ئای..“.

سالح کام خانووە.. بۆ کام خانووەم ڕادەسپێریت؟

سەرم لە (بازاڕی عەسری) داو خانووەکەتم بینی بیری تیا نەمابوو. تەنانەت بەردو.. پەنجەرە ئاسنینەکانیشیان دزیبوو. ڕاڕەوکانیان تێکوپێـک و نیگارەکانیشیان شێواندبوو.. قەوارەیەکی بە میزی هەژارو سەرخۆش زەردداگەڕاو کە کردبوویان بەو دیوارانەی بە پێوەمابوون.

سالح ئەمە چ نیشتمانێکە کە میز بە بیریدا بکرێ؟

ئەمە چ نیشتمانێکە؟

ئەوە شارەکەیە کە پۆشاکی پرسەی پیاوێکی پۆشیوەو ناوەکەیی بیرنەماوە. تۆش ئەو منداڵەی کە کەس نازانێ خزمایەتیت بەم پردانەوە چییە..

کەواتە لەمڕۆ بەدوا ”عەباکەت“ داکەنەو.. پەچەکەی سەر دەموچاویشت لادەو، ئەوەندە لە دەرگاکە مەدە..

ئیتر نە سالح لێرەماوەو.. نە من.

کەواتە جیابووینەوە..

ئەوانەی ووتوویانە هەر خۆشەویستی نامرێ، بە هەڵەداچوون..

ئەوانەش کە چیرۆکی کۆتایی خۆشیان بۆ نووسین، تا بە هەڵەماندا بەرن، کە گوایە "لەیل و مەجنون" تەنیا لێبەدەرێکی سۆزانەیە.. هیچ لە یاساکانی دڵ ناگەن.

ئەوانە خۆشەویستییان نەنووسیوەتەوە، هەر ئەدەبیان بۆ نووسیوین.

شەیدایی لە ناوەندی مینجارو، شوێنە قەدەغەکاندا نەبێ لە دایک نابێ.
بۆیە هەرگیز سەرکەوتنی لە کۆتاییە ڕەسەن و جوانەکاندا نابێ.

وەك چۆن لە دایک دەبێ.. هەرواش لە کاولەیەکی جواندا سەردەنێتەوە!

کەواتە جیابووینەوە..

ئەی وێرانە جوانەکەم سڵاو. ئەی گوڵی گڕکانەکان، وەنەوشەی شینبووی سەر ئاگرەکانم سڵاو.

ئەی کچی بوومەلەرزەو قڵیشانەوەی زەوی! خانمەکەم وێرانەکەت جوانترین وێرانەو، مۆلەقەترینیان بوو..

نیشتمانێکت بەتەواوەتی لەناخمدا کوشت، دزەتکرد تا ملەکانی بیرم، هەر بە یەكێ دەنکە شقارتەش هەموو شتەکانت تەقاندەوە..

کێ فێریکردیت گەمە بە پارچەکانی بیربکەیت؟ وەڵام بدەرەوە!

ئەمجارەیان ـ دیسان ـ لەکوێوە ئەم شەپۆلە گڕە سوتێنەرەت هێنا. ئەو هەموو کاولکارییەی دوای ئەو ڕۆژەت لەکوێوەهێنا؟

کەواتە جیابووینەوە..

نە لەگەڵما درۆزن بوویت..نە تەواو ڕاستگۆش بوویت. نە دۆستم بوویت و.. نە بەتەواوی ناپاکیش بوویت. نە کچم بوویت و.. نە بەتەواوی دایکیشم بوویت.

هەر وەک ئەم نیشتمانە بوویت.. کە لەگەڵ هەموو شتێکدا دژەکەشی پێیە.

بیرتە؟

لە مێژە، لەو ڕۆژگارانەی یەکەمینجار، ڕۆژانێک کە خۆشتدەویستم و بە دوای کۆپییەکی تری باوکتدا دەگەڕایت.

جارێکیان ووتت:

ـ زۆر چاوەڕێم کردیت.. زۆر چاوەڕوانتبووم، وەک چۆن چاوەڕوانی پیاوچاکان و.. پێغەمبەران دەکەین. خالید پێغەمبەرێکی ساختە مەبە.. من پێویستیم پێتە!

ئەوکاتە سەرنجمدا پێت نەووتم خۆشم دەوێیت. هەر ووتت "پێویستیم پێتە"..

ئێمە مەرج نییە پێغەمبەرانمان خۆشبوێت. هەر پێویستمان پێیانە.. لە هەموو ڕۆژگارێکدا پێویستمانن.

وەڵامم دایتەوە:

ـ من پێغەمبەرێتیم بۆخۆم هەڵنەبژاردووە..

بە گاڵتەوە ووتت:

ـ پێغەمبەران پەیامەکەیان هەڵنابژێرن، هەر ڕایدەیگەیەنن!

وەڵامم دایتەوە:

ـ خەڵکەکانیشیان هەڵنابژێرن. بۆیە گەر بگەمە ئەوەی بزانم پێغەمبەرێکی ساختەم.. لەوانەیە بۆ خەڵکانێک نێردرابم کە لە هەڵگەڕانەوەدا کارامەبن!

پێکەنیت و.. بە کەللەڕەقێتی مێینەیەکەوە، کە بەرەنگاربوونەوە هەڵیخەڵەتێنێ ووتت:

ـ تۆ لە کەلەبەرێک دەگەڕێیت تا لەو سەرنەکەوتنەی کە ڕەنگە لەگەڵ مندا تووشتبێ، خۆ دەربازکەیت، وانییە؟.. بیانووی وات نادەمێ. "دە" ڕاسپاردەکەتم بەرێ تا جێبەجێیان بکەم.

ئەو ڕۆژە زۆرم سەیرکردیت. لەوە جوانتربوویت سپاردەکانی پێغەمبەرێک جێبەجێکەیت، لەوەش لاوازتربوویت فێرکارییە ئاسمانییەکانت پێهەڵگیرێت. بەڵام ڕووناکییەکی دەروونی وات تیادابوو پێش تۆ لەهیچ ئافرەتێکی دیدا نەمدیبوو.. تۆوێکی بێگەرد نەمدەویست پشتگوێیخەم..

ئەی ڕۆڵی پێغەمبەران بەدوا گەڕانی تۆوی خێر نییە تیاماندا؟

ووتم:

- "دە" سپاردەکە کەلاخەو گوێم لێبگرە.. تەنیا یانزەمین سپاردەم بۆ هێناویت..

پێکەنیت و بە سووکە باوەڕکردنێکەوە ووتت:

- فەرموو پێغەمبەرە لاتەکە چیت هەیە بیڵێ.. سوێندبێ دواتکەوم!

ئەوساتە هەستمکرد حەزدەکەم سوود لە سوێندەکەت وەرگرم و، پێتبڵێم: "تۆ تەنیا بۆ خۆم بە.." بەڵام ئەوە قسەی پێغەمبەر نەبوو. بێئەوەی بە خۆم بزانم ئەو ڕۆڵەم دەبینی کە بۆت هەڵبژارد بووم.. لە مێشکمدا بۆ شتێک دەگەڕام کە پێغەمبەرێک، بۆ یەکەمینجار دەست بەکارەکەی بکات، دەیلێ.. ووتم:

- سەربەرزانەتر ئەم ناوە هەڵگرە.. مەرج نییە لەخۆباییانە، بەڵام بە ووشیارییەکی قووڵەوە کە تۆ هەر ژن نیت. تۆ نیشتمانێکی تەواویت.. لێی تێدەگەیت؟ هێماکان بۆیان نییە تێکشکێن.. ڕۆژگارێکی ناهەموارە، گەر بەلای ڕەوشتدا داینەشکێنین ئەوا خۆمان لە پیسی و زبڵخانەکاندا دەبینینەوە. جگە لە بنەما سەرەکییەکان لایەنی هیچی دی مەگرە.. هەر لەگەڵ ویژدانی خۆتدا خۆشدووبە.. چونکە هەر لەگەڵ ئەودا ژیان بەسەر دەبەیت!

ووتت:

- ئەمە ڕاسپاردەکەتە بۆم.. هەر ئەوندە؟!

ووتم:

- بەسووک سەیری مەکە.. چونکە جێبەجێکردنی وا ئاسان نییە وەک بۆیدەچیت.. ڕۆژێک دێ بۆت دەرکەوێت..

دەبوا ئەو ڕۆژە گاڵتەت بە ڕاسپاردەی پێغەمبەرە نابووتەکە نەکردباو.. بەو ڕادەیەش گاڵتەت پێنەهاتبا!.

شەش ساڵ بەسەر ئەو سەفەرە، ئەو یەکتربینینە، ئەو خواحافیزییەدا ڕابورد.

ئەو ماوەیە هەوڵی پێچانەوەی برینەکەم و بیرچوونەوەیم دا. لە گەڕانەوەمەوە خەریکم کەمێک دڵم ڕێکخەمەوە. تا شتەکان لە جێگەی یەکەمجاریان دانێمەوەو، بێقڕەو بێزاری، بێئەوەی گوڵدانێک بشکێنم، جێگەی تابلۆیەک و، شوێنی ئەو نەریتە کۆنە بگۆڕم کە ماوەیەکە لە ناخمدا تۆز گرتویێتی.

ویستم ڕۆژگارەکە، بیرک و لێبوردن، بەرەودوا بگێڕمەوە.

نەخێر.. ئێمە وا بە ئاسانی لەکەسێک خۆشنابین کە بەسووکە بەختیارییەک، کلۆڵییەکەی پێش هاتنی ببینینەوە. کەمتریش لە کەسێک دەبوورین، کە بێئەوەی هیچ هەست بە تاوان بکات، بە بەرچاوی خۆمانەوە خەونەکانمان بکوژێ.

بۆیە نە لە تۆ و.. نە لەوانیش خۆش نەبووم.

هەر ویستم بە شەیداییەکی کەمتر لەگەڵ تۆو نیشتماندا ڕەفتاربکەم. وەک تاکە سۆز پشتگوێخستنی هەردووکتانم هەڵبژارد.

بە ڕێکەوت هەواڵەکانتم دەگەیشتێ، کە گوێبیستی کەسێک بومایە باسی مێردەکەت و، سەرکەوتنە بەردەوامەکانی و.. قاچوقووچ و کارە نهێنیو ئاشکراکانی، کە ببوونە قسەوباسی ناو کۆڕەکان، بکردایە.

هەواڵی نیشتمانیشم پێدەگەیشت، هەندێجار لە ڕۆژنامەو، جارجارەش لە کۆڕوکۆمەڵەوە. جارێکیش دوای سەفەری حەسان، کە بۆ کڕینی ئۆتۆمۆبیلەکەی بەڵێنم پێدابوو، هات..

هەموو جارێکیش، هەر چییەکم دەبیست، بە هەمان ئەو بێبایەخییە گوێبیستی دەبووم، کە تەنیا دوا بێوورەیی بەرپای دەکات.

هۆگری حەسان بووم، وەک ناکاو بە بوونیم زانیبێ. کە هۆشم بەبەردا هاتەوەو زانیم لەو زیاتر کەسی دی لەم دنیایەدا شک نابەم و، ئەویش بەو نالەبارێتییە دەژی، کە بەر لە سەردانەکەی قسنتینەم هیچم لێنەدەزانی.

ئیتر بەردەوام تەلەفۆنم بۆدەکرد. هەواڵی خۆیو ماڵ و منداڵانیو، ئەو خانووەشم لێدەپرسی کە بە نیازبوو دوای کەمێک دەستپێداهێنان تیایدا بژیو، منیش بەڵێنم دابوویە هەرچییەکی تێچوو بیدەمێ.

لەم تەلەفۆنەوە تا تەلەفۆنێکی دی وورەی بەرزو نزم دەبۆوە. جار هەبوو باسی پرۆژەکانیو، هەندێ لەو پێوەندیانەی بۆ دەکردم کە سەبارەت گواستنەوەکەی پایتەختی دەیکرد.. ئەمجا لە پڕا دیسان ئەو گەرم و گوڕییەی نەدەما.

بە پرسیارەکەی دوا تەلەفونیدا زانیم، لێپپرسیم:

ـ خالید کەی دێیت؟

ئەو کاتە هەستمکرد پاپۆڕێکەو خەریکە نوقوم دەبێو، شەوقی فریاگوزاریم لێدەدا.

واش، لەگەڵیا دەڕۆیشتم و، هەموو جارێکیش بەڵێنم پێدەدا کە هاوینی ئاینده سەردانی بکەم. لە ناخیشەوە دەمزانی درۆی لەگەڵ دەکەم و، پردەکانی نێوان خۆم و نیشتمانم تا ماوەیەکی دی پساندووە.

ڕاستییەکەی، بێهیوا ببووم. شەمەندەفەرەکە پێچەوانەو، بە خێراییەکی وا دەڕۆیشت کە هیچی لەگەڵدا نەکرێ.. هیچ شتێک، جگە لە سەرسامیو چاوەڕوانی پێکدادان نەبێ.

منیش جانتاکانی دڵمم دەپێچایەوەو.. بێئەوەی بەخۆم بزانم بەرەو لاکەی دی، بە ئاڕاستەی پێچەوانەی نیشتمان، دەڕۆیشتم.

تاراوگەییەکەمم بە بیرچوونەوە دادەمەزراند. لە تاراوگە نیشتمانێکی دیم بۆ خۆم دروست دەکرد، نیشتمانێـک کە ڕەنگە تاهەتایی بێـت و، دەبێ خۆم بە ژیانەکەی ڕابێـنم.

خەریکبوو لەگەڵ شتەکاندا ڕێکدەکەوتمەوە. پێـوەندی ئاساییم لەگەڵ ڕوباری "سین"و.. پردی میرابۆ و.. هەموو ئەو دنیایە پێکدەهێـنایەوە، کە لەو پەنجەرەیەی، بێـهۆ دژایەتیم دەکرد، بەرامبەرمبوون.

دۆستایەتییەکی کاتیم لەگەڵ زیاتر لە ژنێـک پەیداکرد. شوێـن نووستنەکەمم بە ڕابواردنە شێـتانەکان ڕازاندەوە.. بە ئافرەتانێـک کە هەرجارە پێـم سەرسامتر دەبوون، هەموو جارێـکیش زیاتر تۆم پێـدەکوشتن، تا لە کۆتاییدا هیچت نەمایەوە.

ئەم لەشە پەرۆشیتییەکەتی بیرچۆوە، سەرکێـشێـتیو گەمژەیەتییەکانی و مانگرتنی لە سەرجەم خۆشییەکان، تەنیا خۆشییەکەی تۆ نەبێ، کە ئەویش هەر بە خەیاڵ بوو.

هەر بە ئەنقەست ژنەکانم لە یەکەمین هێـمایان بەتاڵ دەکردەوە.

ئەو کەسەی ووتبووی ئافرەت هەیە تاراوگەیەو، هەشە نیشتمانە، درۆی کرد..

هەرچی پانتاییە لە دەرەوەی لەشدا بۆ ژن نییە. بیریش ڕێـگایەک نییە پێـیانت بگەیەنێـت. ڕاستییەکەی تەنیا یەک ڕێـگا هەیە.. دەکرێ ئەمڕۆ باوەڕی تەواوم پێـبێ!

شتێـکم دۆزیوەتەوە دەبێ ئەمڕۆ پێـتی بڵێـم..

ئارەزوو تەنیا کێـشەیەکەو بە هۆشەوە بەندە. لە خەیاڵ بەکارهێـنانیش زیاتر نییە. تارماییەکە لە ساتێـکی شێـتیدا دروستی دەکەین و پێـی دەبینە کۆیلەی یەک کەس و، بەهۆیەکی نادیاریشەوە، کە هەرچی پێـوەندییێ بە ژیرێـتیەوەی نییە، بەشتێـکی نایابی ڕەهای دانێـن.

ئارەزوو هەروا لە شتێـکی وونەوە پەیدا دەبێ، ڕەنگە بۆ یادێـکی دیمان بەرێـتەوە.. بۆ عەتری بۆنێـکی تر.. بۆ ووشەیەک، بۆ دەموچاوێـکی دی..

ئارەزوویەکی شێـتانە لە شوێـنێـکی تری دەرەوەی لەش پەیدا دەبێو، لە بیر، یان ڕەنگە لە نەستدا، لە شتی نادیار کە ڕۆژێـک دزەت بۆکردو، تۆی بەلاوە نایابترو، بەتامتربوو، وای لێـهات هەموو ژنان تۆبن.

تێگەیشتی بۆچی خۆڕسکانە ئەو ڕۆژەی قسنتینەم لەناخمدا کوشت و تۆشم کوشت؟

ئەو ڕۆژە کە لاشە درێژکراوەکەتم لە نوێنەکەمدا بینی بە دڵم نەبوویت.

لە کۆتاییدا بە جووتە لە ژنێک بەولاوە چی دی نەبوون.

پێم دەڵێیت: کەواتە بۆچی ئەم کتێبەت بۆ نووسیم؟ منیش وەڵامت بەوە دەدەمەوە کە هەر لە کوشتندا ڕێوڕەسمەکەی تۆ بەکاردێنم و، بڕیاریشم دا تەنیا لە کتێبێکدا بتنێژم.

لاشەی وا هەیە نابێ لە دڵماندا بیپارێزین. چونکە دوای مەرگ ، خۆشەویستیش بۆنێکی ناخۆشی دەبێ، بە تایبەتی کە ڕەهەندی تاوانەکە وەردەگرێ.

سەرنج بدە یەکجار چییە لەم کتێبەدا ناوم نەبردووی. بڕیارم دا بێناو جێتهێڵم. ناو هەیە ناهێنێ بیانهێنی.

با وای دانێین کە تۆ ئافرەتێک بوویت ناوی "حەیات" بوو، ڕەنگە ناوی تریشی هەبووبێ.. جا بەڕاست ناوەکەت گرنگە؟

هەر ناوی شەهیدانە کە ساختەیان تیادا ناکرێ، چونکە مافی خۆیانە بە ناوی تەواوی خۆیانەوە باسیان بکەین. ئەم نیشتمانەش مافی خۆیەتی کەسانێکی لا ئاشکراکەین ناپاکییان لێکردبێ‌و، سەروەری خۆیانیان بە کاولکردنی‌و، سامانەکەشیان بە کلۆڵییەکەی دروستکردبێ‌و، کەسیش نەبێ حسابیان لەگەڵدا بکات.

دەزانم.. پڕوپاگاندە هەیە ئەم کتێبە بە هی تۆ دادەنێ. خانمەکەم دڵنیابە کە پڕوپاگاندەیە.

ئەو ڕەخنەگرانەش کە لەبری شتی دی بە ڕەخنەوە خەریکن دەڵێن، ئەم کتێبە ڕۆمان نییە، بەڵکو وورێنەی پیاوێکە کە هیچ زانیارییەکی سەبارەت بە پێوەرەکانی ئەدەب نییە.

پێشوەخت لە نەزانین و، بەسووک سەیرکردنی پێوەرەکانیان دڵنیایان دەکەم. چونکە من لە پێوەری ئازار بەولاوە هیچ پێوەرێکی ترم لانییەو، ئەو خواستەشی لێدەرچێ، کە ساتێک لە خوێندنەوەی دەبیتەوە، سەرسامتکاو بتگرێنێ، هەرچی خواستی تربێ نیمە..

شتیش هەیە کە هێشتا پێم نەووتبیت.

ئەم کتێبە بخوێنەرەوەو.. هەرچی کتێبی نیمچە نووسەرو، نیمچە پیاو و، نیمچە شەیدا، لە دۆلابەکەتدایە بیانسووتێنە. ئەدەب تەنیا لە زامەوە سەرهەڵدەدا. با هەموو ئەوانەش کە بەژیری خۆشیان ویستیو، خوێنیان بەرنەبوو.. کێش و هاوکێشیان کەم نەبۆوە، ئاوی ئاموون و توونی بابا چن..
بە شەرمێکی کەمەوە پەڕەکانم هەڵدەرەوە.. وەک چۆن ئەمڕۆ وێنە زەرد داگەڕاوەکانی منداڵێک هەڵدەدەیتەوە، کە خۆت بووە.
وەک بە فەرهەنگی ئەو ووشەکۆنانەدا بچیتەوە کە خەریکە لەناودەچن و دەمرن.
وەک بڵاوکراوەیەکی نهێنی بخوێنیتەوە، کە ڕۆژێک لە سنووقی پۆستەکەتدا دیبێتتەوە.
دڵت بکەرەوەو.. بمخوێنەرەوە.
ڕۆژێک ویستم باسی سی تایەرو زیادو خەڵکی ترو.. هەموو ئەوانەت بۆ بکەم کە هیچت لە بارەیانەوە نەدەزانی.
بەڵام حەسان مردو.. ئیتر ئەمڕۆ کاتی باسکردنی شەهیدان نەماوەو.. هەر یەکەمان بووینەتە پڕۆژەیەکی شەهید.
پێم ناخۆشە ئاسکێکت خەڵات ناکەم. "ئاسک بە زیندوێتی نەبێ نابێتە ئاسک". هیچم پێنەماوە کە ئەمڕۆ پێتی ببەخشم.
هەموو خۆشەویستەکانمت، یەک بە دوای یەک و، بە شێوەیەک لە شێوەکان لێسەندمەوە. دڵم بووە گۆڕێکی بەکۆمەڵ و خۆشەویستانم هەڕەمەکیانە تیایدا نووستوون. وەک گۆڕەکەی "دایە" هێند بەرین بووبێت کە جێگەی هەموویانی تیا بووبێتەوە.
منیش ئێستا شایەتی گۆڕی سی تایەرو.. زیادو حەسان نەبێ شتێکی دی نیم. شایەتی گۆڕی بیر.
زۆرم لەبارەی گەمژەیەتی قەدەرەوە دەزانی، گەلێکیشم سەبارەت بە ستەم و کەللەڕەقی دەزانی، کە پێی لەسەر ڕاونانی یەکێک داگرتایە.
ئەی دەبوا بەلای شتێکی واشدا بچوومایە کە ڕەنگە ڕوویدا؟
پێموابوو باجی خۆمم بەم قەدەرە گەمژەیە دابێو، ئیتر بەم تەمەنەو، ساڵانی دوای کارەساتەکەی زیادو ژنەکەی، نۆرەی پشوودانم هاتبێ.
ئیتر قەدەر چۆن ئەمڕۆش هەڵیکوتایەوە سەرم تا براکەشم لێبسێنێ، ئەو برایەی کە هیچ ژیرێتییەک لەمردنەکەیدا نەبوو. نە لە بەرەو، نە لە

گۆڕەپانی شەڕدابوو تا بەدەردی سی‌تایەرو، زیاد بمرێو، ئەویش.. گوللەباران کرێ.

* * *

ڕۆژێکیان لە ئۆکتۆبەری 1988دا، هەواڵی مەرگەکەی بروسکەئاسا لە تەلەفۆنێکی ئاڵۆزو، بە دەنگی بە فرمێسک تاساوی عەتیقەدا گەیشت.

بەدەم گریانەوە ناوی منی دەهێناو، منیش تۆقیوانە لێم دەپرسی:

- "چی بووە..؟"

ئاگاداری ئەو بەسەرهاتانە بووم کە وولاتیان هەژاند، کە ڕۆژنامەو هەواڵەکانی فەرەنسا بە وێنەوەو، بە ووردیو، بە دووروودرێژیو، جۆرە گرنگییەک کە خۆشحاڵی پێوەدیاربێ، پێشبرکێیان لەڕاگەیاندنیاندا دەکرد.

من بەووردی ئاگاداربووم، دەشمزانی دووەم ڕۆژێتیو هەر لە پایتەختیشە.

ئیتر چۆن ڕووداوەکەم بە بیردابێ؟

دەنگی عەتیقە یەک برگەی دەووتەوە:

- کوشتیان.. کاکە خالید.. کوشتیان..

دەنگی منیش بە ترسەوە هەر دەیووت و دەیووتەوە:

- چۆن.. چۆن کوشتیان؟

حەسان چۆن مرد؟

کە مردنیشی وەک ژیانەکەی گەمژەو، وەک خەونەکانی ساکاربووبێ، ئیتر پرسیار چ بایەخێکی هەیە؟.

هەموو ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوە تا بزانم براکەم، چۆن لەنێوان دوو خەون.. دوو تارماییدا کوژرا.

چی گەیاندییە پایتەخت تا لەوێ چاوی بەو "کۆمەڵ"ە بکەوێ، ئەوێک کە زۆر دەگەمەن نەبێ ناچێتە پایتەخت.

لە کۆتایی هەفتەدا هەروا ڕۆیشتووە.. تا بەدوای کۆتایی خۆیدا بگەڕێ.

لە قسنتینەدا جێگەی نەدەبۆوەو، ئەو هەموو پردەشی بە شتێکیان نەگەیاند.

پێیان ووتبوو: "لە پایتەخت - داوی - زۆرت دەبێ. لەوێ ڕێگە کورتەکان دەتگەیەنن.. بەڵام لێرە پردەکان بەهیچت ناگەیەنن!"

حەسانیش باوەڕیکردو، چووە پایتەخت تا "فلان" بە هۆی "فلان"ێکی ترەوە ببینێ..

بریاربوو ئەمجارەیان، دوای چەند ساڵێـک تەشەبوزو خۆهەڵقورتاندن کێـشەکەی چاربکرێو، بە یەکجارەکی واز لە پەروەردە بێـنێو، بگوێـزرێـتەوە پایتەخت و لە دەزگایەکی ڕاگەیاندندا بکرێـتە فەرمانبەر.

بەڵام ئەمجارەیان قەدەر "فایلەکەیی" یەکلاکردەوە.

لە نێـوان "فڵان"و "فڵان"دا حەسان بەهەڵە، لەسەر پێـڕەوی خەون، بە گوللەیەکی وێـڵ سەری نایەوە.

برام خەون بەردەست هەموو کەس ناکەوێ.. دەبوا خەونت نەدیبا!

ڕاستە "کە نەهامەتی دەزانێ چۆن سیفەتەکانی خۆی هەڵبژێـرێ" بۆیە منی هەڵبژاردووەو، ئەم هەموو کارەساتە ناهەموارەشی بۆ دیاریکردووم، تا بە تەنیا لەگەڵیاندابم.

منێـک کە تەنیا خەونی بە خەڵاتکردنتی ئاسکێـکەوە دەبینی..

چۆن وا بکەم.. کە تۆ ئەم هەموو کاولکارییە.. ئەم هەموو وێـرانەیەم پێـببەخشیت؟

* * *

ناکاو، کۆنە باسێـکی نێـوانمانم بیرکەوتەوە.

باسێـک کە ئەمڕۆ شەش ساڵی ڕەبەقی بەسەردا ڕابوردبێ. لە ڕۆژگارێـکدا کە شێـوەیەکی "زۆربا"ت تیادا دەبینیم. ئەو پیاوەی خۆت ووتەنی هێـجگار خۆشتدەویست، خەونیشت بە نووسینی ڕۆمانێـکەوە دەبینی لە ڕۆمانەکەی ئەو پچێـت، یان خۆشەویستی لەگەڵ پیاوێـکی وادا بکەیت.

بڵێـی لەبەرئەوەی کە نەتتوانیوە ڕۆمانێـکی وا بنووسیت، منت کردبێـتە کۆپییەکی ئەو و، واشت لێـکردم فێـربم وەک ئەو هێـندە لەو شتانە بخۆم کە خۆشمدەوێـن تا هەڵیاندێـنمەوە..

وات لێـکردم شەیدای وێـرانەیەکی جوانبم، فێـریشبم مەلی سەربڕراوئاسا بەدەم ئازارەکانمەوە سەما بکەم..

ئەوە ئەو وێـرانە جوانەیە، کە ڕۆژێـک بە دڵگەرمییەکی هێـندە سەیرەوە بۆت باسدەکردم کە هەرچی گومان بێـت لام پەیدانەکات، ئەو ڕۆژەی ووتت:

"مرۆڤ وای لێـبێ بە کارەساتەکانی بگاتە ڕادەی سەما، نایابە. ئەوە نوشوستیو شکستییەکان جیادەکاتەوە. چونکە سەرجەمی شکستییەکان لەبەر

دەستی هەمووانداین. دەبێ خەونی نائاساییو، خۆشیو خواستی نائاساییشت هەبێ، تا بەم ڕێگایە سۆزەکانت بە دژەکانیان بگەیەنیت ..".

ئای خانمەکەم گەر دەزانیت!

خەونەکانم چەند گەورەبوون. ئەم وێرانەیەش چەند ناهەموارە کە ئەمڕۆ کەناڵەکانی تەلەفزیۆن پێشبڕکێ لە پەخشکردنیا دەکەن!

چەند وێرانەیەکی ناهەموارە، لاشەی براکەشم، بە گوللەیەکی وێڵەوە لەسەر پێڕەوەکە کەوتووە، چەند خەمناکە!

لاشەکەی، کە ئێستا لە سەلاجەی مردواندا چاوەڕێیە بیناسمەوەو، لەگەڵیا بێمەوە قسنتینە، چەند خەمناکە.

دیسان قسنتینەیە..

ئەو دایکە زاڵەی خۆی بۆ منداڵەکانی ناوەتەوەو، سوێندیخواردووە گەر بەلاشەش بووە بۆ لای خۆیمان بەرێتەوە.

وا بەزاندینیو، پێکەوە گێڕاینییەوە. لەو ساتەی کە پێمان وابوو لێی چاکبووینەتەوەو، سۆزیشمان بۆی نەماوە.

نە حەسان بۆ پایتەختی جێدێڵێو.. نە منیش لەمڕۆ بەدوا توانای هەڵاتنم لێی هەیە..

وا ئەمڕۆ هەردوك بەجووتە دەگەڕێینەوە لای..

یەکێکمان لە تەرماو.. ئەوی تریش پارچە زەلام.

ئەی تاوێرەکە بڕیاری تۆم بەسەردا درا.. ئەی دایکە تاوێر..

گۆڕستانەکانتم بۆ والاکەو، چاوەڕێم بە. براکەمت بۆ دێنم.. شوێنێکی پچووکی لای پیاوچاکانت و، شەهیدانت و، بەگەکانتەوە بۆ بکەرەوە.. حەسان هەموو ئەوانەی تیادابوو.

ئاسکێك بوو..

چاوەڕوانی ئەوەبوو.. وەرە خانمەکەم سەیری ئەم هەموو وێرانە جوانە کە!

دوای تۆزێك زۆربا دێت و شانم دەگرێ تا پێکەوە بکەوینە سەما.

وەرە..

نابێ لەم دیمەنە دوابکەویت، ئەوسا دەبینی کاتێك پێغەمبەران بەڕاستی نابووت دەبن، چۆن سەما دەکەن.

وەرە.. ئەمڕۆ سەمایەك دەکەم پێشتر نەمکردبێ، چەنت حەزدەکرد لە زەماوەندەکەتدا هەڵپەڕم و نەمکرد..

بەجۆرێـک بازدەدەم وەک ناکاو دوو باڵ بە هەردوو قاچمەوە نووسابێ و، باڵەبڕراوەکەشم لەنوێ ڕوابێتەوەو بووبێـتەوە بە باڵی خۆم.

وەرە.. با باوکیشم لەسەرئەوەی ڕۆژێـک چییە لەڕێـوڕەسمی "عیساوە"دا بەشداریم نەکرد، لێـم ببورێ. لە ئاهەنگێکی نوێو سەمایەکی شێتانەو، ئەو شیشە سوورکراوەی ئەمدیو و ئەودیو لەشی دەسمیو.. بە تامی ئازارێکی خۆشئاساوە، بە لەشی خۆیدا دەکرد.

خەمناکی ڕێـوڕەسمێـک زیاتری هەیە، ئازاریش نیشتمانێکی دیاریکراوی نییە. با پێـغەمبەران و پیاوچاکانیش لێـم خۆشبن!

با هەموویان لێـم خۆشبن. نازانم پێغەمبەران کە خەم دایان دەگرێ ڕێـک چیدەکەن، ئەی کاتی هەڵگەڕانەوە چیدەکەن؟

دەگرین یان نوێـژدەکەن؟

من بڕیاری سەماکردنم داوە. سەما بەردەوامییە. سەما خواپەرستیشە..

جا سەیرکە ئەی گەورەترین.. بە تەنیا باڵێـکەوە بۆت هەڵدەپەڕم.

ئەی خوایە هەڵپەڕین بە تەنیا باڵێـکەوە چەند زەحمەتە! خوایە هەڵپەڕکێ بە تەنیا باڵێـکەوە چەند بەدڕەزایە! بەڵام..

تۆ کە باڵەکەی ترت لێـسەندوومەتەوە دەمبەخشیت.

لێـم دەبووریت.. تۆ کە هەموویانت بۆخۆت بردەوە.

لێـم دەبووریت.. چونکە خۆشم دەبەیتەوە!

بڵێـی ئیماندار ڕاستبکات؟.. یان ئەو قسەیە تەنیا بۆ ئەوە دروستبووبێ کە فێـری بە ئارامیمان بکات، تا لەبری کارەساتەکانمان خۆشیو باوەڕنامەی ئیمانداریمان پێـبفرۆشێـتەوە؟

جا باوابێ..

سوپاس بۆتۆ ئەی مەزنترین، لە نەهامەتیدا تەنیا سوپاسی تۆ دەکرێـت.

تۆیەک کە نەهامەتی بەسەر بەندە ئیماندار و.. تۆبەکەرەکانتا نەبێ نای بارێـنیت.

دانیپیادەنێـم کە خەونم بەو بڕوانامە ڕەوشتبەرزێـتییەوە نەدەبینی!

کە خانمەکەم لە تۆ بەتاڵبمەوەو بە ئاوازێکی یۆنانیانە لیپبم.

مۆسیقای "زۆربا"م بەرەو ڕوودێـت، بانگهێـشتی شێـتییەکی سەرەڕۆیە.

لە شریتێکەوە دێت ڕاهاتبووم بە ئارەزوویەکی نادیار گوێی لێبگرم. کەچی ئەوەتا ئەمڕۆ ئاوازەکە بەناو وێرانەو لاشەدا بۆم دێت و، ناکاو یەکەم ڕەهەندی ڕاستەقینەش دەگرێ.

ناکاو لە سەر قەنەفەکەم ڕاستدەبمەوەو ئەو دەبینم، وەك لە چیرۆکەکەدا هەیە دەقیژێنم "دەی زۆربا.. مەشقی سەمام پێبکە..".

ئەوە "وێرانەجوان"ەکەیە کە پێکیچواندین. باوەڕم نەدەکرد بەو ڕادەیە ناشیرینبێ.. بەو ڕادەیە بەسوێبێ!

مۆسیقاکەی تیوداکریس بەرەوڕووم دەکشێ. ئاواز.. ئاواز تێم هەڵدەچەقێ. برین.. برین.

خاو.. ئەمجا وەك تاوە گریانێك بەکوڵ.

شەرمن.. ئەمجا بوێر وەك ساتی تکا.

ڕاڕا.. ئەمجا قاچی سەربازئاسا بەبڕوا.

خۆم دەدەم بەدەستییەوە. لە ژوورێکی بەریندا، کە تابلۆو پرد پڕی کردبێتەوە، شێتانە دەکەومە سەما.

من لە ناوەندیدا وەك لەسەر ئەو بەردە مەزنە وەستابم، تا لە کاتێکدا هەر پێنج پردەکەی قسنتینە تێکدەشکێ‌و بەردەکانی بەبەر چاومەوە بەرەو دۆڵەکە تلۆردەبنەوە، لە ناو وێرانەکەدا سەما بکەم.

ئای زۆربا!

ئەو ژنە شوویکرد کە من حەزم لێیبوو، ئەویش تۆی خۆشدەویست. ویستم بیکەمە کۆپییەکی خۆم، کەچی کردمییە کۆپییەکی تۆ.

"زیاد"یش مرد. ئەو برادەرەی ئەم شریتەی کڕی‌و ڕەنگە لەبەر ئەو ژنەش حەزی لێیبووبێ، لەوانەشە ڕۆژێکی وای بۆ چاوەڕوانکردبم و، خۆیئاسا سەرجەم ووردەکارییەکانی خەمبارییەکەی ئایندەمی بۆ ئامادەکردبم.

ڕەنگە بە دیاری لەوی وەرگرتبێ.. منیش لەگەڵ ئەو خەمباریانەی بۆی جێهێشتم، بە میرات بۆم مابێتەوە.

"حەسان"یش مرد.. ئەو برایەم کە زۆر بایەخی بە ئیغریق و، خواوەندە یۆنانییەکان نەدەدا.

هەر خواوەندێك و، چەند کۆنە قەوانێکی هەبوو.

مردو لە خۆشەویستی الفرقانی‌و.. ئومکەلسوم و.. دەنگی عەبدوالباست عەبدولسەمەد بەولاوە خۆشەویستییەکی تری نەبوو.

له خەونی پەساپۆرت وەرگرتن و بۆ حەج چوون و.. سەلاجەیەك بەولاوە خەونێکی دی نەبوو.
دواجار نیوەی خەونەکەی هاتەدی، نیشتمان سەلاجەیەکی پێبەخشی کە بە هێمنیو خۆئاسا، تیایدا چاوەڕێی منی دەکرد، تا ئەمجارەیان بە دوا مەزاری بسپێرم.
گەر بیناسیبایت، لەوانەبوو وا گەمژانە سەری نەنایەتەوە.
گەر بەووردی بیخوێندیتایەوە، بەو شانازییەوە سەیری بکوژەکانی نە دەکردو، خەونیشی بە پلەیەکی پایتەخت و، ئۆتۆمۆبیلێکی جوانترەوە نە دەبینی..
پێشوەخت تفی بەڕووی بکوژەکانیدا دەکێشا.. جنێوی واشی پێدەدان بە کەسی نەدابێ، لەو زەماوەندەدا قایل نەدەبوو تەوقەیان لەگەڵدا بکات، دەیووت:
"گەوادینە.. دزینە.. پیاوکوژینە. خوێنیشمان نادزن. هەر چی دەتانەوێ گیرفانی لێپڕکەن.. حسابەکانیشتان بە هەر پارەیەکبێ کە دەتانەوێ.. خوێن و بیر بۆ ئێمە دەمێنێتەوە. هەر بەو دووانەش سزاتان دەدەین.. بەوانیش ڕاوتان دەنێین.. هەر بەوانیش.. ئەم نیشتمانە لە نوێ، ئاوەدان دەکەینەوە".
ئای زۆربا.. زیاد مردو ئەوەتا حەسانیش بە غەدر دەمرێت.
ئای برادەر گەر دەتزانی، هیچکامیان شایانی مردن نەبوون.
حەسان وەك جیوە خاوێن و، وەك ساویلکەش چاك. تەنانەت لە خەونیش دەترسا، کە کەوتیشە خەونبینین کوشتیان.
زیادیش.. تا ڕادەیەك بەتۆ دەچوو. گەر پێکەنینەکەیت بدیبا، گەر گوێت لە قسەکردنی بوایە.. کفری دەکرد.. نەفرەتی دەنارد.. دەگریا.. مەستدەبوو.. گەر ئەو جووتەت بناسیبا، ئەوا بە داخی ئەوانەوە سەمایەکت دەکرد پێشتر سەمای وات نەکردبێ.
بەڵام گرنگ منییە..دەزانم ئەمشەو تۆش نایەیت. ڕەنگە، وەك چۆن لە ڕۆمانەکەدا دوای نەفرەتکردنت لەو کاهینەی پێش مردنت هات قوربانی پیرۆزت دەرخوارد دا، مردبیت..
یان ڕەنگە نەیەیت چونکە تۆ هەرگیز لەم سەر زەوییە نەبوویت. پاڵەوانێکی خەرافیانەی ڕۆژگارێك بیت خەڵکەکەی بە دوای خەرافاتێکی

وادا گەڕابن. بە دوای خواوەندێکی ئیغریقی نوێدا، کە فێری شێتیو بەرەنگاریو.. بێهوودەیی ژیانیان کات.

جا ئیتر نەهاتنی ئەمشەوت، وەک چۆن هەمووان نەهاتن، چ بایەخێکی دەبێ؟

برادەر سەرزەنشتت ناکەم. تۆ دواجار لە ئاست هەموو ئەو گەمژەیەتییانەی کە ڕەنگە بە هۆی ڕۆمانەکەوە بکرێن، بەرپرس نابیت!

بەڵام تەنیا وەڵامم بدەرەوە.. تۆیەک کە لە تورکت کوشتووەو، ئەوانیش زۆریان لە هاوڕێکانت کووشتووە. جیاوازی لە نێوان بکوژاندا هەیە؟

سی تایەر بەدەستی فەڕەنسایەکان لەناوچوو.. زیادیش بەدەستی ئیسرائیلییەکان.. ئەوەتا حەسانیش ئەمڕۆ بەدەستی جەزائیرییەکان دەمرێ.

بڵێی شەهیدبوونیش بە پلەبێ؟ ئەی چۆنە گەر نیشتمان خۆی بکوژو شەهیدیش بێت؟

چەند شاری عەرەبی بە کۆمەڵکوژییەکانی چووبێتە مێژووەوەو، کەچی هێشتا بە سەر گۆڕە نهێنییەکانیدا کلۆمکرابێ!

چەند شاری عەرەبی خەڵکەکەی بوونە شەهید.. بەر لەوەی ببنە هاووڵاتی!

جا ئیتر ئەمانە لەکوێ دابنێین.. لە خانەی قوربانییەکانی مێژوو، یان خانەی شەهیدان؟

مردنێک کە بە خەنجەری عەرەبی بێت ناوی چییە؟

* * *

ئەو بەیانییە هەر کە کاترین بینیمی قیژانی:

- دەموچاوی پیاوێکت هەیە لە شەوێکی مەستیدا هەستابێت!

ئەمجا بە تۆزێک تەوس و ڕاگەیاندنێکی ئاشکراوە لەسەری ڕۆیشت:

- نەگبەت دوێنێ چیتکردووە، تا وات بەسەرخۆت هێنابێ؟

ووتم:

- هیچ.. ڕەنگە هەر نەشخەوتبم!

کە سەیرێکی هۆڵەکەی کردو، ئافرەتئاسا خۆی هەڵدەقورتاندو بۆ ئاسەوارێک دەگەڕا جۆری ئەو کەسانەی پێببینێتەوە کە دوێنێ شەو لەگەڵیاندا بووم، ووتی:

- دوێنێ برادەرانت لابووە؟

به پرسیارەکەی بزەمهاتێ، حەزم دەکرد بە: بەڵێ وەڵامم بدایەتەوە.
کە خەم شێتی دەدوێنێ، وایلێدێ کە بەگاڵتە بەخۆکردن دەستپێبکات..

لە سەری ڕۆیشت:
ـ ئەی شەو لێرە مانەوە؟
ووتم:
ـ نەء.. ڕۆیشتن..
دوای کەمێک بێدەنگی بەردەوامبووم:
ـ هەمیشە برادەرەکانم دەڕۆن!
ڕەنگە قسەکەم قایلی نەکردبێ، یان خۆهەڵقورتاندنەکەیی پێزیادکردبێ. بەناو پشێوی ژوورەکەو، هەردوو جانتا کراوەکەی ناو هۆڵەکەداو، بەدوای شتێکدا هەردوو چاوی خستە گەڕ.
ئافرەت بەردەوام وان: لە لەشیان دوورتر نابینن، بۆیە کاترین نەیدەتوانی ئاسەواری زیادو حەسان و زۆربا.. لەو ماڵەدا بدۆزێتەوە.
ئەوی ڕاستیبێ.. کاترین یەکبینە لە پەراوێزی خەمدا دەژیا. بۆیە ڕەنگە بێزۆر ووتن قایلبووبێ کە لە شەوێکی خۆشویستێتی هەستابم.
وەک ناکاو بیانوویەکی بۆ هاتنەکەی ئەو ساتەی نەبینیبێتەوە، لێی پرسیم:
ـ بۆچی وا بە پەلە داواتکردم؟
ووتم:
ـ لەبەر زۆر هۆ..
ئەمجا لەپڕ لەسەر قسەکەم بەردەوامبووم:
ـ کاترین.. حەز لە پرد دەکەیت؟
بە لەرەیەک کە سەیری پێبێ، ووتی:
ـ نەڵێی بەم بەیانییە هێناومی تا ئەو پرسیارەت لێبکەم!
ووتم:
ـ نەخێر.. بەڵام حەز دەکەم وەڵامەکەیم بەیتەوە.
ووتی:
ـ نازانم.. من پێشتر پرسیاری وام لە خۆم نەکردووە. ڕەنگە پاریسی لێدەرچێت، هەمیشە لە شارانێکی بێپرددا ژیابم...

ووتم:
گرنگ نییە.. من لە کۆتاییدا پێم باشە خۆشت نەوێت. ئەوەندە بەسە کە حەزت لە نیگارەکانم بێت..
وەڵامی دایەوە:
بێگومان ئەوانەم خۆشدەوێت کە دەیانکێشیت.. هەمیشە گرەوم لەسەر ئەوە کردووە کە تۆ نیگارکێشێکی دەگمەنیت..
ووتم:
- کەواتە.. هەموو تابلۆکان با بۆ تۆبن.
قیژاندی:
- تۆ شێتی؟ چۆن ئەم هەموو تابلۆیانەم پێدەبەخشی؟ ئەوانە شارەکەتن.. لەوانەیە ڕۆژێک بیری بکەیت.
ووتم:
- لەمڕۆ بەدوا پێویست بەبیرکردن ناکات، من دەڕۆمەوە. بە تۆی دەبەخشم، چونکە دەزانم ڕێزی هونەرت لایەو، لای تۆ لەناو ناچن..
کاترین کە دەنگی شێوازێکی نوێی خەمناک و خۆشییەکی نادیاری دەگرت، ووتی:
- هەر هەمووی لای خۆم دەپارێزم.. هەرگیز پیاوێک شتێکی وای پێنەبەخشیوم..
کە دوا سەرنجی لەشە هەمیشە شاراوەکەی ژێرکراسە تەنکە بەرینەکەیم دەدا، ووتم:
- هیچ ئافرەتێکیش پێش تۆ تاراوگەیەکی بەتامتری پێنەبەخشیوم..
ووتی:
- دەترسم ڕۆژێک بێ پەشیمان بیتەوەو بیری تابلۆکانت بکەیت.. ئەوا بزانە کە هەمیشە لای من دەیان بینیتەوە.
ووتم:
- ڕەنگە ئەوە ڕووبدات.. ئێمە لە هەموو بارودۆخێکدا لە شتێک پەشیمان دەبین..
قسەکەی پێبڕیم وەک ڕاستی هەڵوێستەکەی هەست پێکردبێت:
- mais ce n`est pas possible .. ناکرێ بەوجۆرە لە یەکتر جیابینەوە!

ـ ئای کاترین.. لێگەڕێ با بە برسێتی جوێبینەوە. چونکە مێژوو وا حوکمی بەسەردا داین کە تەواو لە یەکتر تێر نەبین و.. بە تەواوەتیش یەکترمان خۆش نەوێ.. ئەویش لەبەر چەند هۆیەک. تۆ ئەمڕۆ زیاتر لە کۆپییەکی منت هەیە.. بیرم بە دیوارەکانتەوە هەڵواسە، تەنانەت گەر دژە بیرێکیش بێت.. چونکە منیش لایەنێکی بووم!

کاترین نازانێ ئەمڕۆ ئەم هێمایە لەبەر چییە.

ئەی ئەم باسە نادیارەی کە پێیم ڕانەهێناوە بۆ؟

ڕەنگە تێشگەیشتبێ، بەڵام لەشی نەیویستبێ تێبگات. هەمیشە لەشی لە بابەتەکە دەردەچێ. یەکبینە داوای زیاتر دەکات.. زیادەڕۆیی لە ئازادی دەربڕین و، ئازادی مانگرتندا دەکات.

بەڵام..

ئەو قسانە لەکوێبێنم کە ڕاڤەی خەمەکەمی بۆبکات؟

ئەو بێدەنگییە لەکوێ بێنم کە بێئەوەی دەم بکەمەوە پێی بڵێ، حەسان لەوێ لە شارێکی دی، لە سەلاجەدا چاوەڕێمەو، شەش منداڵەکەشی لە من بەولاوە کەسی تریان نەماوە.

چۆن نهێنی ساردی قاچەکانم و ئەو شەختەیەی بۆ باسکەم کە تا کات زیاتر بڕوات لێم نزیک دبێتەوەو، ئەویش وەک ڕاهاتووە.. بێئاگا بە هەر دوو دەستی قۆپچەی کراسەکەم دەترازێنێ.

ـ کاترین.. ئارەزووی خۆشەویستیم نییە، بمبوورە..

ـ ئەی کەواتە چیتدەوێ؟

ـ دەمەوێ وەک هەردەم پێبکەنیت.

ـ بۆچی پێبکەنم؟

ـ چونکە تۆ خەمباریت پێناکرێ.

ـ ئەی تۆ؟

ـ منیش تا پەستبم چاوەڕێی ڕۆیشتنت دەکەم. خەمەکەم وەک هەمیشە دواخراوە..

ـ بۆچی ئەمڕۆ پێم دەڵێیت.؟

ـ چونکە ماندوم و.. چەند سەعاتێکی دی دەڕۆم..

ـ بەڵام سەفەرت پێناکرێ. چونکە چی سەفەری جەزائیر هەیە ڕاگیرا..

- دەچم و، لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانی یەکەمین فڕۆکە دەکەم دەرچێ. دەبێ ئەمڕۆ یان سبەی سەفەربکەم. لەوێ کەسانێک چاوەڕوانمن..
دەکرا پێم بووتایە: "چونکە براکەم مردووە.. کاترین.. برا تاقانەکەم.."و بدەمە پڕمەی گریان. چونکە ئەوڕۆژە پێویستیم بەوەبوو کە لەبەردەم یەکێکدا بگریامایە.
بەڵام لەگەڵ ئەودا ئەوەم پێنەدەکرا. ڕەنگە کۆنە گرێیەکبێ.. خەمباریش کێشەیەکی کەسییە، هەندێجاریش دەبێتە کێشەیەکی نیشتمانیانە..
بۆیە زامەکەمم لە ناخما هێشتەوەو، بڕیارمدا وەک هەمووجار بەردەوامی بەقسەکانم بدەم. لەوانەشە ڕۆژێکیتر ئەوەی پێبڵێم، ئەمڕۆ نا. ئەمڕۆ بێدەنگی گەورەترە.
ناکاو هەستمکرد خراپەم لەگەڵ پەپوولەکاندا کردووە.
ووتم:
- کاترین.. چیرۆکێکی جوانمان هەبوو، وانییە؟ تۆزێک ئاڵۆزبوو.. بەڵام واش هەر جوان بوو. ئەو ژنە بوویت کە بەردەوام خەریکبوو دەبوویتە خۆشەویستم. ڕەنگە ئەو نزیکبوونەوەیەی بەو هەموو ساڵە نەهاتە دی جیابوونەوە بەدی بێنێت..
- ئەی کە جیابووینەوە خۆشتدەوێم؟
- نازانم.. یەکلاییە کە زۆرت بیردەکەم. ئەوە مەنتقی شتەکانە. زیاتر لە خویەکم پێوە گرتبوویت. بۆیە دەبێ لەمڕۆ بەدوا خووەکانم بگۆڕم..
- ئەی دەگەڕێیتەوە؟
- بەم نزیکە نا.. دەبێ فێری ڕووەکەی تری بیرچوونەوەبم. تاراوگەییش شتێکە پەڕینەوە لەو پردەی جوێمان دەکاتەوە وا ئاسان نییە..
- خالید بۆچی ئەم هەموو پردەت بەدەوری خۆتەوە داناوە؟
- من بەدەوری خۆمدا دام نەناون.. من لە ناخمدا هەڵمگرتوون. کەسانێک هەن ئاوا لەسەر پردێک بەهەڵواسراوی لەدایکبوون. لەنێوان دوو پێڕەوو دوو ڕێگەو دوو کیشوەردا هاتوونەتە دنیاوە. لەناو ڕێچکەی دژەبادا لە دایکبوون و، لە ناخیانەوە بەدەم خۆڕێکخستنەوەی دژەکانەوە گەورەبوون. جا ڕەنگە من لەوانەبم.. ڕاستییەکەی با نهێنییەکت لابدرکێنم. بۆم دەرکەوتووە کە من حەز لە پرد ناکەم و، ڕقیشم لێیەتی، ڕقێک کە لە

هەموو شتێکی دووبەر، دوو ڕوو، دوو بۆچوون، دوو دژ، هەمە. هەر بۆیەش ئەم هەموو تابلۆیانەم بۆ جێهێشتی.

حەزم بە سووتانیان دەکرد، شتێکی وام بەبیردا هات. بەڵام ئازایەتی تاریقی کوڕی زیادم نییە. لەوانەیە بۆ دەریاوانێک ئاسانتربێ کە لە جەنگێکدا پاپۆڕەکەی بسووتێنێ وەک لەوەی نیگارکێشێک لە ساتێکی شێتێتیدا تابلۆکانی بسووتێنێ.

واش، دەمەوێ بیان سووتێنم تا ڕێگەی گەڕانەوە بۆ دڵم نەهێڵمەوە.

نامەوێ ژیان، بە ئەمبەرو ئەوبەرکردنی پردێکەوە بەسەربەرم.

دەمەوێ دوا جێکەوتە بۆدڵم هەڵبژێرم..

دەمەوێ بچمەوە بۆ ئەو شارەی بەسەر تاوێرە بەردێکەوە هەڵنیشتووە، وەک یەکەمینجاربێ بیگرم. چۆن تاریقی کوڕی زیاد ئەو کێوەی گرت و ناوی خۆشی پێبەخشی..

.. لەوەتەی جێم هێشتووە قیبلەنوماکەمم بیرچووە. پێوەندیم بە مێژوو جوگرافیاوە بریوە. ساڵانێک لەسەر خاڵی نیشانەی پرسیار، لەدەری درێژە هێڵ و پانە هێڵدا وەستام.

دەریا کوێ کەوتووەو دوژمن لەکوێوە وەستاوە؟ کامیان لەپێشم و کامەشیان لە پشتمەوەن؟

لە نیشتمان بەولاوە هیچی دی لەودیو دەریاوە نییە.. بەلەمی تاراوگەیش نەبێ هیچی دیم لە پێشەوە نییە.. جگە لەمنیش هیچی تریان لە نێواندا نییە..

شەڕ لەگەڵ کێدا ڕاگەیەنم کە لە سنوورە ناوچەییەکانی بیر بەولاوە شتێکی دیم بەدەورەوە نەبێ؟

سەیرێکی کاترینم کرد، لە هیچ نەگەیشت..

پێوەندییەکەمان هەمیشە قوربانی خراپ لێکگەیشتن و کورتبینی بوو. وەک چۆن سەدەیەک زیاترە بەیەکگەیشتین هەرواش جیابووینەوە، بێئەوەی باش یەکتر بناسین.. بێئەوەی بە تەواوەتی یەکترمان خۆشبوێت.. بەڵام یەکبینە بە هەمان سەرنجکێشی نادیارەوە بوویت.

* * *

ووتت:

"هەرچی لە نێوانماندا ڕوویدا خۆشەویستییەو، ڕوونەداوەکانیش ئەدەبە"

بەڵێ بەڵام..

لە نێوان ڕووداو و ڕوونەداوەکاندا، شتێ ڕوویدا، کە هیچ پێوەندییەکیان نە بە خۆشەویستی و نە بە ئەدەبەوە هەبوو.

لە ئەنجامدا ئێمە، لە هەردوو بارەکەدا لە ووشە بترازێ شتێکی دی دروست ناکەین. هەر نیشتمانیش دروستکەری ڕووداوەو، چۆنیشی بوێت.. کە ئێمە مەرەکەبەکەی بین هەر وامان دەنووسێتەوە.

لە ڕۆژگارێکدا نیشتمانم جێهێشت کە هەناسەدانی تیادا قەدەغە کرابوو .. کەچی ئەوەتا لە ڕۆژگارێکدا بە واقووڕماوییەوە دەگەڕێمەوە کە هاتوچۆی تیادا قەدەغەکراوە.

بیرمە ئەمجارەیان تەنیا بەرەوڕووی فرۆکەخانەی ئەو شارە دەبوومەوە کە پرسەی بەخۆدا داوە، شەش ساڵ پێشتر حەسان ئەو قسەیەی کردو بێهۆیەکی ئاشکرا ووشەکان ئیستیان پێکردم.

ووتی: "قسنتینە خەڵکەکەی خۆی تیادا نەماوە. وایان لێهاتووە بۆ زەماوەندو پرسە نەبێ ڕووی تێناکەن".

پێزانینەکەم ووریکردم.. کەواتە من بوومەتە ڕۆڵەی ڕەوای ئەم شارەی کە دووکەرەت بە ناچاری بۆی هاتم.

جارێکیان تا لە شاییەکەتدا ئامادەبم.. جارێکیش بۆ ناشتنی براکەم. چ جیاوازییەک لە نێوان ئەو دووانەدا هەیە؟

ڕاستییەکەی براکەم بەمردنی کاتی زەماوەندەکەی من چوو.

خەونەکانمان کوشتیانین..

ئەو چونکە تووشی دەردی خەونە گەورە بەتاڵەکان هات.

منیش چونکە خەیاڵەکەمم جێهێشت و.. بەرگی پرسەی هێجگارەکی خەونەکانم پۆشی.

پیاوێکی گومرگی تووڕە کە لە تەمەنی سەربەخۆییدابوو نە دڵگرانییەکەم و نە باڵەکەشم ڕاینەگرت.. وا دەدوا کە قایلکرابێ بەوەی ئێمە هەر بۆ گۆرانی ووتن تاراوگە دەبین و، هەمیشەش شتێکی قاچاخ لە ناو جانتای تاراوگەییەکەماندایە، قیژانی بە ڕووماو لێیپرسیم:

- دەڵێی چی؟

لەشم وەک بیر لە بەردەمیا قیتببۆوە.. بەڵام نەیدەخوێنمەوە.

دەکرێ نیشتمان نەخوێندەواربێ.

ئەو کاتە خەڵکانی دی بە جانتا دیبلۆماسییە جوانەکانیانەوە لە دەرگای خۆرهەڵاتییەوە ئەمدیو دەبوون.

ئەمیش کە بە هەردوو دەست جانتا ئاساییەکەی زیاد دەگەڕاو، گورزەیەك کاغەزی بەر دەستکەوت.. خەریکبوو ئەو ساتە فرمێسکێکی مەزنێتی لە چاومدا وەڵامی بداتەوە:

ـ کوڕەکەم.. بیر دەگەیەنم..

بەڵام بێدەنگبووم و.. ڕەشنووسە پەرشوبڵاوەکانی ئەم کتێبەو، سەرە قەڵەم و.. سەرە خەونم لە جانتاکەدا کۆدەکردەوە.

نووسەر: پاریس ـ تەموزی 1988

وەرگێڕ: دیلفت ـ نیسانی 2002

# سوپاس و پێـزانین

1- زۆر سوپاسی سەرجەم کارمەندانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەکەم، کە بۆچاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە، بە دەنگمەوە هاتن.

2- زۆر سوپاسی برای بەڕێـزم، هونەرمەند کاک "عەلی مەندەلاوی" دەکەم، کە ئەرکی کێـشانی وێـنەی بەرگەکەی لە ئەستۆگرت.

سالْح

الرواية الفائزة بجائزة نجيب محفوظ للابداع الأدبي 1998

# ذاكرة الجسد

أحلام مستغانمي

رواية

ترجمها الى الكردية
صالح محمدأمين

الطبعة الأولى 2003

لذا، على ظهر كتبي أعدد بعض اللغات التي ترجمت إليها أعمالي، ابتداءً باللغة الكردية، حسب التسلسل الأبجدي لقلبي، ولا يعنيني أن تكون لغة عالمية، بل اللغة التي تآمر ضدها العالم أجمع، وأدخل بتهمتها خيرة الرجال إلى السجون، ورمى بأحزمتي إلى المنافي والقبور.

أحلام

هەر بۆیە لە پشتی کتێبەکانیشمەوە، لە ڕیزکردنی ئەو زمانانەی کارەکانیان بۆ وەرگێڕاوە، بە کوردی دەستپێدەکەم، بە "ئەلفوبێ"ی دڵم ڕیزیان دەکەم، لام گرنگ نییە کە زمانێکی جیهانی بێت، بەڵکو زمانێکیشە کە هەموو دونیا پیلانی لەدژ کردووە، بە تاوانی ئەوەشەوە باشترین پیاو زیندانکراوە، بە منیشەوە دیشی بەرەو تاراوگە و گۆڕ توور دراوە...

ئەحلام

الرواية قصيدة مكتوبة على كل البحور.. بحر الحب، وبحر الجنس، وبحر الإيديولوجية، وبحر الثورة الجزائرية بمناضليها ومرتزقيها، وأبطالها وقاتليها، وملائكتها وشياطينها، وأنبيائها وسارقيها..

نزار قباني ١٩٩٥/٨/٢٠

ڕۆمانەکە چامەیەکە بە هەموو دەریاکان - بحور - نووسراوە.. دەریای خۆشەویستی، دەریای سێکس، دەریای ئایدۆلۆژیا، دەریای شۆڕشی جەزائیر؛ بە جەنگاوەران و جاشییەوە، پاڵەوانان و بکوژانییەوە، فریشتەی و شەیتانییەوە، پێغەمبەران و دزانییەوە...

لندن ١٩٩٥/٨/٢٠ نزار قەبانی